# سەنتەری برایەتی

گۆڤارێکی وەرزیی فیکری - سیاسییە

■ ڕاگواستنی گوندنشینەکان لە هەرێمی کوردستاندا

■ ڕۆڵ و ڕەفتارو ئەرکی حزبەکان لە کۆمەڵگادا

■ شەرعیەتی سیاسیی دەسەڵات

ژمارە: 12

کۆتایی حوزەیرانی ١٩٩٩

# سەنتەری برایەتی

گۆڤارێکی وەرزیی فیکری - سیاسییە

# 12

سالی دووەم کۆتایی حوزەیرانی ۱۹۹۹



خاوەن ئیمتیاز:

**جەوهەر نامق سالم**

سەرنووسەر:

**فەرهاد عەونی**

سکرتێری نووسین:

**ئاسۆ کەریم**

دەستەی نووسەران:

ئازاد حەمەدەمین

فوئـــاد سدیق

فەیسەڵ دەبـــاغ

**راوێژکـــاران:**

پرۆفیسۆر د.ئازاد نەقشبەندی

پرۆفیسۆری یاریدەدەر د.شێرزاد نەجار

پرۆفیسۆری یاریدەدەر د.رەشاد میران

پرۆفیسۆری یاریدەدەر د.عەبدولفەتاح بۆتانی

دکتۆر شەفیق قەزاز

دکتۆر دلێر شاوەیس

پرۆفیسۆری یاریدەدەر ئەحمەد چاوشین

دکتۆر محەمەد عومەر مەولود

م.رۆژان عەبدولقادر دزەیی



سەرنووسەر:

Tel: 22983

Fax: 4228

سکرتێری نووسین:

Tel: 24486

ناونیشان: هەولێر - شەقامی گشتی هەولێر - کەرکووک

Tel: 0044 181 2301690

Fax: 0044 181 2304708

http://www.axford.com/brayati



هونەرکاری: شکار نەقشبەندی

چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان

تیراژ: ۱۵۰۰

# لەم ژمارەیەدا

راگواستنی گوندنشینەکان لە هەرێمی ...

سلێمان عەبدوڵلا ل٤

هاوسەنگیی ئاوو کەشوهەوا لەئاوڕێژی ...

د.ئازاد جەلال ل٢٢

زۆربوونی دانیشتوان و گەشەسەندنی ...

ئەحمەد عەبدوڵلا ل٣٣

دانیشتوان گەورەترین کۆسپی ...

د.حمید طراواتی ل٤٧


ڕۆڵ و رەفتارو ئەرکی حزبەکان ...

د.ئەحمەد نەقیب زادە ل٦٠

شەرعیەتی سیاسیی دەسەلات

فرمێسک رەسوول ل٧٩

هەواڵنامەی کتێب




پۆست مۆدێرنیزم وداڕووخانی ...

محەمەد تەقی ل٩٣

سەرسامی مرۆڤ لەنێوان ...

عەبدوڵلا خورشید ل١١٣

سیاسیەت و دەروونزانی

و:ئارام قەرەداخی ل١٢٨

کوردستان و چوونە ناو بازنەی ...

سەعدی عوسمان ل١٤٢

ئایا ململانێ لەدنیادا مەنتیقێکی ...

محەمەد ئیحسان ل١٦٩

دروستکردنی بڕیار لەتورکیا ...

خوێندنەوەی:د.فەوزیە سابیر ل١٨٤

# راگواستنی گوندنشینەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا

سلێمان عەبدوڵلا
ماجستێر
لە بەشی جیۆگرافیا
کۆلێژی ئاداب
زانکۆی سەلاحەدین

پێشەکی:

لە ساڵانی رابردوودا لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکان بایەخیان پتر پێدرا، بە تایبەتی ئەو لێکۆڵینەوانەی پەیوەندییان بە ئاسایشی نەتەوەییەوە هەیە، جا چ لەسەر ئاستی دامودەزگا پەیوەندارەکانی دەوڵەتەوە بێ یا لەسەر ئاستی لێکۆڵینەوەی تایبەتمەندی زانکۆوە بێ، هۆی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو بابەتانەی سەربە زانستی ستراتیژین، رەهەندی گرنگیان بۆ ئاراستەکردنی سیاسەتی دەوڵەتانی جیهان وەرگرتووە، عێراقیش لەمەدا نابوێردرێ و ئەویش گرنگی بەم مەسەلەیە لەرێی دامەزراوە تایبەتی و کۆلێژە تایبەتەکانەوە داوە.

ئەوەیش کە لەلایەن بڕیاردەرانی سیاسی و سەربازی عێراقی پشتگوێ نەخراوە «کێشەی کوردستان»ە، کە بەپێی بیروبۆچوونی ئەوان مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی عێراق دروست دەکات، هەر بۆیە هەموو ئەو سیاسەت و رێگایانەیان بەکارهێناوە کە لەم چەمکەوە سەرچاوەیان گرتووە. بۆ ئەوەی بتوانن ئەم مەترسییە نەهێڵن و لە ئاسەواری کەم بکەنەوە، لەبەر ئەمە ئەوەی پەیوەندی بە کوردستانەوە هەبێ، ئەوا عێراق سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەیی بەکارهێناوەو دانیشتوانەکەی لە ناوچەکانی خۆیان راگواستۆتەوەو لە شوێنی ئەوان بۆ عەرەباندنی جێگاکانیان خێڵی عەرەبی نیشتەجێ کردووە.

ئەم لێکۆڵینەوەیەش مەبەستی ئاماژەکردن و روونکردنەوەی ئەو مەترسیانەیە کە رژێمی عێراقی خستویەتیە سەر گەلی کوردستان و مەترسییەکی بێ هاوتای خستۆتە سەربوونی نەتەوەیی کورد لە هەرێمی کوردستاندا، لەرێی بەدواداچوونی ئەوەرەکانی ئەم سیاسەتەو دەرخستنی ئەو دەرئەنجامە خراپانەی بەسەر کوردستان و میللەتەکەیدا هاتوون.

## چەمکی راگواستن:

راگواستن مانای (گواستنەوەی جیۆگرافی یا شوێن گۆڕینی بە زۆر دەگەیەنێ لەرێی بەکارهێنانی تۆقاندن و پاڵەپەستۆخستنەسەرو و هێز بەکارهێنانەوە، کە گۆڕینێکی هەمیشەیی لەجێی نیشتەجێبوون و ماڵی ئاسایی لە یەکەیەکی جیۆگرافی بۆ یەکەیەکی جیۆگرافی تر لەخۆ بگرێت).[1]

دەکرێ دوو جۆر راگواستنیش دیاری بکەین:

### ١- راگواستنی شارستانی:

مەبەست لەم کارەشدا پتر تێکەڵاوکردنی نێوان مرۆڤ و خاکە، لەرێی بەکارهێنانی نموونەیی زەوی و زاری کشتوکاڵی و چاککردنی ئاستی گوزەرانی ئەو کەسانەی لەم کۆمەڵگایانەدا دەژین، کۆمەڵێک هۆکاریش لە پشت ئەم جۆرە راگواستنە دەوەستن و کاری تێدەکەن، لەوانەش:

١- دەبێ گوندنشینەکان رۆڵی

سەرەکییان لەکارەکەدا هەبێ.

٢- دەبێ بەتەنگەوەچوونی حکومەت لەسەر داوای خودی گوندنشینەکان بێت.

٣- دەبێ رەگەزە بنەڕەتییەکانی گەشەکردن لە خودی ناوچەکەدا هەڵکەوتبن[٢].

٤- رەگەزەکانی ئەم کارە لەگەڵ بارودۆخی شارستانی و مەعنەوی گوندنشینەکان بگونجێن.

**٢- راگواستنی سیاسی (بە زۆرەملێ):**

ئەم جۆرە راگواستنە لەو دەوڵەتانەدا روودەدات کە زیاتر لە میللەتێک یا پتر لە مەزهەبێکی تێدادەژی، حکومەتەکانیشیان رێگای دیکتاتۆری بۆ بەرەێوەبردنی کاروباری دەوڵەت پەیڕەودەکەن، بە زۆریش حوکمڕانانی ئەم جۆرە دەوڵەتانە سەر بە کۆمەڵەیەکی دیاریکراون و دژی کۆمەڵەکانی تر کاردەکەن.

لە رابردووشدا ئەم جۆرە راگواستنە لەو دەوڵەتانەدا پەیڕەو دەکرا کە لەژێر دەستی داگیرکەران بوون.

گرنگترین ئامانجەکانیشی[٣]:

١- جیاکردنەوەو دابڕینی هێزە شۆڕشگێڕە چەکدارەکان لە جەماوەری خەڵک.

٢- دانیشتوانی راگوێزراو ببێ بە بەکاربردە(مستهلک)، کە لە بنەڕەتدا بەرهەمهێنەر بووە.

٣- دووبارە دابەشکردنەوەی دانیشتوانی دەوڵەتەکە، بەپێی هەندێ پێوانەی تایبەتی.

خوێندنەوەی مێژوو وانیشاندەدا کە جۆری دووەم زووتر سەریهەڵداوە لە سەرینی پەرەسەندنی مێژوویی کۆمەڵگا مرۆییەکان و جەنگ و وێرانی و پەیدابوونی ئیمپراتۆری و لەناوچوونی ئیمپراتۆریەتەکانەوە، وێرای ئەو کردارانەی شانبەشانی ئەم گۆڕانکاریانە بوون و بوونەتە هۆی دەربەدەرکردنی دانیشتوانی هەندێ ناوچە و کۆچپێکردنیان، لەم بوارەشدا ئاماژە بە راگواستنی هیندییە سوورەکان بەرەو رۆژئاوای ئەمریکاو راگواستنی فەلەستینییەکان لە ئیسرائیل دەکەین، لەم سەدەیەشدا زۆر حاڵەتی راگواستن روویانداوە، لەمانەش[٤]:

- کۆکردنەوەی (٨٠٠٠٠) لیبیایی لەسەربازگەکانی مردن لە سییەکانی ئەم سەدەیە لەلایەن داگیرکەرە ئیتاڵییەکانەوە.

- لە ساڵی ١٩٦٢دا دوو لە سێی دانیشتوانی ڤێتنامی باشوور لە (١٦٠٠٠) گونددا کۆکرانەوە، کە پێیان دەگوترا (گوندە ستراتیژییەکان).

- بە درێژایی نیوەی دووەمی ئەم سەدەیەش بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٦٣وە حکومەتەکانی عێراق دەستیان بە راگواستنی سەدان هەزار کورد کردووەو کەوتوونەتە کۆکردنەوەی گوندان بۆ جێبەجێ کردنی مەرامە تایبەتییەکانی خۆیان.

بەڵام جۆری دووەم پاش بەهێزبوونی رژێمە سیاسی و ئابوورییەکان و پێگەیشتنیان پەیدابووە و ئەرکی پەرەپێدان و پێشخستنی کۆمەڵگاکانی خستۆتە ئەستۆ، دەوڵەتە سۆسیالیستەکانیش لەم بوارەدا لە پێش ئەوانی دی دێن.

**راگواستنی بە زۆرەملێ لە کوردستانی عێراقدا:**

پێش ئەوەی باسی کێشەی راگواستنی دانیشتوانی کوردستان و تێکدانی گوندەکان، لە هەموو روویەکەوە بکەین، پێویستە تیشک بخەینە سەر سنووری هەرێمی کوردستانی عێراق، بۆ ئەوەی بەهۆی ئاسەوارەکانیەوە هەموو لایەنەکانی کرداری راگواستن و هۆکارەکانی دیاری بکەین.

سنووری هەرێمی کوردستان لەلای رۆژهەڵات و باکوری رۆژئاوایەوە، سنووری نێودەوڵەتی عێراقە لەگەڵ هەریەک لە ئێران و تورکیاو سوریا، سنووری باشوورو

باشووری رۆژئاواشی لە گوندی کرمشیەی سەر سنووری عێراق- ئێران دەستپێدەکات و هێڵی سنوورەکەی بە جەساندا تێدەپەڕێ و دەگاتە دەوروبەری رۆژئاوای مەڵبەندی ناحیەی ترساف و بە رۆژئاوای مەندەلی دەگات و بەدرێژایی رووباری مەندەلی دادەڕوات تا دەگاتە مەنسووریەی جەبەل، لەوێوە بە درێژیی رۆخی رۆژئاوای دەریاچەی حەمرین دەڕوات، پاشان بە تەنیشت بەری باشووری زنجیرە چیای حەمریندا دەڕوات تا دەگاتە (فەتحە) و لەویشەوە بەرەو باکوور لەگەڵ ڕێڕەوی رووباری دیجلەدا دەڕوات تا دەگاتە شاری موسڵ، بەشی رۆژهەڵاتیشی دەگرێتەوە، ئەوسا بەرەو باشووری تەلەعفەرو باشووری سنجار تا لەلای سنووری عێراق- سوریا کۆتایی پێدێت، بەو شێوەیە هەرێمی کوردستان دەکەوێتە ناو بازنەی هەردوو هێڵی پانی ٣٢°-٢٢ ٣٧° رووەو باکوورو هەردوو هێڵی درێژی ٤١ر٨°- ٤٦ر١٨° رووەو رۆژهەڵاتەوە(٥)، رووبەرەکەی ٨٦٠٠٠کم٢ ە، ٢٧٪ی ئەم رووبەرە شاخاوییەو، لەناو چیاکانیشدا هەندێ دەشتایی هەن وەک: سندی، هەریر، شارەزوور، شارباژێرو هەڵەبجە، ٧٣٪کەیشی ناوچەی نیمچە شاخاوی بەرزونزمەو دەشتایی بەرفراوانی کشتوکاڵی لەنێودایەو خۆراکی دانیشتوانی کوردستان دابین دەکات، لەمەدا بۆمان دەردەکەوێ کە کوردستان بریتییە لە:

- هەموو ئەو ناوچانەی دەکەونە رۆژئاوای شاری موسڵ و باکوورو باکووری رۆژهەڵاتی ئەم شارە (سنجار- تەلەعفەرو زمار).
- هەموو ئەو ناوچانەی دەکەونە رۆژهەڵاتی رووباری دیجلە تا زنجیرە چیای حەمرین.
- هەموو ئەو ناوچانەی دەکەونە باکووری زنجیرە چیای حەمرینەوە.
- هەموو ناحیەکانی قەزای خانەقین و مەندەلی.
- درێژبوونەوەی ناوچەی پشتکوە (بەدرە- زورباتیە- جەسان) کە بەشێکە لە ناوچەی لورستانی بچووک لەناو سنووری ئێران.
- بەپێی ئەمە کوردستان ١٩ر٦٪ی رووبەری(٦) عێراق پێکدێنێ.

لە رووی کارگێڕیشەوە ئێستا کوردستانی عێراق بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەش دەبێت کە ئەمانەن:(٧)

١- ناوچەی رزگارکراو.
٢- ئەو ناوچانەی هێشتا لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی «ناوچەی داگیرکراو»دان. سەبارەت بە ناوچەی یەکەم، ئەوا بەپێی بڕیاری حوکمی زاتی بۆ کوردستانی عێراق لە ١٩٧٤/٣/١١دا دیارکراوەو هەرسێ پارێزگای هەولێر- سلێمانی- دهۆک دەگرێتەوە(٨)، رووبەرەکەشی لە ٣٦٠٠٠کم٢ پترە(٩)، کە ٤٢ر٣٪ی رووبەری راستەقینەی کوردستانی عێراق پێکدێنێ، لەم رووبەرەشدا پتر لە ١٣٠٠٠کم٢(١٠) وەبەر شاڵاوی راگواستنی بە زۆرەملێ کەوتووە کە تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٨ گەیشتوتە ٣٦٪ (رەنگە لەمەش پتربێ).

ناوچەی دووەمیش نزیکەی ٥٠٠٠٠کم٢ رووبەرەکەیەتی و بەسەر پارێزگاکانی نەینەوا- کەرکووک- سەلاحەدین- دیالە- واسیت- میساندا دابەش دەبێت.

ئەم رووبەرەش (٥٧ر٧٪)ی کوردستانی عێراق پێکدێنێ، مەبەستیش لە دابەشکردنی کوردستانی عێراق بەپێی ئەوەی لەسەرەوەدا باسمان کرد ئەوەیە:

- جێبەجێکردنی ئامانج و ئارەزووی سیاسیی رەگەزپەرستانەی حکومەتی عێراق.
- پتر دابەشکردنی کوردستان.
- کورد وای لێبێ لە هەندێ پارێزگادا ببێ بە کەمینە و ناوچە کوردییەکان بە عەرەب بکرێن و لەناو نەتەوەی عەرەبدا بە

شێوازی تایبەتی بتوێنرێنەوە.

لەبەر گرنگیی راگوستنی کوردان بۆ حکومەتی عێراق و سەختییە دژوارەکەیەوە، ئامارێکی رەسمی دەربارەی گوندە راگوێزراوەکان لە کوردستانی عێراق لەبەر دەستدا نییە، کە بە درێژایی ٣٥ ساڵ تووشی گوندەکان هاتووە، جگە لە هەندێ هەوڵدانی تایبەتی نەبێ کە چەند کەسانێک یا چەند لایەنێک لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان پێی هەڵساون، رەنگە گرنگترینیان لێکۆڵینەوەی (S.M.Rasool)بێت لە کتێبی (Statistics of Atro Cities in Iraqi Kurdistan) بەیاناتی ژمارەیی دەربارەی (گوندە خاپوورکراوەکان، قوتابخانە خاپوورکراوەکان، مەڵبەندە تەندروستییە خاپوورکراوەکان، مزگەوتە خاپوورکراوەکان، مێژووی خاپوورکردنی گوندەکان، ئاراستەی راگواستنی دانیشتوانی گوندەکان) پێشکەش دەکات، ئەمە جگە لە هەندێ سەرنجی تایبەت بەگوندەکان، ئێمەش لێرەدا لەبەر گرنگی و وردی بەیاننامەکان پشت بەو زانیاریانەی کە لە خشتەکانی ئەم ئامارانەدا هاتوون دەبەستین، پاش ئەوەی لە راستی هەندێ لەو زانیاریانەمان کۆڵیەوە. ژمارەی ئەو گوندانەی لە ماوەی ١٩٦٣-١٩٨٩ دا لە کوردستان راگوێزراون گەیشتۆتە ٣٨٤٠ گوند و کۆمەڵگەی دێهاتنشین و شارۆچکە و ١٧٥٧ قوتابخانەو ٢٤٥٧ مزگەوت و ٢٧١ مەڵبەندی تەندروستی وکۆی خێزانەکانی گوندە راگوێزراوەکان دەگاتە (٢٢١,٨٢٩) خێزان کە دەکاتە (١,٠٢١,٧٥٨) کەس بە درێژایی ناوچەکانی کوردستان لە ماوەی ناوبراودا[١١]. هەروا کاریگەریی کرداری راگواستنی گوندەکانی کوردستان و خاپوورکردنی لە رووی رەهەندی کات و رەهەندی شوێندا وەک یەک نەبووە، لە رووی شوێنەوە دەبینین (٣٩,٥ ٪) لەو گوندانە دەکەونە ناو سنووری پارێزگای سلێمانی و (١٩,٦ ٪) دەکەونە ناو سنووری هەولێر و(١٦,٥ ٪) دەکەونە ناو سنووری دهۆک و(٨,٨ ٪) دەکەونە ناو سنووری نەینەوا و(٥,٧ ٪) دەکەونە ناو سنووری کەرکوک و (٦,١ ٪) و(٣,٥ ٪) دەکەونە ناو سنووری دیالە وسەلاحەدینەوە، یەک بەدوای یەک و دانیشتوانی گوندە راگوێزراوەکان بۆ کۆمەڵگا زۆرە ملێکان گوێزراونەتەوە کە بۆ ئەم مەبەستە لە دەوروبەری شارە گەورەکانی وەک دهۆک و هەولێرو سلێمانی و شارەکانی تر دروست کرابوون، بەشێکیشیان بۆ پارێزگاکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق گوێزراونەتەوە یا بۆ دەرەوەی عێراق بە تایبەتی ئێران دوورخراونەتەوە.

هەڵکەندنی کۆمەڵگایەک لە بنکە کۆمەڵایەتی وئابووری و شارستانیەکەی کە بۆ ماوەیەکی زۆر دوور و درێژ لەسەری راهاتبێ و گواستنەوەی بۆ بنکەیەکی دی، پێویستی بە تێوردبوونەوەیەکی زۆر هەیە هەتا ئەگەر وێک چوونێکیش لە نێوان هەر دوو بنکەدا هەبێ[١٢]. گەشەپێکردنی دێهاتەکانی کوردستان وعێراق بەگشتی لە ئامانجەکانی شۆرشی ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨بوو، یاسای چاککردنی کشتوکاڵیش رێگایەک بوو لەو رێگایانەی حکومەت بۆ بە دیهێنانی ئەم ئامانجە پەیڕەوی لێکرد، لە سەرەتای حەفتاکانیشدا بریاری دروستکردنی کۆمەڵگای دێهاتی گەورەی دەرکرد، بۆ ئەوەی چاکترین خزمەتگوزاری و بەکەمترین تێچوون وکورتترین وەخت پێشکەشیان بکات لە پێناوی کەمکردنەوەی جیاوازی نێوان گوندو مەڵبەندە شارنشینەکاندا، بەڵام ئەم سیاسەتە لە کوردستاندا مەبەستی تری سیاسی وەرگرت، بۆیە دووبارە دەستکرایەوە بە دابەشکردنی گوندنشینەکان بە شێوەیەکی وا کەپێشتر کوردستان شتی وای بەخۆوە نەبینیبوو[١٣].

ئەمەش لە ناوچەکانی خواروو دەستی پێکردو بەناوچەکانی باکوور تێپەری تا لە ناوەند کۆتایی پێهات، لە ئەنجامی ئەمەشدا راگواستن و دەرکردن ئەم شێوازانەی وەرگرت:

### ١-راگواستنی ناوچە تەوەرە ستراتیژییەکان

بە یەکەمین ناوچە دادەنرێ کەهەر لە زووەوە کوردی لێ راگوێزراوەتەوە، بەبیانووی ئەوەی کوردەکان دژی بەرژەوەندی عێراقن وسەر بە دەولەتە دراوسێکانن، بۆیە بە مەبەستی دوورخستنەوەی مەترسی ئەم دەولەتانە،بە تایبەتی ئێران و پارێزگاریکردنی ئاسایشی عێراق و نەهێشتنی دەستتێوەردانی دەرەکییەوە دەستکرا بە راگواستنی گوندەکانی کوردستان بەرەو ناوەوەو دانیشتوانی ئەم ناوچانە دوور خرانەوەو کارکرا بۆ بەعەرەبکردنی ناوچەکانیان، ئەمەش لەرێی جێنشینکردنی عەشایری عەرەب لە شوێنەکانیان،ئەم کارەش شێلگیرانە لە ماوەی حەفتاکاندا جێبەجێکراوەو ئەم ناوچانەی خوارەوەی گرتۆتەوە[١٤].

- مەندەلی و خانەقین لە پارێزگای دیالە .
- بەدرە لە پارێزگای کوت .
- سنجار، تەلەعفەر، تلکێف، شێخان لە نەینەوا .
- بەشێک لە هەر دوو قەزای زاخۆ و سمێل لە دهۆک .
- توزخورماتوو لە پارێزگای سەلاحەدین .

### ٢- راگواستنی ناوچە نەوتییەکان

دەولەمەندیی کوردستان بەنەوت لە جیاتی ئەوەی ببێ بە نیعمەتێک بۆ خەلکی کوردستان بووە بە نەفرەت، چونکە ئەم سامانە دژ بە بەرژەوەندی کوردستان بەکارهاتووە و هۆیەکە بۆ بە پەراوێزکردن و داگیرکردن و ژێردەستەکردنی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، بەشێوەیەکی روونتریش نەوت هۆکارێکی یاریدەدەر بووە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی راگواستنی ناوچە کوردییەکان و بەعەرەبکردنیان، چونکە حکومەت بەهۆی نەوتەوە توانیویەتی سوپایەکی بەهێز دابمەزرێنێ و گوندەکانی کوردستانی پێ خاپوور بکات، هەروەها هۆیەکیشە بۆ چەقبەستنی شەڕ لە کوردستاندا. ئەو گوندانەیش کە بە هۆی نەوتەوە رووبەرووی راگوستن بوونەتەوە، ئەو گوندانەن کە لە ناوچە نەوتییەکانن و بریتین لە گوندی قەزاکانی کەرکوک و دبز لە پارێزگای کەرکوک وگوندەکانی قەزای کۆیە لە پارێزگای هەولێر[١٥]. هەروا ژمارەی بیرەنەوتەکانی کوردستان دەگەنە (٤٧٧)بیر، کە بەتەنیا بیرەکانی کەرکوک رێژەیان (٤٦,٥ ٪ )ە[١٦].

### ٣- راگواستنی ناوچەکانی سەرسنوور

حکومەتی عێراق بە بیانووی شەرکردنی لەگەڵ ئێران دەستی بە پاکتاوکردنی گوندەکانی سەرسنوور لەگەڵ هەریەک لە ئێران - تورکیا- سوریادا کرد **(لە سالی ١٩٧٧ەوە ناوچەکانی سەر سنوور بە قولایی ١٠ کم و زێتریش بەر راگوێزان کەوتن -سەنتەری برایەتی)**، بەمەبەستی:

- تێکدانی قوولایی نەتەوەیی بە ئامانجی هەلتەکاندنی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان، ئەمەش بە دامەزراندنی پشتێنەیەکی ئاسایش بۆ دابرینی کوردستان لە هەرێمەکانی دیکەی کوردستان لە ئێران و تورکیا و سوریا.
- دووبارە دابەشکردنەوەی خەلکی کوردستان، ئەم هۆیەش لایەنێکی دیمۆگرافی گرنگی هەیە کە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی دروستکردنی زۆر بۆشایی لە گۆرەپانی کوردستاندا، کە بەتەنیشتیەوە کۆمەلێ (دوورگەی) پڕ لە خەلک هەبن و لەکلۆلیەکی هەمیشەییدا بژین.
- لەناوبردنی ئەو سەرچاوانەی ، کە سەرچاوەی خۆراکن بۆ بەردەوامبوونی بەرگری، لەسەر بنەمای لێکچواندنی

شۆڕشگێران و جەماوەر بە ماسی وئاو .

گوندە سەرسنوورییە راگوێزراوەکانیش بە زۆرەملێ لە کۆمەڵێ کۆمەڵگای خراپدا کۆکرانەوە بەمەبەستی:

- جیاکردنەوەیان لە پێشمەرگە .
- تا بتوانێ بە تەواوی دەستیان بەسەردا بگرێ و هەرکات بیەوێ لەناویان ببات، وەک لە کۆمەڵگای قوشتەپە روویداو لەماوەی چەند سەعاتێکدا (٨٠٠٠) کورد پاکتاوکران.

ئەو ناوچانەش کە بەهۆی نزیکیان لە سنوورەوە راگوێزراون ئەمانەن[١٧]:

- قەزاکانی (هەڵەبجە، پێنجوین، شارباژێر، پشدەر) لە پارێزگای سلێمانی
- قەزای سدیق لە پارێزگای هەولێر، ناحیەی چۆمان وروواندز و زێبار
-قەزای ئامێدی ، زاخۆ، لە پارێزگای دهۆک.

**٤- راگواستن بە بیانووی بەرگریکردنی شۆڕشی کوردستان:**

لەمیانی نیوەی دووەمی ئەم سەدەیەدا، بەتایبەتی لەنێوان سالآنی ١٩٦١-١٩٩١دا، گەلێ شەڕی خوێناوی لەنێوان شۆڕشگێرانی کوردو سوپای عێراقی روویانداوە، لەم بارەیەشەوە سوپای عێراقی کۆمەڵێ کاری سەبازی دژ بە بنکەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان ئەنجام داوە، لەگەڵ کوشتنی خەڵک و تێکدانی گوندەکانیان، بۆ نموونە سوپای عێراقی (٣٥٠) گوندو گوندنشینی لە قەزای ئامێدی پارێزگای دهۆک لەماوەی بیست رۆژدا خاپوور کرد، لەنێوان ١٩٨٨/٨/٢٥ - ١٩٨٨/٩/١٥ دا واتە بە رێژەی ١٨ گوند لەیەک رۆژدا، ئەو گوندانەش کە بە هۆی بەردەوامبوونی شەڕی کوردو عێراق تێکدراون بەشێکی زۆر فراوان لە پارێزگاکانی هەرێم دەگرنەوە.

**٥- راگواستن لەبەر هۆکاری تر**

بێجگە لەو هۆکار و شێوازانەی کە پێشتر باسمان کردن حکومەتی عێراق لەبەر هەندێ هۆکاری دیکە، کە هەندێکیان پەیوەندییان بە تەرخانکردنی چاکترین رووبەری کشتوکاڵییە لە دەشتەکان بۆ دروستکردنی بەنداوی گەورە، وەک دوکان، دەربەندیخان، بەنداوی موسڵ، هەروەها بەبیانووی دروستکردنی سەربازگەی سوپایی و گەلێ هۆی تریش دەستی بە خاپوورکردن و راگواستنی دانیشتوانی کوردستان کرد، بەپێی ئەوەی لەسەرەوە باسمان کرد دەتوانین بڵێین کرداری تێکدانی گوندو راگواستنی گوندنشینەکانی کوردستان بە سێ قۆناغی جیاواز تێپەڕیوەو هەر یەکێ لەم قۆناغانەش سیمای تایبەتی خۆی هەیە:

- قۆناغی یەکەم: ١٩٦٣-١٩٧٣
- قۆناغی دووەم: ١٩٧٤-١٩٧٩
- قۆناغی سێیەم: ١٩٨٠-١٩٨٩

**(بە پێی هەندێ بەڵگە و فاکتی مێژوویی، سیاسەتی بە عەرەبکردن لە زووەوە لە دوای لکاندنی کوردستانی باشوور بە عێراقەوە دەستی پێکردووە بەڵام لە شەستەکان بە دواوە بووە بە سیاسەتێکی بەرنامە بۆ دارێژراو- سەنتەری برایەتی )**

**١- قۆناغی یەکەم١٩٦٣-١٩٧٣ :**

لەم قۆناغەدا شالآوی راگواستن و دوورخستنەوەی گوندنشینەکانی کوردستان لە پشتێنەی باشووری رۆژئاوای کوردستان چەقی بەست و ناوچەی سنجارو تەلەعفەرو ئالتون کۆپری و بەدرەو جەسان ومەندەلی وەبەرشالآوەکە کەوتن، لەم قۆناغەدا هەندێ جار شێوازی هاندان و قەرەبووکردنەوە بەکار هاتووەو هەندێ جاریش گواستنەوەی کارمەندو کرێکاران، شێوازی راگواستی بە زۆریش لە هەندێ حاڵەتدا پەیرەوکراوە. ژمارەی گوندە تێکدراوەکان کە توانیومانە مێژووی تێکدانیان دیاری بکەین لەم قۆناغەدا دەگاتە(١١) گوند، بەلآم ژمارەی راستەقینە زۆر زۆر لەمە زیاترە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە بەڵگەنامەی وامان لەبەر

دەستدا نەبوو، بۆیە نەمانتوانی ژمارەی راستەقینەو تەواو[18] بزانین.

**٢-قۆناغی دووەم١٩٧٤-١٩٧٩:**

لەم ماوەیەدا سەرلەنوێ شەڕ لە نێوان بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و حکومەتی عێراق دەستی پێکردەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە سوپای عێراقی هەموو چەکەکانی خۆی بۆ لەناوبردنی ئەم بزووتنەوەیە بەکاربێنێ. لەم ماوەیەشدا گوندنشینەکانی کوردستان کەوتنە بەر شالاوی تێکدان و رماندن و ژمارەی ئەو گوندانەیش کە تێکدران و خەڵکەکەیان راگواسترانەوە گەیشتە(٧٤٣)گوند بە رێژەی ١٢٤ گوند لەیەک ساڵدا، گوندەکانی ناوچەی قورەتوو، باڵەک، مێرگەسور، کرمەک، بارزان، ناودەشت، هەڵەبجە، کارێزە، زاخۆ لەم قۆناغەدا تێکدران.

**٣-قۆناغی سێیەم ١٩٨٠-١٩٨٩:**

ئەم قۆناغە بەمەترسیترین و بەزەبرترین قۆناغە لە خاپوورکردنی گوندەکانی کوردستان، کە حکومەتی عێراق شەڕکردنی لەگەڵ ئێران کردە بیانووی بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەو کاولکردنی تەواوی گوندەکانی کوردستان وبۆ بەدیهێنانی ئامانجەکەش هەموو شێوازێکی بێ بواردن بەکارهێنا، ئەو گوندانەیش کە لە ماوەی ئەم قۆناغەدا تێکدران، (واتا لە ماوەی کەمتر لە دە ساڵ)٢٧٧٦ گوندن و رێژەیان دەگاتە ٢٧٨ گوند لە ساڵێکدا، دەشتوانین لەم ماوەیە ئاماژە بۆ درندەترین ماوە بکەین کە دەکەوێتە نێوان ١٩٨٨/٢/١٧ تا ١٩٨٨/٩/١٥ کە لەم ماوەیەدا زنجیرە ئەنفالی بەدناو دەستی پێکردو ئەو گوندانەی کەلە کوردستان مابوونەوە کەوتنە بەر شالاوی راگواستن و دەرکردن.

ئەم سیاسەتە نا شەرعییە مەترسیدارەش دەرئەنجامی زۆر سلبی بەسەر کوردستانەوە جێهێشت کە ئەمانەن:

١-ئاوارەکردنی دانیشتوانی گوندەکانی کوردستان.

٢-کۆکردنەوەی گوندنشینە دەرکراوو راگوێزراوەکان لە کۆمەڵێ کۆمەڵگا کە هەر لە بەندیخانەی سەربازییان دەکرد.

٣-دوورخستنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان(لەوانە فەیلییەکان) بۆ دەرەوەی عێراق (ئێران و تورکیا)، پاشان نیشتەجێکردنی خێڵی عەرەبی لەجێی ئەوان.

٤-لکاندنی زەوی و زارێکی زۆری کوردستان بە ناوچە عەرەبییەکانی عێراقەوە لە رێی دەرکردنی دانیشتوانی راستەقینەی ئەوێ و دانانی خەڵکانی تازە لە شوێنیان (عەرەبەکان).

٥-بێ بایەخبوونی لادێکانی کوردستان لە رووی دابینکردنی بەرهەمی کشتوکاڵ (رووەکی و ئاژەڵی) بۆ شارەکانی کوردستان چ بۆ هێنانەدی ئاسایشی خۆراکییان یا بۆ پێشخستنی بزاڤی بازرگانی و پیشەسازییان.

٦-خوڵقاندنی کۆسپی گەورە لەبەردەم خەڵکی کوردستاندا، لە شارو گوندەکان لە رووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەروونییەوە.

لەگەڵ ئەوەی کە هەندێ دانیشتوانی گوندە راگوێزراوەکان پاش راپەڕینی ئاداری ساڵی ١٩٩١بۆناوچە و گوندەکانیان لە ناوچە ئازادکراوەکانی هەرێمی کوردستان گەڕاونەتەوە کەچی ئەم کارە لەبەر هەندێ هۆ بەشێوەیەکی لەسەرەخۆ بەرێوەچووە.

سەبارەت بەو ناوچانەش کە هێشتا لەبەردەستی حکومەتی ناوەندی ماونەتەوە ئەوا شالاوی راگواستن و دەرکردن و دوورخستنەوە تا ئێستاش[19] بەردەوامە.

بۆیە بۆ ئەوەی بتوانرێ بە شێوەیەکی رێکوپێک گشت دانیشتوانی گوندەکان بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان پێویستە:

١-چاکتر کار بۆ پاککردنەوەی دیهاتەکانی کوردستان لە مین بکرێ، کە لە ماوەی شالاوی تێکدانیان چێنراون.

٢-هەولبدرێ شالاوی راگواستن و

دوورخستنەوەی ئەو کوردانەی لە ناوچە کوردییەکانی ژێر دەستی حکومەتی ناوەندین رابگیرێ، ئەمەش لەرێی بەکارهێنانی هەموو کەناڵ و هۆیەکانەوە.

٣-دامەزراندنی دەستەیەکی باڵا بۆ لێتوێژینەوە لە گەڕاندنەوەی گوندنیشینەکان بۆ شوێنی خۆیان، بەپێی هەندێ رێکخەر و هاندەری بەرنامەدار و بەدەست ودڵ (مشجعات مدروسة وسخية). [٢٠]

٤-دیارکردنی بەشێک لە کارەکانی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دووبارە بووژاندنەوەی گوندەکانی کوردستان.

٥-کارکردن بە پێی عەقڵییەتی دامەزراندنی دەوڵەت لە رێی بەکارهێنانی دەرامەت و توانستە مادی و مرۆییە بەردەستەکانەوە بە چاکترین شێوە.

**پوختە:**

لە لێکۆڵینەوەکەدا ئەوە دەرکەوت کە دێهاتەکانی کوردستان لە ماوەی نیوەی دووەمی ئەم سەدەیەدا کەوتوونەتەبەر شاڵاوێکی زۆر توندی راگواستن، ئەمەش یەکێ بووە لەو سیاسەتە خەتەرناکانەی حکومەتەکانی عێراق دژی کوردستان وەک خاک و نەتەوە پەیڕەویان کردووە، کۆی گوندە راگوێزراوەکانیشی بەپێی ئەم لێکۆڵینەوەیە گەیشتۆتە ٣٨٤٠ گوند و ١٧٥٧ قوتابخانە و ٢٤٧٧ مزگەوت و ٢٧١ مەڵبەندی تەندروستی ، هەروەها ئەوەش دەرکەوت کە گوندە راگوێزراوەکان لە هەموو لایەکی کوردستاندا بوون، جا چ لەناو ئەو ناوچەیەوە بێ کە حکومەتی عێراقی بۆ حوکمی زاتی دیاری کردبوو کە تەنیا (٤٢٪) لە کوردستانی عێراق پێکدەهێنی یا لەناو ئەو ناوچانە بووبن کە لە ژێر حکومەتی ناوەندین، هەروەها دەرکەوت کەشاڵاوی راگواستن و تێکدانی گوندەکان لە رووی کات و شوێنەوە بەیەک نەسەق تێ نەپەڕیوە، ٧٥،٦٪ ی گوندە راگوێزراوەکان دەکەونە پارێزگای سلێمانی و هەولێر و دهۆک و ئەوانەی دیکەش سەر بە پارێزگاکانی کەرکوک و نەینەوا و دیالە وسەلاحەدینن، لە رووی کاتیشەوە ئەمە دەرکەوتووە کە (٧٢،٣٪) ئەو گوندانە لە قۆناغی سێیەمدا، لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠-١٩٨٩ کەوتوونەتە بەر راگواستن و تێکدان و تا ئێستاش ئەم شاڵاوە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیدا بەردەوامە.

لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەشدا دەرکەوت کە بۆ لەناوبردن وسڕینەوەی گوندەکانی کوردستان، حکومەتی عێراق رێگای جۆراوجۆری بەکارهێناوە و لە ئەنجامی ئەم کارەشدا هەندێ دەرئەنجامی سلبی وەک دەرەنجامی کۆتایی بۆ میللەتی کورد و کوردستان لێ کەوتۆتەوە. هەروەها لە لێکۆڵینەوەکەدا هەندێ پێشنیارمان خستە روو بۆ ئەوەی ئاسەواری ئەم کارە نارەوایە لەسەر خەڵکی کوردستان نەختێ کەم ببێتەوە و ژیانی سروشتی گوندەکانی کوردستان دەست پێبکاتەوە.

## پەراوێز و سەرچاوەکان:

١-چیا، ئەمنی ستراتیجیی عێراق و سێ کۆچکەی بەعسییان، تەرحیل، تەعریب، تەبعیس، چاپی یەکەم، دەزگای ناوەندی کۆمەڵە، ١٩٨٨، ل ١٤٥-١٤٦ .

٢-د. خليل اسماعيل محمد، انماط الاستيطان الريفي في العراق، مطبعة الحوادث، بەغدا، ١٩٨٢، ل ٣٩٤

٣-هەمان سەرچاوە، ل ١٤٧ .

٤-هەمان سەرچاوە، ل ١٤٧ .

٥-سليمان عبدالله اسماعيل، التحليل الجغرافي الخصائصي للامطار في الاقليم كوردستان العراق، نامەی ماجستەر کە پێشکەش بەکۆلیژی ئاداب زانکۆی سەلاحەددین کراوە، هەولێر، ١٩٩٤، ل ٢٠ (بلاونەکراوەتەوە).

٦-ڕووبەری گشتی عێراق دەگاتە ٤٣٨،٣٢٠کم٢ .

٧-چیا، ئەمنی ستراتیجیی عێراق و سێ کۆچکەی بەعسییان، تەرحیل، تەعریب، تەبعیس، هەمان سەرچاوە، ل ١٥٥ .

٨-بەپێی بڕیاری ٢٤٧ لە ١٩٧٤/٣/١١ ناوچەی کوردستان بۆ حوکمی زاتی دیارکراوە، سەرچاوە: خالد

عبدالمنعم العاني، موسوعة العراق الحديث، الدار العربية للموسوعات ، بەرگی ٢، چاپی یەکەم، ١٩٧٧، ل ٩٤٣ .

٩-جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية لعام ١٩٨٦، ل ٣١ .

١٠-چیا ، ئەمنی ستراتیجیی عێراق و سێ کۆچکەی بەعسییان، هەمان سەرچاوە، ل ١٥٥ .

١١--Rasool,S.M,Statistices Of Atrocities in Iraqi Kurdistan, NewYork, 1990 .

١٢-د. خليل اسماعيل محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧ .

١٣-د. خليل اسماعيل محمد، المستوطنات الريفية في كوردستان العراق بين التجميع و الترحيل، گۆڤاری زانکۆ، ژمارەی (١)، بەرگی ١، ١٩٩٧، ل٢١ .

١٤-چیا ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٦-١٧٧ .

١٥-چیا، ترحيل المناطق النفطية في كوردستان، ترجمة شوان سراج، مجلة القافلة، عدد ٥، السنة الثانية، ١٩٩٤، ل ٤٠ .

١٦-سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢-٣٧ .

١٧-چیا ، ئەمنی ستراتیجیی عێراق و سێ کوچکەی بەعسییان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٦-٢٠٧ .

١٨-مێژووی راگواستن و تێکدانی (٣٥٠) گوندی کوردستان دیارنییە کە زۆربەیان دەکەوێتە پارێزگای نەینەوا، رەنگە ماوەی راگواستن و تێکدانیان بۆ ئەم قۆناغە بگەڕێتەوە.

١٩-دەتوانین ماوەی ١٩٩١ تا ئێستا بە قۆناغی چوارەم لە قۆناغەکانی راگواستن دابنێین، چونکە کارەکە لەو ناوچانەی لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی بەغدا داماون هێشتا هەر بەردەوامە، هەر تەنیا بۆ نموونەش حەوت کۆمەڵگای نیشتەجێکردن لە ناوچە جیاجیاکانی پارێزگای کەرکوک دروست کراون کە ئەمانەن:

١-کۆمەڵگای سعیر ٥٠ ماڵ (حەساری گەورە)

٢-کۆمەڵگای شەهید ٦٠ماڵ (کلۆر)

٣-کۆمەڵگای جیهاد ٦٠ماڵ (بیبانی)

٤-کۆمەڵگای فیدا ٣٠ماڵ(یارمجە)

٥-کۆمەڵگای سمود ٦٠ماڵ( بنیاوە)

٦-کۆمەڵگای زوبعی ٤٠ماڵ (کلۆر)

٧-کۆمەڵگای عروبە ٥٠ماڵ (ئالتون کۆپری)

لە ناوچەی قەراج و کەندیناوە و شەمامکدا کۆی (٨٦٤,٠٠٠) دۆنم زەوی بەسەر عەرەبەکان دابەش کراوە، سەرچاوە: ی.ن.ک، مەکتەبی رێکخستن ،بەشی رووناکبیری ، ژمارە٦، سلێمانی ، ١٩٩٨، ل ٥، ل ٢٢-٢٣ .

٢٠-د. خليل اسماعيل محمد، المستوطنات الريفية في كوردستان العراق، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥ .

**خشتەی ژمارە (١)**

## خاکی هەرێمی کوردستان کە دەکەوێتە ناو پارێزگاکانی عێراق ئەوەی کەوتۆتە دەرەوەی پارێزگاکانی هەولێر- سلێمانی- دهۆک:

| ژ | پارێزگا | رووبەری پارێزگاکە کم٢ | رووبەری کوردستان تێیدا کم٢ | رێژەی رووبەری کوردستان بەرانبەر رووبەری پارێزگاکە | رێژەی رووبەری کوردستان لە پارێزگاکە بەرانبەر رووبەری کوردستان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نەینەوا | ٣٧,٣٢٧ | ١٥,١٩٢ | ٤٠,٦٩ | ١٧,٦٦ |
| ٢ | کەرکووک | ١٠,٢١ | ١٠,٢١٢ | ١٠٠ | ١٢,٠٨ |
| ٣ | سەلاحەدین | ٢٤,٧٥١ | ٤,٠١٩ | ١٦,٢٣ | ٤,٦٧ |
| ٤ | دیالە | ١٩,٠٧٦ | ١٣,٨٨٤ | ٧٢,٧٨ | ١٦,١ |
| ٥ | واست(کوت) | ١٧,١٥٣ | ٣,٧٤٠ | ٢١,٨ | ٤,٣ |
| ٦ | میسان (عمارە) | ١٦,٠٧٢ | ٢,٢٢٤ | ١٣,٨٣ | ٢,٥٨ |

**سەرچاوە: چیا ، ئەمنی ستراتیژی عێراق و سێ کوچکەی بەعسیان، تەرحیل، تەعریب، تەبعیس، چاپی یەکەم، دەزگای ناوەندی کۆمەڵە، ١٩٨٨، ل١٥٦.**

هەواڵنامەی کتێب

خشتەی ژمارە (٢)


## گوندە راگوێزراوەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بەپێی یەکە کارگێرییەکان

| ناحیە | ١٩٦٣ ١٩٧٣ | ١٩٧٤ ١٩٧٩ | ١٩٨٠ ١٩٨٩ | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| سەرقەلا | | | ٢٥ | ٢٥ |
| قزقز | | ٨ | ١٨ | ٢٦ |
| جەبارە | | | ٣٠ | ٣٠ |
| خانەقین | | ٣٠ | | ٣٠ |
| جەلەولا | | ١٤ | | ١٤ |
| قۆرەتوو | | ٦٨ | | ٦٨ |
| مەیدان | | ٤٢ | | ٤٢ |
| توزخورماتوو | | | ٩ | ٩ |
| داقوق | ٤ | | ٢ | ٦ |
| نێوگوڵ | | | ٣٩ | ٣٩ |
| قادرکرم | | | ٨١ | ٨١ |
| ئالتون کۆپری | ٦ | | ٢٥ | ٣١ |
| سەرگەردان | | ١٣ | ١٨ | ٣١ |
| قەرەحەسەن | | | ٤٥ | ٤٥ |
| شوان | | | ٧٠ | ٧٠ |
| قەرەهەنجیر | ١ | | ٤٠ | ٤١ |
| خەلیفان | | | ٢١ | ٢١ |
| رواندوز | | | ٢٢ | ٢٢ |
| حاجی ئومەران | | | ١١ | ١١ |
| چۆمان | | ٢٥ | ٢ | ٢٧ |
| باڵەک | | ٤٠ | ٣٢ | ٧٢ |
| خەبات | | | ١٢ | ١٢ |
| قوشتەپە | | ٣ | ١٠٣ | ١٠٦ |
| خۆشناو | | | ٤٣ | ٤٣ |
| مەخمور | | ١ | ٥١ | ٥٢ |
| گوێر | | | ٤٠ | ٤٠ |
| دیبەگە | | | ٤٩ | ٤٩ |
| دێگەڵە | | | ٣٨ | ٣٨ |
| تەق تەق | | | ٥٥ | ٥٥ |
| کۆیە | | | ٤٧ | ٤٧ |
| بارزان | | ١٦ | | ١٦ |
| شێروان مەزن | | ١٨ | | ١٨ |
| مێرگەسوور | | ٢٧ | | ٢٧ |
| سیدەکان | | ٩ | | ٩ |
| سەنگاو | | | ٧٠ | ٧٠ |
| ئاغجەلەر | | | ٧٥ | ٧٥ |
| چەمچەماڵ | | | ١٩ | ١٩ |
| ئاڵبارێز | | ٧ | ٢٤ | ٣١ |
| پێنجوین | | ٢٣ | ٢٤ | ٤٧ |
| گرمەک | | ٨٦ | ٩ | ٩٥ |
| سەردەشت | | | ٧٧ | ٧٧ |
| بنگرد | | ١٥ | ٣٥ | ٥٠ |
| خەلەکان | | | ٣٢ | ٣٢ |
| ئاودەشت | | ٣٩ | ٣١ | ٧٠ |
| هێرۆ | | ٣٥ | ١ | ٣٦ |
| قەلادزە | | ٣٤ | ٢٥ | ٥٩ |

| ناحیە | ١٩٦٣ ١٩٧٣ | ١٩٧٤ ١٩٧٩ | ١٩٨٠ ١٩٨٩ | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| کەلار | | | ١٦ | ١٦ |
| پیباز | | | ٥٢ | ٥٢ |
| دەربەندی خان | | | ١٢ | ١٢ |
| زرایەن | | ٢ | ٢٧ | ٢٩ |
| تانجەرۆ | | ٢ | ١٣٥ | ١٣٧ |
| سەرچنار | | | ١٩ | ١٩ |
| قەرەداغ | | | ٧٨ | ٧٨ |
| خۆرماڵ | | ٣٤ | ٧٩ | ١١٣ |
| شێروان | | ٥٥ | ٢٠ | ٧٥ |
| بیارە | | ١٨ | ٣ | ٢١ |
| کارێزە | | ٣٧ | ٤٠ | ٧٧ |
| بەرزنجە | | | ١٠٠ | ١٠٠ |
| ئامێدی | | | ٣٥٠ | ٣٥٠ |
| زاخۆ | | ٤١ | ١١٣ | ١٥٤ |
| سلێڤانی | | | ٦١ | ٦١ |
| سمێل | | | | ٧ |
| فایدە | | | | ٣ |
| دهۆک | | | ٦٣ | ٦٣ |
| ئاکرێ | | | ٣٥ | ٣٥ |
| سنجار | | | | ١٢٩ |
| شێخان | | | | ٦٦ |
| ئەتروش | | | | ٤٠ |
| زومار | | | | ٣٩ |
| عەنکاوە | | | ٢٨ | ٢٨ |
| (مەسیف سەلاحەدین) | | | ٣٤ | ٣٤ |
| هەریر | | | ٢٧ | ٢٧ |
| چوارقورنە | | | ٦ | ٦ |
| بێتواتە | | | ١٦ | ١٦ |
| تیلاکۆ | | | ١١٣ | ١١٣ |
| ئەلکیش | | | ١٥ | ١٥ |
| المجموع | ١١ | ٧٤٢ | ٢٧٧٦ | ٣٨٤٠ |


سەرچاوە:خشتەی لە دەستکردی لێتۆژەرەوەیە کە پشتی بەستووە بە

Rasool,S,M,Statistic is of Atrocities in Iraqi Kurdistan,newyork,1990 .





شێوەی ژمارە(١)

**هەرێمی کوردستان و ناوچەی «ئۆتۆنۆمی» لە عێراق**





شێوەی ژمارە(۲)
**ناوچە ڕاگوێزراوەکان لە پارێزگای دهۆک**





شێوەی ژمارە(٣)

**ناوچە ڕاگوێزراوەکان لە پارێزگای موسڵ**





شێوەی ژمارە (٤)

**ناوچە ڕاگوێزراوەکان لە پارێزگای هەولێر**





شێوەی ژمارە(٥)
**ناوچە ڕاگوێزراوەکان لە پارێزگای کەرکوک**




شێوەی ژمارە(٦)

**ناوچە ڕاگوێزراوەکان لە پارێزگای سلێمانی**




شێوەی ژمارە (٧)
**ناوچە ڕاگوێزراوەکان لە پارێزگای دیالە**




شێوەی ژمارە (٨)
**ناوچە ڕاگوێزراوەکان لە پارێزگای سەلاحەددین**

# هاوسەنگیی ئاوو کەشوهەوا لە ئاوڕێژی ڕووباری دیجلەو ئاسۆی ئایندەی ئاو لە هەرێمی کوردستاندا

د.ئازاد جەلال
سەرۆکی
بەشی جیۆگرافیا
کۆلیژی ئاداب
زانکۆی سەلاحەدین

پێشەکی:

مەبەست لە توێژینەوەی بەکاربردنی سامانی ئاو، کەشفکردنی پەیوەندی نێوان سەرچاوەکانی سامانی سروشتی و هۆکارە مرۆییەکانە لە پێناو سازکردنی پلانێکی دروست بۆ سروشت و بەکاربردنی داهاتی ئاوە تا بەرهەمەکانی کشتوکاڵ و ئاژەڵ زیاد بکات و گەشەپێدانی ئابووری بە ئەنجام بگات، پێویستیشە ڕێگای زانستی و کردەنی بۆ پاراستنی داهاتی ئاو بەکاربهێنرێن و دەست بەسەر داهاتەکە دابگیرێ و بەشێوەیەکی دروست و بەپێی پێویست بەکاربهێنرێ، ئەمەش لە ڕێی بەکاربوونی کاری هاوسەنگکردنی نێوان ئەو برە ئاوەی دەڕژێتە ناو ئاوڕێژەی ڕووبارەکەو ئەو برە ئاوەی پێویستە بۆ بوارە جیاجیاکانی بەکارهێنان بە ئەنجام دەگات. لەهەمان کاتدا هاوسەنگبوونی ئاو دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە ڕادەی گشتیی پێویستی ساڵانە لەگەڵ کۆی گشتیی داهاتی ئاوی ڕووبارەکە لە ساڵێکدا بزانین هەروەها مەبەستی ئەو لێکۆڵینەوەیە زانینی سروشتی هاوسەنگبوونی ئاوو کەش و هەوای ئاوڕێژی ڕووباری دیجلەیە کە پشت بە ئەو وێستگانە دەبەستێ کەلە هەرێم و دەوروبەری ئاوڕێژەکە هەن، جگە لە وێستگەکانی هایدرۆلۆژی کەبە درێژایی ئاوڕێژەکە لە زاخۆوە تا دیالە دابەش دەبن، بۆیە ڕووباری دیجلە بە کۆمەڵێک ناوچەی کەش و هەوا و هایدرۆلۆژی ناچۆنیەکی تێدەپەڕێ، سەرباری لەبەردەستبوونی کۆمەڵێک زانیاری و بەڵگەنامەی کەش وهەواو هایدرۆلۆژی جۆربەجۆر کەلە ماوەیەکی دوورودرێژدا لەم وێستگانە تۆمارکراون، ئەمەش وای کردووە ئەنجامدانی بەکاربردنی هەندێک هاوکێشەی وەک (هاوکێشەی خۆسنیلا،هاوکێشەی ئیفانۆف) بۆ کاری ئەم هاوسەنگییەی لەسەرەوەدا باسمان کرد ئاسان بێ.

ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانەش ئەنجامی سوودبەخشیان بۆ لێکۆڵینەوەی کەش وهەواو هایدرۆلۆژی هەیە. ئەمە جگە لە بەکاربردنیان بۆ کاری ئاودێری. جێی سەرسوڕمانیش نییە سامانی ئاو ئەم گرنگیەی پێ بدرێ کە لە ڕابردوو ئەو گرنگییە بە سامانە سروشتی و کانزاییەکان دەدرا، چونکە ململانێی ئێستا و داهاتوو، هەروەک ڕووداوەکان ئاماژەی بۆ دەکەن ململانێیە لەسەر ئاوی خواردنەوە وچۆنیەتی دابینکردن و وەدەستهێنانیەتی - بۆیە لێرەدا پێویستە بزانرێ ئەو برە ئاوەی لە هەرێمدا هەیە چەندە بۆ ئەنجامدانی هاوسەنگکردنی ئاوو کەش وهەوا، کە بۆ زۆرلایەن سوودی هەیە.

## مانای هاوسەنگیی ئاوو کەش وهەوا

دەکرێ سووڕی (دورة) ئاو لە ئاوڕێژەکانی سەرچاوەی ئاوەوە بۆ رووباری دیجلە بەوە لێکبدرێتەوە کە بەراوردکردنی نێوان ئەو برە بارانەی کە دەبارێ لەگەڵ ئەو برە ئاوەی لە رێی بەهەڵمبوون ولێچوونەوە[١] لەناو دەچێت، یا دەربڕینێکە دەربارەی پەیوەندی نێوان ئەو برە ئاوەی دەبارێ و ئەو برە ئاوەی بەهەڵم و لێچوون لەناودەچێت، ئەمەش مانای هاوسەنگی دەگەیەنێ[٢].

هاوسەنگیش ئەوکاتە سوودبەخش دەبێ کە ئەو برەئاوەی دەبارێ زۆرتربێ لەو برە ئاوەی دەبێتە هەڵم و لەناو دەچێت، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئاو لەناوچەکەدا زیادی کردووە، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو برە ئاوەی دەبێ بەهەڵم و لەناودەچێت پتر بێ لەو برە ئاوەی دەبارێ ئەوا ئەنجامەکەی بە سالیب دادەنرێ، واتا لە ناوچەکەدا کەمیی ئاو هەیە.

ئەو کاتەی ئاویش زیادی کردبێ، بەتایبەتی لە وەرزەکانی باران بارین و توانەوەی بەفردا، ئەوا پێویستە ئەو ئاوەزیادەی هەیە لە شوێنی تایبەتی (خزانات) هەڵبگیرێ تا لە وەرزەکانی کەم بارانی، واتا لە کاتی کەم ئاویدا سوودی لێ وەربگیرێ.

سروشتیشە داهاتی ئاو بەسەر ئاوڕێژەکانی سەرچاوەی ئاودا پاش گەیشتنی بۆ سەر رووی زەوی بۆ سێ ئاراستە دابەش ببێ کە ئەمانەن: یا بەهەڵم دەبێ، بۆ ژێر زەوی دادەبەزێ یا بەشێکی کەم دەمێنێتەوەو دەڕژێتە ناو ئاوەڕۆی ناو دۆڵەکان و رووبارەکان، ئەو کاتەش کە ئاو زیادبێ ئەوا ئاوی جۆگەو رووبارەکان پێکدێنێ، لەو کاتەی زەوی تێرئاوە، رەنگە قۆناغەکانی پالاوتەو رۆیینی بەسەر رووی زەویدا تا چەند رۆژێ یا چەند مانگێ دوا بکەوێ، بەتایبەتی لە حاڵەتی بەفر باریندا[٣]. لەهەمان کاتدا دەشێ رێژەی ئاو لەسەر رووی زەوی وەک خۆی بمێنێتەوە، ئەگەر هاتوو ئەو برە ئاوەی لەرێی بەهەڵمبوون و لێچوونەوە بۆ ژێر زەوی بەرانبەر ئەو برە ئاوە بێ کە لەرێی بارینەوە بەهەموو جۆرەکانیەوە دەگەڕێتەوە[٤].

دوو توخمی سەرەکی کەش و هەواش بۆ هاوسەنگیی ئاو هەن کە ئەمانیش بری ئەو ئاوەیە کە دەبارێ، لەگەڵ پلەکانی گەرما. خشتەی ژمارە (١) تێکرای رێژەی مانگانەی پلەکانی گەرما (**س°**) و رێژەی باران بارین (ملم)لەو وێستگانەی بۆ کەش و هەوا لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشتمان پێ بەستوون دیاریدەکات.

لە خشتەی ژمارە(١) دەردەکەوێ کە تێکرای پلەکانی گەرمای مانگانە و ساڵانەو ئەو برە بارانەی دەبارێ جیاوازی هەیە لە نێوان ئاوەرێژە جۆربەجۆرەکان و هەر چەندە لە بەشەکانی ئاوەرێژەی باکوور بۆ بەشەکانی باشوور بچین پلەکانی گەرما بەرزدەبێتەوە، لەهەمان کاتدا هەرچەندە بەرەو باکوورو باکووری رۆژهەڵات برۆین ئەو برە بارانەی دەبارێ زیاد دەکات، ئەمەش ئەوە دەردەخات بەشە جیاوازەکانی ئاوەرێژەکان لە هاوسەنگیی ئاوو کەش و هەوادا جیاوازی تێدەکەوێ.

لێکۆڵینەوە لە بەهەڵم بوون، ئاودەردان، لێچوون لە ئاوەرێژەکانی رووباری دیجلە و لقەکانی لە دەرخستنی هاوسەنگکردنی ئاوو هەوا و زانینی ئەو برە ئاوەی بەهۆی هەر دوو کاری پێشوو لەدەست دەچێ، بە تایبەتی لە بەشەکانی خوارووی ئاوەرێژەکانی هەرێم گرنگی زۆری هەیە، بەتایبەتی لەو لایەنەی پەیوەندی بە چالاکی کشتوکاڵەوە هەیە(ئەو ناوچانەی رێژەی باران بارینیان تێدا دیار نییە)، کەچی بەشەکانی سەرووی ئاوەرێژەکان پشت بەباران دەبەستێ.

لەم رێژەی خوارەوەش هاوسەنگبوونی ئاوو هەوا خۆ دەنوێنێ[٥].

$$P=E+D+R$$

P: بارین Precipitation

E:بەهەڵمبوون Evapotronspiritation

Discharge :D

R:ئاوی کۆکراوەی ژێر زەوی Un- water der ground

## ئەو برە ئاوانەی لە ئەنجامی دزەکـــردن بەفـــیـــرۆدەڕۆن:

ئـەو بـرە ئـاوەی لـە رێـرەوی رووبـارو جۆگەلەو بەنداوە چیمەنتۆ نەکراوەکان و زەویی ئاوڕێژەی رووبارەکان بەهۆی کاری دزەکـــردن لەناودەچێ بەپێی شـوێنی بەشەکانی ئاوڕێژەکان لە هەرێمدا دەگۆڕێ، واتا ئەو برە ئاوەی لەبەشـەکانی سەرووی ئاوڕێژەکـەو لەبەشـەکـانی ژێرەوەی دزە دەکات وەک یەک نییە. چونکە لە رووی جیۆلۆجی و بەرزی و نزمی و جۆری خاک و رووەکەکانیانەوە جیاوازن، ئەمە بێجگە لە ئاووهەوای هەر دوو جـێگا. لەسـەر ئەم بنچـینەیەش لەبەشـەکـانی سـەرووی ئاوڕێژەکـە بە هۆی سـروشـتی بەردینی ناوچەکە کەم دەبێتەوە کە کاری رۆیینی ئاو تێـیـدا زیاتر دەبێ. چونکە کـون و کەلەبەر لەتاوێرە بەردەکـان و خـاکـەکەی، کـــەمن و رووەکی زۆری تێـــدا رواوەو فـێنکە، کـەچی بە پێـچـەوانەوە ئەوا لەبەشەکانی ژێرەوەی ئاوڕێژەکە پتر ئاوی تێـدا سـەرف دەکـات. **وەک لە خشـتـەی ژمارە (٢) دا ئەوە دەردەکەوێ**

لەرێی خشـتـەی ژمـارە(٢)شـدا ئەوە دەردەکـــەوێ کـــە ئەو برە ئاوەی بەهۆی دزەکـردن لە رێرەوی رووباری دیجلە لەناو دەچێت بەپێی جـیـاوازی ئاوی سـاڵە جۆربەجۆرەکان جیاوازی تێدەکەوێ. سەیر دەکەین ئەو سـاڵانەی شێدارن رێژەی ئاوە لەدەستچووەکە زیاددەکات (ئاو دەرچوونی زۆر تێـدا تۆمـار دەکـرێ)، بەڵام لەو سـاڵانەی ئاوەنجین لە شـێـداریدا یان لە سـاڵە وشکەکـانن ئەوا رێژەکـە کـەم دەبێتەوە.

بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیەش پشت بە هەر دوو هاوکـێـشـەی خـوسـنـیـلا و ئـیـفـانۆف لەدەرکردنی رێژەی بەهەڵمبوون/ ئاودەردان بۆ ئاوڕێژی رووباری دیجلە لە هەرێمـدا بەستراوە.

١-هاوکـێشـەی ئیفانۆف: ئیفانۆف بۆ ژمـاردنی تێکـڕای بەهەڵمـبوون/ئاودەردان رێژەکەی بەشێوەی ئەم داڕشتنە بیرکاریەی خوارەوە داڕشتووە:

$$E=0.0018(25+T)^{2}(100-RH)$$

E: بڕی بەهەڵمبوو/ئاودەردان ملم

T: تێکڕای پلەی گەرمای ساڵانە س°

RH: شێی رێژەیی

لە کـاتی بەکـاربردنی ئەم زانیـاریانە لەسەر ئاوڕێژی رووباری دیجلە لە هەرێمدا هەروەک لە خـشـتـەی ژمـارە (٣) دیاریکراوە دەگەینە:

وێستگەی خـابوور کـەمـترین بڕی ئاوی بەهەڵمبووی لەناو هەموو وێستگەکانی ئەو ناوچەی لە لێکۆڵینەوەکـەدا پشـتـمـان پێ بەسـتووە تۆمـارکـردووە کـە گـەیشـتـۆتە ١٩٩٢ملم، هەروەها وێـسـتگەی عـوزێم بەرزترین رێژەی تۆمارکردووە، کە گەیشتۆتە ٣٢٢٩ملم، لێرەشدا ئەو هۆکارانەی باسمان کـردن (ئاوو هەوا، پێکهاتەی جـیـۆلۆجی، خـاک، رووەکی سروشتی) رۆڵی بەرچاو لە خوڵقاندنی ئەم جیاوازیە لە نێوان بەشە جۆر بەجۆرەکانی ئاوڕێژەکەدا دەبینێ.

٢-هاوکێشەی خوسنیلا: ئەم هاوکێشەیە بۆ ژماردنی بڕی بەرزو نزمی ئاو لە ئاوڕێژی رووباری دیجلە لە هەرێمـدا بەپێی رێژەی بەهەڵمـــبوون/ئاودەردان لەو ئاوڕێژانەی سـەرچاوەی ئاون بۆ رووبارەکـە بەکـاردێت، ئەمەش لەو حاڵەتەی کە بڕێکی چاکی ئاوی باران بۆ تێـــرکـــردنی زەوی هەبێ، واتا پێـویـسـتی رووی ئەو رووەکـانەی لەیەک

ئاستدان پڕ بکاتەوە. بەپێی ئەم ڕێژەیەی خوارەوە:

$$LM=[TM-32]/9.5$$

LM: بەهەڵمبوون/ ئاودەردانی پێشبینی کراوبە ئینج

TM: تێکرای پلەی گەرمای مانگانە بە فەهرنهایت

پێویستە تێکرای بەهەڵمبوون/ئاودەردانی پێشبینی کراو کەبە ئینج دەژمێردرێن بکرێن بەملم و پلە سەدیەکانیش بکرێن بە فەهرنهایت[٦]، بۆ یەکخستنیان. بۆ زیادکردنی هاوسەنگیی ئاوو هەوایش بە شێوەیەکی دروست کۆمەڵێک وێستگەی هەیدرۆلۆژی و کەش و هەوایی هەڵبژێردراون کەبە شێوەیەکی گونجاو دابەشکراون، تا هەموو ئاوڕێژەکە لە هەرێمدا بگرنەوە.

ئەنجامی بەکاربردنی ئەم ڕێژەیەش لە خشتەی ژمارە (٤) دا تۆمار کراوە:

لە خشتەی ژمارە(٤)دا ئەوە دەردەکەوێ کە کورتهێنانی ئاو(العجز) لە وێستگەی زاخۆدا لە ماوەی مانگی مایس تا مانگی تشرینی یەکەم دادەبێ، بەڵام زێدەی ئاو (فائض) لە ماوەی مانگی کانونی دووەم تا مانگی نیسان درێژەی دەبێ. ئەمە بێجگە لە مانگی تشرینی دووەم و کانونی یەکەم، ئەمەش نیشانەی زۆربوونی ئەو کورتهێنانە بەرامبەر زۆربوونەکە واتا هاوسەنگیەکی سلبی هەیە، بەوەی کە کەمی ساڵانەی ئاو (٧٥٠,٩)ملمە لەو کاتەی زۆری ئاو دەگاتە (٣٢٩,٣) ملم.

عجزەکەش لە وێستگەی سەلاحەدین لە ماوەی مانگی مایس بۆ مانگی تشرینی یەکەم تۆمارکراوە، لەو کاتەی فائیزی ئاو دەکەوێتە مانگی کانونی دووەم و شوبات و ئادارو نیسان و تشرینی دووەم و کانونی یەکەم، عجزی ئاویش لە ماوەی ساڵێک دەگاتە ٦٥٨,٩ ملم، لە کاتێکدا ئاو زۆری دەگاتە ٤٠٢,٩٧ ملم و ئاو کەمی لەوێستگەی کەرکووکدا لە ماوەی مانگی نیسان تا مانگی تشرینی دووەم دەردەکەوێ، کەچی ئاو زۆری دەکەوێتە مانگی کانونی دووەم و شوبات و ئادارو کانونی یەکەم، واتا ئاوکەمی چاکترلەو وێستگانەی باسمان کردن دیاردەکەوێ و پترە. لەو کاتەی ٩٣٨,٧٢ملمە، زێدە ئاویەکە ٤٥,٢ ملم بووە، هەروەها کورتهێنانی ئاو لە وێستگەی سلێمانی لە مانگی مایس تا مانگی تشرینی یەکەم پترەو ئاوزۆریش لە مانگی کانونی دووەم و شوبات و ئازارو نیسان و تشرینی یەکەم و کانونی یەکەمدایە، کە ئاوکەمیەکەی ٦٩٦,٤ ملمە، ئاوزۆریەکەش ٣٩٧,٣ملمە ،هەرچی دەربارەی وێستگەی دیالە ئەوا ئاوکەمی لە مانگی مایس تا مانگی تشرینی یەکەم پترەو ئاوزۆریەکەش لە ماوەی مانگی دووەم تا مانگی نیسان درێژە دەکێشێ. هەروەها مانگەکانی تشرینی دووەم و کانونی یەکەمیش دەگرێتەوە. کە ڕێژەی کورتهێنانی ساڵانەی ئاو لە وێستگەکە ٧٧٢,٧ملمە و ئاوزۆریش ٥٠٤,٧٨ ملم.

شایانی باسیشە لەم هاوسەنگیەدا تەنیا پشت بە باران بارین بەستراوە، چونکە هیچ جۆرە ئامارێکی وا لەبەردەستدا نەبوو دەربارەی بارینی بەفر لەم هەرێمەدا، ئەوەی لێرەشدا دیارە ئەوەیە کە ڕادەی بەفر بارین بە درێژایی ئاوڕێژی دیجلە لە هەرێمی کوردستاندا لە ساڵێک بۆ ساڵێکی تر ناچۆنیەکە.

لە ڕێی هاوسەنگیی ئاووهەواش لە ئاوڕێژی ڕووباری دیجلە لە هەرێمدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە کەم ئاوی لە هەرێمدا لە زۆربەی بەشەکانیدا لە مانگی مایس تا تشرینی دووەم درێژە دەکێشێ، لە هەندێ جێگاشدا ماوەکە کورتترە (بۆ مانگی تشرینی یەکەم) درێژە دەکێشێ. واتا لە نێوان مانگی (٦-٧) لە هاویندا کە بەتەواوی باران نابارێ و ڕێژەی بەهەڵمبوون بەشێوەیەکی زۆر بەرز دەبێتەوە، چونکە پلەی گەرما بەرزە

لەگەڵ جیاوازی رادەی بەهەڵمبوون لە بەشەکانی ئاورێژەکەو توندی هۆکارەکانی ئاووهەوا لەناوچەکەدا، ئەمەش ئەو کاتەیە کە پێویستی زۆر بە ئاو هەیە، بۆیە پێویستە چارەی ئەم گرفتە لەرێی ئاودێری سەر رووی زەوی بکرێت، هەروەها لەم ماوەیە لە هەرێم سەرنجی ئەوە دەدرێ کە پشت بە ئاوی ژێر زەوی دەبەسترێ، سەبارەت بە ئاوزۆریش ئەوا لە نیوەی زستان لە تشرینی دووەم تا مانگی نیسان درێژەی هەیە واتا بۆ ماوەی شەش مانگ کە باران زۆر دەبارێ و پلەی گەرما نزم و فێنک دەبێ. هەروەها لەم ماوەیەدا ئاو هێندە پێویست نییە.

## ئاسۆی داهاتووی ئاو

سامانی ئاو گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە بەیەکێک لە کۆڵەگە بنەڕەتییەکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و پیشەسازی و نیشتەجێکردن دادەنرێ ، لەبەر ئەوەیش رووباری دیجلەو لقەکانی یەکەم سەرچاوەی ئاوی سەر رووی زەوین لە هەرێمدا بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا جەخت لەسەر ئەم رووبارە دەکەین.

تورکیا و ئێرانیش لە ئاورێژیی رووباری دیجلەدا لەگەڵ هەرێم بەشدارن کە سەرچاوەکانی دەکەونە ناو ئەم دوو وڵاتەوە و درێژی رووباری دیجلە (١٧١٨کم)ە، (٣٠٠کم) بەناو تورکیاداو (٥٠)کم بەناو تورکیا و سووریادا دێت(کە هێڵی سنووری سووریا و تورکیا) پێکدێنێ، ئەوەیتریش دەکەوێتە ناو سنووری عێراقەوە، ئەگەرچی ئەو ماوەیەی کە رووبارەکە بەناو تورکیادا دەڕوا کەمە، بەڵام بایەخی بۆ ئەو ئاوە ساڵانەیەی کە لەوێ دەڕژێتە ناو دیجلە کەم نییە، بۆ نموونە ئاوی هاتوو لە هەر دوولقی دیجلە ، خابووروو زێی گەورە لەناو خاکی تورکیادا دەگاتە (٥٢٪) لە کۆی گشتی ئاوی رووبارەکە، ئەوەی دەشمێنێتەوە (٤٨٪)ەو لە خاکی هەرێمدا دەرژێتە ناو دیجلەوە. خشتەی ژمارە (٥)یش گرنگی رێژەیی ئەو دەوڵەتانە دەردەخات کە هاوبەشی ئاورێژی رووباری دیجلە دەکەن لە رووی رووبەرو داهاتی ساڵانەوە.

بەشداریکردنی سووریا لە داهاتی ساڵانەی ئاوی رووباری دیجلە زۆر کەمەو لە ٣ر٠٪ ملیار م٣ تێناپەرێ، لە خشتەکەشدا جیاوازی رووبەری ئاورێژەکەی لەناو خاکی هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دراوسێدا دەردەکەوێ.

تورکیاش ١٤ر١٩٪ لە رووبەری ئاورێژەکە پێکدێنێت و هەرێمیش ٦٥ر٢٧٪ و ئێرانیش ٢٠ر٥٣٪.

ئەگەرچی رووبەری ئاورێژی دیجلە لە تورکیادا بچووکە، بەڵام بایەخی زۆر هەیە چونکە رووبەرێکی کارای تەواو بۆ هاوبەشکردن لە ئاوی رووبارەکە دەنوێنێ کە دەگاتە ٢١.٣٪ لە رووبەری کارا لە ئاوی رووبارەکە، کەچی عێراق بەگشتی ٢٧.٦٥٪ لە رووبەری ئاورێژەکەی دادەگرێ و بەرێژەی ٣٠.٦٪ لە رووبەری کارای هاوبەشکردن بەشداری دەکات، هەموو رووبەرەکەش دەکەوێتە ناو هەرێمی کوردستان ، و ئێران ٢٠ر٥٣٪ی رووبەری ئاورێژەکە دادەگرێ و رێژەی بەشداریکردنیشی دەگاتە٤٧.٩٪ لە کۆی هاوبەشکردنی گشتی رووبارەکە لەهەمان کاتدا ئەو داهاتە ئاویەی لەهەر یەکێ لە تورکیاو هەرێمی کوردستاندا هەیە زۆر گرنگە بۆ دیاریکردنی هەڵوێستی هەر دوولایان لەمەسەلەی بەکاربردنی ئەو ئاوە هاوبەشەی نێوانیان.

ئەوەی دیاریشە ئەوەیە کە ئەو زانیارییەی دەربارەی سامانی ئاوو بەیاننامەکانی لەمەڕ ئەم مەسەلەیە هەن

هەواڵنامەی کتێب

زۆر وردنین، بەهۆی بەکاربردنی ئاو بۆ مەبەستە سیاسییەکان بەتایبەتی لەلایەن تورکیاوە. قەوارەی داهاتی ئاو لە عێراق بەگشتی دەگاتە (١٠٩)ملیار م٣، (٤٩)ملیار م٣ دەکەوێتە ناو خاکی هەرێم، کەچی لە تورکیادا دەگاتە (٢٠٣)ملیارم٣، لەسەر ئەم بنچینەیەش بەشە ئاوی هەر یەکێک لە عێراقییەکان ٢٣٥٦م٣و بەشە ئاوی تاکی تورکیش ٣٦٢٦م٣[٧]. لەگەڵ ئەوەی هەرێمی کوردستان، سەرچاوەکانی سەروو و ڕێڕەوی سەرووی دیجلە، پاش تورکیا پێکدێنێ، کەچی سەیر دەکەین رووبارەکە بەناو خاکی هەرێمدا دەڕوات و هەر لەناو خاکی هەرێمیشدا دروستدەبێت.

ئاوڕێژەکانی هەر دوو رووباری خابوورو زێی گەورە دەکەونە ناو تورکیاو، ئاوڕێژەکانی هەر دوو رووباری زێی بچووک و دیالە(سیروان) دەکەونە ناو ئێرانەوە، لەکاتێکدا ئاوڕێژی عوزێم بەتەواوی لەناو عێراقدایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرێمی کوردستان بە بەشێکی زۆر هاوبەشی ئاوی ئەم لقانە دەکات، بۆیە هەستکردن بە ئەمنیەتی ئاو لە هەرێمدا جیاوازی نییە لەگەڵ ئەمنیەتی ئاو لە تورکیاو ئێراندا، چونکە هەر دوو دەوڵەت بەتەواوی دەسەڵاتیان بەسەر ئاوڕێژەکانی هاوبەشی ئەو رووبارانەدا نییە، هەروەها بەکاربردنی جۆراوجۆری ئاوی رووباری دیجلە هێندە کار ناکاتە سەر بەرژەوەندی ئێران و تورکیا بە پێچەوانەی رووباری فورات کە بەرادەیەکی زۆر دەکەوێتە ژێر ئامانجەکانی تورکیاوە، چونکە هەموو سەرچاوەکانی ئەم رووبارە دەکەونە ناو تورکیاو سوریاوە، بەڵام بەگشتی داهاتی ئاو لە رووباری دیجلە دا بە بارودۆخی داکردنی بەفرو باران لە ناوچەکانی سەرچاوەی ئاو بۆ رووبارەکە بەستراوەتەوە، ئەمەش وادەکات داهاتی ئاو تێیدا لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی دی وەک یەک نەبێ. لەمەدا دەردەکەوێ کە هەرێمی کوردستمان ناکەوێتە ژێر فشارەکانی پەیوەست بەلایەنی ئابووری و سیاسییەوە، بەهۆی ئەو بەشداریکردنە چاکەی لە داهاتی ئاوی رووباری دیجلەدا دەیکات، پاشان کشتوکاڵ لە هەرێمدا زۆر پشت بە ئاوی رووبارەکە نابەستێ چونکە پتر پشت بەئاوی بارانی زستانەو بەهار و ئاوی ژێرزەوی لەهاوین دەبەستێ، کەمیش ئاوی سەر رووی زەوی (هەندێ پرۆژەی ئاودێری بچووک) بەکاردێنێ، لە هەموو دەرەنجامە پێشبینیکراوەکانیش ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە هەرێم تەنیا بەرێژەی ٢-٥ ٪ی ئاوی سەر رووی زەوی کەبەناو خاکەکەیدا تێدەپەڕێ سوود لە ئاوەکە وەردەگرێ و ئەوەی تریش هەروا بێ سوود وەرگرتن بەخەسار دەچێ.

خشتەی ژمارە (٦) رووبەری زەوی ئاودراو و پێویستیەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان نیشان دەدا.

لەم خشتەیەشدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کەهەتا ئەگەر هەموو ئەو رووبەرە کشوکاڵیانەی کەوتوونەتە سەر ئاوڕێژی لقەکانی رووباری دیجلەش بچێنرێ بە پشتبەستنی تەواو بە ئاوی رووبار ئەوا پێویستمان بە (١٤,٧)میلیار م٣ ئاو هەیە، ئەمەش بەشێکی زۆر لە داهاتی ساڵانەی ئاوی رووبارەکە پێکناهێنێ، کە رێژەکەی دەگاتە ٤٩ملیار م٣، ئەوەی دیاریشە ئەوەیە کە ئەو زەویانەی بۆ کشتوکاڵ لە عێراق بەکاردێن بەپێی سەرچاوە ئامارە پێکراوەکان نزیکەی ٦٥ ٪ی بەکارهێنانی گشتی ئاوە، واتا زۆرئاوی هەیە بۆ بەکاربردنەکانی شارستانی (وزەی کارەبا-پیشەسازی-بەکارهێنانی بۆ کاروباری ماڵەوە.. تا دوایی) ئەمەش پاڵپشتی ئاسایشی ئاو لە هەرێم دەکات.

هەتا ئەگەر ئەو پرۆژانەی تورکیا بۆ ئاودێری کەلەسەر رووباری دیجلە

دامەزراندوون تەواویش بن، (پرۆژەکانی GAP و بۆریەکانی ئاشتی تورکی) ئەوا دەرئەنجامی سلبی کەمی بۆ سەر هەرێم هەیە، ئەمەش ئەگەر ئەو ئاوە هەڵگیراوە زۆرەی ئاوی ژێر زەوی لە هەرێم پشتگوێ بخرێ، کەتا ئێستا لایەنی گرنگ بۆ هەموو بەکارهێنانێکی ئاو لە هەرێمدا پێکدەهێنن. لەوەی سەرەوە هاوسەنگی نێجابی ئاوو هەوا لە هەرێم دەردەکەوێ و ئەو بێ ئاوییەی یا ئاو کەمییەی لە ئەنجامی کەمی باران لە وەرزی هاوین روودەدات دەتوانرێ لە رێی دامەزراندنی هەندێ پرۆژەی عەمبارکردن و هەڵگرتنی بچووک بچووک کە پارەی زۆریان تێ ناچێ لەسەر لقەکانی رووباری دیجلە چارەسەر بکرێ، بۆ سوود وەرگرتن لێیان لەو وەرزانەی ئاویان کەمە ئەمە بێجگە لەو توانایەی بۆ گەیاندنی زێی گەورە بە زێی بچووک لەرێی شاری هەولێردوە هەیە.

### دەرئەنجامەکان:

لە رێی ئەم لێکۆڵینەوەیەداو، پاش بەکارهێنانی رێژەکانی هاوسەنگی ئاو هەوا لە هەرێمدا بەمانەی خوارەوە دەگەین:

١-ئاوکەمی(العجز المائي) لە هەرێمدا لە مانگی مایس تا مانگی تشرینی یەکەم روو دەدات بەڵام ئاوزۆری (الفائض المائي) لە مانگی تشرینی دووەم تا مانگی نیسان لە هەرێمدا درێژە دەکێشێ، لەگەڵ روودانی هەندێ جیاوازی لەناوچە جۆربەجۆرەکانی ئاورێژی رووبارەکە.

٢-ئەو برە ئاوەی بەهەڵم دەبێت و سەر دەکات لە وێستگەکانی باشووری هەرێم زۆرترە لەوەی لە وێستگەکانی باکوور هەیە، ئەمەش بۆ بەرزبوونەوەی پلەی گەرما لەبەشەکانی خوارەوەی ئاورێژی رووبارەکە دەگەرێتەوە.

٣-ئاوکەمی لە هەرێمدا لەو کاتەی کە زۆر پێویستی بە ئاو هەیە روودەدات، کەچی ئاو زۆری لەو کاتەی روودەدات کە زۆر پێویستی بەئاو نییە و سوودی لێ نابینرێ.

٤-ئەو بارانەی دەبارێ لەگەڵ پلەکانی گەرما رۆڵی گرنگ لە ئەنجامدانی هاوسەنگی ئاوو هەوا لە ناوچەی ئاورێژی رووباری دیجلە دەگێرن، کە برِی ئاو کەمی و ئاو زۆری دیار دەکات.

٥-دەکرێ سوود لە ماوەی ئاو زۆری لە ئاورێژی رووباری دیجلە لە هەرێمی کوردستان وەربگیرێ، لەرێی هەڵگرتنی ئەو ئاوە بۆ ماوەکانی کەمی ئاو لەگەڵ دروستکردنی هەندێ پرۆژە بۆ عەمبارکردن و هەڵگرتنی .

٦-بۆمان هەیە پشت بە باران بۆ کشتوکاڵی زستانە لە ئاورێژی رووبارەکە لە هەرێمی کوردستان ببەستین و بۆ وەرزەکانی بێ ئاویش پشت بەئاودێری ببەستین.

## پەراوێزەکان

١-ریتشارد جی چورلی،ئاوو خاک و مرۆڤ، ج١، وەرگێرانی وفیق الخشاب، چاپخانەی زانکۆی بەغدا، ١٩٧٨، ل١٧٧.

٢-عادل سعید راوی و قصی عبد الحمید، کەش و هەوای سروشتی ، دەزگای الحکمە بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، موسل ، ١٩٩٠، ل١٢٢.

٣-هدی الصحاف و وفیق الخشاب، سامانە سروشتیەکان/ماهیەتیان/پێناسە/جۆرەکانی، دەزگای الحریە بۆ چاپ، بەغدا، ١٩٧٦، ل٢٨-٩٧.

٤-نجیب خروفە و ئەوانەی دی، ئاودێری و بەزل لە عێراق و نیشتمانی عەرەبی، چاپخانەی زانکۆی بەغدا، کۆلێژی ئەندازیاری ، ١٩٨٤، ل.٧٥

٥-وفیق خەشاب و ئەوانی دی: سامانی ئاو لە عێراقدا، چاپخانەی زانکۆی بەغدا، سالی ١٩٨٣، ل١٠١-١٠٢.

٦-علی حسن شەلەش: ناچوونیەکی جێگا بۆ هاوسەنگی ئاوو پەیوەندی بە بەرهەمهێنانی کشتوکالی لە عێراق، گۆڤاری الخلیج العربی، بەرگی ١١، ژمارە ١، ١٩٧٩، ل٢٦-٢٧.

٧- یونس عبداللە علی: رۆلی کۆلەگە سەرەکیەکانی جوگرافیای سیاسی لە پەیوەندییەکانی عێراق و تورکیا، نامەی دکتۆرا ، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی موسل، ١٩٩٧، ل.٦٠

## سەرچاوەکان:

١-کۆماری عیراق، وەزارەتی گەیاندن و گواستنەوە، بەشی کەش و هەوا، تۆمارەکانی پلەی گەرما لە وێستگە هەلبژێردراوەکانی سەر بە ئاورێژی رووباری دیجلە بۆ ماوەی (٥١-١٩٨٦)، تۆمارە بلاونەکراوەمان.

٢-کۆماری عێراق، وەزارەتی گەیاندن و گواستنەوە، بەشی کەش و هەوا ، تۆمارەکانی باران بارین لە وێستگە هەلبژێردراوەکان(٥١-١٩٨٦)، تۆمارە بلاونەکراوەکان.

٣-کۆماری عێراق، وەزارەتی کشتوکال و ئاودێری ، بەشی مەدلولانی ئاو، تۆماری دەرچوونی ئاوی رووباری دیجلە و لقەکانی، وێستگە هەلبژێردراوەکان بۆ ماوەی (٤٦-١٩٨٧) تۆمارە بلاونەکراوەکان.

٤-کۆماری عێراق، وەزارەتی گەیاندن و گواستنەوە، بەشی کەش و هەوا، تۆمارەکانی بەهەلمبوون و پلەی گەرما و باران، وێستگە هەلبژێردراوەکان، تۆمارە بلاونەکراوەکان.

٥-ئازاد جەلال، لافاوە ئیستسنائیەکانی رووباری دیجلە و کارکردنی بەسەر کشتوکالەوە، نامەی ماجستێر، کۆلیژی پەروەردە ، زانکۆی بەغدا، ١٩٨٩ .

٦-وفیق خەشاب و ئەوانی تر، سامانی ئاو لە عێراق، چاپخانەی زانکۆی بەغدا، ١٩٨٣ .

٧-یونس عبداللە علی، رۆلی کۆلەگە سەرەکیەکانی جوگرافیای سیاسی لە پەیوەندیەکانی تورکیا و عێراق ، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی ئاداب، زانکۆ موسل، ١٩٩٧ .

٨-محمد سعید کتانە و ئەوانی تر، هاوسەنگی ئاو لە عێراقدا، سەرۆکایەتی بالای کشتوکال، لێکۆلینەوە(١-١)، چاپخانەی ئیرشاد ، مێژووی لەسەر نییە.

٩-مهدی الصحاف و وفیق الخشاب، سامانە سروشتیەکان -ماهیەتیان -پێناسەی- جۆرەکانی دەزگای الحریە بۆ چاپ، بەغدا ، ١٩٨٦

١٠-عادل سعید و قصی عبد الجمید،ئاووهەوای تەتبیقی، دەزگای الحکمە بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، موسل، ١٩٩٠.

١١-علی حسین شەلەش، ناچوونیەکی شوێن بۆ هاوسەنگی ئاوو پەیوەندی بە بەرهەمهێنانی کشتوکالی لە عێراقدا ، گۆڤاری الخلیج العربی ،بەشی ١١، ژمارە ١،١٩٧٩.

١٢-نجیب خروفەو ئاوانی دی، ئاودێری و بەزل لە عێراق و نیشتمانی عەرەب، چاپخانەی زانکۆی بەغدا ، کۆلیژی ئەندازیاری ، ١٩٨٤.

١٣-ریتشارد چورلی: ئاوو خاک ومرۆڤ، بەشی یەکەم ، وەرگێرانی د.وفیق الخشاب، چاپخانەی زانکۆی بەغدا، ١٩٧٨ .

خشتەی ژمارە (١) تێکرای ڕێژەی مانگانەی پلەکانی گەرما (س°) ورێژەی باران بارین لە وێستگەکانی هەن لەو ناوچەیەی لێکۆڵینەوەمان لەسەر ئەنجام داوە.

| وێستگەکان | زاخۆ | | سەلاحەدین | | کەرکووک | | سلێمانی | | دیالە | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| مانگەکان | پلەی گەرما/س° | باران/ ملم | پلەی گەرما/س° | باران/ ملم | پلەی گەرما/س° | باران/ ملم | پلەی گەرما/س° | باران/ ملم | پلەی گەرما/س° | باران/ ملم |
| کانوونی٢ | ٤ر٤ | ١٤٦ر٥ | ٣ر٨ | ١٢٦ر٣ | ٨ر٨ | ٦٢ر٧ | ٥ر٥ | ١١٦ر٢ | ٤ر٩٥ | ١٥٠ر٩ |
| شوبات | ٥ر٥ | ١٠٨ر٨ | ٥ر٥ | ١١٢ر٨ | ١٠ر٤ | ٦٣ر٨ | ٦ر٦ | ١١٩ر٠٥ | ٥ر٦ | ١٢٥ر٩ |
| ئادار | ٩ر٤ | ١٢٢ر٦ | ٩ر٣ | ٩٣ر٢ | ١٣ر٢ | ٧٤ر٣ | ١١ر٦ | ١٣٧ر٩ | ٩ر٤ | ١٢٢ر٦ |
| نیسان | ١٤ر٣ | ٩٦ر٩ | ١٣ر٧ | ٩٧ر٩ | ١٩ر٢ | ٥٢ر٥ | ١٥ر٤ | ١٠٣ر٨ | ١٤ر٣ | ١٣٤ر٧ |
| مایس | ١٩ر٨ | ٣٥ر٥ | ٢٠ر٣ | ٤٥ر٨ | ٢٦ر٤ | ١٩ر٩ | ٢٢ر٠ | ٥٣ر٥ | ٢٠ر٩ | ٤٦ر٦ |
| حوزەیران | ٢٥ر٣ | ٠ر٥٨ | ٢٨ر٦ | ١ر٦ | ٣١ر٩ | - | ٢٨ر٦ | ٣ر٩٦ | ٢٥ر٣ | - |
| تەمموز | ٢٨ر٦ | - | ٣٠ر٠ | - | ٣٥ر٢ | - | ٣١ر٣ | - | ٢٨ر٦ | - |
| ئاب | ٢٩ر٧ | ٠ر٠٥ | ٣٠ر٢ | - | ٣٤ر٦ | - | ٣٣ر٥ | - | ٢٩ر٧ | - |
| ئەیلول | ٢٦ر٤ | ٠ر٨٠ | ٢٦ر٩ | ٠ر٢٠ | ٣٠ر٢ | ٠ر٢٩ | ٢٩ر٧ | ٣ر٣٥ | ٢٦ر٩ | - |
| تشرینی١ | ١٩ر٢ | ٢٠ر٣ | ١٧ر٦ | ١٨ر٩ | ٢٤ر٢ | ١٤ر٦ | ٢٢ر٥ | ٤٢ر٨ | ١٩ر٨ | ١٨ر٥ |
| تشرینی٢ | ١٢ر٦ | ٧١ر٢٠ | ١١ر٥ | ٩١ر٩ | ١٦ر٥ | ٣٧ر٠٢ | ١٣ر٨ | ٧٤ر٥٠ | ١٢ر٦ | ١٧٢ر٢ |
| کانوونی١ | ٦ر٦ | ١١٩ | ٥ر١ | ١١٦ر١ | ١٠ر٤ | ٥٩ر٤٩ | ٧ر١ | ١١٩ر٣ | ٨ر٩ | ١٢١ر١ |

سەرچاوە: ١-وەزارەتی هاتووچۆو گواستنەوە، بەشی کەشوهەوا، تۆمارەکانی پلەی گەرمای وێستگە هەڵبژێردراوەکان، بۆ ماوەی ٥١-١٩٨٦ توارە بڵاونەکراوەکان.
٢- وەزارەتی هاتووچۆو گواستنەوە، بەشی کەشوهەوا، تۆمارەکانی باراناباریبن، وێستگە هەڵبژێردراوەکان، بۆ ماوەی ٥١-١٩٨٦ تۆمارە بڵاونەکراوەکان.

خشتەی ژمارە (٢)

ئەو بڕە ئاوەی بە دزەکردن لە ئاوڕێژی ڕووباری دیجلە لە هەرێمدا بەپێی جیاوازی ئاوی ساڵانە لە دەست دەچێ.

| وێستگە | ساڵ | جۆری | دەرچوو م٣/چر | ئاوی لەدەستچووم٣/چر/کم |
|---|---|---|---|---|
| خابوور زاخۆ | ١٩٦٣ | شێدار | ١٢٧٠ | ٠ر٥٣٤ |
| | ١٩٦٥ | ناوەنجی | ٣٨٤ | ٠ر٢٩٣ |
| | ١٩٦٨ | وشک | ٢٩٣ | ٠ر٢٥٦ |
| زێی گەورە کەلەک | ١٩٦٩ | شێدار | ١٧١٠ | ٠ر٣١٤ |
| | ١٩٥٧ | ناوەنجی | ١٢٨٠ | ٠ر٥٣٦ |
| | ١٩٨٦ | وشک | ١١٤٠ | ٠ر٥٠٦ |
| زێی بچووک گۆمەزەردەلە | ١٩٦٩ | شێدار | ١٣٣٠ | ٠ر٥٤٧ |
| | ١٩٧٥ | ناوەنجی | ٣١٢ | ٠ر١٨٤ |
| | ١٩٥٩ | وشک | ١٥٢ | ٠ر٢٦٤ |
| عوزێم ئینجانە | ١٩٧٤ | شێدار | [illegible] | [illegible] |
| | ١٩٧١ | ناوەنجی | ٩٦٥ | ٠ر٤٦٥ |
| | ١٩٨٧ | وشک | ١١٠ | ٠ر٤٩ |
| دیالە دەربەندیخان | ١٩٦٩ | شێدار | ٢١٠٠ | ٠ر٦٨٧ |
| | ١٩٧٥ | ناوەنجی | ٢٠٣ | ٠ر٢١٣ |
| | ١٩٨٦ | وشک | ١٥٠ | ٠ر١٨٣ |

سەرچاوە: ئازاد جەلال شەریف، لافاوە ئیستسنائیەکانی ڕووباری دیجلەو کارکردنی بەسەر کشتوکاڵ/ نامەی ماستەر کە پێشکەش بە کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی بەغدا کراوە/ ١٩٨٩، ل١١٦.

## خشتەی ژمارە (٣)

## ئەو برە ئاوەی بەکاری بەهەڵمبوون/ئاودەردان لە ئاوڕێژی ڕووباری دیجلە لە هەرێمدا بەپێی هاوکێشەی ئیفانۆف لەناو دەچێت

| ڕووبـــــار | وێـــستگە | ئاوەنجی ڕووبەری ئـــاو/م٢ | درێژی ڕووبار کم | بە هەڵم بوونی ساڵانە/ ملم بەپێی ڕێژەی ئیـفـانۆف | لەناوچوو بەکاری بە هەڵمبوون/ ملیۆن/ م٣ بەپێی ڕێژەی ئیفانۆف |
|---|---|---|---|---|---|
| خـــابوور | زاخـــۆ | ٣٢ | ١٦٠ | ١٩٩٢ | ١٠٫١١ |
| زێی گـەورە | | | ٣٩٢ | | |
| زێی بچووک | سەلاحەدین | ١٢٤ | ٤٠٠ | ٢٢٥٩ | ٨٠١٠٩ |
| عـــوزێم | سلێـمـانی | ١٦٨ | ٢٣٠ | ٢٦٢٩ | ١٧٦٫٦٦ |
| دیـــالــــە | کـەرکـووک | ٤١ | ٣٨٦ | ٣٢٢٩ | ٣٠٫٤٤ |

سەرچاوە: ١- وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری، بەشی مەدلولاتی ئاو، تۆمارەکانی دەرچوونی ئاو لە ڕووباری دیجلەو لقەکانی، وێستگە هەڵبژێردراوەکان بۆ ماوەی ٤٦-١٩٨٧ تۆمارە بڵاونەکراوەکان.
٢- وەزارەتی هاتووچۆو گواستنەوە، بەشی کەشوهەوا، تۆمارەکانی بە هەڵم بوون و پلەی گەرماو باران، وێستگە هەڵبژێردراوەکان، تۆمارە بڵاونەکراوەکان.

## خشتەی ژمارە (٥)

## گرنگی ڕێژەیی بەشداری ئەو دەوڵەتانەی هاوبەشی ئاوڕێژی ڕووباری دیجلە دەکەن لە ڕووی ڕووبەرو داهاتی ئاوی ساڵانەوە :

| ڕووبـار | وڵات | ڕووبەری ئاوڕێژ کم٢ | % | ڕووبەری بەشی کارا لە ئاوڕێژی بەشدار/ کم٢ | % | بەشدار لە داهاتی ئاوی ساڵانە ملیار م٣ | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دیجلە | تورکیا | ٥٧٦١٤ | ١٩٫١٤ | ٥٧٦١٤ | ٢١٫٣ | ٢٤٫٨ | ٥١ |
| | هەرێم | ٨٣٢٣٧ | ٢٧٫٦٥ | ٨٣٢٣٧ | ٣٠٫٦ | ١٩٫٢١ | ٣٩ |
| | ئێران | ١٦٠١٥٨ | ٥٣٫٢٠ | ١٣٠١٥٨ | ٤٧٫٩٠ | ٤٫٩ | ١٠ |

سەرچاوە: محمد سعید کتانەو ئەوانی دی، هاوسەنگیی ئاو لە عێراقدا، سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی باڵای کشتوکاڵ، لێکۆڵینەوەی ژمارە (١-١) چاپخانەی ئیرشاد، مێژووی لەسەر نییە، ل٣٣، لەگەڵ هەندێ دەستکاری تۆژەرەوە.

## خشتەی ژمارە(٦)

## ڕووبەری زەویە بەراوەکان /دۆنم/ لە ئاوڕێژی ڕووباری دیجلە لە هەرێم و پێویستییەکانی ئاوی هەرێمەکە

| شوێن | ڕووبەر/ دۆنم | پێویستییەکانی ئاو لە ساڵێکدا/ملیار م٣ |
|---|---|---|
| ئەو زەویانەی کەوتوونەتە سەر ئاوڕێژی خابوور | ٥٠٠٠٠ | ١٢٨٫٠ |
| ئەو زەویانەی کەوتوونەتە سەر ئاوڕێژی زێی گەورە | ٦٠٠٠٠٠ | ٢٫٦٤ |
| ئەو زەویانەی کەوتوونەتە سەر ئاوڕێژی زێی بچووک | ١١٢٠٠٠٠ | ٤٫٨٤ |
| ئەو زەویانەی کەوتوونەتە سەر ئاوڕێژی عوزێم | ٤٨٠٠٠٠ | ٢٫٨٥ |
| ئەو زەویانەی کەوتوونەتە سەر ئاوڕێژی دیالە | ١٥٢٦٤٠٠ | ٤٫٣ |

سەرچاوە: ئازاد جەلال شەریف، لاقاوەکانی ڕووباری دیجلە، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٢.

خشتەی ژمارە (٤)

هاوسەنگبوونی ئاووهەوا لە ئاوڕێژی دیجلە لە هەرێمدا بەپێی ڕێژەی خوسنیلا

| ڕێستگە | | ک٢ | شوبات | ئادار | نیسان | مایس | حوزەیران | تەموز | ئاب | ئەیلول | ت١ | ت٢ | ک١ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زاخۆ | بڕی ئاوی بەهەڵم بوو/دزەکردوو/ملم | ٢٧٫٩ | ٤٨٫١ | ٦٥٫٩ | ٧٩٫٤ | ١١٣٫٥ | ١٤٠ | ١٦١٫٢ | ١٥٦٫٤ | ١٣٦٫١ | ١٠١٫١ | ٦٤ | ٤٠٫٤ | ١١٣٣٫٩ |
| | باران/ ملم | ١٤٦٫٥ | ١٠٨٫١٨ | ١٢٢٫٦ | ٩٦٫٩ | ٣٥٫٥ | ٠٫٥٨ | ... | ٠٫٠٥ | ٠٫٨٠ | ٢٠٫٣٠ | ٧١٫٢٠ | ١١٩ | ٧٢١٫٧٣ |
| | ئاو کەمی/ ملم | ... | ... | ... | ... | ٧٨٫٠ | ١٣٩٫٤٢ | ١٦١٫٢ | ١٥٦٫٣٥ | ١٣٥٫٣ | ٨٠٫٧ | ... | ... | ٧٥٠٫٩- |
| | زۆر ئاوی/ ملم | ١١٨٫٦ | ٦٠٫٧ | ٥٦٫٧ | ١٧٫٥ | ... | ... | ... | ... | ... | ... | ٧٫٢ | ٧٨٫٦ | ٣٣٩٫٣+ |
| سەلاحەدین | بڕی ئاوی بەهەڵم بوو/دزەکردوو/ملم | ١٦٫٢٥ | ٢٦٫٤١ | ٤٤٫١٩ | ٦٧٫٣١ | ٩٨٫٠٤ | ١٢٦٫٩٤ | ١٤٤٫٧٨ | ١٤٤٫٢٧ | ١١٩٫١٢ | ٩٢٫٧١ | ٥٤٫٨٦ | ٣٦٫٤٦ | ٩٦٠٫٨٤ |
| | باران/ ملم | ١٢٦٫٣٣ | ١١٢٫٨٠ | ٩٣٫٢٧ | ٩٧٫٩١ | ٤٥٫٨١ | ١٫٦ | ... | ... | ٠٫٢٠ | ١٨٫٩١ | ٩١٫٩٩ | ١١٦٫١٠ | ٧٠٥٫٠٩ |
| | ئاو کەمی/ ملم | ... | ... | ... | ... | ٥٢٫٥٣ | ١٢٤٫٨٩ | ١٤٤٫٧٨ | ١٤٤٫٢٧ | ١١٨٫٩٢ | ٧٣٫٨ | ... | ... | ٦٥٨٫٩- |
| | زۆر ئاوی/ ملم | ١١٠٫٠٨ | ٨٦٫٣٩ | ٤٩٫٠٨ | ٣٠٫٦ | ... | ... | ... | ... | ... | ... | ٣٧٫١٣ | ٨٩٫٦٩ | ٤٠٢٫٩٧+ |
| سەلاحەدین | بڕی ئاوی بەهەڵم بوو/دزەکردوو/ملم | ٤١٫٦٥ | ٤٧٫٤٩ | ٦٦٫٥٤ | ٩٣٫٩٨ | ١٢٢٫٦٨ | ١٥٧٫٤٨ | ١٧٠٫٦٨ | ١٧٥٫٢٦ | ١٤٨٫٣٢ | ١١٥٫٣١ | ٧٩٫٥٠ | ٥٠٫٠٣ | ١٢٦٨٫٩٣ |
| | باران/ ملم | ٦٢٫٧١ | ٦٣٫٨٧ | ٧٤٫٣٠ | ٥٢٫٥٨ | ١٩٫٩٩ | ... | ... | ... | ٠٫٢٩ | ١٤٫٦٢ | ٣٧٫٠٢ | ٥٩٫٤٩ | ٣٨٥٫٠٩ |
| | ئاو کەمی/ ملم | ... | ... | ... | ٤٠٫٤ | ١٠٢٫٦٩ | ١٥٧٫٤٨ | ١٧٠٫٦٨ | ١٧٥٫٢٦ | ١٤٨٫٠٤ | ١٠٠٫٦٩ | ٤٢٫٤٨ | ... | ٩٣٨٫٧٢- |
| | زۆر ئاوی/ ملم | ٢١٫٠٦ | ١٦٫٣٨ | ٧٫٧٦ | ... | ... | ... | ... | ... | ... | ... | ... | ٩٫٤٦ | ٤٥٫٢+ |
| سلێمانی | بڕی ئاوی بەهەڵم بوو/دزەکردوو/ملم | ١٨٫٠٣ | ٢٨٫٧٠ | ٤٩٫٧٨ | ٧٥٫١٨ | ١٠٤٫١٤ | ١٣٣٫٦٠ | ١٥٥٫٧٠ | ١٥٣٫٦٧ | ١٤٥٫٠٣ | ١٠٧٫٩٥ | ٦٧٫٠٥ | ٣٤٫٧٩ | ١٠٧٣٫٦٢ |
| | باران/ ملم | ١١٦٫٢٦ | ١١٩٫٠٥ | ١٣٧٫٩٨ | ١٠٣٫٨ | ٥٣٫٥٥ | ٣٫٩٦ | ... | ... | ٣٫٣٥ | ٤٢٫٨١ | ٧٤٫٥٠ | ١١٩٫٣٠ | ٧٧٥٫٥٦ |
| | ئاو کەمی/ ملم | ... | ... | ... | ... | ٥٠٫٥٩ | ١٢٩٫٦٤ | ١٥٥٫٧٠ | ١٥٣٫٦٧ | ١٤١٫٦٨ | ٦٥٫١٤ | ... | ... | ٦٩٦٫٤- |
| | زۆر ئاوی/ ملم | ٩٨٫٢٣ | ٩٠٫٣٥ | ٨٨٫٢ | ٢٨٫٦٢ | ... | ... | ... | ... | ... | ... | ٧٫٤٥ | ٨٤٫٥١ | ٣٩٧٫٣+ |
| دیالە | بڕی ئاوی بەهەڵم بوو/دزەکردوو/ملم | ٣٠٫٢ | ٢٨٫٣٨ | ٥٦٫٣ | ٨٢٫٨ | ٩٤٫٧ | ١٥٢ | ١٢٥ | ١٥٥٫٧ | ١٤٢ | ١١٧٫٨ | ٨٤٫٧ | ٤٣٫٤ | ١١١٣ |
| | باران/ ملم | ١٥٠٫٦١ | ١٢٥٫٩٣ | ١٢٥٫٩ | ١٣٤٫٧٠ | ٤٦٫٦٣ | ... | ... | ... | ... | ١٨٫٥٠ | ١٧٢٫٢٧ | ١٢١٫١٢ | ٢٠٢٠٫٧١ |
| | ئاو کەمی/ ملم | ... | ... | ... | ... | ٤٨٫٠٧ | ١٥٢ | ١٢٥ | ١٥٥٫٧ | ١٤٢ | ٩٩٫٣ | ... | ... | ٧٧٢٫٠٧- |
| | زۆر ئاوی/ ملم | ١٢٠٫٤١ | ٩٧٫٥٢ | ٦٩٫٦ | ٥١٫٢٧ | ... | ... | ... | ... | ... | ... | ٨٨٫٢٧ | ٧٧٫٧٢ | ٥٠٤٫٧٨+ |

سەرچاوە: موعتەیاتی کەشوهەواو هایرۆلۆژی لە وێستگە دیارکراوەکانی سەر ڕووباری دیجلە، بۆ ماوەی جیاوازو جۆربەجۆر

# زۆربوونی دانیشتوان و گەشەسەندنی دانیشتوان لە کوردستان

پارێزەر:
ئەحمەد عەبدوڵڵا

یەکێک لەو قەیرانانەی سەدەی بیستەم کە تووشی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی بەگشتی و هەندێ وڵات بە تایبەتی بووەتەوە زۆربوونی دانیشتوانە، ئەو قەیرانە لە هەندێ وڵات لەوەشەوە تێپەڕیوەو بووە بە دیاردەیەکی گشتی، ئێستا زۆربوون بووەتە تەوەری لێکۆڵینەوە لەلایەن زانایان و دەسەڵاتداران لە هەموو وڵاتانی جیهان بەبێ جودایی سیستەمی فەرمانڕەوایی و گرنگیەکی پلە یەکی دراوەتێ، دیمۆگرافیا وەک زانستێکی پەیوەندیدار باسی زۆربوون و گەشەسەندنی دانیشتوان دەکات، ئەو زانستە پەیوەندیەکی بابەتیانەی لەگەڵ هەموو زانستەکان هەیە بەتایبەتی لەگەڵ جوگرافیا و ئابووریدا. لەلایەک تۆژینەوە لە بارەی دانیشتوان بە تەوەری سەرتاپای لێکۆڵینەوەکانی جوگرافیا دادەنرێت، چونکە لە بنەڕەتدا جوگرافیا لە خاک دەکۆڵێتەوە بەو پێیەی کە نیشتمانی مرۆڤە، دانیشتوان بە یەکێک لە هۆکارە هەرەگرنگەکان دادەنرێت کە کار دەکاتە سەر جوگرافیای سیاسی[1]. لەلایەکی دیکەوە پەیوەندی لەگەڵ ئابووری لە وەدایە داخۆ دەوڵەت دەتوانێت خۆراک و خزمەتگوزاری و کار بۆ تێکرای دانیشتوان دابین بکات یا نا؟ بە کورتی دیموگرافیا پەیوەندییەکی قووڵی بە هەموو زانستەکانەوە هەیە چونکە باسی دانیشتوان دەکات لە شوێن و کاتێکی دیاریکراودا.

## سەرهەڵدانی دیاردەی زۆربوونی دانیشتوان

بەسەرنجدان و خوێندنەوەی مێژوو و بینینی شوێنەوارە کۆنەکان بۆمان دەردەکەوێت کە لە رابردووش خەڵک رێژەیان زۆربووە، بە تایبەتی لە هەندێ ناوچەدا ململانێ و کێشە هەبووە لەسەر دەسبەسەراگرتنی زەوی بە پیت وشوێنە ستراتیژییەکان بۆ مسۆگەرکردن و کۆنترۆلکردنی خۆراک و خۆشگوزەرانی، بۆیە گەلانی بە توانا وڵاتانی دیکەیان داگیرکردووەو ئەو هەموو شەڕوکوشتارانە روویانداوە، دەنا ئێستا دانیشتوان چەند ئەوەندی دیکە دەبوو، ئەمەش لە قۆناغە جیاجیاکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا بەدیار دەکەوێ و شوێنەوارە کۆنەکان سیمای پێشکەوتن و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان لە قۆناخە یەک بەدوای یەکەکانی کۆمەڵگا دەردەخەن[٢] ئەو وڵاتانەی کە مەترسی دەستدرێژی کردنیان لەسەر بووە یا دواتر داگیرکراون وەک

کاردانەوەیەکی سروشتی بۆ بەرگریکردن، خەڵکی زۆریان لە هەندێ ناوچەی دیاریکراوو ستراتیژی کۆکردۆتەوەو قەڵا و شوورەیان دروستکردووە، هەروەها وڵاتانی تەماعکار وبەهێزیش خەڵکیان کۆکردۆتەوە بەمەبەستی پەلاماردانی وڵاتانی دیکە، وڵاتانی وەک چین ومیسرو هیندستان کەپڕن لە شوێنەوار بەڵگەی ئەو بۆچوونەن و تائێستاش وڵاتانی ژیاری و شارستانیەت و چڕوپڕن لە دانیشتوان.

دوای شۆڕشی پیشەسازی لە وڵاتانی رۆژئاوا، وردەوردە هەست بەسەرهەڵدانی زۆربوونی دانیشتوان کرا ئەویش بە هۆی چاکبوونی باری ژیان و کەمبوونەوەی رێژەی مردن و بەکارهێنانی ئامێر بۆ بەرهەمهێنان، دەرەنجام بەشێک لە دانیشتوان بێکار مانەوە و کێشەکە سەری هەڵداو لەسەرخۆ تەشەنەی کرد، بە واتایەکی دیکە بەر لە قۆناغی شۆڕشی پیشەسازی و سەرمایەداری کێشەی دانیشتوان و زۆربوون لە گۆڕێدا نەبوو کە خەریکە دەبێتە دیاردە، واتا زۆربوون تایبەت بوو بەشێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری [٣] زۆربوونی دانیشتوان لەو وڵاتانە کەوتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، سەر قافلەی لێکۆڵەرەوە ئابوورییەکان مالتۆس(١٧٦٦-١٨٣٤)بوو ئەو زانایە گرنگی بە دیموگرافیا دەدا، ئەو پێشبینی کردبوو کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی لە سەدەکانی داهاتوو تووشی قەیرانێکی ترسناک دەبێت بە هۆی زۆربوونی دانیشتوان چونکە خەڵک هەر ٢٥ ساڵ ئەوەندەی دیکە زیاد دەکەن، ئەو زیادبوونەش خێراترە لە گەشەسەندن و بەرهەمهێنانی خۆراک، ئەو پێی وابوو برسیەتی و پەتا وشەڕوشۆر هۆکاری حەتمین بۆ راگرتنی هاوکێشەی زۆربوون و بەرهەمهێنان، بۆیە داوای نەزۆککردنی خەڵکی دەکرد، دواتر مالتوس لەو بۆچوونانە پاشگەز بووەوە چونکە بە گشتی راست دەرنەچوون هەر چەندە هوشیارکردنەوەیەک و زەنگوڵ لێدانێکی بێ کەڵک نەبوو بە تایبەتی بۆ کۆمەڵگا دواکەوتوو و هەژارەکان[٤]

## بۆچوونی رۆژئاوا لەمەڕ زۆربوونی دانیشتوان

لە رابردوو وڵاتانی رۆژئاوا و داگیرکەر خەڵکی برسی و هەژاری وڵاتانی دیکەیان وەک کۆیلە دەبردە رۆژئاوا بۆ کارکردن بە تایبەتی لە کەرتی کشتوکاڵدا، ئەو دیاردەیە تازەیەش بەردەوامە، بەڵام بە رێگەو شێوازێکی دیکەو ناویان ناوە کۆچکردن لە وڵاتانی دواکەوتووەوە بۆ وڵاتانی رۆژئاوا، بۆ ئەوەی لە هەندێ کەرتی تایبەت کاریان پێبکەن کە خۆیان لەو کەرتانە کار ناکەن یا بۆ ئەوەی رێژەی دانیشتوان لە وڵاتەکانیان پتر بکەن وەک کەنەدا و ئوسترالیا و ئەمەریکا تا شەڕی دووەم، هەروەها رۆژئاواییەکان بۆ کاری سەربازیش کەڵکیان لە دانیشتوانی وڵاتە داگیرکراوەکان وەردەگرت کە وەک سەرباز یان بەکرێگیراو(مرتزقة) بۆ داگیرکردنی وڵاتانی دیکە بەکاریان دەهێنان، نموونە بەریتانیەکان خەڵکی هیندستانیان بەکاردەهێنا بۆ شاڵاوە سەربازییەکانیان وەک ئەوەی لە عێراق و کوردستان کردیان.

رۆژئاواییەکان لە دوای شەڕی دووەم کە توانیان کۆنترۆلی هەموو بوارەکانی ژیان بکەن و تەکنۆلۆژیای سەربازی و غەیرە سەربازی دەستەبەر بکەن و چەندین وڵاتی دواکەوتوو پەیوەست بە خۆیان بکەن بە رێگەو شێوازی جۆراوجۆر، ئینجا کەوتنە هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی زۆربوونی دانیشتوان لەسەر ئاستی جیهان چ راستەوخۆ وچ لە رێگەی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە، ئەوان هەردەم باسی

تەقینەوەی دانیشتوان دەکەن ، ئەوان مەبەستیان ئەوەیە وڵاتانی دواکەوتووی پڕ دانیشتوان بترسێنن یاهۆشیار بکەنەوەو بەس، ڕۆژئاوا بۆ چارەسەرکردنی ئەو دیاردەیە جدی نییە و تەنها کاتی لەگەڵ دەباتەسەر و هەر چەند ساڵێکیش بە یارمەتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کۆنگرەیەکی جیهانی بۆ دۆزینەوەی چارەسەرییەک بۆ زۆربوونی دانیشتوان دەبەستن[٥].

لە وڵاتانی ڕۆژئاوا باری ئابووری، ڕێژەی دانیشتوان بەرزو نزم دەکاتەوە، بێکاری و یاساکانی بازاڕو گوشاری سیاسی هۆکارن بۆ ئەو بەرزو نزمبوونەوەی ڕێژەی دانیشتوان، خێزانەکان سەربەستن لە زۆرکردن وکەمکردنەوەو قەدەغەکردنی وەچە وەک خێزان، بەڵام باری ئابووری لە زۆر حاڵەتدا ئەو سەربەستییە سنووردار دەکات، ئەمڕۆ لە زۆربەی وڵاتانی دەوڵەمەند و ڕۆژئاوا ڕێژەی زۆربوون نزیکە لە وەستان، یا زۆر لەسەرخۆیە وەک نەمسا و دانیمارک و سویدو ئەڵمانیا، بە تایبەتی لە ئەڵمانیا و دانیمارک بە تەواوی زۆربوون وەستاوە[٦] هەروەها لەسەر ئاستی جیهانیش ڕێژەی زۆربوون وەک لەوەپێش لەلایەن ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتیی دیاریکرابوو بەکەمتر دەرچوو، نوێترین ڕاپۆرتەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ژمارەی دانیشتوانی جیهان لە ساڵی (٢٠٢٥) دەبێتە (٨,٩) ملیار کەس نەک (٩,٤) ملیار کەس وەک پێشتر خەملێندرابوو[٧]. ئەمڕۆ ڕۆژئاواییەکان مالتۆسانە و بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەڕواننە زۆربوون و مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، ڕەشبینانە دەڕواننە زۆربوون و پێیان وایە گۆی زەوی ناتوانێت خۆراک و خزمەتگوزاری بۆ ئەو هەموو خەڵکە دابین بکات بۆیە پێویستە سنوورێک بۆ ئەو زۆربوونە دابنرێت چونکە مەترسییەکی گەورەی بۆ سەر ئەو وڵاتانە و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەیە و لە دواڕۆژدا دەبێتە هۆکاری شەڕو ئاژاوە وپیسبوونی ژینگەو ..هیتد، بە واتایەکی ڕوونتر ڕۆژئاوا بەرپرسیەتی زۆربوون و تەواوی قەیرانەکانی دیکە دەخاتە ئەستۆی جیهانی سێیەم و وڵاتانی چروپڕ لە دانیشتوان بێ ئەوەی بپرسن ئاخۆ ئەی کێ لە چەکی ئەتۆم وپێشبرکێی چەک فرۆشتن بە وڵاتانی هەژار و ئایدزو داگیرکردنی وڵاتانی دیکە وقووتکردنەوەی ڕژێمە زاڵم و دیکتاتۆرەکانی جیهان بەرپرسە.

لە وڵاتانی دەوڵەمەند بەگشتی و ڕۆژئاوا بەتایبەتی زۆرجار خۆراک دەخەنە ناو دەریاکان یا دەیکەن بە ئالیک لە جیاتی ئەوەی بە هەرزان بە وڵاتانی هەژار و پڕ دانیشتوان بیفرۆشن و خەڵک لە برسیەتی رزگاربکەن، ئەمە تەنها بۆ ئەوەی نرخی ئەو خۆراکانە دانەبەزێت، لە وڵاتانی دواکەوتوو لەبەر زۆرهۆکار خەڵک توانای کڕین و دابینکردنی خۆراکیان نییە، بۆیە دواکەوتوویی لەو وڵاتانە هۆکاری برسیەتییە نەک زۆربوون وەک ڕۆژئاواییەکان رایدەگەیەنن، بەگشتی زۆربوونی دانیشتوانی جیهان تا ئێستاکەش هەر لە بەرژەوەندی ڕۆژئاواو وڵاتانی دەوڵەمەند دایە چونکە زۆربوون بە تایبەتی لە وڵاتانی جیهانی سێیەم باشترین بازاڕ پەیدا دەکات بۆ سەرفکردنی کاڵا جیاجیاکانی ڕۆژئاوا بە هۆی نەبوون و کەمی ئەو کاڵایانە بەچەکی سەربازیشەوە ، هەروەها دەرفەتێکی زێڕینیشە کە کاری هەرزان لە ڕێگەی کۆچکردن و پەنادان بە کەسانی شارەزاو پسپۆر بەهۆی ئەو زۆرییە دەست وڵاتە دەوڵەمەند و ڕۆژئاواییەکان دەکەوێت.

## بۆچوونی وڵاتانی جیهانی سێیەم

ئەو وڵاتانە بۆچوونی جودایان لەمەڕ زۆربوونی دانیشتوان هەیە، بەگشتی تا

چەند ساڵێک لەمەوبەر لەگەڵ زۆربوونی دانیشتوان بوون و بەخاڵی ستراتیژیان دادەنا و وڵاتانی رۆژئاوایان بەسەرچاوەی زۆربوون وتەواوی کێشەکانی دیکە لەقەڵەم دەدا، ئەم وڵاتانە ئێستاش بەشێکیان لەگەڵ سنووردارکردنی وەچە نین، پاساوو هۆکاری زۆربوون لەو وڵاتانە بۆ چەند خاڵێک دەگەڕێتەوە کە گرنگترینیان ئەمانەن:

## ١- هۆکاری سیاسی

هەندێک لەو وڵاتانە مەترسی دەستدرێژیکردنیان لەسەرەو لە تەکنۆلۆژیای سەربازیش دواکەوتوون، زۆری دانیشتوان لاسەنگی تەرازووی هێزەکان لەگەڵ دوژمندا راستدەکاتەوە، ڤێتنام ئەگەر ئەوەندە خەڵکەی نەبوایە لەگەڵ یارمەتی دەرەکی، نەیدەتوانی لە دژی ئەمەریکا بوەستێت و لەگەڵ بەشەکەی دیکە یەکبگرێتەوە، هەروەها ئێرانیش ئەگەر سێ جار بەقەدەر عێراق نەبوایە لە رووی زۆری دانیشتوان بۆی نەدەکرا بەرانبەر عێراق بوەستێت کە رۆژهەڵات و رۆژئاوای لەگەڵدا بوو، بە پێچەوانەوە کەمی دانیشتوان لە وڵاتێکی وەک بیابانی رۆژئاوا بەرەی پۆلیساریۆی لەبەرانبەر هێزەکانی مەغریبی تووشی شکست کرد، تاکە فاکتەری لاوازی ئیسرائیل لەبەرانبەر فەلەستینیەکان و عەرەب کەمی دانیشتوانە، هەروەها لە ململانێی رەگەز و ئایینەکان لەناو یەک دەوڵەتیشدا زۆربوون کەلکی خۆی هەیە، نەتەوە یان ئایینی سەر دەستە زۆربەی جاران هەوڵی تواندنەوەی نەتەوەکانی دیکە دەدات وەک ئەوەی لە عێراق هەیە(بەعەرەبکردن) هەروەها ململانێی هیندۆس و ئیسلامییەکان لە هیندستان یەکێکە لەو ململانێیە سیاسیانەی کەبووەتە هۆکاری زۆربوونی دانیشتوانی ئەو وڵاتە بە تایبەتی ئەگەر بزانین کە هەر دوو لا لەگەڵ زۆربوونی وەچەدان، لە رژێمە دیکتاتۆرەکاندا هەردەم باسی کۆنترۆڵکردنی زۆربوون دەکەن بەڵام خەڵک گوێیان پێنادەن چونکە مەبەستی دیکتاتۆران چەواشە کردنی رکابەرانە، بۆیە وەک دەبینین شۆڕش و راپەڕین و ئاژاوە بە زۆری لە وڵاتانی پڕوچڕ لە دانیشتوان سەرهەڵدەدەن بەپێچەوانەی کودەتا کە بە زۆری لە وڵاتانی کەم دانیشتوان روودەدەن، هەروەها لە وڵاتانی یەک رەگەزو یەک ئایین یا وڵاتی دیموکراتی زۆربوون بە ئاسانی کۆنترۆڵ دەکرێت چونکە ململانێ نییە یا ئەگەر هەشبێت ئەوا بە رێگەی یاسایی چارەسەر دەکرێت.

## ٢- هۆکاری ئابووری

وڵاتانی دواکەوتوو پتر وڵاتی کشتوکاڵین، ئەو کەرتەش هەردەم پێویستی بە چڕی دانشتوان هەیە بە تایبەتی ئەگەر تەکنۆلۆژیای کشتوکاڵی بەکارنەهێنن، وەچە ئابووری خێزان بەرەو پێش دەبات، واتا فاکتەری گۆڕانی ئابووری، خێزانە، لەو وڵاتانە چونکە دەزگای خزمەتگوزاری تایبەت بە پیرو پەککەوتەکان نین بۆ ئەوەی لە دواڕۆژدا ژیانیان دابین بکات وەک وڵاتانی پێشکەوتوو، بۆیە خەڵک وەک تاکەکەس دەبێت دواڕۆژی خۆی دیاری بکات بۆیە هەولی زۆربوونی وەچە دەدات، دانانی ئاست یا قەدەغەکردنی وەچە گرفت بۆ دواڕۆژی خێزان دروستدەکات.

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیشدا زۆربوون لە بواری ئابووریدا رۆڵی خۆی دەبینێت، لە عێراق کە شەڕ لەگەڵ ئێران بەردەوامبوو ئەگەر کرێکارانی بیانی نەبوونایە تەواوی کەرتە ئابوورییەکان دەوەستان، کرێکارە میسرییەکان کە لە دەرەوەن بەشێکی داهاتی میسر دەستەبەر دەکەن لە دراوە گرانبەهاکان، لە ئیسرائیل ئەگەر کرێکارە

فەلستینییەکان نەبن ئەوا چەندین کارگە و پرۆژەی کشتوکاڵی دەوەستن، وڵاتانی وەک لیبیا و مالیزیاو ئوستورالیا و تەنها کەنەداش هەوڵی گەشەسەندنی دانیشتوان دەدەن بەمەبەستی گەشەپێدانی وڵات، چونکە وڵاتی دەوڵەمەندو گەورەن لەرووپێو بەڵام کەم دانیشتوانن.

## ٣- هۆکاری کۆمەڵایەتی

لە وڵاتانی جیهانی سێیەم هۆکارەکانی چاککردنی ژیان زۆرکەمن، لەبەر نەبوونی خزمەتگوزاری تەندروستی و بەدخۆراکی زوو زۆر دەبن و زووش دەمرن بۆیە بیر لە ڕێکخستن و دیارکردنی وەچە ناکەنەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەوڵی قەرەبووکردنەوەی مردووەکان دەدەن، ئەوان لە ململانێدان لەگەڵ نەخۆشی و پەتاکان و شەڕوشۆر، ئەو ناخۆشیانەش تایبەتن بە وڵاتانی دواکەوتوو، ڕێژەی زۆربوون بە خۆی تا ئاستێکی ناسۆر کەمدەبێتەوە، ئەو وڵاتانە چونکە خەڵکی زۆریان هەیە بوونەتە پەنتی بڵاوبوونەوەی پەتا، شارەزایان دەڵێن پەتای ئایدز بە زۆری لە وڵاتانی ئاپۆرە سەرهەڵدەدات و بڵاودەبێتەوە وەک هیندستان و چین وبەرازیل ، لەگەڵ ئەوەشدا وڵاتانی دەوڵەمەندو پێشکەوتوو لەو ڕووەوە یارمەتی وڵاتانی تووشبوو بەو پەتایە نادەن[٨] بۆیە لەو وڵاتانە تا پەتا ونەخۆشیەکان کۆنترۆڵ نەکرێن زۆربوونی ئارەزوومەندانە سنووردار ناکرێت مەگەر ئەو پەتایە سنوورداری بکات [٩].

هەروەها نەخوێندەواریش هۆکارێکی گرنگی زۆربوونی دانیشتوانە لە وڵاتانی دواکەوتوو چونکە لە تەمەنێکی زوودا خێزان پێکەوە دەنێن و وەچەیان زۆر دەبێت، هەروەها دیاردەی فرەژنی و ژنهێنان لە تەمەنی گەورەیی هۆکارن بۆ زۆربوون[١٠]، سروشتیش هۆکارێکی دیکەیە بۆ زۆربوونی دانیشتوان لە هەندێ وڵاتدا بە تایبەتی ئەوانەی کە لە (خط الاستواء) یەوە نزیکن، گەرمی ئەو ناوچانە کاردەکەنە سەر لاوەکان کە زوو پێبگەن( بالغ ببن) بۆ نموونە وڵاتانی چین و هیندستان و بەرازیل و نایجیریا ومیسر و بەنگلادیش بە تێکڕا ئەو وڵاتانە هەم لەو هێلە نزیکن و هەم پڕ دانیشتوانن.

زۆربوونی دانیشتوان لە وڵاتانی جیهانی سێیەم لەگەڵ هەندێ دیاردەی تر تێکەڵاو بووە وەک بێکاری ونیشتەجێبوون[١١] ئێستا قەیرانەکە پتر ئاڵۆز بووە بۆیە، جۆرە هەوڵدانێکی گشتی لەسەر ئاستی جیهانی بۆ نزمکردنەوەی ڕێژەی لە دایکبوون هەیە، وا دیارە ئەو هەوڵانە کەمە سەرکەوتنێکیان وەدەستهێناوە[١٢].

## چۆنیەتی ڕێکخستنی وەچە

ژیان پێویستی بە ڕێکخستن و پلاندانان هەیە، لە بواری زۆربوونی دانیشتواندا دەبێت هەوڵەکان لەگەڵ بنەما گشتیەکانی ئایین و مافەکانی مرۆڤ دژ نەبن، هەروەها جیاوازیش لە نێوان بەربەستکردن و ڕێکخستن و دیارکردنی زاوزێ بکرێت[١٣] بەگشتی زۆربەی وڵاتان خۆیان لەو مەسەلەیە نادەن، لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازییەک هەیە لە شێوازو ڕێگەکانی ڕێکخستنی وەچە لەو وڵاتانەی کە هەوڵی ئیجابیانە دەدەن بۆ ڕێکخستن، گرنگترین شێواز بۆ ڕێکخستن ئەمانەن:

١- ڕێکخستن و دیاریکردنی ئارەزوومەندانە، بە گوێرەی ئەو شێوازە خێزانەکان سەربەست وئازادن، بە ئارەزووی خۆیان زاوزێ کەمدەکەنەوە یا قەدەغەی دەکەن، لە هەندێ وڵاتدا حکومەت یارمەتی و ئاسانکاری بۆ ئەو خێزانانە دەستەبەر دەکەن، وەک پێشکەشکردنی دەرمانی بەربەستی منالبوون بە خۆڕایی یا بە هەرزان، ئەم

شێوازە بەگشتی بە وڵاتانی جیهانی ئیسلامی جێبەجێ دەکرێت، لە تەک ئەو شێوازە هەندێ شێوازی دیکەش جێبەجێ دەکرێن بە تایبەتی لە وڵاتانی پێشکەوتوو ودیموکراتی وەک لەباربردن یاکۆرپەلە لەناوبردن بەر لە دایکبوون بە تایبەتی ئەگەر کچ بێت، هەروەها لە هەندێ کۆمەڵگای دواکەوتوو کچ دەکوژرێت، بەمەبەستی راگرتنی رێژەی توخمی مێ لەگەڵ نێر یا مناڵ دەفرۆشرێت.

٢- رێکخستن و دیارکردنی بە زۆر (الزامي) هەندێ وڵات ئەو شێوازە بەکار دەهێنن بۆ ئەوەی رێژەی زۆربوون کەمبکەنەوە، ئەگەر چی ئەو وڵاتانە زۆر کەمن بەڵام ئەو شێوازە کاریگەریەکی توندی لەسەر کەمکردنەوەی دانیشتوان هەیە لە وڵاتێکی وەک چین کە نابێت هیچ خێزانێک لەیەک منداڵ پتری هەبێت[١٤] ئەم شێوازە بۆ چین و هیندستان وێدەچێت گونجاو بێت ئەگەر بزانین ١/٤ دانیشتوانی جیهان لەو دوو وڵاتە دەژین بەڵام داخۆ لەگەڵ ئایینەکان و مافەکانی مرۆڤ دەگونجێن یا نا؟

کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی لە زۆر حاڵەتدا یارمەتی وڵاتانی پڕوچڕ لە دانیشتوان دەدات بۆ دانانی ئاستێک بۆ زۆربوون، بەڵام ئەو یارمەتیانە ئاکامێکی ئەوتۆیان نابێت چونکە پێویستە هۆکاری زۆربوون چارەسەربکرێ نەک زۆربوونەکە، بە بڕوای ئێمە ئەو دیاردەیە و دیاردەکانی دیکەش کەوتوونەتە دەست دەوڵەتانی دەوڵەمەندو گەورە هەر کاتێک گەرەکیان بێت چارەسەری دەکەن چ لە رێگای نەهێشتنی برسیەتی و نەخوێندەواری و نەخۆشییەوە، چ لە رێگای بڵاوکردنەوەی پەتا وشەڕوشۆڕەوە،لەگەڵ ئەوەشدا دیارکردنی زاوزێ بۆ گەلانی ژێر دەست وبچووک دەست نادات، چونکە مەترسی توانەوەیان لەسەرە هەروەک چۆن لە رابردوو چەندین نەتەوەی بچووک لەبەر لاوازی وکەمی ژمارە و چەوساندنەوەی گەلانی بەهێزتر لە خۆیان توانەوەو چوونە ناو مۆزەخانەی مێژووەوە.

## گەشەسەندنی دانیشتوان لە کوردستان

گەشەسەندنی دانیشتوان پێویستیەکی هەمە لایەنەیە، بە تایبەتی لە رووی سیاسی و ئاسایشی نەتەوەییەوە، ئێستا ئەو گەشەسەندنە ئاسایی نییە و بە بەراورد لەگەڵ رابردوو لە تێکڕا نزمترە، بۆیە کارێکی سەلبی کردۆتە سەر کوردستان، کەمبوونەوەی دانیشتوانی کوردستان، دوژمنان خولقاندوویانەو دەرەنجامی چەندین کێشەی دیکەیە وەک قرتاندنی چەند پارچەیەک لە کوردستان وجینۆسایدو بەعەرەبکردن و راگواستن ..هتد، بەواتایەکی دیکە دەرەنجامی کێشەی نەبوونی رەگەزنامەیە، لە کوردستان زۆربوونی دانیشتوان ئەگەر بەرواڵەت گرفتیش بێت ئەوا لەسەر ئاستی هەندێک خێزان ئەو گرفتە هەیە و لە ئاستێکی زۆر تەسکدایە وئەویش لە کاتە نائاساییەکان وەک گرانی و شەڕو گەمارۆی ئابووری هەستی پێدەکرێت، بەڵام لەسەر ئاستی نەتەوەیی، کورد گرفتی کەمبوونی دانیشتوانی هەیە نەک زۆربوون، کورد لە ناوچەیەک دەژیت چڕی دانیشتوانی بەرزە، بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی کە بەشێکی کوردستانیان لەبن دەستە، لەو وڵاتانە هێشتا رێژەی زۆربوون لە ئاستێکی بەرزدایە ،بەپێی لێکۆڵینەوەیەک کە ساڵانی ١٩٨٥-١٩٩٠ کراوە لە ساڵێک رێژەی زۆربوون لە ئێران ٣.٤٥٪ ولە تورکیا ١.٩٩٪ و لە عێراق ٣.٨٤٪ بووە[١٥] ئەو رێژانە جگە لە تورکیا نەبێت لە تێکرا بەرزترن[١٦]. ئەو وڵاتانە لە هەموو بوارێکدا لە کوردستان بەهێزترن و قووڵاییەکی

ستراتیژیشیان هەیە و لەمامەڵەکردندا لەگەڵ خەڵکی کوردستان هەردەم هەوڵی تواندنەوەو کەمکردنەوەی کورد دەدەن بە تایبەتی لە هەر دوو پارچەی باکوورو باشوور، لە وڵاتێکی وەک عێراقدا کە هیچ مەترسیەکی لەسەر نییە و لە چڕی دانیشتوان وڵاتێکی مامناوەندییە، کەچی هەردەم هەوڵی زۆربوونی دانیشتوانی عەرەب دەدات بە ڕێگەو شێوازی ناڕەوا بەمەبەستی جێبەجێکردنی سیاسەتی دەسدرێژی بۆسەر کوردستان و وڵاتانی دەوروبەر لە ژێر پەردەی عەرەبچیاتی و یەکگرتنەوەی عەرەب، کورد لەو فاکتەرانەی سەرەوە بێ بەشە، چونکە قەوارەی تایبەتی خۆی نییە بۆیە ئەو فاکتەرانەی کە نیشانەی توانا و هێزی وڵاتن لە کورد زەوت کراون تەنها فاکتەری گەشەسەندنی دانیشتوان نەبێت کە ئەویش لە چەندین ڕێگەو شێوازەوە لەلایەن دوژمنانەوە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی بۆ دەدرێت[١٧] دوژمنان هەر کاتێک گەرەکیان بێت ڕێژەی زۆربوون زیاد دەکەن چونکە تەواوی هۆکاری ئەو زۆربوونەیان لەبەر دەستدایە بۆیە کوردیش پێویستە لە رووی دانیشتوانەوە گەشەبکات لەبەر زۆر هۆکار وپاساو کە گرنگترینیان ئەمانەن:

### یەکەم: ڕاگواستن و عەرەباندن

لەوەتەی کوردستانی باشوور بە عێراقەوە لکێنراوە کەوتووەتە بەر تاوانەکانی پاکتاوکردنی ڕەگەزیی، بە تایبەتی دوای ئەوەی کە لیژنەی ڕەوانە کراو لەلایەن کۆمەڵەی گەلانەوە بۆ خەملاندنی ژمارەی دانیشتوانی ولایەتی موسڵ ژمارەی گەلانی ئەو ویلایەتەی ڕاگەیاند: دەسەڵاتداران کەوتنە پلاندانان و لەو ڕۆژەوە کەمکردنەوەی کورد بوو بە سیاسەتێکی ستراتیژی و ناوەندی ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق، گەشەسەندنی کورد زۆر جار پلان وسیاسەتەکانی ناوەندی لێکهەڵوەشاندۆتەوە یا ئاڵۆزیکردوون، بۆیە عێراق لەساڵی ١٩٤٧وە هەر لە ١٠ساڵ جارێک سەرژمێرییەکی گشتی ئەنجام دەدات هەر دەم هەوڵدەدات سنوورێک بۆ گەشەسەندنی دانیشتوانی کوردستان دابنێت، لەو سەرژمێریانە عەرەبەکانی عێراق جار لە دوای جار ڕێژەیان زیاد دەکات، کوردو کەمینەکانیش کەمدەبنەوە، بۆ نموونە ساڵی ١٩٢٥ کورد ٢٥٪ی دانیشتوانی عێراق بووە کەچی لە ساڵی ١٩٤٧ بووە بە ١٨،٧٪ و لە ساڵی ١٩٧٧ بوو بە ١٥،٩٥٪ [١٨]، لە عێراق کە ئەنجامی سەرژمێرییەکان ئاشکرا دەکرێت جار لە دوای جار دڕندانە تر دەکەونە خۆو لە ڕێگای کردەنی و یاساییەوە دەیانەوێت بەعەرەبکردن توندتر بکەن، وا دیارە ئێستا دەرەنجامەکانی شەڕەکانی کوردستان و ئێران و کوێت بۆ دەسەڵاتداران روونبووەتەوە، بۆیە لە ساڵی ١٩٩٨ بەناو پەرلەمانی عێراقی ویستی چەند یاساو بریارێک بۆ زۆرکردنی زاوزێ دەربکات بەڵام وادیاربوو بێ ئاکام بوو، بە گوێرەی توێژینەوەیەکی دەزگایەکی ئیتالی کە لە ساڵی ١٩٩٨ لەسەر زۆربوونی دانیشتوان ئەنجامدراوە لە چەند وڵاتدا کە عێراق و تورکیاش لەو وڵاتانەن، دەرکەوتووە کە هەر خێزانێک لە عێراق لە ساڵی ١٩٨٠ (٦،٥٦) منداڵیان هەبووە بە تێکڕا، ئەو ڕێژەیە لە ساڵی ١٩٩٥ بۆتە (٤،٤٤) منال[١٩]، دیارە شەڕەکانی عێراق و باری ئابووری وگەمارۆی نێودەوڵەتی هۆکارن بۆ ئەوەی خێزانەکان بەخۆیان دابچنەوە بۆ وەچە خستنەوە، لەو توێژینەوەدا پێشبینی ئەوەکراوە کە لە ساڵی ٢٠٢٧ لە عێراق هەر خێزانەی یەک منداڵی هەبێت، هەروەها بە گوێرەی تورکیاش ڕێژەکە لە نێوان ساڵانی ١٩٩٣-٢٠٠٢ دەست بەکەمبوونەوە دەکات و، لە ساڵی ٢٠٠٢ بۆ هەر خێزانێک دەبێتە یەک منداڵ.[٢٠] بۆیە

تورکەکانیش لە ساڵی ١٩٩٨ ویستبوویان ڕێژەی زۆربوونی دانیشتوان کەمبکەنەوە بەڵام پەرلەمان ڕێگەی نەدابوو، گوتبوویان ئێمە ناتوانین کۆنترۆڵی کوردستانی باکوور (خوارووی ڕۆژهەڵات) بکەین.

لەعێراق لەگەڵ ئەو هەموو کارەساتانەدا هێشتا دەسەڵاتداران وازیان لەتاوانەکانی ڕاگواستن و بەعەرەبکردن نەهێناوە، وا لە خوارەوە گرنگترین شێوازەکانی زۆرکردنی عەرەب وکەمکردنەوەی کورد دەخەینە ڕوو کە بریتین لە:

١-هێنانی عەرەب، بەتایبەتی عەرەبی سوننە لە دەرەوەی عێراق لە وڵاتانی وەک میسرو مەغریب و سودان و یەمەن و فەلەستین بۆ ڕاستکردنەوەو بەرزکردنەوەی تەرازووی عەرەب بەرانبەر کورد وکەمە نەتەوایەتییەکان[٢١].

٢- بەعەرەبکردنی گەلانی عێراق وکوردستان، وەک کوردو تورکمان وفەلە لە ڕێگەی پارەو بەخشینی هەندێ ئیمتیازاتی کاتی، هەروەها بەزۆرکردنی چەندین تایفەو خێل و عەشیرەت بە عەرەب، بەڵام بە پێچەوانەوە هیچ عەرەبێک بۆی نییە ببێتە غەیرە عەرەب، لە عێراق یاسایەک هەیە دەڵێت هەر عەرەبێک قەومیەتی خۆی بگۆڕێت بەمەرگ مەحکوم دەکرێت.

٣-ڕاگواستنی کورد لە دوای شکستی ساڵی ١٩٧٥ بە بەردەوامی ڕەوانەی خواروو و ناوەڕاستی عێراق دەکرێن، بەشێکیان بە پارەو دابەشکردنی زەوی وئیمتیازاتی دیکە کراون بە عەرەب، ئەوانەی دیکەش ڕێگەیان نادەن بە ئارەزووی خۆیان بگەڕێنەوە، هەروەها بەمەبەستی زیان گەیاندن و ڕاگواستنی کورد لە هەر دوو پارچەی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان، عێراق تابۆی بکرابوایە بەرەی شەڕی لەگەڵ ئێران لە ساڵانی ١٩٨٠-١٩٨٨ دەگواستەوە کوردستان بۆ ئەوەی زۆرترین ژمارە لەکورد بکوژرێن یا لە کوردستان نەمێنن.

٤- زۆرکردنی وەچەی عەرەب لە ڕێگەی دانی پارەو ئاسانکاری بۆ پێکهێنانی خێزان. بە تایبەتی ئەوانەی کە لە دەسەڵاتداران نزیکبوون لە عەرەبی سوننە وەک هێزەکانی گاردی کۆماری و ئەمن و موخابەرات،...هیتد، هەروەها قەدەغەکردنی دەرمانی بەربەستی منداڵبوون لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق، کەچی لە کوردستان ئەو دەرمانانە بە ئاسانی دەست دەکەوتن و خەڵکیش هاندەدران بەکاریان بهێنن و ڕێگەو مۆڵەت بە قاچاخچیان درابوو کە ئەو دەرمانە لە دەرەوە تەنها بۆ شارەکانی کوردستان بهێنن.

٥-لە ڕوانگەی ڕەگەزپەرستییەوە ڕژێم تابۆی بکرابوایە خەڵکی کوردستانی پرچەک دەکردو ناکۆکییەکانی لەناو خێل و عەشیرەتە کوردەکان قووڵتردەکردەوە، هەروەها تابۆی بکرابوایە چەکدارە کوردەکانی دەناردە سەر پێشمەرگە، لە شەڕەکانی دژی ئێران چەند هەزارێکی لەو کوردانە ڕەوانەی زۆنگاوەکانی خوارووی عێراق کرد بۆ شەڕ لەگەڵ ئێران و زۆربەیان نەگەڕانەوە، مەبەست لەو کارانە بەکوشتدانی زۆرترین ژمارە بوو لە کورد، هەر لەو ڕوانگە ڕەگەزپەرستییەوە بوو کە هێزەکانی گاردی کۆماری و دەستگا سەرکوتکەرەکان بە تێکرا لە عەرەبی سوننە پێکهێنرابوون و بە دەگمەن نەبوایە بەشداری شەڕیان نەدەکرد، ئەنفالکردنی (٢٠٠) هەزار کوردو کیمیاباران وگرتن لە بەندیخانەکان و لە سێدارەدان ئەمانە هەمووی بەمەبەستی براندنەوە وکەمکردنەوەی ڕێژەی کورد بوو بەرانبەر عەرەب.

٦- دەرکردنی کوردە فەیلییەکان بۆ دەرەوەی عێراق وکوردستان کە تا ئێستا (٣٥٠) هەزار کەسیان بۆ ئێران دەرکراون و ئەوەندەی دیکەشیان گواستراونەتەوە بۆ باشوور و خۆرئاوای عێراق[٢٢] ڕژێم لە

دەرکردن وگواستنەوەی کوردە فەیلیەکان چەندین مەبەستی هەبوو، گرنگترینیان:

ا- فەیلیەکان هەم کوردبوون و هەم زۆرینەشیان شیعەبوون، لەهەردوو حاڵەتدا ڕێژەی کورد و شیعە کەمدەبێتەوە.

ب-گرنگی جوگرافیایی ئەو ناوچانەی کەلێی دەژیان لە رووی کشتوکاڵییەوە[٢٣]

ج-کۆنترۆڵکردنی بازاڕەکانی بەغداو هەندێ شاری دیکەو دەستبەسەرداگرتنی ئەو سامان و موڵکەی کە هەیانبوو کە بەچەندین هەزار ملیۆن دیناری عێراقی مەزەندە دەکرا.

د- کەمکردنەوەو نەهێشتنی ڕۆڵی فەیلییەکان لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورددا[٢٤] هەروەها بۆ پاراستنی دەسەڵاتی بەغدا، بەتایبەتی ڕێککەوتننامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ و سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ کە ئەو دوو ڕووداوە کاریگەرییەکی گەورەیان هەبوو لەسەر خەباتی نەتەوەیی و مەزهەبی کوردە فەیلییەکان و بوون بە ئیلهام بەخش، بۆیە ڕژێم لەدوای ئاداری ١٩٧٠دوە گەورەترین شاڵاوی دەرکردنی دەرهەق بەوان جێبەجێکرد، هەروەها بە هەمان شێوە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران شاڵاوێکی دیکەشی لە دەرکردن و ڕاگواستنی کوردە فەیلیەکان جێبەجێکرد.

**دووەم: بەردەوامبوونی شۆڕش:**

شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کوردستان هەردەم پێویستیان بەهێزو توانای دانیشتوانی کوردستان بووە، لەبەر نەبوونی قەوارەو پارمەتی دەرەکی و تەکنۆلۆژیای سەربازی کورد بۆی نەکراوە ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینانە وەک پێویست بە ئاکام بگەیەنێت، ژمارەی دوژمنان هەردەم لە کورد زۆرتر بووەو بووەتە هۆی لاسەنگبوونی تەرازووی هێزەکان و بەلای دوژمناندا شکاونەتەوە، شۆڕشەکانی کورد لە هەردوو پارچەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان لەبەر ئەو لاسەنگییە لەگەڵ نەتەوەی سەردەست بە ئەنجام نەگەیشتوون، کورد جگە لە چیاکان و ئازایەتی و زۆری ژمارەی خەڵک نەبێت هیچ فاکتەرێکی دیکەی شۆڕش و بەرگریکردنی بەدەستەوە نییە، ئێستا نیوەی کوردستانی باشوور ڕزگارکراوەو پێویستی بە پاراستن هەیە، هەروەها نیوەکەی دیکەش لەژێر دەستی ڕژێم دایەو خەڵکەکەی چاوەڕوانی ڕزگاربوونن، فاکتەرو هۆکارو ئامرازی ئەو ئەرکە پیرۆزانەش تەنها مرۆڤی کوردە.

کەی ژمارەی پێشمەرگە لە شۆڕشی ساڵی ١٩٦١ وایکرد کە شۆڕش ئەوەندە بخایەنێت، کەچی لە ساڵی ١٩٧٤ دوژمنان زۆر بەهێزترو زۆرتر بوون لە رابردوو، بەڵام چونکە کورد بە تێکڕا و بە ژمارەیەکی زۆ لەگەڵ شۆڕش کەوتبوون دوژمنان نەیانتوانی پتر لە چەند مانگێک دەستدرێژی بکەنە سەر کوردستان، بۆیە ناچاربوون بە پلان و نرخێکی زۆر گەورە نسکۆ بە شۆڕش بهێنن، هەروەها لە شۆڕشی نوێشدا ئەگەر ژمارەی پێشمەرگە وەک ساڵی ١٩٧٤ بوایەو شەڕی ناوخۆش نەبوایە دیسان ڕژێم چۆکی دادەداو بۆی نەدەکرا وابەئاسانی ڕاگواستن و شەڕی ئێران و ئەنفالەکان یەک لەدوای یەکدا جێبەجی بکات.

زۆری ژمارەی خەڵکی کوردستان دیسان ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و ڕزگارکردنی نزیکەی هەموو کوردستان، بۆ نموونە لە هەولێر لێشاوی جەماوەر لە چەند کاتژمێرێکدا فەیلەقێکی تەواوی ڕامالی و هەر ئەو جەماوەرە زۆرەش بوو بەشداری لە ڕزگارکردنی شاری کەرکوکدا کرد، شۆڕش و بەرگری کردن لە کوردستان تەواو نەبووەو زەحمەتە تەواویش بێت، تۆڵەسەندنەوەی دوژمنان لە ڕاپەڕین و خەڵکی کوردستان و بەردەوامبوون و سەرهەڵدانی شۆڕش لە

بەشەکانی دیکەی کوردستان و نەگەیشتنی کوردستانی باشوور بە تەواوی مافەکان... هتد. ئەمانە کاری چاوەڕوانکراون، بۆیە گەشەسەندنی دانیشتوان لە هەر پارچەیەک بێت کەڵکی پارچەکانی دیکەشی هەیە بۆ یەکلاکردنەوەی دۆزی کوردستان چ لە رێگەی شۆڕش و راپەڕینەوە بێت یا لە رێگەی دانوستان و ئاشتی و هەڵبژاردنەوە بێت، لە هەردوو حاڵەتدا گوشاری سەربازی و ئابووری دەخاتە سەر دوژمنان و ناچار دەبن کە چارەسەرییەک بۆ دۆزی کوردستان بدۆزنەوە بە تایبەتی لە عێراق و تورکیا چونکە ئابووری ئەو وڵاتانە (بەتایبەتی تورکیا) ئەوە هەڵناگرێت تا سەر مافەکانی کورد نەسەلمێندرێ، ئێستا دۆزی کوردستان قەیرانی ژمارەیەک لەو وڵاتانەی کە کوردستانیان داگیرکردووە و لەسەدەی داهاتووش هەروەها دەمێنێتەوە بە مەرجێک لە ململانێی گەشەسەندنی دانیشتواندا کورد دوانەکەوێت.

### سێیەم: کۆچکردن

عێراق لەمێژە گوشاری کۆچکردنی خستۆتە سەر کورد بەتایبەتی لەکاتە نائاساییەکان وەک شۆڕش و راپەڕین یا دوای دامرکاندنەوەو شکستی ئەو شۆڕش و راپەڕینانە، شەپۆل شەپۆل خەڵک ناچار دەکرێن کۆچ بکەن، شەپۆلەکانی دوای شکستی ١٩٧٥ و کیمیاباران و ئەنفالەکان لە ساڵی ١٩٨٨ و شەپۆلەکانی کاتی کۆڕەو لە ساڵی ١٩٩١ و شەپۆلەکانی ساڵانی ١٩٩٥-١٩٩٧ی شەڕەکانی ناوخۆ،کە ئەمجارەیان لە شەپۆلەکانی دیکە کاریگەرو ترسناکتربوو لەسەر دوارۆژو ئەمنی نەتەوەیی و گەشەسەندنی دانیشتوانی کوردستان [٢٥]. زۆرینەی کۆچکەران لە خاوەن بڕوانامەو شارەزاو لاو و دەوڵەمەندەکان بوون، ئەو چین و توێژانە بە زەحمەت قەرەبوو دەکرێنەوە، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکە شەپۆلەکانی دیکە بە زۆری لە وڵاتانی دەوروبەر دەمانەوە و چاوەڕوانی دەرفەت دەبوون بۆ گەڕانەوەو پەیوەندییان بە سیاسەت و کوردایەتییەوە دەما، بەڵام کۆچکەرانی شەڕی ناوخۆ زۆرینەیان لە کوردستان دوورکەوتوونەتەوە، لە ئەوروپا و ئەمریکاو وڵاتانی دیکەن و دەگمەن نەبێ چاوەڕوانی گەڕانەوەیان لێ ناکرێت.

بێکاریش هۆکارێکی دیکەی کۆچکردنە بەتایبەتی بۆ وڵاتانی دەوروبەر و ناوەڕاست و و خوارووی عێراق، ئەمانەش بەتایبەتی ئەوانەی دەچنە عێراق پەیوەندییان لەگەڵ کوردستان لاواز دەبێت و ئەگەر لەو شوێنانە دەربکرێن دەنا زۆرینەیان ناگەڕێنەوە، چونکە ئارەزوومەندانە کۆچیان کردووە و، مەبەست چاککردنی باری ژیان بووەو پەیوەندی بە سیاسەت و کوردایەتییەوە نەبووە، زیان و مەترسی کۆچکردن بە گشتی و کۆچکردن بۆ ناوەڕاست و خوارووی عێراق لەوەدایە کە رێژەی کورد کەمدەکاتەوە و بە رۆیشتنی کات کۆچکەران لە کوردستان دەشۆرێن و تێکەڵاوی نەتەوەی سەردەستە دەبن و بە قازانج دەچێتە تای تەرازووی ئەو نەتەوانە، بەتایبەتی بۆ وڵاتێکی وەک عێراق کە خۆی هەوڵی راگواستن و عەرەباندن دەدات، کەچی کورد خۆی ئارەزوومەندانە کۆچی بۆ دەکات.

### چوارەم: بەنێو دەوڵەتی بوونی دۆزی کوردستان:

قەیران و کێشەکانی جیهان چەندە گەورەترو ترسناکتر بن ئەوا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پتر گرنگیان پێدەدەن.

دوژمنان لەمێژە هەوڵی پەردەپۆشکردنی دۆزی کوردستان دەدەن و گەرەکیانە تاسەر وەک کێشەیەکی ناوخۆ بمێنێتەوە یا لە باشترین حاڵەتدا لەنێوان خۆیان وەک

گرفتێکی بێ بایەخ چارەسەرێکی بکەن یا وەک کێشەیەکی مرۆڤایەتی تەماشابکرێت، زۆری و گەورەیی قوربانییەکانی کیمیاباران و ئەنفالەکان و کۆڕەوی ملیۆنی ساڵی ١٩٩١ هۆکاری سەرەکی بوون کە بڕیاری ٦٨٨ بۆ کوردستان دەربچێت و ناوچەی ئارام لە بەشێک لە کوردستان بۆ خەڵک لەلایەن (UN)ەوە دابین بکرێت، کۆڕەو ئەگەر تەنها هەڵاتنی چەند هەزار کەسێک بوایە ئەوا وەک جاران لە چەند خێوەتگەیەکی وڵاتانی دەوروبەر دۆزی کوردستان سارد دەکرایەوە وەک ساڵی ١٩٧٥، ئاپۆرەی ملیۆنی و یەکدەنگی و یەک هەڵوێستی خەڵکی کوردستان گوشارێکی خستە سەر وڵاتانی دەوروبەر، ئەوانیش لەبەر زۆری خەڵک و بوونی کورد لە وڵاتەکانیان ناچاربوون داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بکەن بۆ دۆزینەوەی چارەسەرییەک، هەروەها لەسەر ئاستی ناوچەش کۆڕەو مەترسیەکی گەورەی هەبوو لەسەر باری تەندروستی و بڵاوبوونەوەی پەتاو مردنی بە کۆمەڵ، هەروەها مانەوەی کێشەکەش وەک کێشەیەکی پەنابەران لەبەر زۆری خەڵک خەرجییەکی زۆری دەویست بۆیە UN و وڵاتانی گەورەی رۆژئاوا جۆرە گرنگییەکیان دا بە کورد، هەر لەو پێوەندانگەوەبوو چەندین رێکخراوی نێودەوڵەتی و خێرخواز دەستی یارمەتیان بۆ کوردستان درێژ کردو کارمەندانیان گەیشتنە کوردستان و جۆرە پەیوەندییەک و جۆرە سۆزو داکۆکییەک بۆ کورد دەستکەوت، کوردیش وەک نەتەوەو دەسەڵات و وەک تاکیش دەرفەتی بۆ رەخسا وەک لایەنی دووەم یا وەک کارمەندو شارەزا لەگەڵ ئەو رێکخراوانە کاربکات و کاریان لێبکات، هەروەها چەندین وڵاتی جیهان هەڵوێستیان بەرانبەر دۆزی کوردستان بە بەرژەوەندی کورد گۆڕا هەر لە دەرەنجامی بڕیاری ٦٨٨ وەبوو کورد توانی بەبێ ترس هەڵبژاردن بکات و فیدرالیەت جاڕبدات و دۆزی کوردستان چەند قۆناغێک هەڵکشێت و حکومەتی کوردستان وەک تاکە دەسەڵات لەگەڵ وڵاتان و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان مامەڵە بکات هەمان شتیش دەربارەی بڕیاری ژمارە ٩٨٦و مامەڵەکردنی دەزگاکانی نێودەوڵەتی لەبارەی جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارەدا.

## پێنجەم: ئاوەدانکردنەوەی کوردستان:

کوردستان وڵاتێکی دواکەوتوو و کاولکراوە بە بەبەراورد لەگەڵ ناوەڕاست و خوارووی عێراق، لە بواری کشتوکاڵیدا کە بەسەرچاوەی یەکەم دادەنرێت بۆ داهاتەکانی کوردستان تا ئێستا شێوازە کۆنەکان پەیڕەو دەکرێن، لە بواری پیشەسازیشدا ژمارەی کارگەکان زۆر کەمن، ژێرخانی ئابووری بەهۆی چەندین گەمارۆ نەماوە،... .

بووژاندنەوە و ئاوەدانکردنەوە پێویستیان بەهێزی کاری شارەزا هەیە، بێکاری و ئاپۆرەی شارە گەورەکان بە گەڕانەوەی گوندنشینەکان نەبێت ئەستەمە چارەسەر بکرێت، لە بواری پیشەسازیشدا وەک سەرەتایەک دەکرێت پیشەسازیدار لەو قۆناغە هەوڵی پێشکەوتنی بۆ بدرێت و داهاتێکی چاک بۆ کوردستان دابین بکرێت، هەروەها پیشەسازی چیمەنتۆ و مەڕمەڕ و بەرد و گەچ کە سەرچاوەی ئەو پیشەسازییانەن لەکوردستان هەن و بازاڕی چاکیشیان لە وڵاتانی دەوروبەر دەبێت، لە بواری گەشتوگوزاریش کوردستان ئاوو هەواو شوێنێکی گونجاو و دڵگیری هەیە، ئەو هەموو کەرتانەو هەندێ کەرتی دیکەش پێویستیان بە خەڵکێکی زۆر هەیە بۆ کارکردن و ئاوەدانکردنەوە، ئەوەندە دانیشتوانەی لە کوردستان هەیە بەشی ئەو هەموو کەرتانە ناکات بە تایبەتی ئەگەر گەمارۆی ئابووری

هەڵبگیرێت یا کورد بە یەکجارەکی ببێتە خاوەن ماڵی خۆی، لە کوردستان هێزی کارکردن کە لەنێوان تەمەنی ١٨-٦٠ ساڵی دایە ئەرکی بەرگریشی لەسەر شانە، بۆیە پێویستە کورد لە رووی دانیشتوانەوە گەشە بکات.

## بۆ گەشەسەندنی دانیشتوان چ بکرێت؛

گەشەسەندنی دانیشتوانی کوردستان خاڵێکی ستراتیژییە لە ئەمنی نەتەوەیی، پێویستە لەو روانگەوە کاری بۆ بکرێت، بەڵام تائێستا گرنگیەکی ئەوتۆی پێ نەدراوە، تەنها لە بواری ئەکادیمیەوە لە چەند لێکۆڵینەوەیەکی تاکە کەسی نەبێت دەنا بە تەواوی پشتگوێ خراوە. لە کوردستان لەبەر چەند هۆکارێک رەگەزی مێ لە رەگەزی نێر پترە، هەروەها منال و پیر و پەککەوتە لە لاوەکان پترن، واتا بۆشایی و لاوازی و لاسەنگییەک هەیە لە زنجیرەی ناوەڕاست لە دانیشتوانی کوردستان، بۆ راستکردنەوەی ئەو لاسەنگییە و گێڕانەوەی رێژەی منالبوون بۆ باری ئاسایی پێویستە لە کوردستان ئەو هەنگاوانە پیادەبکرێت:

١- یارمەتی و ئاسانکاری بۆ لاوەکان دابین بکرێت بۆ پێکهێنانی خێزان و ئاراستەکردنی ئەو خێزانانە بە شێوەیەکی راست و پاراستنی سروشتی زاوزێ و قەدەغەکردنی هەر جۆرە بەربەستیەکی منداڵبوون بەبێ هۆی شەرعی و نۆژداری.

هەروەها دەست لەکاروباری خێزانەکانیان وەرنەدرێت با خەڵک خۆیان سەرپشک بن لە رێکخستنی ئیجابیانەی خێزان، حکومەت یارمەتی ئەو خێزانانە بدات کە منداڵی زۆریان هەیە بەتایبەتی گوندنشینەکان، خەڵک هوشیار بکرێنەوە کە دوارۆژی کورد لە بەرانبەر دوژمنان لەو بارەوە لە مەترسیدایەو هەندێ تاوان هەن کە هەندێ کەس بەناوی رێکخستنی خێزان لە پشت پەردەی مافی تاکە کەسی ئەنجامی دەدەن وەک لەباربردن و دیارکردنی سێکس و منداڵ فرۆشتن و کچ کوشتن، ئەو کارانە نەکرێن هەرچەندە ئەو تاوانانە لە کوردستان کەمیشن بەڵام هەن و مەترسی بڵاوبوونەوەیان هەیە.

٢- کەڵک لە بڕیاری ٩٨٦ و بڕیاری ٦٨٨ وەربگیرێت و داهاتەکانی کوردستان لە بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری خەرج بکرێت و پرۆژەی ستراتیژی پێ دابمەزرێت و بەر لە هەموویان مرۆڤی کورد بنیات بندرێتەوەو بەهەر شێوازێک بێت چارەسەریەک بۆ بەعەرەبکردن و راگواستن بدۆزرێتەوە، ئەو دەرفەتە زێڕینە لەدەست نەچێت چونکە دیارنییە تاکەی ئەو دوو بڕیارە ستراتیژییە بۆ کورد دەمێنن.

٣- هەوڵبدرێت دەرکراو و ئاوارەکان بگەڕێنەوە کوردستان، بەتایبەتی ئەوانەی لە وڵاتانی دەوروبەرن و گوندنشینەکانیش بگەڕێندرێنەوە زێدی خۆیان و یارمەتی بدرێن، گوندو شارۆچکەکان شوێنی بەرهەمهێنان و بەرگرین، لە شارە گەورەکان ئەو گەڕاوانە نیشتەجێ نەکرێن و چیدیکە زەوی لە شارەگەورەکان دابەشنەکرێت بۆ ئەوەی لەلایەک گوندەکان ئاوەدان ببنەوەو، لەلایەکی دیکەش ئەو شارانە کە شوێنی بەڕێوەبردن و خزمەتگوازین لە قۆناغی ئێستاکەدا ئەو خزمەتگوزارییانە بەشی ناکەن، چونکە لاسەنگییەک هەیە لەنێوان شارە گەورەکان و گوندەکانی کوردستان لە رووی دانیشتوانەوە، ئەمڕۆ پتر لە ٦٦٪ی خەڵکی کوردستان لە شارەکان دەژین،[٢٦] ئەم چڕی دانیشتوانە هۆکارە بۆ بێکاری و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و تاوان و قورسکردنی ئەرکی دەزگاکان و بەشنەکردنی خزمەتگوزارییەکان، ئەوەی شارە گەورەکان دەبینێت وا هەست دەکات کە کورد قەیرانی زۆربوونی دانیشتوانی

هەیە، کەچی ڕاستیەکەی ئەوەیە خەڵکی گوندەکان وەک پێویست نەگەڕاونەتەوە زێدی خۆیان، کوردستان لە چڕی دانیشتواندا وڵاتێکی مام ناوەندییە یا کەم دانیشتوانە، بۆ نموونە ئەگەر لەگەڵ لوبنان بەراورد بکرێت کوردستان (٧) ئەوەندەی ئەو وڵاتەیە کەچی دانیشتوانی ٥ر١ ئەوەندەی لوبنانە.

کورد گەشەسەندنی بۆ بەرگری و ئاوەدانکردنەوەیە، گەشەسەندن پێویستییەکی بوونی کوردو کوردستانەو وەڵامدانەوەیەکی گونجاو و مرۆڤانەو زانستانەی هەڵوێستی دوژمنانە. ئەو بابەتە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زۆر هەیە، کورد لە وڵاتی خۆی نازانێت ژمارەی خەڵکەکەی چەندە، ئەوەی هەیە سەرژمێرییەکانی بەغدان، ئەو سەرژمێریانە نابێت هیچ ئیعتیبار و ڕاستگۆییەکیان بۆ دابنرێت مەگەر بۆ هوشیارکردنەوەو دەرس وەرگرتن و لێکۆڵینەوەو بەراورد کردن نەبێت، چونکە ناوەند ڕاستی ڕێژەی کورد ناسەلمێنێت و ئاشکرا ناکات، بۆیە عێراق و کوردستان لە ئاییندە پێویستیان بە سەرژمێرییەکی بێ لایەن و زانستی لەژێر چاو دێری و بەشداریکردنی نێودەوڵەتی هەیە، چونکە کەس بە تەواوی نازانێت ژمارەو ڕێژەی گەلانی عێراق و کوردستان چەندە، بۆ نموونە ڕێژەی کورد بە گوێرەی هەندێ سەرچاوە لە ساڵی (٢٠٠٠) دەگاتە نزیکەی (٥) ملیۆن کەس کە دەکاتە٥/١ هەموو دانیشتوانی عێراق [٢٧] و ئەگەر کوردەئێزدییەکان و فەیلییەکان و شەبەک و گەرگەری و تایفەکانی دیکە بخەینە سەر ژمارەی کورد، ئەوا ڕێژەی کورد دەگاتە ٤/١ی دانیشتوانی عێراق[٢٨] و، ئێمەش بڕوامان وایە ئەگەر ئەوانەی کۆچیان کردووە بگەڕێنەوەو ئەو عەشیرەت و خێڵانەی کە بە زۆر کراون بە عەرەب و ئازادبکرێن دانیشتوانی کوردستان بە تێکڕایی ڕێژەکەی دەبێتە ٣٠٪ی دانیشتوانی هەموو عێراق.

لە کۆتاییدا دەڵێین هەموو قەیرانەکانی جیهان لەبەرنەبوونی دیموکراتیەت و دادپەروەری کۆمەڵایەتییەوە سەرهەڵدەدەن چ لەسەر ئاستی وڵاتان بێت یا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، بەرژەوەندی گەورەکان و زوڵمی دیکتاتۆران نەبێت ئەو قەیرانانە بە ئاسانی کۆنترۆڵ دەکرێن بەتایبەتی زۆربوون و نزمبوون و گەشەسەندنی دانیشتوان، چونکە ئەو قەیرانانە مرۆڤ خۆی دروستی کردوون و هەر خۆشی دەتوانێت کۆنترۆڵ و چارەسەریان بکات.

پەراوێز و سەرچاوەکان:

١) برایەتی، ڕۆژنامە، هەولێر ژمارە ٢٨٣٢- ١٩٩٩/٥/١١.

٢) هەمان سەرچاوە.

٣) د. محمد عاطف البنا- المذاهب والنظم الاشتراكية- سنة الطبع ١٩٦٩ ،ط١- مكتبة القاهرة الحديثة- مطبعة مخيمر ص٢٩٣-٢٩٤.

٤) بۆ پتر شارەزابوون بڕوانە -الموسوعة الاشتراكية- مجموعة من الكتاب المصريين مطبعة دار الكتب بيروت- لبنان، لا ٣٨٤-٣٨٥.

٥) دواین کۆنگرە لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٩٤ لە قاهیرە بەسترا بەناوی کۆنگرەی نێودەوڵەتی دانیشتوان و پەرەپێدان، لەو کۆنگرەدا ڕاگەیەنرا کە ژمارەی دانیشتوانی جیهان ئێستا ١٩٩٤ نزیکەی لە (٦) ملیار و لەساڵی ٢٠٢٥ ئەو ژمارەیە دەگاتە (١٠) ملیار.

٦) برایەتی -ڕۆژنامە، هەولێر ژمارە ٢٧٤٢- ١٩٩٨/١٢/٢٣.

٧) برایەتی -ڕۆژنامە- هەولێر ژمارە ٢٨٣٦- ١٩٩٩/٥/١٧.

٨) السنة -مجلة- العدد ٨١ ك٢ ١٩٩٨ تصدر عن مركز الدراسات الاسلامية برمنكهام- بريطانيا لا ٨٦-٨٧.

٩) زانایان لە پەیمانگەی چاودێری جیهان کە بارەگاکەی لە واشنتۆنە دەڵێن ئێستا زۆربوونی مردن ڕێژەی زۆربوونی دانیشتوانی لە جیهاندا دابەزاندووە، ئەوەش دوو بەشی دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری کەمبوونەوەی ڕێژەی لەدایکبوون و بەشی سێیەمیش زۆربوونی مردنە،

بەڕێوەبەری ئەو پەیمانگایە لەو باوەڕەدایە کە لە سەرەتای سەدەی ئاییندە پتر لەوە دەکوژرێ (مەبەستی ئایدزە-أ.ع) کە لە دووەمین جەنگی جیهاندا مردوون و لەناوچوون. بڕوانە برایەتی ژمارە ۲۸۳٦ ڕۆژی ۱۹۹۹/٥/۱۷ کە ئەویش لە ( المشاهد السیاسی) ژمارە ۱٦۳ وەریگرتووە.

۱۰) ئەفلاتون پێی وایە ژن لە تەمەنی ٤۰ ساڵ و پیاو لە تەمەنی ٥٥ ساڵ بەدواوە نابێت ڕێگە بدەن منداڵیان بێت چونکە زۆربەی منداڵەکان ناتەواو دەبن و پەروەردەو بەخێوکردنیان زەحمەت دەبێت.

۱۱) جیاوازی زۆربوون لەگەڵ بێکاری لەوەدایە، لە زۆربووندا خەڵک خۆراک و خزمەتگوازیەکانیان بە ڕێژەی گونجاو دەست ناکەوێت هەرچەندە هەوڵیشی بۆ دەدەن چونکە چڕی دانیشتوان لە تێکڕا پترە، لە بێکاری خەڵک کاری دەست ناکەوێت هەرچەندە هەوڵیشی بۆ دەدات و دەکرێت کاریش دابین بکرێت، بەڵام لە بەرنەبوونی پلانی ئابووری و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و گەندەڵی و بێ توانایی دەسەڵاتداران کار دەستەبەر ناکرێت.

لە کێشەی نیشتەجێ بووندا جێگەی شیاو دەست ناکەوێت، ئەو کێشەیە تایبەتە بە شارە گەورەکان و تا ئاستێک کێشەی هەندێ لەو شارانەیە، بە واتایەکی دیکە زۆربوون کێشەیەکی سەرتاسەرییە لە جیهان و کارتێکردنێکی سەلبی هەیە بەسەر بێکاری و نیشتەجێبووندا، بۆیە بێکاری و نیشتەجێبوون پەیوەندییەکی توندیان بە زۆربوونەوە هەیە، بەڵام هەڵەیە ئەو کێشانە بە زۆربوونی دانیشتوان لە قەڵەم بدرێت.

۱۲) برایەتی- ڕۆژنامە- هەولێر ژمارە ۲۸۳٦- ۱۹۹۹/٥/۱۷.

۱۳) ۱- بەربەست کردن یا قەدەغەکردنی زاوزێ (منع) ئەوەیە زاوزێ بە یەکجارەکی ڕابگیرێت، ئەم قەدەغەکردنە دژی ئایینەکان و یاسا سروشتییەکان و پێکهاتەی توخمی مێیە ئەگەر هیچ هۆیەکی شەرعی و تۆژداری نەبێت.

۲- ڕێکخستن (تنظیم) ئەوەیە کە خێزان هەرچەند ساڵێک بەبێ دیارکردنی ژمارە منداڵیان بێت، بۆ نموونە ۳ ساڵ یا ٥ ساڵ جارێک، زۆرینەی زانایانی ئایینی ڕێگەی ڕێکخستنیان داوە.

۳- دیارکردن یا سنووردکردن (تحدید) ئەوەیە کە خێزان لە سەرەتاوە ژمارەی منالەکان دیاری دەکات، بۆ نموونە ئارەزوویانە ۳ منالیان هەبێت و بەس بێ ئەوەی ماوەکە دیاربکەن، زانایانی ئایینی ڕێگەیان بەدیارکردنیش داوە. ئیمامی غەزالی داکۆکیشی لێدەکرد لە بەرامبەر زانایانی دیکە.

۱٤) ئەو یاسایە موسڵمانانی چین ناگرێتەوە.

۱٥) برایەتی- ڕۆژنامە- هەولێر- ژمارە ۲۷٤۲- ۱۹۹۸/۱۲/۲۳.

۱٦) ڕێژەی ئاسایی خەمڵێندراو بە گشتی ۳٪ بۆ زۆربوونی دانیشتوان.

۱۷) گەشەسەندنی دانیشتوانیش فاکتەرێکە لەو فاکتەرانەی کە دەبنە بەهێزکردنی دەوڵەتان، بۆ پتر شارەزابوون بڕوانە، د. خلیل اسماعیل محمد- اقلیم کردستان العراق- دراسات في التكوین القومي للسكان، اربیل- ۱۹۹۸ لا ۱٥۰، لە کوردستان جگە لە هەوڵەکانی د. خلیل و چەند هەوڵدانێکی دیکەی بچووک گەشەسەندنی دانیشتوان یا زانستی دیموگرافیا بە گشتی هیچی بۆ نەکراوەو نەنووسراوە.

۱۸) فەیسەڵ دەباغ- کوردو کەمەنەتەوایەتییەکان لە سەرژمێری ساڵی ۱۹۷۷دا- بەشی دووەم- هەولێر- ۱۹۹۹ لا ۸۰.

۱۹) المجتمع- مجلة- العدد ۱۲۹۲، ۱۷-۲۳ مایس ۱۹۸۸ تصدر في الكویت.

۲۰) هەمان سەرچاوە.

۲۱) عێراق ئەو عەرەبانەی کە لە دەرەوە دەیانهێنێت، ئەو عەرەبانە لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق نیشتەجێ دەکات، بۆ بەعەرەبکردنی کوردستان کەڵک لە عەرەبی سوننەی عێراق وەردەگرێت، بۆ پتر شارەزابوون بڕوانە ڕێگای کوردستان- ڕۆژنامە، ژمارە ۳۳۱- ۱۹۹۸/۱۲/۱٦- نووسەر.

۲۲) برایەتی- ڕۆژنامە- هەولێر ژمارە ۲۸۰٥- ۱۹۹۹/٤/٤.

۲۳) هەمان سەرچاوە.

۲٤) هەمان سەرچاوە.

۲٥) لە شالاوێکی کۆچکردنی ساڵانی ۱۹۹٥- ۱۹۹۷ هۆکارەکان یەکدیگیربوون کە بریتی بوون لە:

۱- درێژەپێدانی گەمارۆی ئابووری و بێکاری و مانەوەی کوردستان بە دواکەوتوویی.

۲- نەبوونی دیموکراتییەتی تەواو و نەبڕانەوەی یەکجارەکی شەڕی ناوخۆ.

۳- بەردەوامبوونی تاوانەکانی عەرەبکردن و دەرکردنی کورد لەو ناوچانەی کە هێشتا لەژێر دەستی ڕژێمدان.

۲٦) عەبدولحەمید بەرزنجی- دیاردەی شارنشینی لە هەرێمی کوردستاندا- سەنتەری برایەتی ژمارە ۸ ساڵی ۱۹۹۸ لا ۱٤٤-۱٤٥، هەروەها د. خلیل اسماعیل محمد، سەرچاوەی پێشوو، لا ۱۱٥ و لاپەڕەکانی دیکە.

۲۷) د. خلیل هەمان سەرچاوە لا٥۹٦.

۲۸) فەیسەڵ دەباغ، هەمان سەرچاوە لا ۸۳.

# دانیشتوان Population
# گەورەترین کۆسپی پەرەسەندن

## سێ ڕەهەندی تەقینەوەی دانیشتوان:

ئێستا (٥,٩)ملیارد نەفەر لەسەر رووی زەوی دەژین بە گوێرەی پێشبینییەکانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان تا نیوە راستەکانی سەدەی داهاتوو، دانیشتوانی جیهان لەوانەیە بگاتە (٩,٤)ملیارد کەس، دیارە زۆربوونەکەش راست لە ولاتانی لە حالی پەرەنەستاندندا روودەدا. هەر لەو ماوەیەدا بەگوێرەی بەراوردەکان دانیشتوانی ولاتانی سەنعەتی، تا رادەیەک کەم دەبێتەوە، نزیکەی٦٠٪ی زۆربوونی دانیشتوان لە ئاسیا روودەدا، دانیشتوانی ئاسیا کە لە سالی ١٩٩٥،(٣,٤)ملیارد کەس بوو، لە سالی ٢٠٥٠دا لە (٥,٤)ملیارد کەس تێدەپەرێ، ئەوە لە حالێک دایە کە ئێستا هیندستان ٩٣٠ملیۆن کەسە، ئەو کات دەبێتە (١,٥٣)ملیارد کەس، لە رۆژهەلاتی نێوەراست و باکووری ئەفرقیا، دانیشتوان هەتا رادەی دوو بەرانبەرو لە ناوچەی خوارووی بیابانی ئەفریقا، هەتا سێ بەرانبەر زیاد دەکا، هەتا سالی ٢٠٥٠ دانیشتوانی نیجیریا بەتەنیا دەگاتە ٣٣٩ ملیۆن کەس کەلە سەرجەمی دانیشتوانی کیشوەری ئەفریقالە ٣٥ سال لەمەوبەردا، زیاترە.

سەرەڕای جیاوازی بۆچوونەکان، لەو پێشبینییانەدا کەلە بارەی زۆربوونی دانیشتوانەوە کراون، هیچ ولاتێک لە ئاکامە زیانبارەکانی ئەم دیاردەیە بێبەش نامێنێتەوە. دیارە ئەو ولاتانەی هەلدانی دانیشتوانیان پترە، سروشتییە کە دەست بەجێ دەکەونە ژێر فشارەوە. بۆ وێنە سیستمی پەروەردە و فێرکردنیان، یان چاودێرییە لەشساغییەکانیان لەگەل گیروگرفت بەرەورِوو دەبن، یان ناچار دەبن بکەونە هەولی بەرهەم هێنانی خواردن و خۆراکی زیاتر، کەلە ئاکامدا لێرەوارەکان، زەوییەکان و سەرچاوەکانی ئاویان دەکەونە تەنگانە، هەر ئێستا نزیکەی (١٠٠)ولاتی جیهان دەنەوێلە لە ولاتانی دیکە رادێن و نزیکەی (١,٣)ملیارد کەس لە دانیشتووانی جیهان رۆژانە بە داهاتێکی کەمتر لە یەک دۆلار، یان نزیکەی دۆلارێک، ژیان دەبەنە سەر.

بەلام شوێنەوارەکانی زۆربوونی دانیشتوان لە «ولاتانی ریزی پێشەوە» تێدەپەرێ و تەواوی جیهان دەگرێتەوە، بارودۆخی نالەباری ئاو لە رۆژهەلاتی نێوەڕاستدا، باشترین بەلگەیە بۆ ئەم قسەیە، بەقسەی (تۆنی ئالان)پسپۆری کاروباری ئاو لە زانستگەی لەندەن، رۆژهەلاتی نێوەڕاست لە سالی١٩٧٢دا کاتێک کە دانیشتوانەکەی گەیشتە ١٢٢ ملیۆن

د.حمید طراواتی
و: قادر وریا

کەس (بێ ئاو)بوو، ئاوبراو دەڵێ لێرە بەدواوە، ئاوێک کەلە ژێر زەوییەکان و لەچۆمەکان دەردەهێنراو کەلکی لێ وەردەگیرا، لەو ئاوە کە وەک باران دەباری و ئەم سەرچاوانەی ئاوی دابین دەکرد، زیاتر بوو، بەم جۆرە ناوچەی ئاوبراو کەلک وەرگرتنی بێ سەرووبەرەو نابەجێ لە سەرچاوەکانی ئاوی خۆی دەست پێ کرد، بەڵام ئەمڕۆ دانیشتوانی ئەم ناوچەیە دوو بەرامبەری دانیشتوانەکەی لە ساڵی ۱۹۷۲ دایەو هەتادێ پتریش دەبێ.

ئێستا دەتوانین بڵێین کە خاوەنیەتی و ئیدارەکردنی ئاو، تا رادەیەک چارەنووسی سیاسی وڵاتەکان دیاری دەکا. بۆ وێنە لە میسر، حوسنی موبارەک سەرکۆماری وڵات پرۆژەیەکی دوو ملیارد دۆلاری مەبەستی گۆڕینی رێبازی روباری نیل دەست پێکردووە، لە ئاکامی ئەم پرۆژەیەدا ئێستا ئاوی روباری نیل بە هۆی ترومپا بۆ قووڵایی ناوچەیەک کە ئێستا بیابانە، رادەگوێزرێ، بەمەبەستی ئەم پرۆژەیە کە حوسنی موبارەک ناوی ناوە (پێویستییەک کە زۆربوونی دانیشتوان بەسەریدا سەپاندووین) ئەوەیە ۳ ملیۆن کەس، لە دەرەوەی ناوچەی پاراوکراو بەهۆی ئاوی نیلەوە، جێگیر بکلە. پێویستە بگوترێ سەدی ۹۰ی دانیشتوانی میسر لەو ناوچەیەدا دەژین.

لە شوێنێکی دیکەی هەر ئەم ناوچەیە، داخوازی ئاو، کێشە نێونەتەوەییەکانی توندتر کردوون .بۆ وێنە سووریە، فەلەستینی داگیرکراو[*] و ئوردۆن لەسەر ئاوەکانی حەوزی چۆمی ئوردون، رقەبەرایەتییەکی توندیان پێکەوە هەیە، (مەلیک حوسێن)، پاشای ئوردون جارێک گوتوویە کە ئاو تەنیا مەسەلەیەکە کە لەوانەیە رۆژێک ناچار بە راگەیاندنی شەڕ دژی ئیسرائیلی پێ بکا، ئاشکرایە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ئورووپای رۆژئاوا زۆر بەتوندی تێکەڵی کێشەکانی ئەم ناوچەیەن و زۆر سەرمایەی خۆیان لەو وڵاتانەدا کەلە کێشەی ئاودا جێ پێیان زۆر پتەو نییە وەکارخستوە. میللەتانی رۆژئاوا ناتوانن هیواداربن کە لە تێکهەڵچوونە نیحتیمالییەکانی داهاتووی ئەم ناوچەیەدا، تێوە ناگلێن. بەڵام پێویست ناکا کە خۆیان تووشی داهاتوویەکی ئاوا تاڵ بکەن. ئەزموونی وڵاتانی وەک بەنگلادیش ئەوە دەسەلمێنێ کە دەکرێ سیاسەتێکی ئەوتۆ لە بارەی کۆنترۆڵی دانیشتوان بگرینە بەر کە ئەم مەترسیانە نەهێڵێ، یەکەم هەنگاو ئەوەیە کە هۆیەکانی زۆربوونی دانیشتوان تێ بگەین.

جاک بونگا ئارتێز John Bongaarts جێگری شووڕای دانیشتوان population council کەرێکخراوێکی لێکۆڵەرو قازانج نەویستە سێ هۆی بنەڕەتی بۆ زۆربوونی دانیشتوان ناوبردوون:

داخوازی وەدینەهاتووی کۆنترۆڵی بنەماڵە:

لە جیهانی لە حاڵی پەرەستاندندا لانی کەم ۱۲۰ ملیۆن ژن کە زەماوەندیان کردووەو ژمارەیەکی زۆر لەو ژنانەی بەتەنیا دەژین بەڵام ژمارەکەیان روون نییە- دەیانەوێ کونترۆڵی سکو زایان بەدەستی خۆیان بێ، بەڵام دەستیان بە خزمەتەکان و پێویستییەکانی کۆنترۆڵی خێزانی راناگا. نزیکەی یەک لە سێی هەڵدانی پێشبینی نەکراوی دانیشتوان لە ماوەی پەنجا ساڵی داهاتوودا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆیە. لەم ماوەیەدا ۱،۲ ملیارد کەسی دیکە بە دانیشتوانی جیهانەوە زیاد دەبێ.

## هۆگری بەهەبوونی خێزانی گەورە:

نزیکەی سەدی ۲۰ی هەڵدانی پێشبینینەکراوی دانیشتوانی دنیا لە ماوەی پەنجا ساڵی

داهاتوودا واته نزیكەی ٦٠٠ ملیۆن كەس، ئاكامی سكو زای ئەو ژن و مێردانەیە كە لەوانەیە دەستیان بە خزمەتەكانی كۆنترۆڵی خێزان رابگا، بەڵام بۆ خۆیان بڕیاردەدەن كە زیاتر لە دوو منداڵیان هەبێ(هەر كات ژن و مێردەكان تەنیا دوو منداڵیان هەبێ، نرخی هەڵدانی دانیشتوان، دەبێتە نرخی جێگرەوە* و دەكرێ چاوەڕوان بین كە دانیشتوان لە درێژخایەندا سەقامگیر دەبێ.

## هێزی هاندەری هەڵدانی دانیشتوان:

تا ئێستا گرنگترین هۆو هاندەری زۆربوونی دانیشتوان كەمتر لە هۆیەكانی دیكە، ناسراوەو بایەخی پێ دراوە، نزیكەی سەدی ٥٠ی زۆربوونی دانیشتوانی جیهان لە پەنجا ساڵی داهاتوودا، لەوەوە سەرچاوە دەگرێ كە نەوەی بەرهەمهێنەری داهاتوو واتا ئەو كەسانەی خەریكە پێ دەنێنە تەمەنی باڵغ بوون یان هێشتا ماویانە پێ بنێنە ئەو تەمەنە زۆر لە نەوەی بەرهەمهێنەری ئێستا گەورەتر دەبێ، لە ماوەی ٢٥ ساڵی داهاتوودا نزیكەی ٣ ملیارد كەس لە خەڵكی سەرانسەری جیهان واتە بەقەد سەرجەمی دانیشتوانی جیهان لە ساڵی ١٩٦٠ی زایینیدا پێ دەنێنە قۆناغی سكو زا و منداڵ دروست كردن، ئەوەش لە حاڵێكدایە كە تەنیا ١.٨ ملیارد كەس قۆناغی سكو زاو بەرهەمهێنانی منداڵ تێپەڕدەكەن. ئەگەر وا دابنێین ژن و مێردەكان لە تەمەنی خوارەوەدا كە لە دنیادا زۆر باوە ببنە خاوەن منداڵ، تەنانەت ئەگەر هیچ كامێكیشیان زیاتر لە ٢ منداڵیشیان نەبێ واتە نرخی جێگرەوە ببێتە نرخی هەڵدانی دانیشتوان لە درێژخایەندا دیسانیش ١.٧ ملیارد كەس بە دانیشتوانی جیهانەوە زیاد دەبێ.

## وەدیهاتنی داوا:

لەم سێ دەیەی دواییدا رادەی ئەو ژن و مێردانەی كە لە یەكێك لە ڕێگاكانی كۆنترۆڵی خێزان و پێشگیری لە منداڵ بوون، كەڵك وەردەگرن، لەئاستی جیهاندا بەرەوژوورچووەو لە ١٠٪گەیشتۆتە سەرووی ٥٠٪ بەڵام بەهۆی زۆربوونی دانیشتوان ژمارەی ئەو ژنانەی كە كەڵك لە هیچ كام لە ڕێگاكانی پێشگیری و كۆنترۆڵی بنەماڵە وەرناگرن، ئەمڕۆ زیاتر لە ٣٠ساڵ لەوە پێشە. زۆر لەو ژنانە پێیان خۆشە خزمەتەكانی كۆنترۆڵی خێزان ئەوانیش بگرێتەوە، بەڵام بەهۆی جۆراوجۆر دەستیان پێ راناگا.

زۆر جاران گیرگرفتەكە سیاسییە، زۆر لە دەوڵەتان دژایەتی ڕێگاو شێوازە بە نرخەكانی كۆنترۆڵی خێزان دەكەن، یان زۆریان بەرتەسك كردوونەوە، بۆ وێنە بە گوێرەی یاساكانی ژاپۆن، كەڵك وەرگرتن لە كاندۆم بەباشتر دەزانرێ تا كەڵك وەرگرتن لە حەبی پێشگیری، چونكە كەڵك وەرگرتن لە كاندۆم كارێكی بێهداشتییەو پێشی پەرەسەندنی نەخۆشییەكانی سەرچاوەگرتوو لە كاری سێكسی دەگرێ، بەگوێرەی لێكۆڵینەوەیەك كە لە ساڵی ١٩٨٩ دا ئەنجام درا، لە نزیكەی ٦٠ وڵاتی جیهان بۆ بەستنی لوولە(بۆری)ی ژنان، ڕەزامەندیی مێردەكانیان پێویستە و لەچەندین وڵاتیش كەڵك وەرگرتن لەهەر چەشنە شێوەیەكی پێشگیری، ڕەزامەندیی مێردی پێویستە.

لە هێندێك وڵاتان گیرگرفتە كە پتر تەداروكاتییە تا یاسایی، لە زۆر وڵاتی لە حاڵی پێشكەوتندا، دێیەكان دەرمانگە و دەواخانەیان لێ نییە هەندێك ناوچەی گوندنشینی خوارووی بیابانی ئەفریقا لەسەر یەك دەبێ دوو ڕۆژ ڕێگا ببڕن تا بگەنە نزیكترین بنكەی

دەرمانی، لە زۆر وڵاتیش کەلو پەلی پێشگیری لە منداڵ بوون بە نرخێکی گران وەدەست زۆربەی خەڵک دەکەون، لە هێندێک ناوچە ئەو کەلو پەل و خزمەتانەی دەستی خەڵکیان پێ رادەگا، ئاستێکی ئەوەندە نزمیان هەیە کە نەک هەر بە کەڵک و کاریگەر نین، بەڵکو زۆر مەترسیدارن. کاتێک دەزگایەکی ئا.یو.دی(*) (AUD)بۆ ژنێک دانرا بەڵام بە باشی و لەباری دانەمەزرێندرا، یا خاوەنەکەی ئازار و نارەحەتی بە دەستییەوە دەچێشت زەحمەتە جارێکی دیکە پەنا بۆ ئەم ئامرازە یان شێوەکانی دیکەی پێشگیری بباتەوە.

لە زۆر وڵات هەر لەجێدا باشترین رێگاکانی پێشگیری بۆ کەم کەس دەست دەدەن.

لەم جۆرە وڵاتانەدا تەنیا شێوەیەکی نوێی پێشگیری زۆر برەوی هەیەکە ئەویش بەستنی لوولە (بۆڕی)ی ژنانە، بەستنی بۆڕی (لوولە) سەدی ٤٠ی رێگاکانی پێشگیری لەئاستی دنیادا پێک دێنێ و لە هەندێک وڵات ئەم رێژەیەلە سەروتریشە بۆ وێنە لەکۆماری دومینیکەن و هەروەها لە هیندستان ئەم رێژەیە بووە بە ٦٩٪ بەڵام ژنان هەتا تێپەڕینی ساڵانێکی زۆر لە قۆناغی زاوزێ، پەنا بۆ ئەم شێوە پێشگیرییە نابەن، تەنانەت لە هێندێک وڵات ژنان بە گشتی هەتا ژمارەیەکی دیاریکراو منداڵیان نەبێ و تانەگەنە تەمەنێکی دیاریکراو ئیجازەی بەستنی بۆڕییەکانیان نییە. هەر بۆیە ئەزۆک کردن (بەستنی بۆڕییەکان)، ناتوانێ جێگای شێوەکاتی و کاریگەرەکانی پێشگیری وەک حەب خواردن، کاندۆم و دەزگای A.U.D بگرێتەوە.

زۆرجاران لە ماڵەوەش هێندێک کۆسپ هەن، لەوانەیە مێردەکان رێگا نەدەن ژنەکانیان پێشگیری بکەن، بۆ وێنە لە پاکستان سەدی ٤٣ی پیاوان دژی کۆنترۆڵی خێزانن، ئەم دژایەتی کردنە زۆر جار رەنگدانەوەی بیروباوەڕی گشتی کۆمەڵە کە لە هێندێک بۆچوونی ئایینی و رێوشوێن و بایەخی فەرهەنگی سەقامگرتوو لە کۆمەڵدا، سەرچاوە دەگرن، لە زۆر ناوچەی جیهان مۆتەکەی نەزانی و دواکەوتووییە کە بووە بە کۆسپ. لەم جۆرە ناوچانە ژنان هەر لەجێدا نازانن کۆنترۆڵی خێزان چییەو، ئەو ئیمکانات و خزمەتانەی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کراون، چین و لە کوێ دەست دەکەون؟!

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو گیروگرفتانەدا کە لەسەر رێی پێشکەوتن هەن، تەنانەت لەو شوێنانە کە هیچ ئومێدێک بۆ پێشکەوتن بەدی ناکرێ، هەوڵ و تێکۆشان بۆ کۆنترۆڵی بنەماڵە هەیە، بۆ وێنە لە بەنگلادیش پێشگیری لە منداڵ بوون قەت بەشێوەیەکی راشکاوانە مەنع نەکراوەو وەک کارێکی دژ بە یاسا ناو نەبراوە، بەڵام بەهۆی زاڵبوونی نەریتە کۆن و ئایینییەکان، زۆر لە بنەماڵەکان رێگایان بە ژنان نەدەدا بچنە شوێنە گشتییەکانی وەک دەرمانگەو... هەر بۆیە هاتوچۆی ژنان بۆ ناوەندەکانی تایبەت بە

کۆنترۆڵی خێزانە، کارێکی دژوار بوو. لە ئەنجامدا حکومەت کۆنترۆڵی خێزانی هێنایە نێو ماڵەکانی ئەوان: نزیکەی (٣٠٠٠٠) سی هەزار ژن کە کادیری دەرمانین

سەردانی ماڵەکان دەکەن تا ژنان فێری شێوەکانی پێشگیری و کۆنترۆڵی خێزان دەکەن و کەلوپەلی پێویستیان پێ دەگەیەنن، هێندێک وڵاتی دیکەش ئەم رێگایەی بەنگلادیشیان گرتۆتە بەر، بۆ وێنە وڵاتی (غانا) سیستەمێکی لەم چەشنەی هەیەو بەگوێرەی ئەو کەسانی پەروەردەکراوی سەر بەناوەندە لەشساخییەکان سەردانی ماڵەکان دەکەن، تەنانەت پاکستانیش ئێستا ١٢ هەزار نەفەری تایبەتی لە گوندەکان جێگیر کردوون، تا لە خزمەت ئەنجامدان و پەرەپێدانی بەرنامەی کۆنترۆڵی خێزان دابن، ئەگەرچی سەرەڕای ئەم هەوڵانەش هێشتا تەنیا چواریەکی دانیشتوانەکەی دەستیان بە خزمەتەکانی کۆنترۆڵی خێزان، رادەگا.

هاتنەخواری نرخی کەلوپەلی پێشگیریش دەتوانێ کەڵک وەرگرتن لەوان بەخێرایی

پەرەپێ بدا. لە وڵاتانی لە حاڵی پێشکەوتندا، نرخی کەلوپەلی پێشگیری مەسەلەیەکی گرنگ و ئەستەمە و هەر چەشنە بەرەو ژوورچوونێکی ئەم نرخە- ئەگەرچی زۆریش نەبێ- لەگەڵ نارەزامەندی بەرەوڕوو دەبێ، بەنگلادیش ئەم مەسەلەیەی بەهۆی ئەزموونێکی ساڵی ١٩٩٠ی خۆی بۆ دەرکەوت، لەو ساڵەدا کاربەدەستانی وڵات نرخی کەلوپەلی پێشگیریان لەسەریەک ٦٠٪ بردە سەر، سەرەڕای ئەو چوونەسەرەی نرخ هەرزانترین کاندۆم بە ١٫٢٥ سێنتی ئەمەریکایی بوو، بەڵام بەو حاڵەش بازاڕ دەست بەجێ دژکردەوەی نیشان دا، هەتا ئەوکات فرۆشتنی ساڵانەی کەلوپەلی پێشگیری بەردەوام بەرەو ژوو دەچوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٠دا فرۆشتنی کاندۆم سەدی ٢٩ هاتە خوارو فرۆشتنی حەبی پێشگیریش ١٢٪ هاتە خوار، بۆ ساڵی دوایی نرخەکانیان وەک خۆیان لێ کردەوە، لەو کاتەوە فرۆشی کەلوپەلیش بەرەو ژوور چۆوە.

هەم لێکۆڵینەوەو هەم پەرە گرتوویی لەسەر بەربڵاوی و زۆربوونی رێگاکانی پێشگیری، شوێنەواری کاریگەر دادەنێن، هەموو شێوەکانی پێشگیری لەگەڵ هەموو ژن و مێردەکان ناگونجێن، نەبوونی یەکێک لە شێوە گونجاو و لەبارەکانی پێشگیری، دەبێتە هۆی پشت کردنی خەڵکێکی زۆر لە پێشگیری کردن.

بۆ وێنە هەندێک ژن حەبیان پێ ناکەوێ و تووشی هێندێک نەخۆشی لاوەکییان دەکات و هێندێکی دیکەش لەوانەیە نەتوانن کەڵک لە دەزگای A.U.D وەربگرن،، هەتا ژمارەی رێگاکانی پێشگیری زیاتر بێ، ژن ومێردەکان هاسانتر شێوەی دڵخوازی خۆیان بۆ دابین دەبێ، لە ئاکامدا پێشگیریش پتر دەبێ.

## بەرنامە داڕشتن بۆ خێزانە بچووکەکان

دابین کردنی خزمەتەکانی کۆنترۆڵی خێزان بۆ ئەو کەسانەی خوازیاری کەڵک لێ وەرگرتنیان، بە تەنیایی ناتوانێ وەڵامدەری دیاردەی زۆربوونی بێ سەرەوبەرەی دانیشتوان بێ، لە زۆر وڵاتان هەتا ئێستاش، خەڵک ئارەزوومەندی هەبوونی خێزانێکی گەورەن، بۆ وێنە لە سەنیگال، کامیرۆن، نیجیریا، ژنان لەسەر یەک حەز دەکەن شەش تا حەوت منداڵیان هەبێ. ژمارەیەکی کەم لە وڵاتان هەوڵ دەدەن لە رێگای یاسا ئەم جۆرە ویستانە سەرکوت بکەن، بۆ وێنە لە هیندستان، وەزارەتی لەشساغی و ئاسوودەیی خێزان، پێی خۆشە سیاسەتێک برەو پێ بدا کە بە گوێرەی ئەو هەر کەس دوو منداڵی زیاتر هەبێ، هیچ کارو پیشەیەکی سیاسی پێ نەدەن، یان ئەگەر کارمەندی دەوڵەتە،پێشی بەرەوژوورچونی پلەو پایەی کارگێڕی لێبگرن. سیاسەتی وڵاتی چین لە بارەی دانیشتوانەوە کە رێگا نادا هیچ خێزانێک زیاتر لە یەک منداڵی هەبێ، بەناوبانگە.

بەڵام پەنابردن بۆ گوشار وزۆرەملێ نەک هەر لە باری ئاکارییەوە، پەسند نیە، بەڵکو بەهۆی ئەو دژکردەوانەش کە پێکیان دێنێ، زۆر سەرکەوتوو نابێ، وا باشترە یەکەم هەنگاوی سیاسەتی تایبەت بە کۆنترۆڵی دانیشتوان ئەوە بێ کە بزانین بۆچی هێندێک لە ژن و مێردەکان هەبوونی خێزانێکی گەورەتر، بە باشتر دەزانن، هێشتا لە ژمارەیەکی زۆر وڵاتانی لە حاڵی پێشکەوتندا هەبوونی منداڵی زۆر بە شتێکی تەواومەنتیقی دەزانرێ، منداڵانی خێزان، سەرچاوەی ئەمنییەتی سەردەمی پیریی دایک و بابەکانن و دەتوانن نەخشێکی چارەنوس سازیان لە ئابووری خێزانێکدا هەبێ، تەنانەت ئەو کاتەش کە هێشتا هەر منداڵێکن، نەک هەر نابن بە بارگرانی بەڵکو ئەگەر ئەو ئازادییە یان هەبێ کاربکەن، دەبنە یارو یارمەتیدەری داهات و بژێوی خێزانەکەیان.

لەو وڵاتانەدا کە مردن لە نێو منداڵاندا زۆرە، لە روانگەی خێزانەکانەوە، بەرهەمهێنانی منداڵی دیکە وەک رێگایەکی پێویست بۆ قەرەبووی ئەم جۆرە مردنانە، سەیردەکرێ(دیارە لە ئاکامی ئەم جۆرە روانین و بیرکردنەوانەدا، مردنی منداڵان بە زیادەوە قەرەبوو دەکرێتەوە و دانیشتوان زۆرتر دەبێ).

رێوشوێن و بایەخە ئایینییەکان هەروەها بایەخە فەرهەنگییەکانیش رەنگە شوێنی خۆیان لە باوبوونی خێزانی گەورەدا هەیە بۆ وێنە بە گوێرەی لێکۆڵینەوەیەک کە لەم دواییانەدا لە پاکستان کە سەدی ٩٧٪ی دانیشتوانەکەی موسڵمانن- ئەنجام درا، دەرکەوت کە ٦٠٪ی ژنانی بە مێرد لەم وڵاتە لەسەر ئەو باوەڕەن کە ژمارەی منداڵەکانیان بەدەست خودایە و بۆخۆیان لەو بارەوە هیچ نەخشێکیان نیە. ئارەزووی هەبوونی کوڕیش یەکێکی دیکە لە هۆیە رەوانی (دەروونناسی)یەکانی پێکهێنانی خێزانی گەورەیە، زۆر لەو خێزان گەورانە بەو هۆیەوە پێک هاتوون کە ژن و مێردەکان پێیان وابووە پێویستە لانی کەم کوڕێکیان هەبێ، بۆ نموونە هیندوەکانی هیندوستان لەو باوەڕەدان کە هەر نەبێ دەبێ کوڕێکیان هەبێ بۆ ئەوەی (رێو رەسمی خەتم) بۆ دایک و باوکی پێک بێنێ، ئەگینا گیانی ئەوان لە پەنجەی پرۆسەی بێ کۆتایی زاوزێ رزگاری نابێ، بێ بەشی لە منداڵی کوڕ لەم دنیایەدا لەوانەیە ئاکامی خۆشی بە دواوەنەبێ، زۆر لە مێردەکان بەو هۆیەوە کە ژنەکانیان کوڕیان نابێ، دەستیان لێ هەڵ دەگرن، یان کاتێک مێردێک دەمرێ، زۆرجاران کلیلی ئەمنییەت و بەڕێچوونی ژنەکەی دەکەوێتە دەست کوڕەکەی. ٦٠٪ ی ژنانی لە شێست ساڵ بەرەو ژووری هیندستان بێوەژنن، ئەو بێوەژنانەپێیان خۆشە کوڕەکانیان ببنە گۆچانی دەستیان و پشت و پەنای ئەوان لە ژیاندا. لە هێندێک کۆمەڵگەی داخراو و دواکەوتوودا ئەم جۆرە ژنانە هیچ چارەیەکی دیکەیان نیە، چونکە داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان رێگای ئەوەیان پێ نادا بچنەوە گوند و زێدی خۆیان ، یان بچنەوە نێو ئەو خێزانەییەی بە کچێتی لەوێ دەژیان. تێگەیشتنی ئەم مەسەلەیە زۆر زەحمەت نیە کە زۆر لە ژنانی هیندی لە ترسی تەڵاقدان و بەتەنیا مانەوە، ئەوەندە زگان دەکەن تا سەرئەنجام کوڕیان دەبێ، بەراورد کراوە ئەگەر لە هیندستان کوڕیان لە کچ پێ باشتر نەبایە، نێونجی بەرهەمهێنانی منداڵ بۆ هەر ژنێک کە ئێستا ٣,٥ منداڵ بۆ هەر ژنێکە، سەدی هەشت (٨٪)کەم دەبۆوە.

بەڵام تەنانەت بیروباوەڕە قووڵ و ریشەدارەکانیش دەکرێ بە شێوەی جۆراوجۆر لێک بدرێنەوە، لە ئێران کە وڵاتێکی دیکەی ئیسلامییە لە ماوەی کەمتر لە ٣ ساڵدا نێوەنجی بەرهەمهێنانی منداڵ لەهەر خێزانێکدا لە ٧ منداڵ هاتە سەر کەمێک زیاتر لە چوار منداڵ[1]. ئەم رەوتە تا رادەیەک ئاکامی گۆڕانی روانگە و بۆچوونی کاربەدەستە ئایینییەکانی حکومەتە کە بە تەواوی لە ئاکامەکانی هەڵدانی لە ٣٪ بەرەو ژووری دانیشتوان لە ساڵدا نیگەران بوون.

ساڵی ١٩٩٤ لە کۆنفرانسی نێونەتەوەیی دانیشتواندا کە لە قاهیرە پێک هات ، دەستەی نوێنەرایەتی ئێران (راپۆرتی میللیی دانیشتوان)ی بڵاوکردەوە، لەو راپۆرتە دا هاتبوو کە بە (گوێرەی حەدیسەکانی حەزرەتی مەحەمەد (سڵاوی خوای لێ بێ) و بەپێی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز ئەوەی بۆ کۆمەڵگە ئیسلامییەکان لە پلەی یەکەمی گرنگی دایە، بریتییە لە خێرو خۆشی و بەختیاریی موسوڵمانان کەوا بوو کونترۆڵی خێزان (نەک هەر ئیسلام رەتی نەکردۆتەوە بەڵکو پێشی لەسەر دادەگرێ).

راگەیاندنیشی یەکێکی دیکە لە ئامرازەکانی برەو پێدانی کۆنترۆڵی خێزانن، لە زۆر وڵاتان رۆژنامەکان گرنگی کۆنترۆڵی خێزان تێ دەگەن، بەڵام بەو هۆیەوە کەشتێکی ئەوتۆ لە

کاروبارو مەسەلەکانی پێوەندیدار بە دانیشتوان نازانن، ناتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر و هەست پێکراو بیخەنە بەر باس. لێکۆڵینەوەیەک کە بە هاوکاریی زانکۆی جانز هاپکنیزی ئەمەریکا و بنکەی لێکۆڵینەوەی زانکۆی بەنگلادیش لەم وڵاتە بەڕێوەچوو، پێنج ڕێگای بۆ باشتر بوونی چۆنیەتی هێنانە گۆری مەسەلەکە لەلایەن ڕۆژنامەکانەوە، دەست نیشان کردووە کە بریتین لە:

١- دابینکردنی زانیاری ئەوتۆ کە بەهاسانی ڕۆژنامەکان دەستیان پێ ڕابگا (بۆ وێنە دەرکردنی هەواڵنامە چاپەمەنییەکان، ئاگاداری (اعلان)یە دیوارییەکان، پوختەی لێکۆڵینەوەکان و..)، ٢- هەبوونی بنکەو ناوەندەکانی ڕاهێنان و فێرکردن لەو بارەوە، ٣- دانی خەڵات و دەسخۆشانە بەو وتارانەی لە پێوەندی لەگەڵ دانیشتواندا بڵاودەکرێنەوە، ٤- پێک هێنانی کۆبوونەوە و کۆڕ بەمەبەستی باسکردن و بیروڕا گۆڕینەوەی ئازادانە لە نێوان ڕۆژنامە نووسان و پسپۆران و شارەزایانی کۆنترۆڵی خێزان و ٥- دامەزراندنی ناوەندێکی زانیاری و سەرچاوە لە بارەی دانیشتوان یان بانکی زانیاری لە پێوەندی لەگەڵ دانیشتواندا. بەڵام زۆرجار تاسەو ئاواتی پێکهێنانی خێزانی گەورە بە جۆرێک لەگەڵ هێندێک هەلو مەرجی کۆمەڵایەتی لێک گرێ دراوە کە دەبێ هەلو مەرجە کۆمەڵایەتییەکە وەک بەشێک لە گیروگرفتە کە چاولێ بکەین، دیارە ئەو هەلومەرجە لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی دیکە زۆر جیاوازە، بەڵام هێندێک خاڵی هاوبەشیان هەیە:

## کەم بوونەوەی مەرگ و لەنێوچوونی منداڵان:

کە دەبێتەهۆی ئەوەی دایک و بابەکان لە داهاتووی ئەو منداڵانەی ئێستا هەیانە، دڵنیاتر بن، لەنێو کاریگەرترین ڕێگاکانی کەم کردنەوەی مەرگ و لەنێوچوونی منداڵاندا دەتوانین بەرنامەکانی تایبەت بە کوتانی (Vaccination)و، زیادکردنی مەودای نێوان لە دایکبوونی منداڵان ناوببەین، مردن و لەنێوچوون لە نێو ئەو منداڵانەدا کە ساڵ و نێوێک بەدوای یەکتردا لە دایک بوون، دوو بەرامبەری مردن لە نێو ئەو منداڵانەیە کە دوو ساڵ زیاتر بە دوای یەکدا لە دایک بوون.

## باشتربوونی باری ئابووری ژنان:

کە دەبێتە هۆی ئەوەی ژنان بەشێکی دیکەی جیا لە بەرهەمهێنانی منداڵ خۆیان خەریک و سەرگەرم بکەن، لە هێندێک وڵاتی جیهان کاربەدەستان و بەرپرسان لەوانەیە بتوانن ئەو داب و نەریت و ڕێو شوێنانە کە بەهۆی ئەوانەوە مافی کارکردن و میرات پێ بڕان و مافە ئابوورییەکانی دیکە لە ژنان بەرتەسک کراوەتەوە، بگۆڕن. هاندانی بانکەکان بۆ دانی قەرزی کەم و بچووک، وەک (بانکی گرامین)ی[٢] بەنگلادیش دەتوانێ سیاسەتێکی کاریگەرو بەکەڵک بێ. لە بەنگلادیش ئەم بانکە بەمەبەستی دابین کردنی کارو وردە کاسبی تا ئێستا قەرزی داوە بە زیاتر لە یەک ملیۆن گوندنشین کە بەشی زۆری ئەوانە ژنن.

## باشتر بوونی باری خوێندن:

دەبێتە هۆی ئەوەی ئێونجی تەمەن بۆ مێردکردنی ژنان بچێتە سەرو دەرەتانی دەست ڕاگەیشتنی بەو دوو ئامانجەی سەرەوە پتر بێ، خوێندنی زۆرەملێی منداڵان، هاندەری

ئابووری مەیل و تاسەی پێکەوەنانی خێزانی گەورە لە نێو دەبا چونکە ئیمکانی کارکردنی منداڵ کەم دەکاتەوە. لەسەریەک لە هەموو کۆمەڵەکاندا چوونەسەری ئاستی خوێندەواری پێوەندییەکی مەنتیقیی لەگەڵ بچووک بوونەوەی خێزان هەبووە.

## هێزی هاندەری زۆربوونی دانیشتوان گەورەترین مەترسی:

ناسینی گرنگترین هۆکاری زۆربوونی دانیشتوان و هەروەها ڕێگای بەربەرەکانی کردنی ، لە هەموو هۆکارەکانی دیکە گرنگترە، هێزی هاندەری زۆربوونی دانیشتوان بەهاسانی لەبەر چاوان ون نابێ چونکە ئاماری دانیشتووان هەر چەند زۆریش سەرنج ڕاکێش بێ، ڕاستەوخۆ ئاماژەی پێ ناکا. نرخی هەڵدانی دانیشتوانی جیهان لەسەریەک خەریکی هاتنە خوارە. لە ساڵەکانی نێوەڕاستی دەیەی ٦٠ی زایینیدا نرخی جیهانی هەڵدانی دانیشتوان نزیکەی ٣.٣٪بوو، ئێستا تارادەی ١.٤ هاتووەتە خوار، نرخی بەرهەمهێنانی منداڵیش بەردەوام خەریکە دێتە خوار، لە ساڵی ١٩٥٠ دا هەر ژنێکی جیهان بە شێوەیەکی گشتی ٥ زگی دەکرد ، بەڵام ئێستا هەر ژنێک لە ماوەی ژیانیدا کەمتر لە سێ منداڵی دەبێ، سەرەڕای ئەو هاتنە خوارە بەردەوامە، بەم زووانە ژمارەی زاوزێ لە ئاستی دنیا کەم نابێتەوە، بەگوێرەی هەڵسەنگاندنێکی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ماوەی ٣٥ ساڵی داهاتوودا هەر ساڵێک ١٣٠ ملیۆن منداڵ لە دایک دەبن، ئەمەش لەو مەسەلەیەوە سەرچاوە دەگرێ کە ژمارەی ئەو ژنانەی دەگەنە تەمەنی زاوزێکردن(قۆناغی بەرهەمهێنانی منداڵ )یەکجار زۆرە.

شوێنەوارەکانی هێزی هاندەری گەشەکردنی کۆمەڵ دەتوانین بە ڕوونی لە بنگلادیشدا ببینین چونکە سەدی ٤٣٪ی دانیشتوانی ئەم وڵاتە لە کەسانی ژێر ١٥ ساڵ پێک هاتوون، دیارە لە بەشی زۆری وڵاتانی هەژاریشـــدا، ڕێژەی لەم چەشنە هەیە، نزیکەی ٨٢٪ی هەڵدانی دانیشتوانی بەنگلادیش لە نیوسەدەی داهاتوودا لە هێزی هاندەری زۆر بوونی دانیشتوانەوە سەرچاوە دەگرێ، بە وتەیەکی دیکە تەنانەت ئەگەر هەر لە سبەینێ را هیچ ژن و مێردێکی بەنگلادیش لە ٢ منداڵیان زیاتر نەبێ، دیسانیش هەتا ساڵی ٢٠٥٠ دانیشتوانی ئەم وڵاتە نزیکەی ٨٠ ملیۆن کەسی پێوە زیاد دەبێ، چونکە نەوەی منداڵ بەرهەم هێن (نسل مولد) ی داهاتووی ئەم وڵاتە یەکجار زۆرە.

باشترین ڕێگای کەمکردنەوەی هێزی هاندەری هەڵدانی دانیشتوان ئەوەیە کە ئەوەندەی بکرێ مەودای نێوان لە دایکبوونی منداڵەکان زۆر بکەین، بۆ ئەوەی چۆنیەتی شوێن دانان و کاریگەریی زیادکردنی ئەو مەودایە هەست پێ بکەین، دەتوانین وەک گیروگرفتێک کەلە حیسێبداری (ژمێریاری)ی دانیشتوانی مرۆڤدا هاتۆتە پێش، بڕوانینە هێزی هاندەری گەشەکردنی کۆمەڵ. بەم پێیە لە خانەیەکی دەفتەری ژمێرییارییەکەدا، ژمارەی ئەو منداڵانەی ماوەی نێوان هاتنە سەردنیایان کەمە تۆمار دەکرێن، لە خانەیەکی دیکەشدا ژمارەی ئەو مردنانە کە هەر لەوماوە دیاریکراوەدا ، ڕوویان داوە، دەنووسرێ، ئاشکرایە ژمارەی لە دایکبوونەکان زۆر زیاتر دەبێ لە ژمارەی مردنەکان و بەم جۆرە هاوسەنگییەک لە نێوان ئەو دووانەدا نامێنێ. لە ستوونێکی دەفتەری گشتی دانیشتواندا لە دایکبوونی ١٣٠ ملیۆن منداڵ کەدیارە هەمووشیان هەرلە هێزی هاندەرە سەرچاوە ناگرن-تۆمار دەکرێ، لەحاڵێکدا لە ستوونەکەی دیکە تەنیا مردنی، ٥٠ ملیۆن کەس تۆمار کراوە.

بەگوێرەی تۆژینەوەکانی شوورای دانیشتوان، ئەگەر لە وڵاتانی لە حاڵی پەرەئەستاندن دا نێونجی تەمەنی یەکەمین زگکردن(منداڵبوون)ی ژنان دوو ساڵ و نیو ، بچێتەوە پاش ، زیادبوونی دانیشتوان سەدی ١٠ دێتە خوار.

یەکێک لە ڕێگاکانی وەدواخستنی دووگیانی (حامیلە بوون) وەدواخستنی تەمەنی زەماوەندکردنە، بۆ وێنە لە بنگلادیش تەمەنی ژنان لە یەکەمین زەماوەندیاندا، ١٤،٤ ساڵ بوو ئەم ڕەقەمە لە ساڵی ١٩٨٩ دا بوو بە ١٨ساڵ ، هەر بەم پێیە یەکەمین منداڵیشیان لەو تەمەنە بەدواوە بوو.

لەو وڵاتانەدا کە لە تەمەنی کەمدا زەماوەند دەکرێ، بردنە سەری تەمەنی یاسایی بۆ زەماوەند، دەتوانێ شوێنێکی کاریگەری لەسەر کەمکردنەوەی دانیشتوان هەبێ، باشتربوونی باری خوێندەواریش هەروەک گوتمان هەر ئەو شوێنەوارەی هەیە، لێکۆڵینەوەیەک کە لە بارەی ٢٣ وڵاتی لە حاڵی پەرەئەستاندندا کراوە، نیشان دەدا کە ئەو ژنانەی تا قۆناغی ناوەندی خوێندوویانە، لەسەریەک چوار ساڵ درەنگتر لە ژنانی نەخوێندەوار، مێردیان کردووە.

ڕێگایەکی زۆر گرنگی دیکەی هاندانی ژنان بۆ پەلەنەکردنیان لە منداڵبوون ئەوەیە کە یارمەتییان بدەین هەتا لە بەڵای (دێوەزمەی نەزۆک بوون بۆ هەمیشە)ڕزگاربن، ئەم کارەش تەنیا لە ڕێگای پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی ئامرازو کەلوپەلی پێشتگیریی کاتی «مؤقت» لە دووگیان بوون، کەلوپەلێک کە کاریگەرن و لەسەر بناغەی تێکنۆلۆژیی و پێشکەوتن سەرکەوتوو دەبێ، لەوانەیە وا بیر بکرێتەوە کە نەزۆک کردنی ژنان بەو هۆیەوە کە هەمیشەییە، باشترین شێوەی پێشگیری لە دوو گیانییە، بەڵام ڕاست لەبەر ئەو هەمیشەیی بوونەیە ژنانێک کە دەیانەوێ بە هۆی بەستنی بۆرییەکانیانەوە خۆیان نەزۆک بکەن ، پێش پەنابردن بۆ ئەم شێوە پێشگرییە، هەوڵ دەدەن هەرچی زۆرترە ئەوەندە منداڵیان بێ کە پێیان خۆشە هەیانبێ، بۆیە ئەگەر بەشی هەرە زۆری بناغەی کۆنترۆڵی خێزان لە وڵاتێک لەسەر نەزۆک کردن دامەزرابێ، لەوانەیە پێچەوانەی مەبەستەکە بێتە دی، چونکە کاتێک نەزۆک کردنی مرۆڤەکان ببێتە شێوەی نەسلیی پێشگیری، بۆ خۆی دەبێتە هۆو هاندەری دووگیانبوونی پێش وەخت.

## بڕیار و بەڵێنەکانی قاهیرە چییان لێ هاتەوە؟

لە کۆنفرانسی ساڵی ١٩٩٤ی قاهیرەدا، ١٨٠ وڵاتی جیهان لەسەر بەرنامەیەکی ٣٠ساڵە بۆ تەندروستی بەرهەمهێنانی منداڵ ڕێک کەوتن تا لە ڕێگای جێبەجێکردنیەوە، هەڵدانی دانیشتوانی جیهان کەم بکەنەوە. بە گوێرەی ئەم ڕێککەوتننامەیە بڕیاردرا بوودجەی جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە لە ماوەی بیست ساڵ دا، ساڵ بە ساڵ زیاد بکا. بەپێی هەڵسەنگاندنەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ، خەرجی ئەم بەرنامەیە لە ساڵی ٢٠٠٠دا ١٧ ملیارد دۆلارو لە ساڵی ٢٠١٥دا نزیکەی ٢١،٧ ملیارد دۆلار بەراورد کراوە، وڵاتانی لە حاڵی پەرەستاندن دا قبووڵیان کردووە دوو لە سێی خەرجییەکانی ئەم بەرنامەیە بدەن و ، وڵاتانی پێشکەوتووش قەرار بوو پاشماوەی خەرجیەکە دابین بکەن، ئەگەر خەرجی پێویست بۆ ئەم بەرنامەیە لەگەڵ خەرج و هەزینەکانی دیکەی دنیا بەراورد بکەین ، شتێکی زۆرکەمە، سەرجەمی ئەو هەزینەیە کەمترە لە هەزینە نیزامییەکانی جیهان لە ماوەی دوو هەفتەدا!

وڵاتانی لە حاڵی پەرەستاندندا، بەشەکەی خۆیان کە ڕێککەوتننامەی قاهیرە بۆی دیاری کردوون، کەم و زۆر دابین کردوە،بەڵام وڵاتانی سنعەتی بەشەکەی خۆیان نەداوە، بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەک کە لەم دواییانەدا دامەزراوی تایبەت بە دانیشتوان ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان (UNFPA)کردوویەتی، سەرجەمی تێکڕایی یارمەتییەکانی وڵاتانی پەرەگرتوو بەو بەرنامەیە (یارمەتی دەرەکی ڕاستەوخۆ، قەرزەکانی دامەزراوە چەند

لایەنییەکان و..)لە ساڵی ١٩٩٥ دا تەنیا دوو میلیارد دولار بووە، ئەم ژمارەیە ٢٤٪ زیاترە لە ژمارەی ساڵی پێشوو (ساڵی١٩٩٤) بەڵام بەراوردە سەرەتاییەکان ئەوە دەگەیەنن کە لە ساڵی ١٩٩٦دا رادەی ١٨٪ کەم بۆتەوە و رادەی ئەم یارمەتییانە لە ساڵی ١٩٩٧ دا لەوانەیە لەوەش کەمتربێ.

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە لە رابردوودا گەورەترین پشتیوانی بەرنامە نێونەتەوەییەکانی تایبەت بە دانیشتوان بوو نەک هەر وەفای بەرپرسایەتییەکانی خۆی لە کۆنفرانسی قاهیرەدا نەکردووە، بەڵکو سیاسەتێکی گرتۆتە پێش کە سەرجەمی هەوڵی نێونەتەوەیی بۆ کۆنترۆڵی خێزانی لاواز کردووە، زۆر لە ئەندامانی کۆنگرەی ئەمەریکا دەیانەوێ«رێبازی میکسیکوسیتی» کە یەکەم جار رۆناڵد رێگان سەر کۆماری ئەو کاتەی ئەمەریکا لە کۆنفرانسی نێونەتەوەیی دانیشتوان لە میکسیکوسیتی لە ساڵی ١٩٨٤دا، رای گەیاندو دەوڵەتی کلینتۆن لە ساڵی ١٩٩٣ دا ئەم رێبازەی هەڵ وەشاندەوە، سەر لە نوێ داسەپێننەوە[٣] ، ئێستا ئەمەریکا هەر چەشنە یارمەتییەکی مالی بە خزمەتەکانی تایبەت بە منداڵ لە باربردن (سقط الجنين) یاساخ کردووە، بەڵام زیندووکردنەوەی دووبارەی (رێبازی میکسیکوسیتی) بەو مانایەیە کە یاساخی دارایی ئەو رێکخراوانەش دەگرێتەوە:

-هەر رێکخراوێکی راستەوخۆ یارمەتی لەباربردنی منداڵ بکا،

-لەگەڵ رێکخراو یا دامەزراوێک کە یارمەتی بەلەباربردنی منداڵ دەکا، بەجۆرێک هاوکاری و هاوبەشی هەبێ،

-هێندێک خزمەتی یاسایی ئەنجام دەدا کەلەوانەیە رێگا بۆ منداڵ لە باربردن خۆش بکەن، یا

-بەهەر شێوەیەک لایەنگیری لە منداڵ لەباربردن بکا،

-یالە هەر جۆرە باس و لێدوانێک لە بارەی منداڵ لە باربردن لە کۆڕو کۆمەڵە نێو نەتەوەییەکان دا بەشداری بکا.

هۆی چیە ئەو رێبازە ، هەوڵ و تێکۆشانەکان تەنانەت ئەگەر بە تەواوی لە لایەن وڵاتان و دامەزراوە غەیرە ئەمەریکاییەکانیش لە باری داراییەوە دابین بوبن ، تەحریم دەکا. ئەوانەی رەخنەیان لەم رێبازە هەیە، ئەم رێبازە سەبارەت بەو هەموو قەدەغەو قۆرخەی تەنانەت بۆ پێکەوە قسەکردن و وتووێژو پێوەندی گرتن دای ناون، بە (قانونی خەفەقانی ملهوڕانەی جیهانی) ناو دەبەن. ئەوان ترسی ئەوەیان هەیە ئەم رێبازە نەک هەر خزمەتەکانی تایبەت بە (لەباربردنی منداڵ) بەڵکو زۆر هەوڵوتێکۆشانی دیکەی تایبەت بە کۆنترۆڵی خێزانیش کە رەنگە بە رێکەوت ببنە هۆی لە باربردنی منداڵ ، پەک بخا.

هەر چەندە پشتیوانانی (رێبازی میکسیکوسیتی) هێشتا نەیانتوانیوە پشتیوانی پێویست بۆ زیندوو کردنەوەی سەر لە نوێی ئەم رێبازە بە دەست بێنن، بەڵام توانیویانە یارمەتی ئەمەریکا بە بەرنامەکانی کۆنترۆڵی خێزان کەم بکەنەوەو لە ٥٤٧ملیۆن دۆلار لە ساڵی ١٩٩٥ را بیهێننە سەر ٣٨٥ ملیۆن دۆلار لە ساڵی ١٩٩٧دا، هەروەها زۆر کۆسپ و قەدەغە و قۆرخی کەم وێنەیان لەسەر رێی دانی ئەو یارمەتییە دروست کردووە، بەجۆرێک کە (لە جیاتی بەسەریەکەوە یارمەتییەکە بدەن)هەر مانگێک تەنیا سەدی ٨ی بودجەی ساڵای دەدرێ، (جودی ماک) هەواڵنێری واشنتۆن پۆست ئەم تاکتیکەی ناو ناوە (خەفەقانی ئیداری).

بە گوێرەی بەراوردی (UNFPA)ئەگەر دابین نەکردنی یارمەتی دارایی بۆ بەرنامەی

قاهیره هەر وا درێژەی هەبێ، لە ساڵی ٢٠٠٠ی زایینیدا ، ژمارەی ئەو ژن و مێردانەی کە کەڵک لە کەلوپەلی پێشگیری وەردەگرن ٩٦ ملیۆن کەس لەو رادەیە کەمتر دەبێ کە بە گوێرەی بڕیارەکانی کۆنفرانسی قاهیرە دەبوایە لە وەختی خۆیدا ئەم جۆرە کەلو پەلانەیان بۆ دابین کرابا، نزیکەی یەک لەسێ و تەنانەت نیوەی ئەم ژن و مێردانە بۆ پێشگیری لە دوو گیانی کەڵک لە شێوە کۆنەکان وەردەگرن کە زۆر کاریگەرنین، ئەوانی دیکەش لە هیچ یەک لە شێوەکان کەڵک وەرناگرن، ئاکامەکەی دەبێتە هۆی ئەوەکە ١٢٢ ملیۆن ژن منداڵیان وەزگی دەکەوێ کە نیوەیان لە دایک دەبن، سەدی چلیش (٤٠٪) لە بار دەبرێن، (چاوەڕوان دەکرێ کەمیی بودجە هەر لە ساڵی ٢٠٠٠ دا ببێتە هۆی لە باربردنی ١٦ ملیۆن منداڵ. هەتا ساڵی دوو هەزار ، دووگیان بوونی (سکپربوون) نەخوازراو دەبێتە هۆی مردنی ٦٥٠٠٠ ژن و زیان گەیشتن بە سەلامەتی ٨٤٤٠٠٠ ژنی دیکە.

یەکێک لە هۆی گرنگەکانی هاتنە خواری بودجەی تایبەت بە دانیشتوان ئەو بۆچوونە چەوتەیە کە کەمبوونی نرخی زۆربوونی دانیشتوان بەمانی چارەسەربوونی مەسەلەی دانیشتوانە، چوونە سەری ساڵانەی دانیشتوانی جیهان لە ساڵی ١٩٨٨دا یەکجار زۆر بوو کە گەیشتە نزیکەی ٨٧ ملیۆن نەفەر، بەڵام ئێستا تا رادەی ٨٠ملیۆن کەس لە ساڵدا هاتۆتە خوار، بەو حاڵەش دڵخۆشکردن بەو مەسەلەیە بێهودەیە چونکە وەک ئەوە وایە کەسێک لە چوار رێیانی شەمەندەفەر بەستێنەوەو بەوە دڵی بدەینەوەکە خێرایی شەمەندەفەرێک کە بەرەو ئەو دێ، لە ٨٧ کیلۆمەتر لە سەعاتدا، بووە بە ٨٠سەعات بەڵام قورساییەکەی پتر بووە، ئێستا لەجیاتی ١٨ ساڵ و نیو ١٢ ساڵ ونیو دەخایەنێ تا دانیشتوانی جیهان ، یەک ملیارد کەسی دیکەی پێ زیاد بێ ، بەڵام بمانەوێ و نەمانەوێ ئەو یەک ملیارد کەسە هەر زیاد دەبێ و لانی کەم ملیاردێکی دیکەشی دێتە سەر، ئایا هیچ ملیاردی دیکەش بەدوای ئەو دوو ملیاردە دا دێن؟ وەڵامی ئەو پرسیارە تا رادەیەکی زۆر بەوە بەستراوە کە سیاسەتمەدارانی ئەمڕۆ بۆ ئەم مەبەستە چ دەکەن؟ دابین کردنی بەرنامەکانی تایبەت بە دانیشتوان لە باری یارمەتی داراییەوە، بەتەنیا نابێتە هۆی سەقامگرتوویی (تثبیت) ی دانیشتوان. بەڵام دابین نەبوونی ئەو پێویستییە، گومانی تێدانیە کە لەسەر رێی ئەم سەقامگرتووییە دەبێتە کۆسپ.

## دوو بەرامبەربوونی دانیشتوان لە داهاتوودا

بە دوای کۆنفرانسی قاهیرەدا زۆر لە وڵاتان چوارچێوەی بەرنامەکانی تایبەت بە دانیشتوانی خۆیان بەرینتر کردووە، تا ئەم بەرنامەیە وەڵامدەری هەندێک مەسەلەی وەک باری خوێندن و لەش ساغی ژنان و بەرەو ژوورتربردنی پایەی کۆمەڵایەتی ئەوان بێ، ئەم ئامانجانە لە جێی خۆیاندا زۆر بە نرخ و لە ئاکامدا بۆ کۆنتڕۆڵی دانیشتوان زۆر پێویستن، بەڵام هەڵدانی دانیشتوانی جیهان هێزێکی هاندەری ئەوەندە بە توانای هەیە کە بە هاسانی دەتوانێ هەر بەرنامەیەک بۆ پێشکەوتن و پەرە ئەستاندن پەکبخا.

زۆر وڵات ئێستا هیچ چارەیەکیان نیە جگە لەوەی بە شێوەیەکی زۆر راستەوخۆ لەگەڵ گیروگرفتی زۆربوونی دانیشتوان لە وڵاتی خۆیاندا بەرەو روو بینەوە، تەنانەت ئەگەر بۆ ئەم کارە پێویست بێ گیروگرفتە کۆمەڵایەتیەکانی دیکەیان پشت گوێ بخەن، گیروگرفتی زۆربوونی دانیشتوان مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی گرنگ و بەپەلەیە لە ئاستی جیهاندا، کاربەدەستانی وڵاتانی پەرەگرتوو و لە حاڵەتی پەرەئەستاندندا وێڕای ئەوەی دەبێ دەستووری کاری بەرنامەکانی تایبەت بە دانیشتوانی خۆیان بەرین بکەنەوە، پێویستە

سەرەنج بدەنە ئەو مەسەلەیەش کە نابێ لە گرنگترین و تاقە ئامرازێک کە بۆ بەرەو رووبوونەوە لەگەڵ ئەم گیروگرفتە بە پەلەیە هەیانە ، بێ ئاگا بن، ئەو ئامرازەش بریتییە لەسەرمایە دانانی راستەوخۆ لە بواری کۆنترۆلی بنەماڵەدا.

دابین کردنی دارایی بەرنامەکانی تایبەت بە دانیشتوان، ئەو کاتە کاریگەر دەبێ کە بۆ هەمیشەیی نەک جارو بارو نێوە و نێوە. ئەگەر ئاستی دابین کردنی دارایی بەرنامەکانی نەک رێک و پێک بەڵکو هەر جارەی بە جۆرێک بێ کەڵک وەرگرتنی جاروبارە لە کاندۆم لە ئاکامدا هیچ لە ئامانجەکان وەدی نایەن، دەبێ وەک لەهەرجێیەک کە بگونجێ دابین کردنی دارایی بە جۆرێک بێ کەسەر ئەنجامەکەی ببێتە خۆبژێوی (خودکفایی) و بەخۆپشت ئەستوور بوون، لە و بارەوە دەتوانین یارمەتی یەک ملیۆن دۆلاری سندوقی دانیشتوانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە کووبا بەمەبەستی دامەزراندنی کارخەنەیەکی بەرهەمهێنانی حەبی پێشگیری بە نموونە بێنینەوە، ئە م کارخانەیە کە ساڵانە ٥٠٠ ملیۆن حەب بەرهەم دێنێ، لەوانەیە رۆژێک ئەم وڵاتە بکاتە خاوەنی کاڵایەکی تازە بۆ ناردنە دەرەوە.

ئەوەندەی نێونجی بەرهەمهێنانی منداڵ دێتە خوار، گرنگی خۆ بژێوی و بە خۆپشت ئەستوور بوونیش پتر دەبێ، هەروەک تۆم مریک راوێژکاری بەرزی بانکی جیهانی لە بواری دانیشتواندا دەڵێ: کاتێک نرخی بەرهەمهێنانی منداڵ تا رادەی دوو منداڵ بۆ هەر ژنێک کەم دەبێتەوە، پێویستی بەکەلو پەلی پێشگیری لە نێو ناچێ بەڵام زۆر جاری وا دابینکەرانی دارایی لە نێو دەچن و نامێنن.

تەنانەت لە روانگەی ئابووریشەوە، کۆنترۆلی خێزان یەکێک لە باشترین سەرمایەدانانەکانە لە بواری پەرەئەستاندندا، لێکۆڵینەوەیەک کەلە بەنگلادیش کرا، ئەو دەردەخا کە دەوڵەت بۆ پێشگیری لە بوونی هەر منداڵێک ٦٣ دۆلار خەرج دەکا، بەڵام سوودو ئاکامی ئەم سەرمایە دانانە نزیکەی ١٠ بەرامبەرە، هەر بەپێی ئەو تۆژێنەوەیە، بەرنامەی کۆنترۆلی خێزان لە بەنگلادش هەر ساڵێک پێش لە لەدایکبوونی ٨٩٠٠٠٠ منداڵ دەگرێ، هەر ئەم بەرنامەیەوای کردووە ساڵی ٥٤٧ ملیۆن دۆلار بۆ ئەم وڵاتە بگەرێتەوە، ئەوەش بەجێی خۆی کەلەو ژمارەیەدا ، ئاماژە بەو هەموو فشارە نەکراوە کەلەسەر سەرچاوەسروشتییەکان لاچووە.

لە ماوەی چل ساڵی رابردوودا، دانیشتوانی جیهان دوو بەرامبەر زیادی کردووەو دووریش نیە لە نیوەی دووهەمی سەدەی داهاتوودا، دانیشتوانی ٩.٥ملیارد کەسی ئێستای دنیا ، ببێتە دوو بەرامبەر، بەڵام بەهۆی زۆربوونی نەوەی منداڵ بەرهەمهێنی داهاتوو، ئێمە تەنیا چەند ساڵێکمان ماوە تافریای خۆمان بکەوین و پێشی ئەم دوو بەرامبەر بوونە بگرین. بۆ پێشگیری لە هەموو زیان و خەسارێک بۆ وێنە زیان و خەسار گەیشتن بە شوێنی ژیان و خەساری ئابووری و کۆمەڵایەتی کە دوو بەرامبەر بوونی دانیشتوان لەگەڵ خۆیان دێنێ، دەبێ هەر لە ئێستاوە کۆنترۆلی خێزانی جیهانی زۆر بە جیدی بگرین و هەر بەو چەشنەی گرنگی دەدەین بە هێندێک مەسەلەی وەکو بازرگانی و ئەمنییەتی نیزامی ، ئاواش گرنگی و بایەخ بدەین بەم مەسەلەیەو بەپەلە هەنگاوی بۆ بنێین، ئێمە لەو مەسەلەیە تێ بگەین یان نا، هەوڵدانی ئێمە بۆ سەقامگرتوویی دانیشتوان یان هێورکردنەوەی رەوتی زۆربوونی دانیشتوان یەکێک لە باشترین ئەو مزگێنیانەیە کە ئێمە دەتوانین بیدەین بە نەوەی داهاتوو.

## پەراوێزەکانی وەرگێر

١- مەبەست لە ئیسرائیل بە فەلەستین و ناوچە داگیرکراوەکانیشەوەیە، بەلام نووسەر نەیویستوە ناوی ئیسرائیل بێنێ.
٢- دەزگایە کە لە پێشەوەی منداڵدانی ژناندا بەمەبەستی پێشگیری لە منالبوون دایدەمەزرێنن.

## پەراوێزەکانی نووسەر:

١) بەرنامەی کۆنترۆڵی خێزان کە لە ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوییەوە دەستی پێکرد، زۆر سەرکەوتوو بوو. لە راستیدا بەرنامەرێژانی وڵات کە لە سەرەتای شۆڕشەوە نەک هەر مەسەلەی دانیشتوانیان پشت گوێ خستبوو، بەڵکو بە هۆی بەڕێوەبردنی هێندێک سیاسەتەوە وەک دانی زەوی بە خێزان پڕ دانیشتوانەکان، نەبردنی ئەو کەسانەی زیاتر لە دوو منداڵیان هەیە بۆ سەربازی و ...) هاندەری زۆربوونی دانیشتوان بوون، بە گرتنە پێشی ئەم سیاسەتە تازەیە تا رادەیەک هەڵەی پێشوویان قەرەبوو کردەوە. ئەم بەرنامە تازەیە لە لایەن هەموو بەڕێوەرانی وڵات پشتیوانی لێ کرا، هەموو خزمەتەکانی کۆنترۆڵی بنەماڵە بە خۆڕایی پێشکێش کرا. قورسایی و فشاری ئاوسان (تورم)، خەڵکی بۆ قبووڵ کردنی ئەم بەرنامەیە بە تەواوی ئامادە کردبوو.

٢) Grameen Bank، ئەم بانکە ئەزموونێکی زۆر سەرکەوتووی تێپەڕ کردووە، قەرزەکانی لە دەوروبەری ٥٠ تا ١٠٠ دۆلار و زیاتر دان و بەبێ تەشریفاتی بانکی و گرەو دانان دەدرێن بە داواکاران. تەنیا ئاگادار بوون لەو کارە کە کابرای خوازیاری قەرزەکە دەیەوێ ئەنجامی بدا. هەروەها ئامادەیی خەڵکی دێ بۆ زەمانەتی داواکاری قەرز، وەک مەرجی قەرزدان، دیاری کراون. ئەم ئەزموونە نیشانی داوە کە خەڵکی کەم داهات و زەحمەتکێش بەو بەرپرسیارەتییە دارایییە (متعهد مالی)ی خۆیان وەفادارن.

٣) لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا «پارێزگاران» هێزێکی سیاسی کاریگەرو بەدەسەڵاتن و بە توندی لە بیروبۆچوونە کۆمەڵایەتی، ئایینی و سیاسییەکانی خۆیان کە بەتەواوی کۆنەپەرستانەن، بەرگری دەکەن و بۆ پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی تێ دەکۆشن. زۆر لە ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمەریکا لە ریزی ئەوان دان. ئەوان بە بیانووی جۆراوجۆر لەگەڵ لە باربردنی منداڵ و هەر چەشنە یارمەتی کردنێک ، بە بەرنامەکانی کۆنترۆڵی بنەماڵە دژایەتی دەکەن. هەر بۆیەشە کە دانیشتوانی ئەمریکا رۆژ بە رۆژ زیاتر دەبێ. (دیارە کۆچکردنی خەڵکیش بۆ ئەوێ، دانیشتووانەکە بە نۆبەی خۆی زۆرتر دەکا) ، هەر ئەو تاقمە بە توندی پشتیوانی لە بودجە نیزامییەکانی ئەمەریکا و سیاسەتی داگیرکەرانەی زایۆنییەکان لە ئیسرائیلدا دەکەن.

سەرنەکەوتنمان لەو هەوڵەدا ئاکامی ئەوتۆی بەدواوە دەبێ کە لە ئاکامەکانی قەیرانە بازرگانی یان نیزامییەکانی ئێستا زۆر جیدیترن.

# ڕۆڵ و ڕەفتار و ئەرکی حزبەکان لە کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆدا

* د. ئەحمەد نەقیب زادە
و. گوهدار محەمەد

لە هەردوو دە ساڵەی ۱۹٥۰و۱۹٦۰دا قوتابخانەی وەزیفی (فۆنکشنالیزمFunctionalism) کە بە گشتی وبە شێوەیەکی ناسەقامگیر بەسەر زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا زاڵ بوو، بنەماکانی خۆی لە قوتابخانەی ئۆرگانیزمی «هێربرت سپێنسەر» (۱۸۲۰–۱۹۰۳) و بۆچوونی هولیزم یاخود تێڕوانینی سەرتاپاگیری «دورکهایم» لەگەڵ تیۆری هاوبەندییە ئۆرگانییەکەی ئەو وەردەگرت، فۆنکشنالیزم سەرەتا لە نێوان مرۆڤناسەکان (ئەنترۆپۆلۆژییەکان) بەتایبەت «براون سێتلاو مالینۆفسکی» (۱۸۸٤–۱۹٤۲)، «راد کلیف براون» (۱۸۸۱–۱۹٥٥) بایەخی سەند کە بەشێوەیەکی ڕەهاگەریانە (مطلق) باسیان لێوەدەکردو لە ڕوانگەیەکی بایۆلۆجیانەوە کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکانیان وەک بوونەوەرێک سەیر دەکرد کە پەیوەندییەکی جێگیرو دیاریکراو لەنێوان ئەندامەکانیدا هەیەو هەر ئەندامێک وەڵامێکی دیاریکراو پێشکەش بە ئەندامەکانی تر دەکات کە کۆی ئەم وەڵامانە دەبنە تەواوکەری یەکدی و بوونی ئەندامەکانیش پەیوەستە بەو وەڵامانەوە، بە واتایەکی تر، ئەگەر ئەندامێک نەتوانێت ئەو ئەرکەی لێی چاوەڕوان دەکرێت ئەنجام بدات، دەبێ لەناو بچێت. ئەم بۆچوونە ڕەقە (صلب) پاشان لەگەڵ تیۆرەکانی «کینگ مێرتۆن» هەموارکرا.

ئەرکی ئەندامە کۆمەڵایەتییەکانیش بەتەواوەتی دەستنیشان نەکراوەو تەنانەت لەوانەشە چەند توخمێکی ژیانی کۆمەڵایەتی بەبێ ئەوەی ئەرکە سەرەتاییەکانی ئەنجام دابێت... بەردەوام بێت لە ژیانیدا وەکو «چوار شەممە سوری» کە لە ئێرانی کۆندا لەسەر بناغەی ژیانی کشتوکاڵی و بە مەبەستی خاوێنکردنەوەی کێڵگەو باغەکان لە چیلکەدار، وەکو جەژنێکی نەتەوەیی ساز دەکرا، بەڵام ئەمڕۆ هەرچەندە هەندێ گۆڕانکاریش لە ژیانی ئێرانییەکاندا بەدی دەکرێت، هێشتاش ماوەو بۆتە مایەی تووڕەبوونی هەندێ لایەن. بە هەر حاڵ، ڕوانگەی وەزیفی (فۆنکشنالیزم) کە گرنگی بە ڕۆڵ و پایەو شوێنی ستراکتەر نادات و تەنیا تەماشای ئەرکەکان دەکات بەهۆی تیۆری «تالکۆت پارسونز»ەوە پەیوەندی لەگەڵ ستراکتەردا بەست و قوتابخانەی ستراکتەری- وەزیفی (ستروکتورو فۆنکشنالیزم)ی هێنایە کایەوە: بەپێی ئەم ڕوانگەیە، ئەرکەکان لە ستراکتەرەکان جیا نین و لە ڕاستیدا هەر ئەو پەیوەندییە بنەڕەتییانەی نێوان کەسەکان یاخود گروپەکان کە ستراکتەری کۆمەڵێک پێکدێنێت دەبێتە هۆی دروستبوونی ئەرکێکی تایبەتی و ئەرکەکەش لەگەڵ گۆڕانی ئەو پەیوەندییانە دەگۆڕێت.

روانگەی فۆنکشنالیزم لە دەیەی ١٩٦٠دا هاتە نێو زانستە سیاسییەکانەوەو کەسانێکی وەکو «گابریل ئەلمۆند»، «جێمز کۆلمەن» و «بینگام پاول» بەرگرییان لێکرد و چەند گۆڕانکارییەکی بەسوودی لە شرۆڤەکردنە سیاسییەکاندا لێکەوتەوە.

هەر لێرەشدا بوو کە ئەرکی حزبەکانیش بوو بەجێی بایەخپێدان. لەم روانگەیەوە حزبەکان وەکو دامودەزگای جیاواز یاخود تاک نەکەوتنە ژێر شرۆڤەکردنەوە، بەڵکو لە پەیوەندییان بە دەوروبەرەوە وەکو ئەکتەرانێک شرۆڤەکران کە رۆڵی جیاواز دەگێڕن لەناو ئەو کۆمەڵەیەی کە پێوەی بەستراونەتەوە، بە گشتی ئێمە ئەرکی حزبەکان دەکەینە دوو بەش: یەکەمیان، ئەرکە گشتییەکان کە پەیوەستن بە هەموو حزبەکان و جێی سەرنجی هەموو ئەو کەسانەن کە خاوەن تیۆرن و، دووەمیان تیۆرە جیاوازەکان لەبارەی ئەرکی حزبەکان کە ئەرکە شاراوەکانیش دەگرێتەوە.

## یەکەم: ئەرکە گشتییەکان

مەبەست لە ئەرکە گشتییەکان ئەو ئەرکانەن کە بەپێی مەنتیق لە هەموو شوێنێک لە حزبەکان چاوەڕوان دەکرێت.

بەم پێیە دەکرێ ئەرکی حزبەکان بۆ ئەرکی هەڵبژاردن (انتخاباتی) و کۆمەڵایەتی- پەروەردەیی دابەش بکرێت.

### أ- ئەرکی هەڵبژاردن:

لەبەرئەوەی حزبەکان پەیوەندییەکی راستەوخۆیان لەگەڵ دیاردەی هەڵبژاردندا هەیەو بۆ باشتر بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن دامەزراون، بۆیە زۆربەی ئەرکە سەرەکییەکانیشیان پەیوەستن بە سازدانی هەڵبژاردن: هەر وەک بەندی ٤ لە یاسای بنچینەیی کۆماری پێنجەمی فەرەنساو بەندی ٢١ی یاسای ١٩٤٩ی ئەڵمانیاش ئەم ئەرکەیان بۆ حزبەکان پێشنیاز کردووە، بۆیە دەکرێت -وەکو نووسەرێکی فەرەنسی-دەڵێت- ئەرکی حزبەکان دابەش بکرێن بۆ ٣ ئەرک [١]:

**١- دروست کردنی رای گشتی-** «حزبە سیاسییەکان لە رێگای بڵاوکردنەوەی زانیاری و دروستکردنی رای گشتی بەشداری لە پاراستن یان دروستکردنی ویژدانی سیاسی دەکەن» [٢] حزبە سیاسییەکان لە پێناوی رەزامەندی خوادا بەم ئەرکە هەڵناستن بەڵکو مەبەستیان پاڵپێوەنانی جەماوەرە بەرەو سندوقەکانی دەنگدان و هەڵبژاردنی پاڵێوراوەکانیان.

بەڵام ئەم مەبەستە حزبە سیاسییەکان دەگۆڕێت بۆ یەکێ لە باشترین مامۆستایانی وانە سیاسییەکان، ئەگەر حزب نەتوانێت بچێتە ناو هزرو بۆچوونی خەڵک، ئەوا ناتوانێت دەنگ بەدەستبێنێت و ئەم چوونە ناوەوەش پێویستی بە خستنەڕووی مەسەلەکان، بابەتەکان، ئایدۆلۆژیایەکان و دوای ئەویش روونکردنەوەی ئەم کەرستە سیاسییانە هەیە، بێگومان زۆر هەوڵی فریودەریش بۆ ئەم مەبەستانە دەدرێت، بەڵام حزبە رکابەرەکان دەست بە ئاشکرا کردنی ئەم هەوڵانە دەکەن و حزبی یەکەم ناچار دەکەن بۆ وەڵامدانەوەو دواتریش بۆ چاکسازیکردنی رەفتارەکانی. لەبەر ئەمەش حزب تەنها لە کەشوهەوای پێشبرکێ و ئازاد دا دەتوانێت گرنگترین رۆڵی خۆی بگێڕێت. ئەگەر هزرو بۆچوونە پەرت و بڵاوەکان یەک نەخرێن و بە ئاراستەیەکی یەکگرتوودا رێنمایی نەکرێن هیچ کات ناتوانن دەسەڵات بگرنە دەست و کاریگەریان لەسەر بریاردان هەبێت، بۆیەش، لە رەهەندی نەتەوەییەوە، پێشڤەبر (ئیجابی)ترین رۆڵی حزبەکان دروستکردنی پەیوەندی سیاسییە لە نێوان خەڵکداو پەروەردەکردنیانە، ئەمە جگە لە

دروستکردنی رای گشتی، هەڵبەتە هیچ کات هیچ حزبێک یاخود کۆمەڵە حزبێک ناتوانن بە تەواوەتی نیشاندەری هزر و ئیرادەی جەماوەر بن، بەڵام نابێت ئەوە لەبیر بکرێت کە دیموکراسی تەنیا کورتترین رێگایە لەنێوان ئیرادەی جەماوەر و حکومەت، نەک روخساری گونجانی تەواوی ئەو دووانە.

**٢- هەڵبژاردنی پاڵێوراوەکان:** بە ئەزموون دەرکەوتووە کە ئەو کەسانەی ئەندامی حزب یان گروپ یان رێرەوێکی سیاسی بووینە لەچاو ئەو کەسانەی کە ئەندام نەبوونە هەست و خوستوحەساسیەتێکی سیاسی زۆرتریان هەبووەو لە تاوتوێ و شرۆڤەکردنی رووداوە سیاسییەکاندا بە تواناتر بوونە.

کەسانێکی زۆر هەن کە ئاستێکی زانستی بەرزیان نەبووە بەڵام بە هۆی ئەندامبوونیان لە حزبێکدا -کە وەک زانکۆی سیاسەتی پراکتیکی وایە- بە ئاستێکی بەرز گەیشتوون، نموونەی ئەمەش «پییەر برێ گووا» سەرەک وەزیرانی پێشوی فەرەنسای لە کابینەی سۆشیالیستی میتەراندا کە لە سەردەمی کرێکاریدا بوو بە ئەندامی حزبی سۆشیالیست تا گەیشتە ئەو رادەیەی بووە سەرەک وەزیرانی وڵاتی فەرەنسا.

بەڵام بێگومان ئەمە نابێتە بیانوویەک بۆ هەڵبژاردنی بەرپرسی ناشایستە لە وڵاتانی جیهانی سێیەم کە ئەوان تەنیا بەهۆی ئەوەی چەند مانگێک لەلایەن رژێمی پێشووەوە زیندانی کراون، خۆیان دەکەن بە زانای سیاسەت، هەر چۆنێک بێت حزبەکان بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانیان، هەروەها بەڕێوەبردنی کۆمەڵایەتییانەی وڵات، کۆمەڵێکی لێهاتوو و شارەزا پەروەردە دەکەن کە بەبێ ئەوان داهاتووی هەر سیستەمێکی سیاسی ون و نادیارە. هەرچەندە وەک بینیمان هەندێک کەس وەکو «میخلز» بەرامبەر بەم جۆرە گروپانە رەشبین و دەڵێن لەوانەیە ئەم گروپانە شێوازێکی ئۆلیگارشییانە بەخۆیانەوە بگرن، بەڵام ئایا رێگایەکی تر هەیە تاکو کۆمەڵگا لە بەرەڵایی و سەرلێشێواوی بپارێزرێت؟ هەروەها «مۆریس دوڤێرژێ» پێناسەیەکی نوێی دیموکراسی دەکات کە شایەدی راستی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی ئەمڕۆیە: «حکومەتی دیموکراسی بریتییە لە حکومەتی خەڵک بەهۆی پاڵێوراوە هەڵبژێردراوەکانی خۆیانەوە» [٣]. هەروەها ئەم پاڵێوراوانە دەبنە زەمانەتێکی باش بۆ دەنگدەران و دەبنە جێی متمانەی رێژەیی ئەوان بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکان و باش بەڕێوەبردنی کارەکان.

**٣- رێکخستن و هەماهەنگکردنی کاری هەڵبژێردراوەکان:** لە راستیدا هەر ئەو رۆڵەی کە حزب لە دەرەوەی پەرلەماندا هەیەتی بۆ رێکخستنی رای گشتی، لەنێو پەرلەمان و لەنێوان پاڵێوراوەکانیشیدا دەیگێڕێت. پەیڕەوکردنی پاڵێوراوەکانی حزبێک لە سیستەمێکی تایبەت و دوورکەوتنەوەیان لە جیاوازی بیروڕا لەنێو پەرلەماندا دەبێتە هۆی جێگیری و روونی بابەتەکان و دیار بوونی لایەنەکان لە ناوەندی بڕیارداندا، بەڵام هەر وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، بارودۆخی حزبەکان لەم بارەوە جیاوازە. هەندێک لە حزبەکان وەکو حزبەکانی بەریتانیا چاودێرییەکی وردی رای پاڵێوراوانی خۆیان دەکەن؛ لەکاتێکدا کە ئەندامەکانی حزبە راستڕەوەکانی فەرەنسا لە هەڵبژاردنی هەڵوێستیاندا ئازادن و تەنیا بە ئیلتیزامێکی ئەخلاقی وازدێنن. شێوازی دەنگدانیش کاریگەری هەیە لەسەر پەیوەندی نێوان حزب و پاڵێوراو. ئەگەر بێتو هەڵبژاردن بەپێی دەنگدان بە حزب (لیستی حزب)بێت، ئەوا ئەندامی پەرلەمان پەیڕەوکەری راسپاردەکانی حزبە، چونکە چوونی ئەو بۆ نێو پەرلەمان لە ئەنجامی دەنگدانی

جەماوەر بە حزبەکەی ئەو بووە نەک بەخودی ئەو. ئەم بابەتە دەربارەی شێوازی دەنگدانی تاک ناویی (بولتنێک کە تەنیا یەک ناوی تێدایە) زۆرینەیی یەک قۆناغیش راستە، چونکە بردنەوە لەم حاڵەتەدا پەیوەستە بە ئیئتیلاف و یەکگرتنی حزبەکان، لەکاتێکدا کە لە شێوازی هەڵبژاردنی تاک ناوی زۆرینەیی دوو قۆناغیدا و لە شێوازی رێژەیی بە مافی هەڵبژاردنی ناوە جیاوازەکاندا، دەسەڵاتی حزب بەسەر ئەندامی پەرلەماندا کەمترە، لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا تا رادەیەکی زۆر رووداوەکانی نێو پەرلەمان روون و ئاشکران و لەنێو پەرلەماندا دەبنە هۆی رێکوپێک، هەروەها لە دەرەوەش دەبێتە هۆی ئاگاداربوون (لەوەی کە لەنێو پەرلەماندا روودەدات).

**ب) ئەرکە پەروەردەییەکان:**

حزبەکان لەگەڵ رێڕەوی گەشەکردنیاندا بەرەبەرە بوونەتە ئەکتەرێکی چالاک و هەمە کارە، کە بووە بە هۆی ئەوەی چەند ئەرکێکی بەرەبەرە گەورەتر بگرنە ئەستۆی خۆیان کە لە کاروبارەکانی هەڵبژاردن بەرزترن، «رۆڵی حزبە سیاسییەکان تەنیا بەکاتی هەڵبژاردن سنووردار ناکرێ، پەیامی حزبەکان بریتیشە لە ئامادەسازیی دەنگدەران بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیان لە رێگای پێشکەشکردنی هەندێ چەمکی تایبەت لە پەیوەندییە سیاسییەکاندا، جگە لەمەش حزبەکان بێجگە لە دەنگدەرانەوە ئەو کەسانەش دەکەنە ئامانجی خۆیان کە هێشتا نەهاتوونەتە ریزی دەنگدەران، لەوانە مێردمنداڵان و هەرزەکاران کە زۆربەی حزبە گەورەکان بۆ راکێشانیان هەنگاو دەنێن تاکو ئەگەر نەشهێنە ریزی خەباتکەرانی حزب، بەلایەنی کەمەوە دەنگدەرێکی داهاتووی حزب بن» [٤] هەر بۆیەش، پەروەردەکردنی سیاسی و هۆشیارکردنی جەماوەر و ئاگادارکردنەوەیان، لە ئەرکە حاشا هەڵنەگرو سەرەکییەکانی حزبەکانی سەردەمی ئێستان، لەگەڵ دوو نووسەری فەرەنسیدا ئەم رۆڵانە باس دەکەین:

**١) ئاگادارکردنەوە:** ئاگادارکردنەوەی هاووڵاتیان لە بڕیارو مەبەستەکانی دەسەڵاتی سیاسی یەکێکە لە ئەرکەکانی حزب. ئەم کارە لەوانەیە بۆ دوو مەبەستی جیاواز ئەنجام بدرێت: پشتگیری کردنی بڕیارەکانی دەوڵەت کە بە گشتی شێوازی کارکردنی سیستەمی تاکە حزبییە وەکو حزبی کۆمۆنیستی چین یان یەکێتی سۆڤییەتی پێشوو، یاخود رەتکردنەوەو رەخنەگرتن لەو بڕیارانەی کە لە سیستەمە فرە حزبییەکان و لەلایەن ئەو حزبانەوە دەدرێن کە نەیانتوانیوە لەدەسەڵاتدا بەشداری بکەن، لە سیستەمە داخراو و تۆتالیتەرەکاندا کە تاک حزبین، هیچ کات جەماوەر بە تەواوەتی لە چەندو چۆنی بڕیارو کێشەکان ئاگادار نابن، تەنیا لە سیستەمە فرە حزبییەکاندا دەکرێ پەردە لەسەر هەڵەکان لاببرێت، ئەویش بەهۆی زۆری سەنتەرەکانی دەسەڵات کە رکەبەرایەتی یەکتر دەکەن.

تەنانەت لەکاتی نەبوونی حزبە سیاسییەکانیشدا، هەبوونی دوو یان چەند لایەنێک قازانجە، ئەمڕۆ راگەیاندن پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە لەگەڵ سیستەمی چاپەمەنی کۆمەڵگادا، بە گشتی هەر حزبێک رۆژنامەی تایبەتی خۆی هەیە کە روونکەرەوەی راوبۆچوونەکانی حزبەو ئەندامانی حزبیش لە کڕیارە هەمیشەییەکانن، وەکو رۆژنامەی هیومەنیتە (Humanité) کە ئۆرگانی نیوە رەسمی حزبی کۆمۆنیستی فەرەنسایە، یان رۆژنامەی لیبراسیۆن کە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ لایەنە سۆسیالیستەکانی ئەو وڵاتە هەیە، ئەو وتوێژانەی کە لە نێو ئەم رۆژنامانەدا دروست دەبن و تەنانەت هەندێ جار

دەگاتە رادیۆ و تەلەفزیۆنی ئەو وڵاتەش، باشترین ئامرازی ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵگان، چونکە دروستی و نادروستی هەر هزرێک بەهۆی دژایەتیکردنی لەگەڵ هزرەکانی تردا دەکەوێتە بەر رەخنەو ئاشکرا دەبێت، خوێنەرانیش ئاگایان لەو فرت و فێڵ و شێوازانە هەیە کە حزبەکان بۆ بڵاوکردنەوەی زانیارییە هەڵەکان و بەدرۆ خستنەوەی یەکتری بەکاریدەهێنن، بەڵام هەموو ئەم لادانانە بەهۆی هۆشیاری کۆمەڵگا کاریگەرییان نامێنێت و حزبەکانیش چاردیان نامێنێت بێجگە لە راستگۆیی و دڵسۆزی. کاردسات ئەو کاتە روودەدات کە ئاستی هۆشیاریی سیاسی جەماوەر نزم بێت یاخود هەستەکانیان زاڵ بن بەسەر عەقڵیاندا! هەروەک چۆن گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن هیتلەرەوە شتێک نەبوو بێجگە لە سوود وەرگرتنی ئەو لە هەستە بریندارکراوەکانی خەڵک.

**٢- فێرکردنی تیۆری و کردەییانەی خەڵک و بەشداری پێکردنی سیاسییان-** فێرکردنی ئاپۆرەی هاووڵاتیان و پاڵپێوەنانیان بۆ بەشداریکردنیان لە کاروباری سیاسی لەو ئەرکانەیە کە بەرە بەرەو بەهۆی گەشەکردنی کولتووری سیاسی کەوتۆتە ئەستۆی حزبەکانەوە، پەروەردەکردنی سیاسی بە چەند رێگایەکی جیاواز دەکرێت کە چاپەمەنییەکان و رادیۆ و تەلەفزیۆن و قوتابخانەو زانکۆکان بە گرنگترین مەڵبەندو هۆکاری ئەو پەروەردەیە دەژمێردرێن، بەڵام پەروەردەکردن لە رێگای راگەیاندنەوە لەوانەیە تەنیا یارمەتی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی هاووڵاتیان بدات و پەروەردە زانکۆییەکان لە ئاستی پەروەردەی ئەکادیمیانەدا بمێننەوە، لەکاتێکدا کە پەروەردەکردنەکانی حزبی بە رێژەیەکی زۆر کردەوەیین و بە بەشداریکردنی سیاسی کۆتایی دێ: بەتایبەتیش کە چوون بۆ ناو گۆڕەپانی سیاسەت پێویستی بە ستراتیژ، تەکتیک و فرت و فێڵی تایبەت هەیە کە لە کۆڕو کۆمەڵە ئەکادیمییەکاندا کەمتر باسیان لێوە دەکرێت.

شێوەزاکانی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ رکابەر، سوود وەرگرتن لە ئامراز و تواناکان و بێ ئاکامکردنی هەوڵەکانی رکابەر، شتێک نین کە لەنێو کتێبی قوتابخانەکان یاخود چاپەمەنییەکاندا باسیان لێوە بکرێ وکرابێت و ئەگەر باسیش بکرێن تەنیا شرۆڤەکردنی ئەو کارانەیە کە لەلایەن گروپەکان و حزبەکانەوە ئەنجام دەدرێن. ئەمە هونەری خەباتی سیاسییە کە تەنیا بەهۆی کارکردن و فێربوونی بەردەوام لە سیستەمێکی سیاسیدا بەدەستدەهێنرێن. زۆر مامۆستای زانستە سیاسییەکان هەن کە هەر لەگەڵ هاتنیان بۆ نێو گۆڕەپانی کار، شکستیان خواردووەو تەنانەت نەیانتوانیوە ئەو شتانەش بەکاربهێنن کە فێری بووینە: لە کاتێکدا کە ئەندامە چالاکەکانی حزب و ئەوانەی لە نێو ئەزموونی حزبدا پوختەبووینەو لەگۆڕەپانی رووبەڕووبوونەوەدا ئەزموونیان هەیە باشتر لەوان ئاگاداری وردەکارییەکانی هەڵسوڕاندن و بەڕێوەبردنی کارەکانن.

**٣-ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی**-لەوانەیە ئەم ئەرکە لە ئاستە جیاوازەکان وەکو ئاستی تاکەکەسی، گروپی و کۆمەڵی ئەنجام بدرێت»[٥].

لە ئاستی تاکەکەسیدا-چوونی تاکەکەس بۆ نێوکۆمەڵگا یەکێکە لە شوێنەوارە لاوەکییەکانی ئەندامبوون لە حزبێک. لە بنەڕەتدا گواستنەوەی تاکەکەسان لە (سروشتەوە بۆ کولتوور)[٦] یەکێکە لە ئەرکەکانی هەموو گروپە کۆمەڵایەتییەکان. هەموو کات دەرهێنانی تاکە کەس لە جیهانی دوورەپەرێزی و بەستنەوەی بە گرفتەکانی کۆمەڵگا یەکێک بووە لە ئامانجەکانی گەشەسەندنی سیاسی، هەڵبەتە

پەیوەستبوونی تاکەکەس بەخێزان و هۆزیش جۆرێکە لە چوونە ناو کۆمەڵ، بەڵام جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە جۆری هۆزایەتی و بەوتەی (دورکهایم) هاوبەندی میکانیکی (التضامن المیکانیکي) و پەیوەندییەکانی ئەو کۆمەڵگایەی کەبە شێوەی ئورگانیکیانە تاک دەبەستێتەوە بە کۆمەڵگا. بۆیەش دەتوانین حزب بەیەکێ لە پسپۆڕانی گەشەسەندنی سیاسی دابنێین.

هەروەک دەبینین، یەکێک لە گرنگترین رۆڵی حزبەکانی ئەمەریکا ئەوەیە کە ئەو کەسانەی تازە هاتوونەتە ئەمەریکا لەگەڵ کۆمەڵگادا تێکەڵیان دەکەن، بۆ ئەو کەسانەی کەلە نەتەوەو وڵاتە جیاجیاکانەوە بۆ ئەمەریکا کۆچیان کردووەو ئێستاش کۆچدەکەن، حزب رێرەوێکی باشە بۆ ئەوەی بگەنە قووڵایی کۆمەڵگای ئەمەریکاو پاش ماوەیەکی کورت ببنە هاووڵاتییەکی هۆشیار. بەم جۆرە حزب لە ئەمەریکادا وەکو یەکێ لە ئامرازەکانی کوورەی تواندنەوە (Melting Pot) کار دەکات، ئەم رۆڵە دەتوانێت بۆ ئەو وڵاتانەی کە چەند نەتەوەیەکی جیاوازیان تێدایە بە ئامرازێکی باش دابنرێت بۆ ئاوێتەبوونی نەتەوەیی.

لە ئاستی گرووپیدا: بانگەشە گرووپییەکان و ئەو کێشانەی لێوەی سەرچاوە دەگرن هەمیشە یەکێک بوونە لە گرفتەکانی کۆمەڵگا پێشنەکەوتووەکان. حزب ئامرازێکە کە دەتوانێت زۆر لەم گرووپانە بگرێتە خۆی و بانگەشە بچووک و بێ بەهاکانیان بگۆڕێت بۆ بانگەشەی سەرتاپاگیر و نەتەوەیی، تەنانەت ئەگەر حزب، حزبێکی چینایەتیش بێت هیچ کات داواکارییەکانی چینی خۆی رووبەڕووی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان ناکاتەوە، بەڵکو وا پیشان دەدات کە بە تەواوەتی لەگەڵ بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان دەگونجێن.

لە ئاستی بە کۆمەڵدا: ئەگەر حزبەکان بتوانن جێگرێک بن بۆ هەموو ئەو کێشانەی لە رابردوودا هەبوون وەکو کێشە هۆزایەتییەکان، نەتەوەییەکان یاخود دابڕانەکانی تری کۆمەڵایەتی و ببن بە تاکە رێگای پەیوەندی لە نێوان هاووڵاتیان و کۆمەڵگاو لە نێوان هاووڵاتیان و حکومەتدا، ئەوکات دەتوانین بڵێین ئاوێتەبوونی نەتەوەیی و زۆربوونی ناوەندەکانی دەسەڵات و جۆراوجۆرێتی رێبازە هزرییەکان دروستبووە، ئەم پرۆسەیە بۆ ماوەیەکی زۆر ئامانجی لایەنگرانی گەشەسەندن بووە، بەڵام ئەمرۆ هەندێ گومان بەرامبەر بەوان دروستبووە. ئەم گومانە لە راستیدا بەشێکە لەو دوو دڵییە گشتییەی کە بەرامبەر بەهەموو رەگەزەکانی (مۆدێرنێتی) بەدی دەکرێت.

گومان لەوەدا نییە کە هێشتا وڵاتانی جیهانی سێیەم بەرژەوەندی خۆیان لە پەیڕەوکردنی هەمان پرۆسەدا (ئاوێتەبوونی نەتەوەیی) دەبیننەوە، چونکە دابڕانە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکان کە لە سەدەو چاخە کۆنەکانەوە بۆیان ماوەتەوە، رووبەڕووی زۆر کێشەی کۆمەڵایەتی و سیاسیان دەکاتەوە.

## دووەم: تیۆرە جۆراوجۆرەکان لە بارەی ئەرکی حزبەکانەوە

### ١- تیۆری (گابریل ئەلموند) دەربارەی ئەرکی کۆکردنەوە (التجمیع):

ئەلمۆند وپاوول لە کتێبی (سیاسەتی پراکتیکی)دا [٧] بە دروستی روونیدەکەنەوە کە تەنانەت لە کۆمەڵگا زۆر پێشکەوتووەکانیشدا حزبە سیاسییەکان ئەرکی زۆر وجۆراوجۆریان گرتۆتە ئەستۆ کە پێشتر چاوەڕوانی ئەوەیان لێنەدەکرا. دەکرێ ئەم ئەرکانە بەم شێوەی خوارەوە دابەش بکەین:

١- حزبە سیاسییەکانی لە ڕێی چاودێری یاخود چوونە ناو ناوەندەکانی دەسەڵاتەوە بەشداری دەکەن لە جێبەجێکردنی ئەرکە حکومییەکان و لە دانان و پراکتیزەکردنی بنەماکاندا.

٢- حزبە سیاسییەکان لە نێوان ستراکتەرە گەیاندنییەکانی دیکە باشترین دەروازەن بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی پەیوەندییەکان.

٣- هەروەها حزبەکان لە ڕێگای بە کۆمەڵایەتیکردنی سیاسەت و وەرگرتنی ئەندام کاریگەرییان لەسەر پاراستنی ڕژێمی سیاسی و گونجاندنی لەگەڵ دەوروبەردا هەیە، لەم بارەیەوە ئەم نووسەرانە ئاماژە بە دوو جۆر لە بە کۆمەڵایەتیکردنی سیاسەت دەکەن کە یەکەمیان لەسەر بەهێزکردنی ئەو کولتوورە سیاسییە دامەزراوە کە لەناو کۆمەڵگادا هەیەو لە ئەنجامیشدا زامنکەری بەردەوامبوونی سیستەمی سیاسییە و، ئەوی تریان لە سەر چاککردنی ئەو نموونە کولتوورییانە بنیاتنراوە کە لە کۆمەڵگادا هەن بەبێ ئەوەی کێشەیەکی وا دروست ببێت کە ببێتە هۆی دابڕانی خەڵک لە یەکتری. لەوانەیە چالاکی حزبەکان ببێتە هۆی گۆڕانی کولتووری سیاسی لە یەکێ لە ڕەهەندە بەرهەستەکی (ئیدراکی)، سۆزەکی (عاتیفی)، هەروەها بەهاییەکان، بەرهەستەکی، لەبەرئەوەی کە حزبەکان خۆیان لە بارەی گرفتە نەتەوەییەکان سەرچاوەی ئاگادارکردنەوەن، سوزەکی، لەبەرئەوەی بەشداریکردن لە چالاکییە سیاسییەکان هەستی پەیوەستبوون بە کۆمەڵەی نەتەوەیی زیاد دەکات و نیشانەکانی حزب وەکو ئارم یاخود دروشمە حزبییەکان، هەروەها کەسایەتی سەرۆکی حزب، پێویستییە ڕۆحی و ئیحساساتییە شاراوەکانی ئەندامەکان دەستەبەر دەکات و، بەهاییش، لەبەرئەوەی کەحزب هەندێ بابەت و پێوەری تایبەتی بۆ مەزندەکردن و بەراوردکردنی ڕاستییە سیاسی و ئابوورییەکان پێشکەش بە تاکەکەسان دەکات و هەندێ جاریش بەهۆی ئایۆلۆژیایەک تاکەکان دەباتە نێو سیستەمێکی بەهایی نوێوە.

٤- لە هەمووی گرنگتر، ئەوەیە کە حزبە سیاسییەکان هاوکارییەکی زۆری دوو (پرۆسەی گۆڕان)ی بنچینەیی دەکەن، یەکێکیان بە یەکەوە گرێدانی بەرژەوەندییەکان و (لەم ئاستەدا تەواوکەری ئەو گروپانەن کە لەسەر بناغەی بەرژەوەندی دامەزراون) و ئەوی تر کۆکردنەوەی بەرژەوەندییەکان کە یەکێکە لە ئەرکە سەرەکییەکان لە سیستەمە نوێکاندا. سیستەمە سیاسییەکان لەناو سیستەمە کۆمەڵایەتییەکاندا، ڕووبەڕووی دوو دەروازەی (Input)ی سەرەکی دەبنەوە؛ واتە پشتگیری(Support) و داواکاری(Demand) لەلایەن دەوروبەرەوە کە دەبێت بیانکەن بە بڕیارو کردەوە، ئەم پرۆسەیە لە سێ قۆناغی سەرەکی پێکدێت، سەرەتا «بەیەکەوە گرێدان» واتە ڕێکخستن و بەرقەرارکردنی پەیوەندی لەنێوان ئەو داواکارییانەی کە بەتایبەتی لەلایەن گروپەکانی بەرژەوەندی (جماعات المصالح) تایبەت دەخرێنەڕوو، پاشان کۆکردنەوەی ئەم داواکارییانە بەهۆی حزبە سیاسییەکانەوە بە مەبەستی وەکویەککردن و هەماهەنگکردنی داواکارییە پەرتوبڵاو و خاوەکان لە قالبی دامەزراوە پێکهاتەییەکان و لە کۆتاییشدا دەرکردنی حوکمی بنەبڕی حکومەت (Rule-Making Choices) لەسەر بنەمای هەردوو پرۆسەی ناوبراو.

حزبە سیاسییەکان ڕۆڵێکی سەرەکی لەم پرۆسەیەدا دەگێڕن، چونکە هەمەچەشنی و جۆراوجۆرێتی داواکارییە تایبەتییەکان بۆ چەند بابەتێکی گشتی دەگۆڕن و بۆ ناوەندی بڕیاردان دەیانگوێزنەوە، ئەم ڕۆڵە، حزبە سیاسییەکانی بۆ هەڵقەیەک لە

نێوان کۆمەڵگاو دەسەڵاتی فەرمانڕەوا گۆڕیوە، هەروەها لە بڕیاردانیشدا، ئەرکی حکومەت زۆر سووکتر دەبێت، چونکە ئەگەر وانەبێت بڕیاردەران خۆیان لە بەرامبەر کۆمەڵێکی زۆری داواکارییە دژو جۆراوجۆرەکاندا دەبیننەوە کە توانای بڕیاردانیان لێدەستێنێتەوە.

نەبوونی ئەم هەڵقەیە لە نێوان کۆمەڵگاو حکومەتدا، زۆرجار بۆتە هۆی سەرگەردانی دەسەڵاتداران و دەرکردنی بڕیارێک کە لە ئەنجامدا بە زیانی خۆیان تەواو بووە، لەبەرئەوەی هەبوونی زانیاری لە بارەی کەشی سیاسی و ئەوەی کە لە ناو کۆمەڵگادا روودەدات بۆ هەر رژێمێکی سیاسی زۆر گرنگە و مایەی بەردەوامبوونیەتی، دەسەڵاتداران دەبێ پێش دەرکردنی بڕیارەکەیان لە دژەکارو بۆچوونی جەماوەر ئاگاداربن، ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی کە لە نەبوونی رژێمێکی حزبیدا سوود لە شێوازی سەرسوڕهێنەری وەکو بلاوکردنەوەی پڕۆپاگەندە وەربگرن. دیارە کە ئەم شێوازە ناتوانێت ویستی راستەقینەی جەماوەر دەربخات. پێکولکردنی باڵێک لە دەسەڵاتدارانی نێران لەسەر دامەزراندنی حزب هەر لەم پێویستییە سەرچاوە دەگرێت، بێجگە لە حەزکردن لە جێگیرکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان، لەکاتێکدا کە لایەنی تر کە بەبێ بەڵگە لە بارودۆخی جێگیری خۆی دڵنیایە، ئەم کارە بە پێویست نازانێت. روون و ئاشکرایە کە حزبە سیاسییەکان و بە گشتی بوونی کۆمەڵگایەکی مەدەنی خاوەن بونیاد لە پێش هەموو شتێک سوودی دەزگای حکومەتی تێدایە، چونکە دەبێتە هۆی زیادبوونی توانای وەڵامدانەوەی رژێم بۆ فشارەکانی دەوروبەر. رەچاوکردنی ئەم خاڵە دەگەڕێتەوە بۆ هۆشیاری و باوەڕی دەسەڵاتداران لەبارەی گرنگی رۆڵی چارەنووسسازی جەماوەر لە دامەزراندن و شەرعیەتدان بە رژێمێکی سیاسی. ئەگینا حکومەتە دابڕاوەکان لە جەماوەر و چەوسێنەرەکان زۆر رەچاوی ئەم خاڵە ناکەن.

بەهەرحاڵ (ئەلمۆند)و (پاوول) حزبە سیاسییەکان وەکو ستراکتەری پسپۆڕیی کۆکردنەوە لە کۆمەڵگا نوێیەکاندا دەبینن.

ئەم کۆکردنەوەیە (تجميع) لەوانەیە ببێتە هۆی دروستبوونی چەند شێوازێکی جۆراوجۆر: شێوازی گفتوگۆیە پراگماتیستییەکان وەکو ئەوەی لە وڵاتە یەکگرتووەکان و بەریتانیادا هەیەکە تێیدا پێکهاتن و ئاشتەوایی زاڵە بەسەر لایەنە ئایدیۆلۆژییەکاندا، یاخود شێوازی ئایدیالی ئاناشتییانە کە لەکۆماری (ڤایمار)ی ئەڵمانیا (١٩١٩-١٩٣٣)یان کۆماری چوارەمی فەرەنسادا (١٩٤٦-١٩٥٨) پەیڕەودەکراو حزبەکان پێیان لەسەر هەڵوێستە ئایدیۆلۆژیکیەکانی خۆیان دادەگرت، هەروەها شێوازی تەقلیدی کە تیایدا حزبەکان بنەما تەقلیدی و کۆنەکانیان پەیڕەو دەکرد بۆئەوەی کاریگەریان هەبێت لەسەر دامەزراندنە سیاسیەکانی (**) داهاتوودا، ئەم شێوازە لە بەریتانیا لە سەدەکانی ١٧و١٨دا باو بوو. بۆیە دەبێ لەوە ئاگادار بین کە بناغەی ئەرکی بەکۆمەڵکردن لەمەڕ هەموو حزبەکان راستە بەڵام چۆنایەتی دەستەبەرکردنی، گرێدراوە بە نەریتە کولتوورییەکان بەتایبەت رێژەی دووربوونی ئایین لە دەوڵەت.

ب) تیۆری «پیتەر میرکل» لەبارەی ئەرکە دەوڵەتییەکانی حزبەکان: «پیتەر میرکل» ئاماژە بە چەند ئەرکێکی حزبەکان دەکات کە خۆی لەخۆیدا کۆکردنەوەی بۆچوونەکانی ترە [(٨)]:

١- ئەندام وەرگرتن و دانانی کەسانی شیاو بۆ پۆستەکانی حکومەت یان بە واتایەکی تر پەروەردەکردنی سەرپێاردە سیاسییەکان.

٢- دارشتنی بەرنامەو سیاسەتەکانی حکومەت.

٣- هەماهەنگی و چاودێریکردنی دامەزراو و ڕێکخراوە حکومییەکان.

٤-ئاوێتەکردنی کۆمەڵایەتی دەستەوکۆڕ و کۆمەڵەکان لە ڕێگای ڕازیکردن و ئاشتکردنەوەی داواکارییە گروپییەکان، یاخود لە ڕێگای دروستکردنی سیستەمێکی ئایدیۆلۆژییانەی هاوبەش، بەو مانایەی کە گروپێکی کۆمەڵایەتی تێکەڵ بە کۆمەڵێکی گەورەتر بکرێت.

٥-ئاوێتەکردنی کۆمەڵایەتی تاکەکەسان لە ڕێگای ئامادەسازی ئەوان و بە کۆمەڵایەتیکردنی سیاسەت بەو واتایە کە تاک هاوبەندی بەرژەوەندی یان بڕوایی لەگەڵ گروپێک دروستبکات و لە ڕێی ڕاکێشانی بۆ نێو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەی کۆمەڵ دەربێت، هەروەها بەم جۆرە بە کۆمەڵایەتیکردنی سیاسەت یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکانی حزبەکان.

٦-ڕۆڵی دژە ڕێکخراوەیی یاخود تێکدەرانەی حزب: ئەم ڕۆڵە کە لە ڕاستیدا لە رووی چاودێری و یەک پارچەیی حکومەتییەوە بە ڕۆڵێکی دژە ئەرکی دەژمێردرێت، تایبەتە بەو حزبانەی کە ناتوانن بچنە نێو ستراکتەری سیستەمەوە بەڵام لە هەڵسوکەوتکردندا لەگەڵ ئەواندان، بۆیە بەبۆچوونی مێرکل، ئەم حزبانەش بەگشتی ئەرکێکی وەزیفەییانە(فۆنکشنالیستیانە)یان هەیە؛ چونکە دەتوانن بۆ ڕێگرتن لە شۆڕشێکی گشتی یان ڕاپەڕینێک ڕۆڵی کلاورۆژنەیەکی دڵنیایی بگێڕن.

ج- تیۆری (کینگ مێرتۆن) لە بارەی ئەرکە شاراوەکان: مێرتۆن بە خستنەڕووی ئەرکە شاراوەکان خزمەتێکی گەورەی بە تیۆری فۆنکشنالیزم کرد، چونکە تا ئەو کاتە زۆربەی لێکۆڵەرەوەکان تەنیا ئاگاداری ئەرکە ئاشکراو ڕاگەیەنراوەکانی سیستەم و دەزگاکان بوون، بەڵام تیۆری ئەرکە شاراوەکان هزری لێکۆڵەرەوەکانی بۆ گۆشەو قووڵاییەکانی ئەو کارانە ڕاکێشا کە دەزگاکان بەرەبەرە ئەنجامیان دەداو لە پێش چاوی لێکۆڵەرەوەکان شاراوەبوو. دەزگا و ڕێکخراوەکان وەکو گیانلەبەرەکان گەشەدەکەن و لە ڕێی گۆڕانکاریەکانیاندا بەپێی هەلومەرجی دەوروبەرو سەردەمیان هەندێ ڕۆڵی ئەوتۆ دەگێڕن کە هەرگیز لە سەرەتا چاوەڕوان نەدەکران و داواکاری ئەو کەسانەش نەبووە کە ئەندامی ئەو دەزگا و ڕێکخراوانەن. بەبۆچوونی مێرتۆن،ئەو ئەرکانەی لە پێکهاتەیەک، ڕێکخراوێک یاخود دەزگایەک چاوەڕوان دەکرێت و لەمەبەستی هۆشیارانەی سیاسەتمەدارانی ئەودا هەبووەو تەنانەت لە پەیڕەو پرۆگرامەکەیدا هاتووە، ئەرکی ئاشکران. بەڵام ئەرکە شاراوەکان ئەو ئەرکانەن کە مەبەستی دامەزرێنەرەکانی حزبەکان نەبوونەو لەسەرەتاشدا بە خەیاڵی کەسدا نەهاتوون و تەنیا لە گۆڕانکارییەکانی دواتردا دێنە پێش و دۆزینەوەی ئەوانیش پێویستی بە تێڕامانێکی تایبەت هەیە کە بەگشتی لە لێکۆڵەرەوە قووڵاییبینەکان چاوەڕوان دەکرێت[٩].

مێرتۆن ئەم لێکجیاکردنەوەیە لە بارەی حزبەکانی ئەمەریکا بەکاردێنێت و ئاگادارمان دەکاتەوە کە زۆر جار سێ ئەرک لە ئەرکەکانی حیزبە ئەمەریکییەکان پشتگوێ دەخرێن:

یەکەم: ئەوەیە کە حزبەکانی ئەمەریکا لە ڕێگای کادیرە ناوچەییەکانی خۆیانەوە کە لە هەرقۆناغێکدا هۆکاری پەیوەندیی ڕاستەوخۆو بەردەوامی حزبن لەگەڵ دەنگدەران و کێشەو داواکارییەکانی ئەندامان ڕەچاو دەکەن و یارمەتی هەژارەکان دەدەن، ڕۆڵێکی گرنگی کۆمەڵایەتی دەگێڕن کە ئەویش بە

مرۆڤايەتيكردن و تايبەتيكردنی پەيوەندييەكانی ناو حزبە.

كاديری حزب دەبێت دۆستی تاك تاكی ئەندامانی حزب بێت، لە كاروباری دادوەريدا لەگەڵيان راوێژ بكات و، لە كاروبارەكانی وەكو كڕينی ئەوراقی بەهادار(Negtiable Papers)، سوودوەرگرتن لە هاوكارييە حكومی يان ناحكوميەكان، ناونووسكردنی منداڵانی ئەندامان لە قوتابخانەكاندا و لە كاروباری تردا ڕێنوێنی و هاوكاريان بكات، ئەم كارانە نەتەنيا ناشيرين نين بەڵكو لە كۆمەڵگايەكی ناشەخسی و بە ئامێركراو، بە هاتنەوەی دووبارەی ڕەگەزی مرۆڤ بۆ نێو كۆمەڵگا دەژمێردرێت و نيشاندەدات كە حزب ئاگای لەو خاڵە هەيە كە دەنگدەريش پێش هەموو شتێك مرۆڤەو، لەرستەيەكدا دەتوانين بڵێين هەر كەسێك لەگەڵ كێشەو ئارەزووە تايبەتييەكانی خۆيدا دەژيت، ئەم پێداويستييانە لە رابردوودا بەهۆی دەزگا تەقليدييەكان وەكو خێزان و هۆز دەستەبەر دەكران، بەڵام ئەمڕۆ تاك هەست بە جێگای ڤاڵای ئەوان دەكات و ئەگەر حزب بتوانێت بە دڵسۆزييەوە وەڵامی ئەم پێداويستييانە بداتەوە، دەبێتە باشترين ڕێگا بۆ پاراستنی وەفاداری ئەندام بەرامبەر بە حزب.

دووەم: ئەوەيە كە خودی سيستەمی حزب دابينكەری ئيمتيازاتە سياسييەكانيشە، كە خۆی دەبێتە هۆی بەديهاتنی دەسكەوتە ئابوورييە يەك لە دوای يەكەكان. حزبەكان بە گشتی لە بەرژەوەندی ئەو دامەزراوانەدا كاردەكەن كە پێويستيان بە پشتگيری سياسی هەيە و ڕێگايان بۆ دەكەنەوە، بڕوای مێرتۆن وايە كە ئەم كارە خۆی لە خۆيدا جۆرێكە لە عەقلانيكردنی پەيوەندييەكانی نێوان كاروبارە گشتييەكان و كاروبارە تايبەتيەكان. حزب وەكو ئەكتەرێكی سياسی ڕۆڵی باڵيۆزی بازرگانی تايبەت لە لای دەسەڵاتداری بێگانە لەگەڵ ئەودا واتە حكومەت دەگێڕێ. لايەنەكان لەم مامەڵەيەدا سوود لە گۆڕينەوەی كەرەستەی سياسی واتە پشتيوانی حزب بە كەرستەی ئابووری وەردەگرن، واتە هاوكاری دامەزراوەی وابەستە بە حزب .

سێيەم: ئەوەيەكە خودی سيستەمی حزب لە ڕێگای ئامادەسازيی كۆمەڵايەتی گۆڕەپانی شەقامەكان بە رووی بێچارەكان دەكاتەوە، هەروەك پێشتر ئاماژەی پێكراوە ئەو كەسانەی بە هۆی رەسەنايەتی نەژادی ياخود پەيوەستبوون بە چينێكی نزمتر توانای پێشكەوتنی كۆمەڵايەتييان نەبووە لە ڕێگای حزبەوە بە كۆمەڵگاوە دەبەسترێنەوەو بەشداری لە پرۆسەی گۆڕانكارييە كۆمەڵايەتييەكان دەكەن و هەرلەم ڕێگايەشەوە لە رووی تاكەكەسييەوە پێش دەكەون.

مێرتۆن بە تەواوی لەو باوەڕەدايە كە هەر ئەم ڕۆڵ و ئەركانە هۆی مانەوەی حزبەكانی ئەمەريكان، نەك ئەركە ئاشكراكانيان وەكو ئەنجامدانی هەڵبژاردن و چالاكييە سياسييەكان، لە دوای ڕاپۆرتەكانی مێرتۆن، كۆمەڵناسان گرنگييەكی زياتريان بەم ڕۆڵە شاراوانە دا، لێكۆڵەرەوەيەكی فەرەنسی لە لێكۆڵينەوەيەكدا بۆی دەركەوت كە ڕێژەيەك لەو ئەندامانەی تازە هاتوونەتە نێو حزبی كۆمۆنيستی فەرەنسا پاش ساڵێك پەيمانی هاوسەرێتی بەيەكتر دەدەن.

لە كۆمەڵگايەكی بەربڵاو وپەرگەندە كە دۆزينەوەی هاوسەرێكی شياو كارێكی ئاسان نييە و زۆربەی نووسينگەكانی دۆزينەوەی هاوسەريش تەنيا بير لە پڕكردنەوەی گيرفانی خۆيان دەكەنەوە، دەتواندرێت وا لێكبدرێتەوە كە دۆزينەوەی هاوسەر بە بەلاش يەكێكە لە ئەركە شاراوەكانی حزب، خاڵی سەرەنجراكێش ئەوەيە كە ڕێژەيەك لەم كەسانە پاش

ژنهێنان یان مێردکردن لە حزب دەردەچن، وەک بلێیی بە ئامانجی سەرەکی خۆیان گەیشتوون.

**د- تیۆری (جۆرج لاڤاو)** لە بارەی نواندنی رۆلی کلاورۆژنەی دلنیایی لەلایەن هەندێ حزبەوە[١٠]: (جۆرج لاڤاو) سیاسەتناسی فەڕەنگی بە ئیلهام وەرگرتن لە مێرتۆن دەستی کرد بە پشکنینی رۆلی ئەو حزبانەی کە لە رووی تیۆرییەوە دوژمنی سیستەم و بەهاکانین، بەڵام هەر ئەم حزبانە دەبنە هۆی بەردەوامبوون و بەهێزبوونی سیستەمی سیاسی. بۆچوونی لاڤاو زیاتر بۆ لای حزبە کۆمەنیستەکان دەگەڕایەوە کە لە وڵاتە سەرمایەدارەکاندا چالاکی دەنوێنن.

بەپێی تیۆری مارکس، پرۆلیتاریا (هەڵبەتە حزبی پێشەنگی ئەو واتە حزبی کۆمۆنیست) دوژمنی سەرمایەداری و بەهایەکانیەتی و تەنانەت بۆ ساتێکیش دژی سەرمایەداری دەست لە خەبات هەڵناگرن.

لاڤاو بەسەرنجدانێک لە ئەرکی حزبی کۆمۆنیستی فەڕەنسا بە وردی تێدەگات کە دەتوانێت ئەرکی ئەم حزبە بە ئەرکی تریبونەکانی پۆلبەکان لە کۆماری رۆمای دێریندا بچوێنێت، کۆمەڵگای رۆمای دێرین دابەشدەبوو بۆ دوو چینی سەرەکی: پاتریسیەنەکان (ڤاکونیسەکان) واتە گەورەکان و پۆلبەکان واتە ئاپۆرەی جەماوەر. هەموو پۆستەگرنگەکان وەکو ئەندامێتی پەرلەمان، نوێنەرایەتی، پرایتۆری یان دادگەری لە دەستی پاتریسیەنەکاندابوو، پۆلبەکان تەنیا قوربانیدەربوون. هەرکات هێرشێک دەکرا، دەوڵەمەندەکان خۆیان بەلاوە دەناو پۆلبەکانیان بۆ شەڕکردن لە دژی دوژمن دەناردنە پێشەوە، پۆلبەکان سوودیان لەم چەکە وەرگرت و چەند ئیمتیازێکیان بەدەست هێنا، لەوانە تریبونەک کە نوێنەریان لە رێگای ئەوەوە دەیتوانی ویستەکانیان رابگەیەنێت و لە هەندێ کاروباریشدا ناوبژیوانی بکات، تریبون بە تەواوی پارێزراو بوو، بەڵام پۆلبەکان هەرگیز نەیانتوانی دەسەڵات بگرنە دەست و دلخۆشییان بە تریبونەکەیان لە بەرژەوەندیی پاتریسیەنەکاندا بوو، چونکە ئەم دلخۆشییە بەربەستێک بوو لە بەردەم بیرکردنەوەیان لە شۆڕش و وەکو کلاورۆژنەیەکی دلنیایی بوو و نەیدەهێشت رووداوی ناخۆش و تاڵ رووبدات.

جۆرج لاڤاو سەرنج دەدات کە کۆمۆنیستەکان لە کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکاندا هەرگیز ناتوانن دەسەڵات بگرنە دەست بەڵام بوونیان دەبێتە هۆی ئەوەی هیچ رێبازێکی مەترسیدار و نهێنی یاخود هیچ دەستەیەکی تیرۆریستی دروست نەبێت، هەروەک چۆن سەرهەڵدانی دەستەی (بادر ماینهۆف) لە ئەڵمانیا دەرەنجامی نایاسایی بوونی حزبی کۆمۆنیست بووە لەم وڵاتەدا.

بۆیەش بوونی حزبێکی شۆڕشگێڕو دژی سیستەم، لەلایەک رۆلێکی دلنیاکەری وەکو ئەم رۆلە دەگێڕێت و دەبێتە هۆی جێگیربوون و بەردەوامبوونی سیستەمی سیاسی و لەلایەکی ترەوە مەشروعیەتی سیستەم زیاتر دەکات، چونکە ئەو رژێمە سیاسییەی کە بتوانێت دەرفەتی چالاکی بە حزبەکانی تر بدات لە راستیدا هێزو دەسەڵاتی خۆی پیشان دەدات و رادەی پابەندبوونی خۆی بە دیموکراسی دەردەخات. لەم روانگەیەوە ئەو دەرەنجامەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەم جۆرە حزبانەی مادامەکێ نەگەنە رێز دەسەڵات وەرگرتن ئەرکێکی وەکو ئەرکی تریبونی پۆلبەکانیان لە ئەستۆ دەبێت و ئەگەر رۆژێک لە رۆژان تێکەڵ بە رژێمی سیاسی بن ئەم ئەرکە لە دەستدەدەن و ئەرکی حزبە وەفادارەکانیان دەبێت؟ هەروەک چۆن

هاوکاری حزبە کۆمۆنیستەکانی ئیتالیا لەگەڵ رژێمی سیاسی ئەو وڵاتە هۆی سەرەکی سەرهەڵدانی بریگادی سوور(ألوية الحمراء) بوو.

### ٣- سیستەمی کارو ستراتیژیەتی حزبەکان

هەروەکو ئاماژەمان پێکرد هەر حزبێکی سیاسی وەکو کۆمەڵگایەکی بچووکی سیاسی وایە کە هەموو پەیوەندییە سیاسییەکانی کۆمەڵگای سیاسی بە ئەندازەیەکی بچوکتر تێدا بەدی دەکرێ. بەڵام لەلایەکی ترەوە سەرکردایەتی حزبیش لە جیاتی حکومەتی ئەو کۆمەڵگا بچووکە کار دەکات کە لە هەمان کاتدا دەتوانێت بە حکومەتی بەهێزی کۆمەڵگای نەتەوەیی بژمێردرێت.

چونکە مەبەستی هەر حزبێکی سیاسی دەسەڵاتی سیاسی گرتنە دەست و دەست بەسەراگرتنی دامودەزگا حکومییەکانە، بۆیە حزبیش وەکو سیستەمی سیاسی خاوەنی سیستەمێکی کردەوەیی، ستراتیژی و لەوتەیەکدا رژێمی سیاسییە. زاراوەی رژێمی سیاسی کە لە کۆمەڵگادا بە زۆری بە شێوەیەکی پاشقەبرانە(سلبيانه) بەکاردەهێنرێت(وەکو رژێمی داگیرکەری فەلەستینی داگیرکراو) بریتییە لە شێوەکارکردنی رژێمێکی سیاسی و بەهیچ شێوەیەک واتایەکی پاشقەبرانەی لێناکەوێتەوە.

هەر بەم پێیەش دەتوانین وا هزر بکەینەوە کە هەر سیستەمێکی سیاسی بە ناچاری خاوەنی رژێمێکی تایبەتە. بەڵام پێچەوانەکەی هەمیشە راست نییە؛ بەو واتایەی کە هەر رژێمێکی سیاسی لەوانەیە چۆنیەتی بەرێوەبردنێکی کاتی و بێ بناغەی کۆمەڵگایەک بێت کە نەیتوانیوە لەسەر بناغەی شەرعیەت و پایەداری بگاتە سیستەمێکی سیاسی باوەڕپێکراو. ئەگەر بۆ نموونە سیستەمی گەرمایی خانوویێک بە سیستەمێک دابنێین، چۆنیەتی رێکخستنی هاتن وچوونی ئاوی گەرم و سارد و کاتەکانی ئیشکردنی سیستەمەکەو ئەو رێگایانەی کە بۆ باشتر کارکردنی ئەم سیستەمە بەکار دەهێنرێت، بە رژێمی ئەو سیستەمە دادەنرێت، هەبوونی بەرنامەی تایبەت لەلایەن حزب و بەردەوامبوونی لەسەر ئەو ئامانجانەی کە راگەیەنراون کارێکی سروشتییە، بەڵام ئەو رێگاو شێوازانەی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی دەیگرێتە پێش پێویستی بە زنجیرەیەک پیلان و هەنگاونان هەیە کە لەستراکتەر، ئایدیۆلۆژیا و بەتایبەتی بۆچوونی سەرکردەی حزبەکانەوە سەرچاوە دەگرن، لێرەدایە کە ئەو ئامرازانەی حزب بەکاریان دێنێت شێوەی کارکردنی لە گۆڕەپانی سیاسەتدا دەخەنەروو.

ئەم بابەتە بەتایبەتی سەرنجی بەرپرسە سیاسییەکانی رکابەر رادەکێشێت تاکو بتوانن بەپێی ئەوە چاودێری کارو کاردانەوەی حزبەکە بکەن و رێگای پێویست هەڵبژێرن.

#### ۱) لایەنە تیۆریەکان

لە راستیدا پێش مەرجی تیۆرییەکانی کاری سیاسی، بوونی رکابەرایەتی و خەباتی بێ وچانە لەنێوان تاکە کەسان و دەستە سیاسییەکان بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات، ئەم خەباتە تا رادەیەکی زۆر وەکو خەباتی سەربازی وایە، بۆیە پێویستی بە ستراتیژی فرتوفێڵ و تەکتیک هەیە کەبەبێ ئەوان سەرکەوتن بەدەست نایەت، یەکێک لەو نموونانەی کە دەتوانێت ئەم خەباتە شرۆڤە بکات، ئەو تیۆرەیە کە بە هەڵە ناوی «تیۆری گەمەکان»ی لێنراوە.

بەپێی ئەم تیۆرە، لە ژیانی سیاسی و

کۆمەڵایەتیدا هەمیشە چەند ئەکتەرێک (لەنێوان دوو ئەکتەر تا بێ کۆتایی) کە بەرژەوەندی دژبەیەکیان لەمەڕ بابەتێکی تایبەت هەیەو بەپێی ئەو بنەمایانەی لەپێشدا دەستنیشانکراون، بۆ گەیشتن بەو بابەتە لەگەڵ یەکتر هاوکاری دەکەن، ئەم گەمەیە بەپێی پێوەرە عەقڵانییەکان دەکرێت و یاریزان بەرەچاوکردنی بارودۆخ، تواناکان، بەهێزی و بێهێزی لایەنە بەرانبەرەکان، هەندێ بژاڤی تایبەت بۆ خۆی پێشبینی دەکات و بەکردەوە کاریان پێدەکات، ئەم کۆمەڵە بژاڤانە کە هەمان ستراتیژیەتی یاریزانە، دەتوانێت سادە یان پێکهاتەیی، سنووردار یان بێ سنوور بن.

دەرەنجامی کۆتاییش، بەپێی بردنەوەو دۆڕاندنی تەواو یاخود ناتەواو، دەتوانێت ئەنجامی یاریەکە بردنەوەی تەواوی یەکێک و دۆڕاندنی تەواوی ئەویتر یان یارییەکە بە بەدەستهێنانی کۆی گۆڕاو بێت، یاریزانەکانیش ئەگەر ژمارەیان زۆر بێت دەتوانن لەگەڵ یەکتر ئیئتلاف بکەن[11].

«تیۆری گەمەکان» دەتوانێت لە دوو ئاراستەی جیاواز بەڵام لە هەمان کاتیشدا پەیوەست بەیەکتر، لەمەڕ حزبەکان بەکاربهێندرێت: یەکێک هۆکاری فەرزکردنی حزب و ئەویتر هۆکاری فەرزکردنی دەوروبەرە. دەتواندرێت حاڵەتی یەکەم بە تیۆرەکانی بڕیاردان و حاڵەتی دووەمیش بە تیۆرەکانی کارلێکردنی دەوروبەر تێکەڵ بە یەکتری بکرێن، ئەو ئاراستەیەی سێیەم کە شایانی بیرلێکردنەوەیە لە تێکەڵکردنی هەردوو ئاراستەی یەکەم و دووەم بەدەستدێت:

١) هۆکاری گرینگکردنی حزب: ئەگەر حزب هۆکاری دەستنیشانکردنی ستراتیژیەتی خۆی بێت، دەتوانین بە ئیلهام وەرگرتن لە سێ نموونەکەی بڕیاردانی ئەلیسەن[12] (٣) شێوە لە شێوازەکانی بڕیاردان و دەستنیشانکردنی ستراتیژ بۆ حزبەکان لە یەکتر جیا بکەینەوە.

نموونەی یاریزانی زانا، بەو واتایەی کە حزب ڕێکخراوێکی عەقڵانییە کە وەک گشتێکی بەیەکەوە بەستراوە خاوەنی ئەو بەرژەوەندی و داواکارییانەیە کە خۆی لێیان ئاگادارە، نموونەی ڕێکخراوەیی، کە دەبێت دەستنیشانی بکەین کە ئایا چ ئۆرگانێک کاری دانان و بەرنامەڕێژکردنی حزبی لە ئەستۆدایە؛ هەروەها نموونەی بیرۆکراتیکی کە دەبێ بزانین چ کەس یا چ کەسانێ و لە چ ئاستێکدا سەرکردایەتی و ڕێبەرایەتی حزبیان لە ئەستۆدایە. لەهەر یەک لە م حاڵەتانەدا بەڕێوەبردنی گەمە وەکو ئامرازی کارێکی ڕێکخستوو دێتە بەرچاو، دوو کۆمەڵناسی فەرەنسی، ئەرکی هەر ڕێکخراوێک بە تێکەڵاوێک لە ویستە تاکەکەسی و کۆمەڵییەکان دەزانن کە پابەندبوونە ڕێکخراوەییەکان و پرەنسیپەکانی گەمەکردنی لەگەڵدایەو (ڕێکخراو وەکو کۆمەڵێک گەمەی بەیەکتر بەستراو) پێناسە دەکەن،[13] کە لە ڕاستیدا بە واتای تێکەڵکردنی هەر سێ نموونەکەی ئالیسنە لە ناو یەکتردا، ئەم نووسەرانە ئەو تێگەیشتنە لە سیستەمی کردەوەیی بە سیستەمی کردەوەیی نێوخۆیی ڕێکخراو ناو دەبەن و ئاماژەشیان کردووە کە ئەم تێگەیشتنە لە دەیەی ١٩٦٠ دا کەوتە بەر هێرشی ئەو تیۆریستانەی کە پێکۆڵییان لەسەر گرنگی دەوروبەر دەکردەوە[14].

٢-هۆکاری گرینگکردنی دەوروبەر: لەم دیدگایەوە حزبی دەسەڵاتدار لەسەر بڕیارو تەنانەت ستراکچەری ناوخۆیی خۆی دەسەڵاتدار نییەو دەوروبەر ستراتیژیەت و ئەرکی حزبەکە دەستنیشان دەکات و هەروەها ئەرکیش بەشدارە لە دەستنیشانکردنی ستراکچەری ناوخۆی حزب، (ئانتونی داونز) لە کتێبی (تیۆرێکی ئابووری لەمەڕ دیموکراسی)[15] بە پێکچواندنی گۆڕەپانی

سیاسەتی نوێ بە بازاڕ وپێکچواندنی ئەکتەرە سیاسییەکان بە ئەکتەرە ئابوورییەکان، دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە حزب لە بازاڕی هەڵبژاردندا کە گرنگترین ئەرکی ئەوانە بەهەمان شێوەی بەرهەمهێنانی بازاڕ کاردەکەن و، پەیوەندی حزب لەگەڵ دەنگدەران وەک پەیوەندی فرۆشیارو بەکاربەرەکانە، بەهەمان شێوەی کە ئامانجی سەرەکی فرۆشیارەکان بەدەستهێنانی زیاترین رادەی قازانج بووەو بۆ بەدەستهێنانی چەند کەرەستەیەک بە کڕیارەکان پێشنیار دەکەن وبەهۆی پروپاگەندەکردن بۆ ئەم کەرەستانە هانیان دەدەن بۆ کڕینیان و کڕیارەکانیش بیر لە رازیکردنی خۆیان دەکەنەوە، لە گۆڕەپانی سیاسەتیشدا حزبەکان بە دوای بەدەستهێنانی دەسەڵاتێکی زیاتردا دەگەڕێن کە لە کۆمەڵگا دیموکراتییەکانی ئەمڕۆدا لە رێگای بەدەستهێنانی زیاترین دەنگ بەدەست دێت و دەنگدەرانیش بەپێی بەرژەوەندییەکانیان بە دوای حزبێکدا دەگەڕێن کە پرۆگرام و ئامانجەکانی زیاتر لە هەموو ئەوانی تر ئەو بەرژوەندییانە دەستەبەر بکات، لەم رووەوە پرۆگرام و ئامانجە راگەیەندراوەکانی حزب لە راستیدا کەرستەی سیاسین کە بۆ کڕیاران دەخرێنەروو، بەو شێوەیەی کە لۆجیکی بازاڕ پەسەند دەکات کەرستەیەک کە زیاتر لە لای خەڵکەوە داواکاری لەسەرە بخرێتەروو، حزبیش لە جیاتی راگەیاندنی پرۆگرامێکی ریشەیی و هەڵوێستی نەگۆڕ پرۆگرامێک رابگەیەنێت کە خەڵکی زیاتر بۆ لای خۆی رابکێشێت. ئەمەش پێویستی بە هەبوونی زانیاری سیاسی بەرفراوان هەیە لە دەوروپشتی خۆی. هاوکات لەگەڵ ئەم پرۆسەیە بناغەییەدا دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامە کە ئەوەی ئایدۆلۆجیا، پرۆگرام و ئامانجی حزب دیار دەکات ستراکچەری دەستەی دەنگدەرانەو ئەم لایەنگیرییەش کار دەکاتە سەر گۆڕانی ستراکچەری نێوخۆیی حزبەکەو لەگەڵ پرۆگرامە راگەیەندراوەکان دەیگونجێنێت دەوروبەر (دەستەی دەنگدەران) ----> (پرۆگرام و ئامانجی حزب) ----> (ستراکچەری حزب).

٣-نموونەی مامەڵەکردن یاخود روانینی ستراکچەریی - هەڵبەتە هیچ حزبێک یاخود رێکخراو و ئەکتەرێک ناتوانێت بەبێ بایەخدان بە ئیلتزاماتی دەوروبەر، سیاسەت و ستراتیژ و کاری سیاسی خۆی دیاریکات؛ لەلایەکی ترەوە، پشتگوێخستنی هۆکاری رێکخراو و گریمانکردنی تەنیا بە پاشکۆیەکی دەوروبەر، دوورە لە واقعبینی. رێکخراو وەک واقعیەتێکی کۆمەڵایەتی، خۆی بەشێکە لە دەوروبەر وهەردووکیان کاردەکەنە سەر یەکتر، نموونەی (پێیەر بۆردیۆ) بە باشترین شێوە ئەم روانینە ستراکچەرییە لەمەڕ (کار) شرۆڤە دەکات، ئەو کە هێشتا لەگەڵ پارادایمی ستراکچەرگەرایی پەیوەندی هەیە، بە زیادکردنی ستراتیژیەت بە روانینی بنەما، ستراکچەرگەرایی لە حاڵەتە جەبری و قەدەرییەکەی بردە دەرەوەو بەم رۆڵە بۆ ئەکتەر رازی بوو کە بەبایەخدان بە دەوروبەرو ئەو بنەمایانەی کەهەن، خۆی ستراتیژیەتی خۆی دیار بکات، بەم روانینە (پێیەر بۆردیۆ)کە زیاتر بایەخی بە چەمکی بەکاربردن و تایبەتمەندییەکانی چینەکان داوە تاکو ئەرکی حزبەکان، تیۆری پراتیکی خۆی بە شێوەی خوارەوە دارشتووە کە دەکرێ بە شێوەیەکی گشتی سوودی لێ وەربگرین[١٦]:

پراتیک= (هەبیتوس× سەرمایە)+کایەی کارکردنی (دەوروبەر)

Habitus بریتییە لە کۆمەڵەی تواناکان، تایبەتمەندییەکان، تێکەڵاوییە کولتوورییەکان و سەلیقە چینایەتییەکان و بەگشتی ئەو بنەمایانەی کە دەبنە هۆی دروستبوونی ئیدراک و کاری پلاندانەری

کۆمەڵایەتی [١٧]. ئەگەر روانینی مارکسیانەی بۆردیۆ بەلاوەبنێین کە جەخت دەکات بەهەر جۆرێک بێت لەگەڵ تیۆری شەڕی چینایەتی وەفادار بمێنێت، دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەندامی هەر گروپ یان رێکخراوێک هەروەها Habit-usیەکسان دەبن و لە ئەنجامیشدا وەک ناسنامەی هەموو رێکخراوەکە دەخرێتەڕوو. بەم پێیە دەتوانین ئەو (Habitus)ە وەکو کۆمەڵگای نێوخۆیی حزب و تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی، کولتووری، چینایەتی، ئایدیۆلۆژیکی و ستراکچەرییە نێوخۆییەکانی حزبیش دابنێین. رەگەزی دووەم واتە سەرمایە، کە بە بۆچوونی بوردیۆ شایانی ئەوە نییە بۆ کۆمەڵەی داراییە مادییەکان کەمبکرێتەوە، بەڵکو داراییە کولتوورییەکان وناونیشان و شوێن و پایەی کۆمەڵایەتیش دەگرێتەخۆ، هەرهەمان کۆمەڵی تواناکان و لۆجەستیکی حزب دەتوانێت لە کارێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بەکاربهێنرێت، بۆ نموونە، هەبوونی کەسانی خاوەن ئەزموون و شارەزا کە هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنی هەر حزبێکن، بە بەشێک لە چەمکی سەرمایە دادەنرێت، لێرەشدا بۆردیۆ ئاماژە مارکسیەکان بەلاوە نانێت و هەبوونی ئەم جۆرە ئیمتیازاتانە تایبەت دەکات بە چینە بالاکانەوە، کە توانیویانە ئاستێکی کولتووری و ئەزمونگەری باشتر بەدەستبێنن. رەگەزی سێیەم واتە کایەی کارکردن، لە راستیدا چوارچێوەیەکە کە ئەکتەرە جیاجیاکان بەیەکتر دەبەستێتەوە ،لە هەمووش گرنگتر ئەوەیە کە جێگای هەر ئەکتەرێک لەم چوارچێوەیەدا دیار دەبێت. هەر لەم گۆڕەپانە کۆمەڵایەتییەدایە کە دەردەکەوێت چ کەسێک بەرزەو چ کەسێک لە خوارەوەیەو جەنگی نێوان ئەکتەرەکانیش لەم گۆڕەپانەدا روودەدات، سەرنجدان بەم چوارچێوەیە، تیۆری بۆردیۆ نزیک دەکاتەوە لە تیۆرە وەزیفییە نوێیەکان، چونکە بۆردیۆ لەو بڕوایەدایە کە هەموو ئەو ئەکتەرانەی لە گۆڕەپانێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا لەگەڵ یەکتر دەجەنگن، خاوەن بەرژەوەندی سەرەکی هاوبەشن، باوەڕیان بە بەهای ئەو شتە هەیە کە لەسەری ناکۆکن، بەگشتیەکدا چوونەکانیان دەبێتە هۆی بەرهەمهاتنەوەی گەمەکەو لە ئەنجامدا پارێزراوبوونی ئەو کایەیە.

## ب-لایەنە پراکتیکییەکان

(جاک ئەتلی) مامۆستای زانکۆو وەزیری پێشووی فەرەنسا، ستراتیژیەتی حزبەکان لەسەر بناغەی سەرکەوتن لە هەڵبژاردندا لە تەوەری پێنج پرسیاردا تاوتوێ دەکات[١٨]:

١-ئایا دەتوانرێ پێشبینی ئیئتیلافە سیاسییە بەردەوامەکان بکرێت؟

٢-ئایا دەتوانرێ باشترین ئەو تەکتیکانە دەستنیشان بکرێت کە هەر پاڵێوراوێک پێویستە لە پرۆپاگەندەکانی هەڵبژاردندا بەکاریان بهێنێت؟

٣- ئایا دەتوانرێ مەزندەی رادەی توانای ئەندامێکی کۆمەڵەیەک بکرێت؟

٤- ئایا دەتوانرێت ئەو بەرنامەیەی کە هەر حزبێک پێویستە بۆ سەرکەوتن لە هەڵبژاردندا هەڵیبژێرێت و خۆی لە دەسەڵاتدا بهێڵێتەوە دەستنیشان بکرێن؟

٥- چۆن دەتوانرێ ناکۆکی نێوان دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان رێکبخرێت؟

پرسیارەکانی ئەتلی تەنیا باس لە سەرکەوتنی هەڵبژاردندا دەکات کە بێگومان بە گەورەترین رووخساری خەباتی حزبەکان دەژمێردرێت و سروشتییە کە رۆڵێکی گرنگی لە هەڵبژاردنی ستراتیژیەتی حزبەکەدا هەبێت، بەلام ژیانی حزب بەکاتی هەڵبژاردن و پرۆپاگەندەی هەڵبژاردن سنووردار نابێ، بەڵکو ژیانی پایەداری حزب ئەوەی بە

شێوەی ئەکتەرێکی چالاک و فرە ئەرک دەرخستووە کە ستراتیژەکان و سیستەمی کاری بەردەوام و هەمەلایەنە دەگرێتە خۆی، ئەم سیستەمەی کارکردن لە زمانی سیاسی حزبەوە بگرە تا تێکۆشان بۆ تێکشکاندنی رکابەرو بەدەستهێنانی سەرکەوتن و لە کۆتاییشدا دەستبردن بۆ تیرۆری سیاسی دەگرێتەوە.

رەنگە بتوانین لە دابەشکردنێکی گشتیدا سیستەمی کاری حزبەکان بۆ دوو دەستەی نەرم و توند دابەشبکەین:

١) کاری توند: کاری توند هەمیشە لەلایەن حزبە ئایدیۆلۆژیکی و یۆتۆپیاییەکان و کەمایەتییەکانەوە سەرهەڵدەدات، زمانی سیاسی ئەو حزبانە وەهایە کە دەڵێی دەستیان بە راستییەکی رەها گەیشتووەو بەهیچ شێوەیەک ئامادەنین وازی لێبهێنن. زمانی سیاسی ئەوان لەلایەکەوە پشتی بە دروشمە یۆتۆپیاییەکان بەستووە و تەنانەت هەوڵدەدەن بە هەڵبژاردنی چەند ناوێکی وەک (کۆبوونەوە لە پێناو ئازادی، بزاڤی جەماوەری و دیموکراسییانە، حزبی شۆڕشگێرو...) زۆرترین رادەی جەماوەر لە دەورەی خۆیان کۆبکەنەوە [١٩]، بێگومان ئەم ناوانە بۆ خەڵکانێک کە سیاسەتیان بە شێوەیەکی راستەوخۆ تاقی نەکردۆتەوەو نایکەن، سەرنج راکێشن و دەستەواژە واقیعییەکانی تر ئەو سەرنجراکێشییەیان نییە.

لەلایەکی ترەوە، پەیڤە سەرەکی و کلێشەییەکانی ئەم حزبانە لە رووخساردا نیشانەی ئەو شتە بنەبڕەن کە خەڵک پەسندی دەکەن.

ئەم زمانە هەمیشە لە رۆژنامەیەکدا کە زمانحاڵی حزبە بەکاردەبرێت.

شێوەی توندو بێئیعتیبارکردنی رکابەر یاخود رکابەرەکان بەشێوەیەکی ئاشکرا لە مانشێتی رۆژنامەکاندا دەردەکەون.

رۆژنامە لەنێوخۆی ئێراندا هەن کە بەهەمان شێوە بۆ سەرکوتکردن و بێ ئیعتیبارکردنی بەرهەڵستکارەکانی خۆیان هەوڵدەدەن.

لەبەرئەوەی کە لۆجیک و سەلماندن لە فەرهەنگی ئەم حزبانەدا جێگای نابێتەوە، رکابەرە سیاسییەکانیان بەهۆی تۆمەتی ئەخلاقی دەخەنەبەر هێرشەکانیان. ئەگەر رێز لە زمان بگرین وەکو هۆکارێکی دەرخستنی بیروبڕواکانی هەر کۆمەڵێک دەتوانرێ ماهیەتی ئەم جۆرە حزب و گروپانە لە میانەی ئەم هێرشانە بناسینەوە، بێگومان لێرەدا دەبێت لەنێوان حزبە یۆتۆپیستەکان کە بە بۆچوونی خۆیان هەوڵی گەیشتن بە ئامانجە بەرزەکان دەدەن یان ئەو حزبانەی کە بەرگری لە کەمایەتییەکی تایبەتی دەکەن و سەرکوت دەکرێن لەلایەک و گروپە فاشیستەکان لەلایەکی تر جیاوازییەک هەبێت، گوناهی توندوتیژی لە حزبەکانی جۆری یەکەم لە ئەستۆی ئەو زۆرینەیەدایە کە رێز لە مافەکانیان ناگرێت، بەڵام حزبەکانی جۆری دووەم ئەو گروپانەن کە نە تەنیا باری گوناهەکانیان هەڵدەگرن، بەڵکو بەرپرسیشن لە وەڵامە توندەکانی کۆمەڵگا یان حکومەت.

ئەگەر ئاگادارییەکان و ئامیلکە حزبییەکانیش بە بەشێک لە زمانی ئەوان دابنێین، دەبێ بگوترێ لەم حاڵەتانەدا ئەوانیش بانگەشەی جۆرە توندو تیژییەک دەکەن. ئەوەی لەلایەن گروپی نازییە نوێیەکانی ئەڵمانیا یان بەرەی نەتەوەیی فەرەنساوە بڵاو دەبێتەوە هیچ نیشانەیەکی ئاشتی و پێکەوەژیانی پێوە دیارنییە، سروشتییە کە ئەم جۆرە بەرهەمانە تەنیا لەلایەن هەرە پەککەوتووەکان و دەروون نەخۆشەکانەوە پەسند دەکرێن و ئەمە خۆی بابەتێکە کە دەبێت لە شوێنێکی تر لێی بدوێین.

بەکردەوەش توندوتیژی جێگای تایبەتی

خـۆی دەپارێزێت، هێـرشکردنە سـەر کۆبوونەوەی بەرهەڵستکاران، مانگرتن، خۆپیشاندانە توندەکان و بەبارمتەگرتن، جـۆرە چەکـێکن کـە لە کـۆنەوە لە کـارە سیاسییەکاندا بەکاردەهێندرێن، مانگرتن پەسندترین جۆری کاری توندوتیژانەیە کە زیاتر لایەنێکی سەندیکایی هەیە و ئەگەر راسـتەوخـۆش ژیانی خـەڵک تێکنەدات لەسەر رای گشتی بێ کاریگەر نییە، بەڵام رووخسارێکی تری کارە توندوتیژەکان دەبێتە هۆی بێزاری و بێ ئیعتیباری ئەو کـەسـانەی کـە بەو کـارە هەڵدەستن، ئاشکراکردنی رکابەر چەکێکی ترە کە هەم لەلایەن ئەو حـزبانەی کـاری توندوتیـژی بەکـاردێنن و هەم لەلایەن حـزبە میانڕەوەکانیشەوە بەکاردەهێنرێت، بەڵام چۆنیەتی ئاشکراکردن جیاوازە: گرووپەکانی فـشـار کـە دژی دووبارە دەسـەڵات گـرتنەدەسـتی «ڤـالری ژیسکار دیستن» بوون بۆ سەرۆکایەتی کۆماری فەرەنسا، بە جوانی لە هەفـتـەنامە پێکەنیناوییەکەی «کـانار ئانشنە» (مـراوی زنجیـرکـراو) ئاماژەیان بەو ئەڵمـاسـە کـردبوو کـە «بۆکاسکا»ی سەرۆک کۆماری ئەفریقیای ناوەڕاست پێیـدابوو و هەر ئەم خـاڵەش کاریگەری خۆی هەبوو.

بەڵام لە وڵاتانی جیهانی سێیەم کە زەبروزەنگی حـزبەکـان شـێـوەی بەرایی (بەدەوی) هەیە هەندێ کات بە چوونە ناو تایبەتترین لایەنەکانی ژیانی رکابەر یاخود بە دانەپاڵی تۆمەتە ناڕەوا و ناشایستەکان هەوڵی لابردنی رکابەرەکەیان دەدەن.

هەروەها دەبێت ئامـاژە بکرێت کـە لەکردەوە توندوتیژەکاندا بەگشتی بیر لە ئیئتـیـلاف ناکرێتەوە. حزبە رەقـەکان، قەتعی گەرایەکان و ئەوانەی کە لە خەڵک هەڵدێن بێجگە لە خۆیان و ئامانجە پووچ و دوور لە راستییەکانیان هزر لە هیچی تر ناکـەنەوە، بەرەی نەتەوەیی فـەرەنسا هیچ هاوپەیمانێک بۆ خـۆی ناناسـێت و بەدواشیدا ناگەڕێت.

٢) کـاری نەرم و لەسـەرخـۆ- زمـانی سیاسی لە سیستەمە کاری لەسەرەخۆدا بەرەو هێـمنی دەچێت و پشت بە بنەمـا لۆجیکییەکان دەبەستێت.

ئەگـــــــەر ئەوانەی رابردوو دژی هەسـتەکانی خەڵک بوون، ئەمانە پەنجە لەسـەر عـەقـڵی مـرۆڤ دادەنێن، پێگەی زۆرینەیی ئەم جـۆرە حـزبانە رۆڵـێکی گـرنگیـان لە هەڵبـژاردنی زمـانی ئەوان هەیە، بەڵام کـولتــوورو پەروەردەی رکابەرەکانیشیان دەتوانێت تەنانەت ئەگەر لە کەمایەتیشدا بێت رۆڵێکی گرنگی لە هەڵبژاردنی ئەو زمانەدا هەبێت.

ستراتیژیەتی ئیئتیلاف و گفتوگۆ لەم جۆرە سیستەمە کردەییەدا لە بایەخدانێکی تایبەت بەهرەمەندە، ئەگـەر حـزبێک بیـەوێت لەسـەر بناغـەی دیموکـراسی و بەدەستهێنانی زیاترین رێژەی دەنگەکان کار بکات، بێگومان لەجیاتی دەستبردن بۆ زەبروزەنگ، رێگای ئاشتی و برایەتی دەگرێتەبەر، «فن بومن»، «مورگنسترن»، «ولیەم ریکەر» و «لیزرسەن» نموونەکانی ئیئتیلافیان تاووتوێ کردووە. هەموویان لەو باوەڕەدان کە دەبێت ئیئتیلاف تەنیا لەکاتی پێویست و ئەویش بە جۆرێک بێت کە دەسەڵاتی حزبی پێشڕەو بپارێزێت، بەڵام رێگەچارەی ئەوان جیاوازە.

بۆ نموونە گـریمان کـورسـییـەکـانی ئەنجوومـەنێک ١٠٠ کـورسی بن و چەند حـزبێک بەم شێوەیەی خـوارەوە لەنێـوان خۆیاندا دابەشی بکەن، [٢٠]:

حزبی أ   ٣٢ کورسی

حزبی ب   ٢٥ کورسی

حزبی ج   ٢٠ کورسی

حزبی د   ١٠ کورسی

حزبی هـ   ٢ کورسی

حزبی و   ١١ کورسی

هەولێرنامەی کتێب

بەبۆچوونی «بومەن» هەر ئینتیلافێک کە سەرکەوتن مسۆگەر بکات دەبێت ئەنجام بدرێت: واتە لە حزبی گەورە یاخود چەند حزبێکی بچووک و بە بۆچوونی «لیزرسەن» هەر چەند ژمارەی حزبە ئینتیلافەکان کەمتر بێت باشترە. بەبۆچوونی «ریکەر» ئەو ئینتیلافە باشترە کە زامنکاری سەرکەوتن بێت [٢١]. دەتوانرێت بۆچوونی ئەوان بەم شێوەی خوارەوە نمایش بکرێت:

| ئینتیلافی مەبەستی بومەن | بەبۆچوونی لیزرسەن | بەبۆچوونی ریکەر |
|---|---|---|
| أ-ب | أ-ب | أ-ج |
| أ-ج | أ-ج | |
| أ-د-و | | |
| ب-ج-د | | |

هەروەها خۆپیشاندانە هێمنەکان، بەشداریکردن لەو خۆپیشاندانەی کە جەماوەر پەسندی دەکەن و، ڕێزگرتن لە رکابەرە سیاسییەکان هاوکات لەگەڵ ستراتیژیەتی ئینتیلاف و گفتوگۆ بەشێکن لە سیستەمی کردەیی نەرم کە بەکاردەهێنرێن.

فیلیپ براو سیستەمی کردەوەیی حزب لە پەراوێزی دوو پرسیاردا کۆدەکاتەوە:

لەگەڵ کێ ئینتیلاف بکەین، بەچ شتێک فشار بێنین. ئەو لەبارەی پرسیاری یەکەم چەند جۆر ئینتیلاف پەسند دەکات:

ئینتیلاف بۆ سەرکەوتن یاخود ئینتیلاف بۆ باشترین دەسەڵات؛ ئینتیلافی مەشروع واتە ئینتیلاف لەگەڵ ڕێبازە نزیکەکان؛ ئینتیلافی لێهاتوو واتە ئینتیلاف لەگەڵ باشترین جۆری حزبەکان؛ ئینتیلافی بەیەکبەستراو یان سنووردار لەنێوان دوو یان سێ حزب و ئینتیلافی بێ هێز واتە ئینتیلافی چەند حزبێکی نەگونجاو کە گەیشتن بۆ ڕێککەوتن بۆ خۆیان بە زەحمەت دەخەن و لەکۆتاییدا ئینتیلاف لەسەر بناغەی یەکسانی یان لەسەر بناغەی چاولێکردنی یەکێک لەویتر یاخود ئاوێتە بوونیان [٢٢].

ئامرازەکانی فشاریش بەبۆچوونی براو، بریتین لە پارە؛ توانای دۆزینەوەی کار، توانای ڕاکێشانی ڕای گشتی، دەسەڵاتی شەرعی، توانای کارکردنەسەر دانیشتوان بەهۆی رووخسارە کارێزماییەکان یاخود ئەو ڕێگایانەی دەبنە هۆی ورووژاندنەوەی هەستی جەماوەر، ئامادەبوون لە دەزگاو پرۆسەکانی بڕیاردان، توانای پەکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی لە ڕێگای مانگرتنەکان، خۆپیشاندانەکان، حەرامکردن و گوێڕایەڵنەبوونی گیانی ڕێکخستوو، بڵاوکردنەوەی بولتێنەکانی دەنگ لەکاتی ناکۆکی لە هەڵبژاردندا یان بەلایەنی کەمەوە دوورکەوتنەوە لە دەنگدان.

هەروەها ئەو بە هێمنی باس لە توندوتیژی و حەرامکردنی هەڵبژاردن دەکات و لەکۆتاییشدا ڕۆڵی زانیارییەکان و توانای حزب لە وەدەستهێنانی باشترین زانیارییە سیاسی و ناسیاسییەکان کە ئەمڕۆکە پێویستی بە گوژمەیەکی زۆریش هەیە لە ئامرازە گرنگەکانی حزب بۆ فشارهێنان و لە ڕاستیدا کاری سیاسی لە قەڵەم دەدات [٢٣].

## پەراوێزەکان:

1- Roger- Gerant Schwartzenberg, sociologie Politique, Montchrestien, 1974,PP.471-474.

2- Ibid, P.471.

3- M. Duverger. Les Partis Politiques, (195), Paris, A.Colin 1976, P.466.

4- C. Debbasch, J.M. Pontier, Introduction a La Politique. Dalloz, 1982, P.206.

5- Ibid, P.212.

6-Ibid, P.212.

7- G. Almond, B. Powel. Comparative Politique. Boston university Press, 1966, P99.

هەروەها: گابریل ئەلمۆند و ئەوانیتر، چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ تاوتوێکردنی سیاسەتی تەتبیقی، وەرگێڕانی علی رضا طیب، ناوەندی فێرکردنی بەڕێوەبرایەتی حکومی ١٣٧٦ھ، وەرزی شەشەم.

8- Peter Merkle, Modern Comparative Politics, Newyork, Holt, Rinehart and Winston, 1970, PP.104-109.

9- Robert King Merton, Elements de théorie et de Methode Sociologique, Paris, Plon, 1965, P.126.

10- Georges Lavau. "Partis et systemes Politiques: Interactions et Fonctions". Revue Canaddienne de Science Politique, Mars, 1969, PP. 36-44.

١١- نک، وەرزی چوارەمی ئەم کتێبە:

Jacqves Attali, Analyse économique de La vie Politique, P.U.F.1972.

١٢- نک: گراهام. تی. ئالیسەن، شێوەکانی بڕیاردان لە سیاسەتی دەرەوەدا، وەرگێڕانی منوچهر شجاعی، کۆمپانیای بڵاوکراوە زانستی و کولتورییەکان، ١٣٦٤.

13- Michel Crozier Erhard Friedberg, L'acteur et Le systeme. Paris, seuil, 1977, P.98.

14- Ibid, PP.111-113.

15- Anthony Downs, "An economic theory of Democracy" in, J. Attali, OP. cit, PP.141-154.

١٦- بگەڕێوە بۆ سەرچاوەی خوارەوە:

P. Bourdieu, Esquisse d'une Theorie de La Politique. Geneve, Droz, 1972.

17- F. Heran, "La'seconde nature de L'Habitus". Revue Francaise di sociologie, XXVIII, 3, Juilletsep, 1987, P.398.

18- J.Attali, Les Modeles Politiques, Paris, P.U.F. 1972, P.93.

19- Philippe Braud, Lavie Politique. P.U.F. 1985. PP.62-63.

20- J.Attali, analyse economic... op. cit, P.114.

21- Ibid, P.114.

22- Ph. Braud. op. cit, PP. 77-78.

23- Ibid, PP. 83-90.

(*) مامۆستای کۆلیژی یاساو زانستە سیاسییەکان- زانکۆی تاران.

(**) مەبەست لە دامەزراندنە سیاسییەکان، دامەزراندنی کەسایەتییەکانە لە پلەو پایە سیاسییەکاندا (وەرگێڕ).

**سەرچاوە: گۆڤاری «اطلاعات سیاسی- اقتصادی» ژمارە ١٣٥-١٣٦.**

# شەرعیەتی سیاسیی دەسەڵات

## لێکۆڵینەوەیەکی فیکرییە

پێشەکی:

سیاسەت ئەو چالاکیانەیە کە تاک و کۆمەڵ ودامودەزگاکانی پەیوەست بە دەسەڵات دەینوێنن، دەسەڵاتیش لەگەڵ هەبوونی کۆمەڵگا جێگیرەکانی مرۆڤ هەیە، کاتێ تاکەکان لەناو کۆمەڵگادا هەوڵ بۆ جێبەجێکردنی بەرژەوەندییە گشتییەکان دەدەن کە خۆی لە ئەمن و ئاسایش و ئاشتیدا دەدۆزێتەوە.

تا هەوڵدانیش بەردەوام بێ مرۆڤ پێویستی بەبوونی دەسەڵات هەیە، بۆ ئەوەی دەسەڵاتیش کارەکانی خۆی بە ئەنجام بگەیەنێ، ئەوا پێویستە کۆمەڵێ ڕێگاو ئامرازی تایبەتی لەبەردەستدا هەبێ، کە لەنێوان ڕێگاو ئامرازی ئیقناعکردنی بە ئارەزوو و ڕێگاو ئامرازی بە زۆرە ملێی ترس ئامێزدا جیاوازییان تێ دەکەوێ، ئەرکی ئەم ئامرازانەش دابینکردنی هەموو جۆرە ئیتاعەکردن و لاگیریکردن و قبوولکردنێکە لە هاووڵاتیانەوە و لەژێر سایەی بوونی دامەزراوە سیاسی و یاساییەکان و ئەم ئیتاعەکردن و لاگیریکردن و ڕازی بوونەشدا، دەسەڵاتێکی مەشروع و شەرعی دێتە ئارا، دەسەڵاتیش خاوەن شەرعییەتە، بەتایبەتی شەرعیەتی سیاسی، هەر ئەوەشە ڕژێمی سیاسی جێگیر لە ڕژێمێکی سیاسیی ناجێگیر و، دیموکراتی سیستەمێکی سیاسی لە نادیموکرات جیادەکاتەوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیەش هەوڵدانێکە بۆ تیشک خستنە سەر شەرعیەتی دەسەڵاتی سیاسی و ئەم ڕێگایانەی ئەم شەرعیەتە سیاسییە بەدی دەهێنن.

لێکۆڵینەوەکە لە دوو بەش پێکدێت، لە بەشی یەکەمدا یەکەمجار باس لە چوارچێوەی چەمکەکان و پێناسەی دەسەڵات دەکەین، ئینجا هەوڵدەدەین پێناسەی شەرعیەت و شەرعیەتی سیاسی بکەین، پاشان دێینە سەر دەرخستنی پەیوەندی نێوان هەریەک لە شەرعیەت و مەشروعیەت و دەسەڵات.

لە بەشی دووەمیشدا پتر جەختمان لەسەر ڕێگاکانی بەدیهاتنی شەرعیەتی سیاسیی دەسەڵات لە سیستەمی سیاسیدا کردووە و بەشەش ڕێگا دیاریمان کردووە، کە کاریگەریتی و ڕەزامەندی و ئیتاعەکردن و دامەزراوە سیاسی و یاساییەکان و بەشداریکردنی سیاسی و ڕادەی پشتبەستنی دەسەڵاتە بەتوندوتیژی، دواجاریش هاتووینەتە سەر دەستکەوتی ئابووری.

لە کۆتاییشدا هەندێ دەرئەنجامی کۆتاییمان تۆمار کردووە.

فرمێسک ڕەسووڵ

بەشی یەکەم

## چوارچێوەی چەمکەکان

### ١- چەمکی دەسەڵات:

لەگەڵ دروستبوونی کۆمەڵگاکاندا زۆر پرسیار دەربارەی چۆنیەتی ڕێکخستنی ئەم کۆمەڵگایانە سەریانهەڵداوە؟ کێ حوکم دەکات و کێ گوێڕایەڵی ئەو حوکمە دەبێ؟ مەرجەکانی حوکم کردن و موئەهەلاتی ئەم حوکمکردنە چین؟ ئەرک و مافەکانی هاووڵاتییان کامانەن؟ پەیوەندی نێوان فەرمانڕەواو رەعیەت چییە؟ خستنەڕووی ئەم پرسیارانەو هەوڵدان بۆ وەڵامدانەوەیان دەبێتە تەوەرێک بۆ چالاکی سیاسی کە بەدەوری کرداری ڕێککردنی کۆمەڵگادا دەخولێتەوە، واتا بەدەوری ئەم دەسەڵاتەدا خول دەخواتەوە کە پێی وایە مافی ڕێکخستنی کۆمەڵگای هەیەو مافی بەکارهێنانی هەموو ڕێگایەکیشی هەیە [١]. دەسەڵاتیش لە مێژوودا هەروا دەرنەکەوتووە، بەڵکو پێویستییەکە بۆ گشت کۆمەڵگایەک و ئایندەی ئەم کۆمەڵگایەشی لەسەر وەستاوە، بۆیە دەسەڵات واقیعێکە و پێویستە لە ناو ئیرادەی کۆمەڵدا بۆی بگەڕێین کە بەپێی نموونەیەکی باڵای دیاریکراو دەژی [٢]، کارەکە پەیتا پەیتا لەڕێی کۆمەڵێ دەرکەوتەو کارلێکەرەوە پەرەی سەند، تا دەسەڵات ببێ بە ستوونێکی بنەڕەتی لە ستوونەکانی دەوڵەت، وەک شتێکی پێویست و بنبڕکەر، چونکە بێ بوونی دەسەڵاتێکی سەروو کە هەموو تاکێ لەناو کۆمەڵگا پێی رازی بێ ناتوانێ بە پێوەبوەستێ، بۆیە دەسەڵات بووە بە پێوەرێکی جیاکەرەوە بۆ دەوڵەت و نیشانەی بوونیەتی.

هیچ کۆمەڵێکی سیاسیش ئەگەر دەسەڵاتێکی سەرووی نەبێ بەردەوام نابێ و پارێزگاری قەوارەی خۆی پێ ناکرێ، ئامانجی کۆمەڵی سیاسیش دوولایەنی هەیە: یەکەم لە بەدیهێنانی ئارامی ناوەوە خۆ دەنوێنێ، جا چ لە ڕووی پارێزگاریکردنی ئەو بیروباوەڕانەوە بێ کە هەڵیگرتوون یا لە ڕووی پارێزگاریکردنی بەرژەوەندی گشتییەوە بێ، بەو شێوەیەی کە وابێتە بەرچاو جۆرە هاوسەنگییەک لەنێوانیاندا هەیەو لە هەمان کاتیشدا وا دەرکەوێ کە بەرژەوەندی گشتی لە سەرووی بەرژەوەندی تایبەتییەوەیە، دەرئەنجامیش لەم هاوسەنگییە بەرژەوەندییەیە، کە ئەویش بەڕێی خۆی قەوارەی سیاسی بەرەو یەکگرتن، پاشان بەرەو جێگیربوون دەبات.

لایەنی دووەمیش خۆ لە ئاسایشی کۆمەڵەی سیاسی لە دەرەوەدا دەنوێنێ [٣].

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە دەسەڵاتی سیاسی بەرپرس بێ لە جێبەجێکردنی ئەم دوو لایەنە گرنگە لە ژیانی کۆمەڵە سیاسییەکەو بەردەوامیەتی بۆ مسۆگەر بکات.

بەڵام تۆ بڵێی دەسەڵات چی بێ؟

هەندێک وا پێناسەی دەکەن کە ئەنجامدانی کارتێکردنێکی مەبەستدارە، یا توانای کەسێکە بۆ تەحەکومکردن لەسەر کاردانەوەی کەسێکی تر.

لای هەندێکی تریش توانای ئەنجامدانی هەندێ پیشەیە بۆ سوودی ڕێکخراوێکی کۆمەلایەتی [٤]، هەروەک لازویل پێناسەی دەکات و دەڵێ: بەشداریکردنە لە دەرکردنی بڕیار و، ماکس فیبەریش پێی وایە کە توانای کەوتنە ژێر کاریگەری کۆمەڵێکە بۆ ئەنجامدانی کارێکی ناوەڕۆک دەستنیشان کراو و، تالکوت بارسۆنز وا پێناسەی دەکات و دەڵێ: توانای ئەنجامدانی هەندێ ئەرکی تایبەتییە بۆ خزمەتکردنی نەسقی کۆمەلایەتی و دانانی بە یەک یەکە [٥]. دەسەڵات بەمانا جۆربەجۆرەکانییەوە ئەرکێکە بۆ

ئەنجامدانی خزمەتێکی دیارکراو، بەهای دەسەڵاتیش خۆ لەو خزمەت و کارانە دەنوێنێ کە ئەنجامیان دەدات نەک بە پشت بەستن بە خودی ئەو، ئامانجیش رێکخستنی کۆمەڵگاو بەدیهێنانی هاوسەنگی کۆمەڵایەتییە لە رێی لابردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و لابردنی هۆیەکانی سکالاکردن و نارەزایی و، دانانی هاریکاری و یارمەتیدان لە جێی پێکدادان و دژایەتیکردنی یەکتر [٦].

## ٢- چەمکی شەرعیەت

هەندێ نووسەر لەو باوەڕەدان کە دەبێ شەرعیەت دوو توخم لەخۆبگرێ لەلایەک دەبێ حکومەت بەناوی یاساوە حوکم بکات، تەنیا لە هەندێ حالەتدا نەبێ، لەلایەکی تریشەوە پێویستە تاکەکانی ناو کۆمەڵگا بەپێی یاسا بجوولێنەوەو لە سنووری یاسایی دەرنەچن کە کۆمەڵێ یاساو رێکخەرو رێککەوتن و ئاکاری تایبەتین و رێ بە حکومەت دەدەن دەسەڵاتی بەسەر هەموو دامەزراوی کۆمەڵایەتی و هەموو ئەندامەکانیدا هەبێ، بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان تاک و کۆمەڵەکان پتەوتر بێ [٧]. هەرچی تۆژەرەوە (سیمور مارتن لیبست)ە وا بۆ شەرعیەت دەچێ کە توانای خەڵقکردنی ئەو باوەڕەیە کە سیستەمی سیاسی، یا وێنەی سیستەمەکە، چاکترین سیستەمە کە بۆ کۆمەڵگا بگونجێ، هەروەها پاراستنی ئەم بیروباوەڕەش [٨]. ئەم پێناسەیە هەموو لایەنەکانی شەرعیەت دەگرێتەوە، یەکەم جاریش لا لە مەسەلەی توانای یا پێویستی ئەوە دەکاتەوە کە دەبێ سیستەمی سیاسی خاوەنی مونەهەلات و ئامرازی کاریگەرێتی بێ، تا بتوانێ باوەڕ لای هاووڵاتیان دروست بکات، کە جگە لەبوونی قەناعەتی تەواو لای هاووڵاتی پتر ناگەیەنێ کە ئەو سیستەمە سیاسییەی لە رێی ئەوەوە حوکم دەکات لە سایەی تایبەتمەندی ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژی بۆ ئەو چاکترین سیستەمە.

پێناسەکەش پتر لەمەسەلەیەکی زۆر گرنگ کۆدەبێتەوە، کە ئەویش مەسەلەی بەردەوامبوونی ئەم باوەڕهێنانەیە (قەناعەتەکان)، ئەم بەردەوامبوونەش تەنیا ئەو دەستکەوتانە دابینیان دەکات کە سیستەمی سیاسی بەدیدەهێنێ، ئەوە جگە لە بەتەنگەوەهاتنی داواکاری و ئامانجەکان بۆ هاووڵاتیان بە هەموو توێژەکانیانەوە. ئەوەش چاکترە جیاوازی لەنێوان شەرعیەت و مەشروعیەت بکەین، شەرعیەتیش لای هەندێک پشتبەستنە بە بنەمایەکی یاسایی کە پێشتر هەیە بەو رادەیەی هەڵسوکەوتەکە بە شەرعی بێتە بەرچاو، کەچی مەشروعیەت ئەو پاساوە فیکری یا ئەخلاقی یا سیاسی یا کۆمەڵایەتییەیە کە بەدیاردەکە دەدرێ لە بری لێکۆڵینەوە، کە دیاردەکە شەرعیەتی خۆی بەهۆی کۆمەڵێک راستی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی رێپێدراو لە رووی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی دەسەپێنێ [٩]. هەندێ نووسەر مەشروعیەت وا پێناسەدەکەن کە قایل بوونێکی گشتییە بە دەسەڵات و کردەوەکانی [١٠]، لای مامۆستا سادق ئەسوەد لە جەوهەردا دیاردەیەکی سیاسییە نەک یاسایی و لە رێی ئەو دەسەڵاتەش کە وەک بنەمایەک خزمەتی دەکات رێکدەخرێ، هەروەها کۆمەڵێ بیروباوەڕی تایبەتییە، بەشێکە لە سیستەمی فەلسەفی و سیاسی و کۆمەڵایەتی کە هەر یەکێک لەمانە پێویست بە هەڵگرتنی رێکخراوێکی دیارکراو بۆ حوکمکردن دەکات، کەچی شەرعیەت لە بنەماکانی یاسای وەزعی هەڵدەقوڵێ [١١].

هەروەک سادق ئەسوەد دەڵێ: «مەشروعیەت ئەو متمانەیە کە تایفە کۆمەڵایەتییەکان بە چینی دەسەڵاتداری دەبەخشن، کەچی شەرعیەت رێگای

دەسەڵاتە بۆ ئاسوودە کردن و ئارامکردنەوەی ئەندامانی دامودەزگا کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێی دەستنیشانکردنێکی روونی بواری ناچارکردن و ئەو بوارەی توندوتیژی تێدا بەکاردێت»[١٢]. سروشتی ئەو دابڕانەش کە لەنێوان شەرعیەت و مەشروعیەتدا هەیە بێ گیان و کۆتا هاتوو نییە، چونکە توانای ئەوە هەیە مەشروعیەت ببێ بە شەرعیەتێکی یاسایی، ئەمەش لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهانی وایە[١٣]، هەندێ پێیان وایە کە رەنگە بە یاسابوون هەبێ، بێ ئەوەی مەشروعیەتی تێدا هەبێ، مەرجی بە یاسابوونیش مەرجێکی بەس نییە بۆ بەدیهاتنی مەشروعیەت، چونکە پێویستە جەدەلیەتێکی هۆشمەندانە لەنێوان ناوەندو کەنارەکان دروستببێ بۆ ئەوەی تەعبیر لە وێنەیەکی عەقڵانیدی خاوەن ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتی نەک بە تەنیا یاسایی بکات[١٤] ئەو بڕوایەش کەلامان گرنگە ئەوەیە کە شەرعیەتی سیاسی وەک ماکس فیبەر پێی وایە ئەوکاتە بەدی دێت کە رژێمی حوکم شەرعی بێ تا ئەو رادەیەی هاووڵاتیان هەست دەکەن کە ئەم رژێمە رژێمێکی چاکەو شایەنی لاگیریکردن و گوێڕایەڵی بوونە[١٥]. بەڵام رۆبەرت ماکیفر پێی وایە ئەوکاتە شەرعیەتی سیاسی بەدیدێت کە (تێگەیشتنی دەستەبژێر بۆ خودی خۆی و تێگەیشتنی جەماوەر لەگەڵ ئاکارو بەرژەوەندی سەرەکی کۆمەڵگا پێکەوەدن و لە گونجانێکی گشتیدان ویەکگرتوویی کۆمەڵگا دەپارێزن)[١٦].

### ٣- پەیوەندی شەرعیەت و مەشروعیەت بە دەسەڵاتەوە:

دەسەڵات پەیوەندی نێوان دوو جەمسەرە و لە کۆتاییشدا کرداری بەخشین و وەرگرتنە، لە بۆشاییشدا بوونی نییە، بەڵکو لەرێی ئەو پەیوەندییانەی لەنێوان تاکەکان و کۆمەڵەکانی ناو کۆمەڵگا[١٧] بوونی دەبێ... مادامەکێ دەسەڵات خۆی لە فەرمان دەرکردن و وەڵامدانەوەی ئەم فەرمانانە بەدوور ناگرێ، ئەوا شەرعیەت ئەو دارشتنە یاساییە دەگەیەنێ بۆ دەستبەسەرداگرتنی مرۆڤ بەسەر مرۆڤەوە[١٨]. بۆیە دەتوانین بڵێین شەرعیەتی سیاسی قبووڵکردنی ئەم دەستبەسەرداگرتن و، ئەو دارشتنە یاساییەیە کە هەندێ جار پاڵنەری سەرەکییە بۆ دانانی ئەم دارشتنە یاسایی و دەستوورییە، لە هەموو کۆمەڵگایەکیشدا کۆمەڵێ خوونەریت و ئاکاری کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕو بنەمای ئەخلاقی و بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەن و بڵاوبوونەتەوە، لەوانیشەوە ئامانجە تایبەتییەکانی کۆمەڵگا لەدایک دەبن کە داوا لە دەسەڵاتی سیاسی دەکەن بەو شێوەیەی ئەم ئامانجانە بەدی دێن کاروبار بەڕێوە ببەن، لە گونجانی نێوان ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی دەیکات و ئەو ئامانجانەی کۆمەڵگا یا توێژە خاوەن هێزەکانی ناو کۆمەڵگا هەیانە مەشروعیەتی دەسەڵات سەرهەڵدەدات[١٩]. لەبەرئەوەش دەسەڵات واقیعێکی کۆمەڵایەتی و پێویستییەکە، لە سایەی جێبەجێکردن و بەردەوامبوونی لەسەر کارەکانی ئەوا پێویستی بە گوێڕایەڵی تاکەکان هەیە، ئەو گوێڕایەڵییەی دەرئەنجامی گونجان و وێکچوونە، کە جگە لە لاگیریکردنی تاکەکان بۆ هەبوونی دەسەڵات و بەردەوامبوونی شتێکی تر راڤە ناکات.

بەڵام چۆن ئەم گوێڕایەڵییە بە دیدێت؟ یا بە واتایەکی دی چۆن دەتوانین شەرعیەتی سیاسی بەدیبهێنین؟

هەوڵدەدەین لە بەشی دووەمدا ئەمە بزانین

بەشی دووەم:

## ڕێگاکانی بەدیهێنانی شەرعیەتی سیاسی

لەکاتی توێژینەوە لە چۆنیەتی بەدیهێنانی شەرعیەت و گەیشتن بە دەسەڵاتێکی شەرعی پێویستە ئەم خاڵە سەرەکیانەی خوارەوە بە هەند هەڵگرین.

### یەکەم: کاریگەرێتی

یەکێ لە پاساو هێنانەوەکان بۆ بوونی دەسەڵات ئەوەیە کە بە تەنگ هەموو ئەو شتانەوە بێت کە دەچێتە خانەی چەمکی مافەکانی هاوولاتییەوە، کە ئەمیش بە دەوری خۆی تاعەت کردنی خۆی پێدەبەخشێ، بۆ ئەوەیش دەسەڵات لە کارکردندا بەردەوام بێ ئەوا پێویستە خەسڵەتی کاریگەربوونی تێدا هەبێ، ئەمەش لە ڕێی ڕادەی جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە بنەڕەتییانەوە هەڵدەسەنگێندرێ کە سیستەمەکە بۆ حکومەت دەیکات[٢٠]. بنەمای ئەم کاریگەربوونەش لە ڕادەی توانای دەسەڵات و دامودەزگاکانی بۆ بەڕێوەبردن و بەتەنگەوە هاتنی قەوارەی ئەم داخوازیانە هەڵدەقوڵێ، جا چ بەرزبێتەوە یا ئەگەر گۆڕانی بەسەر داهات جا چ لە ڕووی چۆنیەتییەوە یا لە ڕووی جۆرییەوە بێ، لە دەوڵەتانی جیهانی سێیەم و جیهانی عەرەبیدا ئەم کاریگەربوونە هەستیارترە لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکان، لە ژێر داواکاری بوونی سیمای چڕبوونەوەی دەسەڵات و هەژموونی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەسەر هەموو دەسەڵاتەکانی ترەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی پەیوەندی هاوولاتی بە دامەزراوەکانی دەسەڵاتەوە ڕاستەوخۆیانە نەبێ.

بۆیە هەر کارێکی ئیجابی یا سلبی بە پلەی یەکەم بۆ دەسەڵاتی ناوەندی دەگێڕدرێتەوە، وەک شتێکی پێویستیش پێویستە ئەم کاریگەربوونە سنوورەکانی جوگرافی ببەزێنێ تا لە ناوەندا گیر نەخوات و لە ناوچەکەنارییەکان هەبێ کە گرنگترن و پتر پاساوی بەکارهێنانی توندوتیژی و بڵاوبوونەوەی نا ئارامی هەڵدەگرن.

ئەگەر کاریگەربوون لە دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان بە ڕادەی دابینکردنی پسوولەی کارکردن، یا ئامادەکردنی ناوچەکانی گەشتوگوزار بۆ بەسەربردنی پشوو بپێورێ،ئەوا لە وڵاتانی جیهانی سێیەم هەندێ جار خۆ لە گەیاندنی دەنگی دەسەڵات و وێنەکەی بۆ هاوولاتیان دەنوێنێ، بۆ ئەوەی لە مێشک و دڵ و دەروونی هاوولاتیان بەردەوام ئامادەبوونی هەبێ، نەک بە سیفەتی پاساو ڕێسای ئەمر پێکراو، بەڵکو وەک کۆمەڵێ خزمەتی بەدیهاتوو بوونی هەبێ.

بۆمان هەیە ئاماژە بە جان جاک ڕۆسۆ بکەین کە دەڵێ« هەرچەندە پێکهاتنی دەوڵەت چاکتر بێ ئەوا کاروباری گشتی لە مێشکی هاوولاتیاندا زاڵتردەبێ بەسەر کاروباری تایبەتی»دا[٢١]. باوەڕهێنانی تاکەکان لە ناو کۆمەڵگا بە توانا و کاریگەری دەسەڵات بۆ بەدیهێنانی ئامانج و هیواکانی ئەم تاکانە؛ یەکێ لە بنەماکانی شەرعیەت دابین دەکات، سەرنەکەوتنی دەسەڵاتیش لەم ئەرکە بۆی هەیە ئەم بیروباوەڕە لە مێشک و دڵ و دەروونی خەڵک بسڕێتەوە، نەمانی ئەم بیروباوەڕەش بۆی هەیە پرسیاری جۆربەجۆر کەلە بنەڕەتدا جۆرە شکانەوەیەکە بورووژێنێ، کە ڕەنگە کاردانەوەی پێچەوانە ڕووبدات و ڕێگا بۆ هاتنی دەسەڵاتێکی تازە خالی بێ؛ بە بیانووی سەرنەکەوتنی حوکمڕانی یەکەم، مەترسیش لەم کاردانەوە پێچەوانەیە لەوەدایە کە ڕەنگە سنووری ئاشتییانە ببەزێنێ و شێوەی بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژو

شەڕی ناوخۆ وەربگرێ کە نەک تەنیا بۆ ستوونەکانی دەسەلات کاولکەرە، بەلکو بۆ خودی دەولەتیش مالوێرانییە. بەم جۆرە بوونی کاریگەریی بەرەو رازیبوون و تاعەتکردن دەمانبات، کەیەکێکە لە بنەماکانی بەدیهێنانی شەرعیەت.

## دووەم: رازیبوون و تاعەتکردن
## (گوێ رایەلی)

دەسەلات تەنیا دیاردەیەکی ماددی نییە، بەلکو لایەنی عەقلی و مەعنەویش دەگرێتەوە، کە رازیبوونی خەلکە بەم دەسەلاتە[٢٢]، بەردەوامبوون و جێگیربوونی دەسەلاتی سیاسی لەسەر هەلوێستی میللەت و لاگیریکردن و پالپشتیکردنی ئەم دەسەلاتە دەوەستێ، رازیبوونی میللەت رەگەزێکی گرنگە بۆ بەردەوامبوون و گەرموگوڕبوونی دەسەلات، دەسەلاتیش بۆ ئەوەی کاریگەر بێ پێویستە پشت لە وەدەستهێنانی رەزامەندی ئەوانە نەکات کە لە پێناویاندا هاتۆتە سەرحوکم. ئەو رەزامەندیەش مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ کاریگەربوونی دەسەلات[٢٣]، ئەو رەزامەندیەش کە بە دەسەلات دەبەخشرێ بەرانبەر ئەو خزمەت و دەستکەوتانەیە کە پێشکەشی تاکەکانی دەکات، بێ گوێدانە سروشتی ئینتماکردنیان، پێوانی رەزامەندی گشتیش لە کارە زەحمەتەکانە لە بواری کاری سیاسیدا، چونکە ئارەزوو و هیواکان هەمیشە قابیلی گۆڕانن[٢٤] بەلام دەکرێ لە رێی چالاکی حزبە سیاسییەکان و ئەو رادەیەی دەسەلاتی یاسادانان بە سیاسەتەکانی بە نیازە جێبەجێیان بکات رازی بێ، لەگەل رادەی نەبوونی نارەزایی و دیاردەی توندوتیژی چەکداری بپێورێت وپێویستە جەخت لەسەر بەشداربوونێکی هۆشمەندانە بکرێت نەک لەسەر خۆسازاندن، لەسەر ئەم بنەمایەش سەیر دەکەین هەندێ نووسەر وا پێناسەی شەرعیەت دەکەن کە رازیبوونی رەعیەت و هاوولاتیانە بە دەسەلات.

رازیبوونێکی ئیجابیانەی وا کە لە قبوولکردنی ئەمری واقیع جیادەبێتەوە کەمانای رازیبوونی توخمەکانی کۆمەلگای هۆشمەندانە و حیساب بۆ کراو دەگەیەنێ[٢٥]، پرسیاری بەرچاویش لێرەدا ئەوەیە تا چ رادەیەک رەزامەندی و تاعەتکردن بەشداری لە مانەوەی دەسەلات و بەردەوامبوونی شەرعیەتدا دەکەن؟ جان جاک رۆسۆ پێی وایە کە رێککەوتنەکان(کۆنتراکت) بنەمای هەموو دەسەلاتێکی شەرعین لە نێوان ئادەمیزاددا[٢٦]، بەلام ئایا دەسەلاتی شەرعی دەخولقێنێ یا دەیهێنێتە وجود؟ وەلامیش ئەوەیە کە رەزامەندی میللەت دەسەلاتێکی شەرعی دروست ناکات، بەلام دان بەبوونیدا دەنێ و پاساویشی بۆ ناهێنێتەوە، بەلکو تەنیا تۆماری سەرهەلدانی دەکات، رەزامەندی هۆکارە نەک نیشانە، بڕیاردەری دەسەلاتە پتر لەوەی سەرچاوە بێ بۆی[٢٧]، ئێمە لەلای خۆمان پێمان وایە هەبوونی ئەو رەزامەندییە چ هۆکار بێ یا نیشانە، بڕیاردان بێ یا سەرچاوە، بایەخێکی گەورەی بۆ مانەوەو بەردەوامبوونی دەسەلات و بەدیهێنانی شەرعیەتەکەی هەیە، بۆیە وەک هەندێ نووسەر بۆی دەچن پێمان وانییە کەدەلێن( رەنگە بە شێوەیەک لە شێوەکان دکتاتۆریەتەکان نا میللی بن بەلام لە رێی کێشانەوەی رەزامەندی میللەت لا ناچن ،بەلکو بە هۆی گواستنەوەی پەیوەندیەکانی هێز، نارەزایی میللەت دەبێتە ناوەندێک پتر لەوەی هۆیەکی گۆڕانی سەربەخۆبێ ..هەلوەشانەوەی شەرعیەتی رژێمی هەبووش پەتایەکە تووشی دامودەزگاکانی حوکمکردن دێت، بە پێچەوانەی بۆچوونی تەقلیدی دەربارەی ئەمانی شەرعیەت کە

پەیوەندی بە بیروڕای حوکمکراوەکانەوە هەیە[٢٨]، ئەم قسەیەش وامان لێدەکات بپرسین، دام ودەزگاکانی دەوڵەت لە چی پێکدێن؟ کێ ئینتیمای بۆی هەیە؟ ئایا خودی ئەو تاکانەی ناو کۆمەڵگا نین کە رۆڵی دیارکراو لە ژیانی سیاسی خۆیان دەگێرن،جا ئەم رۆڵە چ کۆمەڵایەتی چ ئابووری بێ. پاشان ئایا دەتوانین جیاوازی لە نێوان ئیرادەی ئەم دامودەزگایانەو ئیرادەی تاکەکان بکەین؟ کاری ئەم دامودەزگایانە لە رێی ئەسقێکی عەقائیدی و ئایدۆلۆژی تایبەتی بەڕێوە دەڕوات، کە گشت ئامێری دەسەلات بەڕێوەدەبات، ئەم دەسەلاتە بنەمای سەرووەو لە سەرووی هەموو ئەم دامەزراوانەیە، ئەگەر هەر ناڵەبارییەکیش لە بارودۆخی دەسەلات رووبدا، ئەوا رەنگە بەهەمان شێوە دامودەزگاکانیشی بگرێتەوە وردنگە ئەم دامەزراوانە بە هێزبن و بەهێزتریش بن، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە شەرعیەتی دەسەلات زیادی کردووە، رەنگە ئەو کاتە بلێین کارامەیی و هێزی پتر بووە نەک شەرعیەتەکەی زیادی کردووە، پاشان قبوڵکردنی تاکەکان و لاگیریکردنیان بۆی، ئەوانی هێزو کارامەیی بە پلەی یەکەم بە دامودەزگاو دەسەلات دەبەخشن. دواجاریش پێویستە حاڵەتی رازیبوونەکە بەشێوەیەکی دیارکراوی بەشداریکردنی سیاسی ئامادەبکرێ. بۆ ئەوەی ئەم بەشداریکردنەش بە ئەنجام بگات پێویستە چوارچێوەیەکی گشتی بۆ دیاربکرێت، کە دامودەزگا سیاسی و یاساییەکان دابینی دەکەن، کە یەکێکە لە بنەماکانی بەدیهاتنی شەرعیەت.

## سێیەم: دامودەزگای یاسایی و سیاسی

هەندێ وای دەبینین کە قەیرانی شەرعیەت لە بنەڕەتدا گرفتێکی دەستوورییە ،ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە دەستوور و دامودەزگاکانی تر بایەخێکی لە رادەبەدەریان لە دیارکردن و جێبەجێکردنی شەرعیەتی سیاسی هەیە، کارەکانی دەسەڵاتیش بەقەد کارکردنیان لە چوارچێوەی دەستووری بڕیاردراو بەهایان هەیە، کە ئەرکی سیاسی دیار دەکات[٢٩]. دەستوور بەرژەوەندی گشتی شاراوە یا ئاشکرا دەستنیشان دەکات و سروشتی دەسەڵات دیاردەکات، هەروەها ئەو مەرجانەش دیار دەکات کە پێویستە لەو کەسانە هەبێ کە بەرپرسن لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی کەوتۆتە سەرشانیان، بۆیە لەسەر ئەم بنەمایە حوکمکردن دەبێتە بەرپرسیارێتی نەک دەستکەوتێک، دەبێتە کۆمەڵێک سەلاحیات و پسپۆڕێتی پەیوەست بە ناوەندەکانی حوکمکردن، نەک کۆمەڵێ ئیرادەی رەها بۆ ئەو کەسانەی چۆنیان بوێ ئەوها فەرمان دەربکەن. کەواتە دەستوور ئەوە دابینەدەکات کە رێ لەوانە بگرێ لە حوکمکردن لانەدەن و تەنها کار بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان نەکەن[٣٠]. بوونی دەستووریش مانای دیارکردنی چوارچێوەیەکی رەسمی بۆ چالاکییە سیاسییەکان دەگەیەنێ و نیشانەیە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی و، مەرجەعێکە تالە کاتی رووودانی هەر جیاوازییەک لە نێوان هێزە سیاسییەکان بۆی بگەڕێنەوە ، هەروەها بوونی ئەوە دەگەیەنێت کە زەمینەیەک هەیە لایەنەکان لە کاری سیاسی پشتی پێدەبەستن و وەک سنوورێکی شەرعی بۆ حاکم وایەو یەکێکە لە بنەما عەقلانییەکان بۆ هەڵسوکەوتی سیاسی، لەهەمان کاتدا دەستوور دیواربەندێکە بۆ هاووڵاتیان لە دەرەوەی سیستەمی سیاسی دژی رژێمی سیاسی کارنەکەن، بەڵکو لە ناوەوەیدا ئەم کارە بکەن، ئەمە بێجگە لەوەی هاووڵاتی بنەمایەکی هەیە کە ئەرک و مافەکانی بۆ دیار دەکات.

بێگومان ئەوەی ئەم پەیوەندییە دروستەش دادەمەزرێنێ فەرزکردنی ڕێزگرتنی دەستوورە لەلایەن حاکم و هاووڵاتی پێکەوە لەگەڵ جەختکردن لەسەرئەوەی کە ڕێزگرتنی حاکم بۆ ئەو گرنگی پتر هەیە، هەروەها بۆ پێگەی دەسەڵات و بایەخی لە جیهانی سێیەم و ئەو ڕۆڵەی لە بەڕێوەبردنی چالاکی سیاسی دەیگێڕێ.

بوونی دامودەزگای سیاسی و یاسایی هۆیەکە بۆ دروستبوونی بڕوای بونیادنانی دەسەڵات، کە مەبەست لەمە (گواستنەوەی دەسەڵاتە لەو کەسەی کە بەڕێوەی دەبات و سپاردنی بەدەستەیەک یا دامەزراوێک، هەروەها مەبەست چوونی دامەزراوەکەیە بۆ ژێرباری سیستەمێکی دیارکراو، کە ئەمەش مانای فرەبوونی دامودەزگاکان دەگەیەنێ، دواجاریش مەبەست کارکردنە بۆ بەدیهاتنی ئامانجی دامەزراوەکە تا سەربەخۆ بێ و لە هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی کەسەکی بەدوور بێ)[٣١]، ئەم دامودەزگایانەش وەک پردێکی ئاسوودە وایە بۆ پەیوەندی نێوان حوکمڕان و هاووڵاتیان و ژیانێکی ئاسوودە بۆ هەر دوولا دەڕەخسێنێ و هاووڵاتی لە بیرکردنەوەی تەسک (تیرە، خێڵ، بەرە) دوور دەخاتەوە و پاڵی پێوەدەنێ بە جۆرێکی فراوانتر بیر بکاتەوە، بیرکردنەوە لە بینینی دەوڵەتێکی یەکگرتوو و دەسەڵاتێکی دەوڵەتی هاوچەرخانە، کە گرنگی بە هەموان دەدات، بێ جیاوازی بە جۆری ئینتماکردن و مەرجەعیاتی مەزهەبی، ئایینی ، تایفەگەری.

## چوارەم: بەشداریکردنی سیاسی

ماکلۆسکی وا پێناسەی بەشداریکردن دەکات کە هەموو ئەو چالاکییە ئیرادەییانەیە کە بە هۆیەوە تاکەکانی کۆمەڵگایەک لە کۆمەڵگاکان بەشداری لە هەڵبژاردنی فەرمانڕەواکانیان دەکەن و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆش بەشداری لە داڕشتنی سیاسەتی گشتی دەکەن، واتا مەبەست بەشداریکردنی تاکە لە هەموو ئاستەکانی سیستەمی سیاسیدا[٣٢].
گرنگی ئەم بەشداریکردنەش لەم خاڵانەی خوارەوە هەڵدەقوڵێ:

أ-کارلێکردنی نێوان حوکمڕان و هاووڵاتیان دیاردەکات، هاووڵاتی ئەو کاتە بۆ بەشداریکردن دەچێ کاتێ دان بە حوکمڕان دەنێ و حوکمڕانیش بۆ قبووڵکردنی ئەو بەشداریکردنە پشت بە وەرگرتنی شەرعیەت لە هاووڵاتیەوە دەبەستێ[٣٣].

ب- گرنگترین سەرچاوەکانی کاریگەرییە، کە هەر دوو ڕێسای یاسایی و مەشروعیەت لەلایەک لە خۆدەگرێ، لە لایەکی تریش ئامادەبوون و پیادەکردنە بەکردەوەکان بۆ پاڵپشتی ڕژێم و دەسەڵات دیاردەکات و لاگیرییان دەکات، کە پاشان دەبێتە گرنگترین ڕێسا و بنەمای هاوسەنگی بزاوتنی هەر دوو ڕژێمی سیاسی و کۆمەڵایەتی[٣٤].

ج-یەکێکە لە نیشانە گشتییەکان کە ئاماژە بە سەلامەتی ڕژێمی سیاسی دەدات، چونکە بواری یەکسان بۆ هاووڵاتیان دەڕەخسێنێ بۆ بەشداریکردن و جەخت لەسەر گرنگی دەنگدانی ئەم هاووڵاتیانە لە هەڵبژاردنە سەربەستەکان وەک کارێکی سەرەکی و گرنگ دەکات کە تاک پێی هەڵدەستێ[٣٥].

ئەوەی جێی سەرنجیشە ئەوەیە کە یەکێ لە سیما دیارەکانی وڵاتانی جیهانی سێیەم قەیرانی بەشداریکردنی هاووڵاتیانە لە کاری سیاسیدا، چونکە سەرانی ئەم وڵاتانە ئارەزووی ئەوە دەکەن تا دەسەڵات ببێ بە ڕژێمێکی دکتاتۆری یا خۆسەپێن، بە تایبەتی لە پاش ڕوودانی کۆدیتای سەربازی کە ئەویش لە ڕێی خۆیەوە بەرەو

لەناوبردنی هەموو جۆرە دیاردەیەکی بەشداریکردنی میللەت لە کارە سیاسییەکان دەچێت[٣٦]. لەناوبردنی ئەم دیاردەیەش دژ بە بڕوای دیموکراسیەتە کە کارلێکەری نێوان حاکم و هاوولاتیانی پێویستە، لەگەڵ رۆڵی ئەم هاوولاتیانە لە دیارکردنی بیروڕای گشتی ناوکۆمەڵگا و سیاسەتەکەی ، بەشداربوونی دەسەلاتیش لەخەم و ئازارو پێویستییەکانی خەڵک، مەرجێکی بنەڕەتییە و پێویست بە ترسیش ناکات لە مەسەلەی بەشداریکردنی میللەت، چونکە مەبەست لە بەشداری کردنەکە گۆڕینی حەتمیانە بۆ رژێم و بەهاکانی دەوڵەت نییە، بەڵکو مەبەست دووبارە دابەشکردنەوەی دەسەلاتە بۆ شوێنەکانی هەژموونی مەعنەوی و زاڵبوونی بەکردەوەیە لەناو کۆمەڵگادا[٣٧].
شێوەی بەشداریکردنی سیاسیش جۆربەجۆرەو بۆ ئیجابی و سلبی دابەشدەبێ، کە یەکەمیان بریتییە لە دەنگدان لە کاتی هەڵبژاردنە گشتییەکان و ئینتماکردنە بۆ حزبە سیاسییەکان و بەخشینی پارەو پول و ئامادەبوون لە کۆبوونەوە و پالاوتنی سیاسیدا، دووەمیش بۆ بەشداریکردنی ئاشتیانەی سلبی دابەش دەبێ کە هاوولاتی لە هەموو جۆرە بەشداریکردنێکی جەماوەری گۆشەگیر دەبێ، ئەگەر بەشداریشی کرد ئەوا بە سلبی و نادروستانە بەشداری دەکات و شێوەی توندو تیژی و خۆپیشاندان و نائارامی دەنوێنێ، ئەوەی دوایش زەرەرێکی چاوەڕوان کراوە بۆ یەکێ لە بنەماکانی دەسەلاتی شەرعی و کارکردنی و لادانێکیشە لە رێبازە سەرەکییەکانی،ئەو کاتە هاوولاتی پەنا دەباتە بەر توندو تیژی کاتێ هەست دەکات رێگا شەرعیەکان کەمو کورتیان تێدایە بۆ گەیاندنی دەنگی ئەوو بە تەنگ ئارەزوو و داخوازییەکانییەوە ناچن، بەلام تۆ بلێی پاساوی دەسەلات بۆ بەکارهێنانی توندو تیژی چی بێ؟ وەلامدانەوەی ئەم پرسیارە دەمانباتە سەر بنەمایەکی تری بە بەدیهێنانی دەسەلاتێکی شەرعی.

## پێنجەم: رادەی پشت بەستنی دەسەڵات بە توندو تیژی

بۆ ئەوەی دەسەلات پارێزگاری لە بەتەنگەوەهاتنی بۆ رێسا یاسایی و کۆمەلایەتی و فەرمان و رێنماییەکان و سیستەمی گشتی بکات و کیانی دەوڵەت بپارێزێ، پەنا دەباتە بەر رێگای جۆربەجۆر، کە لە نێوان ئارەزوو پێکردن و تۆقاندن خۆدەبینێتەوە. مەبەست و پاڵنەرەکانی تاکیش لە قبوولکردن و بەکارهێنانی ئەم رێگایانە هەمە چەشنە، بە تایبەتی دووەمیان کە رەنگە ژیانی خۆش و ئارامی و بەرژەوەندی ماددی و وەدەستهێنانی کەسایەتی مرۆڤ بێ، دەشێ ئەمانەش بە تەنیا یا هەموو پێکەوە ببن بە پاڵنەر بۆ رازیبوون، هەروەها رەنگەبشبن بە ئامانج بۆی[٣٨]، مەسەلەی گرنگیش لێرەدا رادەی قەناعەتی تاکەکانە بەوەی کە دەسەلات کار بۆ پاراستنی بەرژەوەندی گشتی دەکات، لێرەشدا گریمانی ئەوە دەکەین کە قبوولکردن و دەستەمۆبوون بۆ دەسەلات، ئەو دەسەلاتە بەدیهاتوودیە بۆ بەرژەوەندی گشتی بە چاکترین شێوە، لەم گریمانەشدا دەستەمۆبوونەکە لەلایەن هاوولاتیان بۆ بڕیارەکانی حاکمەکان پاڵپشتە شەرعی و چەمکە مەنتیقیەکەی وەردەگرێ[٣٩]، گرفتەکەش لە حالەتی تێکچوونی پەیوەندی نێوان رێگای ئارەزووکردن و تۆقاندن دەردەکەوێ کە رەنگە زاڵبوون بۆ ئەوەی دوایی بێت، ئەم تێکچوونەش یەکێ لە مەرامە بنەڕەتیەکانی دەسەلات ون دەکات، کە ئەویش بەدیهێنانی ئاسایشە، کە مانای نەهێشتنی رووداو یا مەترسی رووداوەکان دەگەیەنێ، ئەو رووداوانەی زەرەر بە تاک و شتومەکەکان

دەگەیەنێ[٤٠]، زەرەریش رەنگە ماددی یا مەعنەوی بێ، کە تایبەتە بە کەینونەی هاوولاتی و ئەو ژینگەیەی دەوری داوە، رەنگە ئازادی تاکە کەسی بگرێتەوە وەک چۆن کەرامەتی یا شوێنی کارکردنی یا ماڵەکەی دەگرێتەوە، ئەمەش بەسە کە جۆرە نا ئارامییەک رووبدا و ببێتە هۆی تێکدانی هەڵسوکەوتی هاوولاتییان، ئەمەش زەرەرێکە لە ئەنجامی بەکارهێنانی هێز دەخولقێ( بەکارهێنانی رێگاکانی تۆقاندن). ئەگەر شەرعیەت و مەشروعیەتی بەکارهێنانی هێز لە بنەڕەتدا پاراستنی قەوارەی دەوڵەت و رژێمی سیاسی و کیانی هاوولاتی بێ بەرانبەر مەترسییە پێشبینی کراوەکانی دەرەوەو ناوەوە، ئەوا پرسیارێک هەیە؟ ئەویش ئایا هێز هۆکاری یەکەمە بۆ بەدیهاتنی ئەم ئامانجەو؟ ئایا ئەو هێزە بەرەو شەرعیەت دەمانبات؟ پێویستە ئەم هاوکێشەیە لە زەینماندا بێ کە ئەوە دەخوازێ دەسەڵات ببێ بە هێزی قبوولکراوو ئیتاعەکراو، بنەمای ئەم ئیتاعەکردنەش رەزامەندییە، واتا رەزامەندی زۆرینەی خاوەن پەیوەندی بەم شێوەی کە بتوانرێ وا پێناسەی دەسەڵات بکرێ، هێزی سیاسەتە کە هەندێ پاساو پاڵپشتی دەکەن و هەندێ دارشتنی ناهێزەکی یارمەتی دەدەن[٤١]. هەرچ کاتێ رەزامەندی بۆ دەسەڵات نەبێ و بەشێوەیەکی ئیختیاری نەبێ و چوونە ژێر باری ئیختیاریشی لەگەڵدا نەبێ، ئەوا جگە لە دەسەڵاتێکی ماددی هیچ دەسەڵاتێکی دی بوونی نابێ، کە بۆی هەیە تا ماوەیەکی درێژ بمێنێتەوە ، بەڵام بێ ئەوەی ببێ بە دەسەڵاتێکی رێکوپێک، واتاببێ بە دەسەڵاتێکی یاسایی[٤٢]. لەبەر ئەمە شتێکی پێویستە دەسەڵاتی ئەمری واقیع بگۆردرێ و بکرێ بە دەسەڵاتی قەبوولکردن وتاعەتکردن ، داخوازی ئەم گۆڕینەش مامۆستا سادق ئەسوەد لەوە دەبینێ کە (دەسەڵاتی ئەمری واقیع خەسڵەتی هەیمەنەکردنی غەریزەکانی دەستبەسەراگرتنی هەیە بەسەر ئەو کەسانەی کار لە بەرێوەبردنی کاروباری گشتی دەکەن و بەزۆریش بەسەر تاکەکاندا دەسەپێنرێ، بۆیە بۆ ئەوەی دەسەڵات ئارامی بە خۆوە ببینێ و بەردەوام بێ، ئەوا پێویستە پەرە بە خۆی بدا لە چۆنیەتی پیادەکردنی وردی دەسەڵاتدا، بە شێوەیەکی وا ئاراستە بکرێ تا بەرەو بەرژەوەندی کۆمەڵ هەنگاو بنێ وغەریزەکانی سەیتەرەکردن بە فەرمانڕەوایی سیاسی و کارامەیی ئەو بلکێنێ[٤٣]. لەلایەکی ترەوە بەکارهێنانی هێزو زۆردارەکی و تۆقاندن نابێ تەنیا بۆ وەدەستهێنانی تاعەتکردن بچێ، بەڵکو دەبێ بەکارهێنانی پەیوەست بێ بەو حاڵەتەی کە تاک فەرمانەکان جێبەجێ ناکا.

واش چاکترە، رێگاکانی تر (نا زۆردارەکی) بۆ وەدەستهێنانی تاعەتکردنی تاکەکان لە پێشتر بن، ئینجا بەهای ئیتاعەتکردنی فەرمانە ئاسەرەکییەکان وەک پێوەرێک بۆ گوێڕایەڵبوون بە فەرمانە جەوهەرییەکان وەرناگیرێ کە ئاسایشی کۆمەڵگا هەمووی دەگرێتەوە. بەم جۆرە جۆری ئەو گوێڕایەڵییەی مەبەستە بەدیبهێنرێ و جۆری فەرمانە سوڵتەوییەکان و ئامانجەکان و سروشتییان، هەتا ئەو لایەنەیش کە دەریان دەکات ناچۆنیەکە و لەسەرمانە ئەوەش لەبیرنەکەین کە پاساوی دەسەڵات تێرکردنی پێویستییەکانی هاوولاتیانە بۆ ئەمن و ئاسوودەیی بەمانا بەرفراوانەکەی ئاسایش، دژی هەژاری و برسیەتی و دوژمنی دەرەکی، پاساوی راستەقینەی دەسەڵاتیش ئەوەیە کە ئاسوودەیی دەربارەی هەموو ئەو شتانەی ترس لێیان هەیە بۆ خەڵکی دابین دەکات[٤٤]، هەروەها پەنا بردنە بەر سزادانی ماددی دەبێ تەنیا دوا کار بێ و لە حاڵەتی دەرهاوێتەیی (ئیستسنائی)

بەکاربێ، چونکە سزا هەرچەندە کاریگەر بێ بە تەنیا بەس نییە و تەنیا ڕێگایەکە. جان جاک ڕۆسۆ دەڵێ: بەهێز هەمیشە بە بەهێزی نامێنێتەوە تا بەردەوام سەروەر بێ، ئەگەر ئەو هێزەی هەیەتی نەیکات بە ڕاستی و گوێڕایەڵبوون و ئەرک بەسەر ئەوانی ترەوە...

بەڵام هێز، ڕاستی دروست ناکات [٤٥]، هەروەها ناچارکردن لە خودی خۆیدا شەڕەو سەپاندنی سزا بە کردەوە و بە بەردەوامی نیشانەی دارمانی دیواری ترسە لای هاووڵاتیان، لە شیکردنەوەی کۆتاییشدا لاوازی خودی دەسەڵاتی سیاسییە [٤٦]، پیادەکردنی هێزیش دەبێ بە مەبەستێ بێ و بۆ ماوەیەکی دیارکراو بێ، بۆ ئەوەی چەمکی دەسەڵات بۆ هەمیشە و هەتاهەتایێ نەبێ بەهێزێک، واش چاکترە وێنەی دەسەڵات لە بیری هاووڵاتیدا بوونی هەبێ، ئەگەرهاتوو پێی لەسەرنەوە داگرت کە لە پێناوی ئەودا بۆتە هێزو بۆ ئەوە نەک هێزێکە بەسەر ئەودا، کارەکە بە پلەی یەکەم پشت بەئاراستەکردنی دەسەڵات دەبەستێ کە دەشێ ئاراستەکردنێکی ئیجابیانە بێ یا بە پێچەوانە. ئەمەش ڕەنگە وزەی داهێنەرانە بەرهەمبێنێ و چالاکی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگای مەبەست بێ، یا پاڵنەرەکانی بزووتنەوەکە لەباردەبات و کەشوهەوایەکی ناڵەبار بخوڵقێنێ یا کێشەو یاخیبوونێک بزوێنێ. هەروەها ڕەنگە مانای ئازادیش لەخۆبگرێ و هەروەک چۆن مانای زوڵم و زۆرداریش لە خۆی دەگرێ [٤٧].

## شەشەم: دەستکەوتی ئابووری

هۆکاری ئابووری لە هەموو وڵاتانی جیهان کارێکی گرنگ دەکاتە سەرژیانی سیاسی، بەڵام گرنگییەکەی لەوڵاتانی جیهانی سێیەم پترو هەستیارترە لەوڵاتانی پێشکەوتووی جیهاندا، هۆی ئەمەش لەم وڵاتانەدا (جیهانی سێیەم)، کارکردن لە دنیای سیاسەت و دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات مانای وەدەستهێنانی دەستکەوتی زۆر دەگەیەنێ. سەبارەت بە بونیادنانی شەرعیەتیش لە زۆربەی حکومەتە تازەکان کە کاروباری وڵات دەگرنەدەست، جا چ لە ڕێی کودەتای سەربازییەوە بێ یا هەڵبژاردنی ئازاد، ئەوەیە کە یەکێ لەو ئەرکانەی کە دەبێ بیکەن چاککردنی بارودۆخی ئابووری ئەو وڵاتەیە کە حوکمی دەکەن، ئەرکی چاککردنی ئابووریش هێندە کارێکی ئاسان نییە، چونکە پشت بە جۆری ئەو ڕێگا ئابووریانە دەبەستێ کە دەیانەوێ جێبەجێی بکەن، هەروەها پشت بە ڕادەی ڕشتیی دەسەڵات دەبەستێ بۆ دابەشکردنی دەرامەت و سامانەکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بەسەر ئەوانەی شایەنن، بێگومان دەستنیشانکردنی زۆر داواکاری بۆ سروشتی پرۆگرامە ئابوورییەکان هەیە، چونکە هەندێ جار دەوڵەت بە دەست نەبوونی سامان و داهاتی ئابوورییەوە دەناڵێنێ و ناچارە پشت بە دەرەوە ببەستێ، کە دەرئەنجامی سلبیەکەی پاشکۆیەتی ئابوورییە، هەندێ جاریش سامان و داهات هەن، بەڵام لەبەر ئەوەی دەسەڵات کاروبارەکە خراپ بەڕێوەدەبات ئەوا بە شێوەیەکی دروست بەکاریان ناهێنێ، ئەم کارەش دەبێتە هۆی خوڵقاندنی گرفتێکی تر، چونکە هاووڵاتی ڕەنگە زۆر داواکاری بخاتە پشتگوێ، ئەگەرهاتوو زانی سامان و داهاتی وڵات کەمی تێدا هەیە، بەڵام لەبەرامبەر نا دروستی بەکارهێنانی ئەم سامان و داهاتە، دەست بە پرسیارکردنی قووڵ و جدی و بێکۆتایی دەکات کە گەیشتن بە بونیادی شەرعیەت زەحمەت دەکات، بەگشتیش کۆبوونەوەی هەموو سامان و داهات و بەڕێوەبردنی چاک بەرەو کەمبوونەوەی دەرفەتی کێشەی سیاسی و پەنابردنە بەر توندوتیژی و ئائارامی

دەمانبات، ئەگەرهاتوو ئەو کۆکردنەوەیە لەگەڵ جێبەجێکردنی داواکاری و پێویستییە بنەڕەتییەکان بەڕێوەچوو، بەو شێوەیەی کە هاووڵاتی نەک لەسەرداهاتووی خۆی دڵنیا بێ، بەڵکو لەسەر ئایندەی نەوەکانی داهاتووشی بێ خەم بێ، ئەگەر وابوو ئەوا هاووڵاتی ڕەزامەندی خۆی و لاگیریکردنی خۆی بۆ دەسەڵات دەبەخشێ، ئەوسا بەشداری لە بەدیهاتنی شەرعیەت دەکات، پێویستە ئەم کۆکردنەوەیەو پێکەوە هاتنەوەیەش لەگەڵ پێشخستنی بەڕێوەبردنێکی چاک لەدەسەڵاتدا جێبەجێ بکرێت.

بۆ نموونە لە فەنزوێللادا نەوت لە بیستەکاندا خۆماڵی کرا، بەڵام ئەو داهاتەی لە نەوت وەدەستدەکەوت بەس نەبوو بۆ بەرەوپێشبردنی دیموکراتیەت هەتا ساڵی ١٩٥٨، بەڵام پاش ئەم ماوەیە دیموکراتیەت گەشەی کرد، ئەمەش لە ڕێی بەکارهێنانی عاقڵانەی داهاتی نەوت و دابەشکردنی بەسەر هەموو توێژە کۆمەڵایەتییەکاندا [٤٨].

لە پیرۆش دەبینین بەهۆی فەسادی سیاسی لە دەسەڵاتدا، بەشی زۆری داهاتەکان بۆ ناوچە کەنارییەکان تەرخان کراوە، پتر لەوەی بۆ ناوچە دێهاتییەکان، کە بەدەست نەبوونی و ناخۆشی ڕێگاکانی هاتوچۆکردن لە هەر بیست و چوار هەرێمیدا دەناڵێنێ [٤٩]. مەسەلەی دابەشکردنی عادیلانەی داهاتیش کارێکی زۆر گرنگ دەکاتە سەر زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەم، بەتایبەتی وڵاتانی ئەمەریکای لاتین کە عەیبی سەرەکی بەشێوەیەکی جەوهەری لەناو خودی موڵکە عەقاری و زەوییە کشتوکاڵییەکان دایەو کەسانێکی زۆر کەمی دەوڵەمەند دەستیان بەسەردا گرتوون، لەوکاتەی ملیۆنان هاووڵاتی لەناو بارودۆخی زۆر خراپی دێهات و شارەکان دەژین، ڕەنگە جیاوازی ئەم دوو چینەش کاریگەری کەمتربێ

ئەگەرهاتوو دەوڵەت بەلایەنی کەم سوود لەو باجانە وەربگرێ، کە دەکەوێتەسەر موڵکدارو پارەدارەکان و وەریان بگرێ، بەڵام سیستەمی باج وەرگرتن هێندە لاواز و نالەبارە کە بۆی نییە و ناتوانێ بەشداری لە یەکبوونی کۆمەڵایەتی بکات [٥٠].

لێرەشدا پرسیارێکی گرنگ سەرهەڵدەدات کە دەڵێ: ئایا پێویست دەکات دەستکەوتی ئابووری دەگەڵ جۆری دەسەڵات پەیوەندی بکات، جا دیموکراتی بێ یا دکتاتۆری، مەدەنی بێ یا سەربازی؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەڵێین:

١) بەدیهێنانی دەستکەوتی ئابووری ئامانجی خزمەتکردنی هاووڵاتیانە بە پشت بەستن بەوەی کە ئەرکی دەسەڵات لە بنەڕەتدا خزمەتکردنی هاووڵاتی و هەوڵدانە بۆ بەدیهێنانی شەرعیەت، پاشان پێویستە دەستکەوتی ئابووری لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتی بەدەستە بگونجێ، کە دەبێ شەرعی و مەشروع بێ.

٢) لە حاڵەتی سەرنەکەوتنی دەسەڵات بۆ بەدیهێنانی دەستکەوتی ئابووری ئەوا گۆڕینی دەسەڵات دەبێتە شتێکی پێویست، لەڕێی هەڵبژاردن یا هەر شێوازێکی تر بۆ ئەوەی دەسەڵاتی نوێ بتوانێ ئەوەی دەسەڵاتی یەکەم نەیتوانیوە بیکات ئەو بەدیبهێنێ، ئەم گۆڕین و توانا و دەرئەنجام و شوێنەوارانەش جێگیر نین چونکە ڕەنگە دەسەڵاتی یەکەم لەمانەوە بەردەوام بێ، ئەگەرچی لە بەدیهێنانی دەستکەوتی ئابووریش سەرنەکەوتبێ.

٣) هەتا ئەگەر ئەم دەستکەوتە ئابوورییە لەسەر دەستی ژەنەڕاڵە سەربازییەکانیش وەدەستهات، ئەوا ئەمە بە تەنیا بەس نییە بۆ بەدیهێنانی شەرعیەت، چونکە ئەوەی دەسەڵاتی گرتۆتە دەست ڕەنگە شەرعی نەبێ و لە ڕێی کودەتای سەربازییەوە هاتبێتە سەر

حوكم. ئەمە لەلایەک، لەلایەكی تر ئایا كێ پاڵپشتی گۆڕینی ئەم ژەنەڕاڵە سەربازییانە دەكات، ئەگەر هاتوو لەسەر بەدیهێنانی دەستكەوتی ئابووری بەردەوام نەبوون، ئەگەر دەستكەوتی ئابووری لەسەر دەستی عەسكەرتارەكان بەس نەبێ، بۆ بەدیهاتنی شەرعیەت، ئاخۆ كارەكە چۆن دەكەوێتەوە ئەگەر ئەو دەستكەوتە نەبێ؟

## كۆتایی

هەبوونی دەسەڵاتی سیاسی پێویستییەكی ژیاری و كۆمەڵایەتی و سیاسییە، دەسەڵاتەكەش جگە لە ئەركێك پتر نییە كە پێشكەش هاوڵاتیان دەكرێ، ئەو هاوڵاتیەی تەنیدی دەكات و باوەڕی پێدەهێنێت و قبوڵی دەكات، هەروەها شەرعیەتیشی پێدەبەخشێ، ئەم شەرعیەتەش وەك سووتەمەنی وایە بۆ بەڕێوەبردنی مەكینەی سیاسی لە هەر رژێمێكی سیاسیدا.

بوونی شەرعیەت مانای سەلامەتی مەكینەی سیاسی دەگەیەنێ، ئەو سەلامەتییە پشت بە هاریكاری و تێكەڵاوبوونی هاوڵاتیان لەگەڵ دەسەڵات دەبەستێ، لەڕێی قەناعەتكردن و تەنیدكردن و رازیبوونیان بە قەناعەتەوە بەو دەسەڵاتە، نەك بە رێگاكانی پاڵەپەستۆخستنە سەرو ناچاركردن كە دەشێ ئەم ئامێرە سیاسییە بەم شێوەیە بەردەوام بێ، بەڵام ئەمە سەلامەت بوونی ئامێرەكە ناگەیەنێ، بەڵكو لە ئەنجامی پاڵەپەستۆی دەرەوەو ناوەوەدا تووشی لاوازی و بێهێزی دەبێ.

گرنگی شەرعیەتیش بۆ دەسەڵات ئەو كاتە دەردەكەوێ كە هەوڵبدات ئارامی بپارێزێ وپشت بە هەندێ نەگۆڕی فیكری و سیاسی ببەستێ، بۆ ئەوەی دەرگا بۆ بیركردنەوە لە داهاتوویەكی سیاسی چاكتر ئاواڵەبكاتەوە. جا ئەم پەرەپێدانە ئیجابی بێ و بەرەو ئیجابیەتێكی چاكتربڕوات ، یا تەجاوزكردنی سلبییەت بێ بۆ ئیجابییەت، زەمینەی ئەم جۆرە بیركردنەوەیەش، بەكارهێنانی چارەسەری ئاشتیخوازانەو بەكارنەهێنانی توندوتیژییە، كە شوێن بە لوولەی تفەنگ لەق دەكات و پێی وایە گفتوگۆو حیوار كردن چاكترە لە زمانی تفەنگ، ئەم شەرعیەتەش بۆ ئەوەی بەدیبێت دەبێ زنجیرەیەک ئەرک جێبەجێ بكرێن ، ئەگەر یەكێ لەناوچوو ئەوا شەرعیەت بەدینایەت، بەڵام ئەگەر یەكێ هاتەدی، ئەوا ئەوانی تریش بەدوای ئەو هەوڵی بۆ دەدرێ، ئەوسا دەشێ ئەم ئەركە جێبەجێكراوە بەشداری لە بونیادنانی شەرعیەت بكات، گرنگیش نییە جێبەجێكردنی ئەركەكان یەك بەدوای یەك بێن، بەڵكو كارەكە بەندە بە تایبەتمەندی و مەرجە تایبەتییەكان، كە هەر رژێمێكی سیاسی هەڵیگرتوون، ئەم تایبەتمەندییەش كە ئامانجی پەیڕەوكردنی چەشنێكی دیاركراوە، بەو شێوەیەی كە چاكترە بۆ وڵاتێك، بەڵام رەنگە بۆ وڵاتێكی دی وانەبێ، ئەوەی لێرەشدا گرنگە ئەوەیە كە رەنگە كارەكە لەوێدا یەپەلەنەبێ، بەڵام پێویستە مەرجێكی بنەڕەتی لەبیرنەكەین، كە ئەویش دوورنەكەوتنەوەیە لەو ئامانجانەی دەمانەوێ جێبەجێیان بكەین و راستەقینەن، ئەویش بونیادنانی رژێمێكی سیاسی شەرعی و مەشروعەو لەگەڵ هاوڵاتی كار لێكدەكات و بە تەنگ داواكاری و ئامانجەكانییەوە دێ.

**پەراوێز و سەرچاوەكان:**

١) صادق الاسود، علم الاجتماع السياسي، جامعة بغداد، مطابع جامعة الموصل، ١٩٨٦ ، ل١٩٧.

٢) د. نعيم عطية الجرف، في النظرية العامة للحريات الفردية، الدار القومية للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٦٥، ل٥٤.

٣) د. فاضل زكي محمد، السياسة من وراء الاستراتيجية، الموسوعة الصغيرة، (١٧٨) دار الحريه للطباعه، بغداد، ١٩٨٦ ، ل٦.

٤) صادق الاسود، علم الاجتماع السياسي، سەرچاوەی پێشوو ل٨٧-٩٣.

٥) نيكوس بولانتزاس، السلطة السياسية والطبقات الاجتماعية، ترجمة عادل غنيم، دار ابن خلدون، ط٢، بيروت، ١٩٨٣، ل١١٩.

٦) د. طارق الهاشمي: الاسس الاجتماعية للانظمة السياسية، مجلة العلوم القانونية و السياسة، كلية القانون والسياسة، جامعة بغداد، العدد٣، لسنة ١٩٨١، ل١٣١.

٧) صادق الاسود، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠١.

٨) سيمور مارتن ليبست، رجل السياسة، الاسس الاجتماعية للسياسة، ترجمة خيري حماد، دار الآفاق الجديدة، بيروت، ل٣٧.

٩) د. محمد نور فرحات، شرعية السلطة في المجتمع العربي الحديث، مجلة المنار، باريس، العدد ٦٦، لسنة ١٩٩٠، ل٥٦.

١٠) د. عبدالمعطي العساف، ازمة الفاعلية السياسية العربية، مجلة المستقبل العربي، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، العدد، ٣٦ لسنة ١٩٨٢، ل١٨.

١١- صادق الاسود، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٢٠٠.

١٢) هەمان سەرچاوە ل ٢٠٢.

١٣) د. عبدالمعطي العساف، سەرچاوەی پێشوو ل١٨.

١٤) د. احمد الاصغر اللحام، مكونات الواقع العربي وازمة الممارسة الديموقراطية مجلة المستقبل العربي، دراسات الوحدة العربية، بيروت، العدد ١٩٨.

١٥) هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەرە.

١٦) د. احمد عباس عبدالبديع، ستراتيجية بناء الامة في العالم الثالث، مجلة السياسة الدولية، القاهرة، العدد ٦٨ لسنة ١٩٨٢، ل ٦٠.

١٧) د. صادق الاسود، سەرچاوەی پێشوو ل٩٩.

١٨) هەمان سەرچاوە ل٢٠٤.

١٩) د. معن زياد، بحوث في الفكر القومي العربي، المجلد الثاني، معهد الانماء العربي، ط١، بيروت، ١٩٨٥، ل١٥٨.

٢٠) سيمور مارتن ليبست، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧.

٢١) جان جاك روسو، في العقد الاجتماعي، ترجمة ذوقان قرقوط، مكتبة النهضة العربية، بغداد، ط١، ١٩٨٣، ل١٥٤.

٢٢) د. طارق الهاشمي، المؤسسات والمجتمع، مجلة الحقوقي، اتحاد الحقوقيين العراقيين، بغداد، العدد (١-٢) لسنه ١٩٨٣، ل١١١.

٢٣) د. نعيم عطية الجرف، سەرچاوەی پێشوو، ل٦١.

٢٤) حسان العاني، الملامح العامة لعلم الاجتماع السياسي، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة بغداد، كلية القانون والسياسة، ١٩٨٦، ل٦٦.

- مەبەست لە رازیبوونی خەڵک، رازیبوونی زۆرینەیانە، چونکە رازیکردنی هەموو خەڵک شتێکی دووره.
سەیری: د. طارق الهاشمي، المؤسسات والمجتمع ل١١١ بکە.

٢٥) د. ملحم قربان، قضايا الفكر السياسي- القوة- المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر والتوزيع، بيروت، ط١١، ١٩٨٣، ل١٦٤.

٢٦) جان جاك روسو، سەرچاوەی پێشوو، ل٤١.

٢٧) د. نعيم عطية الجرف، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧.

٢٨) جـزوان ثربون، ايدلوجية السلطة وسلطة الايدلوجية، ترجمة الياس مرقص، دار الوحدة، ط١، بيروت، ١٩٨٢، ل١٤٢.

٢٩) د. صادق الاسود، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٣.

٣٠) هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەرە.

٣١) د. سعاد الشرقاوي، النظم السياسية في العالم المعاصر، الجزء١، دار النهضة العربية، ط٢، القاهرة، ١٩٨٢، ل١١٤.

٣٢) Mclosky HeBest, political paraticipation in International Encyclpedis the socieal scince, vol, 11, 1972, P.252.

٣٣) د. احمد الاصغر اللحام، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤.

٣٤) د. عبدالمعطي العساف، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨.

٣٥) عبدالفتاح الرشدان، المشاركة السياسية في الاردن، الممارسة والمعوقات، مجلة العلوم السياسية، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، العدد (١٥-١٦)، لسنة ١٩٩٦، ل٥٧.

٣٦) د. احمد عباس عبدالبديع، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤.

٣٧) د. برهان غليون، الديمقراطية وحقوق الانسان في الوطن العربي، مجلة المستقبل العربي، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، العدد ١٣٥، لسنة ١٩٩٠، ل٢٤.

٣٨) د. ملحم قربان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣.

٣٩) د. نعيم عطية الجرف، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣.

٤٠) د. ملحم قربان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٥.

٤١) هەمان سەرچاوە، ل٢٧.

٤٢) د. نعيم عطية الجرف، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٩.

٤٣) د. صادق الاسود، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٣.

٤٤) مركز دراسات الوحدة العربية، الديمقراطية في الوطن العربي (ندوة) مجلة المستقبل العربي، بيروت، العدد، ١٣٨، لسنة ١٩٩٠، ل١٠١.

٤٥) جان جاك روسو، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩.

٤٦) د. صادق الاسود، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٩.

٤٧) هەمان سەرچاوە ل٨٧.

٤٨) Diamond Larry, Democracy in developing countries lAtin, America colorado,V 4,U.S.A 1989, P.266

٤٩) Ibid ,P.368

٥٠) محمود عبدالمنعم، امريكا اللاتينية بين رياح الديمقراطية والتحديات الاقتصادية ومجلة السياسة الدولية، القاهرة، العدد ١٠٧، لسنة ١٩٩٢، ل١٨٢.

# پۆست مۆدێرنیزم و داڕووخانی هزری فراوانبوون

موحەممەد تەقی قزل سۆفلا
و. بەختیار حەسەن شاخی

پێشەکی

بەرلەوەی لێکۆڵینەوە فکرییەکانی بزووتنەوەی فەلسەفی -فکری پۆست مۆدێرنیزم بێنە ئارا، لە بنەڕەتدا بیرکردنەوەو گوتار سەبارەت بە مۆدێرنیزم لە باسە ئەکادیمییەکاندا لە ئارادا بوون. ئەو بزووتنەوە تازەیەی کە بەناوی پۆست مۆدێرنیزم(Postmodernism) (١) خراوەتەڕوو و ئێستا دەچێتە گرێی سێیەمی لێکۆڵینەوە فکرییەکانی، لەلایەک تەوەرەکانی مۆدێرنیزم دیاری دەکات، کە لە رووی تیۆریی و کردارییەوە تووشی قەیران هاتوون – لەهەمان کاتدا سەرەڕای مەیلی توندی رووخێنەرانە، وا رادەگەیەنێ کە بابەتی جۆراوجۆرو هەمەلایەنەی پێیە، ئەوەش هاوکاتە لەگەڵ «گومان بەرانبەر شیکردنەوەکان، گەشەسەندنی ئاگایی سەبارەت بەتەکنۆلۆژیای زانیاری، سەرهەڵدانی بزووتنەوە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی، هەروەها کۆمەڵێک دژکاریی لە ململانێ و دەرفەتی تازە رەخساو کە دەتوانێ بونیادێکی جیاواز بۆ سیاسەتە ئەخلاقییەکانی دیکە لە چەرخی تازە وەدی بێنێ» (٢)

ناسراوترین و کورتترین پێناسە بۆ مۆدێرنیزم لەلایەن (فرانسوا لیۆتار) خراوەتەڕوو کە دەڵێ (مۆدێرنیزم بریتییە لەگومان بەرانبەر شیکردنەوەکان). لەم گۆشەیەوە جوڵەی مۆدێرنیزم و میتافیزیکە تایبەتییەکەی، لەگەڵ ئەوەدا کە وەک تاک گوتاریی حیکایەتبێژێکی گەورەیە، چەند رادەو جیاوازیی دروست کردووە و ئێستاش بە لەناوچوونی شیکردنەوە گەورەکان، هەروەها ئەفیکردنی چەمکە بنەڕەتییەکان و بنەما گشتییەکان، سەرەنجام پرۆسەی تاکە هێڵی مێژوویی بە ماقوڵ دەزانێ و لە رێگەی ناسینی بنەماکەیان، بە پێچەوانەی ئاماجە دنیاییەکانی تازەگەریی، لە وەرچەرخانێکدا بە رەسەنایەتی بوونی چەمکە دوارۆژییەکان – ئاپۆکالیتیک – خۆیشی زیاتر دەردەخات. ئەم نووسینەمان لەسەر ئەو گریمانەیە دامەزراوە کە بەهۆی مەیلە رووخێنەرەکانی پۆست مۆدێرنیزم ، هزری فراوانبوون – کە پشتی بە مۆدێرنیزم بەستووە – تووشی داڕووخان دەبێت، بۆیە لە سەرەتادا دەبێ بزانین مەبەست لە هزر چییە؟ لە میتافیزیکی رۆژئاواییدا، هزر لە نموونەی، کانت –دیکارت، دا سەری هەڵداو بەنموونەی هیگل بووە قارەمانی پرۆسەی مێژوو. جگە لەو رەخنە جۆراوجۆرانەی کە لەم رووەوە بە شێوەی رەخنەی فەلسەفیی مۆدێرنیزم بەناونیشانی جۆراوجۆر وەک« سەردەمی تەکنۆلۆژیاو وێنەی جیهانی» (هایدگر)، «سەردەمی دەسەڵاتی عەقڵی کەرەستەیی»(ئادۆرنۆ –هۆرکهایمەر)،«میتافیزیکی نموونە یان میتافیزیکی ئامادە»(فۆکۆ، دێریدا، بۆدریار، لیۆتار،...) رووبەرووی هزرکراونەتەوە، رەخنەی پەرتوبڵاوی دیکەش لەلایەنی دیکەوە خراونەتە روو کە پەیوەندییان بە بزووتنەوەکانی پاراستنی ژینگەو گەشەی

بزووتنەوەکانی فیمینیزم هەیە «(Feminism)ئەو بزووتنەوەیەی کە داوای یەکسانی نافرەت وپیاو دەکات و هەندێ جار بە نافرەت گەرایی ناودەبرێت – **وەرگێڕ**»، لە روانگەی ئەو رەخنەگرانەوە لە کاتێکدا کە هزری فروانبوون و پێشکەوتن لە مۆدێرنیزمدا بەرەچاوکردنی هەبوونی مێژوو دەکرا هەبێت، بەلام لە هەلومەرجی پۆست مۆدێرنیزمدا، بە هەلگرتنی دروشمی هەلگرتنی (کۆتاییەکان) ئیتر هزری فروانبوونیش دەچووە ئەو چوارچێوەیەوە بە جۆرێک کە فراوانبوون لە شکان و نەمان دەبێت، لەو رووەوە ئێمەش سەروکارمان تەنها لەگەل بەشە لە گۆڕنراوەکانی هزر دایە، بۆیە لەو رووخاندنەدا، ئیتر فراوانبوون نابێتە تیۆرییەک، بەلکو حالەتێکە لە رابردوویەکی دوورو دیاردەیەکی زەمەنیداو لە چوارچێوەیەکی تایبەت بە میتافیزیکی رۆژئاواییدا، روویداوەو ئیتر مەحالە رووبداتەوە ئێستاش هەروەک (جیانی واتیمۆ) دەلێ «تەنیا شتێک کە ئێستا هەیە چەند وێنەیەکی رابردووە کە چەند روانگەیەکی جۆراوجۆر دەیانخەنە روو».
بۆ سەلماندنی گریمانەی ئەم نووسینە دەکرێ سەرەتا پرۆژەی مۆدێرنیزم شیبکەینەوەو تایبەتمەندییەکانی بخەینەڕوو بۆ ئەوەی بگەینە بابەتە رەخنەگرانەکەی دوو رەخنەگری ئەو پرۆسەیە کە یەکەمیان (فریدریک نیتشە F.Nietsche)و دووەمیش (مارتین هایدگێر – M.Heidegger)ە، و دواتریش بە لێکۆلینەوەی ئەو رەخنانە لە هزری فەیلەسوفەکانی پۆست مۆدێرنیزمدا بگەینە شیکردنەوەی دیکە و لەگەل خستنە رووی تیۆرییەکانی فراوانبوون و تازەگەریی، بە رەخنەکانی پۆست مۆدێرنیزم کۆتایی بە بابەتەکە دێنین.

## مۆدێرنیزم

**Modernism**

مۆدێرنیزم بریتییە لە (بەرجەستەبوونی کۆمەلناسیی- فەلسەفی رووداوی سەرسوڕهێنەر کە لە سەدەی حەڤدەهەمەوە بووە هۆی سەرهەلدانی شێوەی تایبەت لە ژیانی کۆمەلایەتی و فەرهەنگی ئەوروپا)[٣]، بەم دەسپێکە دەکرێ بلێین مۆدێرنیزم تێڕوانینێکی تازەیە کە لە ناوەوەی رێنسانس، هیومانیزم، راسیۆنالیزم، پرۆتستانتیزم، شۆڕشی فەرەنسا و رۆشنگەری سەدەی هەژدەهەمەوە سەری هەلداو چەند توخمێکی لە هەموو ئەو وەرچەرخانانە لەناو خۆیدا ئامادەکردبوو وئەوەشی پێچەوانەی ئەو گۆڕانکاریانە بوو وەلای ناو وەک توخمی بێگانە دووری خستنەوە. ئەو سەدەیەش خالی دیاریکردن و لوتکەیە لە وەرچەرخانی کۆمەلگەی مۆدێرن کە تیایدا فەلسەفەی کانت، راگەیاندنێکی ئاشکرابوو کە رۆشنگەریی، سەرەنجامیش تەواوی ئامانجەکانی کۆمەلگەی مۆدێرنی دەخستەروو، و زۆربەی رەخنەکانی نیتشەش لەسەر ئەندێشەی کانت و دواتر لەسەر مۆدێرنیزم ئەوەیان روونەدەکردەوە کە تەواوی دژکارییەکان و ئالۆزیەکانی مۆدێرنیزم، لە پێکهاتەی هزریی فەلسەفەی کانتدا خۆیان حەشارداوە[٤].
بەڕای رەخنەگران، میتافیزیکی وەرچەرخێنەری مۆدێرنیزم، لەم فەلسەفەیەداو لەشیکردنەوەی رەخنەیی (عەقلی تیۆری)و(عەقلی کرداری) و هێزی دادوەری (جوانناسی) ئەو فەلسەفەیەدا حەشار دراون، رەخنەکەی نیتشە لەسەر ئەم سێ بابەتە بە شۆڕشێک دادەنرێ لە دژی تەواوی پرۆسەی مۆدێرنیزم. بە رای نیتشە تەواوی ئەو میتافیزیکەی کە بۆ شیکردنەوەی جیهان بونیاد نرابوو، وەک تێکڕایی، پێویستی، هۆکاربوون، واقعیەت و حەقیقەتی زانستی ئەمانە هەمووی بە هۆی جۆرە خودپێوانەییێکەوە (قیاس ذاتي) سەریان هەلداوە[٥] ئەم لایەنە رەخنەییە لەلایەن (مارکس)و(فرۆید)یشەوە درێژەی پێدرا... بەلام ئەم دووانە خۆیان بەرگرییان لە مۆدێرنیزم دەکرد. لەو رووەوە رەخنەی (ئێگزیستانسیالیستی- وجودیەت)

مارتین هایدگێر، لە دوای ڕەخنە توندەکەی نیتشە، گرنگیەکی تایبەتی هەیە، هایدگێر سەرەڕای ئەوەی ڕەخنەی لە زانستی ڕۆژئاوا دەگرت، مەسەلەی کات و مێژوو لەگەڵ چۆنیەتی بە ئاگابوون لە تێپەڕبوونی کاتی خستەڕوو. ڕەخنەکەی هایدگێر ئەوەی ڕوونکردەوە کە هیچ ڕاستییەکی ڕەها (حقیقة مطلقة) وجودی نییە و ئێمە بەبۆچوونی خۆمان ڕاستییەکان دەبینین، هەر ئەوەش ببووە پرسیارێک و ئاراستەی ئەو مێتافیزیکەی دەکرد کە لەلایەن تەکنۆلۆژیاوە خرابووە ڕوو[٦].

بۆچوونەکانی نیتشە و هایدگێر بوونە میکانیزمێک بۆ تێگەیشتنی گرنگیی کۆتایی هاتنی مۆدێرنیزم و لابردنی ئەو ڕەوتە لە مێژوو. نیتشە نیشانی دا کە وێنەکێشانی واقعیەت وەک سامانێکی عەقڵانی و سەقامگیر (مێتافیزیک) تەنها خەیاڵێکی ئارامبەخشە بۆ مرۆڤی سەرەتایی. مێتافیزیک وەڵامێکی توندو ڕەقە بۆ پایەیەک کە بۆ خۆی پڕە لە مەترسی و توندو تیژی. مێتافزیک دەیەوێ بە تەکانێک واقعیەت بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی و دەستەمۆی بکات و بەمەش ئەو بنەمایە کۆنترۆڵ بکات کە هەمووشتەکانی دیکەی پێوەبەندن.

هایدگێریش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەگەر (بوون-وجود) وەک بنەمایەک لە قەڵەم بدەین و پێمان وابێت واقعیەت سیستەمێکە لە هۆکارو کاردانەوەکان پێکهاتووە، ئەوە نموونەی لێکچوونی زانستییانە دەکەینە بابەتێکی گشتگر و هەموو شتێک دەستەمۆ دەکرێت و ڕێک دەخرێت و لەکۆتاییدا مێژووی فیکری مرۆڤ دەگاتە ئاستێک لە دابەزین، بەوەش هایدگێر ڕەوتی فەلسەفەی گۆڕی.

## سیفەتی ڕووخێنەرانەی پۆست مۆدێرنیزم

ئەگەر بمانەوێت لە پۆست مۆدێرنیزم بکۆڵینەوە جا لایەنە نێگەتیڤەکانی بێت یان لایەنە پۆزەتیڤەکانی( بەو مانایە کە لەلایەنی نێگەتیڤیدا گریمانەکانی ڕۆشنگەریی مۆدێرن دەچنە ژێر پرسیارو گومان و قەیرانێک بۆ ڕۆشنگەری دروست دەکات و لەلایەنی پۆزەتیڤیشدا خۆی وەک مەیدانێکی زەمەنی تایبەت نیشان دەدات کە هەموو گفتوگۆ باسکراوەکان و تێڕوانینەکان دەگرێتە خۆی)، بابەتی سەرەکی لەسەر ئەو قەیرانەیە کە تێیدا مۆدێرنیزم بە پێوانە ڕووخێنەرانە ڕادیکاڵییەکەی خۆی هەڵدەسەنگێنرێ.

هەروەک (هارۆی) دەڵێ:« هەر لەچوارچێوەی ئەو هەڵسەنگاندنە دایە کە نیوەی مۆدێرنیزم لە قازانجی نیوەکەی دیکە وەلا دەنرێت»[٧]، هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەو والاکردنەوەیەدا کۆمەڵە ڕووخێنەرەکەی پۆست مۆدێرن وەک کاردانەوەیەک بۆ ئەو ڕووداوانەی لە ژێر کاریگەریی کرداری خۆیان یان لە ژێر کاریگەریی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگادا ڕوودەدەن، پێشنیاریان کردووە کە تیۆریەکانی نموونەی کۆمەڵایەتی بە تەواوی پشتگوێ بخرێن و بۆ ئەوەی نموونەیەک قالبی ڕەسمیەت وەربگرێ دەبێ ئەو کارە تەنها لە هزری تاکە کەسێک و لە دەقی گوتاری ئەو کەسەلەناو کۆمەڵدا بێت، بۆیە لۆژیکی فەلسەفیی تایبەتی ئەم سەردەمەو ئەو ئایدۆلۆژیایەی لە ژێر کاریگەری ئەو لۆژیکە لە ئارادایە و پاشماوەی فەرهەنگێکی تایبەتە، نەک هەر لە خستنە ڕووی پێناسەیەکی یەکگرتوو سەرکەوتوونییە بەڵکو شتێکی مەحاڵە و پێی وایە کە مەسەلەکە یاری کردنە بە پێناسەکان، بۆ نموونە لە مێژووی هونەر یان مێژووی شکڵەکان بەم شێوەیەی بۆ ئێستا ماوەتەوە ئیتر هیچ هونەرێک وێنەی لە خەیاڵدا ناکێشرێت ، لەو ڕووەوە ، پۆست مۆدێرنیزم نەهیوادارەو نەبێ

هیـواش مـاوەتەوە،گـەمـەیەکـە لەگـەڵ پاشـمـاوەی ئەوەی ویران بووە، هەر بۆیە (بۆدریار) دەڵێ:«مـێـژوو وەسـتـاوە و ئێـمـەش لە چەرخـەی (داهاتوو)دا دەسوڕێینەوە، سەردەمێک کە ئیتر ناکرێ مانایەکی بۆ بدۆزینەوە»(٨). بێگومان هەر لە ژێرکاریگەری مەیلی (کۆتایی-تەودر) دابوو کە (دانا زوهەر-D.Zohar) لە کتێبەکەی خۆیدا، کاتێک دەیەوێ ئەندێشە رووخێنەرە فەرەنسییەکان بخاتە روو باسەکەی بەناونیشانی (روخسارە جۆراوجۆرەکانی حەقیقەت) دەست پێدەکات(٩). ئەو رووخاندنە، تەواوی سیفاتی ئەو مندالە بزێوەی هەیە کە لە بەرانبەر باوکێکی کەللەڕەقدا دەینوێنێ(١٠). سیفەتە رووخێنەرانەکەی پۆست مۆدێرن بریتییە لە نەفیکردنی تۆتالیتاری، یەکپارچەیی و عەقلانییەت، هەنگاوەکانیشی بە ئاراستەی پلورالیزم، هەنگاوی وردو لەسەرخۆ، بڕوابوون بەوەی کە هیچ پێشبینییەک دروست نییە، دەڕوات. چەند جۆرێکی ئەو پێکهاتە فەرهەنگییە، بەلەناوچوونی گوتارە مەزنەکان، دەستپێدەکات، ئەو گوتارە مەزنانەش، بەرای نووسەرێک بریتین لە «ئایین، زانست، هونەر، مۆدێرنیزم، مارکسیزم و مەعریفەیەکی جیهانی سەبارەت بە حەقیقەت»(١١). لەلایەکی دیکە، بە رووخانی سنووری نێوان فەرهەنگ و زانست، هەروەها هونەرو فەرهەنگی گشتی وتاریکبوونی کات و شوێن، هۆکارەکانی گەیاندن بوونەتە کەرستەی ئەوتۆ کە بەهۆی ناسنامەی ئێمەوە پێناسەی خۆیان دەکەن(١٢).

تێڕوانینی مێژووییانەی پۆست مۆدێرن، کاروباری مێژوویی و رووداوەکانی وەک ئەلبومێکی نۆستالۆژی بچوک دەکاتەوە، بۆ هەر مێژوویەک روانگەیەکی جیاواز سەری هەڵداوە بۆیە شیکردنەوەکانیش کەمتر لێکچوو و گونجاو دەبن، بەو شێوەیە ئەندێشـە و هزری پێشکەوتن، یان هەر نییە، یاخود لەوە زیاتر مەحاڵە. هەروەک (فۆکۆیاما) دەڵێ:«نەهونەر هەیە و نە فەلسەفە، ئێمە تەنیا پێویستیمان بەوەیە کە (مۆزەخانەی) گەورەی مێژوو، بەشێوەیەکی بەردەوام بپارێزین»(١٣).

هەستیاری پۆست مۆدێرن سەبارەت بە پێناسەکانی مۆدێرنیزم ئێستا ئەو دەرفەتە دەرەخسێنێ کە بۆ خۆی تێکەڵەیەک لە جۆرەکانی رابردوو یان وێنەیەکی تۆخکراوەی ئەوانی پێشوو بێت، هەروەک چۆن جیهانی زانیارییەکان پشت ئەستورە بە تەکنۆلۆژیا و سەرچاوەی ئەوتۆ کە بە تەواوی لەگەڵ خۆیدا جیاوازن، لەو بارەیەوە (چارلز جێنکز) دەڵێ:« ئێمە ئێستا ئەو توانایەمان هەیە کە هەر کاتێ لە جیهانێک وەڕس بووین، لە جیهانێکی دیکەدا بژین ئەوتوانایەش لە سەردەمەکانی پێشوودا نەبووە، هیچ جۆرە چەوساندنەوەیەک لەلایەن کرێکارە فکرییەکان نییە، نە حکومەتی خاوەن هێزەکان و نەسەرمایەداری تاکڕەوی، بەڵکو تەنها وەک چینی یەکەم وایە کە هەرچۆنێ بێت هێزی هەیە»(١٤).

## سیفەتی رووخێنەرانەی پۆست مۆدێرن و داڕووخانی تیۆرییەکانی فراوانبوون

هەروەک ئاماژەمان پێکرد کە جگە لەوەی بونیادی مێتافیزیکی رۆژئاوایی و تێکڕای گوتارەکانی دەکەونە چوارچێوەی تیۆریی فراوانبوون و لە دوای ئەو پرۆسەیەش پلانێک بۆ گۆڕانکاری و چۆنیەتی گەیشتن بە ئامانج و مەبەستەکان هەیە. هزری مۆدێرنیزم دووبابەتی سەرەکی دەگرێتەوە خۆی: یەکەمیان (ئێمە)، دووەمیش (رزگاری-Emancipation). مەبەست لە بابەتی (ئێمە) دەگاتە ئامانجێک بەناوی (نەژاد پەرستی )و مەیلی بابەتی دووەمیش

بەرەو خۆسەپاندنی بەزۆر و ناچارکردن رۆیشت. لێکۆڵینەوە کلاسیکییەکانی (فراوانبوون) ئاماژە بۆنەوە دەکەن کە بابەتی دەسەڵاتخوازی رۆژئاوایی خۆی لە پشت بابەتی فراوانبوون حەشارداوە[١٥]. هەر لەو روانگەوەیە، (لیۆتار) پرۆسەی تاکە هێڵی بە دووروویی ئیمپریالیزمی رۆژئاوایی لە قەڵەم دەدات کە تا ئێستاش لایەنی رۆژئاوایی پێوە دیارە[١٦]. ئەمەش لە کورتە باسی ئێمە لەسەر تیۆرەکانی فراوانبوون و تازەگەریدا بەئاشکرا دەردەکەوێ.

## تیۆری ئەرتۆدۆکسی فراوانبوون:

باسەکانی پەیوەست بە فراوانبوون ومۆدێرنیزم، وەک بنچینەیەک لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی، بەتایبەت لە ئەمەریکا هاتە بەرباس و خرایە روو، شوێنی ئەمەریکا لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی، وەک زلهێزێک لە ململانێ لەگەڵ بلۆکی رۆژهەڵات، بووە هۆی ئەوەی کەلە پاڵ بەرنامەی (مارشاڵ -ترۆمن) لە ساڵی ١٩٤٩ لە ژێر ناوی پێشکەشکردنی هاوکاری بۆ وڵاتانی ئارەزومەند بە فراوانبوون و مۆدێرنیزم، زۆر تیۆریی جۆراوجۆر خرایە روو کە لەو کاتەدا زۆربە توندی کەوتبووە ژێرکاریگەری قوتابخانەی ئامانجخوازیی بونیادی. ئەو هەوڵ و کۆششانە نەگەیشتنە ئەوەی کە کتێبی (قۆناغەکانی گەشەسەندنی ئابووری) لەلایەن (رۆستۆ-Rostow) وەک راگەیاندنێکی غەیرەکۆمۆنیستی بلاوبکرێتەوە، لەو کتێبەدا پێنج قۆناغی وەچەرخان، گەشەو فراوانبوونی وڵاتانی جیهانی سێیەم و ئامانج و مەبەستەکانی ئەو فراوانبوونە باسکراوە[١٧]. بێگومان ئەو تیۆرییانە هاوتەریب بوون لەگەڵ تیۆرییە کۆنەکانی فراوانبوون کەلە سەرەتای سەرمایەداری جیهانی لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٦تا کۆتایی سەدەی ١٩ لە رۆژئاوا باڵا دەست بوون، ئەو تیۆرییانە جەختیان لەسەر ئەو رێرەوە دوو فاقیانە دەکردەوە کە لە ژێرکاریگەریی هزری مۆدێرنیزمی سەردەمی رۆشنگەریدا بوون، هەر لە ژێرکاریگەری ئەو هزرەدابوو کە ئەندێشەی مرۆڤایەتی دووفاقی مۆدێرنیزم وکلاسیک سەری هەڵدا.

وەرچەرخان لە گوتارەکانی سەدەی ١٨و١٩بوو بە رواڵەتێکی چەسپاو. گۆڕان لە قۆناغی ئایینی - فەلسەفی بۆ قۆناغی سەلماندنی زانستیانە، گۆڕان لە کۆمەڵگەیەکی دامەزراو لەسەر سۆزو خۆشەویستی بەرەو کۆمەڵگەیەکی دامەزراو لەسەر بەرژەوەندییەکان، گۆڕان لە فیودالیزمەوە بەرەو سەرمایەداری ... هتد. هزری فراوانبوون کە کەوتە هەلومەرجێکی لەو جۆرە، کەوتە ژێرکاریگەری ئەو بوارە موگناتیسییەو بوو بە گوتارێکی گەورەی مێژوویی، لەژێر کاریگەری تێڕوانینی (کارل دویچ) کە لە تیۆریستیدا پشت بە رۆڵبینینی ئۆرگانی و میکانیکی دەبەستێ، دەبێ بڵێین تیۆرەکانی فراوانبوون ومۆدێرنیزم کە لە سەدەکانی ١٨و١٩خرانە روو، بریتی بوون لە تیۆری ئۆرگانی و گەشەخوازی. بۆ نموونە، ئەگەر سەرنجی روانگەکانی (کارل مارکس)و(ماکس ڤێبەر)و(ئەمیل دۆرکهایم)بدەین ئەوە بەئاشکرا دەردەکەوێ.

بەڵام تیۆرەکانی میکانیکی و شوێنەواری سەدەی بیستەم- بەتایبەتی لە نیوەی دووەمدا- باوەڕیان بە رەوتی فراوانبوون و پێشکەوتن هەیە و وەک تیۆری مۆدێرنیزمی زانستی خۆیان ناساندووە. تیۆرەکانی مۆدێرنیزمی سەدەکانی ١٨و١٩ زۆر جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئەندێشەی پێشکەوتن و گەشەسەندن وتێڕوانینی مێژوو بنەمایەکی

زانستییان هەیەو کۆمەڵگەشیان بە زیندەوەرێکی چالاک و بزێو لەقەڵەم دەدا، بەواتایەکی دیکە ئەوتیۆرە ئۆرگانیانەی فراوانبوون زیاتر رووی عەقلانی بوونیان بەخۆوە گرت، هەر چەندە ئەو عەقلانیەتە لە روانگەکانی (ماکس ڤیبەر) بوو بە گرفتی سەرەکی و هەمیشەیی، بەڵام وەک دەرئەنجامێکی پێویست، دەبێ لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە بەهۆی خستنە رووی هاوبەشانەی ئەو تیۆریستانەی سەدەی ١٨و١٩، هەموو تیۆرەکانی فراوانبوون، چ بەمەیلی زانستی پۆزەتیڤی یان مەیلی دیالەکتیکی یان تێگەیشتنی و تەنانەت شیکاری، دەکەونە ناوچێوارچێوەی مۆدێرنیزمی تاکە هێڵی.کەواتە نووسەر لێرەدا سەرەڕای چاوپۆشی لە تێڕوانینی ئەرتۆدۆکسەکانی کلاسیکی سەدەی ١٨و١٩، بە شێوەیەکی سەرەکی بایەخ دەداتە ئەرتۆدۆکسەکانی دوای شەڕی دووەمی جیهانی، تەنها ئاماژە بۆ ئەوە دەکەین هەروەک لە خشتەی ژمارە(١) دا دەردەکەوێ (ئاگۆست کۆنت ١٧٩٧-١٨٥٧)و(مۆرگان ١٨١٨-١٨٨١)، (هێربێرت سپێنسەر ١٨٢٠-١٩٠٣)،(کارڵ مارکس ١٨١٨-١٨٨٣)،(ماکس ڤیبەر ١٨٦٤-١٩٢٠) بە دامەزرێنەرانی یەکەم ئەندێشەی رۆژئاوایی پرۆسەی تاکە هێڵی فراوانبوون و مۆدێرنیزم لە قەڵەم دەدرێن[١٨].

تیۆرەکانی فراوانبوونی سیاسی و مۆدێرنیزم کە لە دوای شەڕی جیهانی دووەم، لە دەیەکانی ١٩٥٠و ١٩٦٠ خرانە روو، جگە لەوەی کە لە ژێر کاریگەری پەیوەندی مێژوویی، تەکنۆلۆژی، سیاسی و سەربازی نێو دەوڵەتی تازەدا پێکهاتبوون، لەهەمان کاتدا لەسەر بنەمای گریمانە مێژووییە حەتمییەکان دامەزرابوون، بەڵام ئەو گریمانە مێژووییە حەتمیانەو قۆناغەکانی لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی دیکە جیاوازی هەیە. (بێرت هۆزلیتز) ئاماژەی بۆ دوو قۆناغی کلاسیک و مۆدێرن دەکرد،(لێرنێر) بڕوای بە قۆناغی ئینتیقالی سێیەمیش هەبوو، (پارسۆنز) گەیاندیە پێنج قۆناغ ،هەروەها (رۆستۆ) بە پێنج قۆناغی (کلاسیک، بەر لەسەرهەڵدان، سەرهەڵدان، رەوتی گەشەکردن، کۆمەڵگەی خەرجی فراوان)ناوی دەبرد.

ئەوە لە کاتێکدا بوو کە لە دەیەی ١٩٦٠و سەرەتای دەیەی ١٩٧٠، بەجۆرێکی زیادەڕۆیی، رەفتاری کۆمەڵایەتی ومۆدێرن رەواجی پەیداکردبوو هەر بۆیە تیۆریستەکان و تیۆرەکان زۆر بە چاوێکی سووک دەیانڕوانیە فەرهەنگ و نەریت و کلاسیک[١٩]، لە بەرهەمەکانی کەسێکی وەک (ئەلمۆند) کە بە باوکی (فراوانبوونی سیاسی)و(کۆمەڵناسی فروانبوونی رۆژئاوایی) ناسراوە دوو روانگە خراونەتەروو، یەکێکیان وێنەی کۆمەڵگەی کلاسیکی و ئەوەی دیکەش وێنەی کۆمەڵگەی مۆدێرن، لەو باوەڕەشدایە کە بەشێوەیەکی موعجیزە ئاسا کۆمەڵگەی کلاسیکی دەگۆڕێ بۆ کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن . هەڵبەت تایبەتمەندی هەر دوو کۆمەڵگەکەش شیدەکاتەوە، بۆنموونە کۆمەڵگەی کلاسیکی (بەشەمەیل)ە واتە گرنگی بە بەشە بچووکەکان دەدات، بەڵام لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا گشتگیری (Universality) سەرهەڵدەدات، هەر بەو شێوەیەش ئەو تێڕوانینانەی لەسەر بنەمای هەست و سۆز دادەمەزرێن جێی خۆیان دەدەنە ئەوانەی لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە تاکە کەسییەکان دامەزراون.

کەواتە بنچینەی ئەوتیۆرانە خستنە رووی وێنەیەکە لە کۆمەڵگەی کلاسیک و کۆمەڵگەی مۆدێرن، لە دەیەی ١٩٥٠ کە شەپۆلێکی لێکۆڵینەوە لە زانکۆ باوەڕپێکراوەکانی ئەمەریکادا لەلایەن کەسانێکی وەک( ئێپیتێر، کۆڵمان،

لوسیان پای، واینەر)و هی دیکە ئەنجام دەدراو هاوکات راوبۆچوونی (تالکۆت ، پارسۆنز) لە لێکۆڵینەوەکانیاندا رەنگیدەدایەوە[٢٠]، ئەوسا هەندێ چەمکی وەک، سیستەم و ئەنجام ، گۆڕینەوەی فەرهەنگ و کەسایەتی و رەوتی وروژاندن (الاثارة) ، لەلایەن تیۆریستەکانەوە زۆر سوودی لێوەردەگیرا .

لەو سەردەمەدا (دەیەکانی ١٩٥٠و ١٩٦٠) کە مەیلی ئەرتۆدۆکسی تا رادەیەک بەسەر لێکۆڵەراندا زاڵ بوو، سوود وەرگرتن لە زانیارییە ئامارییەکان بۆ لێکدانەوەی مۆدێرنیزم زیاتر پەرەی سەند، لێکۆڵەران لە کارەکەی خۆیاندا گرنگیان بە لایەنەکانی بە پیشەسازی بوون، شارنشینی، پەروەردەو فێرکردن و پەرەسەندنی هۆکارەکانی گەیاندن لەلایەک و هەرەوەزی سیاسی و دیموکراسی لەلایەکی دیکە دەدا.

لەو لێکۆڵەرانە کە ئەو رەوتەیان گرتەبەر دەتوانین ئاماژە بۆ (کۆلمان) و (لۆرنیتر)و (دویچ) بکەین.

مێژوونووسە ئابوورییەکان و ئابووریزانەکانیش زۆر گرنگیان بە مەسەلەکانی جیهانی سێیەم دەدا، مێژوونووسەکانی وەک (ئەلێکساندەر گرشێنکرۆن) و (بێرت هۆزلیتز)و (ماکس میلیکان)، (ڤالت ڤایتمن رۆستۆ) و (ئەلبێرت هێرشمەن) لەو کۆمەڵە مێژوونووسانە بوون، ئەوانە زیاتر سەرنجیان دەدایە چۆنیەتی بەکاربردنی ئەزموونی (بە پیشەسازی بوون) لە پرۆسەی گەشەسەندنی جیهانی سێیەمدا، لەلایەکی دیکەش ئابووریزانەکان زیاتر خۆیان بە بابەتی دیکەی وەک ستراتیژیەتی فراوانبوون و بازرگانی نێودەوڵەتی و مەسەلەی گواستنەوەی تەکنۆلۆژیا و شتی دیکەوە خەریک دەکرد، تێکرای ئەوانە سوودیان لە تیۆر و چەمکەکانی رۆشنگەری و تیۆرە کۆمەڵایەتییەکانی سەدەی ١٩و سەرەتای سەدەی ٢٠ وەردەگرت. هەوڵی ئەو تیۆرانەش بۆ ئەوە بوو کە کرۆکی بەرەو مۆدێرنیزم رۆیشتنی ئەمەریکاو ئەورووپا روونبکەنەوە.

پرسیاری سەرەکی لەلای ئەو لێکۆڵەرانە ئەوەبوو کە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو چۆن بەرەو جیهانی تازە هەنگاو دەنێن، هەندێ لەوانە پێیان وابوو کە هەموو شتە باشەکان پێکەوە کۆکن، واتە زانست، تەکنۆلۆژیا ، پیشەسازی و دیموکراسی ئەندامی یەک کۆمەڵەن، لەکاتێکدا هەندێکی دیکەی وەک (هێرشمەن- ١٩٥٨)، (هانتینگتۆن- ١٩٦٥) ، (ئایزنشتاد- ١٩٦٤)، پێشبینی ناهاوسەنگی و تێکەڵاوی و ئاڵۆزی و رووخانیان دەکرد، تێڕوانینەکانی ئەوانە لە رەهەندێکی فراواندا درێژەی بۆچوونی فەیلەسوف و بیرمەندی وەک (کارل مارکس) و (هێنری مێن) و (ماکس ڤیبەر)، (فێردیناند تونیس)، (دۆرکهایم) و زاناکانی دیکەی کۆتایی سەدەی ١٩و سەرەتای سەدەی بیستەم بوو[٢١].

بەم شێوەیە بە گشتی ئەم تیۆریستە ئەرتۆدۆکسییانە، ئەوەی لە مۆدێرنیزم و فراوانبوون مەبەستیان بوو بریتی بوو لە جۆرێک وەرچەرخان و گۆڕانکاری گشتی و هەمەلایەنە لە کۆمەڵگایەکی کلاسیکی یان کۆمەڵگەیەکی بەر لە مۆدێرنیزم، بەرەو کۆمەڵگەیەک کە رێکخراوی کۆمەڵایەتی یەکگرتوو و تەکنۆلۆژیای پێشکەوتووی هەیەو لە رووی ئابوورییەوە خۆشگوزەرانەو لە رووی سیاسیشەوە لە نەتەوە سەقامگیرەکانی جیهان دەژمێردرێت، بە واتایەکی دیکە مەرجی مۆدێرنیزم بۆ وڵاتانی تازە پێگەیشتوو ئەوەبوو کە سەرەڕای گۆڕانکاری لە سیستەمی تەکنۆلۆژی، ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی، جیهانی کلاسیک و

بەهاکانی بەجێبێڵن و بگەنە ریزی وڵاتانی رۆژئاوا و ئەمەریکای باکوور.

دەکرێ بڵێین کە تێکڕای تیۆریستەکانی مۆدێرنیزم لەو باوەڕەدا بوون کە فراوانبوون بەهۆی هەندێ فاکتەری دەروونییەوە روودەدات، فاکتەری ئەوتۆ کە لەناو وڵاتێکدا کاریگەری خۆیان دەنوێنن بۆیە دەکرێ چاک بکرێن بە تایبەتی کە هاوکاری وڵاتانی دەوڵەمەندو رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش لە ئارادابن، بۆ نموونەش بەرنامەی هاوکارییە ئابوورییەکانی ئەمەریکا بۆ ئەورووپاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوای شەڕی دووەمی جیهانی لەوەوە دەهات.

هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، لە دەروونی تیۆری فراوانبوون و مۆدێرنیزمدا، ئەوەی کە گرنگییەکی زیاتری هەبوو، هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگای کلاسیکی و فەرهەنگە تایبەتییەکەی بوو. بەو هەڵوەشانەوەیە ئەگەری پێکهاتنی کۆمەڵگای مۆدێرن دەهاتەئارا. (ئەڵمۆند)یش لەسەر ئەو روانگەیە رایگەیاند کە وڵاتانی رۆژئاوایی بۆ ئەوەی بگەنە رادەی کامڵ بوون زۆر قەیرانی جۆراوجۆریان بەخۆوە دیتووە [٢٢]. لە راستیدا ئەندێشەکانی (ئەڵمۆند)و هاوکارەکانی کاتێ خرایە روو و پێشوازی لێکرا کە وڵاتانی رۆژئاواو ئەمەریکای باکوور لە لوتکەی پێشکەوتن دابوون، بەڵام وردە وردە مقۆ مقۆی نائارامی لەناو کۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندا سەریهەڵدا ،ئەوەش هاوکات بوو لەگەڵ قەیرانە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری لەناو ئەو کۆمەڵگایانەدا، ئەوەش نیشانی دەدا کە ئەو کۆمەڵگایانەش قەیرانی ئاڵۆزیان تێدا روودەدات.

جوولانەوەو نارەزایی دەربڕینی قوتابیانی زانکۆ، رەشپێستەکان، جوولانەوەی سەوزەکان (ژینگە پارێزەکان) و فێمینیستەکان ئەوەیان روونەکردەوە کەگرفت و قەیران لەناو کۆمەڵگاکاندا بەردەوامە.

هەر لەو بارودۆخەدا بوو کە شەڕە ناوچەییەکان لە باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیادا چەندین وەچەی لە نەتەوەکانی ڤێتنام، کامبۆج و لائۆس کردە قوربانی و کاردانەوەی ئەوەش لەناو خودی ئەمریکادا شەپۆلێکی نائارامی و ناسەقامگیری سیاسی لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٦٠ بەدوای خۆیدا هێنا. «ئەو کێشەو قەیرانانە ئاماژەیان بۆ ئەوە دەکرد، کە ئێستا ئەو بێلایەنییەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و لێکۆڵینەوەکانیان، بەهۆی گرێ بەندبوونی بە مەسەلەی ڤێتنام، باوەڕی خۆی لەدەستداوەو ئاشکرا بووە، کە لەنێوان لێکۆڵەرانی پلە یەک و بەناوبانگی فراوانبوون و گۆڕانکاری سیاسی، لەگەڵ بڕیاردەرانی چالاکییە سەربازییەکان لە باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیادا هاوکارییەکی نهێنی لە ئارادا بووە، هەڵبەتە هەندێ کەس ئەوەیان رەتدەکردەوە کە هاوکارییەکی لەو شێوەیە لە ئارادا بووبێت، بەڵام هەندێ کەسی دیکە ئاماژەیان بۆ گرنگی ئەو هاوکارییە کرد و بەو هۆیەوە ئاگایی خەڵکیان بەرانبەر پەیوەندی دوو لایەنەی نێوان تیۆری فراوانبوون و سیاسەتی رووبەڕووبوونەوەی شۆڕش و سەرهەڵدان قووڵتر کردەوە. کاریگەرییەکانی ئەو مەسەلەیە و لێکۆڵینەوەکانی شەڕی ڤێتنام و کاریگەری ناوخۆی ئەو شەڕە گەیشتە زانکۆکان و ناوەندە پەیوەندیدارەکان»[٢٣].

بە گوێرەی ئەو بابەتانە بوو کە قوتابخانەی مۆدێرنیزم رووبەڕووی رەخنە بۆوە، یەکەم رەخنە لەلایەن پێداچوونەوە خوازەکانی قۆناخی ئەرتۆدۆکسی خرایەڕوو کە لێرەدا ئاماژەی بۆ دەکەین.

## ڕەخنەی پێداچوونەوە خوازەکانی مۆدێرنیزم

بەرلەوەی تیۆری ڕەخنەگرانەی قوتابخانەی وا بەستەیی بە شێوەیەکی جیدی بخرێتەڕوو، لە ڕەخنەی ڕوویەڕووبوونەوەی کلاسیک و مۆدێرنیزمدا، کەسانێکی وەک (گاسفێڵد، فرانک و ڕۆدۆڵف- ڕۆدۆلف) زۆر ڕەخنەی بونیادنەرانەیان خستەڕوو، هەروەها وەچەیەک لە نووسەرانیش هاتنە گۆڕەپان کە بە مێژووگەرا ناسرابوون، وەک (برینگتۆن مۆر، تیدا سێکاچپۆل، و تریمبێرگەر). باسی سەرەکی (مۆر) ئەوە بوو کە ڕەوتی فراوانبوون لە بنچینەدا بابەتێکی سیاسییەو تا ئەو کاتەی گیروگرفت و ئاژاوە سیاسییەکان چارەسەر نەکرێن، گەشەسەندن و فراوانبوونی ئابووری ڕوونادات.

ئەوە لەکاتێکدایە کە گریمانەیەکی پێچەوانە لە تیۆرەکانی سەدەی بیستەم دەخرێتە ڕوو کە دەڵێ وڵاتانی ڕۆژئاوا سەرەتا گەیشتنە گەشەو فراوانبوونی ئابووری و دواتر دیموکراسی هاتۆتە ئارا، بەڵگەی ئەوانەش ئەوەیە کە ئەمەریکا، کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی و کلاسیکی بووەو هۆکارەکانی گەیاندنی لێ نەبوو بەڵام ئەندێشەی دیموکراتی لەو وڵاتەدا چەسپا. یان هەروەک (ڕۆدۆڵف- ڕۆدۆڵف) ئاماژەی بۆ کرد سەبارەت بەکۆمەڵگای کلاسیکی هیندستان ئەو ڕاستییەی دەرخست کە ئەو وڵاتە لە ڕووی سیاسییەوە کۆمەڵگایەکی دیموکراسی بووەو لەناو ئەفسانە و کەموکورتی و کۆمەڵگایەکی ئابووری دواکەوتوودا گەشەی کردووەو گەیشتۆتە سەقامگیری سیاسی و گەشەی ئابووری. هەر لەسەر ئەو بنەمایانەیە کە ئەگەر لە جێگایەک گرووپە نوێخوازەکان لە شۆڕشدا سەر بکەون ئەوا ڕێگەی فراوانبوونی فەرهەنگی، سیاسی، ئابووری و هی دیکە دەکەنەوەو لەو کۆمەڵگایانەشدا کە ئەو گرووپانە تووشی شکست دەبن لەتێکڕای ڕەهەندەکاندا دواکەوتوویی سیاسی دەبینرێت [٢٤].

سەبارەت بە ڕەخنەگرە پێداچوونەوەخوازەکان دەبێ بڵێین کە ڕەخنەکانی ئەوان زیاتر وەک چەمکێک لە کەرتی فەرهەنگدا بوو، ئەوان دیانوت ناکرێ هەرگیز کۆمەڵگای کلاسیک و کۆمەڵگای مۆدێرن بەشێوەیەکی ڕەها جیابکرێنەوە.

(ڕۆدۆڵف- ڕۆدۆلف) سەبارەت بە جیاکارییەکانی نێوان کلاسیک و مۆدێرنیزم دەڵێ «لە دیدی مۆدێرنیزمەوە، پەیوەندیە ناوچەییەکان و دیدگا قەومییەکان (Parochial) جێگای خۆیان دەدەنە بۆچوونە جیهانیەکان و تێڕوانینە جیهانگیرەکان (cosmopolitan). زانست وەپێش هەست و هەر شتێکی نا عەقڵانی دەکەوێ، تاکە کەس لە جیاتی کۆمەڵ دەبێتە توخمی سەرەکی کۆمەڵگەو سیاسەت، پەیوەندی مرۆڤەکان لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی خۆیان دەبێت، ناسنامە وەدەستدەهێندرێت نەوەک بدرێت، کار لە خێزان جیادەبێتەوە، گەورەکان بەشێکی دەسەڵاتیان دەدەنە دەستەکانی خوارەوەی خۆیان... ئیتر دەوڵەت نابێتە نموونەی دەسەڵاتی سەرووی مرۆڤایەتی، بەڵکو دەوڵەت لەسەر بنەمای بەشداربوون، ڕێککەوتن و بەرپرسیارێتی گشتی، پێکدێت» [٢٥].

لە ڕاستیدا ئەو لێکۆڵینەوەی لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکان دەکۆڵنەوە ئاماژە بۆ بەردەوامی نەریتەکان لەناو ئەو کۆمەڵگایانە دەکەن، چونکە ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر ڕێکخراوەکان ئەنجامدەدرێن، ئەوە ڕووندەکەنەوە کەکۆمپانیا بازرگانیەکان هەوڵدەدەن پەیوەندی سۆزداری لەنێوان کارمەندەکانیاندا بەرقەرار بکەن [٢٦].

ئەو کتێبانەش کە تایبەتن بە کۆمەڵگا مۆدێرنەکان جیاوازی نێوان مۆدێرنیزم و نەریت رەتدەکەنەوە. بەڵام ئەوانەی کۆمەڵگا کلاسیکیەکان لەگەڵ کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا بەراورد دەکەن وای بۆ دەچن لەبەر ئەوەی نەریتەکان ناتوانن لە پرۆسەی مۆدێرنیزمدا گەشە بکەن و بەردەوام بن بۆیە دەچنە پەراوێزی واقیعە مێژوویی- کۆمەڵایەتییەکانەوە[٢٧].

جیاکردنەوەی نەریت لە مۆدێرنیزم کاتێک زیاتر ئاڵۆز دەبێت کە نموونەیەک لە نەریت لەسەر بنەمای نموونەیەکی مۆدێرن دابڕێژرێت و تیۆرەکانی مۆدێرنیزم لەسەر بنەمای ئەو نەریتەدابڕێژرێن. لەبەر ئەوەی نەریت و مۆدێرنیزم بە دژی یەکتر لە قەڵەم دراون، جیابوونەوە لە نەریتەکان، پڕ ئازارەو چوونە ناو مۆدێرنیزم دەبێتە شتێکی دەستکرد[٢٨].

(گاسفیڵد) دەڵێ: «زۆر هەڵەیە ئەگەر وا بیربکەینەوە نەریتەکان کۆمەڵێکی یەکرەنگ و وێکچوون، لەبەر ئەوەی لە حاڵەتێکی وەک ئاییندا، لەنێوان کۆمەڵگاکاندا جیاوازی و جۆراوجۆری هەیە، هەڵەی دووەم ئەوەیە کە پێمان وایێ نەریتە کۆنەکان دژی باوەڕە تازەکانن، زۆر جار ئەوانە پێکەوە دەبن و گەشەدەکەن»[٢٩].

دەکرێ ئەو رەخنە پێداچوونەوە خوازانەی کە لەلایەن (گاسفیڵد) و (رۆدۆڵف- رۆدۆڵف) لەسەر تیۆری مۆدێرنیزم خرانەروو بەم شێوەیە ریز بەندی بکرێن[٣٠].

١) لە هەنگاوی یەکەمدا، دووفاقی و جیاکاری نێوان نەریت و مۆدێرنیزم ئەوەندە پەرش و بڵاوە کە لە ریز بەندی وڵاتاندا هیچ واتایەکی نییە.

بۆ نموونە هیندستان لە چینی نەریتی کلاسیکدایەو سوید لە چینی مۆدێرن. سەرەڕای ئەو جیاوازییەی لەنێوان ئەو دوو چینەدایە لەناو خودی هەر چینێکیشدا جیاوازی زۆر بەدی دەکرێت.

٢) ئەو وتەیەی کە دەڵێ رەفتاری کۆمەڵایەتی نێوان دوو گرووپ لە وڵاتان بە تەواوی جیاوازە، هیچ راستییەکی بۆ نییە، چونکە ئەمە جۆرێک ئاسانکردنی لە رادەبەدەری شێوە ئاڵۆزەکانی رەفتارە کە ناتوانرێ لە شیکردنەوەیەکی سادەدا بخرێنە ناو دوو گرووپی دژ بەیەک.

٣) هەڵەیەکی دیکە ئەوەیە کە دەگوترێ لەنێوان سیستەمە بنچینەییە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگادا پێکەوە گونجانێکی کارایی هەیە و گەشەسەندنی ئابووری تەنها بە جۆرێکی تایبەت لەو سیستەمە بنچینەییانە دەچەسپێ.

٤) بۆچوونێک هەیە کە دەڵێ ئەو شتەی بۆ وڵاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکانی رۆژئاوا سوودمەند و پێویستە دەبێ لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا بەکار بهێنرێت، ئەو بۆچوونە خەرجییەکی زۆری دەوێ، بۆ نموونە وڵاتانی جیهانی سێیەم هاندەدرێن کە سیستەمە پەروەردەییەکانی خۆیان لەسەر بنەمای مۆدێرن دابڕێژن و لەسەر مۆدێلی ئەورووپی فراوانیان بکەن، ئەوە لەکاتێکدا واباشترە داهاتەکانیان بۆ بنبڕکردنی نەخوێندەواری بەکار بهێنن، بەرلەوەی زانکۆکانیان فراوان بکەن، هەروەها فەرهەنگی خۆیان بپارێزن.

٥) زۆربەی تیۆریستەکانی مۆدێرنیزم بانگەشەی ئەوە دەکەن کە گوایە لەنێوان وڵاتە دەوڵەمەندەکانی رۆژئاواو کۆمەڵگاکانی دەوروبەریان هیچ جۆرە جیاوازی و دژەکارییەک لە کەرتەکانی بازرگانی، بەرهەمهێنان، کشتوکاڵ... هتد دا نییە، هەرچەندە هەندێ جار ئەوە راست بووبێت، بەڵام لە رەهەندی گەلێ فراواندا ناراستی ئەوە دەرکەوتووە. لەو قسەیەدا ئەو راستییە رەچاو نەکراوە کە زۆربەی وڵاتە پیشەسازییەکان بەخۆسەپاندنیان

لەسەر وڵاتە کۆلۆنیکراوەکان گەیشتونەتە لوتکەی سەرکەوتن.

## رەخنەکانی قوتابخانەی وابەستەیی

توندترین و کاریگەرترین رەخنە کە رووبەرووی مۆدێرنیزم و تیۆرگەری کرابێتەوە لەلایەن دەستەیەک لە لێکۆڵەرەوان بوو کە بە گوتاربێژانی وابەستەیی ناسراون.

هەرچەندە تیۆریستەکانی ئەم رێڕەوە چەپڕەوە پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ بازنەکانی مارکسی هەبوو بەڵام زۆربەی ئەوان بە ئاشکرا مارکسی نەبوون، بەڵکو بە کەڵک وەرگرتن لە بابەتەکانی ئابووری سیاسی مارکسی هەستان بە دیراسەکردنی هۆیەکانی دواکەوتوویی وڵاتانی جیهانی سێیەم.

بابەتی سەرەکی رەخنەی ئەو دەستەیە ئەوەبوو کە فاکتەری سەرەکی دواکەوتوویی ئەو کۆمەڵگایانە بەهۆی هۆکارە ناوخۆییەکان نییە وەک تیۆرەکانی مۆدێرنیزم ئاماژەی بۆ دەکەن، بەڵکو هۆکارە دەرەکییەکانی چەند سەدەی رابردوو رۆڵی سەرەکییان بینیوە، لەوانەش حوکمڕانی کۆلۆنیالیزم. لە راستیدا ئەو رەوتە بە جۆرێک درێژەپێدەری فکری مارکس بوو چونکە ئەو پێشتر هیندستان و ئێرلەندای بە یەکەم قوربانی کۆلۆنیالیزم لە قەڵەم دابوو و دواتر (لینین) بە خستنەرووی مەسەلەی ئیمپریالیزم درێژەی بەو ئەندێشەیەدا، (لینین) لەو کەسانەبوو کە لە لێکۆڵینەوەکانی خۆی لەسەر ئیمپریالیزم هەوڵی دەدا چەمکی وابەستەیی لە نووسینەکانیدا بەکاربهێنێ.

بە رای ئەو جگە لە بوونی دوو گرووپی وڵاتان (کۆلۆنیالیست) و (کۆلۆنیکراو) جۆری دیکەی وڵاتانی وابەستە هەن کە بە رووکەش لە رووی سیاسییەوە سەربەخۆن، بەڵام لە راستیدا لە رووی دارایی یان سیاسی لە داوی وابەستەییدا گرفتارن.

روانگە هاوچەرخەکان، ئاماژە بۆ چەند جۆرێکی جیاوازی دەسەڵات و وابەستەیی لە نێوان نەتەوەکانی جیهانی سەرمایەداری دەکەن، بەو پێیە سەرمایەداری هەم لایەنی پێشکەوتنی هەیەو هەم لایەنی دواکەوتوویی، لەوانەیە ئەو وڵاتانە بینە ئاوێنەیەک بۆ فراوانبوون و گەشەی وڵاتە داگیرکەرەکان، یاخود بەهۆی پەیوەندی پاشکۆیی هەر بە دواکەوتوویی بمێننەوە [٣١].

ئێستا دەتوانین وابەستەیی پێناسە بکەین، وابەستەیی هەلومەرجێکە کە تیایدا دواکەوتوویی ئابووری هەندێ وڵاتی تایبەتی دەبێتە مەرجی گەشەسەندن و فراوانبوونی ئابووری وڵاتانی تر و لەو رەوتەدا وڵاتانی جۆری یەکەم دەبنە پاشکۆ (تابع). پەیوەندیی وابەستەیی لەنێوان ئابووری و بازرگانی نێودەوڵەتی جۆری وابەستەیی دەردەخات. هەندێ لە وڵاتان (دەسەڵاتدارەکان) بە پاڵپشتی فراوانبوون دەتوانن کاریگەری پۆزەتیفی یان نێگەتیڤی بخەنە سەر رەوتی فراوانبوونی وڵاتانی دیکە. بە واتایەکی دیکە، وابەستەیی، لە ئەنجامی خۆسەپاندنی سیستەمی سەرمایەداری جیهانی و هاوتەریب لەگەڵ چالاکی کۆمەڵایەتی هەندێ گرووپ و دەستەی ناوچەیی و چینە کۆمەڵایەتییە ناوخۆییەکانە کە لەوانەیە بەرژەوەندیەکانیان بە بەرژەوەندییە دەرەکیەکانەوە بەسترابێتەوە.

لەبەرئەوەی هەموو کۆمەڵگە وابەستەکان هەلومەرجیان وەک یەک نییە، بۆیە چەند جۆرێکی جیاوازی وابەستەیی هەیە [٣٢].

رەخنەکانی قوتابخانەی وابەستەیی لەلایەن ئەم لێکۆڵەرەوانەوە خرایەروو:

(گۆندێر فرانک)، (پۆل بارۆن)، (ئیمانوێل ڤالێرشتاین)، (سێلسۆفۆر

تادۆ)، (رۆنالدۆ رامیرز)، (جۆرج گارسیانا)، (فیرناندۆ هێنریک)، (کاردۆزۆ)و (سەمیر ئەمین)[٣٣].

(پۆل بارۆن) کە لە راستیدا بەرهەمەکانی یەکەم دابڕان لەنێوان مارکسیە هاوچەرخەکان و تیۆری مارکسی ئەرتۆدۆکسی سەبارەت بەگەشەسەندنی ئابووری جیهانی سێیەم دەخەنەڕوو لەو باوەڕەدابوو پەیوەندی کۆلۆنیالیزمی دەبێتە هۆی گواستنەوەی پاشەکەوتەکانی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان بۆ کۆمەڵگە گەشەسەندووەکان و ئەو رەوتەش دەبێتە رێگری سەرەکی بۆ ئەوەی سەرمایە لە وڵاتەکانی گرووپی یەکەم کۆ نەبێتەوەو هەر ئەوەش دەبێتە هۆی گەشەسەندنی کۆمەڵگا پیشەسازییەکان.

لە تیۆرەکەی (بارۆن)دا گریمانەیەکی دیکە خۆی حەشاردابوو ئەویش ئەوەبوو کە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی فراوانبوون و گەشەسەندنی خێرای کۆمەڵگە رۆژئاواییەکان بریتی بووە لە وەدەستهێنانی ئەو پاشەکەوتەی کە وڵاتانی دواکەوتوو هەیانە.

بە واتایەکی دیکە (بارۆن) گەشەسەندن و دواکەوتوویی بە دوو رووی دراوێک دەزانێ.

بە رای ئەو وڵاتانی جیهانی سێیەم لەلایەک کەرستەی خاو بۆ وڵاتە پێشکەوتووەکان دابیندەکەن و لەلایەکی دیکەشەوە دەبنە بازاڕێکی لەبار بۆ کاڵای ئەو وڵاتانە.

بەو پێیە دەرفەتی گەشەسەندن بۆ وڵاتانی جیهانی سێیەم نەدەڕەخسا، چونکە گەشەسەندنی ئابووری وڵاتە دواکەوتووەکان زۆر بە توندی دژی بەرژەوەندییەکانی وڵاتە پێشکەوتووەکانە[٣٤].

گرووپێک بەناوی ئێکلا (ECLA) درێژەیان بە تیۆرەکانی (بارۆن) دا، هەرچەندە هەندێ لە ئەندامانی ئەو گروپە تێڕوانینەکانیان رەشبینی پێوە دیار بوو، یەکێک لە ئەندامە بەناوبانگەکانی ئەو گرووپە (رائۆل پێریش) بوو، (رائۆل) تیۆری کلاسیکی بازرگانی نێودەوڵەتی بە هەڵە لە قەڵەم دەدات کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات گوایە بازرگانی نێودەوڵەتی پەیتا پەیتا بەرژەوەندییە ئابوورییەکان لە وڵاتە دەوڵەمەندە رۆژئاواییەکانەوە بۆ وڵاتە کەم دەرامەتەکان دەگوازێتەوە، ئابووریزانەکانی (ECLA) دەیانوت هەلومەرجی بازرگانی نێوان جیهانی پیشەسازی و ئەمەریکای لاتین لە دەیەی ١٨٧٠ بەدواوە بە زیانی ئەمەریکای لاتین گۆڕاوە، ئەنجامی گشتی ئەو تیۆرە ئەوەبوو کە بازرگانی نێودەوڵەتی بۆتە هۆی ئەوەی کە بەرژەوەندییەکانی جیهانی یەکەم لە بەرانبەر جیهانی سێیەم ببنە هەمیشەیی، هەندێ لەو تیۆریستانە، وەک (دۆس سانتۆس) لەو باوەڕەدابوون کە وابەستەیی هەلومەرجێکە تیایدا ئابووری کۆمەڵە دەوڵەتێک دەبەسترێتەوە بە گەشەسەندنی ئابووری کۆمەڵە وڵاتێکی دیکە. هەندێکی دیکەی وەک (کاردۆزۆ) و (ڤالێتۆ) لەو باوەڕەدا بوون کە وابەستەیی سیستەمێکە هیچ فاکتەرێکی پێویست و دینامیکی بۆ گەشەسەندنی سەرمایە تێدا نییە[٣٥].

(ئەندریا گۆندێر فرانک) کە یەکێکە لە تیۆریستە بەناوبانگەکانی وابەستەیی، لەگەڵ لێکدانەوەی شێوەکانی رەفتاری ئەندێشەی مۆدێرنیزم لە بەرامبەر گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و گەشەسەندنی ئابووری، روانگەکانی خۆی لەسەر ئەزموونی مێژوویی ئەمەریکای لاتین و بەتایبەتیش هەر دوو وڵاتی بەرازیل و شیلی دادەڕێژێت، ئەو لە رەخنەکانی خۆیدا بەرانبەر تیۆرەکانی مۆدێرنیزم لە رۆژئاوا، رایدەگەیاند کەوا دواکەوتوویی بە هۆی فاکتەرە دەرەکیەکانەوە روودەدات و

ئەوەش هەلو مەرجێکە وڵاتە پیشەسازییەکان تاقیکردنەوەیان لەسەر نییە و پێی وایە ئەو هەلو مەرجەش بەسەر وڵاتانی جیهانی سێیەمدا سەپاوە. کەواتە دواکەوتوویی هەندێ لە وڵاتان بەهۆی پێشکەوتنی وڵاتەکانی دیکەیە، یان هەر وەک(فرانک )دەڵێ: گەشەسەندنی ئابووری و دواکەوتوویی دوورووی دراوێکن. هەر دووکیان بە هۆی ئەو دژکارییانەوە روودەدەن کە لە سیستەمی سەرمایەداری جیهانیدا روودەدەن. (فرانک) لە کتێبی (کۆمەڵناسی گەشەسەندن و دواکەوتوویی )(١٩٦٧) سەرەڕای خستنە رووی رێگە چارەی مێژوویی فراوانبوون لە روانگەی (رۆستۆ)وە، رەخنەشی ئاراستە دەکات و لەوباوەڕەدایەکە دەکرێ ئەو رێگە چارەیە رەتبکرێتەوە چونکە مەرجی یەکەم بۆ ئەو دەربڕینە ئەوەیە کە کۆمەڵگە کلاسیکییەکان بە بێ مێژوو لە قەڵەم بدەین، لەکاتێکدا ئەو دەربڕینە هەرگیز لەگەڵ واقعیە مێژووییەکان نەگونجاوە.

بۆچوونەکەی (رۆستۆ) ئەو راستییە دەشارێتەوە کە وڵاتە گەشەسەندووەکانی ئێستا لە رێگەی پەیوەندی خۆیان لەگەڵ کۆمەڵگاکانی نەریتگەرا، پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگایانەیان بە تەواوی وێران کردووە، بە رای (فرانک) ئەو مەسەلە لە هیندستان کە لە پیشەسازی داماڵراوە زیاترلەبەر چاوە، هەروەها فرانک بەرانبەر بە رۆڵی لیبرالیزم لە گواستنەوەی تەکنۆلۆژی و بەرهەمەکانی دیکە بۆ وڵاتانی دواکەوتوو، گومانی هەیەو لەوباوەڕەدایە کە لیبرالیزم نەک هەر هیچ هاوکارییەکی بۆ پرۆسەی فراوانبوون نەکردووە بەڵکو وەک رێگرێک لەبەردەم ئەو کارە راوەستاوە، بەوپێیە دەکرێ لە تیۆرەکەی (فرانک) چەند ئەنجامێک دەستەبەربکەین، یەکەم ئەوەیە کە فراوانبوون و گەشەسەندنی ئابووری سەربەخۆی وڵاتانی جیهانی سێیەم لەناو سیستمی سەرمایەداری جیهانیدا مەحاڵە، دووەم ئەوەیە کە پەیوەندی بەهێزو پتەوتری ئابووری ، سیاسی و فەرهەنگی لە نێوان (مێترۆپۆل) و(مانگەکانە) دەرفەتێکی باشتری بۆ دەسەڵات و خۆسەپاندن و سەرمایەداری رەخساندووە، سێیەمیش ئەوەیە کە لەو بابەتانەی سەرەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە دواکەوتوویی وڵاتانی جیهانی سێیەم لە رێگەی چاکسازییەکانی ئاشتیانەی بۆرژوازی لەناو ناچێت بەڵکو پێویستە شۆڕشێک بەرپابکرێت. بەرەچاوکردنی ئەو رەخنانە، روانگەی وابەستەیی ئەوە ئاشکرا دەکات کە جیاکاری نێوان نەریت و مۆدێرنیزم جیاکردنەوەیەکی دوور لە راستییە چونکە هەردووکیان پەیوەستی هێزو دەسەڵاتن و دواکەوتوویی هەلومەرجێکی تازەیە، بەواتایەکی دیکە دواکەوتوویی نەخۆشییە. ئەگەر تا بەر لە سەدەی ١٦ لە رووی فراوانبوونەوە جۆرێکی یەکسان لە وڵاتان هەبوو، لەدوای ئەوە بەهۆی نابەرابەری، ئەو نەخۆشییە پەرەی سەندووەو کۆلۆنیالیزمیش بە شێوەی جیاجیا، وەک کۆلۆنیالیزمی نیشتەجێ و نا نیشتەجێ بەردەوام بووە.

رەخنەکانی رێڕەوی پێشوو، کە دواتر لەلایەن کەسانی دیکەوە درێژەی پێدرا، لە پاڵ رەخنەکانی پێشووتر، سەرەنجام رێگەی بۆ رەوتێکی دیکە خۆشکرد کەلە بابەتی پۆست مۆدێرنیزمدا. لەپاڵ هەندێ گۆڕانکاری بەرچاوی تیۆریستی، بووە هۆی داڕووخانی بنەماکانی تیۆریستی فراوانبوون.

## رەخنەی روانگەکانی پۆست مۆدێرنیزم لەسەر فراوانبوون کورتەیەک لەسەر فۆکۆ

:(Michel Foucault)

میشێل فۆکۆ(١٩٢٦-١٩٨٤)لە

لێکۆڵینەوەکانی پۆست مۆدێرنیزمدا جێگایەکی شایستەی هەیە و بابەتەکانی وەک دێرینناسی و بنچینەناسی بووە دەستمایەی کاری زۆر لێکۆڵەری دیکەی پۆست مۆدێرن، بە تایبەتیش ئەوانەی لە بواری مەعریفەناسی، دەروونناسی، تیۆرەکانی پەیوەست بە ئافرەت وتیۆرەکانی فراوانبوون و مۆدێرنیزمدا لێکۆڵینەوەیان ئەنجام داو، باشترین نموونەش (ئیدوارد سەعید)ە.[٣٦]

ئەو بابەتە سەرەکییانەی (فۆکۆ) کاری لەسەر دەکردن زیاتر بوارەکانی جۆراوجۆری کۆمەڵناسی، فەلسەفە، مێژوو وزانستە سیاسییەکانی دەگرتەوە. زۆربەی ژیانی فیکری فۆکۆ بۆ ئەوە تەرخانکرابوو کە چۆن ڕۆژئاوا زانیاری و مەعریفەی سەبارەت بەخۆی گەشەپێداوە، بۆیە تایبەتمەندی فۆکۆ لەوەدایەکە لە دەرەوە یان لەسەرەوە بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە ڕوانیویەتە زانستە کۆمەڵایەتییەکان. ڕوانگەی ڕۆژئاوایی[٣٧]، واتە گوتاری ڕاستەقینە، زیاتر گوتارێکی سپی پێستانەو پیاوانەیە کە بە پێچەوانەی هەموو دروشمەکانی خۆی، سەبارەت بە عەقڵانیەت و بەرچاوی ئەزموونەکان و شێوەی تێڕوانینی، ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییانەی کەلە دەسەڵاتی سپی پێستەکاندا بەشدارنین، بەکەم لە قەڵەم دەدات، لەیەک وتەدا بنچینەناسی ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە چۆن مرۆڤەکان لە ڕێگەی دامەزراندنی ڕژێمەکان، لەسەرخۆیان و خەڵکی تر حوکم دەکەن[٣٨]. بەو شێوەیە بنچینەناسی مەبەستی هەر ئەوە نابێت کە بە هەنگاوی ڕووخێنەرانە مەعریفە ڕەتبکاتەوە، بەڵکو دەیەوێ سنوورەکانی تێگەیشتن بگەیەنێتە سەرووی زانستە ڕەسمی و ڕەواجەکان، هەروەها دژایەتی ئەو دەسەڵاتانە دەکات کە پەیوەندییان لەگەڵ زانستییە ڕەواجەکاندا هەیە نەک خودی زانست و مەعریفە. ئەگەر سەرنج بدەینە قالبی فیکری فۆکۆ دەکرێ تا ئێرە بڵێین کە بانگەشەکانی فۆکۆ بە کورتی ئەمانە دەگرێتەوە:

١-هەمیشە جەستەی زانست پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی سیستەمەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵگادا هەیە.

٢-شارستانیەتی ڕۆژئاوا هەرگیز نەیتوانیوە ئاسنامەیەکی ڕوون و ئاشکراو هاوشێوە بونیاد بنێ.

٣-بەکاری توندو تیژی بەرانبەر بەخەڵکانی دیکە، زیان بە هەستی خۆمان دەگەیەنین. ئەندێشە سەرنج ڕاکێشەکەی فۆکۆ سەبارەت بە بێگانەیی، زۆر لە بیرمەندانی بەخۆیەوە خەریک کردکە دەیانویست لەسەر گوتارەکانی فۆکۆ لە بوارەکانی ڕەخنەگریدا لێکۆڵینەوەی خۆیان ئەنجام بدەن. لەو بابەتانەش ڕەگەزپەرستی و فێمینیزم بوون کە ئەو شێوە لێکۆڵینەوەیان بەکارهێنا، ئەدەبیاتی فێمینیستی بە پاڵپشتی چەمکی (بێگانەیی) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە چۆن پۆلێنکردنی ڕەگەزی، چالاکییەکانی کۆمەڵگەی مۆدێرن دەکاتە دووبەش، لەو بارەیەوە، ڕووبەڕووی میکانیزمی ئەوتۆ دەبینەوە کە پیاو بەناوی (من)ی ڕەها (مطلق) بەرجەستەدەکەن و ئافرەتیش وەک بێگانە(ئەو)ی کەم بایەختر. (هاوسەر) دان بەخۆداگرتن وبەستراوەیی خۆی وا بەخەیاڵدا دێنێ کە بێگانەی دەروونی مێردەکەیەتی. ئافرەت لە تێکڕای گوتارە پیاوانەکاندا بە بێگانە لە قەڵەم دەدرێت، سوود وەرگرتن لە تێڕوانینی فۆکۆ لە مێژووی ڕەگەزپەرستیدا ئەوە ئاشکرا دەکات کە چۆن خێڵە نیشتەجێکانی ئەمەریکا لەلای ئەورووپاییە کۆچەرەکان بە بێگانە لە قەڵەم دەدران، هەروەها چۆن کۆیلە ڕەشپێستەکان لەلای خاوەنەکانیان بە (کەم بایەخ) ناودەبران یان هۆی چی بوو کە (جوولەکەکان) لەلای (فاشیزم) و (نازیەت) بە (دوژمنی وێرانکار) ناودەبران.

ئەگەر سەرنج بدەینە تیۆروانینە رەخنەگرانەکەی فۆکۆ ئەوە رووندەبێتەوە کە چۆن لە پاش پەردەی فراوانبوون راستییەکی چەواشە بەناوی (خود) و (بێگانە) خۆی حەشار داوە، بۆیە (زاکس) دەڵێ:

«بابەتی فراوانبوون جۆرێک جیهانبینی رۆژئاواییە، کە تیایدا هەموو ولاتان دەبێ تاکە رێڕەوی ولاتە پێشکەوتووەکانی رۆژئاوا بگرنەبەر، واتە بە رۆژئاواییکردنی جیهان، ئەم بەستەڵەکە فکرییە دەبێتە هۆی پچڕانی یەکسانی و نەمانی جۆرایەتی و تەنها (خود) دەمێنێ و (بێگانە) رەتدەکرێتەوە، بەوەش وەرچەرخانی فەرهەنگی رادەوەستێ»[39].

## رەخنەکانی پۆست مۆدێرنیزم

لەژێر کاریگەری ئەو تیۆروانینەی سەرەوە، (ئێدوارد سەعید) لە روانگەی پۆست مۆدێرنیزمەوە، رەخنە لە تیۆرەکانی فراوانبوونی رۆژئاوایی دەگرێت، هەروەها (تەها بەنوری) هەڵدەستێ بە هەڵسەنگاندنی تیۆری مۆدێرنیزم لە رووی مەعریفی- فەرهەنگی[40].

(ئێدوارد سەعید) لەکتێبی (رۆژهەلاتناسی) کە لە راستیدا بە یەکەم و باشترین نموونەی بەکارهێنانی شێوازمەندی (بنچینەناسی) مێشێل فۆکۆ دادەنرێت، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە تیۆری مۆدێرنیزم یان نوێگەری درێژە پێدەری (قوتابخانەی رۆژهەلاتناسی- Oriental-ism)ە.

بەرای ئەو، بەرهەمە زانستییەکانی ئەو قوتابخانەیە «لە (ئاشیلۆس) تا دەگاتە (ڤیکتۆر هۆگۆ)، (دانتی) و (مارکس)[41]» هەموویان لە لێکۆڵینەوەو رەخنەیاندا سەبارەت بە کۆمەڵگای کلاسیکی، ئاماژە بۆ دەسەلاتی خێزان، لاوازی هزری و بێ توانایی رۆژهەلات لە بەرابەر رۆژئاوا دەکەن، بەلام هەرگیز ناڵێن لە گوتارەکانیاندا چ راستییەک خۆی حەشار داوە.

رۆژئاواییەکانی (ئێدوارد سەعید) لە زۆر رووەوە بە شێتەکان، تاوانباران، عەقڵ لاوازەکانی (فۆکۆ) دەچن، هەر هەموویان بوونەتە بابەتی گوتارو باسە رێکخراو و گشتگیرەکان و بەپێی ئەو گوتارانە پێناسە دەکرێن، بەلام بۆیان نییە قسە بکەن. هەموویان لە بێگانەبووندا هاوبەشن، بێگانە بوونەکەشیان لەبەرئەوەیە کە جیاوازییان لەگەڵ ئەو بارودۆخەیە کە بە سروشتی، واقیعی و راستەقینە لە قەڵەم دەدرێت[42].

لەلایەکی دیکەوە ئەو جیهانەی لەلایەن نووسینەکانی رۆژئاوایی و بێ دەنگی رۆژهەلات بەرجەستەکراوە، بووە هۆی ئەوەی کە زۆر بابەت وەک تایبەتمەندییەک بە رۆژهەلاتەوە بلکێندرێن و زۆر چەمکی وەک (گەندەڵکاری رۆژهەلاتی) و (دڵڕەقی رۆژهەلاتی) و (خۆپەرستی رۆژهەلاتی)، (کرۆکی رۆژهەلاتی)، (بیرکردنەوەی رۆژهەلاتی)، (عیرفانگەرایی رۆژهەلاتی)، (هەوەسبازی رۆژهەلاتی)و (رۆحی رۆژهەلاتی)، (گەورەیی رۆژهەلاتی)، بێنە ناو گوتارەکانی چاودێرانی ئەوروپی، بەو شێوەیە رۆژهەلات نابێتە وێنەی بیرێکی ئەلتەرناتیڤ بەڵکو وێنەی غەیرە ئەنتۆلۆژیایەکە، کە دۆزراوەتەوە. سنوورێکی ناسراویشی هەیە رزگارکراوەو رووەو شارستانیەت رۆیشتووە.

(ئێدوارد سەعید) لەسەر بنەمای بیرۆکەی (زانست- دەسەلات)ی فۆکۆ باس لە بوونی پەیوەندییەک لە نێوان رۆژهەلاتناسی و هێزە کۆلۆنیالیستەکان دەکات، جا ئەو پەیوەندییە لە رووی ئاگاییەوە بێت یان بێئاگا، بە رای ئەو هێزە کۆلۆنیالیستەکان ئەو رۆژهەلاتەی

«رۆژهەڵاتناسی» لە رووی فیکرییەوە بەرجەستەی دەکات، بە شێوەیەکی فیزیکی داگیری دەکەن، ئەوەش سەلمێنەری ئەو حوکمەیە کە دەڵێ «زانستی سەلمێنراو لە سەدەی هەژدەیەمەوە هاوکاری پرۆسەی رێکخستنی دەسەلات و کۆکردنەوەی سەرمایەی کردووە».

کەواتە رۆژهەڵات، نەک هەر ئەفراندنێکی ئەوروپاییەکانی وەک «شاتۆ بریان» و «نێروال»ە، بەڵکو رۆژهەڵاتناسییەکەشی بریتییە لە جۆرێک شێوازی رۆژئاوایی بۆ پێکهێنانی دەسەلات و بونیادنانەوە، فەرمانڕەوایی لەسەر رۆژئاوا، بۆیە فەرهەنگی ئەورووپی بەهۆی جیاکردنەوەی رێگای خۆی لە رۆژهەڵات وەک جێنشینێک دەسەلات و ناسنامەی وەدەستهێنا [٤٣].

ئەو تێڕوانینەی کە رۆژهەڵات لەلایەن رۆژئاواییەکانەوە بە بێگانە سەیر دەکرێت، نەک هەر لەناو روانگە کۆن و نوێیەکانیاندا حەشار دراوە، بەڵکو جۆرێکە لە گەشەسەندن و بڵاوبوونەوەی ئاگایی جیۆپۆلەتیکی (جوگرافی- سیاسی)، کە لەناو دەقەکانی جوانناسی، ئابووری، لێکۆڵینەوە، کۆمەڵایەتی، مێژوویی و زمانناسیدا بەدیدەکرێت، رۆژهەڵاتناسی (رۆژئاواییەکان) نەک هەر بریتییە لە دارشتنی جیاکارییەکی گشتی جوگرافی (لەسەر ئەو بنەمایەی کە جیهان لە دوو نیوەی نایەکسانی رۆژئاواو رۆژهەڵات پێکدێت)، بەڵکو سەرەڕای ئەوەش زنجیرەیەک گرێبەندی دەگرێتە خۆی کە لە رێگەی هەندێ کەرەستەی وەک دۆزینەوە زانستییەکان، نوێکردنەوە بەشێوەیەکی زمانناسی، شیکردنەوەی دەروونی، ناسینی کۆمەڵایەتی، ئەو گرێبەندییانە دروستدەکات و دەشیانپارێزێت.

دەکرێ بڵێین رۆژهەڵاتناسی بریتییە لە گوتارێک (خطابة) کە هەرگیز لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی هەنووکەیی پەیوەندییەکی راست و گونجاوی نییە، بەڵکو لەسەودایەکی تا بەرابەردا لەگەڵ جۆرەها دەسەلات دروستبووەو درێژەی بە ژیانی داوە [٤٤].

بە رای (ئێدوارد سەعید) بێگانەسازی و شێوەی دەسەلاتی رۆژئاوایی، تەنانەت لەو شیعرانەشدا هەیە کە بۆ خزمەتی روانگەی جیهانی و تەواو کۆلۆنیالیستی، هەڵبەستراون، لە نموونەیەکدا ئاماژە بۆ شیعرێکی (بۆرنییێر- Bornier) دەکات:

«ئەی ئەو کارگەرانەی لە فەرەنساوە هاتوون
هەوڵبدەن و ئەو رێگە تازەیە بۆ خەڵکی جیهان بونیاد بنێن!
هەروەک باب و باپیرانتان،
ئەو پاڵەوانانەی کە تا ئێرە هاتوون...
ئازاو خۆڕاگربن!
هەروەک جەنگاوەرەکانی ئەهرام بجەنگن...
بۆ ئەوەی چوار هەزار ساڵ مێژووی ئەوان...
تەماشاچی ئێوە بن...
بەڵێ ئەوە بۆ جیهانە
بۆ ئاسیاو ئەوروپا...
بۆ هەرێمە دوورە دەستەکان،
نوقمی تاریکی نیوەشەو...
بۆ (چینی) زیرەک و (هیندی) نیوەڕووت...
بۆ نەتەوە خۆشبەختەکان، ئازاد، مرۆڤ و بوێرەکان
بۆ خەڵکە شەڕانییەکان، بۆ نەتەوە کۆیلەو ئەسیرەکان
بۆ ئەوانەی تا ئێستاش (مەسیح) ناناسن»[٤٥].

کەواتە قوتابخانەی ئەفراندنی رۆژهەڵاتناسی، لە راستیدا بریتییە لە شێوەی هەڵسوکەوتی ئەوروپییەکان لەگەڵ رۆژهەڵات و مۆدێرنیزمیش بریتی بووە لە شێوەی هەڵسوکەوتی جیهانی نوێ لەگەڵ

جیهانی سێیەم. زۆربەی سیاسەتەکانی بەناو فراوانبوون هەر لەو ڕێگایەوە دەسەپێنران.

مۆدێرنیزم بریتییە لە ڕێکخراوێک کەکاری سەرەکی پەیوەستە بە جیهانی سێیەمەوە.

کەواتە بەبێ لێکۆڵینەوەی مۆدێرنیزم مەحاڵە ئەو سیستەمە داڕێژراوە بناسین کە جیهانی سێیەم بە شێوەیەکی سیاسی، سەربازی، ئایدۆلۆژی و زانستی لەسەردەمی شەڕی سارد دا بەهۆیەوە کۆنترۆڵ کراو تەنانەت دروستیش کرا[٤٦].

ڕوانگەیەکی دیکەی ڕەخنەگرانە کە لەسەر بنەمای پۆست مۆدێرنیزم دامەزرابێت، ڕەخنە فەرهەنگی و مەعریفییەکەی (تەها بەنوری)یە، ئەو لەو ڕەخنەیەدا کە ئاراستەی تیۆری مۆدێرنیزمی دەکات، هەڵدەستێ بە شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی ڕەهەندە فەرهەنگییەکانی، سەرەتا باس لە گوتاری فەرهەنگ دەکات و پێیوایە هاوماناییە لەگەڵ جیهانبینی و پێکهاتەی مەعریفی.

بەرای ئەو هەر فەرهەنگێک (مۆدێرن بێت یان کلاسیک) سێ لایەنی بنەڕەتی هەیە واتە مرۆڤناسی، مەعریفەناسی و جیهانناسی هەروەها دوو جۆر لایەنگری تێدایە، مەیلی پێکەوەلکاندن (وصل) و مەیلی دابڕین (فصل).

بە ڕای (بەنوری) هاوسەنگی نێوان ئەو دووانەیە کە زەمینەی وەرچەرخانی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی دەڕەخسێنێ، دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەو دوانە جیاواز نین، بەڵام تایبەتمەندییەکی فەرهەنگی مۆدێرن دروستکردنی جیاکارییەکی ساختەیە بۆ ئەوانە.

بە ڕای (بەنوری) تایبەتمەندی سەرەکی فەرهەنگی مۆدێرن بریتییە لە مەیلی دابڕان. لەو بارەیەوە دەڵێ:

«دەکرێ مەیلی دابڕین، بە فەرهەنگێک دابنێین کە تیایدا هەر کەسێک خۆی لە پەیوەندییەکی ناسۆزداری لەگەڵ خەڵکانی دیکەو سروشت و دەوروبەرو زانستدا دەبینێتەوە، تایبەتمەندی ئەو ڕوانگە فەرهەنگییە، تێڕوانینێکە کە دەتوانێ وێنەیەک بەرجەستە بکات کە تیایدا هەر کەسێک لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکە خۆی بە جیا بزانێ.

لەبەرامبەر ئەوەشدا مەیلی پێکەوەلکاندن ئاراستەیەکی فەرهەنگییە کە هەر کەسێک خۆی لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و سۆزدار لەگەڵ هەر سێ لایەنەکەی فەرهەنگدا دەبینێتەوە.

لەسەر ئەو بۆچوونانە (بەنوری) دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ئەندێشەی مۆدێرنیزم و شێوازەکانی هەڵسوکەوتی ئەو ئەندێشەیە لەگەڵ جیهانی سێیەم، لە مەیلە فەرهەنگییە مۆدێرنەکەی (دابڕان)ەوە سەریهەڵداوەو ئەو تێڕوانینەش هیچ ڕێگەچارەیەکی بۆ مەسەلەکانی جیهانی سێیەم بەدەستەوە نییە، لەبەر ئەوە ناکرێ لە هەلومەرجی پۆست مۆدێرنیزمدا ئەزموونی وڵاتە جۆراوجۆرەکان لەگەڵ یەکدی بەراورد بکەین.

بۆیە گرووپی مۆدێرنیزم جەخت لەسەر هاوچەشنی و یەکبوونی مێژووی شارستانییەتەکان دەکەنەوە[٤٧].

زانایانی پۆست مۆدێرنیزم، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە مێژوو قۆناغی بە زۆر چەسپاوی نییە، هیچ ناچارکردن و یاسا دانانێکی گشتی مێژوویی لە ئارادا نییە کە هەموو وڵاتان ناچار بن پەیڕەوی لێبکەن، هەر بۆیە هیچ جۆرە تیۆرێکی گشتی ناخرێتەڕوو کە ئەزموونی تێکڕای وڵاتان بگرێتە خۆی، لەلایەکی دیکەوە هەر لە بنەڕەتدا زانستی کۆمەڵایەتی ناتوانێت بنەمای گشتی وەدەستبێنێ، لەئەنجامدا، کۆمەڵە تیۆرەکانی فراوانبوون و مۆدێرنیزم کە لە ڕۆژئاوا ڕێکخراون و سیمایەکی جیهانییان وەرگرتووە، لەژێر

کاریگەری شارستانیەتێکی مێژوویی تایبەتمەندان، بۆ نموونە هەندێک چەمکی وەک ئازادی، مافی مرۆڤ، کۆمەڵگای مەدەنی، دیموکراسی، پەرلەمانتاریزم)...، چەمکی گشتی نین، بەڵکو لە ئەزموونێک و شارستانیەتێکی شازدا سەریانهەڵداوەو لە ناو هەمان کۆمەڵگاشدا مانایان دەبێ.

بە کورتی هیچ رێگەیەکی یەکگرتوو و هاوچەشن بۆ فراوانبوونی وڵاتان لە ئارادا نییە، ئەم جیهانە بەربڵاو و رووخێنەرە تەنانەت ئەگەری بوونی رەخنەش رەتدەکاتەوە بۆیە، «پێداگرتن لەسەر کرۆکی ئاڵۆزی جیهان و زانستی مرۆڤ، جۆرە تێڕوانینێکی گشتگیرە، تەنانەت سیاسەتێکی دژە سەرمایەداری لە رادەبەدەر دەبێتە گشتگیر، چونکە لە گوتاری پۆست مۆدێرنیزمدا ناتوانین بڵێین کە سەرمایەداری وەک سیستەمێکی گشتگیر لە ئارادایە، هەر بۆیە تەنانەت رەخنەی سەرمایەداریش قبول ناکرێت» (٤٨)

لە ئەنجامدا پێوەرە گشتییەکان دەڕووخێن و لە جۆرە ئاڵۆزییەکی تیۆریدا نیتر هیچ جێگەیەک بۆ بەردەوامبوونی هزری فراوانبوون نامێنێتەوە.

**پەراوێزەکان:**

١) سەبارەت بەوەی کە چ کەسێک یان گرووپێک یەکەمجار چەمکی پۆست مۆدێرنیزمی)بەکار هێناوە، بەرای نووسەرانی کتێبی(تیۆری پۆست مۆدێرن) دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی ١٩ . گوایە یەکەم جار، جۆن واتکین چاپمەن (J.W.Chapman) لە دەورووبەری ساڵی ١٨٧٠ بە نیازی ئەوەی لە وێنەکێشاندا شێوازێکی تازەتر و شیاوتر لە وێنەکانی شێوازی (ئەمپر سیۆنیستی) فەرەنسا بێت، باسی لە وێنەکێشانی پۆست مۆدێرن کردووە، ئینجا لە ساڵی ١٩١٧ (رودۆلف پانویتز Rudolf Pannwitz) بە نیازی وەسف کردنی جۆرێک لە (نیهیلیزم) لە داڕووخانی بەهاو پێوەرە فەرهەنگییەکانی سەدەی بیستەم، ئەو چەمکەی بەکارهێنا. دواتر (فیدریکۆ دوانیس)،( ئارنۆلد تۆین بی)،(دی.کی سامیر فێل) ،(بێرنارد رۆزنبێرگ)،(پیتەر دراکر)،(سی.رایت میلز)و..هتد ئەو چەمکەیان بەکارهێناوە (بڕوانە):

Stevenbent § Douglas Kellner, 1991,P.6

٢-جان فرانسوا لیۆتار (J.F.lyotarld)لە کتێبی (جێگەی پۆست مۆدێرنیزم) باس لەوە دەکات کەلە هەلو مەرجی پۆست مۆدێرنیزمدا پێناسەکردن زۆر ئەستەمە. بڕوانە:

(J.F.Lyotarld, 1984, pp.21-76)

٣-زۆر پێناسە بۆ پۆست مۆدێرنیزم خراونەتە روو و سەرچاوەکانیشیان جۆراوجۆرن.

٤-بۆ زیاتر ئاگاداربوون لە بۆچوونەکانی ئەمانۆئێل کانت سەبارەت بە رۆشنگەری و عەقلانییەت دەکرێ ئاماژە بۆ بەرهەمە مەزنەکەی خۆی بەناوی (هەڵسەنگاندنی وردو کەم وێنە) بکەین.

٥-رەخنەی (نیتشە) ئەوەی روونکردەوە کە یەکەم: ئەو بۆچوونەی رۆشنگەرایی کەپێی وابوو ئاگایی و عەقڵ و هزر رەنگدانەوەی راستین، هەڵەیە و بەپێچەوانەوە ئاگایی نەک هەر دەتوانێ رەنگدانەوەی راستی نەبێت، بەڵکو دەتوانێ ببێتە پەردەیەک لەسەر راستی و چەواشەی بکات، دووەم: دیسان بە پێچەوانەی بۆچوونی فەلسەفەی مۆدێرنی (کانت) هزر و عەقڵ و ئاگایی سەرچاوەی راستی و واقعیەت نین، ئەو هزرە نموونەییەی کە (کانت) مەبەستییەتی، نەک هەر ئاکتەرێکی وەها سەربەخۆ نییە کە تێکڕای واقعیەت لەناو خۆیدا دروستبێت بەڵکو بۆ خۆی بەشێکە لە واقیعیەت. خودی ئەو هزرە بە هزی هێزە دەرەکییەکانیەوە دیاریدەکرێت و دادەڕێژرێت.

6-M.Heidegger(1977)pp.155-182, and M.Heidegger(1976)pp244-82, and Martin Heidegger(1971).

7-David Harvey (1990)pp35-36

8-J.Boudrillord(1998),p157

٩-(دانا زوهەر) لەو کتێبەدا سەرەرای قبوڵکردنی هەندێ بەشی بەرچاو لە راوبۆچوونەکانی پۆست مۆدێرنیزمی، تەنها بواری رادیکالی رەتدەکاتەوە و بۆخۆی شێوازێکی نوێ بۆ کۆمەڵگەی ئایندە دەخاتە روو. بڕوانن بۆ:

Danah Zohar(1994),p159

10-Ibid,p143

11-Dominic Strinati,(1995),p225

12-Ibid,224.

13-F.Fukuyama,(1992).

١٤- چارلز جنکز (١٩٩٦)، ل ٦٢ .

15-Wolfgang Sachs,ed,(1992)

-Majid Rahnema,ed,(Reader)(1997).

16-W.Rostow,(1960).

١٧-بڕوانن بۆ- کۆزنزێر (١٩٩٣)، ستێفان ، ب.دۆن (١٩٨٧)، مۆرلیس گۆدلیە (١٩٦٩) .

18-Myron Weiner ,ED, (1987).

١٩-سەید حەسەن سەیف زادە، ١٩٩٤، ل٨١-١١٠ .

20-Gabrie Almond , 1983.

٢١-بۆ ئامادەکردنی ئەو بەشە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

عەباس مەنۆچێهری ، ١٩٩٥، ل ٦٩-٩٩ .

٢٢- ئێرنە گۆنزێر، ١٩٨٧، ل ١٦-١٧ .

٢٣-هەمان سەرچاوە، ل ٢١ .

٢٤-حوسێن بەشیریە ، ١٩٩٦، ل ٣٥٤-٣٨٠ .

25-L.Rudolph, ed,1967, 1984, PP3-4 .

26-Ibid,P4 .

27-Ibid, p4 .

28-Ibid, P7 .

29-Andrew Webster, 1990, p15 .

30-Josef Gusfild, 1967, P352 .

٣١-سەید عەبدول عەلی قەوام، ١٩٩٥، ل ١٤٧ .

٣٢-سەید حوسێن سەیف زادە ، ١٩٩٤، ل٢٠٩ .

٣٣-سێلز ڤۆرتادۆ، ئاندرێ گۆندێر فرانک و هاورێکانیان ، ١٩٨٧ .

٣٤-پۆل بارۆن، ١٩٧٩، ل ٢٦-٢٨ .
35-Gunnar Myrdal, 1981, PP502-506
٣٦- هەڵبەت (ئیدوارد سەعید) لە کتێبەکەی خۆیدا (رۆژهەڵاتناسی) جگە لەوەی کەوتۆتە ژێر کاریگەری فۆکۆ، کاریگەری بۆچوونەکانی (ئانتۆنیۆ گرامشی) (١٨٩١-١٩٣٧) رۆشنبیری چەپگەرایی ئیتالی لەسەری دیارە.
٣٧-ژینانی هالۆب، ١٩٩٥، ل ٣ .
٣٨-بۆ ئامادەکردنی ئەم بەشەلە ئەندێشەکانی فۆکۆ سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:
-Michel Foucault ,1972 .
-Hebert.F.Dreyfus and Paul Rabinow, 1982 .
39-Wolfgang sachs, ed,1992, Intraduction .
٤٠-ئیدوارد سەعید، ١٩٩٢، ل ٣٧-٣٩ .
٤١-هەمان سەرچاوە، ل١٦-١٧ .
٤٢-میهرزاد بروجێردی، ١٩٩٦، ل٢٢-٣٢ .
٤٣-ئیدوارد سەعید، هەمان سەرچاوە، ل ١٨
٤٤- هەمان سەرچاوە، ل٣١-٣٢ .
٤٥-لە ساڵی ١٨٦٢ئاکاتێک ئەکادیمیای فەرەنسا، خەڵاتێکی بۆ هۆنینەوەی سروودێک سەبارەت بە کەناڵی سویز دیاری کرد، (بۆرنێیر) ئەو هۆنراوەیەی نووسی. کەناڵێک کە لە روانگەیەکەوە ئەو راستییە دەخاتەڕووکە چۆن رۆژئاواییەکان لەو ڕێگایەوە توانیان دەسەڵاتی خۆیان لەسەر رۆژهەڵات و گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بچەسپێنن (بڕوانە ئیدوارد سەعید، ل ١٦٥) .
46-Vicky Randall and Robin Theobald, 1985.
٤٧- حوسێن بەشیریە، ١٩٩٥، ل ٢٩١ .
٤٨- ئالێن میک سێنزڤۆد (پۆست مۆدێرنیزم لە رەخنەدا)، ١٩٩٦، ل ٢٤ .

## سەرچاوەکان:

1-David Apter, The Politics of Modernization. Chicago, The University of Chicago Press , 1967 .
2-J.Boudrillard, Selected Writings. London: Stamford UP,1988.
3-Steven Bent and Douglas Kellner, Postmodern Theory, Newyork : Gulfard Press.1991 .
4-Tarig Banori, Modernization and its Discentents.Chlisinky : UN.UNT,1987 .
5-Hurbert Dryfusand Paul Rabinow, Michel Foucoult Beyand Structuralism and Hermeneutics, Chicago: University of Chicago , press .1983 .
6-Miche Foucoult, The Archeabgy of Knowledge, New York: Pantheon Books, 1972.
7-Martin Heideggr, The Question Concerning Technology, Newyork: Harper and row, 1977 .
8-ScottLash, Sociology of Postmodernisn. London: Routledge. 1990.
9-Jean F.Lyotard, the Postmodrn condition. Trans: joseff Benington and Brian Massume .Minna Polis: university of Minnesota .1991.
10-Majid Rahnema and victoria Bawtree , the Post Deve lopment (reader),(london § New Jersey; zed Books, 1997 .
11-Wolfgang sachs, ed.the Development Dictionany: A guide to Knowledge as Power (London: Zed Book Press, 1992).
12-Dominic strinati, popular culture, London: Routledge: 1995.
13-Martin Heidegger, Being and Time , Trans, John Macguarrie (New york: Harper and Row) , 1962 .
14-Martin Heidegger, Holderlin and The Essence of Bork, Chicago , Regenery, 1976.
15-Wlat.W.Rostow, the stsge of Economic corowth: Anor-communist Momifesto (Cambridgen. Cambridge University press 1960.
16-Myron Weiner and samuel Hantington(eds), understanding Political Development, (Boston: Little Brown, 1987).
17-Gabriel Almond and G.Powell, Com parative Politics: A Development Approach (Boston: Little Brown and CO , 2ded, 1978 .
18-L.Rudolph and S.H.Rudolph, the Modernity of Tradition ,(midway press: (1967), 1984 .
19-Danah Zohar, the Quantom society (Newyork, William Marnow and company , znc, 1994).
20-Andrew webster Introduction to the Sociology of Development, (London: Macmillan, 1990).
21-Vichy Randall and Robin Thebald, Political Change and Under - development , A Critical Introduction to the third world politics, (HongKong: McMilan Education Ltd ,1985.
22-Fukuyama, The end Of History and Last Man, (NewYork and London: Penguin, 1992).

**ئەم بابەتە لە اطلاعات سیاسی اقتصادی ١٢٢-١٢١ ١٠و١١-١٩٩٧ وەرگیراوە**

ئەرتۆدۆکسەکانی کلاسیک (سەدەی ١٨و١٩)

کارڵ مارکس    ماکس ڤیبەر    ئەمیل دۆرکهایم    هێربێرت سپێنسەر    هێنری مێن    فێردینان تونیس

پارسۆنز

ئەرتۆدۆکسییەکانی دوای شەڕی جیهانی دووەم (دەیەی ١٩٥٠-١٩٦٠)

رۆستۆ    ئێپیتەر    کۆلمان    پای    ڤاینەر    بلاک

١) * پێداچوونەوەخوازەکانی تیۆری مۆدێرنیزم (دەیەی ١٩٦٠-١٩٧٠)

هانتینگتۆن    ئیزنشتاد    هێرشمان    رۆدۆلف    گاسفیلد٠

٢) ** رەخنەکانی قوتابخانەی وابەستەیی (دەیەی ١٩٦٠-١٩٧٠)

پۆل بارۆن    گۆندێرفرانک    سیلسۆڤۆرتادۆ    سەمیر ئەمین    کاردۆزۆ

٣٣) *** رەخنە رووخێنەرەکانی پۆست مۆدێرنیزم و داڕووخانی فراوانبوون (دەیەی ١٩٨٠-١٩٩٠)

میشێل فۆکۆ    ئیدوارد سەعید    تەها بەنوری

خشتەی (١)

**رەوتی گەشەسەندنی هزری فراوانبوون لە تیۆرەکانی فراوانبوونی سیاسی تا پۆست مۆدێرنیزمی رووخێنەر (گوتاری ورد)**

هەواڵنامەی کتێب

# سەرسامی مرۆڤ لە نێوان ڕەوشی زانستی و خواستەکانیدا

عەبدوڵلا خورشید
مامۆستا لە کۆلێژی ئاداب
زانکۆی سەلاحەدین

شاراوە نییە، مرۆڤ لە گشت بوونەوەرانی سەر ئەم زەمینە جیاواز و باڵاترە، گەورەو بچووکیان ، لە کۆن ونوێیشیاندا گەلێک لایەنی ڕەفتاری ئەم مرۆڤە گەواهی بۆ ئەم جیاوازییە دەدەن، هەر لە بیرکردنەوەو تێرامان و سۆزو هەڵچوون و شادی وتووڕەییەوە ..تا جۆرەها ڕەفتاری بزاڤی و، تا بەرهەمهێنان و پێکەوەنانی سەدان وهەزاران کەرەستە و دەزگای ماددی و واتایی.

ئەو بەرەنجامانەی لە جیاوازی مرۆڤ لە بوونەوەرەکانی تر کەوتۆتەوە، شتێکی کەم نییە، بۆ نموونە دەتوانرێ ئاماژە بۆ زمان و جۆرەها بیروبۆچوون و هونەرو وێژەو دامەزراندنی دەزگاکان وڕێکخستنی پەیوەندییەکان لە شێوازو ئاستە جیاجیاکاندا بکرێ ، بەگشتیش وردەکارییەکانی ژیوار و لقوپۆپەکانی و کەڵەکەبوونی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی زانیاری و ئەزموونەکانی، بەڵگەی روون و بەرجەستەی ئەو ڕاستییەن.

بەڵام ئەم مرۆڤەی کە تاقانەیە لە چەشنەکەیدا و سەیرە لە فرەچەشنی و خۆگۆڕکێ و هەڵگەڕانەوەیدا، گەلێک جاران خۆی بە حەپەساوی و سەرسامی دەبینێتەوە، لە هەڵوێست و بۆچوونەکانیدا، ناوبەناو خۆی وەکو قوربانییەکی جەنجاڵی و دژایەتی (تناقض) وسەرسامی دێتە بەر چاو، بە تایبەتیش لە ئاست چەندبەراورد کاری و تێکەوڵێکەیەکی وەک چاکەو خراپەو بەهێزی ولاوازی، زیرەکی ونەزانی و، گەشبینی و ڕەشبینی ..هتد دا، مرۆڤ وا دیارە – لەبەدبەختی خۆی – زۆر درەنگ ئاوڕی لە خۆی داوەتەوە، وەک بڵێی لەسەر ئەو بنەمایە ڕاهاتبێ کە بە زۆری لە دیاردە جۆراوجۆرەکانی دەورو بەری خۆی ڕابمێنێ، زۆریشیان لێبکۆڵێتەوە پتر لەوەی کە لە خۆی ڕابمێنێ و بە ناخی خۆیدا شۆڕبێتەوە، بۆ ئەوەی بیخوێنێتەوە وتێی بگات و.. لە دوایشداسەر لە نوێ هزر و بۆچوونی خۆی ڕێکبخاتەوەو ئاراستەکەی بگۆڕێ وبەسەریدا زاڵبێت.

زانست بۆ جیاکردنەوەی ڕێزو پلەو پایەی ئادەمیزاد لە چاوگشت بوونەوەرەکانی تر بە گرنگترین و سەرەکیترین جیاوک دادەنرێت، زانست بە هۆی کەڵەکەبوون و داهێنانی زانایان وبیریارو بلیمەتانەوە وێرای بڵاوبوونەوەو لێک وەرگرتن لە نێوان تاکە تاکەی مرۆڤەکان و کۆمەڵگەکانەوە، گەشەدەکات وچڕو دەوڵەمەند دەبێت. ئادەمیزاد وەک بوونەوەرێکی تاقانە، بە هۆی گەلێک هۆکاری تایبەتی خۆیەوەپەرە بە زانیارییەکانی خۆی دەدات، وەکو پێکهاتی ڕێکی لەشی و دوان وبەکارهێنانی زمان و بیرکردنەوەی ئاڵۆزو بەکارهێنانی هێماو ئاماژەکاری و پێکهێنانی شارستانێتی..هتد.

ئەمانەش سەرباری هەندێک پاڵنەر(لێژمن – دافع)ی ڕەمەکیی وەکو خولیای ئەمری – یان بەلایەنی کەم تەمەن درێژی – کە ڕەنگە هەوڵدانی جێهێشتنی شوێنەوارو ئەوەو ناووناوبانگ و ..هتد بە شێک لەنیشانەکانی ئەم ڕەمەکییەبن، هەروەها شەیدایی شارەزایی (حب الاستطلاع)، نەک هەر دەربارەی بابەتە نزیک و بەرجەستەکان ، بەڵکو دەربارەی بابەتی دوورو نادیار و ئاڵۆزیش، لەوانەش ڕابردووی دوور و ڕەهەندەکانی ئێستا و داهاتووی دوورو نزیک.

ئەمانەو گەلێک هۆکاری تریش بوونە هۆی ئەوەی ئادەمیزاد بتوانێ لە میانەی مێژوویەکی دوورو درێژدا، خەزێنەیێکی یەکجار گەورەی زانیاری بۆ خۆی کۆ بکاتەوە ، بۆ پتر بەرجەستەکردن و زەقکردنەوەی مەسەلەکەش ، وەکو گریمانەیێک دەڵێین: ئەگەر لە توانادا بێت، کابرایێکی مردووی پێش دوو سەد ساڵێک زیندوو ببێتەوەو چاوی بەم هەموو چراخانی کارەبا و تۆڕەکانی بەیەکگەیشتن و ڕێگاو بان و پردو تەلارو باڵەخانە، ئامێرو ئۆتۆمبیل و چی وچی بکەوێ..ئەو کاتە دەبینین چەندە سەرسام دەبێ و دەحەپەسێ.

## رۆڵی زانست

بۆ تێگەیشتنی رۆڵی زانست و توانای لەو ئاقارەدا کە مرۆڤ بە هۆیەوە چاکترخۆی بناسێ، پاشان زانیارییەکانی تەرخان بکات بۆ خزمەتی خۆی و بڵاوکردنەوەی ئاسوودەیی و بەختەوەری لەسەر ئەم هەسارەیەدا، وا چاکە لە دەرەوەی زانست خۆیەوە سەرنج بدرێت و وەکو تێرامانێکی عەقڵی وفەلسەفی بۆی بروانرێ و رۆڵە بەکارو ترسناکەکەی لەبەر چاوبگیرێ.

بەر لەهەموو شتێک پێویستە ئەوە بڵێین ئێمە هەرگیز دژی زانست نین و ناشبین، چونکە ژیانمان بەوەوە بەندەو کەسیش ئامادەنییە ئەزموونی پرئێش و ئازارو دەسکەوتی کەڵەکەبووی دەوڵەمەند و روو لە زیادی لە دەستبدات. لە هەمان کاتیشدا نابێ سەرکەوتن و بریق و باقی دەرەنجامە زانستییەکان بە شێوەیەکی سۆزنامێز دڵ و دەروونمان بتەنێتەوە، کە چاوی خۆمان لە راست مەترسی و زیان و کاولکارییەکانی بنوقێنین.

ئەوەی ئیجابی و شایانی پیاهەڵدان و دڵخۆشی بێ لە زانستدا ئێمە لەم باسەماندا مەبەستمان نییە، نەک لەبەرئەوەی لایەنێکی کەم بایەخ و شایەنی خۆشبەختی و دڵخۆشی و پیاهەڵدان نییە، بەڵکو زانست لەم لایەنەیدا پێویستی بە هاندان و دەستپێوەگرتن و فراوانکردنی بوارەکانێتی، نەک پیاهەڵدان و رازاندنەوە.

بەڵام ئەوەی ترسناک و بە سامە لایەنە سلبییەکەیەتی، کە چارەسەرکردن و لێدوان و هۆشیارکردنەوەی خەڵکی دەربارەی، ئەرکێکی پێویست و بەپەلەیە، هۆکارەکانی تەشەنەکردنی لایەنی سلبی زانست زۆرن، لەوانەش: سەرچیخ چوونی زانست و ئەزموونەکانی، یان نەزانینی چۆنێتیی بەکارهێنانی ئەنجامە زانستییەکان یاخود بەد نیازی لە بەکارهێنانیاندا، یا لەخۆباییبوونی زاناو پسپۆری هەندێک بواری زانستی، یانیش لەخۆبایی بوون و هەست نەکردن بە لێپرسینەوەی ئەخلاقی لەلایەن ئەو کەسانەوە کە ئاکامە زانستییەکانیان لەژێر دەسەڵاتدایە.

## هەوڵی زانستی بۆ لەخۆگەیشتن و بەدیهێنانی خواستەکان:

لە زانستە مرۆییەکاندا، مرۆڤ دەربارەی مرۆڤ لە مرۆڤ دەپرسێ... کەواتە پرس ئەناسە، لێپرسراو ئەناسە، بابەتی پرسیاریش ئەناسە[١] لە میانی هەوڵەکانی مرۆڤیش بۆ بەخۆداچوونەوەو هەوڵی لە خۆگەیشتن چەندان بواری زانستی کەوتنەروو، بەڵکو زانستی زۆری سەربەخۆش بە رێباز و میتۆدی جیاجیاو بابەتگەلی هەمەچەشنەوە، بەو نیازەی هەر یەکێکیان لایەنێک یا چەند لایەنێکی ئەو بابەتە بخاتە بەر لێکۆڵینەوە.

زانستە مرۆییەکانیش، بە میتۆدی بە پێزیشیانەوە، لەوە پتر نین کە هەوڵێک بن لەو هەموو هەوڵانەی کە مرۆڤ بۆ دەستنیشان کردنی هەبوودو جەوهەری خۆی دەیدات، بەڵام ناشتوانێ راستییەکەی بە گشتی بگرێتە خۆی، چونکە ئەو (مرۆڤ) بوونەوەرێکی (خود-ذات)ـە بەر لەوەی بوونەرێکی بابەت (موضوع) بێت، هەروەها بوونەوەرێکی خۆگۆڕە (الصیرورة) بەر لەوەی بوونەوەرێکی کڕ (السکون) بێ[٢].

بەڵکو پێداویستی مرۆڤ بۆ تەئکیدی بوونی خۆی و چاککردنی بارودۆخی ژیانەکەی بوو، کە دنەی دا بۆ پشکنین و لێکۆڵینەوەی سروشت و ئاشکراکردنی نهێنییەکانی[٣].

زانستیش لە ڕەوتە دوورو درێژەکەیدا، بە ئەندازەیەکی کەم نەبێ، نەیتوانیوە بگاتە گشتکاری (تعمیمات) و یاساکان، چ جای ڕاستییە بابەتی و دڵنیاکارەکان (الاکیدة)، گومانیش لەوەدانییە کە زۆری تری لە پێشە بۆ بەسەرڕاگەیشتن و پشکنینی، وێڕای لەبەرچاوگرتنی ئەمەش کە گەلێک لەو دیاردانەی پەیوەنددارن بە مرۆڤ و شاراوەکانی ناخی (دەروونی)یەوە، یاخین و خۆنادەنە دەست وردترین و بەتواناترین کەرەستەو هۆکارە بەکارهێنراوەکانی زانست، لەکاتی ئەنجامدانی جۆرەها لێکۆڵینەوە بە ڕێبازی هەمەچەشنەوە، بەلایەنی کەم تا ئێستا هەر وایە.

مێژووی زانستیش بریتییە لە ململانێیەک لەنێوان یەکەیەک (وحدة) کە دەخوازێ گەورەترین ژمارە یێک، کە لە توانادابێ، لە دیاردەکان بخرێتە چوارچێوەیەوە، هەروەها لەنێوان دیاردە گەلێکی پەرشوبڵاو کە لەم چوارچێوە (سنووردار)کارییە، یاخی دەبن[٤].

مرۆڤ لە سروشتی خۆیدا خاوەن خوازیارییەکی زۆرەو روو لە باڵاترین و تەواوترینە لە هەموو شتێکدا، لەوێشەوە هەوڵ و تەقەللای بۆ نەمری و ئەوپەڕی کامەرانی سەرهەڵدەدا.

مرۆڤ دەزانێ چار نییە هەردەمرێ، لەگەڵ ئەمەشدا کە هەوڵدەدا زاڵ بێ بەسەر مەرگ و هێزەکانی لەناوچوون، ئەوا هێزەکەی لەوەدایەو هەر ئەوەشە دەبێتە ئەو پرۆشکەیەی کە شارستانێتییەکەی لێوە بنیادناوە[٥].

### لەخۆبایی بوونی زانست و زاناکان:

خەڵکی لەسەرەتای دۆزینەوە زانستییە گەورەکاندا، لەوانیش زاناکان، شاگەشکەبوون، بە تایبەتیش لەو سەردەمەی کە دوایی ناوی لێنرا سەردەمی روناککاری (عصر التنویر)، مەبەستیش سەدەی هەژدەم و نۆزدەمە کاتێک زاناکان فەلسەفەیان پشتگوێ خست، یان ئەوەندەی ئەمابوو وابکەن، هەمان شتیشیان کرد لەگەڵ بنەما (مبادئ) و بەهاو هێندەی دامودەزگای ئەوتۆ کەبووە بەربەست، یان وادەهاتە بەرچاو کە قاڵب و بەربەست پێکدێن و دەبنە ئاستەنگ لەبەردەم پێشکەوتنی زانستیدا.

لەو سەردەمەدا تەوژمی فیکری و بیردۆزی زانستیی زۆر دەرکەوتن، لێکدانەوەو هەوڵەکانیان رووەو پێشکەوتنی زانستی بوو، لە گۆشەنیگایەکی گەشبینییەوە، ئەویش بە پشتبەستن بە دۆزینەوە زانستییەکان، وەک بڵێین مرۆڤ بەو ڕێگەیەدا دەڕوا بە مەبەستی گەیشتن بەو ڕۆژەی کە تیایدا زاڵ دەبێت بەسەر سروشت و خودی خۆی و هەموو شتێکی تریشدا...

بە هیوای هاتنی ئەو ڕۆژەی کە هیچ دەرگایەک لەبەردەمیدا نەمێنێ بێ ئەوەی بەسەرپشتدا بیکاتەوە بە دەسەڵاتی زانست، هەروەها هیچ شاراوەیەکیش لەبەردەم زانستدا نەمێنێ و هیچ لێڵییەکیش بێ لێکدانەوە نەمێنێ.

زاناکان و لێکۆڵەرەوەکان دەستیان کردە خستنەرووی گریمانە بیردۆزەو یاساکان لەسەربناغەی(حەتمی).

زاناکان و پسپۆڕانی بواری زانستە مرۆییەکانیش لەگەڵ ڕەوی هاوەڵانیان، لە بواری زانستە سروشتی و ماددییەکان کەوتن بەوپێیەش (حەتمییەت)و بەڵگەنەویستی (بدیهیات) لەبیردۆزەکانی زانستە مرۆییەکاندا سەریان هەڵدا وەک بڵێی یاسای توندوتۆڵ و یەکجاری بن دۆزراونەتەوە لە شێوەی ئەوەی لەلای زانستە سروشتییەکاندا پەیدابوون، لەوانەش حەتمییەتی ژینگەیی (جوگرافی) و حەتمیەتی دەروونی، وەک

ئەوەی لەلای (فرۆید) و شوێنکەوتوانی و بیردۆزەی قۆناغەکانی بیری مرۆڤ لەلای (ئۆگست کۆنت) و حەتمییەتی کۆمەڵایەتی وەک لەلای (دۆرکهایم)و حەتمییەتی مێژوویی و ئابووری و... هتد.

حەتمییەتیش ئەو ڕێڕەوەیە (یا ئەو بۆچوونەیە)، بڕوای وایە هەر ڕووداوێک لە گێتیدا ڕوودەدا، لەوانیش دیاردە دەروونییەکان و کردارە مرۆییەکان، ئەنجامێکی ناچارییە، لە ڕووداوەکانی پێش خۆی پەیدادەبێ، جیهانیش لە دیدی ئەوانەی بڕوایان بە حەتمییەتە، کۆمەڵێکی ئۆرگانی (عضوی)یە، پارچەکانی لەنێوان خۆیاندا پێکەوە بەندن، هەر وەک پارچەکانی ئامێرێکی وردو شەتەکدراو، لەبەر ئەوەش ئەم جیهانە ڕێسایەکی داخراوی پێکهێناوە کە ئێستاکە گوزارشت لە داهاتووی دەکات و هەموو پارچەکانیش ملکەچی چەند یاسایەکی یەک بەدوای یەکی توندو تۆڵن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە جیهان بازنەیەکی داخراوە، بەشەکانی پێکەوە بەستراونەتەوە، بەستنەوەیەکی هۆکاری (علّي)ی پەتی، بەرادەیەک کە لە توانامانددا بێت بە پشکنینی دیاردە هەنووکەییەکان، پێشبینی ئەو دیاردانە بکەین کە لە داهاتوودا ڕوو دەدەن، پێشبینییەکی دڵنیاو پەتاوپەت [٦].

بەڵام پێشکەوتنی زانست لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بەشێک لە بەهای ئەم بۆچوونە (حەتمییە)ی خلیسکاند...

لەو ڕووەشەوە (ریشنباخ) دەڵێ: «شێوە گۆڕگێ (صیرورة)ی جیهانی دیاریکردنێکی پێشینەی توندو تۆڵ نییە، بەو شێوەیەی کە حەتمییەت بۆی دەڕوانێ و بە هەڵەش ڕەوتی شتەکان بە جوولەی کاتژمێرێکی وردو بە توانا دەچوێنێ، لەکاتێکدا شێوەگۆڕکێی جیهانی لە جوولەیدا پتر لەوە نزیکە، کە وەکو زاری تاوڵە بێ، کە بەردەوام و بێ پسانەوە هەر هەڵدەدرێ» [٧].

ئەگەر سەرنجی لەخۆبایی بوون و هەڵخەڵەتانیش بدەین، بەهۆی پێشکەوتنی زانستەوە، ئەوا دەبینین زانایان و لێکۆڵەرەوان، زۆرجاران ڕەشمەیان بۆ گشتگیری (تعمیمات) و بیردۆزە (بەیاساکراوە) کانیان شلکردووە، بە ئەندازەیەک کە پێشینەی نەبووە، هەروەک بڵێی ئەو بیردۆزو بۆچوونانەیان چەند ڕاستییەکی زانستی و بەڵگەنەویست (بدیهیات)بن، کە لێدوان و گفتوگۆ هەڵناگرن، چ جای پێداچوونەوەو سڕینەوەیان ، بەوپێیەش هەندێکیان لە ئەنجامی پێشکەوتنی زانستە ماددییەکانەوە ئەندێشەیان وا ڕۆیبووە، کە ئەم زانستانە دەتوانن هەموو کێشەکانی مرۆڤ چارەسەربکەن، بەبێ پێویستی بە ڕێنوێنی ئایین یان ڕێپیشاندانی فەلسەفە، هەندێک خەڵکی تریش وای تێگەیشتن کە جیهانی ماددە هەموو شتێکە لە بووندا (وجود)، هەموو هێزو تواناکانی مرۆڤیش، بۆی هەیە بەو پێوەدانگە لێکبدرێتەوە، کە هێزە ماددییەکانی پێ لێکدەدرێتەوە، لەبەرئەوەش بوو کە فەیلەسوفێکی گشتی وەک «راتراند راسل» ئەم زانستە سروشتییەی لە شێوەی «ئیکاروس» کوڕی «دیدالۆس» دێتە بەرچاو، ئەو «ئیکاروسە»ی خوازیاری و لەخۆبایی بوونی بە گەنجی و هێزو توانای بەرزەفڕی سەریان خوارد، چونکە ئامۆژگاری باوکەداناکەی پشتگوێ خست ئەویش بە مردن و خنکان لە دەریای ناوەڕاستدا، لە کاتێکدا لە تافی لاویدابوو» [٨].

خراپ نییە ، کورتەی ئەو چیرۆکەی ئاماژەمان پێکرد، بگێڕینەوە، ئەویش ئەفسانەیێکی یۆنانی کۆنە کورتەکەی ئەمەیە کە: «دیدالۆس» کابرایەکی پیشەگەری دەستڕەنگین بوو، لە

هەمەچەشنەی هونەرو پیشەدا، لە فێڵ و داهێناندا بە توانابوو، ئەم کابرایە لە کۆشکی «مینۆس»ی پاشای دوورگەی «کریت» دابوو، بەڵام ئەم کابرایە کەوتە بەر قین و تووڕەیی پاشا، چونکە یارمەتی ژنی پاشای دابوو سەبارەت بە دۆستایەتی ناپاکی لەگەڵ گایەکی ئەفسانەییدا، کە بووە هۆی لێ پەیدابوونی کوڕێک کە نیوەی ئادەمی بێ ونیوەشی گامێش، «دیدالۆس» یارمەتی ژنەکەی دا بۆ شاردنەوەی ئەو ئەنگییە، بەشێوازە بلیمەتە هونەرمەندانەکانی، بەوەش کەوتەبەر خەشم و تووڕەیی پاشاو زانی کە ئەگەر لە دوورگەکەدا بمێنێتەوە دەفەوتێ، لەکاتێکدا کە پاشا هەموو ڕێگەکانی لێ بەستبوو بۆ هەڵاتن، ڕێگەی وشکایی و دەریایی، بۆیێ هیچ دەربازێکی هەڵاتنی لەبەردەمدا نەما بە هەوادا نەبێ.

ئەمجا بۆ خۆی و «ئیکارۆس»ی کوڕی، سەرو دووباڵی دروستکردو باڵەکانیش هەمووو بە مۆم چەسپاند.

کاتێک وەختی فڕین هات، ئامۆژگارییەکی کوڕەکەی کرد، کە مێژووی دانایی تا ئێستا بۆی پاراستوومە، لەکاتێکدا کە چاوەکانی نوقمی فرمێسک ببوون گوتی «ئەی ڕۆڵەکەم، ئێمە لە سزای پاشایەکی کینەدارو ڕق ئەستوور هەڵدێین، ئەویش ناتوانێ سزایەکم بدات لەوە توندترو ڕەشتر بێ، کە تۆ بکوژێ، تەنیا بە کوشتنی تۆ دەتوانێ تۆڵەی خۆی لەمن بکاتەوەو توندترین سزام بدا، کوڕی خۆم گوێم لێ بگرە: وریابە لە نزمە فڕی، چونکە ئەگەر نزم بفڕی، دەریابە پرۆشکی پەڕی باڵت تەڕدەکات و خاوی دەکاتەوەو دەکەوی، پاشان وریابە ڕۆڵەکەم وریابە لە بەرزە فڕی، چونکە لەو بەرازییە هەتاو مۆمی باڵت دەتوێنێتەوەو دەکەویە دەریاوە، لە منیش دوور نەکەویتەوە تا ڕێگە ون نەکەی... تاکو فریاکەوتن و یارمەتیدەرت دوور نەبێ لەکاتێکدا کە پێویستیت پێ دەبێ». کاتێک «ئیکارۆس» فێری خۆشی فڕین هەڵی ناو بەبۆشاییدا بەرز بۆوە، هەر باڵی رادەوەشاندو بەرز دەبۆوە... بە باڵە گەورەکانی خەنی ببوو، تا کەوتە بەرزەبری هەتاو و مۆمی باڵەکانی تواندەوەو ئەمجاکەوتە دەریاوەو خنکا. ئەو کاتە بووکی دەریا، دەوری تەرمی سەر ئاو کەوتوویانداو دەگریان بۆ لاوێتی و جوانی و سەرکێش و خواز یارییەکەی.

«راسل» ئەم چیرۆکەی وەرگرتبوو، ناوی لێدوانێکی (محاضرة) خۆی پێ لێنابوو، کە ناونیشانی بەم شێوەیەبوو «ئیکارۆس یا داهاتووی زانست» لەو لێدوانەدا ئەو فەیلەسوفە هۆشداری دەدات بەو زانستە گەنجە لەخۆباییە، بە چارەنووسی دەریا، وەک چارەنووسی «ئیکارۆس»ی خوازیار (طموح) کە بەرەو ئاسۆیەکی ئەوتۆ بەرز بۆوە، لەتوانای بەدەربوو، لە سەرچاوەی دانایی و ژیرییش دوورکەوتەوە، بۆیێ گومڕابوو، گومڕاییێکی فەوتێنەر»[٩].

لێرەشدا «ئیکارۆس» لە پێکچواندنەکەی «راسل»دا زانستە سروشتییەکەیە و «دیدالۆس»یش فەلسەفەیە، کە دایکی زانستەکان و سەرچاوەی دانایی و ژیری و هونەر و ئاکارە لەناویاندا، تێپەڕینی ئەم کوڕەش، لە سنووری خۆی لە فڕیندا، بریتییە لە هەوڵی زانستی ئەزموونییەکان کە دەیانەوێ بابەتە واتاییەکانی وەکو ئاکارو ئایین و هی وەک ئەوانە بخاتە ژێرباری ڕێبازی ئەزموونگەری سەرکەوتووی خۆی، هەروەک دێتە بەرچاویان... ترسیش، هەموو ترسێک لەوەدایە، چارەنووس هەمان چارەنووس بێت[١٠].

وادیارە فەیلەسووفەکان، بەتایبەتیش فەیلەسوفەکانی زانست، بەشێکیش لە زانایان کە لە خودی زاستە سروشتییەکاندا

قـــووڵ بوونەتەوە، ترس و دڵەڕاوکێ دایگرتوون، ســـەبارەت بە هەنگاوە خێراکانی دۆزینەوە زانستییەکان و بەکارهێنانە بوێرانەکانیان، کە هەندێک جار چەندان سنووری بەهاکان و فەلسەفە و ئاکار و ئایین دەبەزێنن، ئەمەش لەگەڵ هەستی شاگەشکەبوون و ئومێد و ئاسوودەیی، کە لە ئەنجامی سەرکەوتن و دۆزینەوەو پەرەســـەندن لە گـــشت مەیدانەکانیدا.

بۆ وێنە دەبینین «جـان روسـتـان» لە کتێبەکەیدا «ئەندێشەکانی زیندەوەرزانێک -خواطر بایۆلۆجی»، بەر لە چەند ساڵێک هوشـــداریمان دەداتێ، دەربارەی ئەو مەترسییانەی لەئەندازەکاریی بۆماوە (الهندسة الوراثیة)ەوە، وەبەردێ، دەڵێ: «بایۆلۆجیا تا ئەو رادەیە پەرەی سەندووە، وای لێهاتووە ئامانجەکانی هەڕەشە لەمرۆڤ خۆی دەکەن، هەرچەندە ئەرکی سەر شانیشمانە چەپڵە لێدەدین بۆ ئەو کەسانەی ئەم زانستە لاوەیان کردۆتە جۆرە سیحرێکی ئیجابی، بەڵام چۆن نیگەران نابین لە بەرامبەر فراوانبوونی تواناکەی و هەوڵدانی بۆ زاڵبوون بەسەر مرۆڤدا؟ زاناکـــان وایان لێـــهـــاتووە لە ئەزموونگەکانیاندا یاری بە شەش پێ (حشرات) و بۆق و پەلەوەر بکەن. ئەمیان توخمی (جنس) مریشکێک دەگۆڕێ بە تێخزاندنی ماددەیەکی کیمیایی بۆ هێلکەکەی، ئەوی تریان بۆقێک بەرهەمدێنێ بەبێ باوک... ئایا سبەینێش هەمان ئەم کردارانە لەسەر خۆمان ئەنجام دەدەین؟ ئایا منداڵەکانمان دەبنە کەرەستەیەکی ئەزموونەکانمان؟ ئایا رەگەزیان دەستنیشان دەکەین بە هۆرمۆنە سەربارەکان؟ ئایا وای لێدێ کەسایەتی بەدەنی و ئەدەبیـــات بەســـەردا بسەپێنن؟»[11].

بەڵام ئەم زانایە هەر بۆ خۆی وەڵامی ئەو پرسیارانەی پێشوو دەداتەوە، وەک کاردانەوەیەکی توند لە رووی بەکارهێنانی توندڕەوی بواری بایۆلۆجیاو دەڵێ: «بە رای من نابێ سەبارەت بە داهاتوومان زۆر گەشبین بین، چونکە ئەم سەردەمە نالەبارە (همجي)ی ئێستام پێ چاکترە کە تیایدا باوکان دڵخۆشن بە دیارییەکانی رێکەوت (صدفة)، لەسەردەمێک کە منداڵەکان تیایدا ئەنجامی ژمێرکاری و چاکسازی بن... رەنگە دڵخۆشیمان پێیان وەکو ئەو دڵخـۆشـیـیـە نەبێت کـە بە منداڵە (سروشتی)یەکانەوە هەمانە هەرچەندە تەواویش نەبن»[12].

ئەوەتە ئەندازەی بۆمـــاوە توانای وەدیهێنانی خەونەکان دەخاتە بەردەستی «چاکسازان- مصلحین» رەنگە لە توانادا بێ گێلەکان «چاک» بکەنەوە، منداڵانیش بەپێی خواست و بەپێی رواڵەتەکـــان «بەرهەم» بهێنن، بەڵام ئەوکاتە ژیان چ واتایەکی دەبێ؟ چ تامێکی دەمێنێ؟ چ جیاوازییەکیش دەمێنێ لە نێوان ئێمەو پەلەوەرە دەستکردەکاندا؟ چ بەهایەک دەمێنێتەوە بۆ دایکایەتی و باوکایەتی؟ چ پیاوەتییەکیش دەمێنێ بۆ بوونی خێزان؟ هەروەها هەڵوێستی مرۆڤیش چی دەبێ سـەبارەت بە چارەنووس و واتای بوونی؟[13].

ئەگەر لە گۆشەنیگای پەرەسەندن (داروینیزم)یشەوە، بڕوانینە بایۆلۆجیا ئەوا لەلای بایۆلۆجیا ئادەمیزاد- هەروەک هەموو گیانلەبەرانی تر- مەبەستێک یاخود ئامانجێکی پەرەسەندن نەبووە، بەڵکو ئەنجامێکی سەرپێی یاریی رێکەوت و پێداویست (المصادفة والضرورة) بووە... بە یەکگەیشتنی زنجیرەیەک هۆکارو کارلێکی کیمیایی بووەتە هۆی دەرکـــەوتنی بەشـــە سەرەتاییەکان و ترشەڵۆکە ناوکی و ئەمینییەکان و، یەکەمین بونیادە رێکەکانی... بازدان و هەڵبـــژاردنی

سروشتیش بوونەتە دوو هۆکاری کەڵەکەبوونی خەسڵەتە ئیجابییەکان، کە سەرەنجامی بەوە گەیشتووە کە مرۆڤ پەیدا بێت (ئەرکی بەرنامەی بۆماوەش تەنیا پاراستنی ئەنجامەکانی رێکەوتە، لە چاوەڕوانیی دا بۆ بازدانێکی نوێ) لەبەر ئەوەیە «جاک مۆنۆ» دەڵێ: «ژمارەیەکی زۆر لە ئاوەزە(عەقلە) ناوازەکان وادیارە تا ئەمڕۆش ناتوانن ئەوە پەسند بکەن یان لێی حاڵی بن: کە هەڵبژاردن(اصطفاء) بتوانێ لە سەرچاوەی پاشاگەردانییەوە، گشت رەنگەکانی ژیان و رەوشەکان دەربهێنێ، هەڵبژاردن لە بەرهەمەکانی رێکەوتدا کاردەکات و ناشتوانێ لە سەرچاوەیەکی تر خۆراک وەربگرێ،بە دەربڕینێکی تر گوایە نە دنیا بە (ژیان ئاوس بووە)و نە (گێتیش بە مرۆڤ)، بەڵکو ژمارەکەمان براوەبووە لە (مۆنتیکارلۆ)، ئیتر چ سەیرێک لەوەدایە کە هەستی ئێمە وەک هەستی ئەو کەسە بێ کە پێی بگوترێ ئەوا ملیارێکی بردۆتەوە، بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی بوونی ئێمەدا؟»[١٤]

کەواتە بەپێی بایۆلۆجیا، هەموو شتێک لە دەوری مرۆڤ ناخولێتەوە، هەموو شتێکیش لە پێناوی ئەودا نەهاتۆتەدی، ئەو خۆیشی لە پێناوی هیچ ئامانجێکدا وەدی نەهاتووە!!

مرۆڤ دوو جاران شکۆمەندیی بریندارکراوە، جارێکیان لەلایەن «گالیلی»ەوە، کاتێک دەیویست چەقی گەردوون بێ، جاری دووەمیش لەلایەن «داروین»ەوە، کە ویستی چەقی زەوی بێ... ئایا ئەم مرۆڤە لە سەری پێویستە دڵی بەوە دابکەوێ کە ئەو هیچ نییە، لە جیهانێکدا خۆی هیچ نییە؟![١٥].

ئایا وای لێنایێ، کە ئەم هەستکردنەی بەبێ بایەخی خۆی، پاڵی پێوەبنێ رووەو رەفتاری شێتانەو هیوابڕاوانە؟ ئایا بۆی نییە بیر لە تۆڵە سەندنەوە بکاتەوە بۆ خۆی، بە چەکی بۆماوە (وراثة)؟ ئەمەشیان دەبێ چیی بەدوادابێت؟[١٦].

هەندێک لە ئەنجامەکانی ئەم بارو هەڵوێستە، ئەوەیەکە دەبێتە هۆی داماوی مرۆڤ و لێڵی لە بینایییدا، هەروەها پەککەوتنی ئامانجە دوورەکانی، وێڕای لەدەستدانی هەستکردنی بە بەرپرسیارێتی...

ئەمانەش سەرباری لەبەرچاوگرتنی ئەو بنەمایەی لە داروینیزمدا - وەک فەلسەفەیەک- خراوەتەڕوو کە مەسەلەی ململانێیە، وەک بڵێی ژیان تەنیا بە ململانێوە بەند بێ و بابەتەکانی تر لقوپۆپ و تەواوکەری ئەوبن، بەو شێوەیە بە کورتی ئاماژەی بۆ کراوە کە ژیان یاخود پەیوەندی زیندەوەران بریتییە لە «ململانێ لە پێناوی مانەوەدا، مانەوەش بۆ بەهێزترو لە بارترە».

«جان روستان» لە خستنەڕووی رەخنەکانی خۆی بۆ بایۆلۆجیا لەو جۆرە روانگەیەوە، دەڵێ: هەموویان لە هەمان گەردی بۆ ماوەیی (غبار وراثي) پێکهاتووین، مەبەستی (سروشتی کیمیایی A.D.N)ە، هەمان پێکهاتیشە سەبارەت بە هەموو بوونەوەرە زیندووەکان، کەسیش ناتوانێ خۆی بە خاوەنی یەک گەردیلە لە گەردیلەکانی خۆی بزانێ، هەروەک ئەوەی بیەوێ بڵێ، کە نامەرکەزییەتێک لە مرۆڤدا هەیە، وەکو (خود- ذات)... وەک بڵێی ماهیەت و گەوهەرمان بکەوێتە پێش بوونمانەوە، وەک ئەمەی کە مرۆڤ هیچ رۆڵێکی لە داتاشینی قەوارەی خۆیدا نەبێ... بەڵام ئایا دەشێ بەم دەرەنجامانە بگەینە رادەیەک کە هەموو دەسپێشخەری و گشت بەرپرسیارییەک لە مرۆڤ بستێنینەوە؟[١٧]

لە روانگەی بونیادگەریشدا، گوتە (مقولە)ی بنەڕەتی گوتەی «بوون-

الكينونة» نیــــــە، بەڵکو گــوتەی «پەیوەندی- العـلاقـة)یە... راگـەیاندنی مەرکەزیش لە بونیادگەریدا، جەخت کردنە لەسەر پێشینەیی پەیوەندی بەسەربووندا. هەروەها سـەرەتایی و یەکـەم بوونی گشت بەسـەر پارچەکـانیـدا، رەگـەزیش هیچ واتایەک و پشت ئەستوورێکی نییە، بەو گـرێیـە نەبێ کـە پەیوەندییـەکـانی پێکدەهێنێ، هیچ رێگەیەکیش نییـە بۆ پێناسەکردنی یەکەکان، تەنیا لە رێگەی پەیوەندییـەکـانییـەوە نەبێ، کـەواتە ئەو یەکانە چەند شێوەیەکن نەک جەوهەرێک.

دۆزینەوە زمـانەوانییـــەکـانی «دی سوسێر»یش، لەو بوارەوە بۆ کـۆمـەڵناسی پەرپییەوەو ئەنترۆپۆلۆژیا «لیڤی شتراوس» و زانستی مێژوو («فۆکۆ»و ئەدەب «رولان بارت»)..

بەڵام لە دواییدا گەیشتە سەرەنجامێکی لەبەرچاو نەگـیـراو، رەنگە بەم شـێـوەی خوارەوە دابرێژرێ:

ئایا پێشـینەبوونی (اسبقیة) بونیادو مـەرکـەزییـەتی، دەکـاتە گـوتنی (مـردنی مرۆڤ)؟

مــــردنی نەک وەکــــو «بوونەوەرێکی زیندوو»، بەڵکو توانەوەی لە بونیـــاد داو ونبوونی وەکو (مەرکەزێک)و دەسپێکی هەر بەرهەمێکی مێژوویی و ژیواری؟ ئایا ئەم مـەسـەلەیە دەگـونجێ لەگـەڵ زانسـتی بۆماوەدا؟ [١٨].

لەبەر رۆشنایی ئەو دەرئەنجــامـــانەو گـرنگی بابەتەکـە، زانایانی بایۆلۆجـیـای ئەمـرۆ، پێـویسـتـە لەسـەریان - ئەگـەر بیـانەوێ پەی بەرەوشی ژیان بیـەن (نەبە حەقیقەتی مادەی زیندوو)- سنوورەکانی تەسکی تایبەتمەندێتیان ببەزێنن، چونکە گـــێــڕانەوەی ژیان فـــراوانتـــرە لە پێداویسـتـیـەکـانی زانست، هەروەکـو فەیلەسوفەکانیش لەسەریان پێویستە، بەرەنجامەکانی بایۆلۆجیا پشتگوێ نەخەن، چونکە وێڕای بەها زانسـتـیـیـەکـانیـان لە دیدوبیـری خـەڵـک و رێسـاو بەهاکـانیـاندا رەنگدەداتەوە [١٩].

ئەوەی دەربارەی بایۆلۆجـیـــا گـــوترا، رەنگە لەگەڵ لقە پسپۆرییە زانستییەکانی تریشدا رێکبکەوێ، بەو پێیەش تیۆرانین بۆ بیردۆزەکان و دۆزینەوە زانستییەکان، نابێ هەر لەســـەر بنەمــــای داهێنان و کـەڵەکـەبوونی زانستی و رۆشنبیری بێ، بەڵکو لە رووی لێژەن و هاندەرەکانیشەوە پێـویسـتـە حـسـابی بۆ بکرێ، هەروەها پێویستە بەکارهێنان و ئەو شوێنەوارانەی لێی دەکـەوێتــەوە، لەبەرچاو بگـیـرێن، ئەمـانە یەکـە یەکـەو پێکەوەش، مـرۆڤ دەخەنە سەر رێگە لێکدابڕاوەکان و تووشی سەرسامی و واق وڕمانی دەکەن.

بۆیە پێویستە مرۆڤ هەوڵەکانی خۆی ئاراستـەی ئەو ئاقارانە بکات، کە راستی و قـازانج و چاکـەو بەخـتـەوەری خـۆی و رۆڵەکانی رەگـەزەکەی لە مرۆڤایەتیدا تێدا بەدیدەکـات، بەڵکو لەسـەریشـیـەتی لەو هەوڵەیدا بەدوای چاکـترین و خـاوێنـترین کـەرەسـتـەو هۆکـاردا بگـەڕێ بۆ بەدیهێنانی ئەو مەبەسـتانەی لە راستیدا پێویسـتـە، ئەوەش بزانرێ سەردەمی زانست بۆ زانست هونەربۆ هونەرو... هتـــد بە ســـەرچـووەو کـاتی بەرپرسـیـارێتی هاتووە بەرامبـەر بە ویژدان و مرۆڤایەتی و چارەنووسی ژیان و ئایندەی ئەم هەسارەیە.

رەنگـە بەهێـنانەوەی نموونەیەکی تر، ئەختێکی تر لایەنی ترسناکی بەکارهێنانی دەرەنجامە زانستییەکانمان بۆ روونبێتەوە، بۆ وێنە حەبی قـەدەغـەکـردنی منداڵبوون، نموونەیەکی روونی توانی زانســتـــە، کــە بتــوانێ دەست لە رەوتی رووداوەکـــانی ســـروشت وەربدات و ژیانی مــــرۆڤ رێکبـخـات. بەو هۆیەشەوە، یەکـەم جارە ئادەمـیــزاد بتــوانێ زاڵبێ بەسـەر باری وەچەکـــانیـــدا، بێـگومـــان ئەمـــەش

سەرکەوتنێکی زانستیی مەزنە کە ئەو توانایەی خستەژێر دەسەڵاتی میلۆنەها خێزان، کە خۆیان دووربگرن لە خستنەوەی ئەو منداڵانەی ناخوازرێن (ناویسترێن)، بەڵام ئەم دۆزینەوەیە چەند دەرەنجامێکی ئاکاری (اخلاقي) زۆر گەورەی لێکەوتەوە.

ئەویش چونکە مەسەلەی جووت بوونی -وەک رەفتارێک- جیاکردەوە لە بەرهەمهێنانی منداڵ، کەواتە مرۆڤ لە توانایدایە رەفتاری جووتبوون ئەنجامبدات، بەبێ ترسان لەمنداڵبوون، لەبەرئەوەی ئەو ترسەش لەگەڵێک لە کۆمەڵگا مرۆییەکاندا هاندەری راستەقینەی پابەندبوونی داوێنپاکی بووە، بۆیە لەناوچوونی ئەو هاندەرە بووەهۆی لەناوچوونی هۆیەکی سەرەکی دەستپێوەگرتنی بەها ئاکارییەکانی پەیوەندیدار بەسێکسەوە. بەو شێوەیە چوارچێوەی رەفتاری سێکسی ئازاد لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا زۆر فراوان بۆوە، ئەخاسمە ئەو چاودێرییە خێزانییە بەهێزەو ئەو پاڵنەرە ئاینییەی کە لە کۆمەڵگا رۆژهەڵاتییەکاندا هەیە، لەوێدا لاوازە یان هەر نییە، بەو پێیەش هەندێک بەهای ئاکاری ترو دەزگای کۆمەڵایەتی گۆران و هەرەسهێنانیان بەسەرداهات، وەک ونبوونی زەماوەند(زواج) بە شێوە کۆنەکەی و دەرکەوتنی جۆرەها پەیوەندیی ئازادانە، کە ستەم بوو پێشتر بەو شێوەیە بڵاوبێتەوە، ئەمەش نموونەیەکی تری گۆڕانکاری لە بواری هەڵوێست و ئاکاردا، کە لە ئەنجامی دۆزینەوە زانستییە نوێکانەوە پەیدادەبێت[٢٠].

بە پێویستی دەزانم لەم بارەیەوە ئاماژە بۆ گۆشەنیگای هەندێک لە زاناو فەیلەسوفەکان بکەین کە تێرامان و هەستی خۆیان دەربریوە، سەبارەت بە ترسناکی بەکارهێنانە زانستییە هەڵەشەکان، دوور لە بەرپرسیارێتی، هاندەریشیان زۆرجار قازانج و دەستکەوتی تاکەکەسی و هێزو دەسەڵاتخوازی و خۆسەپاندنە.

بۆ وێنە «ئەریک فرۆم» لە هوشیاردانێک، سەبارەت بە بەکارهێنانی هەڵەشەی بیری زانستی لە بواری قازانجی ماددی و فراوانخوازیی فیکری دەڵێ: هیچ مەترسییەک لەوە گەورەتر نییە، کە بەکارهێنانی زانستی بێ سنوور ئەنجام بدرێ، لە هەر بابەتێکدا کە بیری زانستی دەیگاتێ... وایشی بۆ دەچێ کە پێویستە قازانجی ماددی و کردارە سەربازییەکان بوەستێنرێن، لە دەستنیشانکردنی بوارە کردارییەکانی لێکۆڵینەوەی زانستیدا[٢١].

دوای ئەوەی «ئەریک فرۆم» لە زانایەکی تر کە «ئەلبەرت شفاتیز»ە دەگێڕێتەوە کە دەڵێ: «لە کەس شاراوە نییە، ئێمە لەگەڵ کردارێکی خۆ فەوتاندنی ژیاریدا دەژین» و پاشان وەسفی مرۆڤی نوێ دەکات کە کەسێکە «ئازاد نییە... ناشتوانێ تەرکیز بکا و ناتەواوەو لە مەترسی لە دەستدانی مرۆڤایەتییەکەشیدایە»[٢٢].

لەگەڵ زیادبوونی دەسەڵات و توانای مرۆڤ بۆ بەکاربردن و بەفیڕۆدان، خەریکە مرۆڤ زیان بە ژینگەکەی خۆشی دەگەیەنێ، لەم بارەیەوە «ئەریک فرۆم» دەڵێ: «لە راستیدا ترسناکترین شت لە خۆپەسندیماندا ئەوەیە کە ئێمە بەردەوامین لە تاڵانکاری و لەناوبردنی کەرەستە خاوەکانی هەسارەکەمان و ژەهراویکردنی ژینگەی سروشتیمان و خۆئامادەکردن بۆ جەنگێکی ناوکی» هەروەها دەپرسێ، لە پرسیارەکەشیدا شوێنەواری هیوا بڕان و ئازاری پێوە دیارە «ئایا راستە پاشماوەیەک بەم قورساییە بۆ رۆڵەکانمان و نەوەکانمان جێبهێڵین»[٢٣].

هەر لەم بارەیەشەوە فەیلەسوفێکی تری وەک (هۆسرل) دەبینین، کە لە کتێبەکەیدا

«قەیرانی زانستە ئەوروپاییەکان» رای خۆی دەربارەی ئەو رەوشە ترسناکە دەردەبڕێ، کە لە ئەنجامی پسانەوەی پەیوەندی لە نێوان زانست و خولیا قووڵەکانی ئادەمیزاد و بەهاو خواستەکانی ژیانی هاتۆتەکایەوە، ئەو بارەش وێڕای پێشکەوتنی زانست، یانیش بەهۆی ئەو پێشکەوتنەوەیە، سروشتیش وەک بوارێکی لێکۆڵینەوەی زانستی ناکەوێتە ژێر باری ئەوەی کە مرۆڤ تێی بگات و وەک بوارێکی کرداریی ژیان بە چاکی تاوتوێی لەگەڵدا بکات... (هۆسرل) لەو کتێبەدا هەوڵیداوە ئەم رەوشە شی بکاتەوە، بە دەستپێکردنی لە «دیکارت» و «گالیلۆ». (هۆسرل) وەک چارەسەرێک بۆ ئەم قەیرانە، داواکاری ئەوە دەکات کە فەلسەفە رۆڵێکی کاریگەر ببینێ لە رێگای پاراستنی زانیارییەکان و چەسپاندنیان لە هۆشدا و گەرانیش بەدوای سەرچاوەی زانست و بنەما واقعی و مێژوویەکانیدا، بەم شێوەیەش «فینۆمینۆلۆجیا»ی بەرزەخواز «متعالیة» لە پێناوی رزگارکردنی زانستی هەڕەشەلێکراوی ئەوروپاییدا دامەزرێنرا، کە بەپێی ئەو رێبازە بتوانرێ هەلومەرجی خودی (ذات) زانیاریی زانستی روونبکرێتەوە، لە دواییشدا هەلومەرجە بابەتییەکانی کە لەگەڵیدا پێکهاتووە...

خواستی بنەمایێکی فەلسەفی بۆ زانست لەلایەن (هوسرل)ەوە، بۆ ئەو ئارەزووەی دەگەڕێتەوە کە بزانرێ چۆن زانست دەچێتەوە ناو چوارچێوەی جیهانی ژیان (Life- World) و چۆن بناغەی خۆی تێدا دەدۆزێتەوە لە رووی مێژووییەوە، لە دواییشدا بۆ زانینی ئەوەی کە ئەمرۆ زانست لە کوێ راوەستاوە[٢٤].

لە راستیشدا ئەمە جاری یەکەمە لە مێژووی دوورو درێژی ئەزموونکاری مرۆڤ لەسەر ئەم زەوییە، پەی بەوە دەبات زانست دەستنیشانی چارەنوس دەکات، بەهەردوو باری سلبی و ئیجابییەوە[٢٥].

جیهانی ئەمرۆ لە پاش وە دیهێنانی پێشکەوتنی بەرفراوانی زانستی و تەکنۆلۆجی و واڵابوونی ئاسۆگەلێکی فراوان وبەرپرسیارێتی و خولیای زۆر و تازەبابەت، بۆتە قۆناخێکی سەخت لەبەردەم مرۆڤدا. لە راستیدا ژمارەی ئەو خەڵکەی کە رۆژبەرۆژ پتر پەی بەو گرفت و مەترسییانە دەبەن، کە هەڕەشە لە ئادەمیزاد دەکەن لە کەسایەتی و قەوارەو بنەماکانی بوونیدا، بێجگە لە کامەرانی و خۆشگوزەرانی بەرەبەرە لە زیادبووندان.[٢٦] هەروەک د.عبدالجلیل الطاهر دەڵێ: گەلێک لە بیریاران، لە سەردەمی ئێستادا دان بەوەدادەنێن کە ژیارییەکەمان نەخۆشەو بەدەست گەلێک شپرزەیی عەقلی و دەروونییەوە دەناڵێ... پێوەدانگە ئاکارییەکان فرەچەشنەییان لێ پەیدابووەو کەوتۆتە بارێکەوە، پێویستییەکەی یەکجار زۆری بە چارەسەرکردن و چاکسازی هەیە.. چونکە خەڵک بە رادەیێک سەرسام بوون نازانن کام رێگە بگرنەبەر[٢٧].

هەروەها دەروونناسی بەناوبانگ (ئەریک فرۆم) ئاماژە بۆ هەندێک لە گیروگرفتەکانی سەردەم دەکات و لە چەند خاڵێکدا خەستیان دەکاتەوە کە دەڵێ: ئەوەی خەومان پێوە دەبینی کە سەروەرو ئازادبین لە ژیانی خۆماندا، لەناوچوو، چونکە کاتێک وەئاگاهاتین هەمووومان بووینە ئامێر لە دەزگای بیرۆکراتیدا، پیشەسازی و حکومەت و دەزگاراگەیاندنەکانیان بوونەتە پێکهێنەری هەست و بیروسۆزمان، بە ویستی خۆشیان یارییان پێ دەکەن.

پێشکەوتنی پیشەسازی بۆتە تاپۆ بەسەر نەتەوە دەوڵەمەندەکانەوە، ئەو بۆشاییەی کە نەتەوە دەوڵەمەندەکان لە نەتەوە هەژارەکان جیادەکاتەوە رۆژ لە

دوای رۆژ لە فراوانبووندایە.

پێشکەوتنی زانستی خۆی چەندان مەترسی ئیکۆلۆجیی دروستکردووە (واتە هەڕەشە لە ژینگەی سروشتی دەکات)، سەرەڕای مەترسییەکانی جەنگی ناوەکی، ئەمەیان و ئەویان یان هەر دووکیان پێکەوە، ڕەنگە ببنە هۆی لەناوبردنی هەموو جۆرە ژیارییەک، بەڵکو ڕەنگە هەموو جۆرەکانی ژیان لەسەر پشتی ئەم هەسارەیەدا[٢٨].

## دەستنیشانکردنی دەردو چۆنیەتی چارەسەرکردنی:

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە زانایان وفەیلەسوفەکان دەستیان خستۆتە سەر حەشارگەکانی ئەو مەترسییانەی چاو لە مرۆڤایەتی و چارەنووسی زەق دەکەنەوەو هەڕەشەی لێدەکەن، هەوڵی پیشاندانی چارەسەرو ڕێنوێنیشیان بۆ خۆپاراستن یاخود چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان بۆ ئێستاو داهاتوو، بە رایەڵە هەمە چەشنەکانیەوە: مرۆیی و زانستی و فیکری(فەلسەفی) داوە. بۆنموونە (ئەریک فرۆم) وەک زانایێکی شارەزای بواری دەروونناسی، هەوڵی چارەسەری گرفتەکانی داوەو ئێمەش لەبەر گرنگی چارەسەرە مرۆییەکان، بە تایبەتیش لە لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتیدا، وامان پێ چاکە کە هەندێک لە بۆچوونەکانی بخەینە بەرچاوو سوودیان لێ وەربگرین، ئەم زانایە بانگەوازی دامەزراندنی زانستێکی نوێ دەکات، کە هەلومەرج و کەشێکی گیانیی (روحی)گشتی بخوڵقێنێ،کە ئاسوودەیی واتایی ودەروونی بکاتە بناغەیێک بۆ هاندانی کاریگەرو چالاک، نەک دەستکەوت و قازانجە ماددیەکان، هەروەها هەوڵی پێشکەوتنی زانستیش بدرێ، بەو مەرجەی بەکارهێنانە کردارییەکانی هەڵنەگەڕێنەوە بۆ سەرباری مەترسی لەسەر رەگەزی مرۆڤ. فەراهەمکردنی بارودۆخێکیش، کە مرۆڤ لەسایەیدا ژیانێکی خاوێن و چاکەکارانە بەسەربەرێت، نەک نیازی هەر تێرکردنی ئاوپەڕی لێژنە رەمەکییەکانی حەزو ئارەزووی بێت[٢٩].

ئادەمیزاد رەنگە تووشی سەرگەردانی و بێ دەسەڵاتی ببێ، سەبارەت بە کرداری رێکوپێکو مەبەستدار، ئەویش کاتێک کە دارای نەخشەیێک نەبێت، دەربارەی جیهانی سروشتی و کۆمەڵایەتی کە تێیدا دەژی، کاتێک وێنەی جیهان وجێگەی خۆی تێدا لە دەستبدات[٣٠].

کەواتە ئەم زانایە وای بۆ دەچێ، مرۆڤ پێویستی بە چوارچێوەیەکی هەنگاونان و ئاراستەبوون هەیە، پێویستی بە بابەتێک (موضوع) هەیە کە ژیانی خۆی بۆ تەرخان بکات، بۆ ئەوەی درێژە بە ژیانی خۆی بدات[٣١].

وادیارە سەبارەت بەم مەسەلەیەش زاناکان و بیریاران، گەشبین نین، بۆ نموونە د. فوئاد زەکەریا لە کتێبەکەیدا (بیرکردنەوەی زانستییانە- التفکیر العلمي)، دوو بیرۆکە دەخاتە روو، یەکەمیان ئەوەیە کە بیرکردنەوەی مرۆڤ لە ئامانجە گشتییەکانی و لەو رێگەیەی کە کۆمەڵگەی خۆی پێ رێکبخات هێشتا بە قۆناخی (پێش زانستی- قبل العلمیة) دا تێدەپەرێ، هەر کاتێک لەم بوارەدا وەک بواری دیاردەسروشتییەکان- زاڵبوون هاتە دی، ئەو کاتە برێکی زۆر لەو ئاستەنگانەی، کە جیهانی ئەمرۆ بەدەستیەوە دەناڵێنێ، لەناو دەچن.

هەرچی بیرۆکەی دووەمە، وای دەبینێ، ئەم مەبەستە بە تەنیا لەسەر دەستی زانست نایێتە دی، چونکە کاتێک لە رێگەی ئاراستەکردنی ژیانی ومرۆڤ و رێکخستنی کۆمەڵگەکەی دەدوێن، ئەوا

دەچێتە بواری بەهاوئامانجە مرۆییەکانەوە، ئەمەشیان بوارێکە جێگەی بایەخپێدانی گشت مرۆڤەکانە نەک هەر زاناکان هەر بۆیەش د. فوئاد زەکەریا وای بۆ دەچێ کە دەستنیشانکردنی ئەو ئامانجانەی زانست پێویستە لە خزمەتیاندا بێ، ئەمە کارێکە بەرزترە لەوەی بۆ سیاسەتکاران وازی لێبهێنرێ، فراوانتروگوشادتریشە لەوەی بۆ زانایانی تایبەتمەند بە جێبهێلرێ، بەڵکو ئەرکێکە لەسەر شانی بیریاران و وێژەوان و هونەرمەند و فەیلەسوفەکان و هەموو ئەو کەسانەی بایەخ بە چارەنووسی مرۆڤایەتی دەدەن و بە خاوێنی و بێ لایەنی بیر لەو چارەنووسە دەکەنەوە[٣٢].

بەهەمان بووچوون ،یا زۆرنزیک لەوەوە (ئەریک فرۆم) پێی وای تێدەگا، ئێمە ناتوانین بڵێین، سەدەی بیستەم چوارچێوەیێکی – بە شێوەیەکی یەکجاری – بۆ ئامانجەکانی دارشتووە، کە تێروانین و بۆچوونێکی جیهانی تێروتەسەل بێ ، بە پشت بەستن بە دەرەنجام و دۆزینەوە زانستیەکان، بۆ ئەوەی جێگەی بۆچوونە ماددیەکە بگرێتەوە[٣٣]. وا دیارە، بڵاوبوونەوەی هەندێک بیروڕاو بیردۆزو ئەزموونی زانستی ، یاخود ئەو بیروڕاو بەکارهێنان و ئەو شوێنەوارانەی لێیان وەپاش کەوتووە، وای لە خەڵکێکی زۆر کردبێ، لە ئاست وتوێژە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکانیشدا کە بەرپرسیارێتی ئاکاری(اخلاقي) لە بەرامبەر گێتی و براکانیان لە مرۆڤایەتیدا لە دەست بدەن. لە ئەنجامی ئەم بارەشەوە، وەک یەکێک لە رەهەندەکانی قەیرانەکە، رەفتاری هەڵپەو باوەشکردن بەخۆشی و حەزو ئارەزووە هەنووکەییەکانەوە، تەشەنەی کردووە، لەبەر ئەوەی سامان و توانا ئابوورییەکانیش تا رادەیێکی زۆر یارمەتیی وەدەستهێنانی ئەو حەزو ئارەزووانە دەدەن، هەر بۆیێ خۆویستی و چاوچنۆکی و کەمتەرخەمی بەرامبەر بە خەڵکی ، لەبرەودایە، ئەمرۆ کەسانێکی زۆریش شێوازی جیاجیا- رەواو ناڕەوا- دەگرنە بەر بۆ وەدەستهێنانی گەورەترین بڕێک کە لە توانادابێ، لە خۆسەپاندن و خاوەندارێتی (الهيمنة و الملكية) .

لەم بارەشەوە (ئەریک فرۆم) دەڵێ: (ناسنامەی بەکاربەری سەردەم لەم دەستەواژەدا پوختە دەبێ: من هەم، بەو ئەندازەی کە هەمە (املک) وئەوەندەش کە بەکاری دەهێنم (استهلاک)[٣٤].

بەڵام ئەوەی پتر جێگەی داخە، خوشەویستی خاوەندارێتی ، ئەمرۆ بۆتە نەخۆشییەکی دەروونی وکۆمەڵایەتی ، رایەڵی زۆر ترسناکی لێ دەبێتەوە، واش پێدەچێ کە بووبێتە یەکێک لە نەخۆشییە درێژخایەنەکانی سەردەم، ئاسانیش نییە مرۆڤایەتیی لە شوێنەوارەکانی رزگار بکرێ و سنوورێکیش نییە بیوەستێنێ .

لەبەر ئەوەشە، بە پێچەوانەی ئەو رایانەی ئەمرۆ باون، کە دەڵێن ئەو کەسانەی بە ئارەزووی سامان و وەدەستهێنان و ناوبانگ پاڵدەنرێن، کەسانێکی سروشتی و ئاساین. (سپینۆزا) وای دەبینێ ئەوانە بە تەواوی سەلیین و لە بنەڕەتدا نەخۆشن[٣٥]. بوونەوەری مرۆیی نموونەش لەلای ( سپینۆزا) خەسڵەتی چالاکیی دانابڕێ لە خەسڵەتێکی تر، ئەویش ئاوەز(عقل) و راستەڕێبوونە[٣٦]. لێرەشەوە وادەردەکەوێ لە بیریارە نوێکان (سپینۆزا) هەر زوو بۆ ئەوەچوو کە دروستیی عەقڵی،ئەنجامی ژیانێکی راست و دروستە، هەروەک نەساغی عەقڵیش ئەنجامی ژیانێکی هەڵەیە[٣٧]. هەر لەم رووەوە زانای بە ناوبانگی کۆمەڵناس (سۆرۆکن- SOR-OKIN)یش دەڵێ لاسەنگی و شپرزەیی لە شارستانێتیدا، لە لاسەنگیی نێوان عەقڵ و رەمەک (غریزە)دوە پەیدا دەبێ ، رەخنەش لە ژیانی هاوچەرخی دەگرێ ،

کاتێک داکۆکی لەسەر ئەوە دەکات کە کۆمەڵگەی نوێ سوودخوازە (نفعي) و وەدووی بنەمای هەوەس و ئارەزوو دەکەوێ[٣٨] . ڕێڕەوی خاوەندارێتیی ، هەروەکو تەماحکاری و چاوچنۆکیی لێ پەیدا دەبێت و دەبێتە هۆی ناکۆکی لە نێوان تاکە کەساندا، بە هەمان شێوەش کاری خۆی دەکات لە نێوان نەتەوەکاندا، لەبەر ئەوەی ئەو نەتەوانە(یا ئەو وڵاتانە) ، بەتایبەتیش دەسەڵاتدارەکانیان، لە کەسانێک پێکهاتوون هاندەری بنەڕەتییان خاوەندارێتی و تەماحکارییە، لەبەر ئەوە ئەو نەتەوانە روو دەکەنە جەنگ لە نێوانیاندا، چونکە هەر نەتەوەیێک لەگەڵ نەتەوەیێکی تردا دەکەوێتە پێشبڕکێ و سەبارەت بە سامان و خاوەندارێتی و هەوڵی ئەوە دەدات کە بەشەڕ لە ژێر دەستی دەربهێنێت، یا بەفشاری ئابووری ، یانیش بە هەرەشەو چاوسوورکردنەوە، ئەم شێوازانەش بە تایبەتی لە دژی وڵاتە لاوازەکاندا بەکار دەهێنرێت، زۆر جاریش پەیمان دەبەسترێ بۆ زەبر لێدانی وڵاتانی بەر ئامانج ، بە بەکارهێنانی هێز[٣٩] .

بەڵام لە چوارچێوەی کۆمەڵگەکان و لەناو دەزگا جیاجیاکانیاندا، رەفتاری خاوەندارێتی (موڵکخوازی)، دەبێتە مایەی بەدگومانی و خراپی لە هەڵسوڕاندن و بەڕێوەبردندا، لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگەوە، هەروەکو (ئەریک فرۆم) دەڵێ:سەرکردەکانی کۆمەڵگەکەمان – رەنگە جگە لە کۆمەڵگەی ئەمەریکی، کە تێیدا ژیاوم، زۆربەی کۆمەڵگەکانی ئەم سەردەمەش هەروابن- وەها بیردەکەنەوە کە ئەستەمە ئەو خەڵکە ببزوێنرێن، مەگەر تەنیا لە ڕێگەی دانەخۆرە (اغراء) کردنیان نەک بە جیاوک و بەخششی مادی ، هەروەها ئەو خەڵکە وەڵامدانەوەی چاکیان نابێ لە رووی بانگەوازەکانی تەواوکاری و خۆبەختکردنیش بۆ ئەو جۆرە بانگەوازانە خەریکە نەمێنێ تەنیا لە کاتەکانی جەنگدا نەبێ،بۆیێ ئەم زانایە وای دێتە بەرچاو ، هیچ ڕێگەیەکمان لەبەردەمدا نەماوە ئەوە نەبێ کە گۆڕانکارییەکی بنچینەیی بهێنینەدی لە بونیادی ئابووری کۆمەڵایەتیماندا، هەروەها لە تێڕوانینمان بۆ سروشتی مرۆڤ ، ئەویش بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە بەرتیل تاکە ڕێگە نییە – چاکترین ڕێگەش نییە- بۆ کارتێکردن لە خەڵکی[٤٠] . کەواتە گۆڕانکاری لە جۆری بیرکردنەوەو بۆچوون و رەفتاردا، پێویستە بەر لە هەڵاوسانی قەیرانەکە و کەوتنەوەی کارەساتی مرۆیی ئەوتۆ کە ناتوانرێ مەزەندەی قەبارە و رەهەندەکانی بکرێ.. گۆڕانکارییەکەش دەبێ لە قووڵایی ناخی مرۆڤدا بەرپابکرێ، تاکو بەردارو کاریگەرو خێرابێ.

پێداویستی بۆ گۆڕانکارییەکی مرۆیی قووڵ، تەنیا لەوەوە سەر هەڵنادا کە پێداویستێکی ئاکاری و ئایینی بێ و بەس، هەروەک تەنیا پێداویستێکی سایکۆلۆجیش نییە کە بناغەکەی سروشتی دەردەداری مرۆیی بێ لە سیستمی کۆمەڵایەتیماندا، بەڵکو لەسەرروو هەموو ئەمانەشەوە، ئەو گۆڕانکارییە، مەرجێکە لە پێناوی مانەوەی رەگەزی مرۆڤدا[٤١] .

لەبەر ئەوەی بوونەوەرێکی ژیروهۆشیارەو دووربینیشی تێدابەدی دەکرێ، هێشتا هاندەری چاکە و سۆزو بەزەیی و خۆشەویستیی ژیان ومانەوەو هاوکاریش لە پێناویدا، لە ناخیدا نەمردووە، لەبەر ئەوە بۆی هەیە ، بەڵکو پێویستیشە کارێکی بە پەلە بکرێ بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکی بنچینەیی و قووڵ لە خود(ذات)ی مرۆڤدا، هەروەها لە بۆچوونەکانیدا، لە بارەی داهاتووەوە، ئارەزووی چاکەخوازی و بەخشندەییش لەو پێناوەدا بکرێتەوە.

بۆ سەلماندنی ئەو راستییەی کە لە ناخی مرۆڤدا هاندەری خێروچاکەو خۆبەخشینی هەرماوە، رەنگە رۆژانە دەیان

وسەدان نموونەمان بێتە بەرچاو، بۆ وێنە کاتێک (ونستون چەرچل) لەسەرەتاکانی جەنگی دووەمی جیهانی، رایگەیاند کە هیچی نییە لە بەریتانییەکانی بخوازێ تەنیا خوێن و ئارەقە و فرمێسک نەبێ، لەو کاتە ترس و بیمی لەلایان نەورووژاند، بەڵکو بە پێچەوانەوە خواستی رەسەنی قوربانی مرۆیی و خۆبەختکردنی لە ناخیاندا دەدواند.

ئێستاش هەرچەندە، لە پەیوەندییەکان و کارلێکەکاندا، لە گشت ئاستەکانیشدا، ئارێکی و توندو تیژی و ئێش و ئازار دەبینین.. هەرچەندە رووداوەکانی ئەمرۆ و رابووردووی نزیک هەڵەشەیی ودڵرەقی و لەخۆبایی بوونی مرۆڤمان پیشان دەدات، کە بەزۆریش لە بەشە باڵادەستەکەی و لایەنە بەهێزو دەوڵەمەندو رەشمە بەدەستی تەکنۆلۆژیا و دارای هۆکارەکانی هێزو خۆسەپاندندا خۆی دەنوێنێ لەکات و شوێن و بواری جۆراوجۆردا.. بەڵام لە پێناوی مرۆڤایەتی و ئایندەییەکی ئاسوودە بۆ هەموو لایێک، لە سەرمانە حەشارگەکانی خۆشەویستی و خۆنەویستی وهاوکاری لە دەروونی مرۆڤدا بدوێنین، بەڵکو بتوانین بیانورووژێنین و زاڵیشیان بکەین بەسەر هاندەرەکانی خراپەکاری و خۆسەپاندن ولە خۆبایی بوون و فراوانخوازی دا.

لە لای ئەو خەڵکەی ، خۆشەویستیی راستەقینە دەزانن، رواڵەتی ئاشکرا ئارەزووی بەخشندەیی و خۆنەویستی زۆرە ، بۆی هەیە ئەو وزەی خۆشەویستی و بەخشندەییە بردوی پێبدرێ و خەست بکرێتەوە.. تا دەگەین بەو رۆژگارەی خۆشەویستی راستەقینە کاری خۆی دەکات.. (چونکە خۆشەویست (یا دڵدار )ی راستەقینە ، گشت جیهانی خۆش دەوێ لە کەسی خۆشەویستەکەیدا)[٤٢] .

سەرچاوەکان:
١- لطفي العربي، مدخل الى الابستمولوجيا، و مقالات في الفكر و الحياة، الدار العربية للكتاب ، تونس ، ١٩٨٥، ص ٧٣ .
٢-هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٧٤ .
٣-هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل١٠٧ .
٤-هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٧ .
٥-هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٨٧ .
٦-احمد ابراهيم الشريف، الحتم والحرية في القانون العلمي ، الهيئة المصرية العامة للكتاب ، القاهرة، ١٩٧٢، ص ١٣٢ .
٧-هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٣ .
٨-هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٢-١٣ .
٩-هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣-١٤ .
١٠-هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤ .
١١- لطفي العربي،سەرچاوەی پێشوو،ل ٥٣ ، بە وەرگرتن لە جان روستان، خواطر بايولوجي .
١٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل ٥٣-٥٤ .
١٣-هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٤ .
١٤- سەرچاوەی پێشوو،ل ٥٦ ، بەوەرگرتن لە جاک مۆنۆ (المصادفة و الضرورة)، ترجمة حافظ الجمالي، ص ١٥١-١٨١ .
١٥-لطفي العربي، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧ .
١٦-هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦ .
١٧-هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل ٦٧-٦٨ .
١٨-هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٦ .
١٩-هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣ .
٢٠-بڕوانە: د. فؤاد زكريا، التفكير العلمي ، ط٣، الكويت، ١٩٨٨، ل ٣٠٥-٣٠٦

هەولاتی کتێب

٢١-بروانه: أريک فروم، الانسان بين الجوهر و المظهر، ترجمة : سعد زهران، سلسلة عالم المعرفة، العدد ١٤٠، الكويت، ١٩٨٦، ص ٢١١-٢١٢ .
٢٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٣ .
٢٣-هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٤ .
٢٤-بروانه: د.علاء مصطفى نور، التفسير في العلوم الاجتماعية، دراسة في فلسفة العلم، دار الثقافة للنشر و التوزيع، القاهرة، ١٩٨٨، ص ٢٤٥-٢٤٦ .
٢٥-د.فؤاد زكريا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٠ .
٢٦- بروانه: ئەریک فرۆم، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠، هەروەها بروانه :د.فؤاد زكريا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٣ .
٢٧- بروانه د.عبد الجليل الطاهر، المشكلات الاجتماعية في حضارة متبدلة، ط اولى، دار المعرفة، بغداد، ١٩٥٣، ص ١٦٨ .
٢٨-ئەریک فرۆم، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠ .
٢٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤-١٥ .
٣٠-هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٦ .
٣١-هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٥ .
٣٢-د.فؤاد زكريا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٣ .
٣٣-ئەریک فرۆم، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٦ .
٣٤- ئەریک فرۆم، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١١ .
٣٥-هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٠ .
٣٦-هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٩ .
٣٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٠ .
٣٨- د. عبد الجليل الطاهر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦١ .
٣٩-اريک فروم، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢١ .
٤٠-هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٣ .
٤١-هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨-٢٩ .
٤٢-هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٩

# سیاسەت ودەروونزانی

گۆڕینی لە فارسییەوە:
ئارام قەرەداغی

لەبەر ئەوەی زۆرجار بۆچوونەکانی زانستی سیاسەت هەڵسوکەوتی مرۆڤ دەگرێتەوە، ئەبوایە دەروونزانی سەرچاوەی سەرەکی لێکۆڵینەوەی سیاسی بێ، کەچی زانایانی سیاسەت خۆشیان لەچەمکە دەروونزانییەکان نادەن وحەزناکەن بەکاریان بێنن. ئەوان لەجیاتی ئەوەی خۆیان بەدەروونزانی سیاسییەوە خەریک بکەن، گرنگییان بەکاریگەری گوشارە ژینگەییەکان لەسەر رەفتاری مرۆڤ داوەو فاکتەرەگۆڕاوە سایکۆلۆژییەکانیان پشتگوێ خستووە. بەڵام هەندێ لەسەرەتاییترین (پرسیارە سیاسییەکان) خود بەخود بە دەروونزانییەوە گرێ دراون: مرۆڤ چۆن بۆچوونی سیاسی سەرەتایی خۆی بەدەستدێنێ؟ چۆن بیروڕای شێوەیەکی تایبەتی وەردەگرێ؟ چۆن بیروڕاکان دەگۆڕێن؟ خەڵکی چۆن بڕیار دەدەن؟ چۆن کۆمەڵگایەکی ملکەچ کتوپڕ بەداواکاری گۆڕینی وەزعی رژێمی خاوەن دەسەڵاتی خۆی تێکدەشکێنێ؟ بۆچی کەسانی توندڕەو توندڕەون و کەسانی دەسەڵاتدار دەسەڵاتدارن؟ بەشێوەیەکی گشتیی ئەتوانین بڵێین ئەگەر زانایانی زانستە سیاسییەکان زیاتر گرنگی بەهۆکارە دەروونی وژینگەییەکانی رەفتاری سیاسی بدەن ئەوا شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی سیاسی راستترو بەرفراوانتر دەبێ. ئەمەش بەو مانایە نییە کەتەنها فاکتەرە دەروونییەکان رەفتاری سیاسی دیاری دەکەن بەڵکو کردەوە ئاڵۆزەکانی مرۆڤ( وەک رەفتاری سیاسی وکۆمەڵایەتی وئابووری) لە زەمینەیەکدا دروست دەبێ کەتیایدا ئەم هێزانە کارلەیەک دەکەن: هێزی کولتووری، ژینگەیی، کەسایەتی، بایلۆژی. لەم باسەدا ئەو چەمکە دەروونزانییە جیاوازیانە باس دەکەین کە پەیوەندییەکی تایبەتییان بە لێکۆڵینەوەی رەفتاری سیاسییەوە هەیە.

## هەندێ زەمینەی پێویست:

پێش ئەوەی باسی پەیوەندی چەمکە جۆراوجۆرەکانی دەروونزانی بە سیاسەتەوە بکەین، با بەکورتی سەرنجێکی کورت بدەینە زەمینەی هەندێ لەو چەمکە بەناوبانگانەی کە، گەرچی زۆر روونیش نین، زانایانی سیاسەت بەکاریان دێنن.

بەڵام زۆر دەروونزان وژمارەیەکی ڕوو لەزیادبوونی زانایانی سیاسەتەوە، دەروون وەک قوتوویەکی رەشی ئاڵۆزی خرۆکەیە کەبەم شتانە ئاخنراوە:- پێویستییە فەردییەکان، حەزەکان، (من) و (بەرزەمن). هەندێ لەمانە بەئاسانی هەستیان پێ دەکرێ بەڵام لەوە دەچێ هەموو ئەمانە کاریگەرییەکی باشیان لەسەر رەفتاری مرۆڤ هەبێ.

هەموو کەسێ هەر لەسەرەتای

منالییەوە یەک چەمکی (خود) واتە یەک ناسنامە بۆخوی بەرهەمدێنێ: یانی وێنەیەکی زیهنی دەربارەی ئەوەی کە ئەو چییە، کێیە وە لەکوێی جیهانی دەوروبەریدایە. ئایا من زیرەکم، جێی رەزامەندیم، جوانم، بەتوانام، کوڕی باشم، باوکێکی باشم، کرێکارێکی باشم...؟

هەرکەس چەمکی (خود)ی خۆی بەبینینی هەڵسوکەوتی کەسانی تر پەرە پێدەدا. وەک چارلز کوولی دەڵێ خەڵکی وەک (ئاوێنەیەکی بالانمان) کە فەرد تەسەوراتی خۆی دەربارەی ئەوەی کە خۆی چی ئەکات و چۆن ئەکات، لەو ئاوێنەیەوە وەردەگرێ. «من جوانم چونکە خەڵکی ئەڵێن تۆ جوانی»، «من زیرەکم چونکە لەتاقیکردنەوەدا نمرەی باشم هێناوە»، «من بەهێزم چونکە خەڵکی داواکانم جێبەجێ ئەکەن ولێم ئەترسن».

وەک لەمەودوا باسی ئەکەین چەمکی (خود)ی فەرد کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر رەفتاری سیاسی ئەو فەردە هەیە.

جگەلەوە هەمووکەس خاوەنی پێویستی وحەزی جۆراوجۆرە. پێویستییە فیزیکییەکانی وەک خۆراک وسێکس دەمێکە ناسراون. ئەوانەی خەریکی لێکۆڵینەوەی کەسایەتین ئەزانن کە مرۆڤ گرفتاری پێویستی جۆراوجۆری تری کۆمەڵایەتی ودەروونییە. بۆ نموونە پێدەچێ کەسان پێویستییەکی بەردەوامیان بە ئاسایش وسەقامگیری و یاسا هەبێ، جیهانێکیان پێ خۆشە یاسای تێدا، جێگیربێ، هەموو شتێ لەجێی خۆیدابێ، هەموو دەستوورەکان مەعلووم بن وشتی کتوپڕ کەم رووبدات. هەروەها هەمووکەسێک پێویستی بە پەیوەندی وپاڵپشتە، واتە خوازیاری هەبێ، حسابی بۆ بکرێ، جێگەی رەزامەندی بێ، رێزو ئافەرینی دەرهەق بکرێ. بەهەمان شێوەی کەپێویستیمان بەوەیە رێزمان لێ بگیرێ، پێویستیمان بەوەش هەیە دەربارەی خۆمان بیربکەینەوە. زۆر لێکۆڵینەوە دەری خستووە ئەوکەسانەی خۆیان بێ نرخ دەبینن بەختیارییان دەخەنە مەترسییەوە ئەوانەی دەربارەی خۆیان ئیجابی بیرناکەنەوە ناتوانن بەشێوەیەکی ئاسایی تێکەڵی خەڵکی بن، کەواتە پێش هەمووشتێ کەسان ئەبێ خودی خۆیانیان قبووڵ بێ. زۆر لەدەروونزانەکان لەو باوەڕەدان هەرکەس جگە لەچەمکی خود، چەمکی خودێکی خەیاڵیش لەمێشکیدایە: یانی خەونێکی مەنتیقی پێکهاتوو لەئارەزووەکان وتواناو بەها (قیَم)کە زۆرجار لەواقیعەوە دوورن.

هەرکاتێ وێنەی ناو ئاوێنەکە( واتە خودی واقیعی) بەڕادەیەکی زۆر لەچەمکی خودی خەیاڵی دوورکەوێتەوە، زۆرکەس لەجیاتی ئەوەی دان بەشکستی خۆیاندا بنێن، پەیوەندییان بە واقیعەوە دەپچڕێنن.

ئەگەر یەکێک یا زیاتر لە پێویستییەکانی فەرد بە تەواوی جێبەجێ نەکرێ حاڵەتێکی ناهاوسەنگی پەیدادەبێ وهێزێکی دەروونی یا ئارەزوویەک ئازاد دەبێ بۆ ئەوەی ئەو پێویستییە بێبەش کراوە تێر بکاو ئەو کەسە بگێڕێتەوە باری هاوسەنگی. بۆ نموونە کاتێ برسیمانە ئارەزووی خواردن زاڵ ئەبێ بەسەر هەموو چالاکییەکانماندا تا پێویستییەکەمان دائەمرکێتەوە. بەهەمان شێوەی ئەو کەسانەی پێویستییان بە ئاسایش، سەقامگیری، رەزامەندی وسەرکەوتن بەڕادەی گونجاو رازی نەکرابێ، بەدوای هەلومەرجێکی ئارام وبێ مەترسی و، بەشوێن خۆبەستنەوەو خۆفەرزکردن دا دەگەڕێن وتا بەدەستیشی نەهێنن دووچاری ناهاوسەنگی دەبن.

پێوەندی نێوان پێویستی ورەفتاری سیاسی زۆربەی کات روون وئاشکرایە. سەیر نییە ئەگەر ئەو کەسانەی دەستەپاچەن وباوەڕیان بەخۆیان نییە زۆر بەئاسانی لەلایەن بزووتنەوە دیکتاتۆرییەکانەوە کۆ بکرێنەوەو بێنەجۆش، چونکە ئەم بزووتنەوانە پەیمانی

دنیایەکی جێگیرو یاساداریان پێ ئەدەن کەتیایدا هەموو کەسێک بۆ ئەوەی بژی ئەبێ ملکەچی یاسابێ.

ئەوکەسانەی هەستدەکەن بەدەرنراون( واتە کۆمەڵ قبوولیان ناکات)، عادەتەن روو ئەکـــــەنە بزووتنەوە توندڕەوە دەرمـــارگـیــــرەکـــان بەڵکو ئەو هەستی خۆبەستنەوەو رەزامەندییەی کە کۆمەڵ پێی ڕەوا نەدیون، لەوانی بەدەست بێنن. هەروەها زۆر لەوکەســانەی ئارەزوویەکی گەرمیان بۆ خۆناساندن وسەرکەوتن هەیە، پەی بەوەدەبەن کەوا چالاکی سیاسی ئەم ئارەزووەیان دێنێتە دی. بەهەرحاڵ پێش ئەوەی کەڵکی سیاسیی پێویستی وئارەزووەکان ڕوون بکەینەوە با هەوڵبدەین چەمکی نامەعلوومی من(ئیگۆ) وە بەرزە من(سوپەرئیگۆ) تێبگەین.

(من) ئەو سیستەمە دەروونییەیە کە بۆ ســەرپەرشتی و ڕێنوێنی تێرکــردنی پێویستییەکانی (ئارەزووەکانی) مرۆڤ لەئەرزی واقیـعدا دروست دەبێ وگەشە دەکـا. (من) وەکـو کـەشـتـیـەوان وایەو ئارەزووەکانی خاوەنی هوشیارانە جێبەجێ دەکـا. (من) ئەبێ ویست وئارەزووەکـان بەشێـوەیەک تێرو رازی بکات کەلەگەڵ واقیع ویاساکانی کۆمەڵدا بگونجێ. (من) لەهەمان کاتدا کە خاوەنەکەی تا ئەوپەڕی توانا رازی دەکـــا، لە تێکشکاندنیش دەپـاریزێ بەوەی نەهێڵێ دوای ئارەزووی بێ ئەنجام بکەوێ.

بەرزە من بریتییە لەویژدانی ئەو کەسە. ئەگەر(من) خاوەنی ئینزاریکا کەوا« سزای دزی وئەگەری گـرتن زۆرەو ئەوە ناهێنێ خۆتی بۆ بخەیتە مەترسییەوە» ئەوا بەرزەمن ئەوەشی دەخاتەسەر کەوا دزی لەرووی ئاکاریشەوە کارێکی ناپەسەندە.

وەزعی (من) ئەوەندە پتەو نییە. ئەگەر ئارەزووی رازی کـردنی پێویستییەکان بەسەر مرۆڤدا زاڵ بێ چی روو ئەدا؟ ئەگەر کـۆسپـە کـۆمەڵایەتی وئاکارییەکانی کـۆمەڵگایەک ئەوەندە سەخت بن ڕێگە بەدەربڕینی ئاسـایی ئارەزووە سێکسی وئەوانی تر ئەدەن چی ڕوو ئەدا؟ ئەگـــەر واقـــیع ئەوەندە دوژمنانە بێ ئەتوانێ ڕێگەی ئاسـایی وبێ زیانی تێرکـرنی بگرینەبەر چی دەبێ؟ بەکورتی ئەگەر(من) ئەتوانێ داواکـارییـە دژ بەیەکـەکـانی ئارەزووەکـان وبەرزەمن وواقـیع پێکەوە گرێ بدات چی ئەبێ؟ من بۆ ئەم مەبەستە پەنا ئەباتە بەر میکانیزمەکانی بەرگری کەزۆربەیان بریتین لەتێکدانی واقیع یان گـۆڕینی شێـوەی رازیکردن. ئەم چەند میکانیزمە دیفاعییەی خوارەوە پەیوەندیان بە رەفتاری سیاسییەوە هەیە:

**پاساودان:** بریتـیـیـە لە هەوڵدان بۆ ســـاڕێژی ئازاری ویژدان (بەرزەمـن) لەڕێگەی پاســـاودانی کـــــردەوە نابەجێکانمانەوە بەجۆرێک کە بەرزەمن بەدڵی بێ. بۆ نموونە « لەراستیدا من دژی یەک پارچەیی نیم بەڵام ناچارم لەگەڵ دراوسێکانم دا باش بم».

**بەسەردانان:** بریتـیـیـە لەهەوڵ دان بۆ سـاڕێژکـردنی ئازاری ویژدان لەڕێگەی ئەوەوە کـارە نابەجێکانی خـۆت بنێیە بەسەرخەڵکیترداو بیکەی بەخەتای ئەوان، وەک ئەوەی بڵـێـی« ئەوەندە دوژمنایەتی کردم ناچار بووم لێی دەم».

**گواستنەوە:** بریتـیـیـە لەگوێزانەوەی لاشعوریانەی عاتیفە لەئامانجێکەوە بۆ ئامـــانجـــێکی تر. یەکێ ئەتوانێ لەسەرۆکەکەی بدا شەڕ بەسەگەکەی دەفرۆشێ. ئەو کـەسانەی دەمارگـیرن عادەتەن رق و قینی شکستەکانی خۆیان بەســەر کـەمینەکانی وەک جـولەکەو رەشەکاندا بەتاڵ دەکەنەوە. گـواستنەوە مـەگـەر بەدەگـمـەن دوودڵی و بێ ئارامی خـاوەنەکـەی لەناوبەرێ، زیاتر چارەیەکی کـــاتیـیـــەو ڕێگە نادا( من) دان بنێ بەشکستەکانیدا.

کـاریگەری سـیـاسی مـیکانیـزمـە دیفاعـیـیەکانی تر پاشتر باس دەکەین. نابێ ئەوەشـمـان بیـر بچێ کـە زۆربەی

خەلک جارجار لەبەکارهێنانی ئەم میکانیزمانەدا زێدەڕۆیی دەکەن.

## سیاسەت وپێویستییە دەروونییەکان:

چەمکەکانی پێویستی (حاجە) و (من) لەسیاسەتدا زۆر بەکاردەهێنرێن. ڕۆبەرت لین لەبەرهەمەکانیدا پێی لەسەر ئەوە داگرتووە کە چەمکەکانی (من) و (پێویستییە دەروونییەکان) پەیوەندیان بەهەموو ڕەفتارێکی سیاسییەوە هەیە. زۆربەی زانایان لەو باوەڕەدان پەیوەندییەکی نزیک لەنێوان تێرنەکردنی پێویستییە دەروونییەکان و سیاسەتی توندڕەویدا هەیە. ئەم بۆچوونە لەساڵی ١٩٦٤دا بەچاپی کتێبی (کەسایەتی دیکتاتۆری) لەلایەن چەند نووسەرێکەوە سەری هەڵداوە، کە بریتییە لەلێکۆڵینەوەیەکی تیۆرتەسەلی ڕەفتاری فاشستی. نووسەرەکان لەوباوەڕەدان دیکتاتۆری ودەسەڵاتخوازی سەرچاوەیان دەروونییەو ئەو کەسانەی دەستەڕاستی توندڕەون دووچاری هەستی توندی دوورەپەرێزی وخۆ بێ باوەڕی وبێ توانایین وپێویستیەکی زۆریان بەئاسایش وسەقامگیری ودڵنیاییە. دەڵێن کەسانی دەسەڵاتخواز لەگەڕان بەدوای ئاسایش ودڵنیاییدا. لەم ڕەفتارانەدا زێدەڕۆیی دەکەن، تەشریفات، ملکەچی کوێرانەی ئایدیۆلۆژی، زوڵم و زۆر،دوژمنایەتی بیرونەندێشە، خەرافات، دوژمنایەتی مرۆڤ، سێکس.

لەناو ئەولێکۆڵینەوانەدا کە دەربارەی کەسایەتی دەسەڵاتخوازکراوە، هەوڵەکانی ماک کلوسکی دەربارەی کەسایەتی پارێزگاران (محافظون)وە ئازادیخوازان شایانی باسە.

لێکۆڵینەوەکانی ماک کلوسکی وئەدۆرنۆ بەئاشکرایی دەریانخستووە کەوا، بەپێچەوانەی باوەڕی باوەوە، پارێزگاری تەنیا مەبدەئی خاوەن بیران وڕۆشنبیرانی کۆمەڵ نییە، بەڵکو پێچەوانەی ئەوەش ڕاستە یانی هەرپێوەرێک لەبەرچاوبگرین، ئەتوانین بیروباوەڕی پارێزگارانە لەناو کەسانی بێ ئاگاو سووکە خوێنەوارو تا حەزبکەی بێ ئەقڵیشدا بەدی بکەین. لانی کەم لە کۆمەڵی ئێمەدا، پارێزگاری تایبەتە بەو کەسایەتییە گۆشەگیرانەی کەوا خۆیان نزم دەبینن، دووچاری ئازاری بێبەشی و ونیی خۆیانن، ترسنۆک ودەستەپاچەن و، حەزیان لەنهێنی پاراستنە. هەروەها ئەو کەسانەی ڕەوت ومەبەستی خۆیان نازانن، گومانیان لە بەهاکانی(قیم) خۆیانە و، هەمیشە لەوە زەندەقیان چووە چۆن لەکۆمەڵگادا ئەرکی قورسی پاراستنی (کڵاوی خۆیان لە ڕەشەبا) جێبەجێ بکەن، ئەو کۆمەڵگایەی کە بەلایەنەوە ئەوەندە ئاڵۆزە کەس سەری لێدەرناکات.

لەناو چوارگرووپی ئازادیخواز-پارێزگاردا، پارێزگارانی توندڕەو، دوژمنترین، دڕدۆنگترین، زاڵمترین، ئازاترین بۆ گوناهبارکردنی خەڵکی لەسەر شکستەکانی خۆیان، کەم چیکڵدانەترین، ئازاترین بۆ سووکایەتی بەخەڵک، بەکەس بڕوانەکەرترین و سەرسەختترین وڕەئی نەگۆڕترترین گرووپن. ئەمانە گەرچی بەسەختی ڕەخنە لەخەڵکی دەگرن لەسەر بچووکترین هەڵە بەڵام خۆیان لەحاڵەتی بەرگریدان وبۆ پاراستنی پێویستییەکانی خۆیان پڕ چەکن. گەرچی یەک پارچەیی دەروونیان لاوازەو نیگەرانن، بەڵام عادەتەن لەبەر بێ توانایی خۆیان و بەهۆی ئەو هەست بەگوناهکردنە توندەوە کە هەیانە، حەز دەکەن ئەو سیفەتە کەسایەتییانەی خۆیان کە خۆیان لێیان بێزارن وئەترسن، بیانلکێنن بەخەڵکی ترەوە.

بەنیسبەت دەسەڵاتخوازی چینی کرێکارو وئەندامێتی لەحزبە چەپە توندڕەوەکاندا، پێویستی بەخۆبەستنەوەو ئاسایش وڕێز لەخود نان، بە پاڵنەری

سەرکی دادەنرێن. گابریال ئەلمۆند لەشیکردنەوەی رەفتاری ئەندامانی پێشووی حزبە کۆمۆنیستەکانی چوار کیشوەرەوە بۆی دەرکەوتووە، یەکێ لەسەرەتاییترین پاڵپشتەکانی حزبی کۆمۆنیست بریتییە لەتیۆری حزب دەربارەی دەسەڵات، هاورێیەتی، یەکێتی، ئەزەلیەت. پێدەچێ کۆمۆنیزم پەنا بۆ ئەو کەسانە بەرێ کەوا هەست بەسەر لێشێواوی دەکەن و ژینگەیان بە دەوری ناون(یانی هەست دەکەن لەوێدا جێیان نابێتەوە). کۆمۆنیستی شەڕانی کەسێکی لەخۆبوردووە، بەهێزو پڕئومێد بەداهاتوو، ئامانجەکانی خۆی دەزانی وبەبێ دڵەڕاوکێ ئەرکی سەرشانی ئەنجام دەدا. ئەم لایەنەی کۆمۆنیزم سەرنجی ئەو کەسانە ڕادەکێشێ کەوا لەناخی خۆیاندا، لەئەنجامی تەجربەی منالییەوە، هەست دەکەن لاوازو بێ نرخن، هەروەها ئەوانەی کەژینگەیان بەدەری ناون . رەشەکان، جوولەکەکان، لە دایکبووانی دەرەوی وڵات، بێکاران، رۆشنبیرانی وڵاتە موستەعمەرەکان، ڕەنگە بەهۆی وەزعی کۆمەڵایەتیانەوە کە ئەنجامی سەرلێشێواو وبێ توانایی وبێ پلەوپایەیی وبێ ڕێزییە، ڕووی تێ بکەن.گومانێکی وا لەوەدانییە کە سیاسەتی توندڕەوی وەسیلەیەک بۆ بەدەستهێنانی ئاسایش ورەزامەندی پاراستنی (من) بەوکەسانە دەبەخشێ کە نازانن خەریکی چی بن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕاست نییە وای دابنێین کەوا ناهاوسەنگی پێویستییە دەروونییەکان تایبەتە بە کەسانی توندڕەو. دەروونزانانی کەسایەتی لەوباوەڕەدان زۆربەی خەڵک ترسێکی شاراوەیان دەربارەی سەرلێشێواوی وکەم نرخی وبێ ئاسایشی هەیە بەڵام لەبەرئەوەی لەکۆمەڵدا جێی خۆیان کردۆتەوە وهاورێیان وخزمان وکارەکانیان هەستی ئاسایش ورەزامەندی وڕێزیان پێ ڕەوا دەبینن، ئەو ترسەیان دەرنابڕن. بەڵام ئایا کاتێ جیهان لەبەر چاوی کەسێک سەرەوژێر دەبێ، هەستی بێ ئاسایشی وبێ توانایی وسەر لێشێواوی چییان لێ بەسەر دێ؟ کاتێ کەسێک کەبەتەواوی لەکۆمەڵگادا تواوەتەوە بۆی دەرنەکەوێ جیهانە ئاساییەکەی ئەو بووە بە جیهانێکی پڕ قەیران ویاسا، عاتیفەشاراوەکانی بێ ئاسایشی وبێ توانایی وسەر لێشێواوی ئەو چییان لێ بەسەردێ؟ لەژێرگوشاری ژینگەدا کتوپڕ هەمەو دەبنە مرۆڤی بێ ئامانج ووێڵ. لەگەڵ زیاتربوونی بێ بەشیی پێویستییەکاندا، ئارەزووە شاراوەکان (خەفەکراوەکان) بەسەر بەرزە (ویژاندان)دا زاڵ دەبن وخۆیان نیشان دەدەن. هەرلەم ڕوانگەیەوە گیرث ولاسویک سەرهەڵدانی هیتلەریزم شی دەکەنەوە: ئەوانەی کە دووچاری کوێرەوەری ئەبن هەمیشەهەوڵەدای جۆرێک رزگارین کەوا بەسەر ئەو دیاردانەدا زاڵ بێ کەبۆتە هۆی بێ بەشی ئەوان. ئەم جۆرە کەسە سەرنەکەوتووانە لەهەموو توێژەکانی کۆمەڵی ئەڵمانیادا دەبینرا: شازادەی بێ تاج وتەخت، خاوەن موڵکانی قەرزار، جووتیارانی قەرزار، پیشەوەرانی موفلیس، کاسبکارو هونەرمەندانی هەژار، پزیشکانی بێ نەخۆش، پارێزەرانی بێ دەعوا، نووسەرانی بێ خوێنەر، مامۆستاو کارمەندو کرێکارانی بێکار، ئەمانە هەموو روویان کردە هیتلەریزم. سۆشیالیزمی میللی وەک بزووتنەوەی رزگارکەری خەڵک، سەرنجی خەڵکێکی زۆری ڕاکێشا بەتایبەتی چینی ناوەڕاست چ کۆن وچ نوێ، بەتایبەتی لەناو ئەوانەدا کە عەقڵ ومەنتیق تەواو پەرەی نەسەندبوو، سۆشیالیزمی میللی بەتایبەتی لەناو ئەو کەسانەدا بڵاوبۆوە کە چاوەڕوانی ڕزگاری موعجیزە ئاسا بوون یا لانی کەم چاوەڕوانی وەسیلەیەک بوون هەموو ئەو دیاردانە تێکبشکێنێ کەبەسەرچاوەی بێ بەشی خۆیانیان دەزانی.

هیتلەر وەک کەسێک ناسرابوو

کەنەیەوێ ئەو مەبدەئە سەرەتاییانە زیندووبکاتەوە کە فەرامۆش کردنیان بۆتە هۆی لاوازبوونی میللەتی ئەلمانی. فەسادی ئەدەبیات و نواندن وەکار دەنرا بەسەر ئەو جوولەکە پیسانەدا کەوا ئەو ولاتەیان بێ حورمەت کردووە کە ساڵەهای ساڵە لەناو نازو نیعمەتیدا دەژین. گوشاری جەنگ، کەم خۆراکی، هەلاوسان وبێکاری، لەو چەند ساڵە پڕ ڕووداوەی دواییدا، ژنان و پیاوانی دووچاری جۆرەها وەسوەسە کردبوو کە خۆیان لەبەر نەدەگرت وتووشی هەست بەگوناهکردن وسزا دانەوەکردبوون. لەولاشەوە(بێدار بوونەوەی ئەلمانیا ) بزووتنەوەیەکی ویژدان بوو بۆ پاکبوونەوە وزیندووکردنەوەی بەها مەعنەوییەکان.

جوولەکەکانیش وەکو مەڕ قۆچی قوربانی ئەم بەسەرهاتەن. بەخۆبینینەوە لەکەسایەتی هیتلەردا، ئەندامانی سەرگەردانی چینی ناوەڕاستی میللەتی ئەلمانی کە ژمارەیان لەزۆربووندابوو، نەک هەر ئاسایشی دەروونییان بەدەست هێناو ئامانجی خۆیان دۆزیەوە، بەلکو رزگارکردن لەو هەستی گوناه وشکستەی هەیان بوو ئەویش بەوەی هەموویان خستە ملی کەمینەی یەهوودی.

**ناسنامەو خۆبینینەوە:**

ئەتوانین تەجرەبەی مندالان لە پێکهاتنی (خود) یان( ناسنامە )ی خۆیاندا بەجۆرێک قەیرانی ناسنامەیی ناوبنێین. مندالان بەتەواوی نازانن چۆن وبە چ ڕێگەیەک جێگەی خۆیان لەدنیای دەوروبەریاندا بکەنەوە. چونکە یاساو دەوروبەریان لە بەردەوام گۆڕاندان. هەر ئەوەندە رێ ورەوشتی باوانیان وەرگرت پۆل وقوتابخانەیان دێتە ڕێ وناچارن خۆیان لەگەل هاورێ ومامۆستاکانیاندا بگونجێنن. کەبالق ئەبن ئەبێ لەگەل رەگەزی دووەمدا ڕێککەون.

کە دەچنەئامادەیی وزانکۆو جیهانی کاردەوە پەی بەوەدەبەن کەئەو رەفتارەی لەتەمەنی ١٥ ساڵیدا عەیبی نەبوو لە ١٨ ساڵیدا مایەی لاقرتی وپێکەنینە. بەم جۆرە ئەوجەوانان ئەبێ ببن بەگەورەو کامل. پێویستی بە ئاسایش، ڕەزامەندی وعیززەتی نەفس، هەموو کەس ناچار دەکا بە گەرمی لەدوای ناسنامەی خۆی بگەرێ. ئەم ئارەزووی ناسنامە بەدەست هێنانە وای لێدەکا بەردەوام بەدوای دەوری خۆیدا بگەرێ: «چاوەڕێی چی لەمن دەکرێ وچۆن ئەنجامی دەم؟».

ڕێگەیەکی سادە بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەم کێشەیەدا لاسایی ئەو کەسانەیەکە هوشیار دیارن وبەتایبەتی خاوەن دەسەلاتیشن. بەم جۆرە لەسەرەتاوە منال بە لاساییکردنەوەی ڕەفتارو بەها ئارەزووەکانی دایک وباوک ناسنامەیەک بۆ خۆی دروستدەکا. ئەلبەتە ئەمە تەنیا لاسایی کردنەوەیەکی ئاسایی نییە بەلکو منال ئەو شتانە دەکا بەهی خۆی وبەشێک لەناسنامەی خۆی پێ دروست دەکا.

بەپرۆسەی لاساییکردنەوەی دەروونی ڕەفتارو بەهاو ئارەزووەکانی کەسێک یا شتێکی تر دەلێین خۆبینینەوە. کاتێ منال خۆی لەدایک وباوکیدا دەبینێتەوە، یان کەسێکی خۆی لەڕەفتاری سیاسی یا سەربازی کەسێکی خاوەن دەسەلاتدا دەبینێتەوە، وا هەست دەکا خۆی خاوەنی هەموو شکۆمەندییەکانی ئەوە و لەهەموو سەرکەوتنەکانیدا بەشدارە، وەک هەموو ئەو شتانەهی خۆی بێ. پرۆسەی خۆبینینەوە بۆ کەسانی لاوازو نائارام وبێ ئاسایش، ناسنامەو ئامانج وشانازی وپالپشتێکی قایم بەدیاری دێنێ. رەفتارو ئارەزووەکانی بابەتی خۆتیابینینەوە وابەجێ دێنێ وەک بلێی بەشێک بێ لە ئەخلاقیاتی خۆی.

یەکێ لەکەلکەسەرەکییەکانی چەمکی خۆبینینەوە ئەوەیە کە لەورێگەیەوە خەلکی بۆچوون ولایەنگیری سیاسی خۆیان بەدەست دێنن. منالان لەگەل

خۆبینینەوە لەدایک و باوکیاندا گەورەدەبن. ئەگەر باوان باوەڕی پتەویان بەرژێمی سیاسی وڵات هەبێ ووەفاداری بن ئەوا منالەکانیشیان ئەو ئامادەییەیان تێدا دەبێ. پێچەوانەی ئەمەش هەر راستە.

بەشێک لەپرۆسەی خۆبینینەوە ئەوەیە کەمندال حەز دەکا ئەو بۆچوونەی بەرامبەر باوکی هەیەتی بیگوێزێتەوە بۆ کەسانی تری خاوەن دەسەلات. لەرێگەی پەی بردن بە(دەسەلاتی باوکەوە) ئەتوانین پێشبینی ئەوە بکەین کە مندال( دەسەلاتی سەرۆک کۆمار) چۆن دەبینێ. ئەو منالانەی دەسەلاتی باوکیان بە کەم دەزانن زۆر پێدەچێ دەسەلاتی سەرۆک کۆماریش بەکەم ببینن.

لەزۆربەی ولاتانی پەرەسێن( نامیة) دا کە هێشتا پەرودردەو فێرکردنی گشتی وماس میدیا گەشەی نەکردووە هێشتا خێزان سەرچاوەی سەرەکی ناراستەپێدانی سیاسی منالە. لەولاتە پەرەسەندووەکاندا بەهۆی زۆرهۆکاری تازەی کۆمەلایەتییەوە وەک قوتابخانە، هاوڕێیانی قوتابخانە، پارتە سیاسییەکان، ماس میدیاوە جۆرەها بانگەشەی حکومی، ئەو بۆچوونە سەرەتاییەی کە لەرێگای باوانەوە بەمنال دەگات، تووشی گۆڕان دەبن. هەروەها بەهۆی تەجرەبە وزانیاری رۆژانەی بەردەوامیشەوە دەربارەی رژێمی سیاسی وکاریگەریان لەسەر ژیانی ئەو کەسە، بۆچوونی سیاسیش پەرەدەسێنێ.

ئەمرۆ کاریگەری خێزان لەسەر بۆچوونی سیاسی فەرد کەوتۆتە ژێر لێکۆلینەوەوە. لەشیکردنەوەی وەلامی ١٧ هەزار قوتابیدا دوو لێکۆلەرەوە بۆیان دەرکەوتووە کاریگەری قوتابخانە زیاترە لەهی خێزان. کورتەی لێکۆلینەوەکەیان بەم جۆرەیە:

ئەنجامەکان وانیشان دەدەن لەلێکۆلینەوەکانی رابردوودا کاریگەری خێزان لەسەر سیاسی منال زیاد لەپێویست گەورەکراوە. لەراستیدا خێزان ئەبێتە هۆی ئەوەی منال پارتێکی سیاسی لەوی تر بەباشتر دابنێ، بەلام لەزۆربەی زەمینەکانی تردا گرنگترین رۆلی خێزان پالپشت کردنی دەزگاکانی ترە. منالانی یەک خێزان تەنیا لە بواری لایەنگیری حزبایەتی وئارەزووی پەیوەندیدار بەمەوە، وەک غەمگینی وشادمانی دەربارەی ململانێیەکی هەلبژاردن، بۆچوونیان لەیەک دەچێ. ئەم لایەنگرییە حزبییەی لێ دەربکەین، لەوەدەچێ کاریگەری خێزان ناڕاستەوخۆبێ وتەنیا بۆچوونی دەربارەی دەسەلات ویاساو مل دان بگرێتەوە.

تارادەیەک پەیوەندی لەنێوان پێکهاتنی خێزان ودلدانی منال بەرژێمی سیاسیدا هەیە. ئەو منالانەی باوکی خۆیان بەخاوەن دەسەلات وبەهێز دەبینن حەز دەکەن لەمەڕ مەسەلە سیاسییەکانەوە هۆشیارترو نزیکتربن، بەلام ئەو منالانەی دایکیان بەهێزتر دەبینن لەمالەوە، کەمتر تاقەتی کاروباری سیاسییان هەیەو لەچاو ئەو منالانەدا کەباوکیان بەهێزتر یان باوک ودایکیان هەردووکیان وەک یەک دەبینن، درەنگتر بۆچوونی سیاسی بەدەست دێنن.

پێدەچێ قوتابخانە لەفێرکردنی بەشی زۆری لایەنگری وبۆچوون وبیروڕای منالان دەربارەی کاروباری رژێمی سیاسی، رۆلێکی گەورەتری هەبێ. ئەگەر خێزان لەفێرکردنی منالدا بۆقبوول کردنی کۆمەل و وەفاداری بەرامبەر بەولات دەوری سەرەکی هەبێ ئەوا قوتابخانە ڕەزامەندی وزانیاری چەمکی تازەی وای فێردەکات کەوا ئەو هەستە سەرەتاییانەی پەرەپێ بداو هۆشیارانەتری بکات.

چەمکی خۆبینینەوە لەشیکردنەوەی رەفتاری سیاسی کەسانی دەمارگیر( خاوەن باوەڕی راستەقینە)شدا یارمەتیمان دەدات. زۆر لەو کەسانەی کە وەک پێشتر باسمان کرد ئامانجێکی دیاریکراویان نییە بریتیین لە(خاوەن باوەڕانی ڕاستەقینە)؛ ئەم کەسانەی ئاسایشی دەروونییان نیە، لێیان رازی نین، باوەڕیان بەخۆیان نییەو

دووچاری قەیرانی ناسنامەیین، خۆبینینەوە لە بزووتنەوەیەکی توندڕەوی چەپ یا راستدا یان لە پێشەوایەکی مەبدەئی دا یان لەکابرایەکی خەڵک خەڵەتێندا، بۆ ئەو کەسانەی کە هیچ ئامانجێکیان نییە دارعاسایەکی دەروونی بەدیاری دێنێ. کتوپڕ ژیانیان ماناو ئامانج پەیدادەکا، رەزامەندی خەڵک بەدەست دێنێ وبە بەدەستهێنانی هەقانیەت لەئایدیۆلۆژی حزب یا پێشەوادا، لەدەوری تازەیدا بەناوی( لایەنگرەوە)، دەبێتە خاوەنی ڕیز لەخۆگرتن وباوەڕبەخۆکردن. ئەلمۆند لە (داواکانی کۆمۆنیزم) دا دەڵێ:.

لەکاتێکدا کە دوژمنایەتی وبێزاری بەهەموو بابەتەگشتییەکانی کۆمۆنیزمەوە دەبینرێن، حزبی کۆمۆنیست بەهۆی وروژاندنی پێویستییە دەروونییەکانی تریشەوە سەرنجی خەڵک رادەکێشێ. لەپەیوەندییە گشتییەکانی کلاسیک وکۆمۆنیزمدا پێ لەسەر رێکخستن وکۆمەڵ وپەیوەند دادەگیرێ. کۆمۆنیستی نموونە کەسێکت دێنێتە پێش چاو کەوا لەڕەوتی زەماندا جێگەی خۆی کردۆتەوە، دەوری بە ژمارەیەک هاوڕێی حزبی بەوەفا وکۆڵنەدەر گیراوە. خەباتگێڕی کۆمۆنیست تەنیا مولکی دەستەکەی خۆی نییە، بەڵکو لەجۆرە رێکخراوێکی نەفسانەییدا بەشدارەو لەناو ئامێری ئاڵۆزی حزبدا خۆی تواندۆتەوەو لەم ڕێگەیەوە ناسنامەیەکی باشی بەدەست هێناوەو بگرە هەست بەنەزەلیەت ونەمری دەکا، ئەم پێ داگرتنە لەیەکێتی ویەک پارچەیی وبەشداری کردن لە کۆمەڵ وکۆمەڵگادا کاریگەرییەکی زۆر لەو کەسانە دەکا کە لەهاوڕێکانیان جیاوازن وئەوانەی تەنیاو دوورەپەرێزن. کەسێک کە هەلومەرجی تەنیای خستووە، وەک قوتابییەک کە تازە ماڵی باوکی بەجێ هێشتووەو ئاشنایەتی وپەیوەندی تەواوی بەدەوروبەریەوە نییە ،یان کەسێک کە بەهۆی هەندێ بێ باوەڕی قووڵ وترس لەئازاردان وکەلکی خراپ لێ وەرگرتن سەری لێ شێواوەو گۆشەگیربووە. ئەم مەبدەئانە سەرنجی رادەکێشێ.

لە کۆمەڵگا جێگرەکاندا،(ناسنامەخوازان) کەمینەن بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پارچەیەکی پڕ مەترسی کۆمەڵگان. لەولاتانی پەرەئەستندا، لەو شوێنانەی کە گۆڕانکاری توندی کۆمەلایەتی وتەکنۆلۆژی لەئارادایە، قەیرانی ناسنامەیی ئێجگار بەربلاوە.

بەدەگمەن کەسێک دەبینین خۆی لە تاقمێکدا نەدیبێتەوە وەک تیپی وەرزشی، عەشیرەت ،یانە، حزبی سیاسی، ئایینی، ئایدیۆلۆژی جۆراوجۆرو نەتەوە. شادمانی ودڵتەنگی لایەنگرانی تیپێکی تۆپێن نموونەیەکی ئاشکرای خۆبینینەوەی خەڵکە لەگرووپدا. ئەگینا چ پێویست دەکا ئەم لایەنگرانە ئەوەندە خۆیان بۆ یەکەم بوونی تیپەکەیان سەغلەت بکەن ئەگەر ئەوە نەبێ کە ئەوان بەهەموو باوەڕیانەوە وا تەسەور بکەن کە (خۆیان) یەکەم بوون!(لیۆنارد دۆب) لەوباوەڕەدایە نەتەوایەتیش دیاردەیەکی لەم بابەتەیە، کاتێ خەڵکی خۆیان لەیەک نەتەوەو ولاتدا دەبیننەوە لەڕاستیدا(من) دەبەستنەوە بەو مەسەلەو سەرکەوتنەکانی. بۆ نموونە ئەگەر ئێمە بڵێین ئەمریکا بەهێزو سەر راست وداهێنەرو پێشکەوتووەو بە گشتی لەسەرووی هەمووانەوەیە، مانای ئەوەیە من بەهێزو سەر راست وداهێنەرو پێشکەوتووم. گەرچی ڕەنگە ئەم بۆچوونە راست نەبێ بەڵام کاریگەری عاتیفیی ئێجگار زۆرە. هەرچەند تاکەکانی میللەتێک بەشەوقێکی زیاترەوە خۆیان لەمیللەتدا ببیننەوە، سەرکردەکانیان ئاسانتر ئەتوانن بەبەکارهێنانی ڕەمزی نەتەوە(وەک ئالاو یاسای بنچینەیی ومافی هاوولاتییان) خەڵکی جۆش بدەن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان.

نەتەوایەتی چەمکێکی تەجریدییە. خەڵکی لەهەمان کاتدا ئەتوانن لەزۆر دەستەدا خۆیان ببیننەوە. لەزۆر ولاتدا

هاووڵاتی ئەتوانێ لەمانەدا خۆی ببینێتەوە: خێزان، یانە، قوتابخانە، شاری لەدایکبوونی، پارێزگا، ناوچە، ئایین، نەژاد، چین، حزب و وڵاتەکەی. بەڵام ئایا کام لەمانە لەپێشترن؟ ئایا وڵات لەپێش کڵێساوەیە یان کڵێسا لەپێش وڵاتەوە؟ ئایا خۆبینینەوە لە حزبی سیاسیدا، نەژاددا یا ناوچەدا بەهێزترە لە خۆبینینەوە لەنەتەوەدا؟ ئەگەر خۆبینینەوە لەوڵاتدا بەهێزتربێ لەخۆبینینەوەی ناوچەییدا(واتە کاتێ زۆربەی خەڵک وڵاتی لەدەستە ناوچەییەکان بەلاوە گرنگتربێ) ئەوا ئەو وڵاتە لەروانگەی دەروونزانی وکەلتوورییەوە یەکگرتووە. لەناو وڵاتانی جیهاندا ژمارەیەکی کەم ئەوەندە یەکگرتوو و یەک پارچەن کە جارجار تووشی دژایەتی نێوان لایەنە ناوخۆییەکان نەبن. بۆ نموونە لەساڵانی حەفتادا هاوارە نەتەوە پەرستییەکانی سەرکردە سیاسییەکانی ئەمریکا نەیتوانی زۆربەی ئەمریکییەکان رازی بکات بەوەی پشتگیری سیاسەتی دەوڵەت بکەن دەربارەی ڤێتنام. بەرگری ئەمریکاییەکان زیاتر بەهۆی دژایەتی بەها ناوخۆییەکانەوە بوو. زۆر پێشەوای ئایینی رازی نەبوون ئامانجە سەربازییەکانی سەرکردایەتی نەتەوەیی بخەنە سەروو بەها ئایینییەکانی هاووڵاتیانەوە. هەروەها جەنگیان دەکرد لەبەرئەوەی لایان وابوو پێویستییەکانی کۆمەڵگای رەشپێست شایانی ئەوەیە لەژوور ئامانجە نامەعلوومەکانی سەرکردایەتی مىللییەوە دابنرێ.

لەم دوو نموونەیەدا ئەو رەمزانەی پێشەوا ناوچەییەکان بەرزیان دەکردەوە بەلای زۆربەی خەڵکەوە مەعقوولتر بوون لەوانەی پێشەوایانی وڵات بەرزیان دەکردنەوە. چەمکێکی تریش کە لەژێر سەرباسی خۆبینینەوەدا باس دەکرێ چەمکی قبووڵکردنە.بەواتەی دانیاڵ لێرنەر قبووڵکردن بریتییە لەتوانای چالاک هێشتنەوەی جوولان لەبارودۆخێکەوە بۆ بارودۆخێکی تر، هەروەها توانای خۆخستنە شوێن کەسانی تر. لێرنەر دەڵێ:

گرنگی دیاردەی قبووڵ ئەوەیە ئەو میکانیزمە دەروونییە دەردەخات کە بەهۆیەوە، ئەو کەسانەی تازە کەوتوونەتە خۆیان، لەجیهانی هەمیشە لەگۆڕاندا بەشێوەیەکی کاریگەرتر کاری خۆیان ئەنجام دەدەن. بەمانایەکی سادەتر قبووڵ بریتییە لەتوانای فەرد بۆ هەڵبژاردنی شوێنی کەسێکی تر بۆ خۆی. ئەم توانایە بۆ ئەوکەسانە زۆر پێویستە کە ماڵ وحاڵی کلاسیکی خۆیان بەجێ دێڵن. گرنگی توانای قبووڵکردن کاتێ دەردەکەوێ کە ئەفرادی بارکردوو خەڵکی دێهات بن وبەدرێژایی ژیانیان هەموو هاوڕێ وکاروپەیوەندیان لەگوندەکانیاندا بووبێ. لەدەرەوەی ژینگەی گوندو خێڵ ئەمانە دەبێ خەڵکی تر بناسن، دەوری تازە ببینن و، پەیوەندی تازە دروست بکەن.

بەپێی واتەی لێرنەر، قبووڵ لەرێگەی ئاشنایەتی بەزەمینەیەکی بەرفراوانی زانیاری وتەجرەبەی کەسییەوە بەدەست دێ. خوێنەواریی بەرز، شارنشینی وئاگاداربوون لەماس میدیا ئەبنە هۆی بەرزی توانای قبووڵ. هەرچەند قبووڵ بەرز بێ ئەوکەسە باشتر دەتوانێ بیروبۆچوونی سیاسی هەبێ وبەشێوەیەکی کاریگەر بەشداری ژیانی سیاسی بکا.

ئەگەر کارەکانی دۆب و لێرنەر پێکەوە لەبەرچاو بگرین ئەگەینە ئەم ئەنجامە:

١ـ نەتەوەپەرستی لەسەر بنچینەی خۆبینینەوەی ئەفراد لەرەمزی دەزگا مىللییەکاندا وەستاوە.

٢ـ پێش ئەوەی فەرد بتوانێ لەرەمزو دەزگا مىللییەکاندا خۆی ببینێتەوە، ئەبێ لەرێگەی پەروەردەو فێرکردنەوە یان بەتەجرەبە دەرک بەوە بکات کە بەشی میللەتێک بوون یانی چی وچۆن دەزگا میللەییەکان راستەوخۆ تێکەڵاوی ژیانی دەبن. هەتا توانای قبووڵکردنی ئەوکەسە بەرزبێ، توانای ئەو بۆ رەنی دان

وبەشداری کاریگەریتر لەژیانی ولاتەکەیدا زیاتر دەبێ.

## ناکامی ــ شەڕەنگیزی:

ئارەزوو، وەک پێشتر باسمان کرد، ئەو هێزە دەروونییەیە کەبۆ تێرکردنی ئەو پێویستییانەی گوشارێکی زیاترمان دەخەنەسەر، ئازاد دەبێ. کاتێ کەلەبارودۆخی لەباری پێویستییەکاندا، ئارەزوویەک زیاتر ناگەن بەئامانج، خاوەنی ئەوەندە هەست بەدلشکاوی دەکا کەوا زاڵ بوون بەسەر ئەو ناکامییەدا (هۆکەی هەرچییەک بێ) ئەبێتە ئامانجێکی تازە بۆ خۆی. کەسێک کەبەهۆی وەزعی نالەباری( لەگەڵ ئەوەشدا بێ چارەی) کارییەوە تووشی دلشکان دەبێ رەنگە نارەحەتی خۆی بەلێدانی سەگەکەی چارەسەر بکات. ئەلبەتە بەم کارەی چارەی سەرچاوە بێ بەشییەکەی ناکات بەلام سارێژێکی کاتی دەبەخشێ. لەباسێکی تری لەم جۆرەدا (ئەلپۆرت) دەربارەی میکانیزمی گواستنەوە( وەک لێدانی سەگەکە) وناکامی، دەلێ گواستنەوە وەسیلەیەکە بۆ سارێژکردنی ناکامی، کە ئەنجامی بێ توانایی وشکستی شەخسییە، بەداخی دلڕشتن بەسەر دەستەلاوازەکانی کۆمەلدا. هەر لەم بارەیەوە ئەلپۆرت دەلێ دەمارگیری نەژاد پەرستانەی سپی پێستە هەژارەکانی باشووری ئەمریکا نیشاندەری هەولی لاشعوورییانەیانە بۆ خۆ قوتارکردن لە ناکامییەکانیان (کە بەهۆی وەزعی ناسکی خۆیانەوەیە ) وهەست کردن بەرزگاری لەرێگەی خۆ فەرزکردنیانەوە بەسەر هیچ نەبێ بەشێکی کەمی کۆمەل دا.

ناکامی نادیار بەو حالەتە دەوترێ کە ناکامی، بەهۆی بێ بەشبوونی لەیەک یان چەند پێویستییەک، دەروونییە ونەبێ لەهەر دەروازەیەکەوە بێ، وەک هەلنان، پەلامار یان میکانیزمە دیفاعییەکانی تر کە باسکران، کەم بکرێتەوە. بەهۆی ئەوەوە کەلەزۆری رەفتار پەلاماری دا سایەی ناکامی دەبینرێ گریمانەی ناکامی ـ پەلامار هاتۆتەکایەوە، هەتا سەرچاوەی ناکامی کەسێک یا کۆمەلە کەسێک یامیللەتێک بەرفراوانتر بێ، ئەگەری رووداني رەفتاری پەلاماری( یانی داخ پێ رشتن) زیاترە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە هەموو جۆرە ناکامییەک دەبێتە هۆی پەلامار. زۆر ناکامی بەئاسانی لەرێگەی میکانیزمە دیفاعییەکانی تردوە، وەک هەلنان وخەیال کردن، چارەدەکرێ. گریمانەی ناکامی ـ پەلامار دەلێ: ئەبێ بۆ پەی بردن بەهۆیەکانی رەفتاری پەلاماری( هەر لەخۆکوشتنەوە بگرە تا ئاژاوەی ناوخۆو ناکۆکی نێو دەولەتی ) پێویستە بەدوای سەرچاوەکانی ناکامی دا بگەڕێین. باش لێکۆلینەوەی ئاژاوەی ناوخۆی چەندەها ولات، تێر رۆبێرت لای وایە شێوە جۆراوجۆرەکانی ئاژاوەی ناوخۆ پەیوەندی راستەوخۆی بە رادەی بێ بەشییەوە (ناکامییەوە) هەیە، ئەو دەلێ: هۆی سەرەکی ئاژاوەی ناوخۆ ئەو ناڕەزاییەیە کە لە ئەنجامی بێ بەشییەوە دروست بووە. هەتا جیاوازی نێوان ئەوەی کە خەلکی لەو باوەڕەدان مستەحەقیانە و ئەوەی کە لەو باوەڕەدان ئەتوانن بەدەستی بێنن، زیاتربێ، ناڕەزامەندی زیاتر دەبێ. هەتا ناڕەزامەندی لەکۆمەلگایەکدا توندترو بەرفراوانتربێ، ئەگەری ئاژاوە توندترو بەرفراوانتر دەبێ، لەولاتانی بەریتانیاو ئەمریکاو باکووری ئەورووپا، بەهۆی جیاوازی کردنی نەژادییەوە، ناکامی پەیوەندییەکی قوولی بە ئاژاوەوە هەیە، بەڕادەیەک ئەتوانین سێیەکی هەموو شەڕوپێکدادانە ناوخۆییەکان بگێڕینەوە بۆ جیاوازی ڕادەی بێ بەشییە بەردەوامیەکان.

**بەکەلک هاتن:** تائێستا باسی سیاسەتمان کردووە وەک وەسیلەیەک بۆ ڕازی کردنی پێویستییە دەروونییەکان و لەناوبردنی بێ بەشییە بەهێزەکان. جگە

لەمانە، زۆر بەڵگە بەدەستەوەیە بۆ ئەوەی زۆر رەفتاری سیاسی، وەک رەئی دان وناستی بەرزی پشت پێ بەستنی سیاسی( کە بۆ راگرتنی یەکگرتوویی وڵات وبەڕێوەبردنی مۆدێرنی دەوڵەت پێویستن)، راستەوخۆ پەیوەندی هەیە بەخۆگونجاندنی ئیجابی دەروونی خەڵکەوە لەگەڵ کۆمەڵگاکەیدا.

زاراوەی بەکەڵک هاتن بۆ دەربڕینی سیفەتەکانی خۆگونجاندن بەکار دەهێنرێ، کە بریتین لەوەی تاک هەست بکات بەکەڵکی دێت، بەوانەی بەستراوەتەوە، ریزی لێ ئەگیرێ و هەڵسوکەوتی واقیعی خۆی لەگەڵ ئەو ئایدیالەدا کە بۆخۆیی لەبەرچاو گرتووە رێکدەکەوێ. گەرچی دەروونزانەکان زۆر سوودیان لەچەمکی بەکەڵک هاتن وەرنەگرتووە بەڵام زانایانی سیاسەت زۆریان بەدڵە. رۆبێرت لەین لەم بارەیەوە دەڵێ:

هەستی زاڵبوون وکۆنترۆڵکردنی خود وژینگە، کە لەمناڵییەوە پەروەردە دەبێ و ژینگە بەهێزی دەکات( یان رێی لێدەگرێ)، شێوەی گشتی هەستی بەکەڵکهاتن وەردەگرێ. هەستی بەکەڵکهاتنی سیاسی خەڵک هاندەدا کەدەربارەی رەوتی سیاسی خۆیان هۆشیارترین، بۆچوونەکانیان وریایانەترو دڵسۆزتر بێ ولەڕەوتی سیاسیدا باشتر بەشداری بکەن. ئەو کەسەی هەستێکی لاوازی هەیە دەربارەی بەکەڵک هاتنی سیاسی رەنگە لەجیهانێکی داخراوی پڕ لەگێرەو کێشەی شەخسیدا خۆی زیندانی بکات.

عادەتەن چینەکانی سەرەوە کە وەزعیان باشترە، حەزدەکەن هەستی بەکەڵکهاتنێکی سیاسی زیاتریان هەبێ. ئەمەش بەهۆی ئەزموونی خۆیانەوە لەکۆنترۆڵکردنی ژیانی تایبەتی خۆیان وهەڵسەنگاندنی واقیعبینانەی کاریگەری دەسەڵاتیان. چینەکانی خوارتر حەزدەکەن دەسەڵاتی خۆیان لەگەڵ دەسەڵاتی چینەکانی سەرەوەدا بەراورد بکەن وبەم کارەش هەستی خۆ بەکەم زانینی کۆمەڵایەتی خۆیان بەهێزتر دەکەن. رەشپێستەکان تەنیا لەناوچەکانی باکوری ئەمریکادا دەسەڵاتی سیاسی خۆیان لەگەڵ دەسەڵاتی لەوەش کەمتریاندا لەبوارەکانی تری ژیاندا بەراورد دەکەن، بەمەش هەستێکی بەرزی بەکەڵکهاتنی سیاسی بەدەست دێنن. بەگشتی ئەگەر تواناو دەسەڵاتی، یان بەکەڵکهاتنی پیشەیی، کەسێک روو لەکەمی بێ ئەوا بەکەڵکهاتنی سیاسیشی کەم دەبێتەوە. لەوە دەچێ هەستی بەکەڵکهاتنی سیاسی شان بەشانی تێکەڵاوبوون لەگەڵ پیشەو ئەقابەو ژیانی ئاڵۆزی شارنشینیدا، روو لەزیادی بێ و گوندو شارۆچکەنشینی و پەیوەندی رووبەڕوو لەگەڵ سیاسەتکارەکاندا ئەو هەستە کەم بکاتەوە. هەستی لاوازی بەکەڵکهاتنی سیاسی ئەتوانێ شتێکی لەم بابەتە قبووڵ بکا کەگوایە دەستەیەک لەخاوەن دەسەڵاتەکانی وۆڵ ستریت لەدوورەوە بەهەموو توانای خۆیان حکومەتی ئەمریکا بەڕێوەدەبەن. هەروەها هەستی لاوازی بێ کاریگەری لەسەر دەوڵەت دەبێتە هۆی ئەم بۆچوونە کەگوایە دەوڵەت توانای ئەنجامدانی هیچ هەنگاوێکی کاریگەری نییە.

چەند لێکۆڵەرەوەیەکی تریش لەشیکردنەوەی وەڵامی رەئی دەرە ئەمریکاییەکانەوە هەمان بۆچوونیان تەئکید کردووە کەوا هەستی بەکەڵکهاتن هۆکارێکی گرنگی شیکردنەوەی سیاسییە.

گرنگی سستبوونی کاردانەوەی فەردی یەکێکە لە لایەنە گرنگەکانی کاردانەوەی فەرد بەرامبەر بەسیاسەت بەگشتی. هەندێ کەس لایان وایە سیاسەت دنیایەکی ئاڵۆزەو خەڵک تێ ناگات وهاووڵاتی ئاسایی ناتوانێ خۆی لەقەرەی بدات. هەندێکی تریش بەپێچەوانەوە

لایان وایە هەموو هاووڵاتییان ئەتوانن لەکاروباری دەوڵەت تێ بگەن وکاری تێبکەن. رادەی رەنی دان راستەوخۆ دەگۆڕێت لەگەڵ رادەی هەستی بەکەڵکهاتنی سیاسیدا.

**ئیدراک، ناسین، بۆچوونی سیاسی:**

لێرەدا باسی ئیدراک وناسین دەکەین. پێزانین بەهەندێ لە هاندەرەکان( منبە ) وپێ نەزانینی هەندێکی تر لەرێگەی ئەندامەکانی هەستەوەپێی دەوترێ ئیدراک. پرۆسەی تاووتوێکردن وشیکردنەوەی ئەم زانیارییە ئیدراک کراوانەش پێی دەوترێ ناسین. ئەڵبەتە تێگەیشتنی چۆنێتی ئەم دوو پرۆسەیە بەهۆی ئاڵۆزی وپەی پێ نەبرانی مێشکی مرۆڤەوە، ئاسان نییە بەڵام تاقیکردنەوەی کۆنترۆڵکراوو لێکۆڵینەوەی رەفتاری کۆمەڵایەتی ئەم مەسەلانەی خوارەوەی سەلماندووە.

یەکەم، ئەو شتانەی ئاشنان زۆر ئاسانتر لەشتی نائاشنا دەرکیان پێ دەکرێ. پاڵەوانانی چیرۆکە پۆلیسییەکان، لەبەرئەوەی سەرلەکاروباری پۆلیسی دەردەکەن، عادەتەن دەرک بەو شتانە دەکەن کەخەڵکی تر هەستیان پێ ناکەن، چونکە ئەو ئەزانێ بەدوای چیدا ئەگەڕێ. هاوڕێیان یەکسەر بۆ نوکتەکانی بەینی خۆیان پێ دەکەنن بەڵام ئەگەر نائاشنایەک گوێی لێبێ نازانێ مەسەلە چییە. کاتێ ئەتوانین لە مانای هاندەرێک بگەین ودەرکی بکەین کە زانیارییەکی کۆمان دەربارەی گرنگی ئەو هاندەرەوە هەبێ.

دووەم، ئیدراک لەژێر کاریگەری بەهێزی ئەو شتەدایە کە لەوساتەدا چاوەڕێی ئەکەین (بەپێی پێویستی ئەوکاتە). بۆ نموونە کاتێ کە زۆر برسیمان بێ، مێشکمان بەخەیاڵی خۆراک دەناخنرێ وهەرشتێک پەیوەندی بەخواردنەوە بێ بەئاسانی دەرکی دەکەین هەر هاندەرێکیش پەیوەندی بە خواردنەوە نەبێ پشت گوێی دەخەین. زۆربەی میکانیزمە دیفاعییەکانی باسمان کردن بریتین لە هەوڵدان بۆ پاراستنی خود وتێرکردنی پێویستییە دەروونییەکان لەرێگەی جۆرە ئیدراکێکی لاشعوورییانەوە کە پێی دەوترێ ئیدراکی هەڵبژاردە.

کەسان بەشێوەیەکی گشتی هەوڵ ئەدەن هاوئاهەنگی وهاوسەنگییەک لەنێوان پارچەکانی جیهانی فیکری خۆیاندا راگرن و حەز دەکەن رەفتاری واقیعییان لەگەڵ وێنەی ئایدیاڵی خۆیاندا رێک بکەوێ. ئەگەر زانیارییە تازە دەرککراوەکان پێچەوانەی بیروڕاو بۆچوونەکانی خاوەنی بێ ئەوا هاوسەنگی دەروونی تێک دەچێ وهاوئاهەنگی دەبێ بەرێنەکەوتن. وەک ئەوەی تازە ئۆتۆمبیلێکت کڕی بێ ولەرۆژنامەیەکدا بخوێنیتەوە کە ئەوە خراپترین ئۆتۆمبیلە، دلگران دەبی، وەیان پاش ئەوەی دژی تێکەڵاوبوونی رەشپێست وسپیپێستان لە قوتابخانەکاندا دەنگت دابێ، گوێت لە ئامۆژیارێک بێ بڵێ ئەو دژایەتییە نیشانەی دەمارگیری وکەللەرەقی و بەدڕەوشتییە، ئەوا تا رادەیەک دووچاری ناهاوسەنگی دەبی. وەیان ئەگەر تۆ لایەنگری پارتی کۆماری بیت لەدەنگوباسی شەودا گوێت لەهەواڵێک بێ دەربارەی خراپی وبێ ئیعتیباری وفڕوفێڵی سەرۆکایەتی ئەو پارتە، بێگومان تارادەیەک تووشی ناهاوسەنگی دەبی.

لەپێناوی کەمکردنەوە یان لەناوبردنی ئەم جۆرە ناهاوسەنگییەدا، کەسان هەوڵ دەدەن ئەو زانیاریانەی کەمایەی ناهاوسەنگین دەرک نەکەن یان بەکەیفی خۆیان بیانگۆڕن. هەروەها هەوڵدەدەن زانیارییەک هەڵبژێرن کە بیروبۆچوونی خۆیان بەهێز دەکا. بۆ نموونە خاوەن ئۆتۆمبیلەکە لەجیاتی ئەوەی ستوونی رەخنەی رۆژنامەکە بخوێنێتەوە، ئەو ستوونە دەخوێنێتەوە کە وەسفی ئۆتۆمبیلی

لەوجۆرەی ئەو دەکا. دەنگدەرەکەش لەجیاتی ئەوەی گوێ لەقسەی کابرای لایەنگری تێکەڵاوی قوتابخانەکان بگرێ ئەچێ قسەی سیاسەتکارێک دەخوێنێتەوە کە ستایشی دەوری قوتابخانە جیاوازە ناوچەییەکان دەکا. هەروەها کابرای لایەنگری پارتی کۆماری ناچێ وتاری دژبە کۆمارییەکان سەیر بکات بەڵکوو ستوونێکی تر دەخوێنێتەوە کە مامەڵەی ناودارانی پارتی دیموکرات دەخاتە ژێر پرسیارەوە. ئەگەر مێشک نەتوانێ ئەو هاندەرانە پشتگوێ بخات کە ناهاوسەنگی دروست دەکەن، فرۆفێڵی تر بەکار دەهێنێ. بۆ نموونە دەڵێ ئەو دەنگوباسانە درۆن ودەزگا لیبراڵەکان رۆژنامەکان بەرێوەدەبەن. وەیان هەوڵ دەدات ئەو زانیارانەی ناهاوسەنگی دروست دەکەن، بەلای خۆیدا بشکێنێتەوەو وای لێک بداتەوە کە دژی ئەونین. تەنیا کاتێ ئەتوانین بەشێوەیەکی کاریگەر کەڵک لەو هەموو هاندەرە جۆراوجۆرە وەربگرین کە لەرێگەی ئەندامانی هەستەوە پێمان دەگات، ئەگەر تاووتوێ وریزکراین. ئەم ریزکردن وکۆکردنەوەیە یارمەتیمان دەدا ژمارەیەکی بێ پایان هاندەر دەرک بکەین ووەڵامیان بدەینەوە. بۆ نموونە لەکۆکردنەوەی فیکریدا هەرچی زانیاریمان دەربارەی رەشپێستەکانە لەیەک خانەدا دادەنرێ. بەو جۆرەش خانەی( رەش)،(ئیتالیایی)،(یەهوودی) وە (کاسۆلیک)، کە لەگەڵ هەریەکەیاندا بیروڕامان دەربارەیان هەڵدەگرین؛ بۆ نموونە( باش، خراپ، بێ لایەن، بێ زەرەر، نارام). بەم جۆرە ئەگەر هاندەرێکی تازە دەرککراو پێویستی بە وەڵامدانەوەیەک دەربارەی رەشپێستەکان وەڵام دانەوەکەمان بریتی دەبێ لەبۆچوونێکی تایبەتی کورتکراوەی هەموو زانیاری وتاقیکردنەوە کۆنەکانمان دەربارەی رەشپێستەکان، کە تەنانەت هەڵسەنگاندنێکی عاتیفیش دەگرێتەوە دەربارەی باشی وخراپیان،

کەواتە بۆچوون بریتییە لە رێبازی پتەوی پێشوومان لە رەفتارو کاردانەوەدا، بە ئاراستەیەکی دیاریکراو، دەربارەی خەڵکی وشت ودەزگاو بابەتی جۆراوجۆر.

چۆنێتی ئیدراک وهەڵسەنگاندنی زانیارییە تازەکان لەسەر بۆچوونەکانی ئێستای ئەو کەسە وەستاوە. وەک پێشتر باسمان کرد ئەو زانیاریانەی لەگەڵ بۆچوونی ئێستامان دا ناگونجێ، یان زۆر بایەخیان پێ نادەین، یان پشتگوێیان دەخەین یان بەهەڵە لێکیان دەدەینەوە وەیان پارچەپارچەیان دەکەین( یانی بەجۆرێک رێکیان دەخەین کە بتوانین لایەنی دژایەتییەکەی پشتگوێ بخەین). بۆچوون هەرچەند پتەوتر بێ زیاتر بەرگری گۆڕان دەکا.( خاوەن باوەڕانی ڕاستەقینە)، وەک پێشتر باسمان کرد، میکانیزمی ناسینیان قایم ودیاریکراوە. جیهانی ئەوانە تەنیا دووڕەنگی تێدایە، رەش وسپی، جیهانێکی روون وئاشکرا کەتیایدا هەموو شتێک یا باشە یا خراپ، یا راستە یا هەڵە. ئەگەر رووبەڕووی زانیاریی پێچەوانەی بیروباوەڕیان ببنەوە، میکانیزمی ناسینیان ئەو زانیارییانە بەفێڵێکی گومڕاکەر دادەنێ وئەمەش بەلایانەوە باشترین شێوەی ناسینی ئەو جۆرە زانیارییانەیە.

چەمکەکانی پەیوەندیدار بە ئیدراک وناسینەوە، زۆر پرسیاری سیاسیمان بۆ راست دەکاتەوە. هەوڵدان بۆگۆڕینی بۆچوونەکانی خەڵک و هاندانیان بۆ قبووڵ کردنی لایەنداری وبیروڕای تازە، چ لەململانێی سیاسیی ئەمریکاو چ لەخەباتی نوێخوازیی وڵاتانی پەرەسێندا تەنیا بەوە نابێ زانیارییە واقیعییەکان بە خەڵک بوترێ وبەهیوای ئەوە بی راستییەکان خۆیان هەموو شتێ روون بکەنەوە. پروپاگەندەکەری سیاسی کە ئەیەوێ گوێگرەکانی بۆچوونی خۆیان بگۆڕن وکاری پێ بکەن ئەبێ زانیارییەکانی بەجۆرێک دەرببڕێ لەگەڵ

ڕێبازی ناسینی گوێگرەکاندا بگونجێ. ئەم کارە ئەم چەند هەنگاوەش دەگرێتەوە:

١ـ سەرنج ڕاکێشانی گوێگرەکان.

٢ـ چوونە ناو میکانیزمە دیفاعیەکانیانەوەو تێکنەدانی هاوسەنگی ناسینیان.

٣ـ بەهێزکردنی ئەو بۆچوونانەیان کە ئەتوانن ببنە کۆگای بیروڕا تازەکانی پروپاگەندەکەر.

ئێروینگ جانیس وبروستەر سمیث، بۆ بەدەستهێنانی ئەم مەبەستە، لیستەیەک مەسەلەی تاقیکردنەوەییان بۆ زانایانی سیاسەت وپروپاگەندەکەرەکان ئامادە کردووە. ئەوانەی لەخوارەوە باسیان دەکەین زیاتر پێ لەسەر چوونە ناو میکانیزمەکانی بەرگری گوێگرو پاراستنی هاوسەنگی ناسین دادەگرن.

١ـ ئەگەر گوێگران بکەونە ژێر کاریگەری بانگەشەی بیروڕایەکی تازەوەو داوایان لێ بکرێ بەشێوەیەکی ئاشکرا هەڵوێستی خۆیان دەربارەی دەرببڕن، دواتر ئەگەر بکەونە بەر بانگەشەی پێچەوانە، هەڵوێستیان لاوازتر دەبێ.

٢ـ ئەو سەرچاوانەی کە گوێگرەکان بەراست وجێگەی بروایان دادەنێن، هاندان وگۆڕین ئاسان دەکەن، ئەو سەرچاوانەش کەبەلای گوێگرەوە بێ ئیعتیبارن ڕێگە لەکارتێکردن دەگرن.

٣ـ ئەگەر وتەبێژ بیەوێ بیرو ئەندێشەی نائاسایی و تازە بخاتە مێشکی گوێگرەکانەوە، ئەبێ سەرەتا ئەوانەیان بۆ باس بکات کە بەلای گوێگرەکانەوە مەعقوولترن پاشان ئەوانی تر بۆ ئەوەی سەرچاوەی قسەکان گونجاوتر بێتە پێش چاوی گوێگر.

٤ـ پاش ئەوەی سەرنجی گوێگرەکان بۆ باسەکەی ڕادەکێشێ، وتەبێژ ئەگەر بیەوێ قسەکانی بچنە مێشکی گوێگرەکانەوەو لەبیریان نەچێتەوە ئەبێ خۆی وەکوو بێ لایەن دەربخات نەک لایەنگری مەسەلەیەکی دیاریکراو، وە ئەبێ پەیتا پەیتا بێ لایەنی خۆی بداتەوە بەگوێی گوێگرەکاندا.

٥ـ کاریگەری سیلبی ونیجابی بەتێپەڕبوونی کات دەگۆڕێن. ئاگادارینامەیەکی هاندەر ئەگەر سەرچاوەکەی جێگەی ڕێز و باوەڕپێت، سەرەتا کاریگەرییەکی ئیجابی زۆری دەبێ وپاشان وردەوردە تەئسیری کەم دەبێتەوە. بەپێچەوانەوە ئەگەر سەرچاوەکە جێگەی باوەڕ نەبێ، لەسەرەتاوە ڕادەی باوەڕپێکردنی کەم دەبێ بەڵام وردەوردە بەتێپەڕبوونی کات زیاتر باوەڕی پێ دەکرێ.

٦ـ ئەگەر ئەو باسەی وتەبێژ باسی دەکات بەتەواوی پێچەوانەی بیروڕای گوێگربێ، باشتروایە وتەبێژ تەنیا باسی بۆچوونی خۆی نەکات بەڵکوو بۆچوونی پێچەوانەش بخاتە ژێر لێکۆڵینەوە.

٧ـ تەنانەت ئەگەر هەر لەسارەتاشەوە بۆچوونی گوێگر پێچەوانەی وتەبێژ نەبێ، هەرباشتر وایە مەسەلەکان لە هەردوو سەرەوە باس بکرێن تاوەکو گۆڕانی هەمیشەیی لەبیرو ئەندێشەی گوێگردا ئاسانتر ڕووبدات، بەتایبەتی ئەگەر بارودۆخ جۆرێک بێ ڕەنگ بێ گوێگر ڕێی بکەوێتە بانگەشەی پێچەوانە.

**سەرچاوە:**
**نگرشی جدید بەعلم سیاست**
**نوشتە: مونتی پالمر، لاری ا شترن، چارلزگلدین**
**ترجمە فارسی: منوچهر شجاعی**
**چاپ ١٣٧٢**

# کوردستان وچوونە ناو بازنەی قەڵەمڕەوی عوسمانییەکانەوە

ەعدی عوسمان
اجستێر لە کۆلێژی
اداب بەشی مێژوو
نکۆی سەلاحەدین

## فراوانخوازیی عوسمانییەکان لە کوردستان و ئیدریسی بەتلیسی

لەنیوەی دووەمی سەدەی شازدەهەم، کەسایەتییەکی راستەوخۆی کاریگەر لەسەر رووداوەکانی کوردستان هەبوو کە بەپێی ئەو رۆڵەی سوڵتان سەلیمی یەکەم (١٥١٢-١٥٢٠) بۆی دیار کردبوو، کاری دەکرد، رۆڵی ناوبژیوانی ببینێ لە نێوان میرە کوردەکان و سوڵتانی عوسمانی لەکاتی شەڕی چالدێران و دواتریش، ئەو کەسایەتییەش ئیدریسی بەتلیسی بوو کە پێگە ئایینییەکەی خۆی لای کوردەکان قۆستەوە و چەند رێگایەکی دیپلۆماسی بەکارهێنا بۆ هاندانیان بۆ یارمەتیدانی دەوڵەتی عوسمانی لەکاتی ململانێیدا لەگەڵ دەوڵەتی سەفەویدا، هەروەها دواتریش رۆڵێکی چالاکانەی تری بینی، هەروەک دەبینین، هەر بۆیەش بە پێویستی دەزانین شتێک دەربارەی ژیاننامەی ئەو کەسایەتییە بنووسین بۆ تێگەیشتنی ئەو رووداوانەی کە رۆڵی تەواوی تێدا هەبوو.

## ژیاننامەی ئیدریسی بەتلیسی:

ئیدریسی کوڕی (حوسامەدین)ی کوڕی (عەلی)یە، ناسراوە بە (بەتلیسی) لەبەرئەوەی لە بنەچەی شاری بەتلیس بووە، پێی دەگوترا (مەولانا) یان (حەکیمەدین)و [1] نازناوی (ئەمیرەک)ی بۆ خۆی هەڵبژارد تاکو ئەو هەڵبەستانەی بڵاوی دەکردنەوە پێی مۆر بکات[2].

بیرۆکەیەکی روونمان دەربارەی پێگەیشتن و ژیاننامەی بەر لە دەرکەوتن و بەرزبوونەوەی لەسەر شانۆی رووداوەکان لەبەردەستدا نییە، بەڵام دەتوانین بڵێین لە ژینگەیەکی ئایینیی پەروەردە بووە، باوکی (حوسامەدین) یەکێک بووە لە خەلیفەکانی رێبازی نوربەخشی [3]، «کتێبی ئیدریسی بەتلیسی کە مامۆستا شوکر مستەفا لە تورکییەوە کردوویە بە کوردی لەلایەن سەنتەری برایەتییەوە ئەمساڵ بە چاپ گەیەنراوە -**سەنتەری برایەتی**» ، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو رێبازە ئایینییە کاری تێکردووەو زۆر سروشتیش بووە کە باوکی بۆ فێربوونی قورئانی پیرۆزو زمانی عەرەبی ئاراستەی بکات، واش دەردەکەوێ کە لە شارەکەی خۆی لەسەر خوێندن بەردەوام بووەو دوای ئەوەش بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەی چووەتە ئێران [4] ، ئەگەرچی ئێمە وردەکاری

خوێندنەکەی و شێخەکانی نازانین بەڵام باڵادەستی لە زمانەکانی فارسی و عەرەبی و تورکی [٥] نیشانەیەکە بۆ ئەوەی کە ئەدەبی زمانە ئاماژە بۆکراوەکانی سەرەوەی لە شێخەکانی ئەوکات وەرگرتووە، بە نووسینەکانی و زانینی دەستووری نامەگۆڕینەوە رەسمییەکان ناسرابوو، چونکە چەندین لەو جۆرە نامانەی بە ناوی میرو پاشاکانەوە نووسیوە کە بەتلیسی لە بارەگاو سەراپەردەیاندا بە پایەی نووسەر (میرزا)کاری دەکرد، هەر ئەوەش ناوو ناوبانگێکی ئەدەبی فراوانی بۆ دەستەبەر کرد، لەو بەڵگانەی کە ئەماژە بۆ ئەو راستییە دەکەن، ئەو نامە پیرۆزباییەیە کە بەناوی سوڵتان یەعقوبی کوڕی حەسەنەدرێژی ئاق قۆینلو (١٤٧٩-١٤٩٠)[٦] بۆ سوڵتان بایەزیدی دووەم (١٤٨١-١٥١٢) بەبۆنەی سەرکەوتنی نووسیبووی، سوڵتان بایەزید بەشێوازە پڕ هونەرو سەرکەوتووەکەی گیرۆدە بوو و هەوڵیدا بۆ بارەگاو سەرا پەردەی خۆی رایکێشێ[٧].

( گردلیفسکی) دەڵێ، ئیدریسی بەتلیسی (پیاوی دەوڵەت) بووە [٨]، ئەوەش قسەیەکی رەوایە، چونکە چەندین پایەی گرنکی لە بارەگای دەوڵەتەکانی ئاق قۆینلو و سەفەوی و عوسمانی یەک لە دوای یەکتر وەرگرتووە، کە بۆ یەکەم جار وەک نووسەرێکی تایبەتی سوڵتان (یەعقوبی کوڕی حەسەنەدرێژ)ی ئاق قۆینلو لە پایەکانی حکومەت بەشداری کردووە، دواتر پلەو پایەی بەرزتربووەتەوە تا وای لێ هاتووە کورسی وەزارەتی پێسپێردراوە، هەر لەو ماوەیەشدا سەردانی سوڵتان بایەزیدی دووەمی کردوەو کتێبی (هەشت بەهەشت)ی [٩] بۆ داناوە، دواتریش پایەی (موهردار- مۆر هەڵگر)ی لای (شا ئیسماعیل)ی سەفەوی پێسپێردراوە، دوای ئەوەش کە هەستی بەسەرکەوتنەکانی دەوڵەتی عوسمانی کرد لایەنگیری کرد [١٠]. ئەو هەڵوێستەی ئەو دواییەشی لەوانەیە لەژێر رۆشنایی ئەو پەندەبێ کە دەڵێ (لەگەڵ بەهێزترین بە)، بەتلیسی بەردەوام بوو لە خزمەتکردنی عوسمانییەکان تاکو هاتنی سوڵتان سەلیمی یەکەم بۆ فەرمانڕەوایی، لەو سەردەمەدا پایەی بەرز بووەوەو سوڵتان کردییە دادوەری سەربازی و لەگەڵ خۆشی بردی بۆ ئەو پەلامارەی کردییە سەر ئێران و میسر، لەهەمان کاتیشدا پەیوەندی پێوە دەکردو کردییە راوێژکاری خۆی و لەمەترسیدارترین کاروباری دەوڵەت، کارگێڕی و سەربازی و رامیاری، رای وەردەگرت [١١]، سوڵتان سوودی لێوەرگرت بۆ ئەوەی کوردستان بەرێگای ئاشتیخوازانە بخزێنێتە ناو بازنەی قەڵەمڕەوی عوسمانییەکانەوە، ئەوەش بە قۆستنەوەی پێگە ئایینی و ئەدەبییەکەی لەناو کورداندا [١٢]، ئەو کوردانەی بڕوایەکی ئەوتۆی بەهێزیان بە کەسایەتییە ئایینییەکان هەبوو کە هەندێکیان هیچ کارێکیان ئەنجام نەدەدا تاکو راوێژیان پێ نەکردبوونایە [١٣]. سەرەڕای سوود وەرگرتن لە توانا سەربازییەکەی، کە فەرماندەیەکی گەشەدار بوو [١٤]، سەرباری ئەوەش بەتلیسی چەند دانراوێکی مێژوویی و ئەدەبی هەبوو، شان بەشانی کتێبی (هەشت بەهەشت)ی پێشوو، دەڵێن کتێبێکی مێژوویی تری بەناوی (مێژووی ئیدریسی بەتلیسی) هەبووە، هەروەها کتێبی (حیاة الحیوان- ژیانی ئاژەڵ)ی دەمیری بۆ زمانی تورکی گۆڕیوەو کتێبی (سەلیم نامە)ی دەربارەی ژیانی سوڵتان سەلیمی یەکەم بە پەخشان و هەڵبەست نووسیوە، بەڵام تەواوی نەکردووە [١٥].

لە کۆتاییدا دوای ژیانێکی پڕ چالاکی، بەتلیسی لە ئەنجامی هیواو ئاواتە زۆرەکانی دووچاری هەست کردن بە نائومێدی و مافخوراوی بووە، ئەوەش لە

پارچە هەڵبەستێکی دەردەکەوێ کە لە میسر نووسیویەتی و تیایدا هاوارو هانا دەباتە بەر سوڵتان سەلیم و جەورو ستەمی سەرشانی نیشاندەداو لە هەمان کاتیشدا بەوە گەفی لێدەکات کە دەچێتە پاڵ شا ئیسماعیلی سەفەوی [١٦]، بەرامبەر بەو هەڵوێستەی سوڵتان لێی تورە دەبێ و فەرمان دەردەکا بە دوورخستنەوەی لە میسر بۆ ئەستەمبوڵ، بەسواری پاپۆڕێکی جەنگی لە پاپۆڕە گەشتییەکانی عوسمانی، کە بەبێ پشتوپەنا تاکۆتایی ژیانی لە ساڵی (١٥٢٠)، هەمان ساڵی کۆچی دوایی سوڵتان سەلیم، تیایدا ژیاو تەرمەکەشی لە گۆڕستانی (ئەبی ئەیوب ئەلئەنساری) نێژرا[١٧]. ڕۆڵیشی لەلاپەڕەکانی لەمەودوا دێن، دەردەکەوێ.

## گواستنەوەی ملاملانێی عوسمانی- سەفەوی بۆقوولایی کوردستان:

دەرمانخست کە کورد لە چەندین شارو شارۆچکەدا شۆڕشیان دژی فەرمانڕەوایی سەفەوییەکان بەرپاکردو لە هەندێکیشیاندا سەربازگە سەفەوییەکانیان وەدەرنا، ئەوەش بەهۆی کاریگەریەتی ئەو پروپاگەندەیەی عوسمانییەکان بوو کە ئیدریسی بەتلیسی جێبەجێی دەکرد، ئەوەی کە زیاتر هێزو کاریگەریەتی ئەو پروپاگەندانەش دەردەخا، ئەوەیە کە ئەو شۆڕشانە لە کاتێکدا روویاندا کە هێشتا تاکە کەسێکی سوپای سوڵتان نەهاتبوونە ناوییەوە [١٨]. سەرەڕای ئەوەش سوڵتان سەلیمی یەکەم، جارێکی تر ئیدریسی بەتلیسی بۆ کوردستان ڕەوانەکرد بۆ تەواوکردنی کارەکەی، کە بەتلیسی خۆشی دەڵێ: «سوڵتان سەلیمی یەکەم، ناسراو بە یاوز، فەرمانی پێکردم لەکاتی گەڕانەوەدا لە فەتحی تەوریز لەگەڵ هەموو میرە کوردەکانی کوردستان هەوڵبدەم تا بێنە ژێر بارو ڕکێفی سوڵتان و پەیمان و بەڵگەنامەی ئیسلامییان پێدەم بۆ کارکردن لەسەر دروستکردنی شاو میرەکانی کوردستان و بەڕێوەچوونیان لەژێر سایەی عوسمانییەکان» [١٩]. ئەوەو کۆششەکانی بەتلیسی زرو بێبەر نەبوون، هەرچەندە هەندێ لە میرە کوردەکان دوودڵ بوون لەسەر ڕازیبوون بەسەرورەیەتی عوسمانییەکان و لەژێر سایەی دەوڵەتی سەفەویش مابوونەوە، کەچی بەتلیسی لە یەکەم بەیەکگەیشتنی لەگەڵیاندا توانی لایەنگیری بیست وپێنج میر دەستەبەر بکات (لەناویانیشدا میرەکانی پێشوو) [٢٠].

## گەڕانەوەی سەفەوییەکان بۆ گۆڕەپانی ململانێ:

دوای بەجێهێشتنی لەلایەن عوسمانییەکانەوە، شا ئیسماعیلی سەفەوی گەڕایەوە بۆ (تەوریز) و دوای گەڕانەوەشی دەستیکرد بە خۆئامادەکردن بۆ گێڕانەوەی ئەو دەسەڵاتانەی لە کوردستان لەدەستیدابوو، پەلامارێکی لەژێر فەرماندەیی قەرەخان [٢١] بۆ سەر دیاربەکر ڕێکخست کە ئەوەی دواییش ئۆردیەکانی قەڵای ماردین و ئۆرفەی لەگەڵ خۆی بردو دیاربەکری بەتوندی ئابلۆقەدا، کەچی خەڵکەکەی بەرگرییەکی شێلگیرانەیان لێکردو هانایان بردە بەر سوڵتان سەلیم کەتفاقی لە ئۆردوی ئەماسیە خستبوو، هێزێکی بە فەرماندەیی (حاجی بکتا ئەحمەد) بۆ ناردن و توانی بگاتە دیاربەکرو درز بخاتە ناو ریزی ئابلۆقەدەرانی ئەو شارەو بۆ لایەنگیری دانیشتوانەکەی، بچێتە ناو قەڵاکە [٢٢]، شا کۆمەکی بۆ (قەرەخان)ی فەرماندەی لەشکرەکەی نارد، لەوکاتەی کە فریاگوزارییەکانی ئێران بەڕێوەبوون لە دەورووپشتی ئەرجیش [٢٣] ئیدریسی

هەولێرنامەی کتێب

بەتلیسی بەهۆی ئەو هێزانەی لە بەتلیس و موکس وساسون کۆی کردبوونەوە توانی بەناکاوی دەست لەو هێزانە بوەشێنێ و بەسەریاندا سەربکەوێت و هێزەکانی ئێرانی بڵاوە پێبکات [٢٤].

هەرکە سوڵتان سەلیم لە شاڵاوەکەی بۆ سەر (علاء‌الدولە) تەواو بوو و میرنشینەکەی لەناوبرد [٢٥] یەکسەر محەمەد بیقلی پاشای [٢٦] خەڵکی (بایبورد)ی [٢٧] بە چەندین هەزار سەرباز نارد تاکو شانبەشانی بەتلیسی، بۆ لابردنی ئابلۆقەی سەر دیاربەکر، بجەنگن [٢٨]، بیقلی پاشاش فەرمانەکانی لە فەرهاد پاشا وەردەگرت، کە سوڵتان سەلیم دوای چالدێران هێشتبوویەوە بۆ تەواو داگیرکردنی ناوچەکانی سنووری دەوڵەتی عوسمانی لە کوردستان [٢٩]، هەروەها سوڵتان نامەیەکی بۆ بەتلیسی نارد، تیایدا بەو هاریکارییەی بۆی ناردووە ئاگاداری دەکاتەوە، بەتلیسیش کەوەری دەگرێ لە (حصن کیفا) بووەو دواتر ئەوەی دوایی لەلایەن خۆیەوە، کاغەزێک بۆ محەمەد بیقلی پاشا دەنووسێ و شوێنی بەیەکتر گەیشتنیان لە (حصن کیفا) دیاردەکا، لەوێدا ئەو هێزە ناوبراوانە دەگەنە ئیدریسی بەتلیسی، کە لەشکرێکی کوردی دەهەزار جەنگاوەری لەژێر فەرمانەدی دابوو و لەسەرکردایەتی لەشکرەکەشی سێ فەرماندە هەبوون کە ئەمانەبوون: قاسم بەگ (میری ئەگیل)و جەمشیر بەگ(میری پالو) و حوسێن بەگ[٣٠] (میری خەربوت)، هەروەها دواتر هێزەکانی میرنشینی بادینان، کە پێکهاتبوو لە پێنج هەزار جەنگاوەر گەیشتنە ئەوێ [٣١]، ئەو هێزانە بەرەو دیاربەکر بەرێکەوتن، قەرەخانیش هەستی بەوەکرد ناتوانێ رووبەرووی ئەو هێزانە بێتەوە، بۆیە وازی لە ئابلۆقەدانی دیاربەکر هێناو بەخۆی و لەشکرەکەی بەرەو ماردین رایان کرد، بەوەش رێگا خۆشبوو لەبەردەم هێزەکانی عوسمانی و کوردی بۆ چوونە ناو دیاربەکر [٣٢] لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٥١٥[٣٣]. دوای ئەوە بڕیاردرا ئەو هێزانە بەرەو ماردین بخشێن، بەڵام شێوازی دیپلۆماسییان پەسندکردو دەرگای گفتوگۆخرایە سەرپشت لەنێوان نوێنەری خەڵکی ماردین (سەید عەلی)و لەنێوان ئیدریسی بەتلیسی و شا خەلیل (شای حصن کیفای لابردراو لەلایەن سەفەوییەکانەوە) لەلایەن عوسمانییەکان بخەنە سەرپشت، قەرەخانیش لەوکاتەدا بۆ دەوروبەری شەنگار رۆیشتبوو کە بووە هۆی ئاسانکردنی کارەکە، هەرچۆنێک بێ هێزێکی کوردی لەژێر فەرماندەی بەتلیسی، شا خەلیلیشی لەگەڵدا بوو، رۆیشتن بۆ وەرگرتنی شارەکە، بەڵام ئۆردوی سەفەوییەکان لە قەڵا سەختەکەی سەنگەری قایم کردبوو ئامادە نەبوو خۆی بداتەدەست (ئەو قەڵایە ئەوەندە سەخت بوو بەجۆرێک تەیمور لەنگ ئەگەرچی دووجاریش ئابلۆقەی دابوو، بەڵام نەیتوانیبوو داگیری بکات) [٣٤]، بەر لە گرتنی ماردین دووبەرەکی لە نێوان هەردوو فەرماندەی عوسمانی، شادی پاشاو بیقلی پاشادروست بوو، یەکەمیان گۆڕەپانەکەی بەجێهێشت و بەرەو ئەنازۆڵ کەوتەرێ، ئەوەش وای لە ئیدریسی بەتلیسی کرد کە داوای هێزی زیاتر لە سوڵتان بکات، ئەویش هێزێکی پێکهاتووی لە بیست هەزار جەنگاوەر بە فەرماندەی خەسرۆ پاشا بۆ ناردو ئەو هێزەش لە ساڵی (١٥١٦) لەگەڵ هێزەکانی بیقلی و بەتلیسی یەکتریان گرت [٣٥].

سەفەوییەکان سوودیان لەو هەلومەرجانە وەرگرت، ئەوەش وای لە قەرەخان کرد، پەلە بکات لە ناردنی هێزێکی پاسەوانی شاهانەی پێکهاتوو لە شەش سەد سەرباز بە فەرماندەی فەرمانڕەوای هەمەدان و گولشەهر بۆ بەهێزکردنی ئۆردوی ماردین، ئەو هێزە

ئێرانییە بەرەنگاری هێزەکانی عوسمانی بووەوە کە لەژێر فەرماندەی (ئەبی ئەلمەواهب چەلەبی) بوون [٣٦].

ئەوەی دوایی لەبەرپەرچدانەوەی هێزەکەی سەفەوی سەرنەکەوت و ناچاربوو لەبەردەمی ئەو هێزە ئێرانییە بکشێتەوەو ڕێگای بۆ چۆڵ بکات و ئەویش گەیشتە ماردین [٣٧].

## شەڕی (قوچ حەسار) ١٥١٦ز:

لەوکاتەی لەشکرەکانی خەسرۆ پاشاو بیقلی پاشاو بەتلیسی یەکتریان گرتەوە، لەشکرێکی عوسمانی بەهێزو بەتوانا لەسەر ئەنجامدانی شەڕێکی یەکلاکەرەوە دروستبوو، ئەوەش پاڵی بە بەتلیسییەوە نا بۆ ئەوەی پێشنیاری هێرش کردن و بەسەردادان بکات، بەڵام بیقلی پاشا کە سەرکردەی گشتی هێزەکانی عوسمانی بوو، پێش جێبەجێکردنی ئەو پێشنیارە، هێزێکی چوار هەزار جەنگاوەری لەژێر فەرماندەی حوسێن بەگ (میری خەربوت)، بە مەبەستی سووسەکردن ڕەوانەکرد، ئەو هێزە لەگەڵ هێزەکانی سەفەوی لەشەڕێکی دەستەویەخەو سەختدا بەرەنگاری یەکتربوونەوە، بە جۆرێک کە تەنها هەزار سەربازی عوسمانییەکان بە زەحمەت دەربازبوون و گەڕانەوە سەربازگەی عوسمانییەکان [٣٨]، دوای ئەو خۆپیشاندانە سەربازییە سەرنەکەوتووە، هەردوو لەشکری، سەفەوییەکان بە سەرکردایەتی قەرەخان و عوسمانییەکان بەسەرکردایەتی بیقلی پاشا لە نزیکی (قوچ حەسار) کە دەکەوێتە نێوان (نەسیبین) و (ئورفە) [٣٩] بەرەنگاری یەکتربوونەوە، لەشکری عوسمانییەکان لەو تیپ و باڵانەی خوارەوە پێکهاتبوو:

هێزەکانی خەسرۆ پاشا لەدەستە ڕاست و هێزەکانی کورد لەژێر فەرماندەی بەتلیسی لە دەستەچەپ، کە لەو هێزانەی خوارەوە پێکهاتبوون: شا خەلیل (فەرمانڕەوای حصن کیفای لابردراو)، محەمەد بەگ (فەرمانڕەوای ساسون)، میرەکانی شێروان و قاسم بەگ (میری ئەگیل)و شەرەف بەگ (میری بەتلیس)و داودبەگ (فەرمانڕەوای نەمیران) و ئەحمەد بەگی زراکی (فەرمانڕەوای ئەتاخ یان هەتاخ)، شاوەلەدبەگ (میری سلیڤانی)، بیقلی پاشاش لەناوەندو هی تریش [٤٠]. شەڕ لە مایسی ١٥١٦ ڕوویداو دەستاری شەڕێکی گەرم دەسووڕا، بێ هێزی و لاوازی لە ڕێزی سەفەوییەکاندا دیاربوو، بە تایبەتی دوای ئەوەی قەرەخان بەر گوللەیەکی کوێر کەوت و بووە هۆی کوشتنی خۆی و بەزین و ڕاکردنی سەفەوییەکانیش [٤١].

ئەو شەڕە هەڵوێستە جوڵانەییەکەی نێوان هەردوو دەوڵەتی بە بەرژەوەندی عوسمانییەکان یەکلاکردەوە [٤٢]و کەمتریش نەبوو لە شەڕی چالدێران بەڵکو دەتواندرێ بەتەواوکەری دابندرێ، ئەوەش لەبەر ئەنجامە گرنگەکانی، چونکە سەرکەوتووەکان دەستیان بەسەر شارو قەڵاکانی (ئەرغەنی [٤٣] و شەنگارو تەلەعفەر [٤٤]و چەرمۆک و سیڤریک [٤٥]، و بیرەچیک) [٤٦] داگرتبوو، هەروەها دەستیان بەسەر (ماردین)دا گرت، بەڵام ئەو ئۆردوویەی لەژێر فەرماندەی سلێمان خانی (برای قەرەخان) بوو خۆی بەدەستەوە نەدا، خەسرۆ پاشا ساڵێکی ڕەبەق ئابڵوقەی داو سوودی نەبوو، بەڵام سوڵتان سەلیمی یەکەم دوای گرتنی (حەلەب) هێزێکی گەورەی لەژێر فەرماندەی بیقلی پاشا ناردە سەری و دوای شەڕێکی هاڕندە توانی قەڵا قایم و سەنگەر بەندەکەی داگیر بکات [٤٧]. ئەو شەڕە بووە هۆی گرتنی ئەو شارو قەڵایانەی تا ئەوکات نەگیرابوون [٤٨] ئەوەش لەبەرئەوەی ئۆردووەکانی سەفەوییەکان لەو شارو قەڵایانە، دوای تێکشکانی هێزە

سەرەکییەکەیان لە قۆچ حەسار، نەیانتوانی خۆیان رابگرن، بەوەش بەشێکی هەرە گەورەی کوردستان کەوتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان کە بۆ ئەو شارو قەڵایانەی خوارەوە درێژ ببووەوە: دیار بەکرو ئەسیبین و ئورفەو سیڤریک و حصن کیف و میافارقین و سعرت و موسڵ و هەولێرو رەقەو کەرکووک و چەرموک و ئەرغەنی و هەتاخ و بەتلیس و هرزن و ورمێ و جەزیرە و بۆتان و ئامێدی و خەربوت [٤٩] و ماردین و شەنگارو بیرەجک و مەلاتیەو بەهسەنی و خوشاب [٥٠]، سەرەڕای ئەوەش خێڵە کوردەکان بەبێ ماندووبوون لایەنگیری خۆیان بۆ دەوڵەتی عوسمانی راگەیاند بە مەرجێ لەژێر فەرمانڕەوایی سەرەک خێڵەکانی خۆیان بمێننەوە [٥١]، لەو خێڵانەش، رەوشنی و حەریری و سنجاری و جزیری [٥٢]. بەوەش بەشی رۆژئاواو ژووروو و ناوەندی کوردستان کەوتە ناو کایەی عوسمانییەکان، بەڵام بەشەکانی تر لەژێر دەسەڵاتی سەفەوییەکان مانەوە[٥٣].

## رێکخستنەکانی رامیاری و کارگێڕی عوسمانییەکان لە کوردستان لە سەردەمی سوڵتان سەلیمی یەکەم:

### هۆیەکانی داگیرنەکردنی راستەوخۆی کوردستان:

لێکۆڵەر دەتوانێ بپرسێ کە بۆچی سوڵتان سەلیمی یەکەم پەنای نەبردە بەر هێرشی راستەوخۆ بۆ سەر کوردستان و بەهێز داگیری نەکرد لەو کاتەی دەوڵەتی عوسمانی لەسەردەمی خۆی گەیشتبووە ئاستێکی بەرز لە گەشەکردن و بەهێزی بە جۆرێک داگیرکردنەکانی گەیشتبووە ناوەڕاستی ئەورووپا [٥٤] و تازەش سەرکەوتبوو لە شەڕی چاڵدێران کە پێشتر باسی کرا، بەسەر بەهێزترین دەوڵەت لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست کە ئەویش دەوڵەتی سەفەوییە، بۆچوونێک هەیە لەو بڕوایەدایە کە دەوڵەتی عوسمانی: «دەیزانی هێنانی کورد بۆ ژێر دەسەڵاتی خۆی، وەک گەلانی تر، خەیاڵ پڵاوییە» [٥٥]، بەڵام ئەگەر هێزی دەوڵەتی عوسمانی و بارودۆخی رامیاری ئەوکاتەی کوردستانمان لەبەرچاوگرت، هەستدەکەین کە ئەم دیتنە توندڕۆیی تێدایە، لەوانەیە باشترین وەڵامیش بۆ ئەو پرسیارە ئەوە بێ کە (S. Show) دیاری دەکا: «سەلیم بڕوای وابوو کە هەر هەوڵدانێک بۆ گرتنی وڵاتەکەیان، بەلایەنی کەمەوە، پێویستی بە هێزێکی زۆرتر دەبێ لەو هێزەی دەتوانێ کارەکەی پێ بسپێرێ» [٥٦] ئەوەش لەبەر دژواری گەیشتن بەو وڵاتە [٥٧]، هەروەها لەبەر دژواری بزووتنەوەکانی سەربازی تیایدا، لەبەر بەرگری ناوچەکەو سەختی رێگاو بانەکانی [٥٨] ئەوەو سەرەڕای سروشتی دانیشتوانە بەپەرۆشەکەی بۆ سەربەخۆیی [٥٩] کە بە زۆر رادەوەستا لەسەر سوڵتان سەلیمی یەکەم لە رووی دارایی و سەربازی، بۆیە پەنای بردەبەر شێوازی دیپلۆماسی یان «سیاسەتی فێڵبازی»، وەک هەندێک ناوی دەبەن [٦٠]، لەوانەشە ئەوە بەهۆی دەستپێشخەری و پێشنیاری ئیدریسی بەتلیسی بێ، چونکە وەک راوێژکارێکی سوڵتان بوو لە کاروباری کوردان، کە پلانێکی ئەوتۆی دانا توانی بەهۆیەوە لایەنگیری سەرکردەکانی کورد بۆ حکومەتی عوسمانی دەستەبەر بکات [٦١]، سوڵتانیش دووجار سوودی لەو لایەنگیرییە وەرگرت، جاری یەکەم لەوکاتەی، شەڕی سوڵتان و سەفەوییەکان لە چاڵدێران روویدا، میرە کوردەکان هاوکاریان کرد، جاری دووەمیش لەو کاتەدابوو کە هاوکارییان کرد بۆ دەرکردنی پاشماوەی هێزەکانی سەفەوی لە کوردستان و داخوون کردنی کوردستان بۆ

ژێر مەودای عوسمانییەکان، هەروەک پێشتر باسمان کرد. هەندێ میری کورد بۆ وەرگرتنی ئەو بڕیارە، یارمەتی سولتان سەلیمیان دا چونکە هەندێکیان لەوانە بوون کە سەفەوییەکان دەستیان بەسەر سامانەکانیاندا گرتبوو، بۆیە نامەیان بۆ سولتان ناردو گوێڕایەڵی خۆیان بۆی تێیدا نیشانداو لە هەمان کاتیشدا هانیاندا لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی سەفەوییەکان و دواتریش ئاوڕدانەوە بۆ کوردستان و بیرکردنەوە لێی، بەتلیسیش ڕۆڵی ناوبژیوانی لەنێوان ئەو میرانەو سولتاندا بینی [٦٢]، لەوانەیە ئەو دەستپێشخەرییەی میرە کوردەکان بە کاریگەری بەتلیسی و هاندانی ئەو بێ بۆیان، هەرچۆنێک بێ لەو بارەدا بوو سولتان سوودێکی زۆری لە بەتلیسی بینی، هەروەها بەتلیسیش لە پێگە ئایینییەکەی خۆی و ئەو ڕێگە دیپلۆماسیەی پەیڕەوی کردبوو، سوودی بینی [٦٣]. هەروەک بەتلیسی خۆشی ئاماژە بەو ڕۆڵەی خۆی دەکا کە سولتان پێی سپاردووە [٦٤]. هەروەها تێچوونی ئەو ڕێگایە کەمتر بوو، چونکە لە ئەنجامی ئەو هەوڵدانانە میرە کوردەکان خۆیان شانبەشانی سوپاکانی عوسمانی هاوبەشییان کرد بۆ داخوونکردنی کوردستان بۆ ژێر مەودای عوسمانییەکان [٦٥]، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە پێویست بە هێزێکی زۆری عوسمانییەکان نەکا. هەروەها مسۆگەرترین ڕێگا بوو، چونکە زانراوە، داخوونبوونی ناومال بە ڕەزامەندی خاوەنەکەی چاکترە لە ڕەتکردنەوەی.

**پاڵدەرەکانی ڕازیبوونی میرەکانی کورد بەدەسەڵاتی عوسمانییەکان:**

گەلی کورد بە خۆشەویستی بۆ سەربەستی و سەربەخۆیی و بەرگری سەرسەختانە ناسراوە دژی ئەو هێرشبەرو داخوونبووانەی کە بەرەنگاری کوردستان دەبوونەوەو دەیانویست داگیری بکەن، زۆربەی ئەوانەی لەسەر گەلی کوردیان نووسیوە، هەروەها ئەو گەڕۆکانەی بۆ کوردستان هاتبوون، دانیان بەو ڕاستییە ناوە [٦٦]، ئەگەر ئەوانە تایبەتمەندییەکانی گەلی کورد بن، ئەوا تۆژەر مافی خۆیەتی سەری سوڕبمێنێ، لە ڕازیبوونی کورد بە داخوونبوونی مەودای عوسمانییەکان.

بەڵام ئەگەر لەو کێشەیەو لە سەرچاوەکانی بەردەستمان وردبینەوە ئەوە لە بابەتەکە دەگەین و سەرسوڕمانەکەشمان نامێنێ، هەستی ئایینی مەزهەبی ئەوکات زاڵبوو، عوسمانییەکانیش بۆ کێشکردنی کورد بەلای خۆیاندا بەکاریان هێنا (عوسمانییەکان و کورد لەسەر مەزهەبی سوونەبوون)، بەتلیسی ئەوەی قۆستەوە کاتێ سولتان سەلیمی یەکەم ناردی بۆ ئەوەی لە کوردستاندا بگەڕێ و خۆی بگەیەنێتە میرو سەرکردەکانی کوردو هەست و نەستی مەزهەبی ئایینییان بورووژێنێ [٦٧] تاوای لێ هاتبوو کورد وایدەزانی کە ئایین بەهۆی عوسمانییەکان ڕاوەستاوە [٦٨]، یارمەتیدەری ئەو بۆچوونەش، بێزاربوونی کورد بوو لەو سیاسەتەی کە شا ئیسماعیلی سەفەوی لەهەمبەری گرتبوویەبەر، ئەوەش لەو کاتە بوو کە لە سەرەتاکانی سەدەی شازدەهەم دەسەڵاتی بەسەر کوردستان درێژە پێدابوو، سەرەڕای بەهێز سەرخستنی مەزهەبی شیعە، سیاسەتێکی ناپەسندی لەگەڵ کورد بەکارهێنا کە متمانەی پێ نەدەکردن و هەوڵیدەدا لە دەسەڵاتیان بداو پیاوانی تورکمان لە شوێنی سەرکردەکانیان دابنێ، هەروەک پێشتر باسمان کرد [٦٩]. بۆیە گەلی کورد بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی کاتی ڕزگاری بوون لە فەرمانڕەوایی سەفەوییەکانی دەکرد [٧٠]، بێزاری کوردیش زیاتر لێیان لەو کاتە بوو کە

بەتلیسی «بەڵێن و پەیمانی ئیسلامییانەی پێدان بۆ کارکردن لەسەر دروستکردنی شاو میرەکانی کوردستان و بەڕێوەچوونیان لە ژێر باروسایەی عوسمانیەکان»[٧١] بەتلیسی پەنای بردە بەرگشت شێوازەکانی بەردەستی بۆ دابینکردنی ڕەزامەندی میرەکانی کورد بە دەسەڵاتی عوسمانییەکان. توانیشی قایلیان بکات کە هیچ لە دەست نادەن بە رازیبوونیان لەسەر ئەو پرۆژەیەی کە بە هیچ شێوەیەک کار ناکاتە سەر سەربەستی و سەربەخۆیی میرنشینەکانیان، لەبەر ئەوەی پاشکۆیییەکە تەنها هەر بەناو دەبێ[٧٢]. هیچ گومانیشی تێدانییە کە پێگەی بەتلیسی لای سەرکردەکانی کورد، بە تایبەتیش پێگەئایینییەکەی، کاریگەری خۆی هەبوو لەبەر ئەوەی کورد بڕوایەکی بەتینیان بە کەسایەتییە ئایینییەکان هەبوو[٧٣]. بەتلیسی خۆشی دان بەو ڕۆڵەی گێڕای دەنێ کە دەڵێ:« شاو میرەکانی گشت شانشینەکانی کوردستانم والێکرد بە بەڵێن و پەیمانی دڵنیاکەرەوە گفت بە سوڵتانی ئیسلام بدەن»[٧٤]، لە دواییشدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە رازیبوونی میرە کوردەکان بە داخوونبوونی مەودای عوسمانیەکان بەپێی ڕێککەوتن، هەندێ بەرژەوەندی کوردستانی دابینکرد، هەوەک لە خوارەوە بە درێژی باسی دەکەین.

### ڕێککەوتنی کورد و عوسمانییەکان -١٥١٤ز:

زۆربەی ئەو مێژوونووسانەی بەرەورووی بابەتەکە بوونەتەوە باس لە ڕێککەوتنێک دەکەن کە لە نێوان سوڵتان سەلیمی یەکەم لەلایەک و لە نێوان میرەکانی کورد لەلایەکی تر بەستراو ئیدریسی بەتلیسی ناوبژیوانی دەکردن کە نوێنەری سوڵتان سەلیم بوو لەو ڕێککەوتنەدا[٧٥]، ئەوە لە کاتێکدا ناوهێنانی وشەی ڕێککەوتن لەسەرچاوە کلاسیکییە بنەڕەتییەکاندا، وەک دەقێک نییە، بەڵکو بەسیفەتی پەیماندانی یەکلایی یان ئەو بەڵێنە سیاسییانەی بەتلیسی بە میرەکانی کوردی داوە، دیارکراوە[٧٦]، هەروەها دەقەکانی ڕێککەوتنیش ناویان نەهاتووە، کە مێژوونووس (سبار کوکب الجمیل)لە وتارەکەیدا[٧٧]باس لە بەندەکانی ڕێککەوتنەکە دەکات، ئاماژە بۆ هیچ سەرچاوەیەک ناکات لە کاتێکدا لە وتارەکەیدا پشتی بە سەرچاوە بنەڕەتییەکان بەستووە[٧٨]. ( لەوانەیە لە موحەمەد ئەمین زەکی وەرگیرابێ بێ ئەوەی ئاماژەی بۆ بکات)، هەروەها (موحەمەد ئەمین زەکی) یش هەر چەندە ناوی بەندەکانی ڕێککەوتنەکەی هێناوە بەڵام ئەو ناوهێنانە بە گوێرەی کۆششەکانی خۆی بوو[٧٩].

سەرچاوەکانی تریش پشتیان بەو دوو سەرچاوەیە بەستووە[٨٠]یانیش بە وردی ئاماژەیان بە بەندەکانی نەکردووەو خۆشیان لە بێ ئاگایی داوە لە ئاماژەکردن بەو سەرچاوانەی کە زانیارییەکانیان لێهەڵێنجاوە[٨١]. سەرەڕای ئەو هەمووەش دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین کە ڕێککەوتنێک هەبووە لە نێوان سەرکردەکانی کورد لەلایەک و ئیدریسی بەدلیسی نوێنەری سوڵتانی عوسمانییەکان لەلایەکی تر، کە شەرەفخانی بەتلیسی لەسەر زمانی ئیدریسی بەتلیسی دەیگێڕێتەوەو ئەوەش دەقەکەیەتی: (میرەکانی کوردستان لە تاراجی سوڵتان و بەخششەکانی شای مەزن دەخوازن کە میرنشینە پشتاوپشتییەکانیان پێببەخشێت)[٨٢]، بەهۆی ئەو دەقەوە دەزانین کە میرەکانی کورد مەرجی پاراستنی میرنشینە پشتاوپشتییەکانیان بەسەر ئیدریسی بەتلیسیدا سەپاند( چونکە شێوەی تکاکردن لە ئاخاوتنی ئیدریسی بەتلیسی

دەبوایە هەبێ لەبەر ئەوەی لەگەڵ سوڵتان دەدوێ)، هەروەها هەندێ سەرچاوەی تریش ئەوە دووپات دەکاتەوە[٨٣]، دڵنیاشین کە سوڵتان سەلیمی یەکەم (١٥١٢-١٥٢٠)بەمەرجی ناوبراو رازی بووە، ئەو فەرمانەی دواتر ناردوویەتی بەڵگەیە لەسەر ئەو راستییە[٨٤]. هەروەها لەبەر ئەوەی بەتلیسی دواتر بەڵێنی پێدان بۆ کارکردن لەسەر دانانی شانشین و میرنشینەکانی کوردستان[٨٥]، سەرەڕای ئەوەش، ئەوەی گەریدەی عوسمانی ئەولیا چەلەبی دەریدەخا لایەنگیرییەکە بۆ ئەو مەبەستەیە کە کاتێ باسی حکومەتی ئەگیل دەکا (بەڵام بەگەکەی، عوسمانی نییە و لابردنی بۆ نییە، بەگ بمرێ کورەکەی دەبێتە بەگ چونکە حکومەتی سەربەخۆیە.. ئەگەر بەگ بمرێ و کوری نەبێ حکومەتەکەی دەدرێ بە یەکێکی دی لەخۆیان)[٨٦]. کاتێ کە دێتە سەر ژماردنی حکومەتە سەربەخۆکانی ئەیالەتی دیاربەکر دەڵێ: (هەرچەندە ئەمانە سەربەخۆن و نازناوی میری میرانیان دەدرێتێ بەڵام هەر دەبێ لەگەڵ وەزیردا (فەرماندارى دیاربەکر) بچن بۆ شەڕ)[٨٧]. ئەوەو ئەوەی جێگای وەبیرهێنانەوەیە کە ئەو گەریدەیە لە نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەهەم گەشتەکەی کردووە، بەوەش ئەگەر لە نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەهەم بار بەوجۆرەبێ، هەر دەبێ رێککەوتنێک هەبێ بۆ ئەو مەرجانەی بەلانی کەمەوە ماوەی سەدەو نیوێک بەردەوام بوون، بەڵام بەندەکانی ئەو رێککەوتنە دەتوانرێ هەندێکیان لەو دەقانەی رابردوو هەڵبهێنجرێن کە ئەمانەی خوارەوەن:

١-پاراستنی سەربەستی و سەربەخۆیی میرنشینەکانی کورد،(سەرەڕای فەرمانی سوڵتان سەلیمی یەکەم کە ئەوە دەچەسپێنێ [٨٨]، ئەولیاچەلەبیش لە زیاتر لە شوێنێک لە کتێبەکەیدا دەیچەسپێنێ)[٨٩].

٢-دانانی عوسمانییەکان بە مافی پشاوپشتی میرەکانی کورد لە فەرمانڕەوایی میرنشینەکانیاندا، هەرکە میرێکی نوێ دادەنرا پێویست بوو فەرمانێکی لایەنگیری و دانپیانان بۆ ئەو دانانە لە سوڵتانەوە دەربچێ. (کە ئەولیاچەلەبیش ئەو مافەی دیاری کردووە لەو کاتەی دێتە سەرباسی حکومەتە سەربەخۆکانی کوردستان[٩٠]، هەروەها رووداوە پێشهاتووەکانی مێژووی کوردستان ئەوبەندە یەکلادەکەنەوە[٩١].

٣-پێویست بوو لەسەر میرە کوردەکان یارمەتی دەوڵەتی عوسمانی بدەن لە شەڕەکانیدا، کە ئەولیاچەلەبی ئەو بابەتەی، لە زیاتر لە شوێنێکی کتێبەکەیدا چەسپاندووە[٩٢]،دیسان ئەوەشی دەرخستووە کە دەوڵەتی عوسمانی مافی ئەوەی هەیە ئەو میرە کوردە لاببات کە لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەی دوادەکەوێ[٩٣]، هەروەک رووداوە داهاتووەکانی کوردستان دیسان ئەوە دەچەسپێنێ[٩٤].

٤-لەبەر ئەوەی کوردستان پارێزگاریەتی عوسمانییەکانی بەسەردا سەپێندرابوو، بۆیە کارێکی بەڵگە نەویست بوو کە دەوڵەتی عوسمانی یارمەتی ئەو میرنشینانە بدات لە کاتی هەڵمەتهێنانی مەترسییەکانی دەرەوە بۆ سەریان[٩٥].

٥- لە ئەنجامی ئەو پاشکۆیییەش میرنشینەکانی کورد پێویست بوو سەرانەو باج بدەنە دەوڵەتی عوسمانی، کەیەکێک بوو لە نیشانەکانی پاشکۆیی [٩٦]، بەوەش ئەو بەندانەی محەمەد ئەمین زەکی، بەپێی کۆششی خۆی، ناوی هێناون[٩٧] بەندی زۆر لە راستی نزیکن.

سەرەڕای ئەو بەندانە، کەسانی تر هەنە باس لە چەند بەندێکی تری رێککەوتنەکە دەکەن، لە کاتێکدا باسی ئەو سەرچاوانە

ناکەن کە بۆ وەدەستهێنانی زانیارییەکانیان پشتیان پێبەستوون، پێویستە بەپارێزەوە وەریان بگرین و بەندەکانیش ئەمانەن:

١-بەڵێندانی میرەکوردەکان بە هەڵنەگەڕانەوە لەسەر دەوڵەتی عوسمانی[٩٨] ئەوەی پەیوەستە بەو بەندەو ئەگەرچی لەوانەیە لە ڕێککەوتنەکە ناو نەهێنرابێ بەڵام لەوانەشە بەندێکی ناو ڕێککەوتنەکە بێت، چونکە کە میرە کوردەکان رازی بوون بە پارێزگاریکردنی عوسمانییەکان، ئەوە ئەوەی دوایی مافی بادانەوەیان ناداتێ.

٢-بەڵێندانی میرە کوردەکان بە نەگۆڕینی یان فراوانکردنی ئەوەندەی لە ژێر دەستیاندایە[٩٩]، سوڵتان سەلیم لەو فەرمانەی ناوبراوی کە بۆ بەتلیسی ڕەوانە کردبوو پێی داگرتبوو لەسەر زیان نەگەیاندن بە سنووری کۆنی میرنشینەکانی کورد لەو کردارە ڕێکخستنانەی بەتلیسی پێی سپێردرابوو بۆ ئەوەی لە کوردستان بیکات.

بەمەش، ئەگەر سوڵتانی عوسمانی دەستپێوەگرتنی ئەو سنوورو سەروسامانە رابسپێری، ئەوە ئاساییە ڕێککەوتنەکە شتێکی لەو جۆرە بگرێتە خۆی، لەوانەشە ئەو ڕێککەوتنە سنووری ڕێککەوتنی زارەکی بەزاندبێ، لەبەر مانەوەی کاریگەریەتی ڕێککەوتنەکە بۆ ماوەیەکی درێژ لەلایەک و لەلایەکی تریش سوڵتان فەرمان دەردەکا بە تۆمارکردنی ئەو کارانە، بەڵگەشمان لەسەر ئەوە، دەقی ئەو فەرمانەیە کە بۆ بەتلیسی ناردووە( هەروەک دواتر باسی دەکەین) لەوکاتەی فەرمان دەردەکا بە تۆمارکردنی «فەرمانەکانی سوڵتان دەبارەی کاروباری ئەو سنجاقانەی بۆ هەر میرێک تەرخان کراوە و چۆنیەتی ئاراستەکردنیان لەدەفتەرێکی تایبەت و ناردنی بۆ باب العالی بۆ پاراستنی لەوێ» [١٠٠] بۆیە کەکاتێ بەتلیسی لەگەڵ میرەکانی کورد ڕێککەوت، هەردەبێ بەندەکانی ڕێککەوتننامەکەی تۆمار کردبێ و، بۆ پاراستنی ناردبێتی بۆ (دار ئەلسەلتەنە). هەر چۆنێک بێ بەڵگەنامەی ئەو ڕێککەوتنە لە ساڵی ١٥١٤ نووسرا [١٠١] کە ئەو مەرجانەی میرە کوردەکانی دایان نابوو خستییە بەردەم سوڵتان لەو کاتەی کە سوڵتان دوای شەڕی چالدێرانی ساڵی ١٥١٤ لە تەورێز دەکشایەوە [١٠٢].

بە سەیرکردنێکی بەپەلەی بەندەکانی ڕێککەوتنەکە، دەردەکەوێ کە چۆن ڕێککەوتنەکە نابەرامبەری و ناهاوتایی بۆ بەرژەوەندی عوسمانییەکانی تێدابووە، کە بە ڕوونی دەسەڵاتی عوسمانییەکان بەسەر کوردستاندا دیارە بەتایبەتی لە بەندی دووەم و سێیەم و پێنجەم، دەربارەی بەندی دووەمیش، لەکاتی دەرچوونی فەرمانی سوڵتانی بۆ دانانی میرە نوێیەکان جیاوکێک بوو عوسمانییەکان بەکاریان هێنا بۆ جێبەجێکردنی ویست و ئارەزووەکانیان بۆ لێدانی ئەو میرانەی دژیان دەوەستان و دانانی لایەنگیرانی خۆیان لە شوێنیان [١٠٣]، ئەوەو لەکاتێکدا بەتلیسی هەوڵیدەدا میرە کوردەکان قایل بکات بەوەی کە ئەو ڕێککەوتنە تەنها پەیوەندییەکی هەرەوەزییە دژی دوژمنی هاوبەش و دەربڕی بەرژەوەندییەکانی کوردە[١٠٤].

## فەرمانی سوڵتان سەلیم:

لە ساڵی ١٥١٥ لەوکاتەی بەتلیسی بە سوپای کورد شانبەشانی بیقلی پاشا بەشداری دەکرد بۆ قڕکردنی سەفەویەکان لە کوردستان و هەوڵی دەدا بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتی عوسمانییەکان تێیدا و هەنگاوێکی باشیشی بڕیبوو لەو بوارەدا، فەرمانە بەناوبانگەکەی سوڵتان سەلیمی یەکەمی بۆ هات، کە تیایدا لێپرسراوەتی

ڕێکخستنی کارگێڕی و ڕامیاری پێ دەسپێرێ لە کوردستان[١٠٥]، لەبەر گرنگی فەرمانەکە بۆ لێکۆڵینەوەو تەواو سوودگەیاندنی، بە چاکمان زانی دەقی وەرگێڕدراوی فەرمانەکە بۆ عەرەبی بخەینە نێو پاشکۆکە.

دوای خوێندنەوەیەکی وردی دەقی فەرمانەکە توێژەر دەتوانی پوختەی کۆمەڵێک شتی لێ دەربهێنێ بەتایبەتیش ئەوەی پەیوەندی بە کاروباری کوردستانەوە هەیە، تیایدا بەتلیسی باسی ئەوە دەکا، کە مەراسیمی پاشایەتی بە سپیەتی مۆرکراو بە مۆری سوڵتانی ناردووە بۆ میری میرانی دیاربەکر محەمەد بیقلی پاشا، تا تیایدا بەتلیسی بەرانەی سوڵتانی بۆ ئەو میرە کوردانە بنووسێ کە لایەنگیریان بۆ دەوڵەتی عوسمانی ڕاگەیاند بوو، هەروەها بڕی تەرخان کراو بۆ هەر یەکێکیان لە زەوی و زارو سنجەقەکان و جۆرێتی ئەو تەرخان کردنە، یان ئاراستە کردنە، (بە مانا پلەی سەربەخۆیی و چەندێتی دەسەڵاتەکەی) سەرەڕای ئازناوەکانیان بە پاڵپشتی زانیارییەکەی پێشووی دەربارەی دەسەڵاتەکانی پێشوویان و ئازناوو میرنشینەکانیان و چۆنیەتی قایلبوونیان بە دەسەڵاتی عوسمانییەکان، تێدا تۆمار بکا، دواتر ئەو بەرانەی سوڵتانی بەشێوەیەکی دوورو درێژ لە پەڕاوێکی تایبەت تۆمار بکاو بۆ باب ئەلعالی، بۆ زانین و پاراستن، بینێرێ، پاشان فەرمانی پێدەکرد یاداشتێکی دوورودرێژ دەربارەی ئەو ڕێکخستنانەی کردوویەتی بنووسێ و ڕاڤەی چۆنیەتی پێکهێنانی ئەو سنجەق و میرنشینانەی کورد بکا و چۆنیەتی نووسینی ئازناویان لە نامەگۆڕینەوە ڕەسمییەکانی لەگەڵیانداو چەندێتی دەسەڵات و سەربەخۆیی هەر یەکێکیان بکات، شایانی باسە لەو فەرمانەدا سوڵتان، بەتلیسی ئاگادار دەکاتەوە کە لەو کردارەیداو لەکاتی تەرخانکردنی زەوی وزار بۆ میرە کوردەکان زیان بە ڕێکخستنەکان یان سنووری میرنشینە کۆنەکان نەگەیەنی، هۆی ئەوەش باسدەکات و دەڵێ «دەبێتە هۆی لەقبوونی بنچینەکانی پەیوەندی نێوانیان» بەڵام لەو ئاگاداریە تێدەگەین کە سوڵتان سەلیم بە پەرۆش بووە بۆ زیان نەگەیاندن بە بەندەکانی ئەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ میرە کوردەکان بەستبووی.

بەمەش کردارەکە بە تەواوی بریتییە لە دانانی سوڵتان بەوەی لەژێر دەستی میرەکانی کوردە لە میرنشین و ناوچەکانی دەسەڵات و ئاگایی سوڵتان بە باری ئەو میرنشینانەو میرەکان و ئازناو و دەسەڵاتی سیاسییان تاکو مۆرکی ڕەسمی وەربگرێ لەکاتی تۆمارکردنی لە باب ئەلعالی، سەرەڕای هەندێ هەڵاوێردن کە لە هەندێ ناوچەدا فەرمانڕەوایی ڕاستەوخۆی عوسمانییەکان دروست بوو، هەروەک لە لاپەڕەکانی داهاتوو بەدی دەکەین، هەروەها لەگەڵ فەرمانەکە چەند فەرمانێکی تری بەسپیەتی بۆ نارد «پەڕی سپی ئاراستەکراو بە نیشانەی پیرۆزی سوڵتان» تا بەتلیسی بە زانیاری خۆی پڕیبکاتەوەو بەسەر ئەو میرو سەرکردە کوردانەی خۆی پێی باشە دابەشی بکات[١٠٦] بە مەرجێک لە پەڕاوێکی تایبەتی تۆماری بکات و بۆ باب ئەلعالی بنێرێ، ئەوەش نیشانەی گەورەیی پێگەو فراوانی دەسەڵاتی بەتلیسییە لای سوڵتان، هەندێک وای بۆ دەچن، کە حەقدە ئاڵاو پێنج سەد بەخشش لە بەخششە نایابەکانی سوڵتانی بۆ ناردووە تاکو بەسەر حکومەت و میرنشینەکانی کورد دابەشی بکات.

هەروەها دیارییەکی تایبەتی گرانبەهای بۆ نارد کە بریتی بوو لە بیست و پێنج هەزار دوقەی زێڕ[١٠٧]، هەموو ئەوانەش وەک پاداشتێک بوون بەرامبەر بەو

خزمەتە گەورانەی پێشکەشی دەوڵەتی عوسمانی کردبوون[١٠٨]، لەوکاتەی هەندێکی تریش وای دەبینن کە ئەو شتانە (ئاڵاکان و پاداشتەکان و دوقەکان) بۆ محەمەد بیقلی پاشا ناردراوە (تاکو بەسەر میرەکانی کورددا دابەشی بکات) نەک بۆ بەتلیسی، بە پشتبەستن بەوەی کە ئەو شتانە لە فەرمانی ناوبراو ناویان نەهاتبوو[١٠٩].

لەوانەشە ئەو بۆچوونەی دوایی راست بێ کە سەرەڕای بەڵگەی ناوبراو لەو بارەدا بەتلیسی پاداشتی خۆی وەرگرتبوو (دوو هەزار جونێهی زێر لەگەڵ جلوبەرگی نایاب، هەروەک لە سەرەتای فەرمانەکە دیارکراوە)، سەرەڕای کەم بایەخی ئەو شتانە بەرامبەر بە بیست و پێنج هەزار دۆقەی زێر، سوڵتان ئەو پاداشتەی لە فەرمانەکە دیار کردووە، ئەگەر ئەو شتانەی هەموو بۆ نادرابێ، بۆچی لە فەرمانەکەیدا وەک ئەو شتانەی پێشتر ناوی نەهێناون؟ شتێکی باویش نییە کەسێک دووجار (جارێک بە نهێنی و جارێک بە ئاشکرا)لەیەک شت پاداشت بکرێ، سەرەڕای ئەوەی کە محەمەد بیقلی پاشا پلەی لە بەتلیسی بەرزتر بوو، بۆیە دەشێ ئەو شتانە بۆ بیقلی پاشا ناردرابێ هەروەک مەراسیمی پاشایەتی سپی بۆ ناردراوە تاکو بەتلیسی پڕی بکاتەوە، سەرباری ئەوانەش خاوەنی ئەو بۆچوونە (سعدالدین خواجە)یە کە سەرچاوەیەکی عوسمانی نزیکی رووداوەکانە.

## ڕێکخستنەکانی کارگێڕی و رامیاری لە کوردستان:

بەپێی ئەو فەرمانە ناوبراوە، سوڵتان سەلیم کاری دەستنیشانکردنی باری دوارۆژی ناوچە نوێ وەدەستهاتووەکانی کوردستانی بە بەتلیسی سپارد، بەتلیسیش بە دانانی خۆی هەوڵیدا رێکیفی راستەوخۆی عوسمانییەکانی، بەپێی توانا لێ لابدا[١١٠]، هەروەک لەمەودوا دەبینین، تا وای لێهاتبوو بە رەسمی سەرکردەو میرنشینەکانی کوردی بە حکومەتەکانی کورد ناوزەد کردبوو[١١١].

بەتلیسی یەکەم رێکخستنەکانی کارگێڕی و رامیاری لە ناوچەی گرنگی دیاربەکر دەستپێکرد، کە دیاربەکر (شارەکە) بووە مەڵبەندی ئەیالەتێکی عوسمانی پان و پۆڕی فراوان، بەتلیسی دابەشیکردو کردییە نۆزدە سنجەق (لیوا)، یازدە لەو سنجەقانە سیستەمی راستەوخۆی فەرمانڕەوایی بەسەردا جێبەجێ کرا کە بوونە سنجەقی ئاسایی عوسمانی و بەگ و فەرمانڕەواکانی عوسمانی تێدا دادەمەزرا[١١٢] ئەو سنجەقانەش ئەوانە بوون: خەرپوت، ئەرغەنی، سیڤریک، نەسیبین، حصن کێف، چومووشگەزەک، سعرت، میافارقین، ئاقچە قەڵای نەسیبین، خاپوور، شەنگار[١١٣]، کەچی هەشت سنجەقەکەی تر هی بەگە کوردە خۆجێییەکانەو فەرمانبەرەکانی عوسمانی مافی سەرپەرشتییان بەسەریدا هەیە[١١٤]، ئەو میرانە مافی بنەماڵەییان هەیە بەڵام ئەگەر میرێک بمرێ و وجاخ کوێربێ، ئەوا فەرمانڕەواکەی دەبێتە موڵکی دەوڵەتی عوسمانی[١١٥]، ئەو هەشت سنجەقانەش ئەمانەن: سیمغان، قوڵپ، مەهرانیە، تەرجیل، هەتاخ، پرتک، چەپاقچور، چەرموک[١١٦].

سەرەڕای ئەو سنجەقانە لەو ئەیالەتەدا پێنج حکومەتی کوردی راستەوخۆش سەربە دەوڵەتی عوسمانی هەبوون کە ئەوانەبوون: حکومەتی ئەگیل، حکومەتی پالو، حکومەتی بۆتان، حکومەتی حەزۆ[١١٧]، حکومەتی گەنج، لەو دواییەشدا دوو حکومەتی تر لەسەر ئەو حکومەتانە زیاد کراون کە ئەمانەن: حکومەتی

خاپوورو حکومەتی ئەلشکرت، سەرۆکی ئەو حکومەتانە نازناوی میری میرانیان هەبوو لە هەموو کارەکانی ناوخۆ سەربەخۆ بوون [١١٨]، ئەو حکومەتانە لەسەر باری پێشوویان مانەوە بەشێوەیەک فەرمانڕەوا بنەماڵەییەکانیان پارێزران [١١٩]. بەوەش ئەیالەتی دیاربەکر سەرەڕای ئەوەی ویلایەتێکی عوسمانی بوو بەڵام چەند حکومەت و میرنشینێکی کوردییان تێدا دەرکەوت کە خاوەن ئۆتۆنۆمی (یان تا رادەیەکی دوور سەربەخۆ) بوون.

ئەوە ئەوەی پەیوەندی بە ناوچەی دیاربەکر هەیە، بەڵام لە ناوچەکانی تر، لە هەندێکیان هەمان یاسا جێبەجێ کرا وەک ئەیالەتی ئۆرفە و موسڵ [١٢٠] و ماردین کە فەرمانڕەوای عوسمانیان لەسەر دانرا [١٢١] و یەکسەر بە بابولعالی بەسترابوونەوە [١٢٢]، کەچی لە ناوچەکانی تر کە بریتی بوون لە سێیەکی کوردستانی عوسمانی [١٢٣] یاسای حکومەتە سەربەخۆکان [١٢٤] یان (یاسای فیدرالی) لێ جێبەجێکرا هەروەک محەممەد ئەمین زەکی دەڵێ [١٢٥]، بەتلیسی بە پەرۆش بوو بۆ مانەوەی ئەو میرنشینە سەربەخۆیانەی کورد کە هەر بەناو بە بابولعالییەوە بەسترابوونەوە ئەوەش بەندێک بوو لە بەندەکانی رێککەوتنی پێشتری ناوبراو [١٢٦]، ئەو میرنشینانەش لەنێوان مەلاتیەو بایەزیدو شارەزوور بڵاببوونەوە [١٢٧]، بۆ نموونەش حکومەتی بەتلیس [١٢٨] و حکومەتی هەکاری وبادینان و حکومەتی تر [١٢٩].

لەلایەکی تریش بەتلیسی لە پێناوی نیشتەجێکردنی خێڵەکانی کورد لە ناوچە سنوورییەکان و لابردنی باج و میرانە لەسەریان کاری دەکرد، بەو مەرجەی سوپایەکی هەمیشەیی ئەوتۆ پێکبهێنن، کە دەوڵەتی عوسمانی لەکاتی پێویست پشتی پێ ببەستێ [١٣٠]، ئەوەش بە ئامانجی پێکهێنانی بەربەستێکی مرۆیی بتوانێ دەوڵەتی عوسمانی لەدەستدرێژییەکانی دەرەکی بپارێزێ، خێڵی (حەسنانلی)یش [١٣١] باشترین نموونەیە، چونکە ئەو خێڵە گەورەیە پێشتر کۆچەر بوو، بەڵام لەوکاتەدا لەناوچەی هاوسنووری عوسمانی و روسیا و ئێران بۆ پاراستنی ئەو دەوڵەتە نیشتەجێ بوو [١٣٢].

دوای ئەوەی بەتلیسی رێکخستنی کوردستانی بەو شێوەیە تەواو کرد، خۆی بەناوی سولتان تەپڵ و ئاڵاکانی بەسەر شاو میرەکانی کورد دابەش کرد، ئەوەش هێماو نیشانەی میرنشینی بوو لەو کاتیدا [١٣٣]، بەمانا وەک دانپیانانێکی سوڵتانی عوسمانی بوو بەدەسەڵات و سەرکردایەتیان، ئەو رێکخستنە کارگێری و سیاسییەی ناوبراو ئامانجی ئاسانکردنی کارە کارگێرییەکان بوو، چونکە بارە تایبەتییەکانی وڵات و ئارەزووەکانی سەرکردەی هۆزەکان تیایدا بۆ دەسەڵات و حەزی هەمیشەیی دانیشتوان بۆ سەربەستی، پێویستی بە دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەکی سەربەخۆ لە بەڕێوەبەرایەتی راستەوخۆی عوسمانییەکان هەبوو [١٣٤]، لەلایەکی تر، دەوڵەتی عوسمانی نەیدەویست قەوارەیەکی گەورە بۆ خۆی دابمەزرێنێ مەڵبەندی بەڕێوەبردنەکەی لە وڵاتێکی سروشت سەخت بێ. ئەوەو لەوکاتەی سەرکردەکانی کوردو سەرەک هۆزەکان لایەنگیری خۆیان بۆ دەوڵەتی عوسمانی راگەیاند، مانەوەی خۆیان لە فەرمانڕەوایی ناوچەکان و هۆزەکانیان لەسەر بەتلیسی کردە مەرج [١٣٥]، بەم سیاسەتە دووربینە بەتلیسی لایەنگیری کوردی بۆ دەوڵەتی عوسمانی دەستەبەر کرد [١٣٦]، ئەوەو لە هەمان کاتدا دەسەڵاتی عوسمانییەکان لە کوردستان لە دابەشکردنی پاداشت و فەرمانەکان و گیرابوونی ملکەچی و دیاریەکان زیاتری نەدەگرتەخۆی بەگوێرەی قسەکانی لۆنگریک کە دەڵێ: «جگە لەوە

گواستنەوەی فەرمانڕەوایی راستەقینەو رووخسارەکانی داگیرکردن هەمووی ونبوون»[١٣٧]. پلەی سەربەخۆیی میرنشینەکانی کورد گەیشتبووە رادەیەک کە هەندێک لەو میرنشینانە لەیەککاتدا مەراییان بۆ هەردوو دەوڵەتە گەورەکە (ئێران و عوسمانی) دەکرد[١٣٨].

بەوجۆرە کوردستان چووە قۆناغێکی نوێ و وایلێکرد چوار سەدە تیایدا بمێنێتەوەو کاریگەرییەکی گەورەی کردە سەر مێژووەکەی کە شوێنەوارەکەی تاکو ئەمڕۆکەش هەرماوە.

## هەڵسەنگاندنی بەتلیسی و کارەکانی لە کوردستان:

ئەو کەسایەتییە تاکو ئێستا لەنێوان مێژوونووساندا مایەی مشتومڕە بەتایبەتی ئەوانەی رووبەڕووی بابەتی مێژووی کوردستان لەسەردەمی عوسمانییەکان بوونەتەوە، کە دەربارەی (یان دەربارەی شوێنی لە مێژووی کوردستان) دابەشبوونە بۆ دوو تیپ: تیپی یەکەم هەڵوێستێکی دوژمنکارانەیان بەرامبەری وەرگرت، چونکە داگیرکردنی کوردستانیان لەلایەن عوسمانییەکانەوە خستە ئەستۆی، هەندێکیان لەوەش زیاتر رۆیشتن و بەتلیسییان تاوانبار کرد بە بەدنمەکی و بە بەکرێگیراوی سوڵتان سەلیمی یەکەم و بازرگانی کردن بە کێشەی کورد لە پێناوی خۆنزیککردنەوە لە سوڵتانی عوسمانی[١٣٩]، کەچی تیپی دوایی هەڵوێستێکی بەرگریکارانەیان نواند بەرامبەر کارو رێکخستنەکانی لە کوردستاندا هەروەها لەوانەشدا هەبوو پێدرێژی لە هەڵوێستەکەی دەکرد تا وایان لێکدابووەوە گەورەترین خزمەتی لەسەردەمی خۆی پێشکەش بە نەتەوەی کورد کردووە، ئەوەش بەکارکردنی لە پێناو مانەوەو سەربەخۆیی میرنشینەکانی کورد[١٤٠]،

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بابەتەکە هەروەک مارف خەزنەدار دەڵێ: «پێویستی بە لێکۆڵینەوەو وردبوونەوەی زانستیانەی هێمن هەیە»[١٤١] یەکێک لەبەڵگەنەویستەکانی هەڵسەنگاندنی کەسایەتییە مێژووییەکان، لەبەرچاوگرتنی هۆکاری کاتە، بەمانا هەڵسەنگاندنی هەر کەسێک بەگوێرەی ئەو قۆناغە مێژووییەی تیایدا ژیاوە، لێرەدا هەوڵدەدەین لەبەرچاوی بگرین، کە هەوڵدەدەین کەسایەتییەکەی بەتلیسی و ئەو کارانەی لە کوردستان کردوویەتی بنرخێنین.

هەندێک لێپرسراوەتی سەپاندنی رکێفی بێگانە لەسەر کوردستان دەخەنە ئەستۆی بەتلیسی[١٤٢] چونکە کاری بۆ راکێشانی میرو سەرکردەکانی کورد بۆ لای دەوڵەتی عوسمانی کرد هەروەک بینیمان، بەڵام ئەگەر بەبۆچوونێکی هەمەلایەنە سەیری بابەتەکەمان کردو باری سیاسی کوردستانمان بەر لەهاتنی عوسمانییەکان لەلایەک و ئەو هەلومەرجانەی کوردستان بەگوێرەیان چووە ژێر کایەی عوسمانییەکان لەلایەکی تر، لەبەرچاوگرت، ئەوە هەست دەکەین کە ئەوە تاوانێکی پووچە.

لەبەشی یەکەم لەسەر بابەتی فراوانخوازی سەفەوییەکان لە کوردستان هەڵوەستەمان کردو تێیدا دەرکەوت کە بەشی هەرە زۆری کوردستانیان خستەژێر رکێفی خۆیان[١٤٣]، ئەوەش بەر لە رووتێکردنی عوسمانییەکان بەرەو رۆژهەڵات و پەلاماری سوڵتان سەلیم و شەڕی چاڵدێرانی ١٥١٤، کەواتە بەر لە چوونی کوردستان بۆ ژێر کایەی دەوڵەتی عوسمانی و رۆڵی بەتلیسی لەو کردارەدا، بۆیەش تاوانبارکردنی بەتلیسی بە سەپاندنی رکێفی بێگانە (دەوڵەتی عوسمانی) بەسەر کوردستاندا بێدادیکردنە بەرامبەری، چونکە کوردستان داگیرکراو بووە بەرلەوەی بەتلیسی ئەوکارە بکات، ئەوەتە لۆنگریک دەڵێ: «لە

کوردستان، ئێران (دەوڵەتی سەفەوی لەسەردەمی شا ئیسماعیلی یەکەم) دەیتوانی لایەنگیری هەموو دەوڵەتۆکەکانی چیایی قەڵادار دەستەبەر بکات...»[١٤٤]
بەوەش دەردەکەوێ کە هەرچییەکی کردبێ بریتی بووە لە گۆڕینی لایەنگیری میرنشینە کوردەکان بۆ لای عوسمانییەکان، پێویستیشە دان بە چاکەی بەتلیسی بنرێ لەو بوارەدا، چونکە ئەوەبوو کوردستانی (بەشی هەرە زۆری) رزگار کرد لە سیاسەتی سەختی سەفەوییەکان بەرامبەر بە کورد[١٤٥]، کەسانی واش هەن ئاماژە بەوەدەکەن کە میرو کەسایەتییەکانی کورد خۆیان هانایان بردە بەر سولتان سەلیمی یەکەم و هانیاندا بۆ جەنگی سەفەوییەکان[١٤٦]. دەتوانرێ ئەوە بە جۆرێک لە مانۆڕە سیاسییەکان بژمێردرێ کە زۆر جار بەرهەڵستکاران و بێزاربوان لە دەوڵەتێک داوای یارمەتی لە دەوڵەتێکی تر دەکەن و پەنای بۆدەبەن و لە پێناویشدا ناچاردەبن هەندێ ملکەچی بۆ بکەن بەرامبەر بە یارمەتی ئەو دەوڵەتە بۆیان و نموونەش لەسەر ئەوە لەمێژوودا زۆرن، بەوەش کوردستان لە سیاسەتی پڕ ستەمی سەفەوییەکان رزگاربوو، سەرەڕای ئەوەی کەوتە ژێر باڵی دەوڵەتێکی تر بەڵام ئەوجارە هەندێ دەستکەوت و مافی تایبەتییان بەدەستهێناو رێککەوتنی کوردو عوسمانییەکان رادەی ئەو مافە تایبەتییانەی دیارکردووە، دەربارەی رێککەوتنەکەش ئەگەرچی هەندێ بەندی ئەوتۆی تێدایە لە بەرژەوەندی عوسمانییەکانە، بەڵام لە کوردستان هەلومەرجێکی برێک باشتر لەسەردەمی سەفەوییەکان هاتەکایەوە، کە سولتانی عوسمانییەکان بەپێی ئەو رێککەوتنە دانی بە سەربەستی و سەربەخۆیی میرنشینەکانی ناوخۆی کوردستان نا، بەوەش چەند بەشێک لە کوردستان قەوارەی سیاسی خۆیان پاراست[١٤٧]

چاکەی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بەتلیسی کە توانی فەرمانێک لە سولتان سەلیمی یەکەم دەستەبەر بکات، کە بەگوێرەی ئەو فەرمانەش میرنشینەکوردیەکان ناوی حکومەتە کوردیەکانیان لێنرا[١٤٨]، لە رێکخستنە کارگێرییەکانیشدا بە دانانی خۆی بەری لەهەر هەوڵێک بۆ سەپاندنی رکێفی راستەوخۆی عوسمانییەکان گرت[١٤٩]، (هەندێ مەڵبەندی گرنگی لێدەرچێ هەروەک بینیمان)، بەتلیسیش، هەروەک هەندێک لە مێژوونووسان دەڵێن، لە رێکخستنەکانی خۆی، «چەند بنچینەیەکی گونجاوی بۆ نەتەوایەتی کورد» دانا[١٥٠] بەڵام میرەکانی کورد لەبەر دووبەرەکی نێوان خۆیان ئەو دەسکەوتەیان نەپاراست[١٥١].

ئەو پرسیارەمان دێتە بیر ئاراستەی ئەوانەی بکەین کەوا بەتلیسی بە بەکرێگیراو و بەدنەک تاوانبار دەکەن:

ئایا چارەنووسی کوردستان چۆن دەبوو ئەگەر بەتلیسی بەو رۆڵەی هەڵنەستابوایە، لەو کاتەی ئەو ئامێرە سەربازییە ترسناکەی عوسمانییەکان لەسەرووشیەوە، سولتان سەلیمی یەکەمی چاو لە بەرزی و ناسراو بە فراوانی داگیرکردنەکانی، رووی لە رۆژهەڵات کردبوو[١٥٢]، بێگومان دەیویست کوردستان بداتە بەر شاڵاوەکەی، یەکەمیان لەبەرئەوەی کەوتبووە سەر رێگای رۆیشتنی بۆ ئێران و دووەمیشیان چونکە لە موڵکەکانی دەوڵەتی سەفەوی بوو کە لە شەڕی چالدێران نەیتوانی خۆی رابگرێ. عەلائەدین سجادی وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوەو دەڵێ:

«حکومەتی (یاوز) ئەو میرنشینانەی بە تەواوی قوتدەداو هەتا ناوەکانیشی بۆ بەجێ نەدەهێشتن»[١٥٣] لەبەرئەوەی یاسای دەرەبەگی باو، لەو کاتیدا، لە کوردستان کۆسپی دەخستە بەردەم

یەکبوونی میرنشینەکانی کورد لەژێر یەک سایەدا بۆ بەرگری لە نیشتمان و هێرشەکانی بێگانە [154] بۆیە داخوونبوونی کوردستان بۆ مەودای عوسمانییەکان هەر دەبوایە ببێ، ئەوەی ئاشکراش بێ لە سیاسەتی داگیرکەران ئەوەیە کە جیاوازییەک دەکەن لە نێوان ئەو وڵاتەی بە زەبری هێز داگیرکراوەو ئەو وڵاتەی نەرمی نواندووە. لەوەوە هەستدەکەین کە دەرکەوتنی بەتلیسی لەسەر شانۆی ڕووداوەکان لەماوەی ناوبراو لەکوردستان بۆ بەرژەوەندی کورد بووە، چونکە لەلایەک خوێنی کوردی گێڕایەوە، ئەو خوێنەی لەکاتی بەرگری کردنی دەوڵەتی عوسمانی دەڕژا (ئەگەر بڕیاری بەرگریکردنیان بدابوایە)، لەلایەکی تریش هەلومەرجێکی لەبارو چاکتری لەژێر چەتری عوسمانییەکان بەپێی ڕێککەوتننە ناوبراوەکە بۆ کوردستان دابینکرد، ئەوانە باشییەکانی ئەو ڕۆڵە بوو کە بەتلیسی لە کوردستان بینی، بەڵام خراپییەکانیشی سەپاندنی فەرمانڕەوایی ڕاستەوخۆی عوسمانییەکان بوو بەسەر هەندێ ناوچەی کوردستان، هەروەها دانپیادانانی عوسمانییەکان بە ڕەوایی فەرمانڕەوایی میرە کوردەکان بەسەر میرنشینەکانیاندا، بەپێی ڕێککەوتننامەکە کارێکی پێویست بوو، ئەوەش جیاوکێک بوو زۆرجار دەوڵەتی عوسمانی بەکاری هێنا بۆ لادانی ئەو میرانەی خۆشی ناوێن و دانانی ئەوانەی هەوەسی پێیان دێ، لەلایەکی تریش بەپێی ڕێککەوتنەکە کورد دەبوایە یارمەتی دارایی و سەربازی بۆ عوسمانییەکان پێشکەش بکات، هەر بۆیەش کورد لە زۆران شەڕدا بەشداری دەکرد بێ ئەوەی بۆ ئەو دەسکە پووشێکی تێدا بێ و، لەدەست شوێنەواری ئەو شەڕە وێرانکارانەش زۆر ئازاری دەچێشت.

بەڵام ئێمە ناتوانین ئۆباڵی ئەوانە بخەینە ئەستۆی بەتلیسی، چونکە ئەوانە گۆڕانکاری سیاسی بوون و بەتلیسی هیچ دەستی تێدا نەبوو، هەروەها ناتوانین ئۆباڵی ئەو سیاسەتەی دەوڵەتی عوسمانی دواتر لە کوردستان پەیڕەوی کرد بیخەینە ئەستۆی ئەو، بەتایبەتی سیاسەتی (مەڵبەندێتی) لە فەرمانڕەوایی لە سەدەی نۆزدەهەم کە میرنشینەکانی کوردی هەڵوەشاندەوە، چونکە ئەو کردەوانە لادانن لەو ڕێککەوتنەی کە بەتلیسی کاری بۆ چەسپاندنی دەکرد، بەڵام لەلایەکیتر ناتوانین چاومان لە ئاست هیواو ئاواتە تایبەتییەکانی بەتلیسی بنووقێنین هەروەک لەو شیعرەی دەردەکەوێ کە لە میسر نووسیویەتی [155]، کە دەردی دڵی خۆی بۆ سوڵتان دەردەبڕێ، لەوکاتەی کە لەوانەیە ئەو ڕۆڵەی بەتلیسی لە کوردستان پێی هەڵساوە لەپێناو جێبەجێکردنی هیواو ئاواتە کەسایەتییەکەی خۆی بێ، لە هەمان کاتیشدا دەتوانین بڵێین ئەو هیواو ئاواتە کەسایەتییەی زیانی بە بەرژەوەندی کوردستان نەگەیاندووە، هەروەک بینیمان.

## فراوانخوازییەکانی سوڵتان سلێمانی قانونی (١٥٢٠- ١٥٦٦) لە کوردستان.

### پەلاماری یەکەمی سوڵتان سلێمانی قانونی لە کوردستان (١٥٦):

باری ڕامیاری لە کوردستان، دوای ئەوەی چووە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان، بە ئائارامی ناسرابوو، چونکە دابەشبوونی کوردستان لەنێوان هەردوو دەوڵەتی سەفەوی و عوسمانی وەک ئەنجامێک لە ئەنجامەکانی شەڕی چالدێران (١٥١٤) و پەرەسەندنەکانی، مۆرکێکی ڕەسمی وەرنەگرتبوو، لەبەرئەوەی ئەو دوو دەوڵەتە هەریەکەیان دانی بە دەسەڵاتی ئەویتر لەناوچەکەدا نەدەناو هەلومەرجی شەڕیش لە نێوانیاندا قیت وەستابوو، هەروەها هیچ پەیماننامەیەک یان ڕێککەوتنێکی ئاشتی لە نێوانیاندا نەبەسترابوو [157]،

سەرەڕای بوونی چەند هەوڵو تەقەللایەک لەلایەن دەوڵەتی سەفەوی بۆ ئەو مەبەستە، بەڵام ئەو هەوڵانە لە ئەستەمبوڵ گوێی بۆ رانەدەگیراو سولتان سەلیمی یەکەم ئەو باڵیۆزەی ئاشتی رەتکردەوە کە شا ئیسماعیلی سەفەوی لە ساڵی ١٥١٥ بۆی ناردبوو، هەر بەو رەتکردنەوەیەش نەوەستا بەڵکو ئەندامانی وەفدەکەی سەفەویش بەندکرد[١٥٨]، لەو هەلومەرجانەدا رووداني شەڕ لەنێوان هەردوو دەوڵەتدا، هەتا لەسەر هۆکارێکی پووچیش بێ، هەردەم چاوەڕوان دەکرا.

سولتان سلێمانی قانوونی لە (١٥٢٠) هاتەسەر تەختی دەوڵەتی عوسمانی و لەو سەردەمەدا دەوڵەت گەیشتە لوتکەی پایەبەرزی و فراوانبوونی[١٥٩] کە سەرەڕای فراوانبوونەکانی لە ئەورووپا، فراوانبوونیش لە رۆژهەڵات کەوتە ناو نەخشەو پیلانە سەربازی و سیاسییەکان. ئەوەش لەو دەستەواژە هەڕەشەو گوڕەشە ئامێزانەی رێیەدی دەکەین کە لەو نامەیەیدا هاتبوو کە بۆ (شاتەهماسب)ی یەکەم بەبۆنەی هاتنی بۆ سەر تەخت ناردبووی[١٦٠]، هەروەها سەفەویەکانیش شەڕی عوسمانییەکانیان لەناو نەخشەو پلانە سیاسییەکانی خۆیان داناو دەستیان کرد بە جووڵانەوە دیپلۆماسییەکانیان بۆ ئابڵۆقەدانی سیاسییانەی دەوڵەتی عوسمانی، ئەوەش بە هاوپەیمانێتی بەستن لەگەڵ دوژمنەکانی رۆژئاوای[١٦١].

سەرەڕای ئەوەش هیچ بزووتنەوەیەکی سەربازی تەواو لەنێوان هەردوو دەوڵەتدا تاکو سەرەتای گرتنی چوارەمی سەدەی شازدەهەم، رووی نەدا. لە کاتێکدا دەوڵەتی عوسمانی خەریکی شەڕەکانی بوو دژی نەمسا، چەند گۆڕانکارییەک لە سنوورەکانی رۆژهەڵات روویداو وای لێکرد پەلامارە سەربازییەکانی لە ئەورووپا دوای بەستنی پەیماننامەیەکی ئاشتی لە١٥٣٣لەگەڵ نەمسا رابگرێ و، چاوی ببڕێتە سنوورەکانی رۆژهەڵات[١٦٢]، دەوڵەتی سەفەوی جموجۆڵی سەربازی لە کوردستان زیاد کردو وای لێهات بوونی لە ناوچەکەدا ببێتە هەڕەشەیەکی تەواو بۆ دەوڵەتی عوسمانی[١٦٣]، ئەو گۆڕانکارییانەش خۆی لە رووداوەکانی میرنشینی (بەتلیس) دەنوێنێ. (ئولامەی تەکەلو)[١٦٤]کەوالی ئازربایجان بوو لە دەوڵەتی سەفەوی، پەنای بردە بەر دەوڵەتی عوسمانی[١٦٥]و ئاستانی (بەتلیس)[١٦٦]و(حصن کیف)[١٦٧]ی لە ساڵی ١٥٣٠[١٦٨]لە سولتان سلێمان قانوونی بە دەست کەوت، بۆ جێبەجێکردنی ئەو کارەش سولتان بە یارمەتی سەربازی هاریکاری کرد، ئەوەی شایانی باسە، سولتان سلێمان، فەرمانیشی بە هەندێ لە میرەکانی کورددا کە هاریکاری ئۆلامە بەگ بکەن تا بگاتە ئاستانەکەی[١٦٩]، ئەوەی شایانی تێبینییە ئەوەیە کە ئەو پێبەخشینە سەرپێچی رێککەوتنەکەی کورد و عوسمانییەکانی ساڵی(١٥١٤)بوو، چونکە ئەو دوو میرنشینە بەهرەوەر بوون بە سیستەمی حکومەتی نیشتمانی کە میرە خۆجێییەکانی کورد وەک پشتوپشتیان پێدەکرد[١٧٠]، بەوەش دەتوانین بڵێین ئەوە یەکەم سەرپێچیکردنی عوسمانییەکان بوو بۆ رێککەوتنە ناوبراوەکە، ئەو رووداوە تووڕەیی میرشەرەفخانی[١٧١]میری بەتلیسی وروژاند کە بڕیاری رووبەڕووبوونەوەی ئەو هەوڵەی داو دەستی بە ئامادەکردنی کاروباری بەرگری لە میرنشینەکەی کرد، کاتێکیش کە هێرشبەرانی عوسمانی تەنگیان پێهەڵچنی و لە بەتلیس ئابڵوقەیاندا، هانای بردە بەر شا تەهماسبی یەکەمی سەفەوی(١٥٢٤-١٥٧٦)، ئەویش بەسوپایەک فریای کەوت کە لە ژێر فەرماندەیی خۆی بوو، توانیشی لە

لابردنی ئابلوقەی سەر بەتلیس[١٧٢] سەربکەویّ، بەڵام ئولامەی تەکەلو جاریّکی تر لە ریّگای (خیزان) لە ساڵی ١٥٣٣ رووی تیّکردەوەو سوپایەکی پیّکهاتووی لە دە هەزار جەنگاوەری لەگەڵدا بوو لەو کاتەی کە میر شەرەفخان تەنها پیّنج هەزاری هەبوو، ئەوەش وای لیّکرد دوودڵ بیّت لە رووبەرووبوونەوەی ئەو سوپایەی بەرەو بەتلیس دەخشیّ، بەڵام بڕیاری رووبەرووبوونەوەیدا کاتیّ کە هەندیّ لە پیاوانی بۆ ئەو مەبەستە هانیاندا، لە خوارووی بەتلیس کەوتە ناو شەریّکی نا بەرامبەرو بووە هۆی کوژرانی میر شەرەفخان و پەرتوبڵاوبوونەوەی سوپاکەی، ئەو شکستەش بە هۆی بەدئەمەکی سەرکردەی باڵی راستی سوپاکەی بوو کە پەنای بردە بەر سەربازگەی دوژمن، هەروەها داگیرکردنی شویّنیّکی نایاب لە گۆڕەپانی شەڕ لەلایەن عوسمانییەکان کاریگەری هەبوو لەسەر ئەنجامەکە[١٧٣]، ئەوەو سەرەڕای ژمارە زۆری لایەنی عوسمانی. دوای کوژرانی میرشەرەفخان، سەرکاران لە بەتلیس کۆبوونەوە ومیر شەمسەدینی کوڕیان[١٧٤] لە شویّنی داناو تا ئەو کاتەش میرنشینەکە سەربەخۆیی خۆی پاراست،ئەوەی شایانی باسە کە ئولامەی ناوبراو لەکاتی سەرکەوتنی بەسەر هیّزەکانی بەتلیس نەچووە ناو شارەکە بەڵکو لیّی لاداو رۆیشت بۆ شاری وان[١٧٥].

لەبەر ئەو هۆیانە، دەوڵەتی عوسمانی جاڕی شەڕی بەسەر دەوڵەتی سەفەویدا و دەستپیّشخەری لە ناردنی سەدری ئەعزەم ئیبراهیم پاشا[١٧٦] کرد بەسەرکردەکردنی پەلامارێکی گەورە بەرەو رۆژهەڵات لە ١٥٣٣، ئیبراهیم پاشا رووی کردە میرنشینی بەتلیس بەڵام پیّش ئەوەی بگاتە شاری قونیە[١٧٧]، شەمسەدینی کوڕی ئولامەی تەکەلوی گەیشتیّ کەسەری شەرەفخانی پیّبوو، بۆیە ئیبراهیم پاشا، بۆ بە سەربردنی کەژی زستان، بەرەو شاری حەلەب بەرێکەوت[١٧٨]، لە بەهاری ١٥٣٤ بەرەو شاری دیاربەکر لە فورات پەڕییەوە کەشەش حەفتەی تیّدا رابوارد، لەو کاتەشدا میر شەمسەدین، میری نوێی میرنشینی بەتلیس چووە پیّشوازی و چەند دیارییەکی دەگمەنی لەگەڵ خۆی بۆ بردو ملکەچی خۆشی بۆ نیشاندا، ئیبراهیم پاشاش بەگەرمی وەری گرتەوەو لەجیاتی سوڵتان پەیمانی پیّدا ئاستانی بەتلیسی بداتیّ[١٧٩]، دوای ئەوە سەدری ئەعزەم لە دیاربەکرەوە بەرەو تەورێز بزوفت و لە ریّگاشیدا بەناوچەی وان تیّپەڕی کە لەکاتی تیّپەڕینیدا کلیلی هەندیّ لە قەڵاکانی کوردی[١٨٠] دەوروپشتی دەریاچەی وانی پیّدرا، لەوانەش قەڵای میرنشینی مەحمودی کەمیر ئەمین بەگی مەحمودی پیّشکەشی کرد[١٨١] وەک بەڵگەیەک لەسەر گەردەن کەچی بۆی،ئیبراهیم پاشاش بۆی گەڕاندەوەو ریّگاشی پیّدا بەناوی دەوڵەتی عوسمانی فەرمانڕەوایی میرنشینەکەی بکات، سەرەڕای ئەوەش قەڵای وانی داگیرکرد[١٨٢]، دوای ئەوە لە ١٣ی تەمموز ساڵی ١٥٣٤ گەیشتە تەورێز و بێ بەرگرییەکی ئەوتۆ چووە ناوی، چونکە شا تەهماسبی یەکەم خۆی لادا لە بەیەکتر گەیشتن لەگەڵ سوپای عوسمانییەکان لەبەر ئەوەی دەیزانی توانای سەرکەوتنی بەسەریدا نییە، بۆیە بۆ قەزوینی سەرووی ئێران کشایەوە کە بووە پایتەختێکی نوێی دەوڵەتی سەفەوی[١٨٣]، دوای ئەوە سوڵتان سلێمانی قانونی لە تەورێز خۆی گەیاندە سەدری ئەعزەم، کە ماوەیەکی تیّدا بەسەر برد بۆ حەسانەوە لە ماندوێتی گەشتەکەی، پاشان هەر دوو لەشکریەکتریان گرت ولە ریّگای هەمەدانەوە روویان کردە بەغدا[١٨٤]، لەو کاتەی لەشکری عوسمانییەکان بەسەرکردایەتی سوڵتان سلێمانی قانونی

له رێگایەوە بۆ بەغدا، لە ناوچەی شارەزووری سەر بە میرنشینی ئەردەلان نزیک بووەوە، (بیگە بەگی کوڕی مەئمون بەگ)[١٨٥] ملکەچی خۆی بۆ دەوڵەتی عوسمانی راگەیاندو مەئمونی[١٨٦] کوڕی تەمەن بچووکی وەک بەڵگەیەکی نیازپاکی بەبارمتە پێشکەش کرد[١٨٧].

ئەوەی شایانی باسە کە لەو کاتەی لەشکری عوسمانییەکان بەسەرکردایەتی ئیبراهیم پاشا سەربازگەیان لە حەلەب دانابوو، بەبیستنی ئەوە بیگەبەگ دەستپێشخەری کردو راپۆرتێکی دوورودرێژی نووسی و ئەو هەلومەرجەی تێدارون کردەوە کەبوونی سەفەوییەکانی لە ناوچەی شارەزوور سەپاندبوو، هەروەها تێیدا رایگەیاند کە رازییە بەوەی کە سەر بە عوسمانییەکان بێت[١٨٨]، دوای ئەوە سوڵتان بەرەو بەغدا رۆیشت و لە دوا رۆژی سالی ١٥٣٤ چووە ناوی[١٨٩]، لە پاشان و دوای ماوەیەک لەرێی کوردستانەوە بەجێی هێشت و رۆیشت تا گەیشتە ناوچەی هەولێر کە سەر بە میرنشینی سۆران بوو و لەوێش لە میرەکەی عیزەددین شیر[١٩٠] تووڕەبوو و فەرمانیدا ملی بەپەتەوە بکرێ و میرنشینەکەشی بە میر حوسێن بەگی داسنی (ئێزیدی)[١٩١] سپارد، دەربارەی ئەو هۆیانەی کەوای لێکرد بەو کارە هەڵبستێ، دوو رای لەیەکتر جیاهەیە، شەرەفخانی بەتلیسی دەڵێ ئەوە لە ئەنجامی ئەو کارە خراپانەبوو کەمیر لە بەرامبەر دەست وپێوەندەکانی سوڵتان کردی[١٩٢]، کەچی عەباس ئەلعەزاوی دەڵێ، سوڵتان بیستبووی کە میر نامەیەکی لە شا تەهماسبی یەکەم بۆ هاتووە، ئەوەش وای لێکرد گومانی لێبکا[١٩٣]، ئەو کارە هەرچۆنێک بێ ئەو رووداوە لادانێکی تربوو لەبەندەکانی رێکەوتنی کوردو عوسمانییەکان(١٥١٤) کە لە یەکێک لە بەندەکانی مافی سەربەستی و سەربەخۆیی ناوخۆی میرنشینەکانی کورد دەردەبڕێ[١٩٤].

لە سالی ١٥٣٥ بەکردەوەیەکی تری نەگونجاو لەگەڵ سەربەخۆیی ناوخۆی کوردو دژی رێککەوتنە ناوبراوەکەی پێشوو هەستا، ئەویش داواکردن بوو لە میر شەمسەدینی کوڕی شەرەفخانی میری بەدلیس بە هاتنە خوارەوە لە میرنشینەکەی و بەجێهێشتنی بۆ ئولامەی تەکەلو و لەجیاتی ئەو ناوچەی مەلاتیە و مەرعشی بدرێتێ[١٩٥]، ئەو کارەش پاڵی بە میر شەمسەدینەوەنا بۆ ئەوەی خۆی لەگەڵ کۆمەڵێک لە پیاوانی هۆزەکەی (رۆژەکی) بچنە باوەشی دەوڵەتی سەفەوی[١٩٦]، ئەوەی شایانی باسە ئەو کارە بە زۆری دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵدانی دانانی ئولامەی تەکەلو لەسەر یەکێک لە ناوچە هاوسنوورەکانی دەوڵەتی سەفەوی بەمەبەستی خەریککردنی دەوڵەتی سەفەوی و دروستکردنی گرفتی سیاسی بۆی.

## هەڵوێست لە میرنشینی ئەردەلان

سەبارەت میرنشینی ئەردەلان، لەناویشیدا ناوچەی شارەزوور سەرەڕای ملکەچی بۆ دەوڵەتی عوسمانی بەڵام دوودڵ بوو لەو ملکەچییە لەبەر نائارامی بارە سیاسییەکانی بەهۆی دووبەرەکی خێزانی لەسەر سەرکردایەتی و ناوچەکانی دەسەڵات[١٩٧]، ئەوەش وای لە سوڵتان سلێمان کرد پەلامارێک رێک بخا کە پێکهاتبێ لە هەندێ لە میرنشینەکانی کوردو سوڵتان حوسێن بەگ[١٩٨] میری بادینان لە سالی ١٥٣٧ سەرکردایەتی بکا بۆ پەلاماربردنە سەر میرنشینی ئەردەلان بەبیانووی ئەوەی ملکەچییەکەی بۆ لای دەوڵەتی سەفەوی گۆڕیوە[١٩٩]، ئەوەو لەو کاتەی کە محەمەدەمین زەکی دەڵێ

کەمەئمون بەگ،لە راستیدا دانی بە دەسەڵاتی عوسمانییەکان نەناوە بەڵکو سەر بە دەوڵەتی سەفەوی بووە، لەو کاتەی ویستوویەتی سنووری میرنشینەکەی لە رۆژئاوا، بەرەو کۆیسنجەق و کەرکوک و شارەزوور، فراوان بکات، ئەوە بەدڵی سوڵتان سلێمان قانونی نەبووە کە چاوی بڕیبووە دەست بەسەر داگرتنی شارەزوور بە پلەی یەکەم، هەروەها مەریوان[٢٠٠] و سنە، ئەگەر بکرێ[٢٠١]، کارەکە هەرچۆنێک بێ، سوپای هێرشبەر لە قەڵای (زلم) دەورەی مەئمون بەگی دا پاشان گفتوگۆیان لەگەڵ کرد تا هێنایانە باوەڕکە خۆی بداتە دەست سوپای عوسمانییەکان و بچێتە ئەستەنبۆل و دڵسۆزی خۆی پێشکەش بە بابولعالی بکات، دوای ئەوەی دڵنیایان کرد لەسەر ژیان و میرنشینەکەی[٢٠٢]. دوای ئەو مێژووە پەلامارەکانی عوسمانی بۆ سەر میرنشینی ئەردەلان لە سەردەمی سوڵتان سلێمانی قانونی بەدوای یەکدا دەهاتن، بۆ نموونە یەکێک لەو پەلامارانە پەلاماری ساڵی ١٥٥٢بەسەرکردایەتی عوسمان پاشابوو[٢٠٣]، بەڵام سەرەڕای ئەوەش دەسەڵاتی عوسمانییەکان لە شارەزوورو میرنشینی ئەردەلان تاکو ساڵی ١٥٥٤ لە هەڵکشان و داکشان بوو تا ئەو کاتەی میری ئەردەلان سەرخاب بەگ کوڕی مەئموون بەگ[٢٠٤] خۆی دایە دەست سوپای هێرشبەری عوسمانییەکان وبەوەش ناوچەی شارەزوور و دەوروبەری لە ناویشیدا قەڵای (هاوار)و قەڵای (نقرد)[٢٠٥] و (باسکە)[٢٠٦] و(شێران)[٢٠٧]کەوتنە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی[٢٠٨].

## پەلاماری دووەمی سوڵتان سلێمان قانونی

سوڵتان سلێمانی قانوونی لە هاوینی ١٥٤٨ جارێکی تر لە سەرووی سوپایەکی گەورە[٢٠٩] بەرەو شاری تەورێزی سەفەوییەکان رووی کردەوە رۆژهەڵات وبینی رێگا لە بەردەمی کراوەتەوە ئەوەی لەبەر ئەوەش شا تەهماسبی یەکەم، دیسان پەنای بردەبەر بیرۆکەی مانۆری سیاسی و رووبەڕوونەبوونەوە لەگەڵ دوژمن[٢١٠] بەڵام لەهەمان کاتدا، جارێکی تر، سیاسەتی زەوی سوتاوی گرتە بەر کە چوار دەوری تەورێزی بەتەواوی خاپوور کرد بەوەش نەیهێشت عوسمانییەکان سوود لە فەرەکەی وەربگرن، بۆیە سوڵتان ناچاربوو واز بهێنێ لە بەرەوپێشچوون و رۆیشتنی بەردەوام[٢١١] وبەرەو رۆژئاوا رووی وەرسووڕاندەوە بۆ ئابلوقەدانی قەڵای (وان)ی قایم وسەنگەربەند[٢١٢]کە ئەو کات لە ژێر دەسەڵاتی سەفەوییەکان بوو و، پارێزگارو سەرکردەی ئۆردووەکەی میرێکی کورد بوو لە هۆزی (چکنی)[٢١٣]ناوی عەلی سوڵتان ئەلچەکنی بوو کە بەرگرییەکی توندی لە قەڵاکە کرد، سوڵتان گەمارۆی سەرقەڵاکەی قایمکردو تۆپی فیلەتەنی لە ئەرزەرۆم هێناو بەکاری هێنا بۆ لێدانی دیوارەکانی قەڵاکە، ئەوەش وای لە ئابلوقەدراوان کرد پەنا ببەنە بەر کردنەوەی دەرگاکانی قەڵاکە، لەبەر توندوتیژی کرداری ئابلوقەو ئەو ناخۆشییانەی دووچاری بوون لە ئەنجامی کەمی تفاق، قەڵاکە و ناوچەکانی دەوروبەری لە ٢٥ ئابی ١٥٤٨ خۆیان دایە دەست[٢١٤].

لە نێوان ساڵەکانی دواتر کوردستان بووە شانۆی شەڕە هاڕندەکانی (الطاحنة) نێوان هەر دوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی کە هەر دوو لەشکری سەفەوی و عوسمانی لە چوارچێوەی ململانێ لەسەر ناوچەکانی دەسەڵات تێیدا،بە قووڵایی و پانایی وڵاتدا رۆچوون، ئەوەی کارەکەی قووڵتر کردەوە ئەوەبوو کە (ئەلقاس میرزا)[٢١٥]برا بچووکی شا تەهماسب

پەنای بردەبەر دەوڵەتی عوسمانی وداوای یارمەتی لێکرد بەمەبەستی وەرگرتنی تەختی ئێران، ئەوەش وایکرد ململانێکە زۆر توندتربێ و شا تەهماسبیش لەو ململانێیەدا دوو جار چووە قووڵایی کوردستان، جاری یەکەم گەیشتە دەروبەری دیاربەکر و جاری دووەمیش گەیشتە موش و ئەخلات وبەناوچەکانی وان و بەتلیسیشدا(٢١٦) تێپەری،ئەو ململانێیە هەڵگیرساوە تا بەستنی پەیماننامەی (ئەماسیە)کۆتایی نەهات، کەلە سەر داواکاری شا تەهماسبی یەکەم لە ٢٩ی مایسی ١٥٥٥ لە نێوان هەر دوو دەوڵەتدا بەسترا، ئەوەش یەکەم پەیماننامەی نێوانیانە(٢١٧).

بە کۆتایی هاتنی ئەو شەرە نەپساوانە سوڵتان سلێمانی قانوونی چەند ناوچەیەکی تری کوردستانی زیادکرد لەسەر ئەو زەویانەی سوڵتان سەلیمی یەکەمی پێشینی بەدەستی هێنابوو، ئەوانەش ناوچەکانی وان ئەرزەرۆم(٢١٨) و شارەزوور بوون، هەر وەک پێشتر بۆمان دەرکەوت، بەڵام بەرکەوتی کوردستان لەو شەرە نەپساوانەدا خاپوورکردنی وەک یەکتری مرۆیی ودارایی بوو، چونکە ببووە شانۆیەکی لەشکرەکانی هەردوو دەوڵەت و شەرە وێرانکارییەکانیان، لە کاتێکدا ئەوەی لایان گرنگ بوو، بەرژەوەندی وڵات نەبوو، بەڵکو تەنها دەست بەسەراگرتنی شوێنە ستراتیجییەکانی وسوود وەرگرتن لە سامانەکانی دارایی و مرۆیی بوو، شا تەهماسبی سەفەوی لەو دوو جارەی چووە ناو خاکی کوردستان لە رێگایدا هەرچی بیناسازییەکی کەوتە پێش وازی لێنەدەهێنا و خاپووری کرد، ئەوەو سەرەڕای راووڕووت و تاڵان کە سیمای لەشکرەکانی ئەو سەردەم بوون، دەوڵەتی عوسمانی لەو چاکتر نەبوو لەو بوارەدا(٢١٩).

## رێکخستنەکانی کارگێری سلێمانی قانونی لە کوردستان

سێلمانی قانوونی بەر لە بەجێهێشتنی رۆژهەلات(کوردستان)، هەرێمە نوێیە دەستکەوتووەکانی تێدا رێکخست، چوار ئەیالەتی نوێی لە کوردستان دامەزراند، لەوانیش،ئەیالەتی (ئەرزەرۆم)بوو کە لە پەلاماری یەکەمی ساڵی ١٥٣٤داگیری کردبوو، کردەوەکەشی بە دانانی ناوچەکە لە ژێر رکێفی حکومەتێکی زیاتر ناوەندی دەستی پێکرد، ئەگەرچیش ناوچەکە، پێشتر بە بەرێوەبەرایەتییە خۆجێییەکانی سەرکردەو هۆزەکانی کوردو تورکمان بەهرەوەر بوو(٢٢٠)، هەر لە پەلاماری یەکەمیدا شاری موسڵی کردە ئەیالەتێکی عوسمانی وسەید ئەحمەدی کوڕی شەمسەدین (میری گورگیل)ی(٢٢١) لەسەر دانا کە لە سێ سنجەق پێکهاتبوو، شەنگارو موسڵ، سەرەڕای گورگیل خۆشی کە پێشتر لە ژێر فەرمانڕەوای خۆیدابوو(٢٢٢).

بەڵام ناوچەی شارەزوور کە تا رادەیەک لە ١٥٥٤ خۆی خستە پاڵ دەوڵەتی عوسمانی هەروەک پێشتر بەسەرماندا رۆیشت، بەهەمان ناو بووە ئەیالەتێکی عوسمانی و دابەشکرابوو بۆ بیست سنجەق لەوانیش (هەولێر، شەهربازار(شارباژێر)(٢٢٣)، هەزارمێرد(٢٢٤)، هەریر(حریر)(٢٢٥)، سەروچک(٢٢٦) و سنجەقی تر) ئەوەی شایانی باس بێ ئەوەیە ئەیالەتەکە لە رووی بەرێوەبردنیەوە سەر بە ئەیالەتی بەغدا بوو، کە پاشای بەغدا مافی لابردن ودانانی میرەکانی هەبووە(٢٢٧)، بەڵام دەربارەی جۆری بەرێوەبردنەکەی نزیکەی نیوەی ئەو سنجەقانەی سەر بە شانشینەکانی عوسمانی بوون کە بەگەکانی عوسمانی بەرێوەیان دەبردن، کەچی ئەوانی تر لە بەردەستی میرەکانی

کورد بوون[٢٢٨]، پایەی فەرمانڕەوایی ئەیالەتەکەش بەندبوو بە فەرمانڕەوایەکی عوسمانی کە مەڵبەندەکەی لە شاری کەرکوک بوو[٢٢٩]، بەڵام ئەیالەتی چوارەمی تازە پەیدابوو، ئەیالەتی وان بوو کە بەگوێرەی یاسای سوڵتان سلێمان ببووە ئەیالەتێکی عوسمانی و مەڵبەندەکەشی شاری وان بوو، پێکیش هاتبوو لە سی و حەوت سنجەق و بیست لەو سنجەقانە بریتی بوون لە سنجەقەکانی عوسمانی و، پاشای وان مافی لابردن و دانانی میرەکانی هەبوو[٢٣٠]، کەچی سنجەقەکانی تر بەدەستی میرەکانی کورد بوون، سەرەڕای ئەوەی چوار حکومەتی کوردی نیمچە سەربەخۆ هەبوون وەک حکومەتەکانی هەکاری و بەتلیسی و مەحمودی و دواتریش حکومەتی پنیانش[٢٣١]کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی وان، ئەو حکومەتانەش بەناو سەر بە ئەیالەتی وان بوون[٢٣٢].

بەو شێوەیە کوردستان لەو کاتەی سەربە دەوڵەتی عوسمانی بوو لە پێنج ئەیالەت پێکهاتبوون کە ئەمانەبوون (ئەرزەروم، وان، دیاربەکر، موسل، شارەزوور)لەناو ئەو ئەیالەتانەشدا هەندێ حکومەت و میرنشینی کوردی هەبوون کە سەربەخۆیی خۆیان پاراست هەروەک بینیمان.

**پەراوێزەکان:**

١) دائرة المعارف الاسلامية، مج٦، مادة: إدريس البتليسي.

٢) مشاهير، ج١، لاپەڕە (١٠٤).

٣) الشرفنامە، ح لاپەڕە (٣٧١)، ڕێبازی نوربەخشیش دەگەڕێتەوە بۆ سەید محەمەد نوربەخشی کۆچکردوو لە ساڵی ١٤٦٥ کە ئەو ڕێبازی داناو دەڵێن ڕێبازێکی مام ناوەندییە لەنێوان بیرو بڕواکانی شیعەو سوننە، هەروەها کتێبی (الرسالة الاعتقادية)ی هەیە، المنجد في الاعلام، ط١٢، لبنان ١٩٨٢، مادة: نوربەخش.

٤) مشاهير، ج١، لاپەڕە (١٠٦).

٥) سەرچاوەی پێشوو. لاپەڕە (١٠٤).

٦) دەربارەی وەرگێڕانی بنوارە: السخاوي: الضوء اللامع لاهل القرن التاسع، ج١٠، رقم ١١١٠، لاپەڕە (٢٨٣).

٧) مشاهير، ج١، لاپەڕە (١٠٤)، دائرة المعارف الاسلامية. مج٦، بابەتی: ئیدریسی بەتلیسی، وتاری دووەم.

٨) گردلیفسکی: الاعمال المختارة، بەرگی١، لاپەڕە (٣٩١)، لە د. کەمال مەزهەر: چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد، لاپەڕە (٥٣) وەرگیراوە.

٩) ئەو کتێبیە بە فەرمانی سوڵتان بایەزیدی دووەم بە فارسی دانرا کە بریتییە لە مێژووی هەشت سوڵتانە عوسمانییەکانی بەڕایی هەروەک عەبدولکەریمی مودەریس لە (الشقائق النعمانية)ی وەرگرتووەو دەڵێ: «دانسقەو بێ هاوتا بووە»، عەبدولکەریم مودەریس: علماؤنا في خدمة العلم والدين، بەغداد، ١٩٨٣، لاپەڕە (٨٧).

١٠) الشرفنامە: ح لاپەڕە (٣٧٢).

١١) يحيى: ادريس البتليسي، لاپەڕە ١٥٧ .

١٢) مشاهير، ج١، لاپەڕە ١٠٥ .

١٣) يحيى: ادريس البتليسي، لاپەڕە ١٥٧ .

١٤) الجميل: دراسات في السيطرة العثمانية، ق٢، ح ص٣٣٦ .

١٥) دائرة المعارف الاسلامية، مج٦، مادة، ادريس البتليسي، مقال٢ .

١٦) دەربارەی هەڵبەستەکە بە زمانی فارسییەو بۆ وەرگێڕانە عەرەبییەکەشی سەیری شەرەفنامە، لاپەڕە ٢٧٢-٢٧٣ بکە.

١٧) يحيى: ادريس البتليسي، لاپەڕە١٦٤ .
١٨) الجميل: دراسات في السيطرة العثمانية، ق٢، لاپەڕە ٣٢٨ .
١٩) ئیدریسی بەتلیسی: سەلیم نامە (بەفارسی)، لە: خلاصە، لاپەڕەی (٧) وەرگیراوە.
٢٠) كرد در دائرة المعارف اسلام، لاپەڕە ٧٦ .
٢١) ئەوە برای خان محەممەدی ئەستاجلوی والی سەفەوییەکانی پێشووی دیاربەکر بوو، کە لە شەڕی چالدێران کوژرا، الشرفنامة، لاپەڕە ٤٣١.
٢٢) ڤون هامر: تاريخ الدولة العثمانية، مج٢، لاپەڕە ٤٢٦، بە زمانی ئەڵمانی لە الجميل: دراسات في السيطرة العثمانية، ق٢،لاپەڕە ٣٢٩ وەرگیراوە.
٢٣) دەکەوێتە کەناری سەرووی دەریاچەی وان کە ئێستا سەربە ویلایەتی (وان)ی کوردییە لە تورکیا.
٢٤) خلاصة، لاپەڕە ١٦٦-١٦٧.
٢٥) ئەوە میرنشینی (ذي القدر)ی تورکمانییە کە بەهۆی هاریکاری لەگەڵ دەوڵەتی سەفەوی لە ساڵی ١٥١٥ ڕووخێنرا، الجواهري: صراع القوى السياسية، لاپەڕە ٧٠.
٢٦) یەکێکە لە سەرکردەکانی عوسمانییەکان، دوای شەڕی چالدێران ١٥١٤ کاری پاککردنەوەی ئۆردووەکانی سەفەوی لە کوردستان پێسپێردرا و دواتریش بە والی دیاربەکر داندرا، الشرفنامة، لاپەڕە ٤٣٢.
٢٧) شارێکی گەورەیە دەکەوێتە سەر ڕووباری چورخ ١٠٠ کم لە سەرووی ڕۆژئاوای ئەرزڕۆمەوە دوورە، دائرة المعارف الاسلامية، مج٦، بابەتی: بایبورد.
٢٨) J. Parry: op. cit, P.71.
٢٩) تاريخ الوطن العربي، لاپەڕە ٤٢.
٣٠) خلاصة، لاپەڕە ١٦٧.
٣١) كرد در دائرة المعارف إسلام، لاپەڕە ٧٦.
٣٢) خلاصة، لاپەڕە ١٦٧.
٣٣) J. Parry: op. cit, P.71
٣٤) خلاصة، لاپەڕە ١٦٨، الجميل: دراسات في السيطرة العثمانية، ق٢، لاپەڕە ٣٣٢.
٣٥) ڤون هامر: تاريخ الدولة العثمانية، مج٢، لە الجميل: دراسات في السيطرة العثمانية، ق٢،لاپەڕە ٣٣٢ وەرگیراوە.
٣٦) یەکێکە لەسەرکردەکانی کورد لەناو لەشکری بەتلیسی. الجميل: دراسات في السيطرة العثمانية، ق٢، لاپەڕە ٣٣٣.
٣٧) ڤون هامر: تاريخ الدولة العثمانية، مج٤، لاپەڕە ١٦٥،( وەرگێڕاوی تورکی)، لە خلاصە، لاپەڕەی ١٦٨-١٦٩ وەرگیراوە.
٣٨) ڤون هامر: تاريخ الدولة العثمانية، مج٢، لاپەڕە ٤٣١، لە الجميل: دراسات في السيطرة العثمانية، ق٢،لاپەڕە ٣٣٣ وەرگیراوە
٣٩) كرد در دائرة المعارف اسلام، لاپەڕە ٧٧.
٤٠) خلاصە، لاپەڕە ١٦٩.
٤١) الجميل: دراسات في السيطرة العثمانية، ق٢،لاپەڕە ٣٣٣ .
٤٢) الجميل: استراتيجية العراق، لاپەڕە ١٧.
٤٣) ئەرغەنی: دەکەوێتە سەرووی ڕۆژئاوای دیاربەکرو ئێستاش یەکێکە لە قەزایەکانی.
٤٤) قەزایەکی گەورەیە سەربە پارێزگای (نەینەوا)یە لە عێراق، دەکەوێتە ڕۆژئاوای موسڵ و زۆربەی دانیشتوانی تورکمانن.
٤٥) سیڤریک: دەکەوێتە نیوەی ڕێگای سەرەکی نێوان دیاربەکرو ئورفەو لەلایەنی بەڕێوەبردنەوە سەربە ویلایەتی ئێستای ئورفەیە.
٤٦) خلاصە، لاپەڕە ١٧٠، بیرەچک: ناحیەیەکی سەربە ویلایەتی ئورفەی ئێستایەو دەکەوێتە خوارووی ڕۆژئاوای ئەو ویلایەتە.
٤٧) ڤون هامر: تاريخ الدولة العثمانية، مج٢،لاپەڕە ٤٣١ لە الجميل: دراسات في السبطرة العثمانية، ق٢،لاپەڕە ٣٣٤ وەرگیراوە.
٤٨) J. Parry: op. cit, P.71
٤٩) Encyclopaedia of Islam, 2nd edition, vol. 11, P8
لە الجميل: دراسات في السيطرة العثمانية، ق٢،لاپەڕە ٣٣٤ وەرگیراوە. خەربوت: شارێکی کوردە دەکەوێتە سەر کەناری ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی (ئالازیک)و ئێستاش لە ڕووی بەڕێوەبردنەوە سەربە ویلایەتی (ئالازیک)ە.
٥٠) گلشن خلفا، لاپەڕە ١٩٧.
٥١) تاريخ الدولة العلية، لاپەڕە ٧٥.
٥٢) خلاصە، لاپەڕە ١٧٠، ئەو هۆزە ناوبراوانە هۆزی کوردن و لەسەروو و ناوەندی کوردستان نیشتەجێن.
٥٣) لازاریف: کێشەی کورد، لاپەڕە ٤٣.
٥٤) العراق في التاريخ، لاپەڕە ٥٦٧، د.علاء نورس: العراق في العهد العثماني، بەغداد، ١٩٧٩، لاپەڕە ٢٣.
٥٥) الدملوجي: امارة بهدينان، لاپەڕە ١٧.
٥٦) S. Show: History of ottoman Empire and Modren Turkey. Vol.1 Cambridge unive. Press- Britain, 7th Published 1988, P.82.
ڕای ئەو مێژوونووسە بەهایەکی زۆری هەیە چونکە لە دانراوەکەی پشتی بە بەڵگەنامە ڕەسمییەکانی عوسمانی بەستووە.
٥٧) جورج كيرك، موجز تاريخ الشرق الاوسط (ت: عمر الاسكندري)، مصر (س) لاپەڕە (٩١).
٥٨) كندال: كردها (وەرگێڕانی بۆ فارسی: ئیبراهیم یونس)، چاپ دوودم، تهران ١٣٧٢،(فارسی) لاپەڕە ٥٢.
٥٩) J. Parry: op. cit, P.71
٦٠) الطالباني: كوردستان والحركة القومية الكوردية، لاپەڕە ٣٧.
٦١) خصباك: الكرد والمسألة الكوردية، لاپەڕە ٢٣، مشاهير، ج١، لاپەڕە ١٠٥.

٦٢) الشرفنامە، لاپەڕە ٤٣١.

٦٣) D.E. Pitcher: A Historical Geography of the ottoman Empire Leiden 1972, P.103.

لە الجميل: دراسات في السيطرة العثمانية، ق٢، لاپەڕە ٣٢٧ وەرگیراوە.

٦٤) خلاصە، لاپەڕە ٧.

٦٥) سەیری سێیەم لاپەڕەی ئەم بابەتە بکە.

٦٦) خواجە سعدالدين، تاج التواريخ، لە الشرفنامە، لاپەڕە ٢٦ وەرگیراوە.

بیکنغهام: رحلتي الى العراق، ل١٠٩. J.Parry: OP.Cit,P17

٦٧) الجميل: دراسات في السيطرة العثمانية، ق٢، لاپەڕە٣٢٧، الطالباني: كوردستان والحركة القومية، لاپەڕە ٦٩.

٦٨) مەعروف جیاووک: القضية الكردية، ط٢، بەغداد ١٩٣٩، لاپەڕەی ٥٤.

٦٩) سەیری بابەتی ژمارە (١٠)ی سەنتەری برایەتی، نووسەر بکە.

٧٠) الجميل: دراسات في السيطرة العثمانية، ق٢، لاپەڕە٣٢٧.

٧١) خلاصە: لاپەڕە ٧.

٧٢) خصباك: الكورد والمسألة الكوردية، لاپەڕە ٢٣، ئایەتوڵلا مردۆخی کوردستانی: سەرەتایەک لە مێژووی میللەتی کورد (و: محەممەد تۆفیق وردی) ب١، بەغدا ١٩٥٧، لاپەڕە ٨.

٧٣) د. شاكر خصباك: الاكراد، دراسة جغرافية أثنوغرافية، بەغداد، ١٩٧٢، لاپەڕە ٤٨٦.

٧٤) ئیدریسی بەتلیسی: سەلیم نامە، لە: مذكرات مأمون بەگی کوڕی بیگە بگ، لاپەڕە ٧ وەرگیراوە.

٧٥) باسیل نیکیتین: الاكراد، بەیروت ١٩٦٧، لاپەڕە ١٦٩، بلەج شێرکۆ: کێشەی مێژینەو ئێستای کورد، (و: محەممەد حەمەباقی) ب٣، (لا.م) ١٩٩١، لاپەڕە ٣١، هەروەها: الجميل: دراسات في السيطرة العثمانية، ق٢، لاپەڕە٣٤١.

٧٦) ئیدریسی بەتلیسی: سەلیم نامە، لە خلاصە، لاپەڕە ٧ وەرگیراوە، فۆن هامر: تاريخ الدولة العثمانية، مج٢، لاپەڕە ٤٥٧-٤٦٣، لە:الجميل: دراسات في السيطرة العثمانية، ق٢، لاپەڕە٣٤٠ وەرگیراوەو ئەوەی شایانی باسیش بێ ئەوەیە کە فۆن هامر پشتی، بە زۆری بە سەرچاوەیەکی گرنگ بەستاوە ئەویش (منشآت السلاطين)ە کە (فەریدون بەگ) دایناوە.

٧٧) الجميل: دراسات في السيطرة العثمانية، ق٢، لاپەڕە٣٤.

٧٨) لەو سەرچاوانە: مێژووەکانی (فەرەیدون بەگ) لە کتێبە گرنگەکەی (منشآت السلاطين)ی بە تورکی چاپکراو لە ئەستەنبوڵ، هەروەها (تاريخ الدولة العثمانية)ی مێژوونووس (فۆن هامر) بە ئەڵمانی و کتێبی (تاريخ التواريخ)ی سەعدەدین خواجە کە یەکێکە لە کۆنترین مێژووەکانی عوسمانی، هەروەها سەرچاوەی تری تورکی و ئێرانی وەک کتێبی (احسن التواريخ)ی دانەر حەسەن روملو، سەیری: الجميل: دراسات في السيطرة العثمانية، ق٢، لاپەڕە٣٤١ بکە.

٧٩) خلاصە. لاپەڕە ١٧١.

٨٠) يحيى: ادريس البتليسي، لاپەڕە ١٦٠.

٨١) وەک: کندال: کردها، لاپەڕە ٥٢، خصباك: الكرد والمسألة الكردية، لاپەڕە ٢٣.

٨٢) الشرفنامە، لاپەڕە ٤٣١.

٨٣) احمد بن السيد زيني دحلان: الفتوحات الاسلامية، ج٢، ط١، مصر، ١٩٠٤، لاپەڕە ٨٨، تاريخ الدولة العلية، لاپەڕە ٧٥.

٨٤) پەیوەندی بە بابەتێکی تردوە هەیە کە هێشتا چاپ نەکراوە.

٨٥) ئیدریسی بەتلیسی، سەلیم نامە، لە: خلاصە، لاپەڕە ٧ وەرگیراوە.

٨٦) سیاحەتنامە، لاپەڕە ٢٨.

٨٧) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٣٦.

٨٨) پەیوەندی بە بابەتێکی تردوە هەیە کە هێشتا چاپ نەکراوە.

٨٩) سیاحەتنامە، لاپەڕەکانی: ٢٨، ٣٥- ٣٦، ٩٥، ١٠٥، ٣١٦و لاپەڕەکانی تر. هەروەها ناوی ئەو بەندە لەسەرچاوەی تریش هاتووە، وەک: احمد عبدالرحيم مصطفى: في أصول التاريخ العثماني، لاپەڕە ٨٦، خصباك: الكرد والمسألة الكردية، لاپەڕە ٢٣، د. بلەج شێرکۆ: کێشەی کورد، لاپەڕە٣١.

٩٠) سیاحەتنامە، لاپەڕە ٢٨-٣٥ و بابەتی تر.

٩١) الشرفنامە، لاپەڕە ١٤٤-١٤٥.

٩٢) سیاحەتنامە، لاپەڕە ٣٦-٢١١.

٩٣) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٣٥.

٩٤) پەیوەندی بەبابەتێکی تردوە هەیە کە هێشتا چاپ نەکراوە.

٩٥) ئەو بەندە لەو سەرچاوەی خوارەوەش دیارکراوە: شێرکۆ: کێشەی کورد، لاپەڕە ٣١.

٩٦) ئەمە دووپاتکرایەوە لەلایەن: احمد عبدالرحيم مصطفى: في أصول التاريخ العثماني، لاپەڕە ٨١. خصباك: الكرد والمسألة الكردية، لاپەڕەی ٢٣ دیاریان کردوە.

٩٧) خلاصە، لاپەڕە ١٧١.

٩٨) کندال: کردها، لاپەڕە ٥٢.

٩٩) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٥٢.

١٠٠) لە پاشکۆکە سەیری دەقی فەرمانەکە بکە.

١٠١) خلاصە، لاپەڕە ١٧١.

١٠٢) الشرفنامە، لاپەڕە ٤٣١.

١٠٣) پەیوەندی بە بابەتێکی تردوە هەیە کە هێشتا چاپ نەکراوە.

١٠٤) الجميل: استراتيجية العراق، لاپەڕە١٧.

١٠٥) سعد الدين خواجە: تاج التواريخ لە: الجميل: دراسات في السيطرة العثمانية، ق٢، لاپەڕە ٣٣٩ وەرگیراوە.

١٠٦) خلاصە، لاپەڕە ١٤٢.

١٠٧) دوقە: جۆرێکە لە پارەی زێڕو محەممەد ئەلفاتح

لەسەر شێوەی (فلورینات)ی بێگانە لێی دا، بەهای (دوکات) ٦٠ ئێنجە بوو، ئێنجەش پارەیەکی زیو بوو لەسەرەتای سەدەی ١٦ کێشی گەیشتە درهەمێکی زیو، محمد عبدالمنعم السيد الراقد: الغزو العثماني لمصر ونتائجه على الوطن العربي، مصر ١٩٧٣، ح ص١٥.

١٠٨) خلاصە، لاپەڕە ١٧١، ڤون هامر: تاريخ الدولة العثمانية، مج٢، لە: الجميل: دراسات في السيطرة العثمانية، ص٢، لاپەڕە ٣٢٩ وەرگیراوە.

١٠٩) خلاصە، ح ص١٧١.

١١٠) J. Parry: op. cit, P.71

١١١) خصباك: الكرد والمسألة الكردية، لاپەڕە ٢٣.

١١٢) سیاحەتنامە، لاپەڕە ٣٥، کرد در دائرة المعارف اسلام، لاپەڕە ٧٧.

١١٣) سیاحتنامە، لاپەڕە ٣٦

١١٤) J. Parry: op. cit, P.72

١١٥) سیاحەتنامە، لاپەڕە ٣٦.

١١٦) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٣٦، خلاصە، لاپەڕە ١٧٣.

١١٧) ئەوە میرنشینی (ساسون)ی باسکراوە لە بەشی یەکەم، لاپەڕە (١٥).

١١٨) خلاصە، لاپەڕە ١٧٤-١٧٥، سیاحتنامە، لاپەڕە ٣٦.

١١٩) کرد در دائرە المعارف اسلام، لاپەڕە ٧٧.

١٢٠) خلاصە،، لاپەڕە ١٧١.

١٢١) لۆنگریک: اربعة قرون، لاپەڕە ٣٣.

١٢٢) کندال: کردها، لاپەڕە ٥٢.

١٢٣) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٥٢.

١٢٤) کرد در دائرە المعارف اسلام، لاپەڕە ٧٧

١٢٥) مشاهیر، ج١، لاپەڕە ١٠٥

١٢٦) علاءالدین سجادی: شۆڕشەکانی کورد (کوردو کۆماری عێراق) بغدا ١٩٥٩، لاپەڕە ٣٧.

١٢٧) کرد در دائرە المعارف اسلام، لاپەڕە ٧٧.

١٢٨) سیاحتنامە، لاپەڕە ١٠٥.

١٢٩) خصباک: الكرد والمساله الكرديه، لاپەڕە ٢٣.

١٣٠) قاسملو: کوردستان‌وکورد، لاپەڕە ٤٢.

١٣١) هۆزێکی گەورەیە لە کوردستانی باکوور، بەر لەکۆچکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی لە چیاکانی نزیک شاری بەتلیس بوو، خلاصە، لاپەڕە ٤١٧.

١٣٢) ا. شامیلۆف: حول مسألة الاقطاع بين الكرد (ت: د. كمال مظهر)، ط٢، بغداد ١٩٨٤، لاپەڕە ٤٦.

١٣٣) خلاصە لاپەڕە ١٧٦

١٣٤) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٧١-١٧٢ .الدملوجي: امارة بهدينان، لاپەڕە ١٦.

١٣٥) احمد بن السيد زيني دحلان: الفتوحات الاسلامية، ج٢، لاپەڕە ٨٨.

١٣٦) J. Parry: op. cit, P.72

١٣٧) لۆنگریک: اربعة قرون، لاپەڕە ٣٤.

١٣٨) لۆنگریک: اربعة قرون لاپەڕە ٣٤، قاسملو: کوردستان و کورد، لاپەڕە٤٢.

١٣٩) مەردۆخی کوردستانی: سەرەتایەک لە مێژووی میللەتی کورد، لاپەڕە ٨، یحیی: ادريس البتليسي، لاپەڕە ١٥٦، رؤوف کامل عقراوي: لمحة عن التطور في كوردستان عبر التاريخ، اربيل ١٩٩٤، لاپەڕە ١٠ و سەرچاوەی تر.

١٤٠) سجادی: شۆڕشەکانی کورد، لاپەڕە ٣٧، ساڵح قەفتان: مێژووی گەلی کورد لاپەڕە ٣٤٢، مشاهیر، ب١، لاپەڕە ١٠٥.

١٤١) مینۆرسکی: الاكراد، ح ص٢٦.

١٤٢) شێرکۆ: کێشەی کورد، لاپەڕە ٣١، یحیی: ادريس البتليسي، لاپەڕە ١٥٦.

١٤٣) بە بەشی یەکەم: بابەتی (التوسع الصفوي في كوردستان)، لاپەڕە ٣٠دا بچۆوە.

١٤٤) لۆنگریک: اربعة قرون، لاپەڕە ٣٢.

١٤٥) بەبەشی یەکەم: بابەتی (السياسة الصفوية في كوردستان) لاپەڕەی٢٣دا بچۆوە.

١٤٦) الشرفنامە، لاپەڕە ٤٣١.

١٤٧) ئەوە بە سیاسەتی سەفەوییەکان لە لێدانی دەسەڵاتەکانی کوردی و شوێنگرتنەوەیان لەلایەن دەسەڵاتەکانی سەفەوی بەراورد بکە، سەیری لاپەڕە ٢٣ بکە.

١٤٨) خصباک: الکردو المسألة الكردية، لاپەڕە ٢٣.

١٤٩) J. Parry: op. cit, P.71

١٥٠) مشاهیر، ب١، لاپەڕە ١٠٥.

١٥١) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٠٥، سجادی: شۆڕشەکانی کورد، لاپەڕە ٣٧.

١٥٢) شەرەفنامە، پ لاپەڕە ١٥٥.

١٥٣) سجادی: شۆڕشەکانی کورد، لاپەڕە ٣٧.

١٥٤) الطالباني: كردستان و الحركة القومية، لاپەڕە ٦٧، مەحمود مەلا عیزەت: دبلۆماسیەتی بزووتنەوەی کوردایەتی، لاپەڕە ٨.

١٥٥) الشرفنامە، لاپەڕە ٣٧٣.

١٥٦) دەربارەی ژیاننامەی بەدوای: هارولد لامب: سليمان القانوني (ت. محمود نديم) بغداد ١٩٦١ بچۆوە.

١٥٧) یەکەم پەیماننامەی ئاشتی لە نێوان هەردوو دەوڵەت لە ١٥٥٥ بەسترا کە پەیماننامەی (ئەماسیە) بوو، تاريخ الدولە العليە، لاپەڕە ١٠٥، د. علاء نورس: العراق في العهد العثماني، لاپەڕە ٢٥

١٥٨) لە پاشکۆکە سەیری دەقی فەرمانەکە بکە.

١٥٩) نورس: العراق في العهد العثماني، لاپەڕە ٢٣

١٦٠) لۆنگریک: اربعة قرون، لاپەڕە ٣٥، الجواهري: صراع القوى السياسية، لاپەڕە ٧٦.

١٦١) لۆنگریک: اربعة قرون، لاپەڕە ٣٥، زبیر بلال اسماعيل: اربيل في ادوارها التاريخية، النجف ١٩٧١، لاپەڕە ٢٦٤.

١٦٢) تاريخ الدولة العلية، لاپەڕە ٩٠.

١٦٣) الجواهري، صراع القوى السياسية، لاپەڕە ٧٧.

١٦٤) لە میرەکانی قزلباش بوو، رارا بوو لەلایەنگیری هەردوو دەوڵەت، زۆری ئەبردبوو پەنای بردبووە بەر سەفەوییەکان تا پەنای بردەوەبەر عوسمانییەکان،

خلاصە، لاپەڕە ١٧٨ ، کوردو عەجەم لاپەڕە ٢٧ .

١٦٥) الشرفنامە، لاپەڕە ٤٤٠ .

١٦٦) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٤٤٢ .

١٦٧) خلاصە، لاپەڕە ١٧٩ . لۆنگریک: اربعة قرون، لاپەڕە ٣٦ .

١٦٨) ستانلی لین پول: الدول الاسلامية، ق٢، دمشق ،١٩٧٤، لاپەڕە ٥٨٥ .

١٦٩) الشرفنامە، لاپەڕە ٤٤٢

١٧٠)سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٤٤٢، خلاصە، لاپەڕە ١٧٩ .

١٧١) ئەو باپیری مێژوونووس شەرەفخانی بەتلیسییە، دەربارەی وەرگێڕانی سەیری: مشاهير، ج١، لاپەڕەی٢٥٢ بکە.

١٧٢) الشرفنامە، لاپەڕە ٤٤٣-٤٤٤ . خلاصە، لاپەڕە ١٧٩ .

١٧٣) الشرفنامە، لاپەڕە ٤٤٨-٤٤٩ .

١٧٤) ئەو باوکی مێژوونووس شەرەفخانی بەتلیسییە، دەربارەی وەرگێڕانی بەدوای: مشاهیر، ج١، لاپەڕە ٢٥٧ بچۆوە.

١٧٥) الشرفنامە، لاپەڕە ٤٥٠، ٤٥٢ .

١٧٦) ابراهیم پاشا: ناودێر بە کوژراو، لە ١٥٢٤ سوپای درایە دەست و لە میسرو ئەنازۆڵ و مەجەر خزمەتی دەوڵەتی عوسمانی کرد، لە پاشان بووە سەدری ئەعزەم، بەڵام دوای بەجێهێنانی خزمەتێکی زۆری دەوڵەت لە پەلامارەکەی بۆ سەر بەغدا، بە فەرمانی سوڵتان سلێمان لە ١٥٣٦ لە سێدارە درا. مذكرات مامون بگ بن بيگە بگ، پەراوێزی وەرگێڕ، لاپەڕە ٢١ .

١٧٧) مەڵبەندی ویلایەتێکی گەورەیە لە تورکیا، دەکەوێتە خوارووی ئەنقەرەی پایتەختی ئێستا.

١٧٨) تاريخ الدولة العلية، لاپەڕە ٩٠ .

١٧٩) الشرفنامە، لاپەڕە ٤٥٣ . خلاصە، لاپەڕە ١٧٩ .

١٨٠) لەو قەڵایانە: ئەمیق و سوڵتان کیپان و جرم کە نەمتوانی شوێنەکانیان دیار بکەم، بەڵام دەتوانین وامەزندە بکەین کە دەکەوێتە نزیک وان. سیاحەتنامە، لاپەڕە ١٩١ .

١٨١) میری میرنشینی مەحمودی بوو لەوکاتدا، سیاحەتنامە، لاپەڕە ١٩١ .

١٨٢) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ١٩١ . لونکریک: اربعه قرون، لاپەڕە ٣٦ .

١٨٣) الجواهري: صراع القوى السياسية، لاپەڕە ٧٨ .

١٨٤) تاريخ الدولة العلية، لاپەڕە ٩٠ . خلاصە، لاپەڕە ١٧٩ .

١٨٥) بۆ وەرگێڕانەکەی سەیری: الشرفنامە، لاپەڕە ١٠٨ بکە.

١٨٦) بۆ وەرگێڕانەکەی سەیری: مەستوورەی کوردستانی: مێژووی ئەردەلان، لاپەڕە ٢٨-٢٩ بکە.

١٨٧) مذكرات مامون بگ بن بيگە بگ، لاپەڕەی ١٠ . گلشن خلفا، لاپەڕە٢٠٤ . محەمەد ئەمین زەکی: تاریخی ولاتی سلێمانی، بەغداد ١٩٣٩، لاپەڕە ٣١ .

١٨٨) مذكرات مامون بگ بن بيگە بگ، لاپەڕە ٢١ .

١٨٩) الجواهري: صراع القوى السياسية، لاپەڕە ٨٠ .

١٩٠) بۆ وەرگێڕانی سەیری: الشرفنامە، لاپەڕە ٢٧٧-٢٧٨ بکە.

١٩١) الشرفنامە، لاپەڕە ٢٧٨ . عباس العزاوي: تاريخ العراق بين الاحتلالين، بەرگی٤، بەغدا، لاپەڕە ٤٣ .

١٩٢) الشرفنامە، لاپەڕە ٢٧٨ .

١٩٣) عباس العزاوي: تاريخ العراق بين الاحتلالين، ب٤، لاپەڕە ٤٣ .

١٩٤) سەیری لاپەڕە ٩ی ئەم بابەتە بکە.

١٩٥) دەکەوێتە رۆژئاوای ئورفە، ئێستا مەڵبەندی ویلایەتێکی تورکییە بەهەمان ناو.

١٩٦) الشرفنامە، لاپەڕە ٤٥٤ .

١٩٧) مذكرات مامون بگ بيگەبگ، لاپەڕە ٥٧، میرنشینەکە، هەروەکو پێشتر روونمان کردووە، لەسەردەمی میر مەئمون بەگ (باوکی بیگەبەگ) دابەشکرابوو بەسێ بەش و لەسەر هەر بەشێک کوڕێک لە کوڕەکانی دانابوو، بەڵام تەبایی هەرسێ براکە بەردەوام نەبوو هەروەها دەربارەی گەردن کەچیش ناڕێک بوون، لەکاتێکدا کە بێگەبەگ ملکەچی دەوڵەتی عوسمانی بوو، کەچی سەرخاب بەگ ملکەچی بۆ دەوڵەتی سەفەوی هەڵبژارد، الشرفنامە، لاپەڕە ١٠٨، مذكرات مامون بگ بن بيگەبگ، لاپەڕە ١٠ .

١٩٨) دەربارەی وەرگێڕانەکەی سەیری: انور المائي: الاكراد في بهدينان، الموصل ١٩٦٠، لاپەڕە ١٢٨ بکە.

١٩٩) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ١٢٨ ، محەمەد ئەمین زەکی: تاریخی ولاتی سلێمانی، لاپەڕە ٣١، (دواتر لەکاتی ئامادەکردن بۆی، تەنها بە «تاریخی ولاتی سلێمانی» ناودەبەین.

٢٠٠) شارێکی کوردە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی کوردستان و رۆژئاوای شاری (سنە) لە نزیکی سنوورەکانی عێراق.

٢٠١) تاریخی دەوڵەت و ئەمارەتی کوردی، لاپەڕە (٣٢٩-٣٣٠)، هەروەها لەوەش لۆنگریک هاوبەشی دەکاو دەڵێ: والی ئەردەلان بە بەرچاوی سوڵتان سلێمان هاوسێیەکی بەهێز و نموونەیەکی خراپی هەردوو دەوڵەتی ئامێدی و بەتلیس بوو، لۆنگریک: اربعه قرون، لاپەڕە (٦١-٦٢).

٢٠٢) مەستوورەی کوردستانی: مێژووی ئەردەلان، لاپەڕە٢٩ . المائي: الاكراد في بهدينان، لاپەڕە ١٣٠ . علي سيدو الگوراني: من عمان الى عمادية، مصر ١٩٣٩، لاپەڕە ٥٢-٥٣ .

٢٠٣) گلشن خلفا، لاپەڕە ٢٠٤ . عوسمان پاشا: میری میرانی حەلەب بوو.

٢٠٤) دەربارەی وەرگێڕانی سەیری: مشاهير، بەشی١، لاپەڕە ٢٣٣ بکە.

٢٠٥،٢٠٦) نەمتوانی شوێنەکەیان دیار بکەم.

٢٠٧) بڕوانە سەنتەری برایەتی ژ ١٠ بابەتەکەی نووسەر.

٢٠٨) گلشن خلفا، لاپەڕە ٢٠٥ . مەستوورەی کوردستانی: مێژووی ئەردەلان، لاپەڕە ٣٣ .

٢٠٩) هەندێ لە میرەکانی کورد، لەو پەلامارەدا، شانبەشانی سوڵتان سلێمان، بە سوپاکانیان بەشدارییان کرد، لەوانەش میری میرنشینی مەحمودی کە بە سوپاکەی بەشداریکرد، سیاحەتنامە، لاپەڕە ٣١٦ .

٢١٠) خلاصە، لاپەڕە ١٨٠. J. Parry: op. cit, P.93

٢١١) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٨٠.

٢١٢) وان لە ساڵی ١٥٣٤ دەستی بەسەرداگیرا، بەڵام لە ساڵەکانی دواتر، دوای بەرگرییەکی کەم، کەوتە بەردەستی سەفەوییەکان، J. Parry: op. cit, P.93

٢١٣) ناوی یەکێک لە هۆزەکانی کوردە، لەسەردەمی دەوڵەتی سەفەوی بەهێزو توانابوو، بەرپۆیەرایەتییەکی نیمچە باشی دامەزراند، لە پاشان بنچینەکانی ئەو میرنشینە تێکوپێک چوو و هۆزەکەشی لە وڵاتاندا پەرتوبڵاوبووەوە، الشرفنامە، پ لاپەڕە ١٦.

٢١٤) سیاحەتنامە، لاپەڕە ١٩٤. خلاصە، لاپەڕە ١٨٠. J. Parry: op. cit, P.93

٢١٥) فەرمانڕەوای ویلایەتی (شیروان) بوو، لەوکاتەی کە شاتەهماسب سەرقاڵ بوو بە جەنگی گورج، ئەو سەربەخۆیی خۆی لە حکومەتی شای برای ڕاگەیاند و ئەوەی دواییش بە سوپایەکی زەبەلاح بۆی خشی و ناچاریکرد بەرەو دەوڵەتی عوسمانی ڕابکات و بچێتە پاڵ سوڵتان لە شەڕەکانیدا بەهیوای دەستبەسەرداگرتنی تەختی ئێران.

٢١٦) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (١٨١-١٨٢).

٢١٧) نوري: العراق في العهد العثماني، لاپەڕە ٢٥.

٢١٨) S.Show: op. cit, P.95

٢١٩) خلاصە، لاپەڕە ١٨٢-١٨٣.

٢٢٠) S.Show: op. cit, P.95

٢٢١) یەکێکە لە ناحیەکانی سەربە ناوچەی بۆتان (جەزیرەی ئیبن عومەر) پێشتر پێی دەگوترا (جەردەقیل). شەرەفنامە، پ لاپەڕە ١١.

٢٢٢) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ١٦٩. هەروەها لۆنگریک: اربعة قرون، لاپەڕە ٤١.

٢٢٣) یەکێکە لەو ناحیانەی سەربە پارێزگای سلێمانییە و دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی.

٢٢٤) ئێستا گوندێکە لە ناحیەی سەرچناری سەربە پارێزگای سلێمانی.
مديرية الآثار العامة: أطلس المواقع الآثارية في العراق، لاپەڕە ٨٣.

٢٢٥) یەکێکە لەو ناحیانەی سەربە پارێزگای هەولێرن.

٢٢٦) قەڵایەکی کۆنە، لەسەر گردێکی بەرز دروستکرابوو، شوێنەواری تاکو ئێستاش، لە نزیک گوندی بەرزنجەی مەڵبەندی ئەو ناحیەی بەو ناوە ناودێرکراوە لە قەزای شارباژێر و لە پارێزگای سلێمانی، هەر ماوە.
شەرەفنامە، پ لاپەڕەی ١١٢.

٢٢٧) زبیر بلال اسماعیل: اربیل فی أدوارها التاریخیة، لاپەڕە ٢٧٧، بەڵام ئەم سەرچاوەیەی ناونەهێناوە کە زانیارییەکانی لێهەڵێنجاوە.

٢٢٨) مذکرات مأمون بگ بن بیگەبگ، لاپەڕە ٧٩.

٢٢٩) لۆنگریک: اربعه قرون، لاپەڕە ٦٣. زبیر بلال اسماعیل: اربیل فی ادوارها التاریخیة، لاپەڕە ٢٧٧، ئەو ئەیالەتە تەمەن درێژنەبوو، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەوڵەتی عوسمانی سیاسەتی دانپیانانی بە فەرمانڕەوایی سەرکردایەتییەکانی خۆجێی پەیڕەو کرد کە لایەنگیری خۆیان بۆ دەوڵەت نیشاندابوو، بەڵام بارەکان گۆڕان بەرەو جەورو ستەمی دەسەڵاتی ئەوانە لەوێ، تا وای لێهاتبوو والییەکان لەوێ هیچ توانایەکیان لە بەڕێوەبردنی کارەکانیان نەبوو، عوسمانییەکانیش کاروباری کوردستانیان بۆ ئەو میرانە بەجێهێشتبوو کە لەژێر دەستی والییەکانی بەغدا بوون، دواتریش شوێنەواری ئەو ئەیالەتە (دواتر ویلایەت) لە کۆتایی سەدەی هەژدەم بەهۆی گەشەکردنی میرنشینی بابان، کە دەسەڵاتی بەسەر شارەزووردا سەپاندبوو، لەناوچوو. تاریخی وڵاتی سلێمانی لاپەڕە ٥٨-٥٩، نوار: تاريخ العراق الحديث، لاپەڕە ٧-٨، د. عمر عبدالعزیز عمر: دراسات في تاريخ العرب الحديث، بەشی١، لاپەڕە ٩٢.

٢٣٠) بۆ شارەزابوون لەسەر ناوی ئەو سنجەقانە سەیری سیاحەتنامە، لاپەڕە ٢٠٨ بکە.

٢٣١) لکێک بوو لە میرنشینی مەحمودی بەڵام لێی جیابووەوەو لە پەلاماری دووەمی سوڵتان سلێمانی قانونی ساڵی ١٥٤٩ سەری بۆ دەوڵەتی عوسمانی دانەواند، م.ن، لاپەڕە ٣٢٢.

٢٣٢) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٢٠٨-٢٠٩)، خلاصە، لاپەڕە (١٧٥-١٧٦).

# ئایا ململانێ لە دنیادا مەنتیقێکی چەسپاوی هەیە؟

بەشی دووەم
محەمەد ئیحسان

## حەتمیەت و سێبەری دوارۆژ

مایەی گاڵتەجارییە کە بڕوا بە حەتمی بوونی شەڕ، دەورێکی گەورە لە هەڵگیرساندنیدا بگێڕێ. ئەگینا بیریکردەوە کە شەڕ هەر دەقەومێ، ئیدی بۆ ئەو باشترە دوو بەیەک بێ نەک بە پێچەوانەوە، بڕوا بەحەتمی بوونی شەڕ کە چار نییە هەر دەقەومێ، دەورێکی یەکلاکەرەوەی لە وەرگرتنی بڕیارەکەدا هەبوو. ئەم حەتمیەتە بۆ؟با بۆ ئاریشەی کابرای زیندانی، بگەڕێینەوە. یەکەم جار وا دێتەپێش چاو کە بۆ هەردوو زیندانییەکە وا باشترە هەریەکەیان ئەوی دیکە دەست خەڵەت بدات و بە قوربانی خۆی بکات، بەڵام مادام هەردووکیان بەو مەسەلەیە دەزانن کە ئەگەر متمانە بەیەکدی بکەن پێویستە هەوڵبدەن ڕێگەچارەی دووەم و هەرە باشتر بگرنەبەر کە ئەویش هاریکاری کردنی یەکتری و بێدەنگ بوونە لە ئاست یەکتردا، بەڵام هاریکارییەکی لەم بابەتە زەحمەتە، چونکە گەمەکە یەکجار دەکرێ و دەبڕێتەوە. لە ڕێگەی دووبارەبوونەوەی یاریدا، خەڵکان فێردەبن هاریکاری یەکتر بکەن، بەڵام ئەگەر گەمەکە تەنیا جارێک بوو، کامەیان بتوانێ ئەوی دیکە دەست خەڵەت بدا ئەوا گرەوەکە دەباتەوەو ئەوەی هەڵوێستی خۆی لەسەر متمانەکردن بنیات بنێ، ئەوا مایەپوچ و دەبەنگ دەردەچێ، ڕۆبرت ئەکسلرۆدی سیاسەتزان ئاریشەی کابرای زیندانی بەستراتیژیای جۆربەجۆرەوە خستە ناو پرۆگرامی کۆمپیوتەرەوەو پاش چەند گێمێک بینی کە باشترین ئەنجامی وەدەستهاتوو لە ڕێگەی ستراتیژیای (یەک بەیەک)ەوەیە «چیت پێ کردووم وات پێدەکەم» ئەگەر لە هەنگاوی یەکەمدا ساختەم لێبکەی،منیش ساختەت لێدەکەم. ئەگەر جارێکی دیکە فێڵم لێبکەیەوە منیش جارێکی دیکە فێڵت لێدەکەمەوە، ئەگەر هاریکاریم بکەی، منیش هاریکاریت دەکەم، ئەگەر دووبارە یاریدەم بدەی، یاریدەت دەدەمەوە، بە تێپەڕبوونی کات هەردوو یاریزان تێدەگەن قازانجی هەردوولا لە یاریدا زۆرتر دەبێ ئەگەر هەردوولا فێربوون چۆن هاریکاری یەکتر بکەن، بەڵام ئەکسلرود وریامان دەکاتەوە کە ڕێگای «یەک بەیەک» کەڵکی نییە مەگەر یارییەکە ماوەیەک درێژە بکێشێ، کاتێ «سێبەری ئایندەیەکی دوورودرێژ» لە ئارادا هەبێ، کاتێ تۆ دەزانی بە سایەی گەمان لەگەڵ

هەمان خەڵکدا بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ، دەتوانی فێرە هاوکاری کردن بێ.

لەبەر ئەم هۆیە دەبینین بڕواهێنان بە حەتمی بوونی شەڕ لە سیاسەتی دەولیدا وەختی بەسەرچووە، کاتێ بڕوات وابێ کە هیچ چارو مەفەرێکی دیکە لە شەڕ بەولاوە نییە، تۆ زۆر لەدوا جوولەی خۆت نزیک بوویتەوە، کاتێ بە دوا بزووتن دەگەین (کە ڕەنگە لە ژیاندا بمێنیتەوە، ئەگەر لە توانادا هەبوو لە بنەچەکەدا بەشداری لە یارییەکەدا بکەی) ئەو دەمەتۆ هەقتە نیگەران بێی کە تا چەند دەکرێ بڕوا بە نا حەزەکەت بکەی یان نا، ئەگەر گومانت پەیدا کرد کە ناحەزەکەت دەست خەڵەتت دەدا باشتر وایە پشت بە خۆت ببەستی و لە جیاتی هاریکاری کردن لێی دوور بکەویەوە، ئەثینایییەکانیش هەر وایان کرد. لەبەردەم بڕوابوون کە چار نییەو شەڕ هەر دەقەومێ، بڕیاریاندا کە هیچ پاساوێک نییە تا متمانە بە کورنثییەکان یان سپارتەییەکان بکەن، باشتر وایە بدەنە پاڵ کەشتیگەلی کورسایرا لە جیاتی ئەوەی دژیان بوەستێ، کاتێ دیتیان ئەوە دوا هەنگاوە لە یارییەکەو شەڕ چار نییە هەر دەقەومێ.

ئەرێ بە ڕاست هەر دەبوایە شەڕی پیلۆپینیزی بقەومێ؟ توسایدیدس بە چاوێکی ڕەشبینانەوە سەیری سروشتی مرۆڤایەتی دەکردو گوتی «کاری من کارێکی ئەدەبی نییە کە بۆ ئەوە نووسرابێ خەڵکی دەوروبەرم لێ ڕازی بێ، بەڵکە بۆ ئەوە نووسراوە هەتا هەتایێ بمێنێتەوە»[٨] مێژووەکەی توسایدیدس سروشتی مرۆڤایەتی (ئاریشەی کابرای زیندانی) ئاسا چ ئەوساو چ بە درێژایی سەردەمەکانمان پێ دەناسێنێ، توسایدیدس مەبەستی دەست خەڵەتدان نەبووە، بەڵام وەک هەموو مێژووناسانی دیکە ،دەبوایە جەخت لەسەر هەندێ شت بکاتەوەو باز بەسەر هەندێکی دیکەیاندا بداو پێی

وابوو هۆکاری شەڕ ،بەهێزبوونی ئەثیناو ترس لێنیشتنی سپارتە بووە.

بەڵام بە بڕوای مامۆستای دیراساتی گریکی (دۆنالد کاغان)هێزو توانای ئەثینا بەر لە هەڵگیرسانی شەڕ لە ساڵی ٤٣٢ (پێش لە دایکبوون) لە قەبەبوون دانەبوو، بەڵکە لەدوای ئەمەوە، هێزی ئەثینا بەرەو ژوور هەڵکشا، لەسەرووی ئەوەشەوە، هەروەک کاغان دەڵێ، سپارتە هێندەی لە شەڕ دەترسا هێندە لە ئەثینا نەدەترسا، چونکە هەردوو دەوڵەت کۆیلەیان لەشەڕ بەکاردەهێناو لەوە دەترسان کە چوونە ناو شەڕەوە دەرفەتی بەرپابوونی شۆڕشی کۆیلەکانی لێ بکەوێتەوە، تەنیا جیاوازی لەوە دابوو کە ٩٠ ٪ی دانیشتوانی سپارتە کۆیلە بوون و لەمێژنەبوو سپارتەییەکان لە ساڵی ٤٦٤ ڕووبەڕووی شۆڕشی کۆیلەکان ببوونەوە، لەبەر ئەوە کاغان پێی وابوو ڕاستە سپارتە لە بەهێزبوونی ئەثینا دەترسا، بەڵام زێتر لە شۆڕشی کۆیلەکان دەترسا.

کەواتە هۆکاری ڕاستەوخۆی شەڕ، بەلای کاغانەوە گرنگتر بوو لەوەی کە لە تیۆری توسایدیدس سەبارەت بە حەتمیەتی شەڕ داهاتبوو.

بۆ نموونە: کۆرنث پێی وابوو، ئەثینا شەڕ ناکات و لەسەرێنی ڕق و بوغز لە کۆرسایراوە لەو مەزەندەیەی خۆیدا بە هەڵەداچوو. بیرکلیس زیاد ڕۆیی بوو، لەناڕاستەکردنی دوا ئاگادارنەوەی پوتیدایاو سزادانی میگارا بە ڕاگرتنی بازرگانی لەگەڵیدا بەهەڵەچوو.

ئەم هەڵە سیاسیانە وایان لە سپارتە کرد کە بڕوا بەوە بکا کە شەڕ ئەوە دێنێ ئەو سەرچڵییەی بۆ بکرێ، هەرچی کاغانیشە پێی وابوو ئەشونماکردنی هێزی ئەثینا هۆکاری شەڕی پیلۆپنیزی یەکەم بوو بەڵام «ئاگر بڕی سی ساڵە» بلێسەکەی دامرکاندەوە، بۆ ئەوەی شەڕی دووەمی پیلوپینیزی دەستپێبکا دەبوایە گرفتی

# ئایا ململانێ لە دنیادا مەنتیقێکی چەسپاوی هەیە؟

بەشی دووەم
محەمەد ئیحسان

## حەتمیەت و سێبەری دوارۆژ

مایەی گاڵتەجارییە کە بڕوا بە حەتمی بوونی شەڕ، دەورێکی گەورە لە هەڵگیرساندنیدا بگێڕێ، ئەڤینا بیریکردەوە کە شەڕ هەر دەقەومێ، ئیدی بۆ ئەو باشترە دوو بەیەک بێ نەک بە پێچەوانەوە. بڕوا بەحەتمی بوونی شەڕ کە چار نییە هەر دەقەومێ، دەورێکی یەکلاکەرەوەی لە وەرگرتنی بڕیارەکەدا هەبوو. ئەم حەتمیەتە بۆ؟با بۆ ئاریشەی کابرای زیندانی، بگەڕێینەوە. یەکەم جار وا دێتەپێش چاو کە بۆ هەردوو زیندانییەکە وا باشترە هەریەکەیان ئەوی دیکە دەست خەڵەت بدات و بە قوربانی خۆی بکات، بەڵام مادام هەردووکیان بەو مەسەلەیە دەزانن کە ئەگەر متمانە بەیەکدی بکەن پێویستە هەوڵبدەن ڕێگەچارەی دووەم و هەرە باشتر بگرنەبەر کە ئەویش هاریکاری کردنی یەکتری و بێدەنگ بوونە لە ئاست یەکتردا، بەڵام هاریکارییەکی لەم بابەتە زەحمەتە، چونکە گەمەکە یەکجار دەکرێ و دەبڕێتەوە. لە ڕێگەی دووبارەبوونەوەی یاریدا، خەڵکان فێردەبن هاریکاری یەکتر بکەن، بەڵام ئەگەر گەمەکە تەنیا جارێک بوو، کامەیان بتوانێ ئەوی دیکە دەست خەڵەت بدا ئەوا گرەوەکە دەباتەوەو ئەوەی هەڵوێستی خۆی لەسەر متمانەکردن بنیات بنێ، ئەوا مایەپوچ و دەبەنگ دەردەچێ، ڕۆبرت ئەکسلرۆدی سیاسەتزان ئاریشەی کابرای زیندانی بەستراتیژیای جۆربەجۆرەوە خستە ناو پرۆگرامی کۆمپیوتەرەوەو پاش چەند گێمێک بینی کە باشترین ئەنجامی وەدەستهاتوو لە ڕێگەی ستراتیژیای (یەک بەیەک)دوەیە «چیت پێ کردووم وات پێدەکەم» ئەگەر لە هەنگاوی یەکەمدا ساختەم لێبکەی،منیش ساختەت لێدەکەم. ئەگەر جارێکی دیکە فێڵم لێبکەیەوە منیش جارێکی دیکە فێڵت لێدەکەمەوە، ئەگەر هاریکاریم بکەی، منیش هاریکاریت دەکەم، ئەگەر دووبارە یاریدەم بدەی، یاریدەت دەدەمەوە، بە تێپەڕبوونی کات هەردوو یاریزان تێدەگەن قازانجی هەردوولا لە یاریدا زۆرتر دەبێ ئەگەر هەردوولا فێربوون چۆن هاریکاری یەکتر بکەن، بەڵام ئەکسلرود وریامان دەکاتەوە کە ڕێگای «یەک بەیەک» کەڵکی نییە مەگەر یارییەکە ماوەیەک درێژە بکێشێ، کاتێ «سێبەری ئایندەیەکی دووردرێژ» لە ئارادا هەبێ، کاتێ تۆ دەزانی بە سایەی گەمان لەگەڵ

هەمان خەڵکدا بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ، دەتوانی فێرە هاوکاری کردن ببی.

لەبەر ئەم هۆیە دەبینین برواهێنان بە حەتمی بوونی شەڕ لە سیاسەتی دەولیدا وەختی بەسەرچووە، کاتێ بروات وابێ کە هیچ چارو مەفەرێکی دیکە لە شەڕ بەولاوە نییە، تۆ زۆر لەدوا جوولەی خۆت نزیک بوویتەوە، کاتێ بە دوا بزووتن دەگەین (کە رەنگە لە ژیاندا بمێنیتەوە، ئەگەر لە تواناتدا هەبوو لە بنەچەکەدا بەشداری لە یارییەکەدا بکەی) ئەو دەمەتۆ هەقتە نیگەران ببی کە تا چەند دەکرێ بروا بە نا حەزەکەت بکەی یان نا، ئەگەر گومانت پەیدا کرد کە ناحەزەکەت دەست خەڵەتت دەدا باشتر وایە پشت بە خۆت ببەستی و لە جیاتی هاریکاری کردن لێی دوور بکەویەوە، ئەثینایییەکانیش هەر وایان کرد. لەبەردەم بروایوون کە چار نییەو شەڕ هەر دەقەومێ، بڕیاریاندا کە هیچ پاساوێک نییە تا متمانە بە کورنشییەکان یان سپارتەییەکان بکەن، باشتر وایە بدەنە پاڵ کەشتیگەلی کورسایرا لە جیاتی ئەوەی دژیان بوەستن، کاتێ دیتیان ئەوە دوا هەنگاوە لە یارییەکەو شەڕ چار نییە هەر دەقەومێ.

ئەرێ بە راست هەر دەبوایە شەری پیلۆپینیزی بقەومێ؟ توسایدیدس بە چاوێکی رەشبینانەوە سەیری سروشتی مرۆڤایەتی دەکردو گوتی «کاری من کارێکی ئەدەبی نییە کە بۆ ئەوە نووسرابێ خەڵکی دەورووبەرم لێ رازی بێ، بەڵکە بۆ ئەوە نووسراوە هەتا هەتایێ بمێنێتەوە»(٨) مێژووەکەی توسایدیدس سروشتی مرۆڤایەتی (تاریشەی کابرای زیندانی) ناسا چ ئەوسا و چ بە درێژایی سەردەمەکانمان پێ دەناسێنێ، توسایدیدس مەبەستی دەست خەڵەتدان نەبووە، بەڵام وەک هەموو مێژووناسانی دیکە،دەبوایە جەخت لەسەر هەندێ شت بکاتەوەو باز بەسەر هەندێکی دیکەیاندا بداو پێی

وابوو هۆکاری شەڕ،بەهێزبوونی ئەثیناو ترس لێنیشتنی سپارتە بووە.

بەڵام بە بڕوای مامۆستای دیراساتی گریکی (دونالد کاغان)هێزو توانای ئەثینا بەر لە هەڵگیرسانی شەڕ لە ساڵی ٤٣٢ (پێش لە دایکبوون) لە قەبەبوون دانەبوو، بەڵکە لەدوای ئەمەوە، هێزی ئەثینا بەرەو ژوور هەڵکشا، لەسەرووی ئەوەشەوە، هەروەک کاغان دەڵێ، سپارتە هێندەی لە شەڕ دەترسا هێندە لە ئەثینا نەدەترسا، چونکە هەردوو دەوڵەت کۆیلەیان لەشەڕ بەکاردەهێناو لەوە دەترسان کە چوونە ناو شەڕەوە دەرفەتی بەرپابوونی شۆڕشی کۆیلەکانی لێ بکەویتەوە، تەنیا جیاوازی لەوە دابوو کە ٩٠٪ی دانیشتوانی سپارتە کۆیلە بوون و لەمێژنەبوو سپارتەییەکان لە ساڵی ٤٦٤ رووبەڕووی شۆڕشی کۆیلەکان ببوونەوە، لەبەر ئەوە کاغان پێی وابوو راستە سپارتە لە بەهێزبوونی ئەثینا دەترسا، بەڵام زێتر لە شۆڕشی کۆیلەکان دەترسا.

کەواتە هۆکاری راستەوخۆی شەڕ، بەلای کاغانەوە گرنگتر بوو لەوەی کە لە تیۆری توسایدیدس سەبارەت بە حەتمیەتی شەڕ داهاتبوو.

بۆ نموونە: کۆرنث پێی وابوو، ئەثینا شەڕ ناکات و لەسەرینی رق و بوغز لە کۆرسایراوە لەو مەزەندەیەی خۆیدا بە هەڵەداچوو. بیرکلیس زیاد رۆیی بوو، لەناراستەکردنی دوا ئاگادارنەوەی پوتیدایاو سزادانی میگارا بە راگرتنی بازرگانی لەگەڵیدا بەهەڵەچوو.

ئەم هەڵە سیاسیانە وایان لە سپارتە کرد کە بڕوا بەوە بکا کە شەڕ ئەوە دێنێ ئەو سەرچڵییەی بۆ بکرێ، هەرچی کاغانیشە پێی وابوو نەشوماکردنی هێزی ئەثینا هۆکاری شەڕی پیلۆپینیزی یەکەم بوو بەڵام «ئاگر بڕی سی ساڵە» بڵێسەکەی دامرکاندەوە، بۆ ئەوەی شەڕی دووەمی پیلوپینیزی دەستپێبکا دەبوایە گرفتی

ئەپیدامنیی،کەیەکێ لەو پشکۆ کەمانەی هێشتا مابوونەوەو نەبووبوونە خۆڵەمێش، بگەشێنێتەوەو پاشان دەبوایە ئەو پشکۆیانە کلپەیان بێ لەلایەن کورنشییەکایەوە کە هەر زوو بەزوو میگارییەکان و بوتیدائیەکان و ئیجییەکان و حزبی سپارتی شەڕ هاتنە پالییانەوە، تا ئەو دەمە دەکرا ئەو پەنگرە بکوژێنرێتەوە ئەگەر ئەثینایییەکان نەوتیان بەسەر ئاگرەکە لەو ساتەناسکەدا نەکردبایە»[٩] بە واتایەکی دیکە شەڕ بەهۆی هێزی نادیارەوە نەقەوما بەڵکە بەهۆی بڕیارگەلی نادروست و چەوتەوە لە هەلومەرجێکی سەختدا.

زەحمەتە راستوێژیی توسایدیدسی باوکی مێژوونووسان تاقی بکرێتەوە، بەڵام لە مێژوودا هیچ شتێک حەتمی نییە، رەفتاری مرۆڤایەتی دڵخوازانەیە بەڵام لە چوارچێوەی سنووردا، کارل مارکس تێبینی ئەوەی کردووە کە پیاوان مێژوو دروست دەکەن، بەڵام لە هەلومەرجێکدا کە ئەوان هەڵیان نەبژاردوە، یۆنانییە کۆنەکان رێگەی چەوت و بەدیان هەڵبژارد چونکە بەرفەرمانی هەلومەرجێک بوون کە توسایدیدس جوان وەسفی کردووەو (کێشەی زیندانی) بەسەردا پەیڕەو دەکرێ، کێشەی تەنایی وای کرد کە شەڕ ببێتە ئیحتیمالێکی گەورە. بەڵام ئەگەر شیمانەی شەڕ هەڵگیرسان زۆر زۆریش بێ ئەوە بەو مانایە نییە کە هەردەبێ شەڕ بقەومێ و هیچ چارو مەفەرێکی دیکە لە پێش نییە، شەڕی لە رادەبەدەری ٣٠ ساڵە کە ئەثینای ماڵوێران کرد، شەڕێکی حەتمی نەبوو، چونکە ئەسڵی مەبەست بڕیاری مرۆڤایەتییە. رووداوەکان و تەرزو چەشنی کەسایەتییەکان جیاجیا دێنەوە ئەگەر لەو چوار چێوەیەدا جوولانەوە کە پەیکەرێکی گەورەتر نەخشەی بۆ دەکێشێ، وەک حاڵەتی نا ئاسوودەیی(ئاریشەی زیندانی).

چ دەرسێکی هاوچەرخ دەتوانین لەو مێژووە کۆنە هەڵبهێنجین؟ پێویستە ئاگامان لە شتە دووبارە بووەکان و گۆڕاوەکان هەبێ، هەندێ سەرو سیمای بنیادگەرانەی سیاسەتی دەولی پێشوەخت رووداوی وا دەدۆزێتەوە کە لە جیاتی بەو ئاراستەیە رێ بکا بە ئاراستەیەکی دیکە روودەدات. بۆیە پێویستە لە ئاریشەو کێشەکانی تەنایی و لە کێشەی کابرای زیندانی بگەین، لەلایەکی دیکەوە ئەم بارو هەڵکەوتانە، حەتمی بوونی شەڕ ساغ ناکەنەوە، هەندێ پلەی ئازادی هەن و جاری واهەیە بڕیاری مرۆڤایەتی رێگە لە روودانی کارەساتی ناخۆش دەگرێ، هاریکاری لەپێوەندییەکانی دەولیدا دەبێت هەرچەندە بنیادی گشتیی ئانارشیزم بەلای هانندانی هاریکاریدا دەشکێتەوە.

هەروا پێویستە ئاگامان لە رواڵەت و بچم و رووکارەکانی هاوتایی مێژوویی هەبێ، لە هەنگامەی شەڕی ساردا، خەلکان دەیانگوت ئەمەریکا دەوڵەتی دیموکراتی دەریایی و سۆڤیەت دەوڵەتی کۆیلایەتی وشکانی، بە ئەثینا و سپارتە دەچن و نوێنەرەوەی ململانێیەکی مێژوویی گەورەن، بەڵام ئەم بەیەکچواندنە بێ تام و ساکارە ئەوە لەبیر دەباتەوە کە ئەثیناش دەوڵەتێک بوو کۆیلەی دەعەمەل دێناو ناآرامی و تێکهەڵقڕانی ناوخۆیی دەیهاڕی و هەمیشە دیموکراتەکان جڵەوی حوکمیان لەوێ بەدەستەوە نەبوو، سەرباری جیاوازییەکی دیکەش لە شەڕی ساردا، سپارتە شەڕەکەی بردەوە.

دەرسێکی دیکە ئەوەیە کە دەبێ ئاگامان لە هەڵبژاردن و دەسچنیی مێژوونووسان هەبێ، کەس ناتوانێ چیرۆک و حەکایەت بە ورد و درشتییەوە بگێڕێتەوە. ئەوە بێنە بەرچاوی خۆت کە لەسەعاتی رابردوودا چ روویداوە، چ جای گێڕانەوەی سەرجەم رووداوەکانی ژیانی خۆت یان تەواوی رووداو و

بەسەرهاتەکانی شەڕێک، ڕووداو و بەسەرهاتی لە ژمارنەهاتوو ڕوویانداوەو گێڕانەوەی سەرجەم وردەکارییەکان هێندەی کات پێدەوێ بەقەد خودی قەومانی ڕووداوەکان، بۆیە هەمیشە مێژوونووسان ڕێگەی ئەبستراکت دەگرنەبەر، کە مێژوو دەنووسنەوە، با مێژووی سەعاتێک لەمەوبەر یان ڕۆژی پێشووش بێ پێویستە سادەی بکەینەوە. پێویستە هەندێ شت هەڵبژێرین. ئاشکرایە، بەپێی ئەو بەهاو ئارەزوو و تیۆرییانەی لە هزرمانە جا پێگەییوو بن یان نا شتەکان هەڵدەبژێرین.

هۆکارو دڵەڕاوکێ و بەهاکان لە سەردەمی خۆیاندا کار لە مێژوونووسان دەکەن، توسایدیدس بایەخی بەو بابەتە داوە کە ئایا خەڵکی ئەثینا چەند دەرسیان لە شەڕەکان وەرگرتووەو لۆمەی پیرکلیس و دیموکراتەکانی کردووە لە خراپ لێکدانەوەکانیاندا، تا لێرەوە جەختی لەسەر ئەو بارەی کە ئاومان لێنا «کێشەی کابرای زیندانی» کردۆتەوە بەڵام ئەو ڕواڵەتانە سەرجەمی هەقایەتەکە ورد ناکەنەوە. توسایدیدس سەبارەت بە بڕیاری ئەثینا لەمەڕ هەڵپەساردنی بازرگانیکردن لەگەڵ میگارا زۆری نەنووسیوە یان سەبارەت ئەو باج وسەرانە زۆرو زەبەندەی ئەثینا لە ئەندامەکانی هەڤالبەندیی دیلیای ئەستاندن و ئەرانیش ناچار بوون بیدەن، مێژووی توسایدیدس لەسەر لەخشتەبردن یان داشکاندنێکی بەمەبەست نەبووە، بەڵکە نموونەیەکە بۆمان ڕوون دەکاتەوە، کە چۆن هەر سەردەمێک دەبێ مێژوو دووبارە بنووسرێتەوە، چونکە ئەو پرسیارانەی لەگۆڕێدان بەپێی کات دەگۆڕێن. پێویستی هەڵبژاردن بەو مانایە نایەت کە هەموو شتێ ڕێژەییە یان مێژوو تەنیا قسەی قۆڕە، دەرئەنجامی لەم بابەتە ڕاست نییە و نابێ. مێژوونووس و کۆمەڵناسی باش ئەوەیە کە چ لە توانایدا هەیە پرسیاری تەناهی ئامێز مەترەح بکات و فاکتی ئیجابی لە بابەتی لێکۆڵینەوەکە بەدەستەوە بدات، بەڵام لەسەر هەردووکیان و لەسەر قوتابییەکانیان پێویستە کە ئاگایان لەو ڕاستییە هەبێ کە ئەو شتەی هەڵیدەبژێرن دەبێ بەناچاری بەشێ بێ لە هەقایەتەکە، هەمیشە ئەو پرسیارانە بکەن کە نووسەر خستوونیەتەڕوو، ئەوە ساغ بکەنەوە کە نووسەر بە شێوەیەکی ئیجابی گرنگی بە فاکتەکان داوەو خۆتان لە سۆزو ئارەزوو بپارێزن، هەڵبژاردن بەشێکی گرنگە لە مێژوو و لە نووسینی مێژوو، چارەسەری بەدحاڵی بوون لە مێژوو ئەوەیە کە زێتر شت بخوێنیەوە نەک بەشتێکی کەم دڵت دابکەوێ.

## پرسیاری ڕەوشت ئامێز و سیاسەتی دەولی

هەندێ لە واقیعییەکان لە تێڕوانینی خۆیان بۆ سروشتی کێشەی تەناهی پێیان وایە کە بایەخ و بەها ئەخلاقییەکان چ دەورێکیان لە ململانێیە نێودەوڵەتییەکاندا نییە، بەڵام بەهاو ئاکار- ڕەوشت- لە پێوەندییەکانی دەولیدا دەورێکیان هەیە با هەمان دەوریشیان لە سیاسەتی خۆجێیی نەبێ، لە زەمانی توسایدیدسەوە مرۆڤ سۆنگەو بیانووی ئەخلاقی هێناوەتەوە، کاتێ کورسایرا داوای هاوکاری لە ئەثینا کرد بە زمانی ڕەوشتەوە ئەو مەسەلەیەی لەگەڵدا باسکردووە «پێش هەموو شتێ، ئێوە یارمەتی خەڵکی شەڕانی نادەن، بەڵکە یارمەتی خەڵکانێک دەدەن کە کوشتەی دەستی شەڕخوازانن، دووەم سوپاس و ڕێزی ئێمە بەدەست دێنن کە هەرگیز بە کۆتا نایەت»[١٠] لە جیاتی کورسایرا، بۆسنە دابنێ و لەجیاتی کورنث سربستان دابنێ دەبینن هەمان وشەی ڕابردوو بەسەر ئێستادا پێڕەو دەکرێ.

بروبیانووی ئەخلاقی خەڵک دەبزوێنێ، بەو مانایە ئاکارو ڕەوشت لە واقیعدا

ئەپیدامنیی ،کەیەکێ لەو پشکۆ کەمانەی هێشتا مابوونەوەو نەبووبوونە خۆڵەمێش، بگەشێنێتەوەو پاشان دەبوایە ئەو پشکۆیانە کلپەیان بێ لەلایەن کورنشییەکایەوە کە هەر زوو بەزوو میگارییەکان و بوتیدائیەکان و ئیجییەکان و حزبی سپارتی شەڕ هاتنە پاڵییانەوە، تا ئەو دەمە دەکرا ئەو پەنگرە بکوژێنرێتەوە ئەگەر ئەثینایییەکان ئەوتیان بەسەر ئاگرەکە لەو ساتەناسکەدا نەکردبایە»[٩] بە واتایەکی دیکە شەڕ بەهۆی هێزی نادیارەوە نەقەوما بەڵکە بەهۆی بڕیارگەلی نادروست و چەوتەوە لە هەلومەرجێکی سەختدا.

زەحمەتە راستوێژیی توسایدیدسی باوکی مێژوونووسان تاقی بکرێتەوە، بەڵام لە مێژوودا هیچ شتێک حەتمی نییە، رەفتاری مرۆڤایەتی دڵخوازانەیە بەڵام لە چوارچێوەی سنووردا، کارل مارکس تێبینی ئەوەی کردووە کە پیاوان مێژوو دروست دەکەن، بەڵام لە هەلومەرجێکدا کە ئەوان هەڵیان نەبژاردوە، یۆنانییە کۆنەکان رێگەی چەوت و بەدیان هەڵبژارد چونکە بەرفەرمانی هەلومەرجێک بوون کە توسایدیدس جوان وەسفی کردووەو (کێشەی زیندانی) بەسەردا پەیڕەو دەکرێ، کێشەی تەنایی وای کرد کە شەڕ ببێتە ئیحتیمالێکی گەورە. بەڵام ئەگەر شیمانەی شەڕ هەڵگیرسان زۆر زۆریش بێ ئەوە بەو مانایە نییە کە هەردەبێ شەڕ بقەومێ و هیچ چارو مەفەرێکی دیکە لە پێش نییە، شەڕی لە رادەبەدەری ٣٠ ساڵە کە ئەثینایماڵوێران کرد، شەڕێکی حەتمی نەبوو، چونکە ئەسڵی مەبەست بڕیاری مرۆڤایەتییە. رووداوەکان و تەرزو چەشنی کەسایەتییەکان جیاجیا دێنەوە ئەگەر لەو چوار چێوەیەدا جوولانەوە کە پەیکەرێکی گەورەتر نەخشەی بۆ دەکێشێ، وەک حاڵەتی نا ئاسوودەیی(ئاریشەی زیندانی).

چ دەرسێکی هاوچەرخ دەتوانین لەو مێژووە کۆنە هەڵبهێنجین؟ پێویستە ئاگامان لە شتە دووبارە بووەکان و گۆڕاوەکان هەبێ، هەندێ سەرو سیمای بنیادگەرانەی سیاسەتی دەولی پێشوەخت رووداوی وا دەدۆزێتەوە کە لە جیاتی بەو ئاراستەیە رێ بکا بە ئاراستەیەکی دیکە روودەدات. بۆیە پێویستە لە ئاریشەو کێشەکانی تەنایی و لە کێشەی کابرای زیندانی بگەین، لەلایەکی دیکەوە ئەم بارو هەڵکەوتانە، حەتمی بوونی شەڕ ساغ ناکەنەوە، هەندێ پلەی ئازادی هەن و جاری واهەیە بڕیاری مرۆڤایەتی رێگە لە روودانی کارەساتی ناخۆش دەگرێ، هاریکاری لەپێوەندییەکانی دەولیدا دەبێت هەرچەندە بنیادی گشتیی ئانارشیزم بەلای هاننەدانی هاریکاریدا دەشکێتەوە.

هەروا پێویستە ئاگامان لە رواڵەت و بچم و رووکارەکانی هاوتایی مێژوویی هەبێ، لە هەنگامەی شەڕی ساردا، خەڵکان دەیانگوت ئەمەریکا دەوڵەتی دیموکراتی دەریایی و سۆڤیەت دەوڵەتی کۆیلایەتی وشکانی، بە ئەثینا و سپارتە دەچن و نوێنەرەوەی ململانێیەکی مێژوویی گەورەن، بەڵام ئەم بەیەکچواندنە بێ تام و ساکارە ئەوە لەبیر دەباتەوە کە ئەثیناش دەوڵەتێک بوو کۆیلەی دەعەمەل دێناو ئائارامی و تێکهەڵقڕانی ناوخۆیی دەیهاڕی و هەمیشە دیموکراتەکان جڵەوی حوکمیان لەوێ بەدەستەوە نەبوو، سەرباری جیاوازییەکی دیکەش لە شەڕی ساردا، سپارتە شەڕەکەی بردەوە.

دەرسێکی دیکە ئەوەیە کە دەبێ ئاگامان لە هەڵبژاردن و دەسچنیی مێژوونووسان هەبێ، کەس ناتوانێ چیرۆک و حەکایەت بە ورد و درشتییەوە بگێڕێتەوە. ئەوە بێنە بەرچاوی خۆت کە لەسەعاتی رابردوودا چ روویداوە، چ جای گێڕانەوەی سەرجەم رووداوەکانی ژیانی خۆت یان تەواوی رووداو و

بەسەرهاتەکانی شەڕێک، ڕووداو و بەسەرهاتی لە ژمارنەهاتوو ڕوویانداوەو گێڕانەوەی سەرجەم وردەکارییەکان هێندەی کات پێدەوێ بەقەد خودی قەومانی ڕووداوەکان، بۆیە هەمیشە مێژوونووسان ڕێگەی ئەبستراکت دەگرنەبەر، کە مێژوو دەنووسنەوە، با مێژووی سەعاتێک لەمەوبەر یان ڕۆژی پێشووش بێ پێویستە سادەی بکەینەوە. پێویستە هەندێ شت هەڵبژێرین. ئاشکرایە، بەپێی ئەو بەهاو ئارەزوو و تیۆرییانەی لە هزرمانە جا پێگەییوو بن یان نا شتەکان هەڵدەبژێرین.

هۆکارو دڵەڕاوکێ و بەهاکان لە سەردەمی خۆیاندا کار لە مێژوونووسان دەکەن، توسایدیدس بایەخی بەو بابەتە داوە کە ئایا خەڵکی ئەثینا چەند دەرسیان لە شەڕەکان وەرگرتووەو لۆمەی پیرکلیس و دیموکراتەکانی کردووە لە خراپ لێکدانەوەکانیاندا، ئالێرەوە جەختی لەسەر ئەو بارەی کە ناومان لێنا «کێشەی کابرای زیندانی» کردۆتەوە بەڵام ئەو ڕواڵەتانە سەرجەمی هەقایەتەکە ورد ناکەنەوە. توسایدیدس سەبارەت بە بڕیاری ئەثینا لەمەڕ هەڵپەساردنی بازرگانیکردن لەگەڵ میگارا زۆری نەنووسیوە یان سەبارەت ئەو باج وسەرانە زۆرو زەبەندەی ئەثینا لە ئەندامەکانی هەڤالبەندیی دیلیای ئەستاندن و ئەرانیش ناچار بوون بیدەن، مێژووی توسایدیدس لەسەر لەخشتەبردن یان داشکاندنێکی بەمەبەست نەبووە، بەڵکە نموونەیەکە بۆمان ڕوون دەکاتەوە، کە چۆن هەر سەردەمێک دەبێ مێژوو دووبارە بنووسرێتەوە، چونکە ئەو پرسیارانەی لەگۆڕێدان بەپێی کات دەگۆڕێن. پێویستی هەڵبژاردن بەو مانایە نایەت کە هەموو شتێ ڕێژەییە یان مێژوو تەنیا قسەی قۆڕە، دەرئەنجامی لەم بابەتە ڕاست نییە و نابێ. مێژوونووس و کۆمەڵناسی باش ئەوەیە کە چ لە توانایدا هەیە پرسیاری تەناهی ئامێز مەترەح بکات و فاکتی ئیجابی لە بابەتی لێکۆڵینەوەکە بەدەستەوە بدات، بەڵام لەسەر هەردووکیان و لەسەر قوتابییەکانیان پێویستە کە ئاگایان لەو ڕاستییە هەبێ کە ئەو شتەی هەڵیدەبژێرن دەبێ بەناچاری بەشێ بێ لە هەقایەتەکە، هەمیشە ئەو پرسیارانە بکەن کە نووسەر خستوونییەتەڕوو، ئەوە ساغ بکەنەوە کە نووسەر بە شێوەیەکی ئیجابی گرنگی بە فاکتەکان داوەو خۆتان لە سۆزو ئارەزوو بپارێزن، هەڵبژاردن بەشێکی گرنگە لە مێژوو و لە نووسینی مێژوو، چارەسەری بەدحاڵی بوون لە مێژوو ئەوەیە کە زێتر شت بخوێنیەوە نەک بەشتێکی کەم دڵت دابکەوێ.

## پرسیاری ڕەوشت ئامێز و سیاسەتی دەولی

هەندێ لە واقیعییەکان لە تێڕوانینی خۆیان بۆ سروشتی کێشەی تەناهی پێیان وایە کە بایەخ و بەها ئەخلاقییەکان چ دەورێکیان لە ململانێیە نێودەوڵەتییەکاندا نییە، بەڵام بەهاو ئاکار- ڕەوشت- لە پێوەندییەکانی دەولیدا دەورێکیان هەیە با هەمان دەوریشیان لە سیاسەتی خۆجێیی نەبێ، لە زەمانی توسایدیدسەوە مرۆڤ سۆنگەو بیبانووی ئەخلاقی هێناوەتەوە، کاتێ کورسایرا داوای هاوکاری لە ئەثینا کرد بە زمانی ڕەوشتەوە ئەو مەسەلەیەی لەگەڵدا باسکردووە «پێش هەموو شتێ، ئێوە یارمەتی خەڵکی شەڕانی نادەن، بەڵکە یارمەتی خەڵکانێک دەدەن کە کوشتەی دەستی شەڕخوازانن، دووەم سوپاس و ڕێزی ئێمە بەدەست دێنن کە هەرگیز بە کۆتا نایەت»[١٠] لە جیاتی کورسایرا، بۆسنە دابنێ و لەجیاتی کورنث سربستان دابنێ دەبینن هەمان وشەی ڕابردوو بەسەر ئێستادا پێڕەو دەکرێ.

بروبیانووی ئەخلاقی خەڵک دەبزوێنێ، بەو مانایە ئاکارو ڕەوشت لە واقیعدا

هێزێکە، هەروا دەکرێ پاساوو بروبیانووی ئەخلاقی وەک پرۆپاگەندە بۆ مەسەلەی دیکەی نزمتر بەکار ببردرێ، زۆربەی جاران بەهێزەکان، ئیعتیباراتی ئەخلاقی بەلاوە دەنێن، لەکاتی شەڕی پیلوپنیزیدا، ئەثینایییەکان بۆ سەرکوتکردنی شۆڕش چوونە دوورگەی میلوس، قسەکەرێکی ئەثینی بە رۆڵەکانی ئەو دوورگەیەی گوت یان دەتوانن شەڕ بکەن و بمرن یان دەتوانن خۆ بەدەستەوە بدەن، کاتێ میلوسەکان نارازی بوونی خۆیان دەربڕی کە ئەوان لە پێناو ئازادی خۆیاندا شەڕ دەکەن ئەثینایییەکان وەڵامیان دانەوە: «بەهێزەکان هەر ئەو شتە دەکەن کە پێیان بکرێ و لاوازەکانیش ئەوە قەبووڵ دەکەن کە دەبێ قەبووڵی بکەن»، لە جەوهەردا ئەو قسەیەی کە ئەثینایییەکان کردوویانە واتە رەوشت لە دنیای واقیعدا جێگای نابێتەوە، کاتێ عێراق کوێت داگیر دەکا، یان ئەمریکا دوورگەی گرینادا و رووس شۆڕشی چیچان دادەمرکێنێتەوە تا رادەیەک هەموویان هەمان لۆجیک بەکار دەهێنن، بەڵام لە دنیای نوێدا، تا دێ دەرفەتی پەسندکردنی ئەو سۆنگانە بەو شێوەیەی کە ئەثینا میلۆسی پێ داگیرکرد وەک توسایدیدس بۆمانی دەگێڕێتەوە، کەمدەبێتەوە.

ئایا ئەمە بەو مانایە دێت کە ئێستاکە رەوشت شوێن و جێگەیەکی لە پێوەندییەکانی دەولیدا گرتووە؟ ئایا سیاسەتی دەولی بە پلەیەکی گەورەو کاریگەر گۆڕاوە کە دەوڵەتان گوێ بە رێورەسم وبەها ئەخلاقییەکان بدەن یان لەسەر هەمان رەوتی رابردوو دەڕۆن وەک هەمان کارو کردەی ئەثینا پێش دوو هەزارو پێنج سەد ساڵ یان کارو کردەی عێراقییەکان یان سربەکان لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا؟

پاساو و بەڵگە ئەخلاقییەکان هەموویان وەک یەک نین، هەیانە پتر ئیلتزامی پێوە دەکرێ، ئێمە دەپرسین ئایا ئەوە شتێکی مەنتیقی و ماقوولە، بۆ نموونە کە کاتێ (فیلیس سلافلی) گوتی چەکی ناوکی شتێکی باشە چونکە خودا بە دنیای ئازادی بەخشیوە کە وای لێکردووین بپرسین بۆ خودا ئەو چەکەی دا بە یەکێتی سۆڤیاتی ستالین و چینی ماو؟ پاساوو بەڵگە ئەخلاقییەکان هەموویان وەک یەک نین.

مەحەکی بنچینەیی پاساوو بەڵگە ئەخلاقییەکان بێ بەری بوونە لە هەواو کەیف و مەیلبازی، واتە ئەو دیدەی کە سەیری تێکڕای بەرژەوەندیەکان بەیەک پێوانە دەکات، بەرژەوەندی تۆ بە قەد بەرژەوەندی من گرنگی پێ دەدرێ، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دوو نەریت و خووخدەی لێک جودا لە کولتووری سیاسی ئەورووپیدا لە چوارچێوەی ئەو بێ بەری بوونە هەنە کە لە بابەتی حوکمدان بەسەر پاساوە ئەخلاقییەکاندا دەدوێن یەکێکیان لە(ئەمانوئێل کانت)ی فەیلەسوفی ئەڵمانی سەدەی هەژدەم و دووەمیان لە دۆکترینی سوود وەرگرتن لە سەدەی نۆیەم (جێرمی بنیتهام)ەوە هاتووە.

ئەگەر ویستت ئەو دوو دۆکترینە لە زەینی خۆتا لێکبدەیەوە وا هزر بکە کە تۆ لە گوندێکی ناوەڕاستی ئەمەریکادا دەڕۆی و هاکا تووشت بە تووشی ئەفسەرێکی سوپایی بوو کە بە گوللە سێ کەس بە دیوارێکەوە بەستراونەتەوە ئیعدام دەکا و لێی دەپرسیت بۆچی ئەو سێ جووتیارە دەکوژیت؟ پێدەچێ خەڵکی بێ وەی و بەستەزمان بن، ئەفسەرەکە لەوەڵامدا دەڵێ: «لەو گوندە کابرایەک شەوی رابردوو پیاوێکی منی کوشتووە، دەزانم تەنیا یەکێکی خەڵکی ئەو گوندە گوناهبارە، بۆیە سێ کەسیان لێ ئیعدام دەکەم تا ببنە پەند»، تۆش دەڵێیت: «نابێ کاری وا بکەی! چونکە بەم شێوەیە تۆ مرۆڤێکی بێ تاوان دەکوژیت، ئەگەر

گوللەیەک بتەقێت، بەلای کەمەوە دووانیان لەو سێ کابرایە، بێ تاوانن، رەنگە هەر سێکیان بێ تاوان بن، ناشێ کاری وابکەی» ئەفسەرەکە تفەنگێ لەیەکێ لە سەربازەکانی وەردەگرێ و بۆتێ تێهەڵدەداو دەڵێ: (باشە لە باتی من، تۆ یەکێکیان لێ گوللەباران بکەو دووانەکەی تر ئازاد دەکەم، ژیانی دووان رزگاردەکەی ئەگەر یەکێکیان لێ بکوژیت، دەمەوێ دەرسێکت فێربکەم کە لە شەڕی ئەهلیدا نابێ رای یەکێکی دیکە بەسەر رای تۆدا سەربکەوێ) لە تاقیکردنەوەیەکی ئاوەهادا چ دەکەی؟

دەتوانی فیلمەکانی رامبۆ ئاسا، سەربازەکان بە گوللە دروێنە بکەی، بەڵام بە فەرمانی ئەفسەرەکە سەربازێک رووی تفەنگت تێدەکا. کەواتە هیچ رێگەیەکت بۆ نەماوەتەوە یان ئەوەتا دەبێ پیاوێکی بێ وەی بکوژیت تا ژیانی دووان رزگاربکەی یان تفەنگەکە دابنێی و دەست لە مەسەلەکە هەڵبگریت، بەپێی هەڵوێستی کانت نابێ کارێک بکەی مەگەر ئەو کارە دروست بێ و واپێویست دەکا کە کاری بەدو شەڕخوازانە نەکەی، هەرچی هەڵوێستیی سوودگەراییە، دەڵێ دەبێ ئەو کارە بکەی ئەگەر بتەوێ ژیانی دوو کەسان لەو سێ کابرایە لە مردن رزگار بکەی، ئەگەر رێگەی کانتت هەڵبژارد چ دەکەی ئەگەر ژمارەکە زۆر لەوە زیاتر بوو.؟ گریمان سەد کەسیان بە دیوار بەستابۆوە یان بڵێ شارێکی قەوغاو قەرەباڵغت لەبەردەمە، ئایا ئەوە رەتدەکەیەوە کە ژیانی ملیۆنێ مرۆڤ رزگار بکەی تا دەستپاک و ویژدان ئاسوودە دەربچیت؟ لە هەندێ حاڵەتدا ئەو ئەنجامانەی لەمەسەلەکە دەکەونەوە گرنگە و بە سێ رێگا حوکم بەسەر بەڵگەو پاساوە ئەخلاقییەکانەوە دەدرێ. بەهۆی نیەت و پاڵنەکانەوە، بەهۆی رێ و شوێنە پەیرەولێکراوەکانەوە، بەهۆی ئەو ئەنجامانەی دەکەونەوە یان شونەوارەکانیەوە، راستە ئەو سێ رەهەندە هەمیشە تێکناکەنەوە، کەچی پاساوی هەرە چاکی ئەخلاقی ئەوەیە کە هەموو ئەم توخمانە رەچاو بکرێ.

## کۆتکردنی ئەخلاق لە پەیوەندییەکانی دەولیدا

ئەخلاق لە سیاسەتی دەولیدا لەبەر چوار هۆکار دەورێکی کەمتری هەیە تا لە سیاسەتی خۆجێییدا:

١-کزی و لاوازی یەکانگیریی دەولی سەبارەت بە بەهاکان، جیاوازی کولتوری و ئایینی لەمەڕ دادو بێدادی هەندێ لە کاروکردەکان.

٢-دەولەتان وەک تاکە کەسان نین، دەولەتان شتی (ئەبستراکت)ن. راستە سەرکردەکانیان تاکە کەسن، بەڵام حوکمدان بەسەر کاربەدەستانی دەولەت جیایە وەک تاکە کەسان، بۆ نموونە کاتێ لە شەرێکێک بۆ ژوورەکەت دەگەڕێی، وەک زۆرینی خەڵکان کەسێکت دەوێ شەڕوکوشتاری خۆش نەوێ و نەیەوێ تۆش بکوژرێی ، بەڵام هەمان ئەو خەڵکانە رەنگە پاڵێوراوێک بۆ سەرۆکایەتی هەڵبژێرن و دەڵێن:« بڕیارێ نادەم کە ببێتە مایەی کوژران و تیاچوونی یەکێکی دیکە جا زروف هەرچیەک بێ ببێ» ، سەرۆک ئەرکی پاراستنی بەرژەوەندی هاووڵاتیانی دەخرێتە ئەستۆوە، ئەم ئەرکە وا دەخوازێ لە هەندێ حاڵەتدا هێز بەکار بهێنێ، ئەو سەرۆکانەی بە ویژدان رەفتاریان کردووەو گەلانی خۆیان نەپاراستووە، راسپێردەی باش نەبوون، رەنگە قوربانیدان بە پێوانەی رەوشتی تاکە کەس، باڵاترین هێمای ئەخلاقی بوونی کارێک بێ، بەڵام ئایا راستە سەرکردەکان قوربانی بەگەلانی خۆیان بدەن؟ لە شەڕی پیلوپینیزیدا ئەثینایییەکان بەسەرکردەکانی دوورگەی میلوسیان گوت ئەوا هەمووان دەکوژن ئەگەر سەرکردەکان مقاوەمەت بکەن ئیدی

هێزێکە، هەروا دەکرێ پاساوو بروبیانووی ئەخلاقی وەک پڕۆپاگەندە بۆ مەسەلەی دیکەی نزمتر بەکار ببردرێ، زۆربەی جاران بەهێزەکان، ئیعتیباراتی ئەخلاقی بەلاوە دەنێن، لەکاتی شەڕی پیلوپنیزیدا، ئەثینایییەکان بۆ سەرکوتکردنی شۆڕش چوونە دوورگەی میلوس، قسەکەرێکی ئەثینی بە ڕۆڵەکانی ئەو دوورگەیەی گوت یان دەتوانن شەڕ بکەن و بمرن یان دەتوانن خۆ بەدەستەوە بدەن، کاتێ میلوسەکان نارازی بوونی خۆیان دەربڕی کە ئەوان لە پێناو ئازادی خۆیاندا شەڕ دەکەن ئەثینایییەکان وەلامیان دانەوە: «بەهێزەکان هەر ئەو شتە دەکەن کە پێیان بکرێ و لاوازەکانیش ئەوە قەبوولّ دەکەن کە دەبێ قەبوولی بکەن»، لە جەوهەردا ئەو قسەیەی کە ئەثینایییەکان کردوویانە واتە ڕەوشت لە دنیای واقیعدا جێگای نابێتەوە، کاتێ عێراق کوێت داگیر دەکا، یان ئەمریکا دوورگەی گرینادا و رووس شۆڕشی چیچان دادەمرکێنێتەوە تا رادەیەک هەموویان هەمان لۆجیک بەکار دەهێنن، بەلام لە دنیای نوێدا، تا دێ دەرفەتی پەسندکردنی ئەو سۆنگانە بەو شێوەیەی کە ئەثینا میلۆسی پێ داگیرکرد وەک توسایدیدس بۆمانی دەگێڕێتەوە، کەمدەبێتەوە.

ئایا ئەمە بەو مانایە دێت کە ئێستاکە ڕەوشت شوێن و جێگەیەکی لە پێوەندییەکانی دەولیدا گرتووە؟ ئایا سیاسەتی دەولی بە پلەیەکی گەورەو کاریگەر گۆڕاوە کە دەولەتان گوێ بە ڕێوردسم وبەها ئەخلاقییەکان بدەن یان لەسەر هەمان ڕەوتی رابردوو دەڕۆن وەک هەمان کارو کردەی ئەثینا پێش دوو هەزارو پێنج سەد ساڵ یان کارو کردەی عێراقییەکان یان سربەکان لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا؟

پاساو و بەڵگە ئەخلاقییەکان هەموویان وەک یەک نین، هەیانە پتر ئیلتزامی پێوە دەکرێ، ئێمە دەپرسین ئایا ئەوە شتێکی مەنتیقی و ماقوولە، بۆ نموونە کە کاتێ (فیلیس سلافلی) گوتی چەکی ناوکی شتێکی باشە چونکە خودا بە دنیای ئازادی بەخشیوە کە وای لێکردووین بپرسین بۆ خودا ئەو چەکەی دا بە یەکێتی سۆڤیاتی ستالین و چینی ماو؟ پاساوو بەڵگە ئەخلاقییەکان هەموویان وەک یەک نین.

مەحەکی بنچینەیی پاساوو بەڵگە ئەخلاقییکان بێ بەری بوونە لە هەواو کەیف و مەیلبازی، واتە ئەو دیدەی کە سەیری تێکڕای بەرژەوەندیەکان بەیەک پێوانە دەکات، بەرژەوەندی تۆ بە قەد بەرژەوەندی من گرنگی پێ دەدرێ، بەلام لەگەڵ ئەمەشدا دوو نەریت و خووخدەی لێک جودا لە کولتوری سیاسی ئەورووپیدا لە چوارچێوەی ئەو بێ بەری بوونە هەنە کە لە بابەتی حوکمدان بەسەر پاساوە ئەخلاقییەکاندا دەدوێن یەکێکیان لە(ئەمانوئێل کانت)ی فەیلەسوفی ئەڵمانی سەدەی هەژدەم و دووەمیان لە دۆکترینی سوود وەرگرتن لە سەدەی نۆیەم (جێرمی بنیتهام)ەوە هاتووە.

ئەگەر ویستت ئەو دوو دۆکترینە لە زەینی خۆتا لێکبدەیەوە وا هزر بکە کە تۆ لە گوندێکی ناوەڕاستی ئەمەریکادا دەڕۆی و هاکا تووشت بە تووشی ئەفسەرێکی سوپایی بوو کە بە گوللە سێ کەس بە دیوارێکەوە بەستراونەتەوە ئیعدام دەکا و لێی دەپرسیت بۆچی ئەو سێ جووتیارە دەکوژیت؟ پێدەچێ خەڵکی بێ وەی و بەستەزمان بن، ئەفسەرەکە لەوەلامدا دەڵێ: «لەو گوندە کابرایەک شەوی رابردوو پیاوێکی منی کووشتووە، دەزانم تەنیا یەکێکی خەڵکی ئەو گوندە گوناهبارە، بۆیە سێ کەسیان لێ ئیعدام دەکەم تا ببنە پەند»، تۆش دەڵێیت: «نابێ کاری وا بکەی! چونکە بەم شێوەیە تۆ مرۆڤێکی بێ تاوان دەکوژیت، ئەگەر

گوللەیەک بتەقێنێت، بەلای کەمەوە دووانیان لەو سێ کابرایە، بێ تاوانن، ڕەنگە هەر سێکیان بێ تاوان بن، ئاشێ کاری وابکەی» ئەفسەرەکە تفەنگێ لەیەکێ لە سەربازەکانی وەردەگرێ و بۆتێ تێهەڵدەداو دەڵێ: (باشە لە باتی من، تۆ یەکێکیان لێ گوللەباران بکەو دووانەکەی تر ئازاد دەکەم، ژیانی دووان ڕزگاردەکەی ئەگەر یەکێکیان لێ بکوژێت، دەمەوێ دەرسێکت فێربکەم کە لە شەڕی ئەهلیدا نابێ ڕای یەکێکی دیکە بەسەر ڕای تۆدا سەربکەوێ) لە تاقیکردنەوەیەکی ئاوەهادا چ دەکەی؟

دەتوانی فیلمەکانی ڕامبۆ ئاسا، سەربازەکان بە گوللە دروێنە بکەی، بەڵام بە فەرمانی ئەفسەرەکە سەربازێک رووی تفەنگت تێدەکا. کەواتە هیچ ڕێگەیەکت بۆ نەماوەتەوە یان ئەوەتا دەبێ پیاوێکی بێ وەی بکوژێت تا ژیانی دووان ڕزگاربکەی یان تفەنگەکە دابنێی و دەست لە مەسەلەکە هەڵبگریت، بەپێی هەڵوێستی کانت نابێ کارێک بکەی مەگەر ئەو کارە دروست بێ و واپێویست دەکا کە کاری بەدو شەڕخوازانە نەکەی، هەرچی هەڵوێستیی سوودگەراییە، دەڵێ دەبێ ئەو کارە بکەی ئەگەر بتەوێ ژیانی دوو کەسان لەو سێ کابرایە لە مردن ڕزگار بکەی، ئەگەر ڕێگەی کانتت هەڵبژارد چ دەکەی ئەگەر ژمارەکە زۆر لەوە زیاتر بوو؟ گریمان سەد کەسیان بە دیوار بەستابێتەوە یان بڵێ شارێکی قەوغاو قەرەباڵغت لەبەردەمە، ئایا ئەوە ڕەتدەکەیەوە کە ژیانی ملیۆنێ مرۆڤ ڕزگار بکەی تا دەستپاک و ویژدان ئاسوودە دەربچیت؟ لە هەندێ حاڵەتدا ئەو ئەنجامانەی لەمەسەلەکە دەکەونەوە گرنگە و بە سێ ڕێگا حوکم بەسەر بەڵگەو پاساوە ئەخلاقییەکانەوە دەدرێ. بەهۆی نیەت و پاڵنەکانەوە، بەهۆی ڕێ و شوێنە پەیڕەولێکراوەکانەوە، بەهۆی ئەو ئەنجامانەی دەکەونەوە یان شونەوارەکانیەوە، ڕاستە ئەو سێ ڕەهەندە هەمیشە تێکناکەنەوە، کەچی پاساوی هەرە چاکی ئەخلاقی ئەوەیە کە هەموو ئەم توخمانە ڕەچاو بکرێ.

## کۆتکردنی ئەخلاق لە پەیوەندییەکانی دەولیدا

ئەخلاق لە سیاسەتی دەولیدا لەبەر چوار هۆکار دەورێکی کەمتری هەیە تا لە سیاسەتی خۆجێییدا:

١-کزی و لاوازی یەکانگیریی دەولی سەبارەت بە بەهاکان، جیاوازی کولتوری و ئایینی لەمەڕ دادو بێدادی هەندێ لە کاروکردەکان.

٢-دەوڵەتان وەک تاکە کەسان نین، دەوڵەتان شتی (ئەبستراکت)ن. ڕاستە سەرکردەکانیان تاکە کەسن، بەڵام حوکمدان بەسەر کاربەدەستانی دەوڵەت جیایە وەک تاکە کەسان، بۆ نموونە کاتێ لە شەڕێکێک بۆ ژوورەکەت دەگەڕێی، وەک زۆرینی خەڵکان کەسێکت دەوێ شەڕوکوشتاری خۆش نەوێ و نەیەوێ تۆش بکوژرێی، بەڵام هەمان ئەو خەڵکانە ڕەنگە پاڵێوراوێک بۆ سەرۆکایەتی هەڵبژێرن و دەڵێن: « بڕیارێ نادەم کە ببێتە مایەی کوژران و تیاچوونی یەکێکی دیکە جا زروف هەرچیەک بێ ببێ»، سەرۆک ئەرکی پاراستنی بەرژەوەندی هاوولاتیانی دەخرێتە ئەستۆوە، ئەم ئەرکە وا دەخوازێ لە هەندێ حاڵەتدا هێز بەکار بهێنێ، ئەو سەرۆکانەی بە ویژدان ڕەفتاریان کردووەو گەلانی خۆیان نەپاراستووە، ڕاسپێردەی باش نەبوون، ڕەنگە قوربانیدان بە پێوانەی ڕەوشتی تاکە کەس، باڵاترین هێمای ئەخلاقی بوونی کارێک بێ، بەڵام ئایا ڕاستە سەرکردەکان قوربانی بەگەلانی خۆیان بدەن؟ لە شەڕی پیلۆپینیزیدا ئەثینایییەکان بەسەرکردەکانی دوورگەی میلۆسیان گوت ئەوا هەموان دەکوژن ئەگەر سەرکردەکان مقاوەمەت بکەن ئیدی

سەرکردەکانی میلوسی بەرەنگاریان کردو گەلەکەیان سەربڕا، ئایا دەبوایە مل کەچ بکەن؟ لە ساڵی ١٩٦٢دا ئایا دەبوایە سەرۆک کیندی هەڕەشەی شەڕی ئەتۆمی بکا تا سۆڤیەت ناچاربکا رۆکێتەکانی خۆی لە کوبا بکێشێتەوە، لە کاتێکدا ئەمریکا رۆکێتێکی هاوشێوەی لە تورکیا هەیە؟ رەنگە وەڵام بە جیاوازی خەڵک، جیاوازی هەبێ، خاڵی گرنگ ئەوەیە تاکە کەسان کە وەک سەرکردەی دەوڵەتان رەفتار دەکەن تا رادەیەک بە رێگەیەکی دیکە حوکم بەسەر کارەکانیانەوە دەدرێ.

هۆی سێیەم لە پشت گچکەیی دەوری ئەخلاق لە سیاسەتی دەولیدا، ئاڵۆزیی هۆکارو ئەنجامە. زۆر زەحمەتە ئەو دەرەنجامانە بناسرێن کە لە کاروکردە لە کاروباری ناوخۆ دەکەونەوە لە کاتێکدا مەسەلەکە لە پێوەندییەکانی دەولی ئاڵۆزترە: ئەمەش لەسەرینی کارلێکردنی نێوان دەوڵەتانەوەیە، ئەم رەهەندە زەحمەتیەکە زۆرتر دەکا سەبارەت بە پێشبینی کردنێکی وردی دەرەنجامەکان ، نموونەی بەناوبانگی ئەمەش دانووستانەکانی ساڵی١٩٣٣ ی نێوان قوتابییانی زانکۆی ئۆکسفۆرد لەمەسەلەی کوژرانی ٢٠ملیۆن مرۆڤ لە شەڕی جیهانیدا، قوتابییان دەنگیان بەو بڕیارەدا کە جارێکی دیکە لە پێناو مەلیک یان نیشتماندا شەڕ نەکەنەوە، ئەدۆلف هیتلەریش گوێی لەو قسانەبوو، لەوە گەیشت کە دەوڵەتە دیموکراتەکان چرووک و لاوازن و ئەو دەتوانێ فشاریان بخاتە سەر چونکە شەڕی لەگەڵدا ناکەن و لە دوا جاردا هیتلەر فشاری زۆری خستنەسەرو شەڕی دووەمی جیهانی قەوما، قوتابییان چاوەڕوانی ئەوە نەبوون، چونکە ئەوان دەنگیان دابوو کەلە پێناو مەلیک و نیشتماندا تا جەنگن بەڵام زۆرانیان جەنگان و لێشیان کوژرا. نموونەیەکی دیکەی کەم شایانتر مشتومڕی (هامبورگر)ە، لەسەرەتای حەفتاکان لە

وەختێکدا کە خەڵک دووچاری دڵەراوکێ ببوون سەبارەت بە کەمی خۆراک لە جیهاندا، ژمارەیەک قوتابی لە کۆلێژەکانی ئەمریکا گوتیان «کە دەچینە هۆڵی خواردن گۆشت ناخۆین چونکە یەک لیبرە گۆشت بایی هەشت لیبرە گەنمە کە دەکرێ بدرێتە خەڵکی هەژارو نەدار، لەسەرانسەری دنیادا» زۆر لە قوتابییانیش هامبورگەریان نەخواردو هەستیان بە خۆشییەک دەکرد کە شتێکیان بەشت کردووە، بەڵام ئەمە بەقەدەر داوە موویەکیش یارمەتی خەڵکی برسی و نەداری هندستان و بەنگلادیشی نەدا، بۆچی؟ چونکە ئەو گەنمەی بەم شێوەیە کۆیان دەکردەوە نەگەیشتە برسییەکانی بەنگلادیش، چونکە برسییەکانی ئەوێ هێندە پارەیان نەبوو ئەو گەنمەی پێبکرن، ئەو گەنمەی پاشکەوت کرابوو لە پێویستی بازاری ئەمریکا زیادبوو، وای کرد نرخی گەنم لە بازار بشکێ و کشتیارەکانیش بەرهەم کەم بکەنەوە، دەبوایە ئەوانەی کە گەرەکیان بوو هاوکاری جووتیارانی بەنگلادیش بکەن پارەیان بۆ بنێرن تا بتوانن هەندێ لەو گەنمە بکڕن کەلە ئاکامی نەخواردنی هامبرگەرەوە پاشکەوت کرابوو، تا ئاوا قوتابییان لە هەڵمەتی نەخواردنی هامبرگەرەوە سەرنەکەوتن و لەوە بە ئاگانەبوون کە ئەو هەڵمەتە بە چەند کەناڵدا دەڕوا و چ لەم پرۆسەیە دەکەوێتەوە.

هەروا پاساوێکی دیکە هەیە دەڵێ دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، چرووک و لاوازن وکەلەبەرو ماوەی نێوان سیستەم و عەدالەت لە بواری سیاسەتی دەولیدا فراوانترە تا لە بواری سیاسەتی نێو خۆییدا، هەم سیستەم و هەم عەدالەت هەردووکیان لە سیاسەتی خۆجێیدا گرنگن بەڵام رژێم بە مەسەلەیەکی گرنگ دەزانێ و لە راستیدا خۆپیشاندەران هەندێ جار دەیانەوێ بۆ بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونی خۆیان لەمەڕ عەدالەت، پشێوی بنێنەوە،

بەڵام ئەگەر ئاژاوە بڵاوبێتەوە زۆر زەحمەتە عەدالەت جێبەجێبکرێ، بەڵام کاتێ رژێم بەتەواوی تێکدەچێ ئەوا زۆر زەحمەتە شوێنەوارێکی عەدالەت بدۆزییەوە. سەرنجی بۆمب فڕێدان و کاروکردەی خەڵک فڕاندن و کوشت بڕ لە هەشتاکان لە لوبنان بدە، بەڵام لە سیاسەتی دەولیدا نەبوونی قانونێکی گشتی و هەیئەتێکی ناوەندی تەنفیزی و دام و دەزگای بەهێزی قەزایی، وا دەکەن کە پاراستنی رژێم زۆر زەحمەت بێ کە بەدەوری خۆیەوە زەمینە بۆ عەدالەت خۆش دەکات.

## سێ تێڕوانین سەبارەت بە دەوری ئاکارو رەوشت:

بەلانی کەمەوە سێ تێڕوانینی جودا سەبارەت بە دەوری رەوشت لە پێوەندییەکانی دەولیدا هەن:

«گومانکاران»، «رەوشتخوازانی دەوڵەت»، «کوزمۆپۆلیتییەکان». لایەنگرانی واقیعیەت لە شیکردنەوەی وەسفیانەی سیاسەتی جیهانیدا، بەڵای گومانکاران یان رەوشتخوازانی دەوڵەتدا دەشکێنەوە لە مامەڵەیان لەگەڵ سیاسەتدا با پێوەندییەکیش لەنێوان تێڕوانینی واقیعیانەی ئەوان و ئەم خولیاو ئارەزووەشدا بوونی نەبێ، لەکاتێکدا ئەوانەی پێڕەوی شیکردنەوەی لیبراڵیانەی سیاسەت دەکەن، ئەو تێڕوانینە پەسند دەکەن کە ئەخلاقی بوونی دەوڵەت یان کۆزمۆپۆلیتەتی دەردەبڕێ.

گومانکارەکان دەڵێن وتە ئەخلاقییەکانی ئەرستۆتالیسی هیچ مانایەکیان نییە لە پەیوەندییەکانی دەولیدا لەبەر نەبوونی ئەو دامودەزگایانەی کە نیزام بەرقەرار دەکەن.

سەرباری هەست نەکردن بە کۆمەڵگاو لەسەرینی ئەمەشەوە هیچ ماف و ئەرکێکی ئەخلاقی بوونی نابێ، گومانکاران پێیان وایە کە مانفێستی کلاسیکی سەبارەت بە ئەخلاق لە سیاسەتی دەولیدا بریتییە لە وەڵامی ئەثینایییەکان بۆ داخوازیی رەحمکردن بە خەڵکی میاوس کە دەڵێ «بەهێزەکان ئەو شتانە دەکەن کە دەسەڵاتیان بەسەردا بشکێ یان دەتوانن بیکەن و، لاوازو پەڕپووتەکانیش ئەو شتانە پەسند دەکەن کە دەبێ پەسندی بکەن»[١١] هێزو توانا هەق دروست دەکات، واتە ئەمەی دەبێ بگوترێ بەرای گومانکارەکان.

زۆر جاران فەیلەسوفەکان دەڵێن وشەی دەبێ «کە بەمانای ئیلتیزامی ئەخلاقی دێ» وشەی دەکرێ دەگرێتەخۆی «ئیمکانیەتی کردنی شتێک». رەوشت هەڵبژاردن دەخوازێ، موستەحیل ئیلتیزامی پێوە ناکرێ، ئەگەر بە رووکەشی پێوەندییەکانی دەولی بنەمای «بکوژە یان دەکوژرێی» بەسەردا پەیڕەو بکرێ، چاک وایە لە حاڵەتێکی وادا هیچ رێگەیەک نەبێ، ئەمەش پاکانە بۆ هەڵوێستی گومانکارەکان دەکا.

بەڵام سیاسەتی دەولی لە ئاست مەسەلەی مانەوە گیر ناخوات، ئەگەر لە پەیوەندییەکانی دەولیدا (خیارات) هەبێ، خۆتواندن کە هیچ (خیار)ێک نییە ئەوە خۆی لەخۆیدا (خیار)ێکی داپۆشراوە، تەنیا بیرکردنەوە لە بەرژەوەندییەکانی نیشتمانی- نەتەوەیی تەسک، مەگەر دەلاندن و ئاودیوکردنی بەهاکان نییە بەبێ دانانی بەوە. دیپلوماتێکی فەرەنسی جارێکیان گوتی«هەرشتی سوود و قازانجی فەرەنسای تێدابێ ئەوە ئەخلاقیانەیە» بەمەش هەوڵی دەدا خۆی لەو پرسە زەحمەتانە بدزێتەوە بۆ دەبێ تەنیا گرنگی بە بەرژەوەندییەکانی فەرەنسا بدرێ، کاربەدەستێکی دەوڵەت کە دەڵێ:« هیچ رێگا نییە» زۆرجاران رێگای هەیە با خۆشیش نەبێ ، ئەگەر

پلەیەک نیزام لە پەیوەندییەکان دەولیدا هەبێ – ئەگەر هەمیشە پێوەندییەکان (بکوژە یان دەکوژرێی) بن، ئەوا دەرفەت لەبەردەم (خیارات) دا هەیە.

وشــەی (ئەن- آرچی) واتە بێ حکومەت، بەلام ئەمە دەقاودەق مانای ئاژاوەو نەبوونی نیزام بە گشتی نییە، هەندێ کارو کردەو دەزگای بەرایی ئەوتۆ هەن کە نیزامێکی وا دەرەخسێنن کە رێگە لە بەردەم چەند (خیارات)ێکی گرنگ بکەنەوە، هاوسەنگی هێزەکان و قانوونی دەولی و رێکخراوە دەولییەکان، هەریەک لەوانە رێگەیەکە کە پەیوەستن بۆ حالی بوون لە هۆیەکانی بەس نەبوونی یاساو بەلگەی گومانکارەکان.

تۆماس هۆبز پێیوایە تاکە کەسان بۆ ئەوەی لەدەست (دەولەتی سروشت) کە تیایدا ئیمکان هەیە یەکێک یەکێکی دیکە بکوژێ رزگاریان ببێ، وازیان لە ئازادی هێنا بۆ (حوت) یان حکومەت بەو مەرجەی پاریزگاریان لێ بکا، چونکە ژیان لە دەولەتی سروشتدا دژوارو کورتخایەنە. کەواتە حکومەتەکان بۆ حوتێکی بالا دروست ناکەن؟ بۆ حکومەتێکی جیهانی نییە؟ هۆبز دەلێ: هۆیەکەی ئەوەیە تەناهی لەسەر ئاستی دەولی هێندەی تەناهی نییە لەسەر ئاستی تاکە کەس، حکومەت بایی ئەوە رێوشوێنی پاریزگاری لە دژی درندەیی ئەو تاکە کەسانە دەرەخسێنێ کە دەیانەوێ هەموو شتێ بۆ خۆیان بێ و هاوسەنگی هێز لەنێوان دەولەتان نیزامێک دەستەبەر دەکا، لەگەل ئەوەشدا دەولەتان لە ترسی شەرێکی ناشیان و کەس نەکردە هەلوێستێکی دژ دەگرنەبەر، دەولەتی سروشتی دەولی ئەو کوێرەوەرییە رۆژانەیەی لە دەولەتی سروشتی تاکە کەسان دەکەوێتەوە دروست ناکات، بەواتایەکی دیکە هۆبز بروای وایە بوونی دەولەتان لە چوارچێوەی هاوسەنگی هێزدا کەمێ لە حالەتی ئانارشیستی دەولی سووک دەکا بە رادەیەک کە کەم و زۆر جۆرە نیزامێک هەبێ.

لیبرالەکان ئاماژە بە بوونی یاساو عورفی نێودەولەتی دەکەن، هەتا ئەگەر ئەم جۆرە رێسایانە رێگەیەکی بەراییش بن، بەرپرسیارێتی سەلماندن و چەسپاندنی رەوایی پێشێلکاری دەخەنە ئەستۆی ئەو کەسەی پێشێلکاری دەکات. لێرەوە با لە تەنگژەی کەنداوی سالی ١٩٩١، بروانین، صەدام بەناوی وەرگرتنەوەی پارێزگایەک کە لە دەورانی کۆلۆنیالیزم لە عێراق دزراوە کوێتی بە عێراقەوە لکاند، ئەوەبوو زۆربەی هەرەزۆری دەولەتانی جیهان بە پێشێلکەری کردنی پاکتەکانی UN لەکارەکەیان روانی، لەبەر ئەوەی یاسای نێو دەولەتی بەهۆی ئەم سەبەبە بەزاندنی مەرزی هەر دەولەتێک قەدەغە دەکات[١٢]، ئەمەش زۆر بە روونی لە بریارەکەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەولەتی، دەردەکەوێت کە تێروانینی سەدام بۆ رەوشەکە لەگەل عورفی نێودەولەتی تێکناکاتەوەو یەکانگیر نابێ.

راستە یاساو عورفەکان رێگەی داگیرکردنی کوێت – یان لە صەدام نەگرت، بەلام دەربارەی لاگیری پەیداکردن تا بلێی بە زەحمەت کەوت، بەلام دیسان قانوون و عورف رۆلیشیان لە دروستکردنی ئەم هاوپەیمانە هەبوو کە صەدامی لە کوێت وەدەرنا.

دامەزراوە نێودەولەتییەکان وێرای سەرەتایی بوونیان لەمیانەی ئاسانکاری لە بەیەکەوە گەیاندنی دەولەتان و هاندانیان و جۆرە نەرمونیانییەکی هەلسوکەوتکردن، ئەندازەیەکی لە نیزام بەردەستە کردووە تا رادەیەک ئەم جۆرە حالەتەی بەیەک گەیاندن بەردەوام لە سیاسەتی نێودەولەتی بنەما گرتوو لەسەر پرانسیپی «بکوژە، ئەگەرنا دەکوژرێی» وەکو ئەوەی گومانکارەکان بانگەشەی بۆ دەکەن هەمیشە ناگەرێتەوە.

شنگ و بایەخدانی سەرکردەی دەوڵەتان، بە درێژایی کات هەر بە تەنایی و ئاسایش و مانەوە نابێت، چونکە فەزایەکی فراوانی تێکەڵاو بوونی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سەربازی هەم هاریکاری (هەروەها ناکۆکییەکان) هەرس دەکات، لەگەڵ ئەوەی دەربارەی واتای عەدالەت ناکۆکی رۆشنبیری هەیە، کەچی پێشنیازە مۆراڵەکان و پرانسیپی مامەڵەکردن زۆر بە گەورەیی لە یاسای نێودەوڵەتییەوە لە سیاسەتی نێودەوڵەتی روودەدات.

هەتاکو لە بارودۆخی شەڕیشدا کە بە دژواری و توندڕۆیی ناسراوە، هەندێک جار یاساو مۆڕاڵ رۆڵی خۆیان دەگێڕن، «رێبازی شەڕی رەوا» کە لەسەدەی حەڤدەم لە رۆژانی کەنیسەی یەکەمەوە هاتۆتە گۆڕێ، دواتر بووە رێبازێکی دنیایی، کوشتنی خەڵکی بێ گوناه قەدەغەدەکات، پرانسیپی قەدەغەکردنی کوشتنی خەڵکی بێ گوناه لەم گۆتەیە هەڵقوولاوە کە دەڵێ «مەکوژە» بەڵام ئەگەر ئەم راسپاردە بنەڕەتییە رەوشت ئامێز بێ، ئەدی ئەسڵەن چۆن پاساو بۆ هەر کوشتنێک دەهێنرێتەوە؟

بانگەشەکارانی ئاشتی رەها دەڵێن لەبەر هەر هۆیەک بێت نابێ رێگە بە مرۆڤ بدرێت مرۆڤێکی دیکە بکوژێت، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا نەریتی شەڕی رەوا دەڵێ ئەگەر هاتوو رووبەڕووی یەکێک بوویتەوەدو دەیەویست بتکوژێت، لە سۆنگەی بەرگری لەخۆکردن ئەو رەفتارە رەتدەکاتەوە ئەوا تۆ وا دەکەیت شەڕو خراپە باڵا دەست بێ، ئەگەر یەکێک لە بەردەم مەترسی کوشتنی موهەقەق بوو، ئەوە بۆ سەلامەتی ئەخلاق، بۆ بەرگری لەخۆکردن بیکوژە، ئەوجا پێویستە جودایی لەنێوان ئەوانەی رەنگە بکوژرێن و ئەوانەی لەوانە نییە بکوژرێن دا بکەین، ئەگەر سەربازێک بە چەکەوە پەلاماری یەکێکی دا، ئەوە رەنگە بەناوی بەرگری لەخۆکردنەوە بکوژرێ، بەڵام کاتێک سەربازەکە چەک فڕێ دەدات و دەستی خۆی هەڵدەبڕێ و دەڵێ «خۆم بەدەستەوە دەدەم» ئەو کەسە هەق نییە بکوژرێت، لە راستیدا ئەم مەسەلەیە هەم لە یاسای نێودەوڵەتی و هەم لە یاسای سەربازی ئەمەریکادا پیرۆزە.ئەگەر سەربازێکی ئەمەریکایی تەقە لە سەربازێکی دوژمن بکات پاش خۆ بەدەستەوەدانی، ئەوە بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانی کوشتن دەدرێتە دادگا، هەندێک ئەفسەری ئەمەریکا لە شەڕی ڤێتنام بە تۆمەتی پێشێلکاری کردنی ئەم یاسایە بەندکران. سەباری ئەوەی زۆرجار پێشێلکاری روو دەدا، بەڵام عورف و رێسای دیاریکراو هەیە و لە ناخۆشترین بارودۆخی بێ جێی نێودەوڵەتیشدا کارکردن بەو رێسایانە هەڵناوەشێتەوە لە راستیدا بوونی یەکەمین هەستی رەوایی لە یاسای نێودەوڵەتیدا، کە بە تەواوی پێوەی پابەندیش نابێت، بانگەشەی گومانکارەکان سەبارەت بە نەبوونی -خیارات- لە حاڵەتی شەڕدا بە درۆ دەخاتەوە.

ئیدی لەبەر هەندێ بواری مۆراڵی لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا دەتوانین بە تەواوی گوماندارێتی رەتبکەینەوە، لێرەدا ئەخلاقیەت بە هەندێک تەگبیر پێوەست دەبێت و شێوەی (خیارات)ی خودان واتا بەخشیش بەپێی مەرجەکانی مانەوە دەژمێردرێن هەرچەندیش هەڕەشەی مانەوە بە هێزتر بێت بواری (خیاری) ئەخلاقی دەچێتەوە یەک. کاتێک شەڕی پیلۆپینیزی دەستی پێکرد، ئەتینیەکان گوتیان «ئەو کەسەی بە هەق شایانی پێداهەڵدانە - سەناکردنە- ئەو خەڵکانەن کە سروشتی مرۆڤایەتی وایان لێدەکات چێژ لە دەسەڵات و سولتان وەربگرن پتر لە خەڵکانی دیکە بایەخ بە دادپەروەری بدەن ئەگەر لە جێگەی ئەوان بوون»(١٢) ئەوەی

مایەی نیگەرانییە، ئەوەیە کە ئەتینیەکان لە ساڵانی شەڕدا ئەم پەندەیان لەدەست دا، بەڵام ئەمە وامان لێدەکات کە ئەوە لە بیربکەینەوە کە ئەم حاڵەتانەی هیچ تەگبیرێکیان تێدا نامێنێتەوەو دەگمەنن، زۆر جار ئاسایشی نیشتمانی و نەتەوەیی و پلەکانی هەڕەشەکردن شاراوەن گومانکارەکان هەوڵ دەدەن بە بیانووی دژێتییەوە خۆیان لە پێشنیازە تەگبیرەکانی ئەخلاقی بدزنەوە.

لێرەدا ئەوەی لە پێشەوە باسم کرد بەم گوتەیە پوختی دەکەمەوە کە دەڵێ «مرۆڤ تەنها بە وشە ناژێت و تەنهاش بە شمشێر ناژێت». زۆر لە نووسەرو سەرکردەکان لە شیکردنەوەی وەسفیدا ریالیستین، لە تێڕوانینی بۆ بەهاکانی سیاسەتی جیهانی گوماندارن، بەڵام هەموو ریالیستێک تەواو گومانکار نییە، هەندێکیان لەگەڵ ئەو بۆچوونە کۆکن کە دەڵێ هەندێک پابەندبوونی ئەخلاقی هەیە بەڵام دەڵێن لە پێشەوە نیزام دێت. ئاشتی لە باری رەوشتەوە لە پێش هەمووان دێت، هەتا ئەگەر ئاشتییەکی عادیلانەش نەبێت، ئاژاوەو هەراوزەنای شەڕ وا دەکات دادپەروەری سەخت بێت بەتایبەتی لە سەدەی نیوکلیاریدا، واتە باشترین ئامرازی پاراستنی نیزام و دیسپلین هێزە. نموونەی ئەمریکا کە زۆری خۆ بە بڵاوکردنەوەی دیموکراتی یان مافەکانی مرۆڤ لەسەرانسەری جیهاندا خەریک کردووەو لەوانەیە ئاژاوە بخولقێنێ و بە کردەنی زیاتر بە زەرەر بشکێتەوە تا سوود لە ماوەی درێژدا.

بۆ کرۆکی بابەتەکە ریالیستەکان بیانوویەکی بەجێ وتۆکمەیان هەیە، لە رووی نێودەوڵەتییەوە دیسپلین گرنگە، بەڵام مەسەلەی پلەیە و نۆرەو نۆرەکاریش لە نێوان دادپەروەری و دیسپلیندا هەیە.

ئایا تا چەند پێش گەیشتن بە خاڵی نیگەرانی سەبارەت بە دادپەروەری، دیسپلین پێویستە؟ بۆ نموونە: پاش هەڵمەتی سەرکوتکردنی کۆمارەکانی باڵتیک لە ساڵی ١٩٩٠ لە لایەن سۆڤیەتەوە کە بە هۆیەوە هەندێک خەڵک کوژران، هەندێک لە ئەمەریکییەکان داوای بایکۆتی پێوەندییەکانیان لەگەڵ سۆڤیەت دەکرد، بە بۆچوونی ئەو خەڵکانە لەسەر ئەمەریکا پێویست بوو لە سیاسەتی دەرەوەیاندا گوزارشت لە بەها دیموکراتییەکان و مافەکانی مرۆڤ بکەن، هەتا ئەگەر ناجێگیری و لە جێگە راوەستانی گفتوگۆکان، ئاستێک بۆ بەرهەمهێنانی چەکەکانیشی لێ بکەوتابایەوە، بەڵام لەمەش گرنگتر هەندێکی دیکە ئەو بۆچوونەیان هەبوو کە نیگەرانی و بەپەرۆشبوون بۆ ئاشتی و مافەکانی مرۆڤ گرنگە، بەڵام چاودێریکردنی بەرهەمهێنانی چەکی نیوکلیاری، گفتوگۆکردنە لەسەر پەیماننامەی کەمکردنەوەی چەکەکان. لە کۆتاییدا حکومەتی ئەمەریکا لەسەر گفتوگۆکردن بۆ دانانی ئاستێک بۆ چەکەکان بەردەوام بوو، کەچی کۆمەکە ئابوورییەکانی بە مەسەلەی رێزگرتنی مافەکانی مرۆڤەوە گرێدا، مادامەکێ لەسەر ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی مەسەلەکە وا خرایە روو کە مەسەلەی نیزامی رەها نییە لە بەرامبەر یاخود دژ- بە دادپەروەری، بەڵکە چۆنیەتی نۆرە کردنە بە تەگبیرەکان لە حاڵەتێکی دیاریکراودا. ریالیستەکان بۆچوونێکی رەوایان -دروست- هەبوو، بەڵام زێدەڕۆییان تێدا دەکرد، هەتا وایان گریمان دەکرد کە دەبێ دیسپلین لە پێش هەر دادپەروەرییەک لە سەرەتاوە بێت، رەوشتخوازانی دەوڵەت وا دەبینن کە یاسای نێودەوڵەتی بە رێسای دیاریکراو لەسەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی خۆی بەپێوە گرتووە، هەتا ئەگەر ئەم رێسایانەش هەمیشەو بە شێوەیەکی تەواویش پێڕەویان لێ نەکرێ.

## دەستتێوەردان

ئەو دیمەنەی کە لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٧٩ لە ئەفغانستان هاتە ئارا بێتنە بەر زەینی خۆت، رابەرێکی کۆمۆنیستی ئەفغانستان گەیشتە دەسەلات، هەولی دەدا زیتر سەربەخۆتر لە یەکێتی سۆڤیەت بێ، ئەمەش رابەرانی سۆڤیەتی قەلس و پەست کرد، چونکە بوونی رژێمێکی سەربەخۆ لەسەر مەرزی ئەوانەوە، دوور نییە بە درێژایی ئاسیای میانە (بە ئاسیای میانەی سۆڤیەتیشەوە) کانگەی سەریەشە بێت و لەوانەیە پێشینەیەکی خەتەرناک پێکبهێنێ بۆ ئەو دراوسێیە شیوعییە بچووکەی کە لە ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەت قورتاری بوو بوو.

ئەو ژەنەراڵە رووسەی کە فەرماندەی هێزە داگیرکارەکەی سۆڤیەتی دەکرد، بێنە پێش چاوت کە بەرانگری رابەرە هەڵگەڕاوەکەی ئەفغانستان دەبێت و هاکا کوشتی، لە روونکردنەوەی ئەودا بۆ رابەرەکە کە بۆچی دژ بە رێسای سەروەری و دەستتێوەرنەدانی نێودەولەتییەوە هەڵسوکەوت دەکات:

«بەو ئەندازەییەی مەسەلەکە پێوەندی بە راست و هەڵەوە هەبێ، چین و ئێ دیکە لەنێوان هەردووکیاندا هیچ جوداییەک نابینن، ئەگەر پڕتان نەدەینێ، دیارە ئێمە ترسنۆکین، واتە ئێمە بە ملکەچ بوونی ئێوە، تەنها رووبەری ئیمپراتۆرەکەمان بەرین ناکەین، بەڵکە ئاسایشەکەشی زیاد دەکەین، ئێمە حوکمڕانی پارچە زەوییەکی ئاسیای میانە دەکەین و ئێوەش دەولەتێکی سنوورین و لە ئەوانی دیکەش بێ هێزترن، بۆیە بە شێوەیەکی تایبەت گرنگە، ئێوە لە دەستمان رانەکەن».

ئەمانە وشەکانی دایەلۆگی میلۆسی بوون، کە تۆسایدیدس بۆمان دەگێڕێتەوە، سەرەڕای وشەی «چین» و گۆڕینەوەی وشەی «دەریا» بە «ئاسیای میانە» و (الجزر) بە (دەولەتی سنوورییەوە) کەچی دەستتێوەردان لە کاروباری خەلکی دیکە گرفتێکی تازە نییە!

سەروەری نیشتمانی گرنگترین شێوەی حوکمڕانییەو رێگە نادات دەولەتێک لە سنوورەوە دەست لە کاروباری ناوخۆی دەولەتێکی دیکە وەربدات، هەر بۆ نموونە زانای کاروباری سیاسی (مایکل والزر- ڤالستر) وای دەبینێ کە سنووری نیشتمانی نیشانەیەکی (گرنگیەکی) مۆرالی (ئەخلاقی) هەیە، لەبەرئەوەی دەولەتان نوێنەری مافە هاوبەشەکانی تاکە گردبووەکان دەکەن لە پێناو ژیانی هاوبەشدا، بۆیە رێزگرتن لە سەروەری دەولەت و یەکپارچەیی خاکەکەی بە رێزگرتنی تاکەکانییەوە گرێدراوە، بەلام خەلکی وا هەن رایەکی وا دەخەنەڕوو کە بەسادەتر دەلێ، رێزگرتنی سەروەری باشترین رێگەیە بۆ پاراستنی رژێم، پەرژینی قایم جیرانی باشت دەداتێ.

ئەم رێسایانەی هەڵسوکەوتی دەولەت چەندان جارو دووبارەو سێ بارە پێشێل دەکرێت، ئەوەتە هەر بۆ نموونە بەر لە دوو گرێ سالدا، ڤێتنام پڕی دایە کەمبۆدیا، چین پڕی دایە ڤێتنام، تەنزانیا پڕی دایە ئۆگەندا، ئیسرائیل پڕی دایە لوبنان، یەکێتی سۆڤیەت پڕی دایە ئەفغانستان، ولاتە یەککرتووەکانی ئەمەریکا پڕی دایە گرینادا و پەنەما، عێراق غەزووی کوێتی کرد.

واتە دەستتێوەردان لە کاروباری ناوخۆی خەلک گرفتێکی درێژخایەنە.

لە سالی ١٩٧٩ ئەمەریکا بە زمانێکی ئەخلاقیانەی توند ئامێز سەرکۆنەی غەزووی سۆڤیەتی بۆ ئەفغانستان کرد، کەچی سۆڤیەتیش ئاماژەی بە کۆماری دۆمینیکان کرد، کە لە سالی ١٩٦٥ ولاتە یەکگرتووەکان هێزێکی (٢٥) هەزار سەربازی رەوانە کرد، بۆ ئەوەی نەهێلێت لەوێ حکومەتێکی شیوعی دابمەزرێت، واتە دەستتێوەردانی ئەمریکا لە

دۆمینیکان بۆ ئەوە بوو نەهێڵێ لە دەریای کاریبی رژێمێکی ناحەز، دەسەڵات بەدەست بگرێت و دەستێوەردانی سۆڤێت لەسەر ئەفغانستان بۆ ئەوە بوو نەهێڵێ لە سنووری ئەوەوە حکومەتێکی ناحەز پێکبهێندرێت، ئەمانە هەردووکیان دوو حاڵەتی تەواو لێکچوون.

ئەوجا ئەگەر بخوازین جیاوازی نێوانیان بدۆزینەوە، پێویستە لە نیازێک پتر بڕوانین، هەمدیس ئەگەر ئامرازە بەکارهێنراوەکانیش وەربگرین، دەبینین لە دەستێوەردانەکەی ئەمەریکا لە کۆماری دۆمینیکاندا ژمارەیەکی زۆر کەم خەڵک کوژراون و ئەمەریکا زۆر بە خێرایی لەوێ کشایەوە، بەڵام لە ئەفغانستان ژمارەیەکی زۆر خەڵک کوژران و هێزەکانی سۆڤیەتیش نزیکەی (١٠) ساڵێک لە وڵاتەکە دایانکوتاو مانەوە، بەم دواییانە هەندێک رەخنەگر بەراورد لەنێوان غەزووی عێراق بۆ کوێت و غەزووی ئەمەریکا بۆ پەنەما دەکەن.

وڵاتە یەکگرتووەکان لە کانوونی یەکەمی ١٩٨٩دا هێزەکانی خۆی بۆ رووخاندنی حوکمڕانیی دیکتاتۆری پەنەما (مانوێل نۆریگا) رەوان کردو، عێراقیش لە ئابی ١٩٩٠ دا هێزەکانی بۆ رووخاندنی حوکمڕانیی میری کوێت رەوانەی کوێت کرد، بەمەش هەردووکیان وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا و عێراق رێسای دەستێوەرنەدان لە کاروباری ئێدیکەیان شکاند، بەڵام دیسان دەگەڕێمەوەو دەڵێم جیاوازیش لە ئامرازو دەرەنجامەکاندا هەیە.

ئەمەریکا لە پەنەما حکومەتی یاسایی هەڵبژێردراویان گەڕاندەوە دەسەڵات کە نۆریگا نەی هێلابوو، تا جارێکی دیکە بەرپرسیارێتی خۆی بە دەستەوە بگرێت، بەڵام حکومەتی عێراق لە کوێت لە هەوڵی ئەوەدابوو وڵاتەکە بە خاکی خۆیەوە بلکێنێت و لەم کردەوەیەشدا خوێنێکی زۆر رژا و دیسان ئەوە بەو مانایە نایێت کە کردەوەکەی پەنەما یەکاویەک راست یاخود هەڵەبوو، بەڵام وەکو لە بەشی شەشەمدا دەبینین، زۆرجار گرفتەکان ئەوەکاتانە رادەبن کە رێسای سادە لە مەسەلەی سەروەری و دەستێوەرنەداندا پراکتیزە دەکەین.

کۆزمۆپۆلیتەکان لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا تەنیا کۆمەڵەی دەوڵەتان نا، بەڵکە کۆمەڵگەی تاکەکانیش نابینن، دەڵێم کاتێ ئێمە لەسەر دادپەروەری قسە دەکەین، پێویستە لەسەر دادپەروەری تاک قسەبکەین، واقیعییەکانیش جەخت لەسەر پرسەکانی شەڕو ئاشتیدا دەکەن، ئەگەر جەختیان لەسەر مەسەلەکانی دادپەروەریی دابەشکردن یاخود فلانە کەس چی پێ دەبرێ و ئەوێ هێ چی پێدەبرێ بکردبایەوە، ئەوە تێبینی پشت بەیەک بەستانی ئابووری پێکگۆڕاوی جیهانیان دەکرد.

دەستێوەردانی بەردەوامی ئابووری لە سنوورەوە، لەوانەیە ئاسەواری کوشندەی لێ بکەوێتەوە، چونکە مەسەلەی ژیان و مردنە.

بۆ نموونە ئەگەر تۆ جووتیارێکی فلیپینی بیت و منداڵەکەت بە هۆی نەخۆشیەکەوە بمرێ کە دەشکرێ چارەسەر بکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کوڕە فلیپینی کە لە کۆلێژی پزیشکی دەرچووە، هەنووکە لە وڵاتە یەکگرتووەکان کاردەکات بەهۆی ئەو مووچە بەرزەی لەوێ وەریدەگرێت.

کۆزمۆپۆلیتەکان وا دەبینن، کە سنووری نیشتمان هیچ سەنگێکی مۆراڵی (ئەخلاقی) نییە، بەڵکە تەنها داکۆکی کردنە لە نایەکسانی، بۆیە ئەگەر بە زمانی دادپەروەریی دابەشکردنەوە قسە بکەین، پێویستە هەڵبوەشێتەوە، بەڵام واقیعییەکان بەوە پەرچ دەدەنەوە کە رەنگە مەترسی شەنوکەوکردنی کۆزمۆپۆلیتەکان،

هەراو زەنای گەورەی لێ بکەوێتەوەو هەوڵەکانی دابەشکردنەوە لە ریشەوە، دوور نییە پێکدادانی دژواری بەدوادابێت، چونکە خەڵکی بە ئاسانی دەستبەرداری سامانەکانیان نابن، دیارە ئەو خستنەڕووە سنوور تەنگەی کۆزمۆپۆلیتەکانیش لەسەر ئەو بنەمایە سەرچاوەی گرتووە کە خەڵک بە زۆری بۆ (خێزان) و دۆست، دراوسێ و ئۆمە دڵسۆزن و ڕەنگە بۆ هەندێک تایفەی دینیش کە لە سنووری یەک وڵاتیش تێپەڕ دەکات و هەروەها بۆ پرانسیپی مەینەتییە هاوبەشەکانی مرۆڤایەتی، خەڵکێکی زۆر بە تەماشاکردنی وێنەی منداڵانی ئەسیوبیا نیگەران دەبن کە برسێتی لێکی هەڵتەکاندوون، ڕەنگە ئەمەش لەبەر ئەوە بێت کە هەندێک هەستی بە کۆمەڵی مرۆڤ لە ئینتیمای نیشتمانییەوە تێپەڕ دەکات، ئەوجا هەرچەندی بێ هێزیش بێت، ئێمە هەموومان مرۆڤین و، کۆزمۆپۆلیتەکان وەبیرمان دێننەوە کە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان ڕەهەندێکی دابەشکردنیان هەیە، کە ئامادەبوونی ئەخلاق هەم لە کاتی لە ئاشتی و هەم لە کاتی شەڕدا تیایدا بەهێز دەبێت، دەکرێ سیاسەت بۆ خزمەتکردنی پێدوایستییە بنەڕەتییەکان و مافەکانی مرۆڤایەتی دابڕژێرێت، بێ ئەوەی ڕژێم تێکبدا.

لە دەروازەکانی ئەخلاقییەتی نێودەوڵەتیدا، واقیعییەکان خاڵێکی دروست دەخەنەڕوو، کە دەڵێت ڕژێم بۆ دادپەروەری زۆر پێویستە، بەڵام لە مەسەلەی ئاڵوویر و بەئۆرەکردنی نێوان ڕژێم و دادپەروەریدا خۆیان لە ساڵۆسی دەدەن کەچی ڕەوشتخوازانی دەوڵەت کە وێنەی کۆمەڵگای دەوڵەتانی خودان ڕێسای دژە دەستتێوەردان لە کاروباری ئیدیکە دەخەنەڕوو وێنەی دامەزراوێتی ڕژێممان پێشکەش دەکەن، هەرچەندە وەڵامی تەواویشمان نادەنەوە کە لە هەندێک حاڵەتدا دەستتێوەردان پاساودراوە.

لە کۆتاییشدا ئەو لۆجیکەی کۆزمۆپۆلیتان کە جەخت لە کۆمەڵگای تاکەکان دەکاتەوە، تێگەیشتنێکی قووڵ بۆ مەسەلەی بوونێتی هاوبەشی مرۆڤایەتی ڕەنگ پێ دەداتەوە، بەڵام لەم حاڵەتەشدا کردنەوەی ڕێگا لە بەردەم ئاژاوەیەکی گەورەدا دەکاتەوە، دیارە زۆرینەی خەڵک هەڵوێستی دوو ڕەگ پێکدەهێنێت و پێوەندییە تایبەتییەکانیش لە چاو پێنتی سەنتەر بێ بایەختر دەبن، ئەویش لەبەرئەوەی ئاڵوویرەکان و ئۆرەکان لە نێوان ئەم دەروازانەدا دەبێت.

دیارە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بە هۆی جیاوازی نێوان سیاسەتی ناوخۆ و نێودەوڵەتییەوە، کارێکی سەختە کە ئەخلاقیەت پراکتیزە بکرێت، بەڵام بوونی پلورالیزم لە پرانسیپدا، بە مانای ئەوە نایێت کە هیچ پرانسیپێک بوونی نییە، ئەرێ تا مەودای چەند لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا ئەخلاقیەت جێبەجێ دەکەین؟

وەڵام ئەوەیە کە بە هێواشی جوولە بکەین چونکە کاتێک کۆت و ڕێساکانی ئەخلاقیەت هەموو شتێک، بڕیار دەدەن، لەوانەیە ڕێساکانی ئەخلاقیەت بەڵایەکی گەورە بورووژێنن، لەوانەیە ئەم (نیقمەیەش) مەترسی گەورەو گرانی بە دوادابێت. بەهەر حاڵ هیچ مەسەلەیەکی ئەخلاقی نییە سەبارەت بەوەی تەقەڵا دەدات، بەڵام بە ڕاستی ئێمە ناتوانین لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا مەسەلەی ئەخلاقیەت فەرامۆش بکەین و لەسەر هەموو کەسێک پێویستە ڕووداوەکان دیراسە بکات و بڕیاریش لەسەر کۆت و ئاڵوویرەکاندا وەربگرێت، هەرچۆنێکی لۆجیکی ململانێی نێودەوڵەتی بە ئەگۆڕ مەزەندە بکرێت، بەڵام ئەوە توانستی بوونی تەگبیرە (خیارات) ئەخلاقییەکان هەڵناوەشێنێتەوە، بەڵکە مەسەلەکە تێگەیشتنێکی بارودۆخە تایبەتییەکەی

دەوێت کە وادەکات ئەم تەگبیرانە زەحمەت بن.

راستە کێشەکانی شەڕی پیلۆپێنیزی ئەخلاقی و ئەمنی بێ وێنەن، کەچی لە دیرۆکدا زۆر لە کێشەکان دووبارە دەبنەوە، کاتێک بە دوای پەرەسەندنەکانی پێوەندی نێودەوڵەتی دادەچین، ناوە ناوە حاڵەتی گرژبوون لەنێوان واقیعیت و لیبرالیزم، لەنێوان گوماندارەکان و کۆزمۆپۆلیتەکان، لەنێوان رژێمی دەوڵەتە ئاژاوەگێڕەکان و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا دەبینین و جارێکی دیکە بۆ رامان لە «ئاریشەی کابرای زیندانی» دەگەڕێینەوەو لە بەرەنگاربوونەوەی مەسەلە تێکهەڵکشاوەکانی شەڕی ئەخلاقیدا بەردەوام دەبین، ئەوەش دەبینین کە چۆن کارەکتەرەکان لەسەر شانۆی جیهانیدا لە چارەسەرکردنی گرفتەکانی کاتی خۆیاندا ناکۆک دەبن و چۆن ئامانج و ئامرازەکانیشیان جودا دەبێت.

لە دەستپێکی قسەکانمدا ئاماژەم بەوەدا کە ئەو گۆڕانکارییە دیاریکراوانەی، ئەمڕۆ سیاسەتی نێودەوڵەتی پێی دەناسرێتەوە، لەگەڵ ئەوەی رۆژانی تۆسایدیدس جودانە، ئەوان رۆژانە تەنها لە غیابی چەکی نیوکلیاری، UN، کۆمپانیا فرە رەگەزەکان و کارتە لەکاندا دەست کورت نەبوو.

دیراسەکردنی ململانێی نێودەوڵەتی زانستێکی ورد نییەو مێژوو و تیۆری تێکەڵاوی یەکدی دەکات، ئەوجا ئەگەر ئێمە لە میانەی تیۆرەکان و ئەو نموونانەشی دەیخاتەڕوو، رێگامان هەڵبژێرین، بۆ ئەوەیە بە شێوەیەکی چاکتر لە رابردوو ئێستاماندا بگەین و بەزیرەکانەش لە مەترسیەکانی پاشەڕۆژی تەمتوماندا، ئەوە دەبێ هەوڵبدەین خۆمان لەوەی گۆڕاوەو لە ئەوانەش وەکو خۆیان ماونەتەوە لە گێلی نەدەین.

**پەراوێزەکان**

١- "اللویثان" لـ(توماس هوبز) طبعه پنگوین ١٩٦٨، ١٩٨١، ص١٨٦.

٢- «من صفحات ١٣ كانون الاول، قبل ٧٥ سنه»، صحيفه الهيرالد الدوليه في ١٣ كانون الاول ١٩٨٥.

٣- «الحرب والتغير في السياسه العالميه» لـ(روبرت جيلبن) مطابع جامعه كمبردج ١٩٨١، ص٢٢٧-٢٢٨.

٤- «تاريخ الحرب البيلوبنيزيه» لـ(توسايديدس) ترجمه ريكس ڤايز، طبعه پنگوين، ١٩٧٢، ص١٦١.

٥- هەمان سەرچاوە، ل ٨٢-٨٣.

٦- هەمان سەرچاوە، ل٥٧.

٧- هەمان سەرچاوە، ل٦٢.

٨- هەمان سەرچاوە، ل٤٨.

٩- «اندلاع الحرب البلوبينزيه» ل(دونالد كاغمان)، مطابع جامعه كورنيل ١٩٦٩، ص٣٥٤.

١٠- «تاريخ الحرب البلوبينزيه» ل(توسايديدس)، ص٥٥.

١١- هەمان سەرچاوە، ل٤٠٢.

١٢- هەمان سەرچاوە، ل٨٠.

خوێندنەوەی کتێب

# دروستکردنی بڕیار لە تورکیا و پێوەندی عەرەب و تورک

خوێندنەوەی
د. فەوزیە سابیر

ئەم کتێبە بریتییە لە شیکردنەوەی کرداری سازکردنی بڕیار لە تورکیا لە بواری دیارکردنی چوارچێوە یاسایی و دەستوورییەکانی کردارەکە لەلایەکەوەو چوارچێوەی بەکردەوەو دینامیکییەکەی، کە پێکهاتووە لە سەرکردەکان، ناودارانی سیاسی کە (نوخبە)یان پێ دەڵێن، هەروەها هێزە کاریگەرەکان، پارتەکان، کۆمەڵە بەرژەوەندارەکان، ڕێبازە دینییەکان، ڕای گشتی و هۆیەکانی ڕاگەیاندن لەلایەکی دیکەوە، سەرباری شیکردنەوەی دیارترین گیروگرفتەکانی ژینگەی ناوەوەو دەرەوەی کردارەکەش، هەروەها پێوەندی عەرەب و تورک باس دەکات لەگەڵ هۆیەکانی بەردەوامی و گۆڕان و ناکۆکییەکان لەم پێوەندییەدا بە تایبەتی دوای بەستنی هاوپەیمانی سوپایی نێوان تورکیاو ئیسرائیل.

ئەم لێکۆڵینەوەیە کە حەوت بەشە پشت بە بەرنامەی شیکردنەوەی تایبەت بە تۆژینەوەو بەدواداچوون و ڕەچاوکردنی (ڕووداو) دەبەستێ کە بێگومان پەلدەکێشێ بۆ وەدەستخستنی دەرەنجامی بابەتی و مەنتیقییانە، سەرباری شارەزاییەکی بەرفراوانی نووسەر لە کاروباری تورکیدا بۆ ماوەی نۆ ساڵان پتر، چوار ساڵی وەکو خۆی دەڵێ: لە ماوەی نێوان ئابی ١٩٨٧ و ئەیلولی ١٩٩١دا لەگەڵ ڕووداوەکاندا ژیاوە.




کتێبی د.جەلال عەبدوڵلا معەوەز
سەنتەری لێکۆڵینەوەی یەکێتی عەرەب
بەیروت ١٩٩٧ - ٣٥٠ لاپەڕە

**بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە** لە پەیکەری یاسایی و دەستووریی کرداری سازکردنی بڕیار لە تورکیا دەدوێ، کەوا لەلایەنی یاساییەوە دەستووری ساڵی ١٩٨٢چوارچێوەی کرداری سازکردنی بڕیار دادەنێت، چ لە باری کاری سێ دەسەڵاتە گشتییەکە یان لە ڕووی پێوەندی نێوانیان و ئەرکەکانیانەوە.

پێش دەستووری ئێستاش دوو دەستووری تر کاری پێکراوە، یەکێک دەستووری ساڵی ١٩٢٤و ئەوی دی دەستووری ساڵی ١٩٦١، ئەوەبوو ساڵی ١٩٣٧دەستوورەکەی ١٩٢٤دەستکاری کراو ئەم دەستکارییەش تێکەڵ بە دەستووری ساڵی ١٩٦١و١٩٨٢کرا، شەش بنەمای بنچینەیی (واتا مەبدەئە کەمالییەکان) چوارچێوەی گشتی ڕژێمی سیاسی دەوڵەتی تورکیا دیاردەکەن کە ئەمانەن: حوکمی کۆماری ، نەتەوایەتی، گەلپەروەری، چەسپاندنی دەوری عیلمانیەتی دەوڵەت، شۆڕشگێڕی. (ل ١٥). بە گوێرەی دەستوور ڕژێمی حوکمی دەوڵەت ڕژێمی پەرلەمانییەو هەر دەستوور پێکەوەنانی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت و ئەرک وپێوەندی نێوانیان دیاریدەکات.

دەسەڵاتی یاسادانان لە ئەنجوومەنی گەورەی نیشتمانی تورکی پێکدێت، کە بە پێی دەستوور کاری ئەنجوومەن بڕیاردان و دەستکاری و لابردنی یاساکان و دەستکاری دەستووره بە ڕەزامەندی دوو بەش لە سێ بەشی ئەندامانی ئەنجوومەن، هەروەها هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمارو چاودێری وسەرپەرشتی کاری دەستەی وەزیران و بەخشینی دەسەڵاتە بە دەستەی وەزیران بۆ دەرکردنی هەندێ بڕیار دەربارەی هەندێ کاروبار کە هێزی یاسایان هەیە، هەروەها وتووێژ لەسەر بودجەی گشتی دەوڵەت و پەسندکردنی، دەرکردنی بڕیاری پێویست بە لێدانی سکەی دراو و بڕیاردانی شەڕ، پەسندکردنی ڕێکەوتننامە دەوڵەتییەکان، پەسندکردنی حوکمی ئیعدام کە لە دادگاکانەوە دەردەچێت.

ئەنجوومەن وەکو پەرلەمانانی تر لە ڕێگەی باوی ڕژێمە پەرلەمانییەکان چاودێری و سەرپەرشتی دەسەڵاتی کار ڕاپەراندن واتا دەستەی وەزیران دەکات وەکو پرسیار ئاراستەکردن، وتووێژی گشتی، لێتوژینەوە، بەرپرسکردن و چاودێری دارایی و هی دی، هەرچی دەسەڵاتی کار ڕاپەڕاندنە ئەویش لە سەرەک کۆمار لەلایەک و لەدەستەی وەزیران لەلایەکی ترەوەو (سەرۆک کۆماریش لە بەردەم ئەنجوومەنی نیشتمانیدا تووشی لێپرسینەوە نابێت)و لە کارگێری (ئیدارە) لەلای سێیەمەوە پێکدێت. سەرۆکی دەوڵەت، کۆماری تورکیا و یەکێتی نەتەوەیی تورک دەنوێنێ، وا دەکات دەستوور بەجێبهێنرێت و کار لە دەزگاکانی دەوڵەتدا بە باشی بەڕێوەبچێت، لە نێوان ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیدا هەڵدەبژێردرێت، ماوەی حوکمی حەوت ساڵەو بۆ یەک جارە، دەسەڵاتی جۆراوجۆرە، گرنگترینیان بانگکردنی ئەنجوومەنی نیشتمانییە لە کاتی پێویستدا بۆ کۆبوونەوە، مافی داواکردن لە ئەنجوومەن کە چاو بە یاساکاندا بگێڕێتەوە، داواکردن لە (دادگای دەستووری ) بۆ لابردنی یاسا یان ئەو بڕیارە حکومەتییانەی هێزی یاسایان هەیە، دانانی سەرەک وەزیران و قەبوولی واز لە کارهێنانی، دانانی وەزیران و دەست لەکارکێشانەوەیان بەپێی پێشنیاری سەرەک وەزیران، پەسندکردنی ڕێکەوتننامە لەگەڵ دەوڵەتان، وەرگرتنی پایەی سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکانی تورکیا لەباتی(ئەنجوومەنی نیشتمانی)و بڕیاردانی بەکارهێنانی ئەم هێزانە، دانانی سەرەک ئەرکانی گشتی ، جاڕدانی حوکمی عورفی یان باری ناکاوی، دەرکردنی بڕیارگەلێک هێزی یاسایان هەیەو هاوجووتن لەگەڵ بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران کە بە سەرۆکایەتی خۆی گیراوە، مۆرکردنی بڕیارەکان، دانانی ئەندامانی

دادگای دەستووری، دانانی چواریەکی ئەندامانی ئەنجومەنی دەولەت و داواکار(مدعی)ی گشتی و جێدارەکەی لە دادگای بەرزی تێستینافدا، هەروەها ئەندامانی دادگای بەرزی سوپایی تێستیناف و ئەندامانی ئەنجومەنی قازییەکان وبریکارانی نیابەتی گشتی.

سەرۆکایەتی کۆمار سێ دایەرەی پێوە بەستراوە، ئەمانیش: ئەمینداری گشتی سەرۆکایەتی کۆمار، ئەنجومەنی دەولەت بۆ سەرپەرشتی و چاوەدێری، ئەنجومەنی بەرزی سەرۆکایەتی کەوا دوای جاڕدانی رژێمی کۆماری و پێکەوەنانی ئەنجومەنی نیشتمانی تورکی بوونی هەر بەناوە.

هەرچی دەستەی وەزیرانیشە ئەوا لەبەردەم پەرلەماندا لێپرسراوی سیاسی لە ئەستۆیەو لە سەرۆک وەزیران و وەزیرەکان پێکدێت، سەرۆک وەزیران سەرۆکی کۆمار لەناو ئەندامانی پەرلەماندا هەڵیدەبژێرێ(کەوا سەرۆکی ئەو پارتەیە کە زۆرینەی ئەندامی پەرلەمانی هەیە) ئەویش وەزیرانی خۆی دەستنیشان دەکات، مەرجیش نییە ئەندامی پەرلەمان بن، لیستەی ناوەکان پێشکەش سەرۆک کۆمار دەکات، ئەویش واباوە کە یەکسەر پەسندی بکات، ئەگەرچی جاروبار هەندێ دەستکاری تێدا دەکات (ل ١٥) .

ئەرکی سەرەکی دەستەی وەزیران لەسازکردنی سیاسەتی دەرەوەو ناوەوەدا خۆی دەنوێنێ، هەروەها بەجێهێنانیشی لە رێگەی دەرکردنی بریار، تەتبیقکردنی یاساکان، پێشنیارکردنی پرۆژەی یاساکانەوە دەبێت جگە لە هەندێ ئەرکی تری بواری ئاسایشی نەتەوەیی وئامادەکردنی هێزە چەکدارەکان بۆ بەرگری و شەڕ،سەرۆک وەزیران لە کاتێکدا کە سەرۆک کۆمار بەشداری نەکرد،خۆی سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی دەکات.

ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییش ئامرازێکی گرنگی دروستکردنی بریار دەنوێنێ لە دەولەتی تورکیادا کە پێکهاتووە لە سەرۆک وەزیران و سەرۆکی ئەرکانی گشتی ، وەزیرانی بەرگری و ناوەخۆو دەرەوە، سەرکردەکانی پەلە سەرەکییەکانی هێزی چەکدار، سەرکردەی گشتی هێزی ئاسایش(جەندرمە)، کاری ئەنجومەنیش تایبەتە بە باس و لێکۆلینەوەی کاروبارەکانی پێوەند بە ئاسایشی نەتەوەیی دەولەتەوە. (ل ٢٠)

کارگێریش (ئیدارە) دەستەی سێیەمی دەسەلاتی راپەراندنە، رێکخستن وئەرکەکانی لەسەر بناغەی مەرکەزییەت و ئیدارەی محەللی بەرێوەدەچن.

پێوەندی نێوان دەستەی وەزیران و ئەنجومەنی نیشتمانی و سەرۆک کۆمار دەستوور دیاری کردووە، کەوا ئەگەر هاتوو ناکۆکی لە نێوان ئەنجومەنی نیشتمانی و دەستەی وەزیران پەیدابوو هەر چەندە ئەنجوومەنی نیشتمانی لیستەی ناوی وەزیرەکانی پەسند کردبوو دەستوور مافی بە ئەنجومەن داوە باوەڕ لە حکومەتەکە بسێنێتەوەو بیروخێنێ، هەروەها سەرۆک کۆماریش، لە هەندێ باری تایبەتیدا مافی ئەوەی هەیە داوای سەر لە نوێ هەلبژاردنێکی گشتی بکات. (ل ٢٠)

دەسەلاتی دادگایی کۆلەکەی سێیەمی کرداری سازکردنی بریارە لە تورکیا، سەربەخۆیی دادگایی بە بنەڕەتە گرنگەکانی دەستووری تورکیا دادەنرێت.

جگە لە ئەرکە باوەکانی دادگاکان، ئەم دەسەلاتە بەرێوەبردن وسەرپەرشتیکردنی هەلبژاردن دەگرێتە ئەستۆی خۆی و هەول دەدا پاک وبێگەرد بێت، لە سێ جۆر دادگای مەدەنی، ئیداری و عەسکەری پێکهاتووە. (ل ٢٢)

ئەگەر بەشی یەکەمی ئەم کتێبە بایەخی بە پەیکەری یاسایی و دەستووری کرداری دروستکردنی بریار لە تورکیا دابێت، ئەوا **لە بەشی دووەمیدا**، نووسەر دەیەوێ بچێتە

قوولایی ئەو کردارەوە بۆ ئەوەی بزانێ کاریگەرانی سیاسی کێن، واتا ئەوانە کێن کە لە کردارەکەدا سەنگ و رەنگی تەواویان هەیە، بە چاوپۆشین لەوە ئایا رۆلی ئەمانە لەگەڵ دەقەکانی یاساو دەستووردا رێکدەکەوێت یا ناکەوێت؟!

مانای وایە مەرج نییە پەیکەری بە کردەوەی ئەم کردارە لەگەڵ پەیکەری یاسایی رەسمیدا جووت بێت(ل ٢٣).

سەر دەستەی کاریگەرانی سیاسی ئەندامانی (نوخبە)ی سیاسین بە ئاستی جیاوازیانەوە، لە کاریگەریدا پێش هەموو کەسێک سەرکردەی بالا -Top Lead er دێت، بە تایبەتی لەو رۆژگارانەدا کە ماوەی دەبێت بە کردەوە زیاد لە دەسەڵاتە دەستوورییەکانی خۆی دەسەڵاتداری بکات، نووسەر لای وایە ئەو رۆژگارو بنەمایانە بۆ تورگوت ئۆزالی سەرۆکی پێشوو و سلێمان دیمیرلی سەرۆکی ئێستا رەخساوە بەڵام بۆ کەنعان ئەڤرین نەرەخسا...هۆی ئەمەش دەباتەوە سەر ئەوەی کە ئەڤرین کۆنە سوپایی بوو و شارەزایی سیاسی و حیزبایەتی بۆ سەرۆکایەتی دەوڵەت کەم بوو، لەلایەکی تریشەوە هەوڵی دەدا لەبەردەم رای گشتی تورک و رۆژئاوا وێنەی خۆی شیرین بکات پاش ئەو کودەتا سەربازییەی ساڵی ١٩٨٠کردی و لە ئەنجامدا سەربەستییە مەدەنی و سیاسییەکانی لە خەڵک قەدەغەکرد.

بە پێچەوانەی ئەڤرین، ئۆزال کاریگەرییەکی تەواوی بەسەر سیاسەتی تورکەوە تا ئێستاش هەر دیارە، تەنانەت نووسەر ناوی لەو ماوەیە ناوە کە ئۆزال سەرۆک وەزیران و پاشان سەرۆک دەوڵەت بووە واتا ساڵانی ١٩٨٣-١٩٩٣ (سەردەمی سیاسەتی تورکیی ئۆزالی)(ل٢٥) .

دەوری تەوەرەیی ئۆزال لە سیاسەتی ناوخۆدا لە دوو دیمەنی سەرەکیدا خۆی دەنوێنێ، ئەوەبوو کە سەرۆکایەتی دەوڵەتی گرتە دەست لە جیاتی خۆی کابرایەکی کەم دەسەڵات و کەم بە بریقەی لە ناوەوەی وەکو (یەڵدرم بۆلوت)ی بۆ سەرۆکایەتی حیزب دانا کە لە حیزبی (نیشتمانی دایک)و حکومەتدا جێنشینی بێت، ئەمەش بۆ ئەوەی بتوانێ بەردەوام بە چنگی پتەو لە بەڕێوەبردنی کاروباری حیزب و حکومەتدا، هەتا پاش ئەوەی بوو بە سەرۆک کۆماریش دەوری سیاسەتکارێکی زاڵی بە توانا یاری بکات، تەنانەت رۆژنامە و بەرهەڵستانی تورک لەو باوەڕەدا بوون کە ئۆزال لە پشت پەردەوە سەرۆکایەتی دەوڵەت و حیزب و حکومەتی بەدەستەخۆ گرتووە(ل ٢٦) .

بەڵام لەم سیاسەتە زاڵەدا نەیتوانی لەگەڵ مەسعود یەڵماز کە ساڵی ١٩٩٠ بووە سەرۆک وەزیران و سەرۆکی حیزب بە ئاسانی بەردەوام بێت ئەمەش بە هۆی دینامیکیەت و زیندوویی سیاسییانەی یەڵمازەوە.

سیاسەتی زاڵی ئۆزال لەمەشدا دەردەکەوێ کەلە کاتی سەرۆکایەتی وەزیران و سەرۆک کۆماریدا خزم و کەسوکاری خۆی لە چەند پایەیەکی گرنگی حیزبی و دەوڵەتیدا دانا، بۆ نموونە بە یارمەتی و دەستتێوەردانی خۆی لە نیسانی١٩٩١ ژنەکەی بە سەرۆکی لقی پارت لە ئەستانبول هەڵبژێردرا، هەرچەندە زۆر ئەندام وکادیرانی حیزب و نوێنەرانی پەرلەمان و سێ وەزیریشی بەرهەڵستی ئەمە بوون، هەروەها براکەی خۆی کردە وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ئابووری و ئامۆزاکەی کردە وەزیری کشتوکاڵ لە وەزارەتی دووەمیدا کە لە دوادوایی ساڵی ١٩٨٧دا پێکی هێنا.

رۆڵی زاڵ و دەستڕۆیشتوانەی ئۆزال لە سیاسەتی دەرەوەدا لە کاتی ئاڵۆزی و قەیرانی دووەمی کەنداودا باش دەرکەوت.

ئەگەر چی گەلێک هۆ بوونە مایەی پێگەیشتنی هەڵوێستی ئێکجاری ئۆزال لە کاتی تەنگوچەڵەمەکەدا، بەڵام نووسەر لای

وایە هەڵوێستی تورکیا لە سەردەمی قەیرانەکە و دوای قەیرانەکەش هەر (رەنگدانەوەی رۆڵی دەسەڵاتدارانەی ئۆزالە لە دروستکردنی بریار و لە رەچاوکردنی بەرژەوەندی وڵات و ئاسایشی نەتەوەیی و رێگەی بەدیهێنانیاندا) (ل٢٧).

لەو کاتەدا ئۆزال تا رادەیەکی زۆر لە رادەبڕیندا تاکڕەوبوو وگوێی بە چەند دیدو بۆچوونێکی جیاواز نەدا کە هەندێ لایەن خستیانە روو، چ لەلایەنی دەزگای سوپاییەوە کە مەترسی ئەوەیان پیشان دا (پاڵ بە تورکیاوە بنێت تووشی شەڕ بێت لەگەڵ عێراقێکی لەو چاکتر -لەو سەردەمە- لە چەکدا بە تایبەتی چەکی تازە) یان لایەنی هەندێ سەرکردەی بەرهەڵستان کە لایان وابوو دەتوانرێ بە رێگەی ئاشتییانە چارەسەری تەنگوچەڵەمەکە بکرێت.

جگە لەمە ئۆزال لە کاتی قەیرانەکەو دوای قەیرانەکەشچەند دەستپێشخەرییەکی وای کرد کە زۆرلایەنی تورکی تا حکومەتی لایەنگرییان نەکرد، وەکو کردنەوەی کەناڵی پێوەندی لەگەڵ سەرکردەکانی رێکخراوە کوردە بەرهەڵستەکان، پێشنیاری نەخشەی دانانی ناوچەیەکی دووردەشەڕ بۆ کوردەکان لە باکووری عێراق و لە سێبەری پارێزگاری رۆژئاوادا بۆ گێرانەوەی ئەو کوردانەی کۆچ و رەویان کردبوو بۆ تورکیا بۆ وڵاتی خۆیان، رازیبوونی حکومەتی تورکیا لە سێبەری ئۆزالدا لە تەمووزی ساڵی ١٩٩١دا بە دامەزراندنی هێزێکی ئاسمانی و وشکانی رۆژئاوا لە ناوچەکانی باشووری رۆژهەڵاتدا بۆ هەڵمەتی زووبەزوو وبۆ (بەرهەڵستی عێراق لە هەر هێرشێک بۆ سەر دانیشتووە کوردەکانی خۆی)

نووسەر تەوەرەیی رۆڵی سیاسییانەی ئۆزال بە چەند هۆیەک لێکدەداتەوە، لەوانە وەنەبێ ئۆزال تەنیا هەر دامەزرێنەری پارتی (نیشتمانی دایک) بوو بێت کە لە ١٩٨٣/٥/٢٠دا پێکهات یان تەنیا سەرکردەی رەسمی و بەکردەوەی پارتەکە بوو بێت، بەڵکو سەرباری ئەمانەش تەرازوو بەدەستی راگرتنی هاوسەنگی هێزی لاباڵە جیاوازەکانی پارتەکە بوو تاکو پتەو بێت و ببێتە (بۆتەیەک زۆر رێرەوی ناو پارتەکەی تێدا بتوێتەوە)، ئۆزال لە ساڵی ١٩٨٣بەولاوە تا مردنی توانی گەلێ دەستکەوتی ئابووری گەورە بۆ وڵات بەدیبهێنێ، ئەوەبوو تێکرای پەرەسەندنی ئابووری لە ٣.٣لە سەدای ساڵی ١٩٨٣گەیشتە ٩.١٪ لە ساڵی ١٩٩٠دا، کەرتی پیشەسازیش تێکڕای پەرەسەندنی لە ٢.١٪ لە ساڵی ١٩٨٣دوە گەیشتە ٩.٧٪ لە ساڵی ١٩٩٠دا، هەناردەی وڵات (صادرات) لە ٥.٧ ملیار دۆلارەوە ساڵی ١٩٨٣بووە ١١.٦ملیار دۆلار لە ساڵی ١٩٨٩دا، قەبارەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانیش لە ١١٣ ملیۆن دۆلارەوە ساڵی ١٩٨٤گەیشتە ٦٦٣ ملیۆن دۆلار لەساڵی ١٩٨٩دا. (ل ٢٩).

ئەگەرچی ئەم دەستکەوتە ئابوورییانە لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە نا هەمواریەکی گەورەی وەگەڵ کەوت وەکو بەرزبوونەوەی تێکڕاکانی هەڵاوسانی ئابووری و بێکاری و ناڕێکییەکی گەورەی دابەشبوونی داهاتی چینەکانی کۆمەڵ... بەڵام لەلایەکی تردەوە بووە مایەی پشتگیری خەڵکانی کاریگەر لە گەورە پیشەسازو بازرگان و بەڵێندەران و هیدی... بەتایبەتی خاوەن کۆمپانیا چالاکییە هەمەڕەنگەکان.

خاڵێکی زۆر گرنگ لە لێکدانەوەی رۆڵی کارای ئۆزال لە سیاسەتی تورکیدا، یەکگرتنێکی تایبەتی بوو لە کەسێتی و بریارو سیاسەتەکانیدا لەنێوان داخوازی ئیسلامی و عیلمانیدا.

هەرچەندە خۆی بەر لە کودەتای ساڵی ١٩٨٠ سەر بە تەریقەی نەقشبەندی بوو، گوێی لە فەرموودەکانی سەرۆکەکەی دەگرت و هەواداری پارتی «سەلامەتی نیشتمانی» و چالاکییە ئیسلامییەکانی دوارۆژی بوو، هەرچەندە لە وتارەکانیدا ئایەت و دەقی

دینی بە بەڵگە دەهێناوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئۆزال عیلمانی بوو، بیروبۆچوونی ئەوروپاییانە بوو چ لە داکۆکی کردن لە عیلمانیەت و کارسازییەکانی ئەتاتورک و بەوپێیە کە لەگەڵ سەربەستی دین و باوەڕ ناکۆک نین «ل ٣٠» چ لە خەمخواری و هەوڵی چوونەناو کۆمەڵەی دەوڵەتانی ئەوروپاوەو بەهێزکردنی پێوەندی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەم سروشتەش وای کرد کە ئۆزال بتوانێ لەگەڵ هێزەکانی ناوخۆو دەرەوەدا هەریەک بەشێوازی خۆی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکات.

سلێمان دیمیرێل، ئەوساو ئێستاش، لە سیاسەتی تورکیدا ڕۆڵێکی کارای هەیە، ئەگەرچی لەماوەی ساڵانی ١٩٨٣-١٩٩٣دا کاریگەری لە ڕەوتی سیاسەتی تورکی لە ئۆزال کەمتر بوو چونکە لەبەرەی بەرهەڵستان بوو، بەڵام لە شارەزایی سیاسەتزانیدا لە ئۆزال لە پێشترە، وەکو نووسەر دەڵێ هیچ سیاسەتکارێک لە جیهاندا وەکو ئەوی لێ بەسەرنەهاتووە «ل٣١» کەوا دووجاران ژەنەڕاڵانی سوپا لە سەرۆکایەتی حکومەت دەریان کرد، جاری یەکەم لە کودەتای ساڵی ١٩٧١ و دووەم لە کودەتای ئەیلولی ١٩٨٠دا. لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە تا کودەتای ساڵی ١٩٨٠ شەش جاران بووەتە سەرەک وەزیران بەو ناوە کە سەرۆکی پارتی «عەدالەت» بوو، پاش کودەتایەکەی ساڵی ١٩٨٠ش وەکو سەرکردەکانی تری پارتەکان دەست بەسەر چالاکی سیاسییانەی داگیرا تا ساڵی ١٩٩٢، پاشان کەوتەوە بزووتنەوەی سیاسی کە لە حوزەیرانی ١٩٨٣دا پارتی «ڕێگەی ڕاست»ی دامەزراند کە هەر لەسەر بناغەی پارتی «عەدالەت»ی تێکهەڵوەشاو دروست بووەوە، ئەگەرچی دیمیرێل لە پشت پەردەوە سیاسەتی پارتەکەی هەڵدەسووڕاند، بەڵام هەتا ساڵی ١٩٨٨ لەکاتی ڕوودانی ناکۆکی ناو پارتەکە لەسەر سەرۆکایەتی خۆی وەدەرخست و بوو بە سەرۆکی پارت، لەوانەیە تاقیکردنەوەی تاڵی لەگەڵ ژەنەڕاڵان و سوپادا بووبێتە هۆیەک کە وریاو لەسەرخۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو کاروبارانە بکات کە پێوەندیان بە دەزگای سەربازییەوە هەبێت، ئەمانەش کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی بن یان مەسەلەکانی ناوخۆی وڵات.

ئەوەی سەرنجی دابێتە بیروڕاو شێوازی سیاسی دیمیرێل تێدەگات کە ئەم پیاوە بە شێوەیەکی گشتی ئارەزووی بەڵێندان و جاڕدانی پرۆژەی گەورە گەورە ناکات کە لە سەرینی گیروگرفتە توندوتیژەکانی ناوەوەو دەرەوەی وڵات هێنانەدییان سەخت بێت.

ئەویش وەکو ئۆزال زۆر حەزی لە یەکدەستی بڕیاردان و ڕێنەدانە بە دووبەرەکی و جیاوازی ناوخۆی پارتەکەی.

کاتێک حیسامەددین جندروکی سەرۆکی پێشووی پارت مەسەلەی «نوێکردنەوەی خوێنی پارت بۆ مسۆگەرکردنی سەرکەوتنی» خستەڕوو، دیمیریل ئەم داخوازییەی ڕەتکردەوەو حیسامەددین بۆ بێزاری دەربڕین بەرامبەر سیاسەتی سەرکردە لە پارتەکە دەرچوو. (ل٣٣)

لەوانەشە ئەمە بووبێتە هۆی ئەوە کە دیمیریل یەکێکی کەم کاریگەر لە سیاسەت و کەم شارەزای ئەم بوارەی وەکو تانسۆ چیللەر بۆ سەرۆکایەتی پارت و حکومەت هەڵبژێرێت، کە تا ڕادەیەکی گەورە دڵسۆزی سەرکردەی مێژوویی پارتەکەو ڕابەری ڕاستەقینەیەتی، تاکو سەرکردایەتییەکی کارای وای لەبەردەمدا نەبێت «سنوورێک بۆ دەسەڵاتەکەی دابنێت یان بەرامبەر ڕۆڵی ئەو لە سازکردنی بڕیاردا بوودستێ» ل٣٩.

سەرەڕای ناکۆکی سیاسی نێوان ئۆزال و دیمیرێل ئەوەندە رووپێویان لە بەیندا بوو کە پێکبێن و هاوکاری یەکتر بکەن لە دروستکردنی بڕیارو هەڵسوڕانی کاروباری ناوەوەو دەرەوەی دەوڵەتدا... ئەوەبوو هەردوکیان بۆچوونی سیاسی

(دەستەڕاستی) لێک نزیکیان هەبوو دەربارەی گیروگرفتە سیاسی و ئابوورییەکانی ناوەخۆ، هیچ کامیشیان لە بنەڕەتدا دەربارەی (نەگۆڕ)ەکانی سیاسەتی دەرەوەو بەرژەوەندو ڕەوتەکانی ئەم سیاسەتە ناکۆک نەبوون، هەوڵدانی دیمیرێلیش کاتێ کە سەرۆک وەزیران بوو بۆ بەکارهێنانی تەواوەتی دەسەڵاتە دەستوورییەکانی خۆی لە ڕژێمێکی پەرلەمانیدا ببووە کۆسپێک لە بەردەم سەربەستی زیاتری ئۆزال لە دروستکردنی بڕیاردا (پێش هەڵبژاردن).

سەرەڕای ڕۆڵی کاراو بەهێزی دیمیرێل لە بڕیاردانی سیاسەتی تورکدا، گەلێ کۆسپیشی لەبەردەمدا بوو وەکو ڕەخنەی پارتە بەرهەڵستەکان و زۆر لایەنی ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەنووسان کە نەیاندەویست سەرۆک دیمیرێل سنووری دەسەڵاتە دەستوورییە پێدراوەکانی خۆی ببەزێنێ، کەوا جاران هەر خۆی ئەم ڕەخنەیەی لە سەرۆک ئۆزال دەگرت.

دەزگای سەربازیش کۆسپێکی تری بەردەم زاڵبوونی دیمیرێلە لە دەسەڵاتداری لە سیاسەتی دەرەوەو ناوەوەدا، هەروەها تەنگوچەڵەمەکانی ناوخۆ بە تایبەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و توندڕەوی... کە ئەمانە کۆسپێکن توانای بەجێگەیاندنی بۆچوونە سیاسییەکانی کەمدەکەنەوە.

ئەگەرچی سیاسەتی دەرەوەی دیمیرێل لە زۆربەی لایەنەکانیدا بە درێژەپێدانی سیاسەتی ئۆزال دادەندرێت بەڵام لە هەندێ توخمیدا لە سیاسەتی ئۆزالی تێپەڕاندووە، وەکو هەڵوێست بەرامبەر بە عێراق، کەوا هەڵمەتی سوپایی تورک لە کوردستانی عێراق کە لە سەردەمی ئۆزالەوە دەستی پێکردبوو بەردەوام بوو، بەڵام لە پێشوو بەتاوترو فراوانترو درێژخایەنتر بوو، ئەمەش لە هەڵمەتی «پۆڵا»دا دیارە کە لە ئاداری ساڵی ١٩٩٥دا دەستیپێکردو دوو مانگی پێچوو «لە ٢١ی ئادارەوە هەتا ٤ی ئایاری ١٩٩٥» و پتر لە ٣٠ هەزار سەربازی تورک ٤٠ کم پتر لە خاکی باکووری عێراق چوونە ژووری و لە ڕووبەرێکی ٢٥٠٠کم٢دا دەستیان کرد بە پەلاماردانی ئاسمانی و وشکانی وەکو دەڵێن «بنکەکانی یاخییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان».

دیمیرێل دەستپێشخەرییەکی تری گرنگی کرد کەوا پێش ڕۆژێک لە کشانەوەی سوپای تورک لە باکووری عێراق، دوای تەواوبوونی هەڵمەتی «پۆڵا» گوتی پێویستە «سنووری نێوان عێراق و تورکیا سەر لەنوێ نەخشە بکێشرێتەوەو هەرێمی موسڵ کە تورکیا وەختی خۆی بەناچاری وازی لێهێناوە دەبێ بدرێتەوە بە تورکیاو سنوور پێویستە لە کۆتایی هێڵی نەوتی موسڵ- کەرکووکدا دوایی بێت، ئەمەش تاکو لایەنگرانی پارتی کرێکارانی کوردستان- پ.ک.ک هیچی دی نەتوانن سنوور ببەزێنن (ل٤٧).

کاردانەوەو وەڵامی عەرەب و نێودەوڵەتی ئەنجامی ئەم قسەیە هەرچۆنێک جیاواز بووبێت، دیمیرێل گۆڕینێکی گەورەی لە سیاسەتی تورک بەرامبەر بە کێشەی موسڵ ڕاگەیاند.

لەو کاتەشدا، دوای شەڕی کەنداو هاوسەنگی هێزی نێوان عێراق و تورکیا تێکچووبوو ئەمەش بووە هۆی ئەوەی دیمیرێل ئەم هەڵوێستە بگرێتەبەر، نووسەر لای وایە جگە لەو ئامانجەی کە بۆ پەلامارەکەی باکووری عێراق باسکرا چەند ئامانجێکی تریش لە ئارادایە، لەوانەیە تورکیا بیەوێ هێزی خۆی پیشانی عێراق بدات و تێیبگەیەنێ کە پاش لێدان و وێرانکردنی توانای سوپایی عێراق و بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی تەرازووی هێز بەلای تورکیادایەو ئەو هەڵمەتانەی کە پاڵەپەستۆو مەیدانخوازی دەگەیەنن سەرکردایەتی تورک لە نەخشەکێشانی داڕۆژی خۆی لەگەڵ عێراقدا لە بواری ئابووری وەکو بازرگانی و نەوت وئاواکاری و بواری تری وەکو ئاودا سوودی لێ دەبینێ. هەروەها بۆ ئەوەی هێزو دەسەڵاتی

تورکیا بۆ دەوڵەتانی ناوچەکە دەربکەوێت، کەوا جگە لە ناو دەتوانێ دەورێکی گرنگ لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگێڕێت.

نووسەر لە خوێندنەوەی ڕاستی دوارۆژدا، وا پێشبینی دەکات «کە لە پاشەڕۆژێکی نزیکدا ئەم هەڵمەتانە ناوەستێ، هەتا ئامانجە ئاشکراو نادیارەکان نەهێننەدی، بەتایبەتی لە ڕۆژگارێکدا کە عێراق گەمارۆی لەسەردو دەستی بەردڵلا نییە، «ڕژێمی تازەی هەرێم» دانەمەزراوە، ئەم پێشبینییەش نزیکە لە هاتنەدی، سەرەڕای ڕەخنەی دەوڵەتانی هەرێمەکەو ڕۆژئاواش دەربارەی هەڵمەتەکان (ل٤٥).

لەتەک سەرکردەی باڵادا چەند ئاستێکی تری (نوخبە)ی سیاسی تورک هەن، کەسانی ئەم (نوخبە)یەش لە چوار کۆمەڵدا خۆیان دەنوێنن وەکو نوخبەی وەزارەتی حکومەت، واتا سەرەک وەزیران و جێگرەکەی و هەندێ وەزیری وا کە وەزارەتەکانیان گرنگن یان مێژوو وکێشێکی سیاسی و حزبییان هەیە.

نوخبەی پەرلەمانیش بریتییە لە سەرۆکی پەرلەمان و ئەو نوێنەرانەی لە مەسەلەکانی سیاسەتی ناوخۆدا، کاریگەرییەکی زۆریان هەیە، یان لەبەر ئەوە کە لە پارێزگاو شارە گەورەکاندا کاربەدەستی یەکەم بوون.

نوخبەی بەرهەڵستیش، کە کارێکی گەورە لە ڕای گشتی و لە چالاکییەکانی شارەکان و چالاکی یاسادانان دەکەن، لە دواییشدا ئەگەرچی لە لاڕێوە واتا ناڕاستەوخۆ کار لە دروستکردنی بڕیاردەکەن، ئەمانەش بریتین لە سەرکردەکانی پارتە بەرهەڵستە بەسەنگەکانی سیاسەتی تورک.

ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ، سەرەڕای ئەوەی ئەندامانی نوخبەی تورک- ئەگەر بە پێوانەی ڕۆژگار بێت- دەچنەوە سەر «وەچەی کۆن» وەکو نەجمەدین ئەربەکانی سەرکردەی «پارتی ڕەفاه»ی جاران، بولەند نەجەویدی سەرکردەی پارتی «چەپی دیموکراتی»، ئەردال ئینونوی مەزنی پێشووی «پارتی دیموکراتی کۆمەڵایەتی میللی» و ئەلپ ئەرسەلان تورکیشی مەزنی «بزووتنەوەی نەتەوەیی» بەڵام لەم ساڵە کەمانەی ئەم دواییەدا لەچەند کەناڵێکەوە هەندێ ڕەگەزی نوێ هاتنە ناو نوخبەکەوە وەکو تانسۆ چیللەرو مەسعود یەڵماز، موراد قەرەیالشین سەرکردەی پێشووی پارتی «دیموکراتی کۆمەڵایەتی میللی»، دەنیز بایکال سەرۆکی پارتی «گەلی کۆمار» ئەمەش مانای وایە نوخبەکە لە چاوخۆیدا دەتوانێ نوێ ببێتەوەو لە ڕێگەی هەندێ میکانیزمی وەکو پارتەکان و سەندیکا و کۆمەڵەکان و هی تردا ئەندامی نوێی تێبکەوێ.

دیارترین سروشتی نوخبەی تورک، ئاستی بەرزی خوێندنی زۆربەی ئەندامانە، هەروەها جیاوازی پلەی یەکگرتوویی نوخبەی حوکمڕان بەپێی سروشتی پێکهاتنی حکومەتەکە «لەیەک پارت یان لە دوو یان زیاتر» و چۆنیەتی پێوەندی ناوەوەی پارتەکە یان پارتە هاوپەیمانە حوکمڕانەکان، پێوەندی نێوان سەرکردەو کادیرو ئەندامان و پێوەندیی نێوان پارتە هاوپەیمانەکان و دوورو نزیکی ڕاوبۆچوونیان، سەرباری چۆنیەتی پێوەندی سیاسی و دۆستایەتی نێوان سەرکردەکانی ئەم پارتانە.

سروشتی تری نوخبەی سیاسی تورک بریتییە لە بەردەوامی و گۆڕان، کەوا تاڕادەیەک گەورە -کەسانی کاربەدەست و دوور لە حوکم- درێژخایەنن و زووزوو دێنەسەر تەختی حوکمڕانی، ئەنجامی هەڵبژاردن، کە لە ساڵی ١٩٨٣ بەولاوە ژمارەیەکی کەم و دیاری سەر بە پارتەکان دێن و دەچن.

ئەم بەشەی کتێبەکە مەسەلەیەکی گرنگی سەبارەت بە تەنگوچەڵەمەی ڕژێمی سیاسی لە تورکیادا و گیروگرفتەکانی نوخبەی حوکمڕان باس دەکات. کەوا لە

سالی ١٩٩١ەوە رژێمی تورکیا تووشی قەیرانێکی سیاسی وابووە کە دیارترین نیشانەکانی بەردوواهاتنی چەند حکومەتێکە لە سالی ١٩٩١ەوە تا سالی ١٩٩٧ (سالی بلاوکردنەوەی کتێبەکە). قەیرانەکەش پاش هەلبژاردنەکەی سالی ١٩٩٥ ئالۆزتربوو کاتێ پارتی رەفاهی ئیسلامی بە سەرۆکایەتی ئەربەکان زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانی وەدەستهێنا، سەرکەوتنی رەفاه زۆر پرسیاری گرنگی هێنایەگۆرێ، ئایا چ کارێک دەکاتە سەر سیاسەتی دەرەوەو ناوەوەی تورکیا؟ نووسەر لای وایە هۆی سەرکەوتنی رەفاه، هەستکردنی هاونیشتمانانی تورکە بەبێ هیوایی لە بەدیهێنانی بەلێنەکانی حکومەتە پێشینەکان دەربارەی چارەکردنی هەلاوسان (تضخم)و بێکاری و کێشە کۆمەلی و ئابوورییەکانی تر. لەلایەکی ترەوە «رەفاه» لە بەرێوەبردنی کاروباری شارەوانی (بلدیە)ی شارە گەورەکانی وەکو ئەستانبول و ئەنقەرە، ئەدەنە، دیاربەکر و قۆنیەو هی تردا دوای ئەوەی بەکاربەدەستی ئەوانە هەلبژێردران باش سەرکەوتن، دیاردەیەکی گرنگ ئەوەبوو شارەوانی ئەستانبۆل کە بەدەست ئەندامێکی ئەم پارتەوە بوو سالی ١٩٩٥ (پاداشتی تۆکیۆ)ی وەرگرت بەوناوە کە چاکترین شارەوانی جیهانە بۆ دەستخستنی خزمەت بە دانیشتوان.

لەت لەتی و ململانێی نێوان پارتەکانی دەستە راست و چەپی تورک کردییە کارێ خەلکێکی زۆر دەنگ بۆ پارتی رەفاه بدەن، جگە لەوانەی حەزیان بە رێبازی ئیسلامییانەی پارتەکە دەکرد.

لەگەل ئەمەشدا، هەلی هاتنە سەر حوکمی رەفاه تووڕەیی و ناڕەزاییەکی زۆری لەناو تورکیاو دەرەوەدا پەیداکرد، کەوا لەناوەوەدا هێزە عیلمانییە تورکەکان کە بریتین لە پارتەکانی دەستەڕاست و دەستەچەپ بەجارێک، هەروەها دەزگای سوپایی و گەورە پیاوانی بازرگانی و پیشەسازی و خەلکێکی زۆری رۆشنبیرو رۆژنامەنووسان پێیان ناخۆش بوو. لە دەرەوەشدا، ئەگەرچی ولاتە یەکگرتووەکان (بێ دەنگ) بوو و وای بلاوکردەوە کە مەسەلەکە پێوەندی بە کاروباری ناوخۆی تورکیاوە هەیە، بەلام ترسی پەرەسەندنی دەسەلاتی ئەربەکان و پارتەکەی تووشی دلەڕاوکێی کرد، بەو بڕوایە لەوانەیە ئەربەکان تەگەرە بخاتەبەر کۆششی واشنتۆن بۆ لاپەڕو تەریککردنی ئەو دەولەتانەی بە لە یاسا دەرچوو و پالپشتی تیرۆر ناویان دەبات وەکو ئێران و عێراق هەروەها پال بە سووریاوە نان بۆ قەبوولکردنی ئاشتی سەرتاپاگیر لەگەل ئیسرائیل.

ئەورووپاو ئیسرائیلیش هەر بەم جۆرە ناڕەزایی خۆیان پیشاندا، ئەوەبوو رۆژنامەی هاآرتسی ئیسرائیلی رۆژی ٢٦/١٢/١٩٩٥ لە بالیۆزی ئیسرائیل لە ئەنقەرەدا دەگێڕێتەوە، کە گوتی: «ئیسرائیل لەوە دەترسێ ئەنجامی هەلبژاردنەکە زیان بە پێوەندی نێوان هەردوو ولات بگەیەنێ، چونکە لایەنەکانی دروستکەری بڕیار ناچار دەبن حیساب بۆ رووداوە تازەکانی گۆڕەپانی سیاسی دابنێن» (ل٥٩).

بۆ رێگرتن لە ئەربەکان وەزارەتێکی فرە لایەنی قرچۆک لەنێوان پارتی رێگەی راست بە سەرۆکایەتی چیللەر و پارتی «نیشتمانی دایک» بە سەرۆکایەتی مەسعود یەلماز دروست بوو سێ مانگی نەخایاند هەلوەشایەوە، ئیتر رێ بۆ ئەربەکان خۆش بوو حکومەتێکی فرەلایەن پێکبهێنێ، بەلام ئەوەی سەرنج رادەکێشێ پێکهاتنی رەفاهە لەگەل پارتی «رێگەی راست» کە بە چیللەری سەرۆکەکەیان دەگوت «دەلە شەیتان» ورەخنەیان لە پارتەکەی دەگرت گوایە «تورکیا پەلکێش دەکات تا نۆکەری بۆ ئیمپریالیزم و زایۆنیزم بکات»، لە هەمان کاتیشدا چیللەر دەیگوت پارتی رەفاه «داوادەکات ولات

بگەڕێنێتەوە چەرخی تاریکی» (ل٦٥).

ئەدی چۆن ئەم دوو ناحەزە نزیک بوونەوەو یەکیان گرت؟ نووسەر هۆی ئەم کارە دەباتەوە سەر ئارەزووی چیللەر تاکو دانەبڕێ و تاسەر لە ڕۆڵی سیاسی دروستکردنی بڕیاردا بەشداری بکات، تەنانەت ئەگەر بەشدارییەکەش لەگەڵ لایەنێکی بیروبۆچوون ناکۆکیش بێت، لەلایەکی تریشەوە دەیویست تۆژینەوەی پەرلەمان و لێپرسینەوەی بە تاوانی خراپەکاری (فساد)و بەکارهێنانی دەسەڵاتداری بۆ سوودی خۆی کە لە ئایاری ١٩٩٦ دەستی پێکردبوو رابگرێت (ل٦٥).

شایانی باسە دەزگای سوپاش کە ڕۆڵی هەرە گرنگی هەیە پشتگیری ئەم پێکهاتنە بوو یان بەلای کەمەوە تیشکی سەوزی بۆ هەڵکرد ئەمەش بۆ لغاوخستنە دەمی ئارەزوو و ئاواتەکانی رەفاه و سەرۆکەکەی بەهۆی بەشداریکردنی لایەنێکی بەهێزی لایەنگری عیلمانیەت و پێوەندی بە ئەوروپاو رۆژئاواوە، لەلایەکی تریشەوە بەرهەڵستانی رەفاه بەتایبەتی ژەنەراڵەکان و گەورەپیاوانی دارایی لەو بڕوایە دابوون ئەربەکان لە بەرامبەر گیروگرفتە ئاڵۆزەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا ناتوانێ سەرکەوتن وەدەستبهێنێ و ناتوانێ بۆچوون و دروشمە ئیسلامییەکانی بخاتە سەر زەوی واقیع و ئیتر ئەو دڵکێشییەی جارانی نامێنێ لەهەر هەڵبژاردنێکی تازەدا کە بکرێت و ئەو هەندە دەنگە وەدەست ناهێنێ (***لە ڕاستیدا لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا حزبی فەزیلە کە جێگرەوەی حزبی رەفاهە ئەو دەنگەی نەهێناو بە پلەی سێیەم هات - سەنتەری برایەتی***).

وەزارەتی هەمەلایەنی ئەربەکان زۆر درێژەی نەکێشا و لە ١٨/٩/١٩٩٧دا ناچارکرا ئیستیقالە پێشکەش بکات، لە ڕاستیشدا رووخانی وەزارەتەکەی ئەربەکان بە کودەتایەکی سوپایی نهێنی دادەنرێت کە دەزگای سوپایی پێی هەستابێت پاش کودەتاکانی ساڵانی ١٩٦٠، ١٩٧١، ١٩٨٠، ئەگەرچی گوایا بە ڕێگەی دەستووری و پەرلەمانییەوە کراوە، دەزگای سوپایی (ژەنەراڵەکان) نەیاندەویست بە ئاشکرا کودەتا بکەن بەڵکو لەژێرەوە بە هەڕەشەو گوڕەشەوە هاتنەکار لە ترسی ئەوەی نەوەکو ئەمریکایان لێ تووڕەبێت کە لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٧دا ڕایگەیاند دژی کودەتایە... هەروەها نەوەکو ڕای گشتی ناوخۆ بوروژێنن، بەتایبەتی کە رەفاه گەورەترین پارتی ناو پەرلەمان و میللیترین پارتە لە ناو کۆمەڵدا (ژمارەی ئەندامانی سێ ملیۆن کەس بوو).

بەم جۆرە ململانێیەکی نهێنی لەنێوان رەفاه و دەزگای سوپاییدا بەردەوام بوو، ئەوەبوو لە دوادوای ساڵی ١٩٩٦و سەرەتای ساڵی ١٩٩٧دا سەرکردەکانی دەزگای سوپایی دەیانگوت «ئوسولیەتی ئیسلامی هەڕەشەیەکە پێش هەڕەشەی پارتی کرێکارانی کوردستان لە کۆماری عیلمانی تورکی» (ل٧٣).

خۆ لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییدا کە ژەنەراڵەکان بەسەریدا زاڵن و لە ٢٨ی شوباتی ١٩٩٧دا بەسترا ململانێیەکە گەیشتە لوتکە، کەوا وایان پیشاندا لەماوەی هەشت مانگی وەزارەتەکەی رەفاهدا کۆماری عیلمانی تووشی گەلێ نسکۆ و کۆستی خراپ هاتووە (ل٧٤). دیمیرێلیش لایەنگریی ژەنەراڵانی دەرخست، کەوا پاش دوو مانگ لە قسەکەی پێشوو داخی ئەوەی دەربڕی کە دەستوور هەقی ئەوەی پێنادات داوای هەڵبژاردنێکی گشتی سەرلەزوو بکات بەوپێیە دەبێتە تاقە ڕێگای نەهێشتنی گرژی نێوان حکومەتی ئەربەکانی سەرۆکی پارتی رەفاهی ئیسلامی و سوپای تورکیاو تێوەگلانی دین لە سیاسەت و کردنی بە داردەستێک بۆ چەند مەبەستێکی دیاریکراو» داواشی لێکرد لە وتارە سیاسییەکانیدا لەهجەی ئیسلامەتی خۆی کەم بکاتەوە. (ل٧٧).

بێگومان ئەمەریکاییەکانیش بۆ باڵەپەستۆخستنە سەر ئەرەبەکان پشتگیری سوپاییەکانیان کرد، کەوا وڵاتە یەکگرتووەکان دەربارەی ڕێڕەوە ئیسلامییەکەی ئەرەبەکان نارەزایی خۆی دەربڕی بەتایبەتی کەچووە ئێران و ڕێککەوتننامەیەکی ئابووری ٢٠ ملیار دۆلاری ماوە ٢٢ساڵی لەگەڵ مۆرکرد بۆ هاوردنی چوار ملیار مەتری سێجا غازی سروشتی لەکاتێکدا وڵاتە یەکگرتووەکان ڕێی نەدەدا وەبەرهێنان (استثمار)ی ئابووری واگەورە لە ئێران ئەنجام بدرێت، لەم بارەیەوە مورتۆن ئەبرامۆتزی باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە تورکیا هەڵوێستی وڵاتەکەی بەرامبەر ئەرەبەکان ڕاگەیاند و گوتی: وڵاتەیەکگرتووەکان چۆن دەتوانێ هەڵسوکەت لەگەڵ دەوڵەتێکی هاوپەیمان لەئەتلەسی -تورکیا- بکات کە پیلۆتێک سەرکردەی بێت -ئەرەبەکان- دوژمنی پەیمانی ئەتلەسی و دوژمنی سامییەت بێت و بۆچوونەکانی بەرەو ڕێبازی ئیسلامی بێت، با زۆر ژیرانەش هەڵسوکەوت بکات؟

وا دیارە وڵاتە یەکگرتووەکان دەربارەی ئەرەبەکان و ڕێبازەکەی شتی زۆر دەزانێ بۆیە بایەخ بە قۆناغی پاش ئەرەبەکان دەدات، لەم بابەتەوە ئەبرامۆتز و ئالان ماکوڤسکی پسپۆر لە کاروباری تورکی وفەرمانبەری پێشووی کارگێری ئەمەریکا و ئێستاش لە دەزگای واشنتۆنی تایبەت بە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیک کاردەکات، دەڵێن: ( وڵاتە یەکگرتووەکان زۆرشت دەربارەی ئەرەبەکان دەزانێت، کەوا هەوڵی خۆگونجاندن و چارەسازی مام ناوەندی دەدات بۆ ئەوەی پارتەکەی بەراستگۆ پیشان بدات یان بۆ هەڵبژادنی داهاتووی ئامادە بکات، بەڵام بەرژەوەندییە ئەتەوەییەکان بەسەر بۆچوونە ئیسلامییەکانیدا زاڵدەبن، تەنیا دەربارەی لایەنگران و ئەندامە تەمەن بچووکترەکانی پارتەکەی زۆر شت نازانێت، کە ئەوانە رادیکالیترن، لەوانەیە تائێستا نیازی تەواوی خۆیان دەرنەبڕیبێ و چاوەڕوانی ئەوەن بگەنە پایەی گرنگ. ئەم لاوانە شەپۆلی پاشەڕۆژ پێکدەهێنن، بۆیە دەبێ حکومەتی ئەمەریکا لەم ڕوانگەیەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکات نەک لە دیدی هەڵوێستی ئێستایانەوە)(ل ٧١-٧٢) .

نووسەر لە بۆچوونێکی زیرەکانەو دەرئەنجامێکی مەنتقیانەدا ئەوە بە دوور دەزانێ کە تورکیا، هەروەکو هەندێ سەرچاوەی ئەمەریکایی و تورک چاوەڕوانی دەکەن وەکو جەزائیری لێبێت ئەگەر دەزگای سوپایی، ڕەفاهی لەسەر حوکم لابرد هەروەکو چۆن لە جەزائیر قەوما (پاش دەرچوونی ئەم کتێبە پارتی ڕەفاه قەدەغەکرا بەو بیانووە کە هەڕەشە لە ڕژێمی عیلمانی تورکیا دەکات)، نووسەر ئەمە وا لێکدەداتەوە کە ڕەفاه تاقیکردنەوەیەکی قووڵی سیاسی هەیەو دەتوانێ بەرامبەر بەپاڵەپەستۆی سوپایی (ئەرموشلی)بنوێنێ و لێنەگەڕێ گرژی نێوانیان بگاتە خاڵی بەرەنگاری ولێکدان... چونکە ڕەفاه وپارتەکانی تریش دەزانن دەزگای سوپایی تورکیا تێکەڵ بە کارلێکەکانی ژیانی سیاسی ئەم وڵاتە بووە بە هەموو ئاڵۆزییەکانییەوە.

**بەشی سێیەمی کتێبەکە** باسی ئەو هێزە سیاسییانە دەکات کە کار لە کرداری دروستکردنی بڕیار دەکەن، لەمانیش پارتە سیاسییەکان کە گرنگییەکی زۆریان لە کردارەکەدا هەیە، ئەمانیش چ بەشداری حوکم بن کە لە ڕێگەی نوێنەرو وەزیرەکانیانەوە هاوبەشی دروستکردنی بڕیاردەکەن، یان ئەو پارتانەی لە بەرەی بەرهەڵستیدان کە ڕەخنە لە بڕیارەکان دەگرن و دەقی چاکتر پێشنیاردەکەن وکار لە ڕای گشتی دەکەن. سەرباری ئەمەش پارتەکان بایەخیان لەوەدایە کەدەبنە میکانیزمێکی بنچینەیی تەجنیدی سیاسی. پارتەکانی تورکیاش بەگشتی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی ١٩٨٣دوە

بە زۆری و هەمە چەشنی بەناوبانگن، ئەوەبوو تا تشرینی یەکەمی ١٩٩٧هەندێ پارت ناویان کوژایەوەو پارتی تازەی تر پەیدابوون، ئاستی کارگوزاری سیاسی پارتەکان و ئەنجامیان لە هەڵبژاردنە گشتی و خۆجێییەکان، لە نێوان بەرزو نزمی و نائارامیدابوو و بەتایبەتی پارتە حوکمڕانەکان، ئەمەش مانای وایە ناتوانن لە رووبەرووبوونەوەی گیروگرفتە سەرەکییەکانی ناوخۆدا سەرکەوتن وەدەستبهێنن، وە لە ئەنجامدا ئەوە دەگەیەنێ تورکیا لە پاشەڕۆژدا بەردەوام بە دەست دیاردەی حکومەتی نائارامی فرە لایەنی (ئیئتلافی) یەوە دەناڵێنێ.

کۆمەڵانی بەرژەوەندیش لە کرداری دروستکردنی بڕیاردا لە تورکیا رۆڵێکی گرنگیان هەیە، چالاکترین و گرنگترین ئەم کۆمەڵانەش کۆمەڵانی پیاوانی ئیشوکارن، سەردەستەی ئەمانەش یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی و بۆرسەی تورکین، بە پلەی کەمتریش کۆمەڵەی پیشەسازان و کۆمەڵەی Musiadی لایەنگری پارتی رەفاه کە سی هەزار ئەندامی هەیە لە پیاوانی ئیش وکار کە نوێنەری دەهەزار کۆمپانیای چالاکی هەمەچەشنی ئابووری و راگەیاندنن.

بەشێکی تری کۆمەڵانی بەرژەوەند نەقابەی کرێکاران، نەقابەی پارێزەران، نەقابەی پزیشکان، ئەنجومەنی رۆژنامەنووسی و هەندێ نەقابەو کۆمەڵەی رۆژنامەنووسییە، گرنگی ئەم کۆمەڵانەش سەبارەت بە کرداری دروستکردنی بڕیار لەوەدایە کە دەتوانن کار لە حکومەت بکەن، چ بە رێگەی خۆپیشاندان و مانگرتن وەکو نەقابەکانی کرێکاران، یان بە رێگەی تری وەکو پارەدان بە پارتەکان و دامەزراندنی پێوەندی تایبەت لە نێوان ئەو کۆمەڵانەدا، وەکو کۆمەڵانی پیاوانی ئیشوکارو نێوان دروستکەرانی بڕیار، زۆر کەسیش لە نوخبەی سیاسی لە بنەڕەتدا لەم کۆمەڵانەوە پەیدابوون، وەکو ئەریەکان

بەنموونە کەپێش ئەوەی ساڵی ١٩٦٩ بێتە ناو هەرای سیاسی سەرۆکی یەکیەتی ژوورو بۆرسەکان بوو.

دەزگای سەربازی تورکیش بە بەهێزترین دەزگاکانی دەوڵەتی تورکیاو رێکوپێکترینیان دادەنرێ، کاریگەری گەورەی لە سازکردنی بڕیاردا بە رادەیەکە کە دەتوانین بڵێین «دەسەڵاتێکی باڵایەو سەرووی دەستوورو دەزگاکانی تری دەوڵەتە بەدەستەودایەرە هەڵبژێردراوەکانیشەوە» (ل١١٧).

هۆی ئەم کاریگەری و دەسەڵاتەشی دەگەڕێتەوە بۆ رێکخستنی توندوتۆڵی ناوخۆی و سەربەخۆ بوونی تەواوی لە سەرۆکایەتی کۆمارو هی تر لە هەڵبژاردنی ئەندامە بەرزەکانیدا و روون وردوانی دیدوبۆچوونی سەبارەت بە رۆڵی خۆی و ئامانجە بەرزەکانی دەوڵەت، هەروەها وریایی بەرامبەر ئەو ئەندامانەی کە سەربە بەرەی چەپن یان ئیسلامین و هاتوونەتە ناو دەزگاکەوەو زوو دەرکردنیان، کەوا لە کودەتای ئەیلولی (١٩٨٠)ەوە هەتا ناوەندی کانونی دووەمی ١٩٩٠ لەم ماوەیەدا ١٠٢٢ کەس لە سوپای تورک لەمان ٣٠٠ ئەفسەری هێزی ئاسمانی دوورخرانەوە بە بیانووی تێوەگلانی هەندێکیان لە چالاکی ئیسلامی و پێوەندی هەندێکیشیان بە کۆمەڵە ئیسلامییەکانەوە (ل١٢١).

بەپێی دەستووری ساڵی ١٩٨٢ دەزگای سوپایی دەتوانێ هەتا لە رێیەکی ناڕاستەوخۆشەوە بێت، دەست لە سیاسەتی ناوخۆی حکومەت وەربدات، هەندێک جار بڕیاری بێ چەندو چوون دەردەکات بەو ناوە کە گوایا راسپێری ئەنجومەنی نەتەوەیی تورکە، چاکترین نموونەی دەست خستنە کاریش ماوەی وەزارەتەکەی ئەریەکانە!

دەبێ ئەوەش بزانین کە دەزگاکە بە ژمارە زۆر گەورەیە کە نزیکەی لە ١٫٢ ملیۆن کەس زیاترەو لە پاش وڵاتە یەکگرتووەکانی

ئەمەریکا لەناو دەوڵەتانی پەیمانی ئەتڵەسیدا بە پلەی دووەم دێت.

لایەنێکی تری دروستکردنی بڕیار لە تورکیا تەریقەت و کۆمەڵە دینییەکانە، ئەمانەش وەکو تەریقەتی نەقشبەندی و نەوردسی، سلێمانی، قادری و هیدی، ئەم کۆمەڵانەش سەنگێکی ئابووری گەورەیان هەیەو لە ژمارەی ئەندامانیدا هیچ پارتێکی سیاسی نایانگاتێ، ئەگەرچی ئەم تەریقەتانە لە ساڵی ١٩٢٥ەوە قەدەغەکراون، بەپێی یاسا، بەڵام کاریگەرییان هەر ماوە، چ لە کارکردن لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی گشتی و ناوچەییدا بە دەنگدان بە پارتەکان، چ بە پەیوەندی بە کەسانی سیاسی و حزبی کارکردوو لە کرداری دروستکردنی بڕیاردا.

کاریگەری ئەم تاقم وکۆمەڵانەش لە هۆیەکانی ڕاگەیاندنی تایبەت بەخۆیان سەرچاوە دەگرێ کەوا لە بەینی ٣٧٠ دەزگای بڵاوکردنەوە لەساڵی ١٩٨٩دا ١٢٠یان واتا کەمێ لە سێیەک کەمتر مولکی ئیسلامییەکان بوون و لە سەدا بیست و پێنجی سەرتاپای کتێبی تورکیایان دەردەکرد، لەگەڵ ١٥٠ گۆڤارو ٣ ڕۆژنامەی ڕۆژانە نیو ملیۆن دانە بڵاوکراوە، ئەم چالاکییانەش چەند دەزگایەکی ئایینی ئەهلی سەرپەرشتییان دەکەن، یان یاریدەیان دەدەن، کە لە ٢٠٠ دەزگاوە ساڵی ١٩٨٠، گەیشتە ١٢٥٨ دەزگا لە ساڵی ١٩٨٧دا (ل١٢٤).

هۆیەکانی ڕاگەیاندنیش کاریگەرییەکی گرنگ لە بواری دروستکردنی بڕیار یاری دەکەن، بەڵام لە ڕێگەی ڕەخنەگرتن و هەڵسەنگاندن و پێشنیاری بڕیاری تردوە، کەرتی دیتن و بیستنی ڕاگەیاندن لەم بوارەدا ئەگەرچی بەهۆی دەسەڵاتی حکومەت بەسەریدا کەم کاریگەرترە بەڵام ڕۆژنامەنووسی هەتا سەر هەر هۆی کاریگەرە لە ڕای گشتی.

نووسەر **بەشی چوارەمی** بۆ لێکۆڵینەوەی گیروگرفتەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی تورک و کاریگەرییان لە پەیوەندی تورک و عەرەبدا تەرخان کردووە و، شوێنەواری ئەم گیروگرفتە ئابوورییانەی تورکیا بەسەر سیاسەتی تورکیاوە دەربارەی ناوچەی عەرەبنشین و ئەگەری کارکردنی ئەو گیروگرفتانەی کە واچاوەڕوان دەکرێت تا چەند ساڵی کەمی داهاتووش بەردەوام بن لە سیاسەتی تورک بەرامبەر وڵاتانی عەرەب و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی لە زۆر بواردا دیاریدەکات.

گیروگرفتەکانی ئابووری تورک لە چوارچێوەی زۆر هۆی تردا لێک دەدرێنەوە -ڕوودانی پەرەسەندنێکی ڕێژەییانە لە سیاسەتی تورکیا بەرامبەر عێراق پاش شەڕی دووەمی کەنداو بەتایبەتی مەسەلەی دابڕینی ناوچەی قەدەغەو گەمارۆ بەسەر عێراقدا، هەروەها هەوڵی بەردەوامی تورکیا بۆ پتەوکردنی پەیوەندی ئابووری لەگەڵ عەرەب لە زۆر بواردا وەکو بازرگانی، بیناسازی و پرۆژە هاوبەشەکان، سەرباری زۆربوونی وەبەرهێنانی پارەی عەرەب لە تورکیا.

شایەنشانی ئەمەش تورکیا کەوتۆتە هەڵپەی ئەوە بەر لە «ئاشتی»ی ڕاستەقینە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناویندا بتوانێ پەلێ بکوتێ، ئەم هەڵپەیەش لە بناغەوە لە ئارەزووی سنگ دەرپەڕاندن و هێز پیشاندانی تورکیا سەرچاوە دەگرێ، بەتایبەتی لە مەسەلەی ئاودا کە پاڵپشتی دەوری خۆی دەبێ لە ناو هەرێمەکاندا، جگە لە لێهاتوویی ئابووریش. هەربۆیە تورکیا هەوڵدەدا پەیوەندی خۆی لە زۆر بواردا پەرە پێبدات، لەوانە بواری ئابووری لەگەڵ ئیسرائیل، کەوا لەگەڵ وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکادا «هێزی سەرەکی پاڵنەری ئاوبراو بە ڕۆژهەڵاتی ناوینی نوێ» پێکدەهێنن (ل١٤٥).

هەر لە بازنەی ئەم بیرکردنەوەیەدا تورکیا پرۆژەی «ئاوی ئاشتی»

هەواڵنامەی کتێب

دەخاتەکایەوەو هەوڵدەدا ئیسرائیلی تێدا بەشدار بکات «بەو پێیە ئەمە بۆ هێنانەدی ئاشتی لە رۆژهەڵاتی ناویندا پێویستە» (ل١٤٣). هەر بۆیەش تورکیا لە کۆنگرەی «لوتکەی ئابووری رۆژهەڵاتی ناوەندو باکووری ئەفریقیا» لە تشرینی دووەمی ١٩٩٤ لە (دار البیضاء)دا بەشداری کرد بەمەبەستی دانانی چوارچێوەیەک بۆ هاوکاری ئابووریانە لەنێوان دەوڵەتانی ناوچەکەدا»، هەروەها لە کۆنگرەی (عمان) لە زستانی ١٩٩٥ و لە لوتکەی قاهیرە لەساڵی ١٩٩٦دا.

**بابەتی سەرەکی بەشی پێنجەم** پێوەندی تورک و عەرەب و کاریگەری سەر گیروگرفتە سیاسییە ناوخۆکانی تورکیا دەگرێتەوە. بەتایبەتیش پێ لەسەر گیروگرفتی کوردو ئاو لەچاو پێوەندی تورکیا بە عێراق و سوریای دراوسێوە دادەگرێت.

لەم بارەیەوەش هەندێ (ئەگۆڕ)ی بەرژەوەند بەستراوی هەیە کە هەر گۆڕانێک ئەگەر رووبدات ئەوە لەبەر میکانیزمی بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانە یان لەبەر ریزکردن و تاوتوێکردنی بەرژەوەندو ئامانجەکانە ئەمەش بەپێی بارودۆخی ناوخۆو توانای تورکیاو سروشتەکانی چوارچێوەی ناوچەو نێودەوڵەتی روودەدات.

تورکیا لە ئابی ساڵی ١٩٨٤دوە بەدەست هەڵچوونی کێشەی کوردەوە دەناڵێنێ وەختێ کە کێشەکە لەسەر دەستی پارتی کرێکارانی کوردستان گەیشتە قۆناغی توندڕەوی چەکدارانە لە ناوچەکانی باشووری رۆژهەڵاتدا، هەروەها پەرییەوە ناوجەرگەی هەندێ گەورە شاری دەرەوەی ناوچەکە وەکو ئەستانبۆڵ.

ئەوەی لەو بارەشدا سەرنجڕادەکێشێ ئەوەیە هەموو حکومەتە بەرودواکانی تورکیا لە ساڵی (١٩٩١)ەوە، لەمانیش حکومەتی ئەربەکانی فرە لایەن بۆ کێشەی کورد رێگەی سوپایی و زەبروزەنگیان هەڵبژاردووە چ لەسەر شێوەی کرداری ئاسایشکارانەی ناو تورکیا یان کرداری سوپایی لە کوردستانی عێراقدا.

پێوەندی تورکیا و سوریا بە هەردوو کێشەی کوردو ئاوەوە بەندە، ئەگەرچی کێشەی ئاوی فورات پێش کێشەی کورد پێوەندی نێوان تورکیاو سوریاو پاشان عێراقی ئاڵۆز کردووە.

کێشەی ئاو هەر لە ساڵانی شەستەکانەوە هاتووەتە گۆڕێ و لە حەفتاکانەوە وەرچەرخانێکی تیژ تێپەڕی بینی... کاتێک تورکیا دەستی بە پرۆژەی «گاپ» کرد و نەهات هیچ رێککەوتننامەیەک بۆ دابەشکردنی ئاوی فورات و سوود لێ وەرگرتنی لەگەڵ سوریا و عێراق مۆر بکات و پێی لەسەر ئەوە داگرت کە هەردوو رووباری دیجلەو فورات «هەتا دوا دڵۆپیان لە خاکی تورکیادا رووباری تورکن و نایەن ئاوی فورات لەگەڵ سوریا و عێراق بەشبکات، بەڵکو داوای کرد لە جیاتی ئەوە هەر سێ دەوڵەت هاوکارییەکی هونەرییانە بکەن بۆ چاک وەبەرهێنان و بەڕێوەبردنی ئاوی فورات و دیجلە لە رێگەی لێکۆڵینەوەی تەکنیکی و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و بەدیهێنانی چەند پرۆژەیەکی هاوبەشەوە.

لەکاتێکدا عێراقیش و سوریاش شێوەی هاوکاری هونەرییانە قەبوڵ ناکەن و داوا دەکەن گفتوگۆی سێ قۆڵی لەسەر ئاوی فورات بۆ گەیشتن بە رێککەوتننامەیەک بێت بۆ دابەشکردنی لەنێوان هەر سێ دەوڵەتدا.

هەروەها پێشنیاری تورکیا بۆ سەیرکردنی ئاوی فورات و دیجلە بەیەک بابەت بەو پێیەی «ئاوزێڵ و حەوزیان یەکێکە قەبوڵ ناکەن» (ل١٩٦).

ئەگەرچی هەڵوێستی رەسمییانەی تورکیا وایپیشان نادات کە ئاوی فورات بۆ مەبەستی سیاسی لە پێوەندی لەگەڵ

سوریاو عێراقدا بەکاردەهێنێ، کەوا لە ٢٨ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٩٠ ئۆزال گوتی: «تورکیا حەز ناکات لەسەر ئاوی فورات لەگەڵ دراوسێکانی تووشی هیچ کێشەیەک بێت بەڵکو ئەوپەڕی توانای خۆی بۆ پەرەسەندن تەرخان دەکات» (ل١٩٧)، بەڵام بەکردەوە تورکیا زۆر هەڵوێست و وتار و هەڕەشەو گەف و وریاکردنەوەی لێ وەدەرکەوتووە بەشێوەیەک کە دیارە دەیەوێ یان ئامادەیە ئاو وەکو چەکێک بەرامبەر بە عێراق و سوریا و بەتایبەتی سوریا بەکاربهێنێ چونکە یارمەتی پارتی کرێکارانی کوردستان دەدات.

ئەوەبوو ئۆزال لەسەردانێکیدا لە ناوچەکانی باشووری رۆژهەڵات لە ئەیلوولی ١٩٨٩دا «وریاکردنەوە»یەکی بە دەوڵەتانی دراوسێدا -کەهەر سوریاشی مەبەست بوو- کاتێ گوتی «بەرژەوەندی دەوڵەتانی دراوسێ لەوەدایە کە پێوەندییان بە تورکیاوە چاک بێت، بەڵام ئەگەر پشتگیری چالاکی جوداخوازیانەی پارتی قەدەغەی کرێکارانی کوردستان بکەن ئەوا بەرژەوەندی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە و ئەوسا تورکیا دوودڵی لە ململانێیەکی چەکدارانە لەناوچەکەدا ناکات» (ل١٩٩).

لە مایسی ساڵی ١٩٩٦یشدا یەڵماز جارێکی دی سوریای لە مەترسی پشتگیری پ.ک.ک وریاکردەوە، وتەبێژێکیش بەناوی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا رایگەیاند: «واشنتۆن لایەنگری تورکیا دەکات لەوە کە دەوڵەتانی دراوسێ بەتایبەتیش سوریا دەبێ یارمەتی لە پ.ک.ک ببڕن» (ل٢٠١).

نووسەر بە جەختەوە دەڵێ ناتوانرێ لە راستیدا لایەنگیری واشنتۆن بۆ هەڵوێستی تورکیا لە لایەنگیری رێککەوتننامەی سوپایی تورکیا و ئیسرائیل و رەچاوکردنی جێبەجێکردنی «ئاشتی لە رۆژهەڵاتی ناوەندا» داببڕین لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە رێککەوتننامەکە پایەی تورکیا بلندو بەهێزدەکات لە گفتوگۆکردن لەگەڵ سوریادا سەبارەت بە کێشەی ئاو و کێشەی ئەسکەندەروونە، سەرباری ئەمانەش پاڵ بە سوریاوە دەنێت لە گفتوگۆی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلدا نەرموشلییەکی زیاتر بنوێنێ.

نووسەر دەستنیشانی ئەوەش دەکات ئەو دەمە پاڵەپەستۆی تورکیا بۆ سەر سوریا چڕو زۆرتربوو کاتێک سوریا هەوڵیدەدا لەگەڵ میسرو سعودیە رژێمی هەرێمی عەرەبی بەگەڕبخەن بۆ خولقاندنی هەڵوێستێکی عەرەبی وا کە بەرامبەر بە مەیدانخوازیی هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بەکاربێ، ئەوسا سیاسەتی تورکیا بەرامبەر بە عێراق و سوریا دەبێتە تەنیا دووبارەکردنەوەی «ستراتیژی پەلبەستن» کە ئامانجی ئەوەی دەوڵەتە عەرەبە پەراوێزییەکان (هامشی) لەلانی جوگرافیاوە رابکێشێتە ناو مەیدانی ململانێ و هەرا لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ بۆ ئەوەی تووشی گێچەڵێکی واببن مەسەلە بنەڕەتییە عەرەبییەکانی خۆیان وەکو کێشەی نێوان عەرەب وئیسرائیل و تەواوکاری (التکامل) عەرەبی لە بیربچێتەوە.

وا دیارە وەکو نووسەر پێشانی دەدا تورکیا شێوازێکی تازەی بەکارهێناوە بۆ زیادی پاڵەپەستۆی بۆسەر عەرەب..کەوا ئیسرائیلی کردووەتە لایەنێک لە پێوەندی خۆی بە سوریا و بە عێراقەوە، ئەمەش لە رێگەی هاوکاری سوپایی و هاوکاری لە (بەرەنگاری تیرۆر)دا وسوود وەرگرتن لەم هاوکارییە بۆ بێهێزکردنی هەڵوێستی سوریا بە شێوەیەکی تایبەتی بۆ ئەوەی کاتێک گیروگرفتی (جۆلان) چارەسەر دەکات و هێزی خۆی لە لوبنان دەکێشێتەوە ئەو توانایەی نەبێت گەر لە تورکیا بناڵێنێ و لەسەر فورات و ئەسکەندەرۆنە یەخەی بگرێت).

نووسەر ئەم بەشەی کتێبەکە بەوە دوایی پێدەهێنێ کە ئەگەری بە هێز هەیە لە ساڵانی هاتوودا هاوکارییەکی ئاسایشکارانەی بەرفراوان لە نێوان تورکیا و هەندێ وڵاتانی عەرەب رووبدات بۆ

وەستان دژی (تیرۆریی ئیسلامی) کەوا ئیسرائیل و چەند دەوڵەتێکی دەرەوەی ناوچە بەشداری تێدا بکەن، لەم بابەتەوە نووسەر دەستنیشانی ئەوە دەکات کە ئێستا پێوەندی ڕێکخستنی ئاسایشکارانە لەم بوارەدا لە نێوان تورکیا و تونس، تورکیا و میسردا هەیە.

**لە بەشی شەشەمدا** نووسەر دەچێتە ناو ئێرینەی کۆڵینەوە لە بابەتێکی ئاڵۆز وئێکجار هەستدار لە چاو عەرەبدا ئەویش هاوکاری سوپایی تورک و ئیسرائیل و پێوەندی تورک و عەرەبە.

پێوەندیی تورک وئیسرائیل لەم دواییەدا گەیشتە قۆناغێکی تازە لە هاوکاری (سوپایی)یان بڵێ (ستراتیژی) ومۆرکردنی ڕێککەوتننامەیەکی هاوکاری سەربازی لە ٢٣ی شوباتی ١٩٩٦دا، شایانی باسە هەتا دیمیرێل ئەچووە سەردانی ئیسرائیل لە ئاداری ١٩٩٦دا کەس باسی نەکرد، هەر دوولاش پێش ئاشکراکردنی هەواڵەکە ویستیان (سروشتی ڕاستەقینە)ی ڕێکەوتننامەکە دیار بکەن و زۆر زانیاری لەبابەت بڕگە ومیکانیزمەکانی بەم لاو بەولادا پەرت بکەن تا بزانن کاردانەوە چی دەبێت، بە تایبەتی کاردانەوەی لەلایەن دەوڵەتانی عەرەبەوە کە بانگهێشت کراون لەو هاوپەیمانییە نوێیە سەربازییەدا بەشداری بکەن کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پشتگیری دەکات، جا لەبەر ئەوەی وەڵامدانەوەی عەرەب بە تایبەتی میسر هەموارو سازنەبوو، ئیسرائیل لێی بێدەنگ بوو، تورکیاش گوتی خۆ ڕێککەوتننامەکە (پەیمان) نییە بەڵکو ڕێککەوتنێکی ئاسایی ڕاهێنان و هاوکاری سوپاییە لەگەڵ ئیسرائیل و هیچ جیاوازی نییە لەگەڵ ڕێککەوتننامە هاوچەشنەکانی ئەو کەلەگەڵ هەندێ دەوڵەتی عەرەب مۆری کردووە، سەرەڕای دووپاتکردنەوەی زۆری تورکیا کە گوایا (هاوکاری سوپایی لەگەڵ ئیسرائیل هیچ هاوپەیمانییەکی ستراتیژی تێدا نییە و دژی هیچ دەوڵەتێکی ناوچەکە نییە) ، بەڵام بەپێی گەلێ دیدو بۆچوون مەسەلەکە قابیلی وتوێژ لەسەرکردنە، لەلایەکەوە ئەوەی کە پێوەندی بە سروشتی ڕێککەوتننامە بەرگری ستراتیژییەکانی قۆناغی پاش شەڕی ساردەوە هەیە بە شێوەیەکی گشتی و لەلایەکی ترەوە ئەو بڕگانەی تا ئێستا لەو هاوکارییە ئاشکرانەکراوە وئەو بڕگانەی تا ئێستا لێی جێبەجێکراوە ولەلای سێیەمەوە پێوەندی بە سیاسەتی ستراتیژی ئەمەریکاوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

ئەگەرچی تورکەکان سروشتی سوپایی وستراتیژی ڕێککەوتننامەکە ناسەلمێنین، بەڵام چۆنیەتی بەکردەوەو ئەوەی دەربارەی بڕگەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیەی لە شوباتی ١٩٩٦مۆرکرا وئەو ڕێککەوتننامەیەی لە ئابی هەر ئەو ساڵەدا مۆرکراوکە بەداردەست وچەکی بەجێهێنانی بڕگەکانی ڕێککەوتننامەی یەکەم دادەنرێت وەکو نووسەر دەڵێ دەستنیشانی ئەوە دەکەن تا ڕادەیەکی زۆر ئەوەی نێوان تورکیا وئیسرائیل بێ پێچ و پەنا (هاوکارییەکی سوپایی و ستراتیژییە، یەک لە ئامانجە بنچینەییەکانیشی گوشار خستنەسەر یان هەڕەشەکردنە لە چەند وڵاتێک، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەندا ، کە سەردەستەیان وڵاتە عەرەبەکانن، بۆیە ناتوانرێ وەکو نووسەر دەڵێ بە خەمساردی و بە هۆشێکی ساردەوە یان لەسەر بناخەی شیکردنەوەی دەق و بەیاننامە ڕەسمییەکان سەیری ڕێککەوتننامەکە بکرێت بە تایبەتی کە (ناوچەکە لەم ماوەی دواییدا گەلێ کارلێکی سوپایی و ململانێی زیاتر لە کارلێکی ئاشتیانەی بەخۆیەوە دیوە)(ل.٢٣٠).

هەروەکو هەندێ سەرچاوەش دەستنیشانیدەکەن فرۆکەکانی ئیسرائیل کە بنکەی سوپایی ئەنجەرلیک بەکاربێنن ئەوا فرۆکەی جۆری (ئیف- ٤)دەتوانێ بگاتە سوریا و نیوەی ڕۆژئاوای ئوردن، فرۆکەی

(ئیف-١٦)ش دەگاتە باکووری سعودیە و نیوەی باکووری عێراق و باکووری رۆژئاوای ئێران، فرۆکەی (ئیف-١٥)ش دەگاتە بەشێک لە دەریای سوورو کوێت و هەموو عێراق و نیوەی رۆژئاوای ئێران ودەریای قەزوین بە گشتی(ل ٢٣٢).

بڕگەیەکی تری رێکەوتننامەکە دەڵێ (وتوویژی ستراتیژی نێوان هەر دوو وڵات دەبێ چالاکییەکانی سەردەکا بۆ ئەنجامدانی چالاکی هەواڵگری (استخبارات) و دانانی ئامێری گوێگرتن لە تورکیا بۆ زانینی هەموو بزووتنەوەیەکی سوپایی سوریا و ئێران و کۆکردنەوەی زانیاری لەم بارەیەوە.

ئەم رووداوانەش بەهەر شێوەیەک بێت خزمەتی بەرژەوندییە ستراتیژییە سوپاییەکانی ئەمەریکا لەناوچەکەدا دەکەن کە دەیەوێ و لە کۆتایی شەری دووەمی کەنداوەوە نەخشە دادەنێ بۆ دامەزراندنی کۆمەڵە توری ئاسایشکار لە ناوچەکەو تەسلیمکردنی بە کەسانی باوەڕپێکراو، واتا دەوڵەتانی هاوپەیمانی وەکو تورکیا و ئیسرائیل بۆ پاراستنی بەرژەوندییە زیندووەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا لە رووبەروبوونەوەی (کەوانەی تەنگوچەڵەمە) کەعێراق و ئێران ویەمەن و سودان و لیبیا دەگرێتەوە.

ئەگەرچی زۆر وڵاتی عەرەبی و نا عەرەبی دراوسێ وەکو ئێران بوونەتە نیشان و ئامانجی هاوپەیمانییەکە، بەلام وەکو نووسەر دووپاتی دەکاتەوە (ئامانجی سەرەکی دەوڵەتانی عەرەبە بە تایبەتی سوریا و عێراق، هەروەها میسریش سەرەرای پەیمانی ئاشتی نێوان میسرو ئیسرائیل).

راپۆرتێکی ئیسرائیلی کە لە پەیمانگەی لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکانی (جافی) لە زانکۆی تەلئەبیبەوە لە شوباتی ١٩٩٥ پێشکەش حکومەتی ئیسرائیل کراوە ئامانجە ستراتیژییەکانی ئیسرائیلی روونکردۆتەوە، کەوا تێیدا هاتووە:( پەیمانگەلی ئاشتی لەگەڵ عەرەبەکان نابێ رێ لە نەخشەی تایبەت بە پەرەپێدانی توانستی سوپایی ئیسرائیل و بەهێزکردنی و، گەورەکردنی کەلەبەری سوپایی نێوان ئیسرائیل و عەرەب بگرن، ئەم پەرەپێدانەش دەبێ بروانێتە توانای سوپایی دوژمنانی ئیسرائیل کە: سوریاو میسرو عێراقن)( ل ٢٣٩)، هەر ئەم رێبازەی ئیسرائیل رۆژنامەی مەعاریفی ئیسرائیلی لە ١٩٩٣/٣/٥بەم جۆرە دووپاتی دەکاتەوە:(ئیسرائیل، تورکیا بە قورسایی دژ بە ئێران و عێراق بە شێوەیەکی یەکسان و سوریاش لە حاڵەتی پێویستیدا دەزانێ)

هەندێک سەرچاوە دەستنیشانی ئەگەری ئەوە دەکەن کە (رێککەوتننامەکەی ئیسرائیل و تورک مەودای ئاسمانی تورکی بە تەواوی لە بەردەم چەکی ئاسمانی ئیسرائیلدا دەکاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێ گورزێکی ئاسمانی لەهەر دەوڵەتێکی عەرەب بدات، بێ ئەوەی بزانێ لە کوێوە بۆی دێ، ئەمەش مانای پڕ لە مەترسی رێککەوتننامەکە و هەڕەشەیەکی راستەوخۆ لە سوریاو عێراق و دەوڵەتانی تری عەرەب دەگەیەنێ.

نووسەر دەستنیشانی ئەوە دەکات، وا دیارە سوریا لەناو هەموو دەوڵەتانی عەرەب بووەتە یەکە ئامانج و نیشانی رێککەوتننامەکە، ئەمەش لەبەر گەلێ هۆ لەوانە شێوەی ململانێی زاڵ بەسەر پێوەندیدا لەگەڵ هەر دوو لا.

**بەشی حەوتەمی کتێبەکە** کە کورتترین بەشە گیرگرفتەکانی تورکیا لەگەڵ یۆنان و یەکێتی ئەوروپا و کۆمارە ئیسلامییەکان و پێوەندی بە ناوچەی عەرەبەوە باس دەکات،ئەگەر چی بایەخدانی سیاسەتی تورکیا پەلوپۆی زۆرە و لە نێوان دایەرەی ئەورووپاو بەلقان و دەریای رەش ورۆژهەلاتی ناوەندوکۆمارە ئیسلامییەکانی یەکێتی سۆڤێتی جاراندا پەل دەهاوێت،

بەڵام بایەخی هەرە زۆر و پێشینەی بە دایەرەی ئەوروپا دەدات، سەرەڕای زۆرگیروگرفتی ئەم بوارە، بە تایبەتی لەگەڵ یۆنانی دراوسێدا، کەوا بەهۆی ناکۆکیی نێوانیان دەربارەی کێشەکانی دەریای ئیجەو دیارکردنی کەندەلانی دەراوی سەر دەریا و دوورگە و مەودای ئاسمانی وگەڕان بە دوای نەوتی دەریادا، بە تایبەتی پاش ئەوەی تورکیا ساڵی ١٩٧٤ پەلاماری قوبرسی دا و داگیری کرد.

نووسەر هەندێ بواری وا دەستنیشان دەکات کە کاریگەرییان بەسەر پێوەندی تورک و عەرەبەوە دیارە، کەوا زۆربەی ناوەندەکانی رەسمی ومیللی تورک لایان وایە عەرەب لە کێشەی قوبروس یارمەتی تورکیایان نەدا، یان هەندێکیان وەکو میسر بە نموونە دەیانتوانی لە مەسەلەی پێوەندی نێوان تورکیاو یۆناندا رۆڵێکی باش ببینن و رێ نەدەن هەرای نێوانیان بگاتە خاڵی تەقینەوە،چونکە گوایا تورکیا لە ساڵی ١٩٦٧ەوە پشتگیری داخوازییە رەواکانی تایبەت بە مەسەلەی فەلەستینی عەرەبی کردووە.

هەر لەبارەی پێوەندییەکانەوە هەندێ دەوڵەتانی عەرەب کە کێشەیان لەگەڵ تورکیا هەیە، لە توانایان دایە خۆیان بگەیەننە یۆنان و پێوەندی لەگەڵدا بەهێزبکەن، یان بیکەن بە داردەستێک بۆ گوشارخستنە سەر تورکیا بەڵکو لە هەڵوێستەکانی لەمەودوایدا نەرمی بنوێنێ. لە گرنگترین ئەم گیروگرفتانەش ئاوی فورات، ئەگەر چی ئەم شێوازەش لە مەترسی بە دەرنییە، لەبەر تیشکی نەتوانینی تورکیا تا ئێستا لە تێکەڵ بوونی تەواوی بە ئەوروپا (دایەرەی رۆژهەلاتی ناوەند) بۆ دروستکەرانی سیاسەتی تورک لە حاڵێکدا کە تەرتیباتی ئابووری دابمەزرێت و تورکیا رۆڵێکی گرنگ لە چوارچێوەیەکدا یاری بکات بایەخێکی تایبەتی دەبێت بەڵام هێشتا - وەک نووسەر دەڵێ- بایەخی دایەرەکانی تر، بەتایبەتی دایەرەی ئەوروپا کەم ناکات یان لانابات، تورکیا هەمیشە تێکەڵبوون بە ئەوروپا بەهەرە ئامانجی بەرزی خۆی دەزانێ ، ئەم ئامانجەش توانای ئابووری پتەو دەکات، ئەورووپاش هەوڵدەدا یارمەتی رۆڵی تورکیا بدات کە وەکو (پردێک لە نێوان ئەوروپا و رۆژهەلاتی ناوەند) و(وەکو داردەستێکی بەکاری رژێمی بەرگری رۆژئاوایە لە کاتی پێویستدا)، دەتوانێ لە دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی ئەوروپا و رۆژئاوا لە ناوچەکەدا بەشداری بکات(ل ٢٧٦) .

لە بابەت شوێنەواری ئێستا و دوارۆژی سیاسەتی تورکیا وگیرگرفتەکانی دەربارەی کۆمارە ئیسلامییەکان وپەیوەستی ئەمە بە پێوەندی تورک وعەرەب و بە (دایەرەی رۆژهەلاتی ناوەند)ەوە نووسەر چەند خاڵێک لەم گیروگرفتانە دەستنیشان دەکات، بە تایبەتی ئاستەنگی ئابووری تورکیا و بەرهەڵستی رووسیا لە زیادە دەستڕۆیشتوویی تورکیا لەو کۆمارانەدا لەوانەیە لە پاشەرۆژێکی نزیکدا پاڵ بە تورکیاوە بنێ بایەخی زیاتر بە پەرەسەندنی پێوەندی ئابووری بدات لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەب و لە تەرتیباتی ئابووری رۆژهەلاتی ناوەندا بەشداری بکات، بەڵام دیسان ئەمە لەسەر حسابی گرنگی پلەی ئەو کۆمارانە لە سیاسەتی تورکدا نابێت و رێ لە ئاواتە بەرزەکەی (تێکەڵبوون بە ئەوروپا)ش ناگرێت.

سەرباری ئەمەش بایەخدانی تورکیا بە کۆمارە ئیسلامییەکان و بە ناوچەی عەرەب لەوانەیە لە دوارۆژدا ببێتە هۆی بزووتنەوەی دەوڵەتانی عەرەب بۆ سەوداکردن لەگەڵ ئەم کۆمارانە لە ڕێی تورکیاوە، بە تایبەتی لە بوارەکانی ئابووری ئەوسا تورکیا پایەی بوونی بە دەروازە بەرزدەبێتەوەو لەوانەشە رۆژئاواش پشتگیری هاوکاری تورک و عەرەب بکات لەم بوارەدا لەسەر پاشینەی (پێشبڕکێی تورک و ئێران). (٢٧٨).

سەرەڕای ڕەنجێکی زۆر و دیاری نووسەر لەم کتێبەدا کە پێشکەشمان کردن، کتێبەکە وەکو هەموو کارێکی زانستییانە لە خەوش و کەلێن بێ بەش نییە کەوا بە کورتی باسیان دەکەین.

پێشەکی ناوی کتێبەکە ماوەی ساڵانی لێکۆڵینەوەی سنووردارنەکردووە بۆیە خوێنەر سەری لێدەشێوێ. هەتا هەموو بەشەکان نەخوێنێتەوە نازانێ کە ماوەی ساڵانی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە ساڵانی ١٩٩٠-١٩٩٧، هەروەها هەست بەتێکەڵاوی هەندێ بەشەکانی کتێبەکە دەکرێت (وەکو بەشی دووەم لەگەڵ سێیەم و سێیەم لەگەڵ چوارەم) ئەمەش مانای دووبارەکردنەوەی هەندێ ڕووداوو زانیاری دەگەیەنێ لەوانەشە بەرودواهاتنی ڕووداوەکان بەهەموو ئاڵۆزییەکانەوە و ئارەزووی نووسەر لە بەدوا داچوون و بەرچاوخستنی ئەم ڕووداوانە، کەمایەی سویاسەو کارێکی ئاسان نییە بوو بێتە هۆی ئەم تێکەڵاوی و دووبارەکردنەوەیە.

نووسەر لە بەشی پێنجەمی کتێبەکەدا (ل ١٩٨) لە بواری تاوانبارکردنی سوریا لەلایەن تورکیاوە بە پشتگیری کردنی پارتی کرێکارانی کوردستاندا دەڵێ سوریا چ بەرژەوەندییەکی ڕاستەقینەی نییە لە پشتگیریکردنی پارتی ناوبراو، ئەگەرچی سوریا هەموو جاران ئەم تاوانە لە خۆی دوور دەکاتەوە، بەڵام ئەوەی زانراوە هەر دەوڵەتێک مافی ئەوەی هەیە چ ئامرازو داردەستێک شک دەبات بیکاتە چەکی دەست و لەکاتی داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەیدا بەکاریبهێنێ و بتوانێ بە هۆیەوە بیکاتە کاغەزی سەرمێزی یاری. ئەدی هەر تورکیا نەبوو هەتا یەکێتی سۆڤیەت مابوو پشتگیری بزووتنەوە بەرهەڵستەکانی ناو کۆمارە ئیسلامییەکانی سۆڤیەتی جارانی دەکرد بە بیانووی لایەنگیری خەباتی ئەم گەلانە بۆ چەسپاندنی نەتەوایەتی خۆیان؟ کەوابێت بۆچی تورکیا ئەوەی تا دوێنێیەکی نزیک بۆ خۆی بەچاکی دەزانی لە خەڵکی تری قەدەغە دەکات؟

نووسەر لە بەشی شەشەمدا (ل٢٥٠) باسی ئەوە دەکا کە یەکێک لەئامانجەکانی هاوپەیمانی ستراتیژی تورک و ئیسرائیل هەروەکو لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە کە (ناوەندی هەڵسەنگاندنی ستراتیژی ئەمریکایی) لە تەمووزی ١٩٧٧ دەربارەی ئامانجە ستراتیژییەکانی دەزگای سوپایی تورکیا لە هاوکاری ستراتیژیدا لەگەڵ ئیسرائیل تا ساڵی ٢٠٢٠ دەری کردووە ئەوەیە تورکیا ببێتە دەوڵەتێکی خاوەن ئەتۆم لەناوچەکەداو سەرلەنوێ نەخشەی سوریا و عێراق ڕەسم بکاتەوە، جا ئەگەر ئامانجی تورکیا ئەوەیە ببێتە هێزێکی ئەتۆم بەدەست لەناوچەکەدا، ئەمە کارێکی ناوخۆییەو کەس مافی دەستتێوەردانی کاروباری ناوخۆی نییە، دەبێ ئەوەش بزانین کە هێزی ئەتۆم بە دەستی تریش لەناوچەکەدا هەیە وەکو ئیسرائیل بەنموونە. بەڵام کرداری هەڵوەشاندنەوەو سەرلەنوێ دانانی نەخشەی دەوڵەتانی ناوچەکە پێویستی بە هەڵوەستەکردنێکی کورت هەیە، تورکیاش و لایەنەکانی تریش دەزانن کە ئەمە کارێکی وا ئاسان نییە و چۆنییەتی باری هەرێمایەتی وتەنانەت نێودەوڵەتی ماوەی دەستکاریکردنی نەخشەی سیاسی چ دەوڵەتێکی ناوچەکە نادات، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خۆیشی هەتا لەم ڕۆژەدا کە دەستی بەسەر ڕژێمی نێودەوڵەتیدا گرتووە دەزانێ کە بزووتنەوەو بەرژەوندییەکانی خۆی سنوورێکیان هەیەو ناتوانێ لێیان دەربچێت و بەرژەوەندییەکانی خۆی تووشی هەڕەشەی مەترسی بکات، لە ناوچەیەکدا وەکو بەرمیلی پڕ لە بارود وایە چاوەڕوانی دەنکە شقارتەیەک دەکات تا ناوچەکە بە هەموو ئاڵۆزی و ناکۆکییەکانییەوە بتەقێنێتەوە.

هەرچەندە لەگەڵ نووسەر هاوسۆزین کە پێشنیارو ڕاسپێرییەکانی ئاراستەی دروستکارانی بڕیار لە وڵاتانی عەرەبی دەکات سەبارەت بە هەڵسووڕانی پێوەندی

دوارۆژی عـەرەب بە تورکـیـاوە، بەڵام هەروەکو خۆیشی لە ناخەوە دانیپێدادەنێ، هەروەکو لە دێرەکانیشدا بۆ خوێنەر دەردەکەوێت... نووسەر زیاد لە پێویست بەرچاو روونە، بەڵکو ئێکجار بەرچاو روونە بەتایبەتی کە داوای هاوکارییەکی بە راستی عەرەبی و بەدیهێنانی جۆری لە رێکی بەرگری و سوپایی دەکات و داوای بەلاوەنانی ئەو (حساسیات)انە دەکات، کە لە نێوان وڵاتە عەرەبەکاندا هەیە، چونکە هاونیشتمانی عەرەب ئەمڕۆ سەیردەکا ناکۆکییەکانی نێوان عەرەب خۆیان لە قەبارەو لە ئاڵۆزی و بێنەوبەردەیاندا گەلێ لە ناکۆکییەکانی عەرەب و هەندێ دراوسێیان زیاترە. هەر لەم بارەشەوە نووسەر لە لاپەڕەگەلی ٢٩٩،٣٠٤،٣٠٧دا داوا دەکات کارێکی و هاوکاری لەگەڵ یۆنان و ئێراندا بکەن...

بەڵام هەروەکو خۆی دانیپێدادەنێ یۆنان دەزانێ هاوپەیمانییە ستراتیژییەکەی نێوان تورکیا و ئیسرائیل لە بناغەوە یۆنانی بە ئامانج نەگرتووە، بەڵام بە پلەی سەرەکی مەبەستی لایەنی عەرەب، هەروەها کاربەدەستەکانی ئیسرائیلیش لەم بارەیەوە یۆنان دڵنیا دەکەن کە ئەو مەبەست نییە، هەروەکو باڵیۆزی ئیسرائیل لە ئەنقەرە گوتی: «گیروگرفت لەگەڵ دراوسێ خراپەکان هۆیەکی سەرەکییە ئیسرائیل بە تورکیاوە دەبەستێ» (ل٣٠٥). دراوسێ خراپەکانیش دیارن و پێویست بە روونکردنەوە ناکات.

مەسەلەکە لەگەڵ ئێرانیشدا زەحمەتترە، کەوا (حساسیات)ی سیاسی و مێژوویی نێوان هەردوولای عەرەب و ئێران، لێرەدا گەورەتر خۆی دەنوێنێ، بەتایبەتی کە ئێران هەوڵدەدا ببێتە یەکەم هێزی کەنداو دوای بڕیارگەلی نێودەوڵەتی بە ئاپووت و جڵەوکردنی عێراق.

لەلایەکی تریشەوە لەنێوان ئێران و تورکیادا زۆر بەرژەوەندی ئابووری و پێوەندی توندوتۆڵی دراوسێیەتی بە پێی هەڵکەوتنی جوگرافی بەهێزتر لەهی نێوان ئێران و عەرەب یان تورکیاو عەرەب بەدیدەکرێت، جۆرە پێوەندییەکە، ئێران هەرچەند دۆستایەتی لەگەڵ یەکێ لەلایەنە عەرەبەکان (سوریا بە نموونە) بەهێز بێت ناتوانێ دەستبەرداری بێت، هەربۆیەشە چ تورکیاو چ ئێران تێدەکۆشن زوو بەزوو هەر گرژی و ناکۆکییەکی لە نێوانیاندا پەیدابێت لایبەرن و چارەی بکەن.

لە دواییدا، دەڵێین ئەو تێبینییانەی دەستنیشانمانکردن بە هیچ جۆرێک لە نرخی رەنجی پڕ بەهاو زانستیانەی نووسەر لەو لێکۆڵینەوەیەدا کەم ناکەنەوە کە لە تۆماری باس و لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکانی لە بابەت تورکیاوە گەلێ شتی سەربار کردووە.

**له كتێبه‌كانی سه‌نته‌ری برایه‌تی**

١- ڕۆژنامه‌گه‌ریی كوردی به‌ زمانی فه‌ڕه‌نسی.
٢- له‌ بیره‌وه‌ری یۆبیلی زێڕینی جاڕنامه‌ی مافی مرۆڤ.
٣- جیۆگرافیای هه‌رێمی كوردستانی عێراق.
٤- كۆمه‌ڵی لادێیی كوردستانی هاوچه‌رخی عێراق به‌رامبه‌ر به‌ نوێبوونه‌وه‌.
٥- ئیدریسی بدلیسی.

# Brayeti Center

An intellectual - political periodical
specialized in studies and research,
issued by Brayeti Newspaper.

Secand Year No.:12 Jun. 1999

نرخی «١٠» دیناره